بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و
ململانێی هێزە هەرێمی و نیودەوڵەتییەکان
١٩٥٨ - ١٩٧٥

بەرگی یەکەم

ئەیوب بابۆ بارزانی

Editions Orient - Réalités Genève

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان
١٩٥٨ - ١٩٧٥
ئەیوب بابۆ بارزانی

ئەم کتێبە، لەگەڵ شێوازی فیکری باوی ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا ناگونجێت، کە بەرهەمی پڕوپاگەندەی چەواشەکاریی حیزبیە، بە دووریشی نازانم کاردانەوەی توند بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەوە ڕووبدات، Dersden James دەڵێت: "کاتێک درۆی باش و ڕێکخراو، بە تێپەڕبوونی نەوەکان و بە هێواشی دەفرۆشرێن، ڕاستییەکان وەک شتێکی نالۆژیکی دەردەکەون و بەرگریکارەکەی وەک شێتێک و وڕێنەکەرێک دەردەکەوێت" ئەمەیش بە تەواوی لە دەروونی کۆمەڵگەی کوردیی ئەمڕۆدا بەرجەستەیە. بەڵام من دڵنیام کە گەلە تێکۆشەرەکەمان، لەژێر کاریگەریی مادە بێهۆشکەرەکان و پڕوپاگەندەی چەواشەکەردا بەئاگا دێتەوە و ئەو ڕاستییانە ئاشکرا دەکات کە کاریگەریی ئەرێنی یا نەرێنییان هەبووە، لەسەر ئێستا و داهاتووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان. ئەمەیش پێویستییەکی مێژوویە و گەلە زیندووەکان لێی بێئاگا نابن، وا دیارە گەلی کوردستان لە کاروانی شۆڕشەکان دوانەکەوتووە کە لە سەرەتای ئەمسالّەوە (٢٠١١) ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان گرتووەتەوە، کە تێیدا دیواری ترس ڕووخاوە و کۆمەڵانی خەڵک داوای گۆڕانکاری دەکەن، دژی گەندەڵیی حکومڕانیی بنەماڵەیی، کە وێنەیەکی نەرێنیی لای زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک هەیە، دەربڕینی ناڕەزایی بەرپایە و داوای گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە کوردستان دەکەن.

Editions Orient - Réalités
Case postale 1477 CH.1211 Genève 1- Suisse
9 782940 325197

بەرگی یەکەم

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و

ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان

١٩٥٨ - ١٩٧٥

ئەیوب بابۆ بارزانی

■ نـووســـەر: ئـەیـوب بابۆ بارزانی

■ بـابـەت: لـێکـۆڵـیـنەوەی مێژوویی

پێداچوونـەوەی زمانەوانـی: هێمن زەنگەنە

■ نـۆرەی چـاپ: یـــەکـــەم ٢٠٢٦

■ ISBN: 978 - 2 - 940325 - 19 – 7

سوپاسی تایبەتیم بۆ بڕووسك ئەسعەد مێرگەسۆری کەوا چەند سەرچاوەیێکی پێدام، و دیسان پێشخەر بوو لە ئاسان کردنی وەرگێرانی کتێبەکە بۆ زاراوەی سورانی. هەروە ها زۆر سوپاس بۆ هاوڕێ سۆران بۆ پێداچوونە وەی کتێبە کەو ڕاستکردنەوەی هەڵەکان.

ئەوپەڕی سوپاسم بۆ مامۆستا و مێژوونووس و تێکۆشەری بەڕێز دکتۆر عیسمەت شەریف ڤانلی کە لوتفی فەرموو بە ڕێگە پێدانم بە بەکارهێنانی ئەرشیفەکانی و گفتوگۆ لەسەرکردنیان، هەروەها بۆ دکتۆر ڕێبوار فەتاح سەرچاوەی باش و بەڵگەگەلی باشی پێدام، دکتۆر عەبدولموسەویر بارزانی بە ڕێگەپێدانی بۆ ئاگاداریم لەسەر ئەو دەستنووسانەی خۆی کە هێشتا چاپ نەکراون، بۆ (بادین) بە چەند پەرتووکێکی پەیوەندیدار بە بابەتی ئەم پەرتووکەوە و بایەخ پێدانی بێ پسانەوەی تا کۆتاییم پێ هێنا، دوایی ڕێز و سوپاسم بۆ برادەرانی تر لە نیشتیمانن و لە دووره وڵات، داوایان لێکردووم نێویان نەهێنم لە ترسی تووشبوونیان بە ئازاردان.

خوێنەری ئازیز، داوای لێبوردن لە ئێوە دەکەم بۆ هەر هەڵەیێك لەم کتێبەدا هەبێ.

ئەیوب بابو بارزانی

ئاداری٢٠٢٦ جنێڤ-سویسرا

(In a time of universal deceit telling the truth is a revolutionary act.)
George Orwell 1093-1950

ڕاستی گوتن لەسەردەمی تەڵەکەبازیی جیهانیدا کارێکی شۆڕشگێڕانەیە
جۆرج ئۆرویل 1903-1950

(All truth passes through three stages. First, it is ridiculed. Second, it is violently opposed. Third, it is accepted as being self-evident.)
Arther Schopenhauer 1788-1860

هەموو ڕاستییەك بە سێ قۆناغاندا تێدەپەڕێت: یەکەم جار تووشی گاڵتەپێکردن دەبێت. دووەم جار بە تووندیی ڕووبەڕووی دەبنەوە. سێیەم جار پێشوازیی لێدەکرێت لەبەر ئەوەی لە بەڵگە نەویستەکانە
ئارسەر شۆپنهاوەر 1788-1860

(Anyone who has proclaimed violence his method inexorably must choose lying as his principle.)
Aleksandr Solzhenitsyn 1918-2008

هەرکەسێك پەنا بەرێتە بەر تووندوتیژیی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، چار نییە دەبێ درۆکردن بکا بە مەبدەئی خۆی.
ئەلیکسەندەر سۆلژنتسن 1918-2008

ناوەڕۆك

پێشەکی ١١

ساڵانی مەنگ_١٩٤٧ – ١٩٥٨ ..... ٣٥

قوناغی پاش ١٤ تەممووزی ١٩٥٨ ..... ٥٩

وەرچەرخان (الانعطاف) ١٩٦٠/١٠/٢٣_عیسمەت شەریف وانلی ٩٣

سواربوونی شەپۆلی دەرەبەگایەتی_بەرەو خەباتی چەکداری ١٠٩

داگیرکردنی خاکی بارزان ١٩٦١ ..... ١٤٣

دوو تاکتیک لە خەباتی چەکداریدا ١٧١

١٩٦٢ساڵی فراوانبوون و_دەستپێشخەرییەکان ٢٠٩

گەشەی سروشتی بزووتنەوەی کوردی_(قۆناغی بەرەوپێشچوون و لێهاتوویی) ٢٥٥

یەکەم هێرشی بەعس_بۆ سەر کوردستان ١٩٦٣ ..... ٢٧٥

دووسەرەیی سەرۆکی (پ د ك) ٣٠٣

ئەحمەد (شێخی بارزان) ٣٢١

پەیوەندی لەگەڵ عارفەکان_١٩٦٣ – ١٩٦٨ ..... ٣٦٣

پاشکۆ: ١ گوتاری عیسمەت شەریف لەکۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی جیهانی لە بەغداد ١٩٦٠ ..... ٣٨٧

پاشکۆ: ٢_(ئێریك ڕۆلۆ) لە ڕۆژنامەی_(لۆمۆند)ی فەڕەنسي ١٩٦٣ ..... ٤٠٣

بەشی یەکەم

سەرهەڵدانی بزووتنەوەکە بە دوو سەر و دوو بەرنامەو.
زوو لە سەرەتاوە ناکۆکی و لێکترازان.
بێرێزی سەرکردە لە بەها شۆڕشگێڕییەکان.

پـێـشـەکـی

هەرەسی لەناکاوی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٧٥دا، دوای پتر لە ١٤ ساڵ لە خەباتی بەردەوام، بە یەکێک لە وەرچەرخانە دراماتیکی و دەگمەنەکانی مێژووی سیاسیی هاوچەرخی کورد دادەنرێت. ئەم ڕووداوە، تەنها شکستێکی سەربازی نەبوو، بەڵکو دەرەنجامی کۆمەڵێک کێشەی بونیادی و هەڵەی ستراتیژی بوو، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی قوواڵی مێژوویی و سیاسی هەیە، بۆ دەستنیشانکردنی ڕەهەندەکانی داڕمانی ناوخۆیی و سستبوونی دامەزراوە بڕیاردەرەکان ... کارەساتەکە چۆن و بۆچی ڕوویدا ؟

لەبارودۆخێکی مێژوویی جیاکەرەوەی زۆر ئاڵۆز و مەترسێدار دا، کە لە دوای ڕێکەوتنامەی ئەلجەزائیر لە ٦ئاداری ١٩٧٥ سەریهەلدا، گەلی کورد و شۆڕشە کەی لە هەر کاتێک زیاتر پێویستیان بەوە بوو، سەرکردەکەی لە گەڵیدا بمێنیتەوە، و هەستی بە خیانەتی شا کرد و توشی زەبری ونبوون و سەر لێشێوان ببوو نەیدەزانی چارەنووسی چی دەبێت.

بێگومان کاتی وا کاتی وەرچەرخانی مێژووییە و تیاندا جەوهەر و کرۆکی سەرکردایەتی ڕاستەقینە و سەرکردایەتی هەڵپەرست بە دیار دکەوێت. تەواوی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە هەموو بەرەکانی جەنگ، چاوەڕێی بریارێکی ئازادیانە لە سەرکردایەتی کورد و بەتایبەت لە مەلا مستەفا دەکرد بۆ ئەوەی دڕێژە بە شەڕ و بەرخودان بدەن. بۆ ئەوەی ئەمین و ڕاستگۆ بن لە گەڵ ئەو دروشمەی هەڵیانگرتبوو " یان کوردستان یان نەمان "

ئەو سەرکردایەتییەی لە ساڵانی ڕابردوو مەحاڵی ئەنجامدابوو بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا، هەرکاتی ڕاستەقینە و یەکلاکەرەوە هات، بەپێچەوانەی هەرچی پێشبینییەکانە پشتی کردە گەلەکەی و لە چەند ڕۆژەک پێش کۆتایی هاتنی لێبوردنی حکومەت لە کۆتایی مانگی ئادار زۆر بە خێرایی لە سنوورەکانەوە خۆی دەکات بەنێو خاکی ئێراندا و گەلەکەی بە تەنیا بەجێدەهێڵێت بۆ ئایندیەکی نەدیار. و میللەتەکەی

دەخاتە بەردەستی درێندەترین دەسەڵاتدار لە مێژووی عێراقی هاوچەرخدا. ئەو شکەستەی سەرکردەی کورد سەپاندی لە سەر گەلەکەی دا.

رێکەوتنامەی ئاداری ١٩٧٥ بەرجەستەکردنی شکست بوو بۆ حزبی بەعس و سەدام حوسین، ئەگەر سەرکردایەتی کورد لە سەنگەری بەرگریدا بمایەتەوە بۆ چەند مانگێکی تر لە بەرەکانی جەنگدا. بەڵام سەرکردایەتی کورد ڕوخاو و هەرچی لەتوانایدا بوو کردی بۆ شکست پێهێنانی گەلەکەشی، بە وەی گەندەڵ بوون و شیاوی ئەوە نەبوون سەرکردایەتی چارەنووسی گەلێک بکەن. کە داوای بەرەنگاری و بەردەوامی بەرخودانیان دەکرد.

شکستی ساڵی ١٩٧٥ ئەنجامی چەندین تێروانینی هەڵە بوو، کە لەو کاتەدا پڕوپاگەندەی چەواشەکاریی حزبی، لە مێشکی گەلی کورددا سەبارەت بە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەیرکردنیان وەك پاڵەوانی دەگمەن و هەڵکەوتوو و بلیمەت چەسپابوو، کەسانێک وا وێنا کرابوون کە شایستەی متمانەی تەواوی گەلەکەیانن. مەکتەبی سیاسی، خۆی بەرپرسی یەکەمی ئەم وێناکردنە بوو، کە نەیانتوانیبوو بەشێوەیەکی واقیعی، هاوسەنگیی هێزە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانیش هەڵسەنگێنن. هەروەها بەشێوەیەکی دروست، خواست و ستراتیژی ئەو شەڕە چارەنووس سازەیشیان نەدەزانی، بەبێ ئەوەی دڵنیابن لە شایستەیی دۆخ و یەکڕیزیی سەرکردایەتی بۆ قۆناغی سەختی خەبات، کەچی گەلی کوردیان ڕاکێشایە ناو مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازییەوە.

کاتێک گەلەکەمان بە پەرۆش و ئازایەتی و بێ مەرج، وەڵامی بانگەوازی شۆڕشیان دایەوە، کەچی سەرکردایەتیی نەزان، لێکترازان و شڵەژان و خۆخۆرییان تێکەوت، ئەو کاتە مەلا موستەفا بە تەنیا بڕیارە چارەنووسسازەکانی دەدا، بە عەقڵییەتێک کە لە دەرەوەی ڕووحی سەردەم بوو، تا گەلەکەمانیان بەو کارەساتە گەیاند، سەرکردەکان پشتیان لە گەلێك کرد، کە بە پەرۆشەوە بەدەمیانەوە چووبوون و هەموو شتێکیان، خستە خزمەتی پێداویستیەکانی خەباتی چەکداری.

دروست نیە سەرکردە لە ڕەخنە بەدەر بێت، چونکە ئەویش مرۆڤە و تووشی هەڵە و تاوان دەبێت، کاتێک هەڵەیکرد، دەبێت پێی بوترێت هەڵەت کردووە،.ئەگەر خراپی کرد، دەبێت پێی بوترێت و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، سەرکردەیەک کە فەرزە لەسەری بەرگری لە مافەکانی گەل بکات، دەبێت ئامادەی قوربانیدان بێت لە پێناویدا و نابێت لە ڕەخنەگرتن یان لێپێچینەوە و لێپرسینەوە بەدوور بێت، بەتایبەت کاتێک بەهای خەباتی ڕزگاریخوازیی گەل، پێشێل دەکات. لەژێر ماسکی داکۆکیکردن لە مافەکانیان، هەوڵ دەدات ئامانجە کەسییەکانی خۆی بەدی بێنێت.

شرۆڤەکاری سیاسیی بەریتانی (برایان ویتاکەر) دەڵێت: (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمیشە کێشەکانی خۆیان دەدەنە پاڵ خەڵکانی تر). دیارە خاوەنی ئەم عەقڵیەتانە، وێنە گەورەکان فەرامۆش دەکەن و تەنیا ئەوانە دەبینن کە بە دڵی خۆیانە. نەتەوەکان، مێژووی شکستی خۆیان بە ئازایانە و ڕاستگۆیانە دەپێون و دەریدەخەن و بەم شێوەیە بەرەنگاریی شکستەکانیان دەبنەوە، ئەرکێکی وەها گرنگ بۆ شۆڕش و داهاتوویەکی باشتری گەلان، پێویستی بە بەشداریی سەرکردایەتیی سیاسیی پێگەیشتوو لەلایەک و لەلایەکی تر هاوواڵاتیی هۆشیار هەیە، لەگەڵ هەبوونی ڕووحی ڕەخنەیی بونیادنەر، کاتێک حکومەت و نەتەوەکان نکووڵیی دەکەن لە دەرئەنجامە مێژوویی بەدەستهاتووەکانیان، بۆ ئەوەیە خۆیان بدزنەوە لە داننان بە هەڵەکانیاندا و دەچنە ناو پڕۆسەی چەواشەکردنی خودەوە.

داننان بە هەڵەکانی ڕابردوودا - کە هەندێکیان کارەساتی نیشتیمانیین – و ناوزەندکردنیان بە وەك خۆی، ڕەنگە ئاسان نەبێت. بەتایبەت بۆ ئەوانەی ڕاستەوخۆ بەرپرسیاربوون لە کارەسات و شکستەکان، نەک تەنیا دانی پێدا نانێن، بەڵکو هەوڵدەدەن بە تۆقاندن و ترساندن، دەمی خەڵکی تر ببەستن بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بشارنەوە. بەردەوامبوون لە نکوڵیکردن لە هەڵەکانی ڕابردوویان، دەبێتە هۆی تێکدانی یادەوەریی مێژوویی و هۆشیاریی نەتەوەیی و پاشەکشەکردنی بەردەوام لە ئاستی مەعنەویدا. دواتر ئەم پاشەکشەیە، تەواوی ڕەهەندەکانی ژیان لە کۆمەڵگەدا دەگرێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە نەوەی نوێ ئازایەتیی ئەوەی هەبێت، سەرەڕای مەترسییەکان،

ڕاستیەکان و چەواشەکارییەکان ئاشکرا بکات و گشتاندنیان بکات و ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن. پێموایە خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری لەم ساڵانەی دواییدا بۆ پەرەپێدانی ژیانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر بە هێواشییش بێت، دەتوانێت ڕای گشتی بگۆڕێت. هیوادارم ئەم کتێبە بەشێوەیەکی واقیعی بەشدار بێت لە ئاشنابوون بە ڕووداوەکانی ئەو مێژووەی لێی دەکۆڵینەوە. بەتایبەت لەو پرسانەی پەیوەستن بە بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتیی کورد لە شەڕی ناوخۆ و شکستی ساڵی ١٩٧٥ و دواتریش ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دامەزراندنی ئیدارەیەکی کوردی دەسەڵاتی بنەماڵەیی، کە ئەنجامەکەی ستەم و گەندەڵی، جەستەی داگرتووە و دژایەتیی ئازادییە گشتییەکان دەکات و لە ڕێگەی دەزگا ئەمنییە پۆلیسییەکانیەوە هەڕەشە و تیرۆری هەمەجۆر ئەنجام دەدات.

نووسەری ئەمریکی هێنری میلەر (١٨٩١ - ١٩٨٠) دەڵێت: (هەموو ئەو شتانەی چاویان لێ دادەخەین تا نەیانبینین، هەموو ئەو بابەتانەی لێیان هەڵدێین و نکوڵییان لێدەکەین و لە بایەخیان کەم دەکەینەوە یان سووکیان دەکەین، لە کۆتاییدا هەر ئەوانە شکستمان پێ دەهێنن، ئەو شتانەی کە ناشرین و ئازاربەخش و ناخۆش دەردەکەون، دەتوانن ببنە سەرچاوەی جوانی و بەختەوەری و هێز، ئەگەر بە عەقڵییەتێکی کراوەوە ڕووبەڕوویان ببینەوە). ئەڵمانیا،دانی نا بەو تاوانانەدا کە سەرکردە نازییەکان کردبوویانن، نەتەوەی ئەڵمانیا خۆی ڕزگار کرد لە هزری ڕەگەزپەرستیی ڕابردوو. تورکیا، هێشتا خۆی گێل دەکات لەوەی لە کۆمەڵکوژییەکانیاندا، بەسەر ئەرمەن و کورددا هێناویانە، لەبەرئەوە لە گۆمی پاشەکشەی چەقبەستوویيدا ماوەتەوە. نیکیتا خرۆشۆف هەموو ئەو تاوانە دڕندانانەی ئاشکرا کردن، کە ستالین ئەنجامی دابوون و دواتریش گەلی ڕووسیا، بەردەوام بوون لە لابردنی تۆزی ڕابردوو، بۆ بینینی ڕاستییەکان پاش سەردەمی کۆمۆنیزم.

کتێبی یەکەمی ئەم زنجیرەیە لە ساڵی ١٩٨٠ بەناوی بارزان و بزووتنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد ١٨٢٦ - ١٩١٤ دەرچوو، پاشان کتێبی دووەم لە ساڵی ٢٠٠٢ بەناوی بەرگریی کورد لە دژی داگیرکاری ١٩١٤ - ١٩٥٨ دەرچوو، بەڵام لە ناونیشانی ئەم کتێبەدا،

دوودڵ بووم لە نێوان ڕێگا بەرەو کارەسات ١٩٥٨ – ١٩٧٥ یان سەرکردەکانی کارەسات، کە هەردووکیان لەگەڵ ناوەڕۆکی کتێبەکەدا دەگونجان. لە کۆتاییدا ناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و ململانێی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ١٩٥٨ - ١٩٧٥م هەڵبژارد، ئامانج لە نووسینی ئەم کتێبە و ئەوانەی پێشووتر، خەریکبوون نییە بە ناکۆکی یان وروژاندنی کێشەی کەسی لەگەڵ هیچ کەسێکدا، بەڵکو گێڕانەوەی ڕاستییەکانە بۆ گەلەکەمان، کە لە ماڤی ڕەوای خۆی بێبەش کراوە، هەروەها ئاشنابوونمانە بە مێژووی سەرکردەکان و چۆنێتیی هەڵسوکەوتیان لە کاتە چارەنووسسازەکانی مێژوودا، ئەم ڕووداوگەلە مێژوویی گرنگانە، جێدەستی خۆیان لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کورد و نەوەکانی جێهێشتووە و تووشی شێواندنێکی دەروونیی بەرفراوان و بەردەوامی کردوون، ئەم کتێبە قۆناغی نێوان ١٩٥٨ تا ١٩٧٥ باس دەکات، ئەو قۆناغەی تەڤگەری کورد سەری هەڵدا و بەرەو لووتکە هەڵکشا، پاشان دابەزی و هەرەسی هێنا. بەشی یەکەمی ئەم کتێبە، سەرنجی خستووەتە سەر پەرەسەندنە ناوخۆییەکانی ڕاپەڕینی چەکداریی کورد. بەشی دووەم، تیشکم خستووەتە سەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە گەرمەی شەڕی ساردا و پاشان پەیوەندییە دەرەکی و خواستە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەی کوردی. لەوکاتەدا کە ململانێکان لەسەر سەرچاوەکانی وزە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان مۆسکۆ و واشنتۆندا پەرەی سەندبوو، هاوکات دەرخستنی ململانێکانی تر لە نێوان پایتەختە هەرێمایەتییەکانی بەغداد و تاران و تەلئەبیب، هەروەها دەرخستنی گەمەی پەیوەندی و هەڵسوکەوتی سەرکردایەتیی کورد لە نێو ئەم ململانێیانەدا، لەگەڵ ئەکتەرە سەرەکییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان (ڕیچارد نیکسۆن، بریژنێف، سەددام حوسێن، شا و ئەوانی دیکەدا)، ئەم زانیارییانە بەرمەبنای ئەرشیفی حکومەتی ئەمریکا و سەرچاوە سۆڤیەتی، ئێرانی، عێراقی، ئیسرائیلی و کوردییەکان نووسراون، هەروەها شایەتیی کەسیی خۆم، لەسەر ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە.

سەددام حوسێن، سێ ڕێککەوتننامەی (ناوخۆیی، نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی)ی واژۆکردن، بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەگەڵ مەلا موستەفا، پەیمانی بەرگریی

هاوبەشی عێراق و سۆڤیەت لە ٩ی نیسانی ١٩٧٢، ڕێککەوتننامەی جەزائیر لەگەڵ شای ئێران لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥. ئەم ڕێککەوتننامانە، ئامانجیان پاراستنی ڕژێمی بەعس و بەهێزکردنی پێگەی بوو لە ناوەوە و دەرەوە، پاش ئەوەی ڕژێم هەستی کرد پێگەی بەهێز و سەلامەتە، ئیتر سیاسەتی فراوانخوازی و دوژمنکاریی گرتەبەر، لە کاتێکدا سەرکردایەتیی کورد پەنایبردە بەر دەرەوە و بەرگریی ناوخۆیی ڕووخاند و هەنگاوی بەرەو هاوپەیمانیی نەنوسراو و گوماناویی هەڵنا. کاتێک شا، پشتیوانیی خۆی لە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد کشاندەوە، هیچ پایەیەکی بەهێزی ناوخۆیی نەبوو کە بزووتنەوەکە پشتی پێ ببەستێت، لە پێناوی بەردەوامیدان بە خەبات، بەڵام سەرەڕای نەبوونی پشتیوانیی ناوخۆیی و دژواریی دۆخی سیاسی و لۆجیستی، گەلی کورد ئامادە بوو بە پەرۆش و ئازایەتییەوە بەردەوام بێت لە خەبات، بەڵام سەرکردایەتیی کورد، شێلگیر بوو و بڕیاری تەسلیمبوونی بەسەر گەلەکەماندا سەپاند.

ڕەگوڕیشەی توندوتیژی لە عێراقدا، دەگەڕێتەوە بۆ دیزاینێکی کۆلۆنیالیستی، کە خۆی لە لکاندنی بە زۆری کوردستان بە وڵاتانی تردوە بینییەوە. لە ئەنجامدا، سنووری دەستکردیان کێشا و ناسنامەیەکی ساختەیان بۆ ئەو سنوورانە دروستکرد، خەڵکی ناو ئەو سنوورەیان پەراوێز خست و بێبەشیان کردن لە ماف و ئیمتیاز و سەروەت و سامانی وڵاتەکەیان. بەو هۆیەوە عێراق، بووە وڵاتێکی ناسەقامگیر لە هەموو ڕووەکانەوە بەدرێژایی مێژووی خۆی و متمانەی تەنانەت لەلای خودی دەوڵەتە عەرەبییەکانیشەوە لەدەست دا، سەرکردایەتیی عێراق، بە ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی تونڕەو و عەقڵییەتی سەربازیی چەقبەستوەوە، خۆی نمایش کرد و نەیتوانی بەشێوەیەکی ئاشتییانە کێشەکانی چارەسەر بکات لەگەڵ گەلی کوردستاندا، تەنها لە ڕێگەی توندوتیژییەوە هەوڵی خۆسەپێنیی دا، توندوتیژیی نەتەوەیی دژی گەلی کورد، وڵاتەکەی لە ڕەوشی پەیمانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی توندا هێشتەوە و توندوتیژی لە نێوان ناوەند (بەغدا) و گەلی کوردستان و خەڵکی عێراق، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵکشانی زیاتری بەخۆوە بینی، هەنگاوە توندوتیژییەکانی بریتی بوون لە بەکارهێنانی کردەوەی دڕندانە، جەنگی بەردەوام دژی گەلی کورد، زەوتکردنی ئازادییەکان، تیرۆر و ئەشکەنجەدانی ئەندامانی حیزبی شیوعی

و پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە و... هتد، ڕەنگی دایەوە کە دەیان ساڵی سەدەی بیستەمی خایاند. لە کوردستاندا، سوپای عێراق ڕۆژلی داگیرکەری گێڕا و تاوانەکانیان لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، بە تاوانی قڕکردن دژی گەلی کوردستان هەژمارکران. لە سەردەمی خۆیاندا، بەریتانییەکان لە چەندین کێشەدا، تووندوتیژییان بەکاردەهێنا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان لەناو عێراقدا، دەستەبژێری سیاسیی عەرەبیی سوننیش کە لەلایەن بەریتانیەکانەوە هەڵبژێردرابوون، ئەم خووەیان لەوانەوە بۆ مابووەوە، هەرچەند ئەوان هێندەیش پێگەیشتوو نەبوون کە بتوانن حوکمی عەرەبی خۆیان بکەن، ئیدی دەبێت ڕەوشی گەلی کورد لەبەردەستی ئەوانەدا چۆن بووبێت؟! بەریتانیەکان ڕۆڵی خراپیان گێڕا بۆ فووتێکردنی ڕووحی نەتەوەیی توندڕەو دژی گەلی کورد و هاندان دژی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم لەو دەمەدا.

لە سالی(١٩٨٠)وە ناوی عێراق ببووە سەردێڕی ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی جیهان، هەروەك ببووە بابەتێك کە سەنتەرەکانی توێژینەوەی ستیراتیژی، لە زۆربەی وڵاتان شیکردنەوەیان لەسەر دەکرد، زەقترین دیاردەیش بریتی بوو لە (توندوتیژیی خۆڕایی)ی شەڕی یەک لە دوای یەك، لە ناوخۆدا دژی گەلی کورد، هاوەم سەرکوتکردنی دڕندانە و دەستبەسەرداگرتنی ئازادییەکانی گەلی عەرەب، بەتایبەت ئەندامانی حیزبی شیوعیی عێراق و شیعەکان. هەروەها ئازادیخوازانی سوننە، ئەوانەی نەیاری حوکمی تۆتالیتاری بوون، کۆی ئەمانە لە بەردەم چەوسانەوەی هەمەلایەنەدا بوون. گەلانی دیکەیش لە تیرۆر و پاکتاوکردن، ڕزگاریان نەبوو، وەک (ئاشووری و کلدانی و تورکمان و ئەوانەی سەر بە ئایینەکانی دیکە بوون وەک ئێزیدییەکان) هەمان چارەنوسی چەوسانەوەیان هەبوو. لە دەرەوەیش، جەنگ دژی ئێران و پاشان داگیرکردنی کوێت تا گەیشت بە دەستوەردانی سەربازیی ڕۆژاوا بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ڕزگارکردنی کوێت و پاشانیش تا دەگات بە داگیرکردنی عێراق بە هێزی سەربازی لە ساڵی ٢٠٠٣.

چەندن ئەوانەی لە زیندانەکاندا و لەژێر ئەشکەنجەدا مردن؟ چەندن ئەوانەی لەلایەن دامودەزگا سەربازی و هەواڵگرییەکانی ڕژێمەوە تیرۆرکران؟ قوربانیانی

جەنگی کوردستان، چەندن؟ ژمارەی کوژراو و بریندارانی جەنگەکانیان، لە قادسیەوە تا دەگات بە (أم ألمعارك) وەك سەددام ناوی لێنابوو، هەروەها ژمارەی قوربانییان لە کاتی هێرشی هێزەکانی ڕۆژاوا بۆ ڕزگارکردنی کوێت و داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ چەندن؟ ژمارەی قوربانیانی تۆندوتیژییەکانی دوای هاتنی ئەمریکا بۆ ناو عێراق، کە لە ناو شارەکاندا ڕوویان دا و بووە هۆی گیانلەدەستدانی هەزاران عێراقی، چەندن؟ بێگومان ناتوانرێت ژمارەیەکی ورد دیاری بکرێت، بەڵام دەکرێت بە سەدان هەزار هەژمار بکرێت.

هەرچی تۆندوتیژی و ڕق و سەرکوتکردن هەبوو، دەبوو لەبار ببرێن، کەچی هەموویان ڕوویان دا، خۆشگوزەرانیی ئابووری، پێشکەوتنی زانستی، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، ژیانی هاوبەش کە لە سایەی یاسادا دەبوو بەدیبهاتایە، هیچیان بەدینەهاتن. هیچ پاساوێک بۆ تۆندوتیژی نەبوو، هەروەها ئەگەر پابەندبوون بە دیموکراسی و بنەماکانی مافی مرۆڤ هەبووایە، ئەم هەموو کوشتارانە ڕوویان نەدەدا. بەڵام بەداخەوە، تۆندوتیژی زاڵ بوو بەسەر ژیانی ڕۆژانەی گەلانی ستەمدیدەی عێراق، لەسەردەستی نوخبەی سیاسی، لە زۆربەی دەیەکانی سەدەی ڕابردوودا، هاوولاتیی ئاسایی هەمیشە لە ترس و هەست بە نەبوونی ئاسایشدا، ژیانیان بەسەربردوە.

وڵاتێك، خاوەنی ئەم هەموو سامانە سروشتییە زۆر و زەوەندەیە بێت، دەستەبژێر و پارتە سیاسییەکانی ئەگەر لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندا نەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گەلەکەیان بە شێوازێکی ئاشتییانە و دیموکراتییانە، ئەگەر ڕووحی پێکەوەبوون و یەکئامانجی کۆیان نەکاتەوە، بێگومان لە ئەنجامدا دەبێتە مۆڵگەی کودەتای سەربازیی خوێناوی، لێکترازانی ناوخۆیی بەشی دەبێت. ئەوەیش یەکێتیی نەتەوەیی لەناو دەبات و لەئەنجامدا وڵاتەکە ڕووبەڕووی دەستوەردانە دەرەکییەکان دەکاتەوە، هەر کاتێک کێشەکان لە ڕێگەی دانوستانەوە و بە ڕووحی دڵسۆزی بۆ داهاتووی نەوەکانی داهاتوو، بە ڕەچاوکردنی یەکسانی لە مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان چارەسەر بکرێن، ئەوا دەرفەتەکانی دەستوەردانی دەرەکی لە دژی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکە، کەمتر دەبنەوە.

نزیکەی سەدەیەک، عێراق لە قۆناغی پاشایەتی و کۆماریدا لەژێر دەسەڵاتی کەسانی کاڵفامی سیاسیدا مایەوە، دواجار لە سەردەمی حوکمی بەعسدا، گەیشتە سیستەمی دیکتاتۆریەتی تۆتالیتاری، ئەم دەستەبژێرە ستەمکارە، نەیانتوانی بەهۆی پەیوەندیەکانی دەسەڵات و دەوڵەت بە کۆمەڵگەوە ، پێشکەوتنی شارستانی بەدەستبهێنن، لە ئەنجامدا کۆمەڵگەی مەدەنی پێش نەکەوت، دەسەڵات لەباتی بەدەستهێنانی بەهاکانی شارستانیەت، کەچی بەرەو ستەم و وەحشیگەری ملی نا و دامەزراوە چەکدارەکانی دەوڵەت (سوپا، پۆلیس، دەزگاکانی ئاسایش)یان دژی گەلانی عێراق بەکارهێنا. بەعسیی حوکمڕان، لە (١٩٦٨ – ٢٠٠٣) حکومیان کرد و یەکەم حکومەت بوون لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە چەکی کیمیاییان دژی هاوڵاتیانی خۆیان (گەلی کوردی برا) بەکارهێنا، ناکرێت تۆندوتیژیی سەردەمی پاشایەتی لە عێراقدا، بەراورد بکرێت بەو تۆندوتیژییەی لە سەردەمی کۆماریدا ئەنجامدرا، بەتایبەت دەسەڵاتی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست بە سەرۆکایەتیی سەددام حوسێن، خوێناویترین سەردەمی بەڕێکرد، وێڕای زاڵبوونی مەزهەبی سوننەی عەرەبی لە سەردەمی پاشایەتیدا، کەچی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە کوردەکان پۆستی باڵا چ لە بواری مەدەنی و چ لە بواری سەربازیدا، لەناو دەوڵەتدا وەردەگرن و هەندێکیان ڕۆڵی دیاریان هەبوو لە کۆتاییهێنان بەو ستەمانەی کە دەرەبەگە کوردەکان، دژی گوندنشینان ئەنجامیان دەدا. سەعید قەزاز کە لە دوای کودەتاکەی تەموزی ١٩٥٨ لەسێدارەدرا، یەکێک بوو لەو کەسایەتییە دیارانەی، ڕێزی چینی جووتیارانی لە ناوچەکانی بادینان بەدەستهێنابوو.

دوای کودەتاکەی تەممووزی ١٩٥٨، کارەکتەری شارستانی و هاوسەنگ نەبوون و نەیاندەزانی چۆن بەشێوەیەکی دیموکراسی، دەسەڵات بەڕیوەبەرن بۆ پێشکەوتن و بوژانەوەی کۆمەڵگە و پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئیتنیکییەکان، کە بتوانن بەشێوەیەکی ئاشتییانە بەشداریی سیاسەت و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکەن، هاوکات گەلی کوردیش هەمان کێشەی ناکارامەیی و نەزانیی کاراکتەرەکانی هەبوو، لەو دەمەدا ئەو حیزبانەی دامەزرێنران و ئەو تاکانەی سەرکردایەتییان دەکرد، بە ئاراستەیەکی تردا لایان دا و لەژێر ناوی ناسیۆنالیزم و نەتەوایەتییەوە، بوونە تاکڕەو و

دیکتاتۆر، لە ڕێگای دەسەڵاتیانەوە هەلیان قۆستەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بنەماڵەکانیان و شوێنکەوتووەکانیشیان، بەرەو هەمان عەقڵیەت ئاراستە کرد.

کاتێک سەیری دامەزراندن و گەشەکردنی حیزب لە عێراق و کوردستان دەکەین، وەک حیزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان، دەردەکەوێت کە چۆن بەپێی بنەماکانی پێشکەوتن و ڕزگاریی نەتەوەیی و بەدیهێنانی یەکسانیی کۆمەڵایەتی دامەزران، بەڵام دواتر بوونە حیزبی پاشکۆی ئیرادەی تاکی خاوەن دەسەڵاتی دیکتاتۆر و دەستوپێوەندەکانی و لە بنەما ستراتیژییەکان، دوورکەوتنەوە.

لە حەفتاکانی لسەدەی بیستەمدا، سێ ئەکتەری سەرەکی لە سەر شانۆی سیاسیی کوردستان، ئێران و عێراق دەرکەوتن، هەرسێکیان بەشدار بوون لە ڕووداوە کارەساتبارەکانی ناوچەکەدا، ئەوانیش: (شای ئێران محەمەد ڕەزا پەهلەوی، مەلا موستەفا و سەددام حوسێن). ئەم سەرکردانە، کارەساتیان بەسەر گەلانی خۆیاندا هێناوە، بزووتنەوەی کورد بە سەرکردایەتیی مەلا موستەفا لە ساڵی ١٩٧٥ بە کارەساتێکی نەتەوەیی کۆتاییهات. سەددام حوسێن، عێراقی لە چەندین شەڕی ماڵوێرانکەرەوە گلاند. سەرکێشییەکانی، بە داگیرکردنی عیراق لە ٢٠٠٣ لەلایەن هاوپەیمانانەوە کۆتاییهات و خۆیشی لە کونێکدا حەشار دابوو، کە دواتر ئەمریکییەکان دەریانهێنا و دواتر لەسێدارەدرا. هەروەك شا لە ساڵی ١٩٧٩ بەهۆی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، بە ملشۆڕی دەرکرا و ئیمپراتۆرییەکەی هەرەسی هێنا. نەخۆشیی خودپەسەندی (جنون العظمة)، وای لەم سەرکردانە کردبوو تەنیا خۆیان ببینن و – خود - لە بەرامبەر بچووککردنەوەی ئەوانی تردا، زۆر گەورە کرابوون. بەرژەوەندیی سەرکردەکان، لە سەروو بەرژەوەندیی گەل و نیشتیمانەوە دانرابوو، ئەوان هەستکردنیان بە نەهامەتیی نەتەوەکانیان لەدەست دابوو، حەزی سەرۆك و ئارەزوەکانیان، وەک سیاسەت ئاڕاستە و جێبەجێ کران، ماڵی تایبەت و ماڵی گشتییان تێکەڵ کرد. هەر سێ سەرکردە، ئارەزووی گەلەکانیان قۆستەوە و دەسەڵاتی سیاسییان قۆرخ کرد، هەر یەکێکیان بەو شێوەیەی کە بۆی دەلوا ئەو کارەی دەکرد، ماڵی گشتییان بەکار دەهێنا بۆ کڕینی هەڵوێستی خەڵک و گەندەڵکردنی کۆمەڵگە، بەمەبەستی درێژەدان بەدەسەڵاتی خۆیان.

هەرسێکیان هەوڵیان دا سەروەت و سامان و دەسەڵات بە میراتی، بۆ کوڕ و نەوەکانیان جێبێڵن، چارەنووسی گەلەکانی خۆیان فەرامۆش کردبوو.

ڕەوشی گەلی کورد، زۆر جیاوازتر بوو لە ڕەوشی گەلانی دراوسێ چونکە ئەو گەلانە حکومەت و دەوڵەتیان هەبوو، لەکاتێکدا گەلی کورد لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیشی، بێبەش کرابوو، هەموو ئیرادەیەکی لێ زەوت کرابوو، تەنانەت ناسنامەکەیشی لە مەترسیدا بوو. سوپای عێراق هەڵمەتی سەربازیی بەردەوامی دەکرد بۆ سووتاندن و وێرانکردنی کێڵگە و گوندەکانی کوردستان، ئەوەی بۆ گەلی کورد مابووەوە، بەدەستهێنانی مافگەلێکی سادە بوو، بۆ پاراستنی ناسنامەی کلتووریی خۆی خەباتی دەکرد، بەڵام حکومەتەکانی بەغدا ئەمەیشیان پێ ڕەوا نەدەبینی.

لە هەمان کاتدا بۆ گەلی کورد، زۆر مەترسیدار بوو، چونکە سەرکردایەتییەکەی بە هەمان شێوازی دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ گەلی خۆیاندا، هەڵسوکەوتیان دەکرد. گەلی کورد زۆری چەشت بەدەست هەڵسوکەوتی سەرکردایەتییەک، کە دەسەوسان بوون لەوەی ڕۆڵی شۆڕشگێڕی و خەباتگێڕی بگێڕن لە پڕۆسەی ململانێی گەلی چەکداردا، کە نزیکەی ١٤ ساڵی خایاند. پاشان میراتگران پەیدا بوون وەک سەرکردەی بچووکی دڵڕەق، ک دەسەڵات و چاوچنۆکییان سنووری نەبوو، ئەوان مەست بوون بە هەموو خەسڵەتی نارسیزمی و خۆشیی دەسەڵات، کە پێیان بەخشرابوو. شۆڕشگێڕەکان، زۆر بەخێرایی گۆڕان بۆ بەڵێندەر و بازرگان، لە جیاتی ئەوەی ببنە پاسەوانی ماڵی گشتی،.بە زۆرداری و ملهوڕی، دەستیان بەسەر ماڵ و سامانی گەلەکەماندا گرت، دەستیان گرت بەسەر چەندین زەویوزار و بینا و بوونە خاوەن هەژماری گەورەی بانکی و پرۆژەی بازرگانیی زەبەلاح ، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا.

هەر سێ کەسایەتییەکە، محەمەد ڕەزا پەهلەوی، سەددام حوسێن و مەلا موستەفا، لە قۆناغە جیاوازەکاندا یان شەڕیان دەکرد، یان دانوستان و هاوپەیمانییان دەکرد، یان ڕێکەوتنیان واژۆ دەکرد بۆ بەدەستهێنانی کات، ئەم کتێبە هەموو ئەمانە لە ڕێگەی ڕووداوە مێژوییەکانەوە شیدەکاتەوە، کە بەرهەمی پەیوەندییە ناوخۆیی، هەرێمایەتی و

نێودەوڵەتییەکانە و بەهۆی پێداویستیەکانی جەنگی ساردەوە لەنێوان هەردوو زلهێزی ئەتۆمیدا (یەکێتیی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا)دا پەرەیانسەند.

لێرەدا کاتێک ئاماژە بۆ هەندێک ناوی ناسراو دەکەم، ئەوە گوزارشتە لە نەبوونی ئیرادەیەکی بە کۆمەڵ، وەك (ئەنجومەنی نیشتیمانیی هەڵبژێردراو، دەزگای ڕاپەڕاندنی حکومەتی دیموکراسی، کە سیاسەتی گشتی ڕاپەڕێنێت و هەموو بە کۆمەڵ ئەنجامی کارەکانیان لە ئەستۆ بگرن، لە بەردەمی پەرلەمانێکدا کە چاودێریی کارەکانی حکومەت دەکات، یان سیستمێکی سیاسیی دادپەروەر و سەربەخۆ. ئێمە لە بەردەمی فەرمانڕەوایەکی تاکڕەو و خاوەن دەسەڵاتی ڕەهادایین، ئەم سەرکردایەتییە تاکڕەوە کە دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو، هەموو ڕێڕەوەکانی ململانێ یان کۆتاییهێنان بە ململانێکانی دیاری دەکرد، ئیتر گەلان هیچ قسەیەکیان نەبوو جگە لە گوێڕایەڵی و قوربانیدانی بێ مەرج، لە کۆتاییدا گەلەکەمان تامی زەلیلییان دەچەشت، چونکە سەرکردایەتیی کورد بە بڕیارێکی هەڵاتن بە دزیەوە بۆ ئێران لە ساڵی ١٩٧٥، وازیان لە گەلەکەیان هێنا و ڕادەستی دڕندەترین دیکتاتۆری عێراقی نوێیان کرد.

خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی بەشەکانی کتێبەکەدا، بۆی دەردەکەوێت ئەو تیمەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بە سەرۆکایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) و مەلا موستەفا بەڕێوەبرد، بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە زۆرێک لە شۆڕشە ڕزگاریخوازییەکاندا ڕوویداوە، لای گەلە داگیرکراوەکان کە تێیدا بۆرژوازیی نیشتمانی، ڕابەرایەتیی دەرەبەگەکان دەکەن لە ململانێی جەماوەریی ڕزگاریخوازیی چەکداریدا، کەچی ئەم هاوکێشەیە لە سەرکردایەتیی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا پێچەوانە بووەوە، بەوەی عەقڵییەتێکی ئاغایەتی لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیی خۆیەوە، پێشەوایەتیی شۆڕشی ڕزگاریی نەتەوەیی سەرجەم چینەکانی تری کۆمەڵگای دەکرد، کە لە ئەنجامدا بەڕوونی پابەندبوونی ئەو عەقڵییەت و ئاکارەمان بە نەخشەڕێگای ڕزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە بۆ گەلەکەمان نەبینی. لە کوردستان، بۆرژوازی بچووکی گەشەکردوو و بە هاوبەشیی دەرەبەگی کوردی، بوونە دەستەبژێری سەرکردایەتیی کوردی و مەکتەبی سیاسی و خۆیان زاڵ کردبوو بەسەر جووڵانەوەی کوردیدا. ئەم دەستەبژێرە، خوێندنیان

لە زانکۆ عێراقییەکان تەواوکردبوو و لاسایی مۆدێلی ناسیۆنالیزمی عەرەبییان دەکردەوە، بە هەموو ئەو ناکۆکییانەی کە لەگەڵ بەها دیموکراسییەکاندا هەیانبوو، یان مارکسیزم - لینینیزمیان پەسەند دەکرد و لاسایی پێشەنگەکانی کۆمۆنیستە عێراقییەکانیان دەکردەوە. لە کۆتاییدا، ویستی تاکەکەس زاڵ بوو بەسەر هەردوو حیزبەکەدا (حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان).

لەناو جووڵانەوەی کوردیدا، جیاوازییەکی زۆر لە تەمەندا هەبوو لە نێوان سەرۆکی حیزب و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، لە ئاستی خوێندەواریدا مەلا موستەفا زیرەک بوو، بەڵام بێ خوێندنی زانستی سەردەمیانە، باش دەیزانی چۆن هێزە عەشایەرییەکان بەکاربهێنێت و شکست بە نەیارەکانی بهێنێت، ناکۆکییەکانی نێوان هەردووکیان (ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (حیزب) و سەرۆکەکەی)، ناکۆکی ئاسایی نەبوون. کێشەکانی نێوان تێکۆشەرانی نیشتمانی کە دەبوو پەرۆشی بەرژەوەندی گەلەکەیان بن و بە لێبوردەیی و دیموکراتی چارەسەری ناکۆکیەکانیان بکەن، بەڵام هەردوولا بەخێرایی و بەشێوەیەکی هیستریا، پەنایان بردە بەر چەك و توندوتیژی.

ناکۆکیی نێوان هەردوولا سەبارەت بە ئامانج و ئەرکە نیشتیمانیەکان، لە قۆناغێکدا بەشێوەیەک دابەزیبوو، کە چاودێرانی شۆك دەکرد، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چارەنووسی گەلی کوردیان خستبووە مەترسیەوە، ئەوەی جێی داخ بوو، هەردوولا پەنایان دەبردە بەر گواستنەوەی ڕقوکینەی حیزبی بۆ ناو جەماوەر، ئەوەیش بۆ ئەوەی یەکە چەکدارەکانی خۆیان بە گوێڕایەڵی و ملکەچی بهێڵنەوە، لەولایشەوە حکومەتەکانی دراوسێ پێشوازییان لە بەکارهێنانی ڕقوکینەی حیزبی لە کوردستان دەکرد، بۆ سەرقاڵکردنی کورد بە شەڕی ناوخۆیی، تاکو شەکەت و ماندوویان بکەن، بۆ ئەوەی ئەم حیزبانە کات و مێشکیان هێند ساف نەبێت، کە بتوانن پێداگری لەسەر مافە نەتەوەییەکان بکەن.. لە قۆناغێکدا ئەم سەرکردانە (پاڵەوانانی شەڕی ناوخۆیی) دوو شەڕیان بەسەر گەلی کورددا سەپاند (شەڕی کورد بەکورد) و (شەڕ و بەرگریی کورد دژی هێرشەکانی حکومەتی بەغدا).

ڕاپەڕین کرا و کوردستان ئازادکرا لەژێر چنگی سەددام حوسێن، پاش تێکشکاندنی هێزەکانی عێراق لە کوەیت لە ساڵی ١٩٩١، لێرە بەدواوە شەڕی بەرژەوەندیی سەرکردەکان دەستپێکرد، شەڕی قۆرخکردنی سەرچاوەکانی پارە لە نێوان مەسعود مەلا موستەفا بەپشتیوانیی سەددام حوسێن، کە داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیلی کۆنترۆڵ کردبوو، جەلال تاڵەبانیی لێ بێبەش کردبوو، ئەو جەنگەی هەزاران قوربانیی کوردی لێکەوتەوە.

لە ڕەوشیکی ئاساییدا ڕەنگە ئەو جۆرە سەرکردانە، هەر ڕێزێکی جەماوەر لەدەست بدەن و وەک سیاسەتمەداری خانەنشینکراوی شکستخواردوو، کۆتاییان پێ بێت، یان زۆر جار ڕەوانەی دادگا بکرێن. بەڵام کارەساتی گەلی کورد لەوەدایە کە ئازاد نییە لە هەڵبژاردنی سەرکردەکانی. گەلێکە، ئیرادەی لێ سەنراوەتەوە و هۆشیاریی سیاسی، بەهۆی کەڵەکەبوونی میراتی داگیرکاریی درێژخایەن و فرەڕەهەند خنکێنراوە، لەبەرئەوە کەمتەرخەمن و بایەخ بە هەست و سۆزی جەماوەری کوردستان نادەن، خۆیان لە لێپرسینەوەی سەرکردە شکستخواردووەکانیان بەدوور دەگرن.

نەخۆشییەکانی دەستبەژێری قۆرخکار و تەشەنەسەندنی کولتووری ڕق، ڕێگربوون لە دەرکەوتنی نەوەیەکی نوێ بۆ سەرکردایەتیکردن، کە لە گرێی خۆبەگەورەزانین و ڕقی شاراوە و خۆپەسەندی ڕزگارمان بێت، دیاردەی خۆپەسەندی و ڕقوکینە لە ڕەفتاری سەرکردەکاندا، ڕەنگ دەداتەوە بەوپەڕی لووتبەرزییەوە، زۆربەی ئەندامانی تیمی سیاسیی کورد کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی بزووتنەوەی نیشتمانی لە باشووری کوردستان دەرکەوتوون، بەرژەوەندیی کەسی و حیزبییان پێش پێداویستییەکانی پرسی نیشتمانی خستووە، ئەم سەرکردانە زۆر بچووکتر بوون لەوەی کێشەکانی گەلیان پێ بسپێریت. ئەم شێوازە لە سەرکردە، بە ڕۆحێکی حیزبیی ناوچەگەریی تەسک ناسراون و خەریکی ناکۆکیی کەسین و کەشوهەوای سیاسییان بۆ دەیان ساڵ ژەهراوی کردووە، کوشتن و ئەشکەنجەدانیان لەناو کۆمەڵگەکەیاندا ئەنجامداوە، لە حاڵەتەکانی تووڕەیی و هیستریادا، بەپێچەوانەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و نەریتە خێڵەکییەکان، دەستیان نەپاراستووە لە کوشتنی

سەدان دیلی شەڕە ناوخۆییەکانیان، ئارەزووی زۆریان هەبووە بۆ بەکەسیکردنی دۆزی نیشتمانی، گرێی ترس و دەمارگرژی و نەمانی ئاسایش و زاڵبوونی گومان لە پیلانگێڕیی کەسانی تر، لە مێشکیاندا کەڵەکە بووە، ڕۆحی خۆبەزلزانین لە ناخیاندا وەک خوویەک دروست بووە، هەروەها لە ئەنجامی ئەو مەترسی و هەڕەشانەی سەریان، کە لەسەر دەستی دەوڵەتی ستەمکار لێیان کراوە، لە ئەنجامدا لە قووڵایی ناخیاندا بارگەی توندوتیژی و ڕق دروست بووە، کاتێک لە گفتوگۆی هەر بابەتێکی پایەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان سەرۆکایەتی یان دابەشکردنی پارە دەوروژێن و دەتەقنەوە، هەندێک لە سەرکردە کوردەکان بەوە ناسراون کە ئارەزوویەکی نەرگزییان هەیە بۆ نازناوی سەرۆک (ناوی گەورە و قەبە). سەددام حوسێنیش، بەهۆی هەبونی دارایی زۆر و نهێنییەکانی و هێزی سەربازی و ئیمکانیاتی جەنگیی تانک و فڕۆکە و پاسەوانی کۆماری، بەشێک بوو لە دروستکردنی ناو و ناوبانگ بۆیان.

دەرکەوتنی ئەم سەرکردانە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردیدا، بۆ ماوەی زیاتر لە شەست ساڵ، بەرهەمی باشووری کوردستانە، ئەم سەرکردانە نەیانتوانی ئامانجە کەسی و خێزانییەکانیان و ئارەزوویان بۆ کۆکردنەوەی پارە و دەسەڵات، دوور لە هەموو شەرعییەتێک یان لێپرسینەوەیەکی یاسایی تێپەڕێنن، جێی خۆیەتی ئەوەیش بڵێین کە لاوازیی هۆشیاریی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کە هیچ بەربەستێک یان هێڵێکی سووریان دروست نەکردووە، لە بەردەم قومارکردن بە چارەنووسیانەوە لەلایەن سەرۆکەوە، دەسەڵاتی ڕەهای سەرکوتکەر و دواکەوتوو، قەیرانی قووڵی عەقڵی سیاسی و درێژخایەنی لێکەوتەوە، ئەو قەیرانە ڕێگربووە لە بەردەم بنیاتنانی دەسەڵاتێکی شارستانی و شەرعی، ئەمەیش دەرگای بۆ زۆر شێواز لە توندوتیژیی فیکری و سیاسی و جەستەیی کردەوە.

هەرەسی نۆرمە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، لای ئەو نوخبەیەی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردییان دەکرد لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا، دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە، تەواو پێچەوانەی ئەو نوخبەیەیە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ڕابەرایەتیی ڕاپەڕینەکانی کوردیان کرد. ئەوان، ژیانی خۆیان بەختکرد بۆ دۆزی

گەلەکەیان، لە نمونەی وەک شێخ عەبدولسەلام بارزانی، کە سەرکردایەتیی دوو ڕاپەڕینی کرد، شێخ سەعیدی پیران، شێخ ڕەزا دێرسیمی و قازی محەمەد و ئەوانی تر. شێخ مەحمودی حەفید، لە بەردەم ئەفسەرە سیاسییەکانی بەریتانیا، کاتێک بریندار و دیل بوو سەری دانەنەواند. ئیحسان نووری پاشا، دوای ئەوەی شکستی خوارد لە شەڕی (کانیکی وێرک)دا، وەڵامی پێشنیارێکی سەرکردەی فیرقەی سوارچاکانی تورک (کۆلۆنێل فەرهاد بەگی) دایەوە، کە تێیدا پێشنیاری کرد ئیحسان نووری پاشا بەشێوەیەکی کەسی لە گۆڕەپانی جەنگدا زۆرانبازیی لەگەڵدا بکات، وەڵامەکەی ئەم بریتی بوو لە: (ئەگەر بابەتەکە بەم سادەییە بێت کە یەکێکمان بکوژرێت و کێشەکە کۆتایی بێت، لەو حاڵەتەدا پێویستە خودی سەرۆکی تورک زۆرانم لەگەڵ بگرێت، چونکە تۆ هاوتای من نیت و پێویستە بزانیت ئەگەر ئیحسان نووری بکوژرێت، ئەوا لەناو ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا هەزاران کەس هەن کە هاوتای منن، بەڵکو لە منیش گەورەترن و بەخێرایی جێگەی ڕۆڵی من دەگرنەوە)[1]! بەم دەربڕینە، ئیحسان نووری پاشا شانازیی نەتەوەیەک، بەخۆیەوە بەرجەستە دەکات و ئامانجی شۆڕشی (خۆیبوون) - کە ئیحسان نووری پاشا وەک فەرماندەی سەربازیی ئەو شۆڕشە کاری دەکرد - بریتی بوو لە ئازادکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی.

شایەنی باسە زۆرینەی هەرە زۆری سەرکردەکانی (پ.د.ک)، لە قۆناغە جیاوازەکاندا، گەڕانەوە باوەشی بەغدا یان پەیوەندیی ژێربەژێریان پەیداکردبوو. تەنانەت دوای دوورخستنەوە و قڕکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی فەیلی، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، هەڵمەتی قڕکردنی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٨٣، بۆمبارانی گەلەکەمان بە چەکی کیمیایی ساڵانی ١٩٨٧ – ١٩٨٨ و پڕۆسە بەرفراوانەکانی ئەنفال، کەچی دوای ئەوانەیش سەرکردە کوردەکان هەڵپەیان دەکرد بۆ بەغدا بۆ ماچکردنی سەددام حوسێن. ئەو دیمەنانە بوونە هۆی ئەوەی کە میدیا جیاوازەکان پەخشی بکەن

[1] ،LA REVOLTE DE L’AGRIDAGH (ARRARAT) GENERAL IHSAN NOURI PASHA. P: 103 - 104. 1986. Geneve.

و جیهان تووشی شۆك ببێت [٢] لە ١٩٩١/٥/٦میژوونووس عیسمەت شەریف وانلی، نامەیەکی سەرزەنشتی بۆ سەرکردەکانی بەرەی کوردستانیی نارد، دەڵێت: بەڕاستی دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی بۆ کاری مرۆیی بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا بەدڵنیاییەوە ڕەهەندێکی سیاسیی لەخۆگرتبوو. ئەگەر ئێوە هەفتەیەک یان دوو هەفتە، خۆڕاگر بوونایە و داوای چارەسەرێکی سیاسیتان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکردایە وەک مەرجێک بۆ گەڕانەوەی ئاوارەی کوردان بۆ ماڵەکانیان، ئەوا جیهان قۆناغی دەستتێوەردانی مرۆیی تێدەپەڕاند بۆ قۆناغی دەستتێوەردانی سیاسی و ڕەنگە دەستوەردانی سەربازییش! من، دڵنیام لەوەی کە باشتر بوو داوای چارەسەرێکی سیاسی لە ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتە زلهێزەکان بکەن و دانوستان لەگەڵ خوێنڕێژ و حوکمەکەی و لەگەڵ بەعسیشدا نەکەن. لە هەمان نامەدا دەڵێت: وای لە جیهان گەر بڵێن (ئەگەر بەرپرسانی کورد لە عێراق، خۆیان دانوستانی لەگەڵدا بکەن، بۆچی ئێمە خۆمان ماندوو بکەین و چارەسەری نێودەوڵەتیی بۆ کێشەکەیان بدۆزینەوە؟).

لەدەستدانی ڕێز و کەرامەتی نیشتمانی و کەسی، گەیشتە ئاستی داوای هاوپەیمانیی سەربازی لەگەڵ سەددام حوسێن، بۆ مسۆگەرکردنی پێگەی کەسی.[٣] هەروەها دیمەنی

---

[٢] دیمەنی ماچکردنی سەددام حوسێن دوای ڕاپەڕینی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١، پڕە لە هێما و واتای نائومێدکەر کە ئاماژەیە بۆ حاڵەتێکی دەروونیی درێژخایەنی گەمارۆدراو، بە وەهمەکانی کۆتوبەندی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی بەغدا، ئەم ئیلیتە سیاسییە کە نەیاندەتوانی ڕێڕەوێکی دیپلۆماسی بدۆزنەوە، کەرامەتی نەتەوەکەیان پشتگوێخست و گەڕانەوە بۆ حوکمی خوێنڕێژەکەیان هەڵبژارد.

ئەمانە بریتی بوون لە: جەلال تاڵەبانی، مەسعود مەلا موستەفا، نێچیرڤان ئیدریس، محەمەد مەحمود عەبدوڕەحمان، فەرەیدوون عەبدولقادر، نەوشیروان موستەفا ئەمین، ڕۆژ نووری شاوەیس، مەلا بەختیار، سەعدی پیرە، فازڵ میرانی، ئازاد نەجیم، ڕەسوڵ مامەند، ئەرسەلان بایز، کۆسرەت ڕەسوڵ. دواتر گەلیان خستە ناو شەڕێکی ناوخۆییەوە، بە پاڵپشتیی ئێران بۆ هەردوو لایەنی شەڕکەر کە هیچ براوەیەکی تێدا نەبوو، تاکەدۆڕاو، گەلی کورد بوو. لە کاتی هاوپەیمانیی سەرکردەکانی کورد لەگەڵ سەددام حوسێنی خوێنڕێژی گەلەکەمان، هەزاران کوژراو لە ڕۆژهەکانی کوردستان لە شەڕەکانیاندا کەوتن. مەسعود مەلا موستەفا، لەوانی تر جیاواز بوو و زۆرترین پەیوەندیی بە سەددام حوسێنەوە هەبوو، تا ڕووخانی ڕژێمەکەی لە ساڵی ٢٠٠٣.

[٣] عیسمەت، داوای لە وڵاتە زلهێزەکانی ئەنجومەنی ئاسایش کردبوو، مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردانی عێراق دوای قۆناغێکی کاتی لەژێر پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ ماوەی پێنج ساڵ دابین بکەن. بە

پەلەکردن بەرەو بەغدا، ئەوە ئاشکرا دەکات کە تێگەیشتنی سەرکردایەتیی کورد لە بواری دیپلۆماسیدا، سنووردار ماونەتەوە و ستراتیژیەتیان نەبووە، وێڕای ئەوەی کە شکستی ساڵی ١٩٧٥ سەرەتا ڕەنگدانەوەی شکستی دیپلۆماسی بوو، کە گەشەی کرد بۆ شکستی سەربازی، بەڵام خوێندنەوەی بۆ نەکرا و شیکارییەکی وردی بۆ نەکرا، بەمەبەستی دەسخستنی پەند و وانەکان. دیپلۆماسییەت و باوەش و ماچکردن لە بەردەم کامێراکانی تەلەڤزیۆنی جیهانیدا، یارمەتیی سەددام حوسێنیان دا لە قەیرانێکی نێودەوڵەتیی سەخت دەربچێت! گەلی کوردیان لەو بایەخە نێودەوڵەتییە بێبەشکرد، کە هەوڵی بۆ چارەنووس و مافە ڕەواکانیان دەدا. ئەو دەمیش هاوپەیمانیی بزووتنەوەی کوردی - مەلا موستەفا و شای ئێران - لەسەر حیسابی پەیوەندییەکانی کوردستان، سووکایەتیکردن بوو بە یەکێتیی نەتەوەیی کورد.

بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەک بونیاد بنێین، کە کەرامەت و ئازادیی تاک تێیدا بپارێزرێت، بۆ ئەوەی لە ڕووی شارستانییەوە پێشکەوین، پێویستە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هەڵوێستی کۆمەڵگە ڕوو بدات، بەرامبەر بەو دەستەبژێرە دەسەڵاتدارەی لە بەغدا و کوردستان هەن، دەبێت کۆتایی بە ملکەچیی کوێرانەی کۆمەڵگە بۆ سەرکردەکان بهێنرێت، تا دەکرێت دەبێت هەموو شتێک لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی دیموکراسی و بە دەنگدانی ئازاد و بێگەرد بەڕێوە بچێت، مێژووی حوکمی دیکتاتۆری لە عێراق و نکوڵیکردن لە مافەکانی گەل و زەوتکردنی ئازادییە دیموکراسییەکانی، وانە و ئەزموونمان پێدەدات لەو کارەساتانەی کە بەهۆی ئەم سیاسەتە گێلانەیەوە دروستبوون لە ماوەی سەدەیەکدا. ئەم سیاسەتە، یارمەتیدەر بوو بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتی زۆردارانە

کۆپتەرێکی فەڕەنسی، گەشتی کرد بۆ کوردستان و لە ئامێدی نیشتەوە. ئامانج لەو گەشتەی، دیدار لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد بوو، بۆ قایلکردنیان بە هەوڵە نێودەوڵەتییەکە.

بەڵام بەهۆی شۆکبوونییەوە کە هێشتا لە کوردستان بوو، هەواڵی ئەوەی پێگەیشت کە ئەو سەرکردانە لە بەغدان وماچەکان لەسەر ڕوومەتی سەددام حوسێن، کۆتایی بە هەوڵگەلی چارەسەری نێودەوڵەتی بۆ پرسی کورد هێنا. عیسمەت دوای ئەم بێهیوابوونە، بە هەمان کۆپتەری فەڕەنسی، گەڕایەوە دیاربەکر و پاشان بۆ سویسرا.

لە چارەنووسی وڵاتدا و بەهێزکردنی، لەڕاستیدا ئەوان لە چەتەگەری و سەرکردەی جەنگەوە نزیکتر بوون، پشتیوانیی ستەم، بەرژەوەندیی کەسی، ڕەوایەتیی نەخۆشیی هەلپەرستی و گەندەڵیی بێ سنوور، بەشێوەیەکی مەترسیدار و بەربڵاو لە کۆمەڵگەی عەرەبی و کوردیدا ڕەگی داکوتا، هەروەها زۆرێک لە توانای زانستی و تەکنیکی کە نەوەکانی دۆڵی ڕافیدەین تێیدا دەوڵەمەند بوون، تێکشکێنرا. تووندوتیژی، بووە تاکەلۆژیکێك کە دەسەڵاتی ناشەرعی پەنای بۆ دەبەن بەمەبەستی دەربازبوون لە ڕاستییەکان.

لە ماوەی سێ ساڵی یەکەمدا، شۆڕشی کورد بە پاکژی و پشتبەستنی تەواو بە هێزە جەماوەرییە شۆڕشگێڕەکان، بەهرەمەند بوو. پاشان گەندەڵی و ناکۆکی لەسەر پۆست و پارە، سەریهەڵدا. ئەمەیش پاکیزەیی شۆڕشگێڕیی لێ داڕنی و کردی بە ئامرازێک بەدەست سەرکردایەتییەوە، تا بە خواستی خۆیان و بێ پابەندبوون بە بەها نیشتمانییەکان بەکاری بهێنن، بۆیە لە زۆر شوێن دەستەواژەی بزووتنەوە بەکارهاتوە لە بری شۆڕش. شۆڕش، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە و کاریگەرییەکی دوورودرێژی هەیە. شۆڕش، سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، سەرلەنوێ بونیاد دەنێتەوە. سەرکردایەتیی کورد، بەشێوازێکی تەقلیدی و کۆنەپارێز مایەوە و ڕێگر بوون لە بەردەم بەهای شۆڕشگێڕیی جەماوەری کوردستان، سەرکردایەتیەکە هەڵگری خەسڵەتی شۆڕشگێڕی نەبوون، کە بۆ گۆڕانکارییە گەورەکان لە کۆمەڵگەدا پێویست بوون، ئەو دروشمانەی بەرز دەکرانەوە، لە زۆربەی دەمەکاندا بۆ هاندان و بەکاربردنی ناوخۆیی بوون، نەک جێبەجێکردنی ئامانجەکان. دروشمەکانی دیموکراسی بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان، یان کوردستان یان نەمان، ڕووبەڕووی درۆ و ڕاستی بوونەوە، دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر و هەرەسی ساڵی ١٩٧٥، سەرکردایەتییەکە بەبێ هیچ ڕێگرییەکی ئەخلاقی، دەستی لە دروشمەکانی هەڵگرت.

یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی سەرکردایەتیی کورد، قۆرخکردن و کۆکردنەوەی پارەی گەلی کورد بوو لە دەستی سەرۆکی حیزبدا و هەڵگرتنی لەناو خێزانەکەیدا. ئەم ڕەوشت و عەقڵیەتە، نە لە ماوەی جەنگ و نە لە قۆناغەکانی ئاشتیی ڕێژەیی و نە دوای شکست،

گۆڕانی بەسەردا نەهات. ئەمە بە لادانێک دادەنرێت لە هەموو شۆڕشە ڕزگاریخوازەکانی جیهانی سێیەمدا. هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی، نەیوێرا داوای شەفافیەت بکات و سنووردێک بۆ ئەم دۆخە ناشەرعی و سەیرە دابنێت، لە ڕاستیدا پێویستە دەسەڵاتی دارایی، بخرێتە ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ و چاودێرییەکی توند، وەک ئەمانەت و بەرپرسیاریەتیی لەبەردەم گەل و مێژوودا.

سەرۆکی حیزب سەر بە نەوەی کۆن بوو، بەرپرسیارێتی و ئەرکی نەتەوەیی، بەلایەوە بارگرانییەك بوو خرابووە سەرشانی، ڕوون بوو کە توانای ئەو بەرپرسیارێتیە گەورەیەی نەبوو. سەدەی نۆزدەهەم بۆ ئەو گونجاوتر بوو، کەچی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، سەرکردایەتیی شۆڕشێکی نەتەوەیی دەکرد، گرنگیی بە بڵاوکردنەوەی زانست و کولتوور لە کۆمەڵگەدا نەدەدا، ئەمەیش ڕێگر بوو لە بەردەم پێشکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلێک. تێگەیشتنی ئەو بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی، پەیوەست بوو بەوەی دەبێت بەناوی خۆی و لە ژێر هەژموونی خۆیدا بێت، ئەگەر ئامانجەکە بەناوی حیزب یان کەسێکی تردوە بەدیبهاتایە، ڕەنگ بوو دژایەتیی بکات. دوو کوڕەکەی، بەسەر چارەنووسی حیزبدا سەپاند، ئەمە لە کاتێکدا ئەوان هێشتا هەرزەکار بوون و لە ئاڵۆزییەکانی دۆخی سیاسیی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی تێنەدەگەیشتن، کەچی دەسەڵاتیان بەسەر هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا دەشکا و دەڕۆیشت. یەکەمجار بوو سیستمێکی حیزبی، میراتی بۆماوە لەسەر بنەمای سۆزی کەسی دیاری بکرێت، سەرۆکی حیزب پشتی بە فیئۆدالیزمی کوردی دەبەست و پشتیوانیی لە خیانەتکاران و جاش دەکرد و بەسەر جوتیاران و هەژاراندا زاڵی دەکردن، لە بری ئەوەی جووتیاران لە چنگی ستەمکاران ڕزگار بکات. ئەمە لە دەمێکدا جووتیاران پاڵپشتی تەواوی هێزی پێشمەرگە بوون، وێڕای هەژارییان لە دابینکردنی بەرهەمەکانیان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، زۆر بەخشندە بوون و بەشانازییەوە لە بەرەکانی جەنگدا جەنگاوەر و قوربانیدەر بوون. بەڵام سەرکردایەتیی کورد، پشتگیریی لە فیئۆدالیزم دەکرد بە هەموو نۆرم و ستەم و نەریتەکانییەوە. ئەو، دەرەبەگەکانی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا هێنانە پێشەوە، سەرکردەی بزووتنەوەکە پارەی بۆ گەندەڵی و بەرتیلدان بەکاردەهێنا.

دوای ئەوەی لە نیوەی دووەمی شەستەکاندا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا گەشەیان کرد، بارەگا و دەربارەکانی لەسەر سنووری ئێران (حاجی ئۆمەران) جێگیر کردن و ئەو دەروازەیەی کۆنترۆڵ کرد، کە یارمەتییە دارایی و سەربازییەکانی لێوە دەهاتن، هەروەها پەیوەندییە دەرەکییەکانی قۆرخ کردن، بە تەواوی دوورکەوتەوە لە ژیانی بەرەکانی جەنگ و سەختیی ژیان، کاری سەربازی و حیزبی و سیاسیی بەجێهێشت بۆ شۆێنکەوتوانی. ئەو، لەڕاستیدا گرنگیی بە لادان و پشێوی و ستەمکاری نەدەدا و بەلایەوە ئاسان و ڕەوا بوو. لەبەرئەوە ستەمکاریی هەمەجۆری+- بەرپرسان، بەخێرایی لە کوردستاندا ڕووی لە هەڵکشان کرد. سەرۆك، پابەند نەبوو بە بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی، لە سایەی دەسەڵاتی ئەودا، پێشێلکاریی مەترسیدار ڕوویدەدا، وەك دەستدرێژیکردنە سەر مافی هاوواڵتیان بەتایبەت مافی ژنان، هەروەها ڕێوشوێنەکانی لێپێچینەوە لەبارەی گەندەڵی و دزی و ماشینەوەی ماڵی گشتی، بوونیان نەبوو. تا وای لێهات دزی و پارەخواردن، بوونە شتێکی زۆر ئاسایی. بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە، خوێنەر بە هەموو ئەم وێستگانەدا تێدەپەڕێت، لەڕاستیدا جیاوازییەکە قووڵ بوو لە نێوان ڕەفتاری سەرکردایەتیی کورد و ئاواتە شۆڕشگێڕییەکانی جەماوەر، چونکە گەل خەباتی دەکرد و قوربانیی دەدا بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و ڕزگارکردنی جووتیاران لە ستەمی دەرەبەگایەتی و کۆتوبەندی کۆنەپەرستیی کوردی، لەم ڕوانگەیەوە شۆڕشێک لەسەر ئاستی جەماوەر هەبوو، بەڵام سەرکردایەتیی کورد ڕۆحی شۆڕشگێڕیی گەلی لەباربرد و بەردەوامبوو لە دوژمنایەتیکردنی ئاواتە پێشکەوتنخوازەکانی و گەڕاندنەوەیان بۆ دواوە. وەک خوێنەر لە بەشەکانی داهاتوودا دەیبینێت، عیسمەت شەریف وانلی شۆک بوو لە شێوازی کۆتاییهاتنی شۆڕشی کورد و دەڵێت هیچ نموونەیەکی وام نەبینوە لە مێژوودا، بۆ کۆتاییپێهێنانی شۆڕشێك، ئەو دەڵێت: تەسلیم بوون بۆ بڕیاری سەرکردایەتی، لە کاتێکدا گەل سوور بوو لەسەر شەڕکردن، هاوکات هەلومەرج و ئامرازی بەردەوامبوونی شۆڕشیش هەبوو[4].

[4]. People Without A Country. Edited by Gerard Chaliand. Zed 1978. p:192

وەک ئاماژەم پێدا، لەم کتێبەدا پشتم بەستووە بە چەندین ئەرشیفی حکومەتی ئەمریکی و ڕاپۆرتی پەیوەندیدار، کە پەیوەستن بە پرسی کوردەوە لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ناوەندی (C. I. A)، دوای هەڵگرتنی سانسۆر لەسەریان کە لەم دواییانەدا دەرچوون، هەروەها ئەوانەی مێژوونووسان لەسەر ڕووداوەکانی ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابوردوو نووسیویانە و ئەوانەی ڕۆڵیان هەبوو لە دروستکردنی ڕووداوەکاندا، چ لە ئەکتەرە ناوخۆییەکان یان هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. سەبارەت بە ئەرشیفەکانی کورد، دەتوانم بڵێم خۆمان هیچمان نیە دەربارەی ڕوداوەکانی ئەو کات، ئایا ئەمە بەهۆی کەمتەرخەمییەوەیە یان مەبەستدارە؟ لە هەموو بارێکدا، نەبوونیان پاساو دەداتە دەست سەرکردەکانی حیزب و بزووتنەوەکە، ئەوانەی لەو دەمانەدا پاشگەز بوونەوە و خۆیان دەربازکرد لە بەرپرسیارێتییە مێژوویییەکان و تاوانەکانیان خستە ئەستۆی کەسانی تر. ناهەقییەکی گەورەیە دەرحەقی گەلی کورد کە قوربانی بدات، پاشتر ئەوەیشی پێ ڕەوا نەبینن کە ڕاستییەکانی لێ بشارنەوە وئاگادار بکرێن لە هۆکاری شکستی بزووتنەوەی کوردی لە ساڵی ١٩٧٥دا، کە لەلایەن سەرکردایەتییەکەیەوە بە سەریاندا هێناون. دکتۆر مەحمود عوسمان کە سەرکردەیەکی نزیک بووە لە مەلا موستەفا، ئاماژەی بە تۆمارنەکردنی وتووێژەکان کردووە، لەگەڵ نوێنەری ئەو وڵاتانەی کە هاوکارییان پێشکەش بە بزووتنەوەی کوردی دەکرد، ئێمە خۆمان لە تۆمارکردنیان دەدزیەوە، ئێستا بە هەڵەیەکی زۆر ترسناکی دەزانم.[٥] بەڕاستی ئەمە هەڵەیەکی زۆر ترسناکە، ئەمە دەستدرێژیکردنە بۆ سەر مافی گەلی کورد لە زانینی ئەوەی لە ڕابوردوودا ڕوویداوە، بەمەبەستی سوودومەرگرتن لە هەڵەکان بۆ ئێستا و داهاتوو.

سەرەتاکانی بزووتنەوەی کوردی، لە نارەزایی هێزە کۆنەپەرستەکانی کوردەوە دەستپێکرد، کە دژی چاکسازیی زەویوزار بوون و پەیوەندییان بە ساواکی ئێرانییەوە هەبوو. سەرکردایەتیی کورد، بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی ورد تێکەوتن، ئەو دروشمانەی بەرزیانکردنەوە، دەرخەری ئەو هیوا ڕەوایانە بوو کە لە ناخ و ویژدانی گەلی کورددا هەبوون، ئەمەیش بووە هۆی پشتگیریی جەماوەر، بەو هیوایەوە بە یەکگرتوویی و لە

[٥]، گۆڤاری(الوسط)،گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر محمود عثمان.١٣/١٠/١٩٩٧.

پشتی ئەو سەرکردایەتییە وەستان و بە بەخشندەیی نزیکەی چواردە ساڵ قوربانییان دا، تا ئەو کاتەی سەرکردایەتیی کورد بڕیاری دا دەستبەرداری گەلی کورد بێت و کۆتایی بە بزووتنەوەکە بهێنێت، بەڵام بێ وازهێنان لە زەعامەت و خۆپەسەندی.

بەشێکی خوێنەر لەم بەرهەمەدا، خۆیان شایەتحاڵن لەناو ڕوداوەکاندا و تا ئێستا لە بەرهەمی تردا بەدەگمەن ئاماژەیان پێدراوە، هۆکارەکەیشی ڕەنگە ترس و خۆپارێزی بێت بۆ سەلامەتیی خۆیان، کە من گوێم بەم خۆپارێزییە نەداوە، چونکە بێدەنگبوون لەسەر ستەمکارییەکان، لە سروشتی منداا نییە.

ئەم کتێبە، لەگەڵ شێوازی فیکری باوی ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا ناگونجێت، کە بەرهەمی پڕوپاگەندەی چەواشەکاریی حیزبیە، بە دووریشی نازانم کاردانەوەی توند بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەوە ڕووبدات، Dersden James دەڵێت: "کاتێک درۆی باش و ڕێکخراو، بە تێپەڕبوونی نەوەکان و بە هێواشی دەفرۆشرێن، ڕاستییەکان وەک شتێکی نالۆژیکی دەردەکەون و بەرگریکارەکەی وەک شێتێک و وڕێنەکەرێک دەردەکەوێت" ئەمەیش بە تەواوی لە دەروونی کۆمەڵگەی کوردیی ئەمڕۆدا بەرجەستەیە. بەڵام من دڵنیام کە گەلە تێکۆشەرەکەمان، لەژێر کاریگەریی ماددە بێهۆشکەرەکان وپڕوپاگەندەی چەواشەکەردا بەئاگا دێتەوە و ئەو ڕاستییانە ئاشکرا دەکات کە کاریگەریی ئەرێنی یا نەرێنییان هەبووە، لەسەر ئێستا و داهاتووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان. ئەمەیش پێویستییەکی مێژوویی و گەلە زیندووەکان لێی بێئاگا نابن، وا دیارە گەلی کوردستان لە کاروانی شۆڕشەکان دوانەکەوتووە کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە (٢٠١١) ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان گرتووەتەوە، کە تێیدا دیواری ترس ڕووخاوە و کۆمەڵانی خەڵک داوای گۆڕانکاری دەکەن، دژی گەندەڵیی حکومڕانیی بنەماڵەیی، کە وێنەیەکی نەرێنیی لای زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک هەیە، دەربڕینی ناڕەزایی بەرپایە و داوای گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە کوردستان دەکەن.

ئەیوب بارزانی - جنێف، سویسرا، ادار/ مارس ٢٠١١

ساڵانی مەنگ

١٩٤٧ – ١٩٥٨

لە کۆنفرانسەکانی: تاران لە ساڵی ١٩٤٣، یاڵتا لە شوباتی ساڵی ١٩٤٥ و پۆتسدام لە تەممووز - ئابی ساڵی ١٩٤٥، هاوپەیمانان بە باسی ڕەوشی جەنگی دووەمی جیهانی و سروشتی سیستمی دوای جەنگەوە، سەرقاڵ بوون.

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٤٥ شکستی ئەڵمانیای نازی، ببووە شتێکی حەتمی، سوپای ڕووسی کە لە ١٢ ملیۆن سەرباز پێکهاتبوو، سەرانسەری پۆڵەندای داگیرکردبوو و نزیک بوو لە گەیشتن بە سنوورەکانی ئەڵمانیای پێش جەنگ و ئامادە بوو بۆ پێشڕەویکردن بەرەو بەرلین، لە کاتێکدا سوپای هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا کە لە ٤ ملیۆن سەرباز پێکهاتبوو، لە ڕۆژئاوای ڕووباری ڕاین جێگیر بوون و لە پێشڕەویدا بوون بەرەو ڕۆژهەڵات.

سوپای ڕووسی، فەرمانی لە جۆزێف ستالینەوە پێگەیشت، کە بۆ ماوەی هەفتەیەک لە شوێنی خۆیان بمێننەوە. لە ٤ تا ١١ی شوبات، سێ سەرکردە (فرانکلین ڕۆزڤێڵت، وێنستۆن چەرچڵ و جۆزێف ستالین) لە یاڵتا، سەرقاڵ بوون بە گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتیی کۆتاییهێنان بە جەنگ، ئەمە بە کۆنفرانسی یاڵتا ناسرا. ئامانجی ئەم سەرکردانە، داڕشتنەوەی پەیکەری ئەو نەتەوانە بوو، کە سوپای ئەڵمانیای نازی هاڕیبوونی. پۆڵەندا، دوای هەڵبژاردن سەربەخۆیی بۆ دەگەڕێندرایەوە و حکومەتێکی نوێی سەربەخۆ پێکدەهات، هەروەها یوگوسلاڤیا لەژێر سیستمێکی نوێدا، بۆ حکومەتە کۆنەکەی گەڕایەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، سەرکردە نازی و فاشیستەکان دوورەدەخرانەوە، هەروەها ڕێکەوتنیان کرد لەسەر دابەشکردنی ئەڵمانیا بەسەر ناوچەی دەسەڵاتدا، لە نێوان ئەو سێ هێزە گەورەیەی، کە ئامادەبووی کۆنفرانسەکە بوون.

جۆزێف ستالین، ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر ئەوەی بەبێ مەرج، لە ماوەی دوو یان سێ مانگ دوای خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا و کۆتاییهاتنی جەنگ لە ئەورووپا دژی ژاپۆن، جەنگ ڕابگەیەنێت. ڕێکەوتنەکە لە ١١ی شوبات واژۆکرا، لە ڕاستیدا جەنگ دژی

ژاپۆن لە ٨ی ئاب کۆتاییهات، واتا پێش ئەوەی وادەی ئەوە بێت سۆڤیەت بچێتە جەنگەوە لە ١٨ی ئابدا، شاری هیرۆشیما چەند ڕۆژێک دوای کۆنفرانسی پۆتسدام، بە بۆمبی ئەتۆمی بۆمبارانکرا. هاری ترومان، پێشتر بە بەشداربووانی کۆنفرانسی ڕاگەیاندبوو: کە ئەو چەکە کوشندەیە، بوونی هەیە و سەرکەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پیشان دەدا.

باڵادەستیی سەربازیی ئەمریکی، ترس و دڵەڕاوکێی لای سۆڤیەت دروستکرد، لەبەرئەوە وەڵامی سۆڤیەت ئەوە بوو کە ڕوویکردە پێشبڕکێ لە بواری تەکنەلۆژیای ئەتۆمیدا، ستالین ڕێگەی نەدا هەڵبژاردنی ئازاد لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا ئەنجام بدرێت، بەڵکو حکومەتی کۆمۆنیستیی بەسەر (پۆڵەندا، چیکۆسلۆڤاکیا، هەنگاریا، ڕۆمانیا و بولگاریا)دا سەپاند.

جەنگی سارد، قۆناغێکی نوێ بوو کە هاوشێوەی نەبووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، چونکە پێشتر جیهان ئەم جەمسەرگیرییە و بوونی چەکی وێرانکەری پێشکەوتووی بەخۆیەوە نەدیبوو، ململانێ سیاسییەکە هەموو جیهانی گرتەوە.

فراوانبوونی خێرای دەسەڵاتی ئەمریکی لە کۆتایی چلەکانەوە، لەسەر حسابی یەکێتیی سۆڤیەت نەبوو، (سیاسەتی گەمارۆدانی کۆمۆنیزم). چونکە سۆڤیەت، لەسەر هەموو ئەو خاکانەی داگیریکردبوون لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، پێگەی خۆی توندوتۆڵ کردبوو. بەڵکو ئەم فراوانبوونە لەسەر حسابی بەریتانیا و فەڕەنسا بوو، کە هەردووکیان بەهۆی جێکەوتەکانی جەنگەوە، شەکەت ببوون. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥دا، هەردوو ئیمپراتۆرییەتەکە لە هەمان کاتدا بەهێز و لاواز بوون، لاوازییەکەیان لە کەمبوونەوەی ڕێژەیی لە هێزی سەربازیدا، سەرچاوەی دەگرت و ئابووریەکەیان پشتی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبەست. بەڵام بەهێز بوون، بەهۆی بوونی بنکەی سەربازیی فراوانیان کە بەجیهاندا بڵاو ببوونەوە، ئەمەیش دواتر بۆ ئەمریکا بەسوود بوو، چونکە ئەمەریکا تا دوای ساڵی ١٩٤٥یش تۆڕێکی بنکەفراوانی لەسەر ئاستی جیهان نەبوو.

پرسیارە گرنگەکە بۆ پاریس و لەندەن ئەوە بوو، کە تا چەند دەتوانن هێزێکی سەربەخۆ لە جیهانێکدا بهێڵنەوە، کە یەکێتیی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زاڵ بن بەسەریدا؟ بەتایبەتی کە هەردووکیان لەسەر ئاسایشی خۆیان تەنانەت ئەوروپایش، پشتیان بە ئەمەریکا دەبەست. لە کۆتاییدا بڕیاریان دا دەستبەرداری ڕۆڵی زلهێزی ببن، بەهۆی تێچووە زۆرەکەیەوە، ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە بەخێرایی ئەو دەسەڵات و قەڵەمڕەوییەی لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابوردوودا بەدەستیانهێنابوو، لە بەرژەوەندیی ئەمەریکییەکان لەدەستیان دا. ئەمەریکا، ڕۆڵی بەریتانییەکانی لە یۆنان و تورکیا لە ساڵی ١٩٤٧ گرتە ئەستۆ، پاشان ڕۆڵی خۆیان لە ناوچەیەکی فراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فراوانتر کرد. فەڕەنسا، دەستبەرداری سوریا و لوبنان بوو، دەسەڵاتی بەریتانیا لە ئێران کەم بووەوە و دەسەڵاتی ئەمریکی شوێنی گرتەوە.

دواین هەوڵ بۆ پیشاندانی هێزی ئیمپراتۆری بەبێ پشتگیریی واشنتۆن، لە ساڵی ١٩٥٦ بوو، کاتێک پاریس و لەندەن لەگەڵ تەلئەبیب ڕێککەوتن بۆ هێرشکردنە سەر میسر، ئەمەیش دوای خۆماڵیکردنی کەناڵی سوێس لەلایەن جەمال عەبدولناسرەوە هات. هێرشەکە سەرکەوتوو نەبوو، بەمەیش لەندەن و پاریس هەستیانکرد سووکایەتیان پێکراوە، دواتر دەسەڵات و قەڵەمڕەویی ئەمەریکی لە ناوچەکەدا زۆر فراوان بوو، بەتایبەت دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق لە ساڵی ١٩٥٨. بەڵام لە وڵاتانی کەنداو، دەسەڵاتی تا ساڵانی حەفتاکان بڕی کرد، هەرچەندە بەریتانیا و فەڕەنسا بوونە دوو دەوڵەتی ئەتۆمی، بەڵام بە زلهێزی ئاست مامناوەند هەژمار کران.

دەسەڵاتی ئەو دوو دەوڵەتە لە ئەفریقایش کەمبووەوە، گانا لە ساڵی ١٩٥٧ و گینیا لە ساڵی ١٩٥٨ سەربەخۆییان وەرگرت، تا ساڵی ١٩٦٠ زۆربەی کۆلۆنییە فەڕەنسییەکانی ڕۆژئاوای ئەفریقا و ئەفریقای خولگەیی، سەربەخۆییان بەدەستهێنا. لە ناوەڕاستی شەستەکاندا، ئیمپراتۆریا ئەوروپییەکان لە ئەفریقا کۆتاییانهات و تا ساڵانی حەفتاکان، زۆربەی کۆلۆنییەکانی جیهان سەربەخۆییان بەدەستهێنا.

کۆشکی سپی، شارەزایی نەبوو لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و پاڵنەری سەرکردەکانی کرملێن، بەڵام جۆرج ئێف کێنان (George F. Kennan) کە

وەک یاریدەدەری باڵیۆز لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە مۆسکۆ کاریدەکرد، لە ساڵی ١٩٤٧ ستراتیژییەتێکی پەرەپێدا، کە ناوی لێنرا (ستراتیژیەتی گەمارۆدان). بەپێی ئەم ستراتیژە، ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بریتی بوو لە دامەزراندنی چەندین پێگە لە ئەورووپا و ئاسیا، کە سەربەخۆ بن لە هەژمونی سۆڤیەتی، دروستکردنی هێزی متمانەبەخۆبوون، لای ئەو وڵاتانەی لە ژێر هەڕەشەی فراوانبوونی سۆڤیەتدان، قۆستنەوەی ناکۆکییەکانی ناو بلۆکی سۆسیالیستی (یوگوسلاڤیا و چین)، پاشان گۆڕینی سیاسەتی نێونەتەوەیی سۆڤیەت لە جیهاندا. بەپێی ئەم لۆژیکە، دەرگاکان لە بەردەم پشتگیریکردنی گەلی کورد، تەنانەت بۆ بەدەستهێنانی سادەترین مافە کولتوورییەکانیش بە داخراوی دەمانەوە، دژایەتیکردنی دەسەڵاتی شیوعی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، هەندێک لە باڵیۆزانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی پاڵ پێوە نا کە پێشنیارێک پێشکەش بکەن، بەپێی ئەو پێشنیارە (ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا، پڕۆگرامێک بە زمانی کوردی پەخش بکات، بۆ بەرەنگاربوونەوەی پڕوپاگەندەی سۆڤیەت لە وێستگەیەکی نهێنییەوە و بەپێی ئەو بروسکەیە، پێشنیار دەکات: ١. نابێت بەشێوەی ڕاشکاو و ئاشکرا دژی کۆمۆنیزم پەخش بکرێت، بەڵکو دەبێت هێرشێکی پاک و بەهێز بکرێت دژی کەموکوڕی و چەواشەکاریەکانی فکری کۆمۆنیزم. ٢. خۆلادان لە هاندانی هەستی ناسیۆنالیزمی سیاسیی کوردی. ٣. پشتیوانیی بکرێت لە حکومەتی ناوەندیی ئێران)[٦].

پەخشکردنی بەرنامەکانی دەنگی ئەمەریکا بە زمانی کوردی لەلایەن ئەنقەرەوە، بەتوندی دژایەتی دەکرا. سەرەڕای ئەوەی ئامانجەکە، بەرەنگاربوونەوەی کاریگەریی کۆمۆنیزم بوو لەسەر گەلی کورد، لە بروسکەیەکدا لە ئەنقەرەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئاماژە بەوە کراوە کە تورکەکان بە باڵیۆزخانەی ئەمریکایان ڕاگەیاندووە:

١. پرسی کورد لە تورکیادا، بوونی نییە و کوردەکان بە یەکسانیی تەواو لەگەڵ سەرجەم هاوڵاتیانی تورکدا، دەژین.

٢. هەموو هەوڵێك بۆ دروستکردنی کێشەیەکی کوردی، سەرچاوەی دەرەکیی هەیە.

[6]. From Tehran to Secretary of State. August 6, 1951

٣. پڕۆپاگەندەی سۆڤیەت کە ئاراستەی کوردەکانی تورکیا دەکرێت، بە زیانبەخش دادەنرێت و پێویستە تورکیا دژی بوەستێتەوە.

٤. تورکیا، هیچ گومانێکی نییە کە پڕۆپاگەندەی ئەمریکی بە نهێنی بەڕێوە دەچێت، بەڵام پڕۆپاگەندەیەکی لەم جۆرە، کاریگەریی پێچەوانەی دەبێت و هەستی ڕزگاریخوازی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، بەهێز دەکات و پەخشەکە وەک ئاماژەیەک بۆ پشتگیری ئەمریکی بۆ کێشەی کورد، بەکاردەهێنن.

٥. لەبەرئەوە، هاوڕای وەزارەتی دەرەوە نیم سەبارەت بە سوودەکانی پەخشێکی لەم جۆرە.

٦. لەبەرئەوەی ئێران و عێراق، دژایەتیی پەخش بە زمانی کوردی ناکەن، پێشنیار بۆ دەنگی ئەمریکا دەکەین لەو وێستگانەدا کار بکەن، کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەم دوو حکومەتەدان و بە هاوکاریی ئەمریکی لە کاتی پێویستدا، باڵێۆز ئارچیبالد ڕۆزفێلت (Archibald Roosevelt) کە شارەزایی و زانیاریی لەسەر ئەم بابەتە هەیە، لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایە کە مادام تورکەکان لەسەر ئەو هەڵوێستەیان سوورن، باشتر وایە کە ئێمە بە زمانی کوردی لە دەنگی ئەمریکاوە پەخش نەکەین، بەڵکو کار بۆ بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگەندەکانمان بکەین، لە ڕێگەی وێستگەکانی پەخشی عێراق و ئەگەر بکرێت ئێران.[٧]

کاتێک وشەی کوردستان دەهاتە ئاراوە، عەقڵییەتی فەرمیی تورکیا، سەخت و ڕەگەزپەرستانە و چەقبەستوو و تووڕە بوو، ئەمریکییەکان لەم هەڵوێستە ڕاشکاوانەیان تێگەیشتبوون، سەبارەت بە دەستێشخەریی پەخشی بەرنامەکانی دەنگی ئەمریکا بە زمانی کوردی (دەستپێکردنی دەستێشخەرییەکە لە هەر کاتێکدا بێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا یەکلاییکەرەوە دەبێت، ئەمەیش وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، ڕوونیان کردۆتەوە)[٨]

لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەندازەی کاریگەرییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، کارتێکراو نەبوو. هۆکاری سەرەکیی ئەمەیش، بۆ هەڵوێستی

[7] From Ankara to Secretary of State. September 5,1951

[8] From: NEA- Mr. Berry to NEAL/P – Mr. Jones. Subject: VOA Broadcasts in Kurdish.

تورکیا دەگەڕێتەوە کە بێلایەن مایەوە، لەکاتێکدا ئێران لە هەردوو جەنگە گەورەکەدا، ڕووبەڕووی داگیرکاریی ڕووسی – بەریتانی بووەوە. سەبارەت بە کوردستان، بەو شێوەیە مایەوە کە لە پەیماننامەی لۆزاندا پلانی بۆداڕێژرابوو، بەبێ گۆڕانکاری لە دابەشکردنی کۆلۆنیالی، کە بەسەر چوار بەشدا پارچە پارچەیان کرد. ئەو کۆمارەی کە لە مەهاباد دامەزرا، ساڵی یەکەمی تێپەڕ نەکرد و بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ، ڕووخا و وڵاتانی داگیرکەری کوردستان وەک هاوپەیمانی ڕۆژئاوا و دژایەتیی سۆڤیەت، مانەوە.

لێرەدا، پێویستە ڕووپێوێکی خێرا بۆ کۆمەڵگەی کوردی، لە کاتی جەنگی ساردا ئەنجام بدەین، بەمەبەستی تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە هێواشەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان.

کاتێک پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی سەرەتایی لە کوردستان تاوتوێ دەکەین، یەکەم شت سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەوەیە بۆرژوازی بازرگانیی تازەپێگەیشتوو - بۆرژوازی پیشەسازی بوونی نەبوو - بە هێواشی گەشە دەکات - ئەم بورژوازیە لاوازە - لە کاری شۆڕشگێڕی دەترسێت، ژمارەی کەمە و لە شارەکانی وەک کەرکووک، سلێمانی، هەولێر و هەندێک قەزای کوردیدا چڕ بووەتەوە. ژمارەیەک خاوەن مووڵک، ڕوویان کردە شارەکان و منداڵیان بۆ خوێندن نارد. ئەم بۆرژوا لاوازە، ڕۆڵی گرنگی گێرا لە بنیاتنانی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکاندا، ئەو حیزبانەش ڕۆڵێکی گرنگیان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا گێڕا. بەڵام ئەو حیزبانە، هەستیان بە لاوازی و بێ جەماوەری دەکرد، بۆیە بە ناچاری گەردنیان کەچکرد بۆ سەرکردایەتیەکی خێڵەکیی بەهێز.

ئەگەر بە وردی سەیری گوندەکانی کوردستان بکەین، دەبینین هەزاران گوندی پەرشوبڵاو لە دۆڵ و لێواری شاخەکانی کوردستاندا هەڵکەوتون، ئەم گوندانە لەلایەن سەدان ئاغای کوردەوە بەڕێوەدەبران، بە واتایەکی وردتر کۆمەڵگەی کوردی لە ژمارەیەکی زۆر عەشیرەت و هۆز و خێڵ پێکهاتبوو، زۆربەی گوندەکانی لەناو چیاکاندا دابڕابوون و هێڵەکانی گواستنەوە زۆر دەگمەن بوون و تەنانەت ئەوانەیشی کە هەبوون، لە وەرزی زستاندا بەهۆی لیتە و بەفرەوە پەکیان دەکەوت و دەگیران و ڕێبەندان ڕووی دەدا. گوندەکان، پشتیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەبەست، ئاغای کورد باڵادەست بوو

بەسەر لادێکاندا و ستەمیان دەکرد و هەژاریی جوتیارانیان، دەقۆستەوە و زۆربەی زەوییە بەپیتەکانیان داگیر دەکردن، هەندێك لەو ئاغایانە کاری تاڵانکردن و دزی و کوشتنیان کردبووە پیشە، لە کاتێکدا هەندێکی تر، دابڕابوون و تووندوتیژ بوون. لە ناوچەی بادینان، ئاغاکان زاڵ و باڵادەست بوون و ڕووحی خێڵ، ڕیشەی داکوتابوو. لە ناوچەکانی سۆرانیش، هەمان مۆدێل زاڵ بوو. بەهاکانی دوێنێ، زاڵ بوون و ڕیتمی ژیانی ئەمڕۆ و سبەی، تەنیا دووبارەبوونەوەی دوێنێ بوو. هاتنی شتی نوێ و وەرگرتنی نوێکاری لەلایەن خەڵکەوە، پرۆسەیەکی زۆر خاو بوو لە لادێی داخراوی کوردستاندا.

لە باشووری کوردستاندا - عێراق - دەتوانرێت ئاغاکانی کورد دابەش بکرێن بۆ دوو جۆر: ئەوانەی لە گوندە شاخاوییەکاندا دەژین و ئەوانەیش کە لە دەشتە تەختەکاندا نیشتەجێن، بەشێوەیەکی گشتی دووەمیان دەوڵەمەندترن و بە زەویداری گەورە دادەنرێن و لە ژێر کاریگەریی شارە گەورەکانی کورددان و ئاستی تووندوتیژییان کەمترە، بەراورد بە ئاغاکانی چیا. لە کاتێکدا هەندێکیان نەبێت، زۆرێک لە ئاغاکانی چیا وەک ڕێگر و دز و تاوانبار مامەڵە دەکەن و هێرش دەکەنەسەر جووتیاران و شوانەکان، زەویی جووتیارانیان زەوتدەکرد و زەلیلیان دەکردن. ئەم توێژە لە ئاغاکان، دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کوردی لە ساڵی ١٩٦١بە ئاسانی بوونە جاشی حکومەت.

پێویستە ئاماژە بە گرنگیی هاوسەرگیری، لە کوردستان و لە نێوان پیاوماقوڵانی خێڵدا بکرێت، چونکە هاوسەرگیری لەوێدا، تەنها پێکهێنانی خێزانێک نییە، بەڵکو هاوپەیمانێتیەکی سیاسییە لە نێوان ئاغاکاندا. ژنی زیرەک، لەوانەیە ڕۆڵێکی یەکلاییکەرەوە بگێڕێت لە پشتی پەردەوە، لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و گشتیدا، هەروەها دیاردەی فرەژنی لە نێوان پیاوە دیارەکاندا، کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر بڵێسەی ئاگری کێشەی خێزانی و ململانێ لەسەر میراتگری، لە هەمان کاتدا ململانێی هاوسەرەکان لەسەر ئەوەی کام لە کوڕەکان جێنشینی باوکی بێت، هەر ژنێک هەوڵی پێشخستنی کوڕەکەی خۆی دەدا، بۆ جێنشینی و میراتی دارایی.

هەروەها چەندین شێخایەتی هەبوو، شێخایەتیی کورد لە ژمارەیەک عەشیرەت پێکهاتبوو، کە بە سەرکردایەتیی ڕووحیی ڕێبەری تەریقەت، قادری یان نەقشبەندی

دەناسران، ئەو دوو تەریقەتە لە کوردستاندا بەربڵاوبوون، ئاستی دڵسۆزی بۆ ڕێبەری تەریقەت لە یەکێک بۆ ئەوی تر جیاواز بوو، گوێڕایەڵیی فەرمایشتەکانی شێخ، هەمیشە دەبووە هۆی بەرزبوونەوەی پێگەی سیاسی و ڕووحیی شێخ.

شێخایەتییەکان لە کوردستان بە شێوازی جیاواز گەشەیان کرد، زۆربەیان ڕێچکەیەکی ئاشتییانەیان گرتبووەبەر، لە کاتێکدا بارزان لەو ڕێبازە لایدا و بە ئاراستەی بەرەنگاری و ململانێیەکی تاڵ دژی فیئۆدااڵی کوردی هەنگاوی نا، ئەوانەی هاوپەیمانییان لەگەڵ هێزی داگیرکەردا کردبوو. هەندێکی تر لە شێخایەتییەکان، مەیلیان بۆ ئارامی و بێلایەنی و کۆکردنەوەی سامان هەبوو، یان لایەنگری حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بوون.

شێخ و ئاغاکان لە کوردستان، شانبەشانی یەکتر و بە تەبایی دەژیان، جگە لە شێخایەتیی بارزان کە بەرەنگاری ئەو هەڵمەتە چەکداریی هاوبەشانە دەبووەوە، کە ئاغاکان و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقیان لە یەک بەرەدا کۆکردەوە. دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری مێژووی بارزان، بریتیە لە مێژووی جەنگ و ململانێی بەردەوام، دژی فیئۆدالیزمی کوردیی هاوپەیمان لەگەڵ حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان.

زۆرینەی توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی، لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا خۆیان بینیەوە، جا لەبەرئەوەی زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگەی کوردی مۆرکی خێڵەکییان هەبوو، بۆیە ئەو مۆرکەیش لە پارتیدا ڕەنگی دابووەوە، بەتایبەتی لە کارەکتەری مەلا موستەفادا، سەرۆکێکی خێڵەکی و توێژێکی لاواز لە بۆرژوای بازرگانیی دوودڵ (ئەندامانی مەکتەبی سیاسی)، بەرژەوەندییەکانیان یەکی دەگرتەوە. بۆیە بڕیاری پێکەوەبوونیان دابوو، تا ئەو کاتەی بەرژوەندی کۆیان دەکاتەوە، بەڵام کاتێک هەستیان کرد بەرژەوەندییەکانیان ناکۆکن، ئیتر لێکدابڕان و ناکۆکیی خوێناوی لە نێوانیاندا ڕووی دا. ئەم دوو توێژە، بەگشتی بە بەرژەوەندییەکانیانەوە گرێدرابوون. مەبەستمان لێی، بەرژەوەندییەکانی بۆرژوای بازرگانی وبەرژەوەندییەکانی دەرەبەگایەتیی کوردییە، بۆ ڕەوایەتیدان بە ناکۆکییە خوێناوییەکانی نێوانیان، بە پەردەی شۆڕشگێڕی ونیشتمانی دادەپۆشران.

بەمەیش شۆڕشی کوردی بەشێوەیەکی نەرێنی، کارتێکراو بوو بەهۆی ئەم ململانێ وێرانکەرەوە، لە کاتێکدا ململانێی سەرەکی و مەترسیدار بۆ گەلی کورد لە نێوان حکومەتی عێراق و بەرەی کوردیدا بوو. سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٦١ەوە هەڵمەتێکی سەربازیی دڕندانەی دژی گەلی کورد دەست پێکردبوو، بەڵام سەرکردایەتیی کورد ئەو ململانێیەی دوادەخست، بۆ ئەوەی خۆی تەرخان بکات بۆ ململانێی لاوەکیی ناوخۆیی کوردی – کوردی. ئەمەیش ئاماژەیە بۆ لاوازیی بەها و عەقڵیەتی نیشتمانی و نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەتایبەت لەلایەن تیمی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی لە دژی سەرۆکی حیزبەکە، کە بە تاکڕەوی و دەسەڵاتی ڕەهاوە شۆڕشی بەڕێوەدەبرد و بە تووندی گرێدراوی ئاغا دواکەوتوو و بەرتیلخۆرەکان بوو، بەهۆیەوە جیابوونەوە ڕووی دا. مەکتەبی سیاسی، چووە پاڵ حکومەتی بەغدا، بۆ ئەوەی لەگەڵ سوپای عێراقدا هەڵمەتی سەربازی دژی سەرۆکەکەی پێشوویان دەستپێبکەن. ئەم سەرۆکەیش ئەو کەسە بوو، کە شۆڕشی کوردیی بە بڕیارێکی کەسی، دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ئازاری ١٩٧٥ کۆتایی پێهێنا.

سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد، جیاواز بوو لە سەرکردایەتیی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان، ئەوانەی سەربەخۆییان بۆ گەلەکانیان بەدەستهێنا. بەڵام سەرکردایەتیی کورد، بەهۆی پێکهاتە خێڵەکییەکەیەوە کە مۆرکێکی چەقبەستوی مێشك وشکی هەبوو، قەبووڵی نەدەکرد هەنگاو بەرەو ئاسۆیەکی هاوچەرخی فراوانتر هەڵنێ، لەبەرئەوە هەرەسیان هێنا.

عەقڵیەتی دەمارگیریی گوندنشینیی عەشایەری و خێڵەکی، زاڵ بوو بەسەر دەسەڵات و کارگێڕی و حیزب و هێزەکانی پێشمەرگەدا، بۆرژوای بچووکی لاوازیش بە هەمان شێوە دەمارگیر بوون و هەر کاردانەوەیان هەبوو. دەمارگیریی خێڵەکی، گرنگییان بە بەها و ڕەوشتە نیشتمانییەکان نەدەدا، لە کاتی ململانێدا لەگەڵ سەرکردایەتییەکدا، کە خۆیان بە بەرپرسیار دەزانی لە بەشداری پێکردنی چینی جووتیار، کە بڕبڕەی پشتی شۆڕشی کوردی بوون، بەڵام ئاستی هۆشیارییان نزم بوو و ڕاهاتبوون لەسەر گوێڕایەڵی و ستەمی ئاغاکانیان. ئەم دەمارگیرییە، هۆکارێک بوو بۆ دروستبوونی دۆخێکی دەگمەن

لە نێوان هەردوو چیندا، چونکە قوربانییەکان جووتیار بوون، بەرهەمی جوتیارەکان لەلایەن فیئۆداڵیزمی کوردییەوە دەچنرایەوە، دەرەبەگەکانیش لەلایەن خودی سەرکردایەتیی کورد و بەغداوە پاڵپشتی دەکران. لەبەرئەوەی حیزبەکە لە هەناوی دەوڵەتی نادیموکراسیدا دروست بوو، بووە هۆی ئەوەی چالاکیی نهێنی و هەواڵگری، بەسەر کاری پارتەکاندا زاڵ بێت، سەرەڕای شانازیکردنی سەرکردەکان بە دروشمەکانی دیموکراسی و بەرگریکردن لە جووتیاران و کرێکاران، واقیعەکە بە تەواوی پێچەوانەی ئەو بانگەشانە بوون.

بارودۆخی نێوان ساڵانی ١٩٤٧ - ١٩٥٨ لە سەرجەم بەشەکانی کوردستان، لە ڕووی سیاسییەوە سست و چەقبەستوو بوو، گومان لەوەدا نییە کە کردەوە سەرکوتکارییەکان وەک زیندانیکردن، دوورخستنەوە و ئەشکەنجەدان، کەشێکی لە ترسی قووڵ لە نێو بەشێکی فراوانی گەلی کورد دروست کردبوو، ناچار بە بێدەنگیی کردبوون.

وێڕای مەنگیی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، حکومەتی عێراق و بەتایبەت نووری سەعید، ئاگادار بوون لەوەی کە گەلێکی کۆیلەکراو ناچار دەبێت شۆڕش بکات و داوای مافی زەوتکراوی خۆی لەسەر خاکەکەی بکات، لەبەرئەوە بە دوای هاوپەیمانێتی لە دەرەوەی سنوورەکاندا دەگەڕان، تاکو کوردستان بە کۆنترۆڵکراوی بهێڵێتەوە، لە هەمان کاتدا دژی کۆمۆنیزم بوەستێتەوە. محەمەد حەسەنێن هەیکەل، ڕۆژنامەنووسی ناسراوی عەرەب لە زنجیرە بەرنامەیەکدا بەناوی لەگەڵ هەیکەل، کە لە کەناڵی جەزیرە پەخشی کردووە (بەرواری ئەڵقە: ٢٠٠٧/١/١٨)، بە شێوەزاری گشتیی میسری قسەی دەکرد، ئەو بەجۆرێك لە پەشیمانییەوە باس لەوە دەکات، کە لە هەڵوێستی نووری پاشا بەرامبەر گەلی کورد لەو کاتەدا، بەجوانی تێنەگەیشتوون، دەڵێت:

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٤، نووری سەعید پاشا هات بۆ میسر، بۆ ئەوەی چاوی بە جەمال عەبدولناسر بکەوێت و پێموایە یەکەم دیداریان بوو. نووری سەعید گوتی: سەردەمی ڕێکخستنی دووقۆڵی کۆتاییهاتووە، ئێستا ئێمە لە ململانێیەکی جیهانیداین و ناتوانین خۆمانی لێ بەدوور بگرین. ئەم ململانێ جیهانییە لە نێوان ڕەوتێکی کۆمۆنیستیدایە کە ئێمە بەدڵمان نییە و کاپیتاڵیزمێک کە دەکرێت پەیوەندییەکانمان

لەگەڵی ڕێکبخەین، پەیوەندیی مێژوویی و شوێن و داهاتوومان لەگەڵیدایە، نووری پاشا داوای نەخشەیەکی کرد، پاشبەندی سەربازی لەگەڵ نووری سەعید نەخشەیەکی گەورەی هێنا، نووری پاشا نەخشەکەی لەسەر زەوی دانا و بە جەمال عەبدولناسری گوت: ئێرە چیاکانی ڕەواندوزە لە باکووری عێراق و لە نێوان چیاکانی ڕەواندوز و سنووری یەکێتیی سۆڤیەت، تەنها سی میلە (نزیکەی ٤٥ کیلۆمەتر - وەرگێر).. پێم وایە ئێمە مەترسیی یەکێتیی سۆڤیەتمان لەسەرە و پێویستە بچینە ناو هاوپەیمانێتییەکەوە، کە بمانپارێزێت، ئەویش ڕێککەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکان. ئینگلیزەکان لە حەبانییە هەن و ئێمە بنکەمان هەیە، وەک ئەوەی ئێوە لە سوێس هەتانە. بەڵام ڕای ئێمە وایە کە پێویستە لە شوێنی ڕێککەوتنە دووقۆڵییە کۆنەکان لەگەڵ پەیماننامەی ٣٦ ی میسر و پەیماننامەی ٣٠ ی عێراق، ڕێکخستنی بەکۆمەڵ بۆ ئاسایش بێتە ئاراوە و ئێمە باوەڕمان بەم ڕێککەوتنە هەیە، چونکە هەست بە مەترسی دەکەین. جەمال عەبدولناسر پێیگوت: مەترسە، ڕووسەکان هێرشتان ناکەنەسەر. نووری پاشا گوتی: سی میلە. جەمال عەبدولناسر گوتی: برا! ئەگەر ئەو سی میلە تێپەڕێنن و بێنە سەر سنووری عێراق، ئیتر باس لە بابەتی عێراق نامێنێت، ئەو کاتە شەڕی ئەتۆمی دەبێت، شەڕێک کە ڕوو نادات و ئەگەر شەڕێکیش لەم ناوچەیە ڕووبدات، ئەوا شەڕەکە زۆر لە توانای ئێمە گەورەتر دەبێت، لەبەرئەوە پێویست ناکات نەخشەی بۆ دابنێین و پێویستە نەخشە بۆ سەربەخۆیی خۆمان و یەکخستنی ئیرادەمان دابنێین، بەڵام نووری پاشا قایل نەبوو. محەمەد حەسەنێن هەیکەل بەردەوام دەبێت لەسەر قسەکانی و دەڵێت: نووری پاشا بە ناسری گوت: بۆ من، پشتێنەی باکوور گرنگە، پشتێنەی باکوور تورکیا و عێراق و ئێران و پاکستان کە لەپاڵیدایە، لەخۆدەگرێت، من گرنگی بە پشتێنەی باکوور دەدەم، چونکە یەکێتیی عێراقە. پێیگوت: من کێشەی کوردەکانم هەیە و ناتوانم دڵنیابمەوە، تەنها کاتێك نەبێت کە دڵنیابم تورکیا و ئێران لەگەڵمدان. (پێم وایە لەم ساتەدا نووری پاشا، زیاتر باسی لە داهاتووی عێراق دەکرد نەك داهاتووی ئوممەتی عەرەب، ئیسرائیل لە خەیاڵی ئەودا نەبوو، دەمەوێت بڵێم کە مافی هەر سیاسەتمەدارێکە لە هەر وڵاتێکی دونیادا، کە یەکەم شت ئاسایشی وڵاتەکەی لەبەرچاو بێت، لێرەدا دەبینین محەمەد حەسەنێن هەیکەلی

نووسەری بەناوبانگ لە هزری نەتەوەییەوە دەست پێدەکات و ئاماژە بە مافەکانی گەلی کورد ناکات). بەڵام دابینکردنی ئاسایشی وڵاتان بەبێ دابینکردنی مافی گەلان لە نیشتمانی خۆیان، بەدی نایەت. زامنکردنی ئاسایشی عێراق لە ڕێگەی بەکۆیلەکردنی گەلی کوردەوە بەدی نایەت. ئەمەیان کۆمێنتی نووسەر خۆیەتی.

بەکورتی، ناسر وای دەبینی مەترسی و هەڕەشە لەئیسرائیلەوە دێت، لە کاتێکدا نووری سەعید مەترسییەکەی لە گەلی کورد و کۆمۆنیزمدا دەبینیەوە، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەردووکیاندا هەبوو، بەگشتی هەڵوێستی عەرەبی بەرامبەر گەلی کورد، هەڵوێستی هێزێکی داگیرکەر دەنوێنێت، کە پشت بە سەرکوتکردن و داوای یارمەتی و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان دەبەستێت، بۆ بەردەوامبوونی داگیرکاریی کوردستان.

ئەوەی جێی تێرامانە، لە شەڕی پڕوپاگەندەی نێوان هەردوو بەرەی کۆمۆنیستی و سەرمایەداری لەو سەردەمەدا، ڕووسەکان پرسی بارزانییەکانی ڕووسیایان نەقۆستەوە بۆ پڕوپاگەندەی خۆیان، هیچ بەیاننامەیەکی سیاسی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ڕووسییەوە لەلایەن مەلا موستەفا، میرحاج ئەحمەد، شێخ سولەیمان یان سەرکردەکانی دیکەوە نەبیسترا بە سوودی ڕووسیا، ئایا هۆکارەکەی ئەوە بوو کە باوەڕیان بە کۆمۆنیزم نەبوو؟ یان گونجاو نەبوون بۆ ئەرکەکە و هیوا و خێرێکیان لە ئایدۆلۆژیای مارکسی لینینی نەدەبینی؟ یان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکیی ناوخۆیی نێوانیان و خۆیان لەسەر یەک ڕێچکە نەدەبینییەوە؟ لە کاتێکدا بەرەی سەرمایەداری، زۆرێک لە جیابووەوە و هەڵاتووەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی، بە قازانجی ڕۆژاوا بە باشترین شێوە بەکاردەهێنا، لە پڕوپاگەندەی دژەکۆمۆنیزم.

لێرەدا، پێویستە ئاماژە بە چالاکیی سیاسی و کولتووریی بنەماڵەی بەدرخان، بەتایبەت میر دکتۆر کامەران بکرێت، کە دەنگدانەوەیەکی ئەرێنیی هەبوو، سەلماندی کە دۆزی کورد نەمردووە، بەتایبەت ئاشکراکردنی ئەو سیاسەتەی دەوڵەتانی دابەشکاری کوردستان گرتبوویانەبەر، کە بریتی بوو لە خنکاندنی پرسی کورد لەسەر ئاستی جیهانی لە ڕووی میدیاییەوە، واتە (گەلێکی چەوساوەی بێدەنگکراو)، میر کامەران لە نووسینی

یاداشت و بەیاننامە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری زلهێزەکان، زۆر چالاک بوو. بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بڵاوکراوەیەکی بە زمانی فەڕەنسی دەردەکرد، کە پەیوەست بوو بە مێژووی سیاسەت و چەوسانەوەی گەلی کوردستانەوە، وتار و کۆڕ و سیمینارەکانی پێشکەش دەکرد. باڵیۆزخانەکانی ڕۆژاوا، چاودێریی چالاکیی ئەو میرە کوردەیان دەکرد، بەمەبەستی زانینی ئەو گەشەسەندنە فیکرییەی لە پشتیەوە بوو دەربارەی پرسی کورد، بەتایبەت زانینی هەموو شتێک سەبارەت بە گەشەکردنی نفوزی سۆسیالیزم، لە کۆمەڵگەی کوردیدا.


Kamaran Badrkhan

لە ٣ی ئازاری ١٩٥٦ میر کامەران، یاداشتێکی وردی ئاراستەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و تێیدا ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی سوپای ئێرانی، دژی ناوچەی کوردنشینی (جوانڕۆ) ئاشکرا و شەرمەزار کرد، ئێران لەم هێرشەیدا پەیماننامەی بەغدای قۆستبووەوە و سوودی لە هاوکاریی حکومەتی عێراق وەرگرتبوو. لە یاداشتەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە: لە بەرەبەیانیی ٤ی شوباتی ١٩٥٦ هێزەکانی پیادەی ئێران، بە پاڵپشتیی تانک و تۆپخانە و فڕۆکە، هێرشیان کردووەتە سەر ئەم ناوچە کوردنشینە. هەروەها ئاماژەی بە لێدوانەکانی کۆلۆنێل (جان)ی ئێرانی کردووە، کە سەرپەرشتیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی ناوچەی جوانڕۆی کردووە، بە ئاژانسی هەواڵی فەڕەنسی (AFP)ی گوتبوو: تا ئێستا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەم ناوچەیەی

کوردستان، بە سەرکەوتن کۆتاییان نەهاتووە، چونکە یاخیبووان بە پەنابردن بۆ عێراق، خۆیان لە شەڕ پاراستووە، بەڵام بە چوونەناوەوەی عێراق بۆ ناو هاوپەیمانێتیی بەغدا، ئەم دۆخە بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕا.

میر کامەران، لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: ئەرکانی جەنگی ئێران، لە ئەنجامی چالاکییەکانی هاوپەیمانیی بەغداد، دڵخۆش بووە. لێرەدا، دەبێت ئاماژە بکەین بەوەی ئەم هاوپەیمانییە، کە لەژێر سەرپەرشتیی بەریتانیای مەزندایە، وەک ئامرازێک بۆ بەرگری دژی داگیرکارییە، بۆ یەکەمجار دەیبینین کە بۆ کوشتنی ژن و منداڵ و بەسالاچووان، بەکاردەهێنرێت و ڕێگەی ڕزگاربوون لە بۆردوومانەکە دادەخات، بۆ ئەوەی کەس پەنا بۆ برا کوردەکانیان لە کوردستانی عێراق نەبات.

لە یاداشتەکەیدا، ئەوەیشی زیادکرد: مافی پەنابردن، مافێکی پیرۆزە و لە جارنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا، دانی پێدانراوە. لە دواتریشدا ڕەخنە لە ئەمریکا دەگرێت، بەهۆی ئەو فڕۆکە جەنگییانەی ڕادەستی سوپای ئێرانی کردووە و ئێرانیش بەکاریان دەهێنێت بۆ بۆردومانکردنی گوندە ئارام و بێ زیانەکان، هەروەها ڕەخنەی ئەوەیشیان لێدەگرێت، کە بەهۆی پشتگوێخستنی ئەو یاداشتەی کە کۆمەڵەی کوردی لە ٣١ی ئازاری ١٩٤٧ پێشکەشی ژەنەراڵ مارشاڵ (وەزیری دەرەوەی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان کردبوو)، کە تێیدا سەرنجی حکومەتی ئەمریکایان ڕاکێشابوو بۆ ئەنجامە مەترسیدارەکانی ناردنی چەک بۆ ئێران و تورکیا، بەبێ هیچ مەرجێکی پێشوەختە، لە چۆنێتیی بەکارهێنانی ئەو چەکانە.

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، لە بەرواری ٢٥ی نیسانی ١٩٥٦ تەلەگرافێک بۆ باڵیۆزخانەکانی لە ئەنقەرە، بەغدا، تاران، دیمەشق و پاریس دەنێرێت و دەڵێت:

١. هەروەها وێنەیەکی دیکەی هەمان یاداشتمان پێگەیشتووە، کە ئاراستەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە، بۆمان دەرکەوتووە کە یاداشتەکانی پێشوو، لە ساڵی ١٩٤٨ ئاراستەی شاندی ئێمە لە نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە و لە ساڵی ١٩٤٩ ئاراستەی شاندی ئێمە لە ئەنجومەنی ئەوروپا کراوە، هەروەها ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی

ئەوکات واتا لە ساڵی ١٩٥٠ کراوە و وێنەیەکی لە ساڵی ١٩٥٠ بۆ شاندی ئێمە لە نیویۆرک نێردراوە.

٢. ئەمە شێوازی نووسینی ئەو پیاوەیە کە ئەم نامانە واژۆ دەکات، مەبەستمان دکتۆر کامەران عەلی بەدرخانە، ئێمە هیچ شتێک لەبارەی نووسەدین زازاوە نازانین، کە ئەویش نامەیەکی شاندەکەی لە ساڵی ١٩٤٨ واژۆکردووە، لەبارەی شەریف پاشایشەوە نازانین کە دیارە یاداشتێکی لە ساڵی ١٩٤٨ نووسیوە، بەڵام دەزانین کە شەریف پاشا کوردێکی بەتەمەنە و لە ڕۆما دەژی.

٣. چالاکیی شاندەکە، بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بە زۆرداریی حکومەتەکانی تورکیا و عێراق و ئێرانە، بەڕادەیەکی زۆر خراپەکاریی حکومەتی بەریتانیایە، بەڵام هاوسۆزیی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا نییە[9].

سەبارەت بە چالاکییەکانی کامەران بەدرخان، چەندین نامە لە نێوان وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و باڵیۆزخانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵوگۆڕدەکرێت، لە نامەیەکدا کە لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغداوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیای ناردووە، باس لەوە کراوە کە: "دکتۆر کامەران، چەندین ساڵە لە پاریس دەژی و سەرپەرشتیی کۆمەڵە نەتەوەیی و کولتوورییە کوردییەکان دەکات، یەکێک لە گرنگترین چالاکییەکانی، بریتییە لە نووسینی کوردی بە پیتە ئەورووپییەکان و چاپ و بڵاوکردنەوەی چیرۆک و فۆلکلۆری کوردی بەو پیتانە. براکەی، بەناوی جەلادەت عەلی بەدرخان لە هەمان بواردا چالاک بوو، تاوەکو لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٠ لە دیمەشق کۆچی دواییکرد، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، لە ساڵانی سییەکان و سەرەتای چلەکاندا، گۆڤاری (هاوار)یان چاپ دەکرد. هەردوو براکە، توانای کولتوورییان هەبوو و جێگەی سەرنج و بایەخپێدانن[10].

سەبارەت بە میر جەلادەت بەدرخان، باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە دیمەشق، تەلەگرافێک بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەنێرێت و دەڵێت: "جەلادەت بەدرخان،

[9]،Foreign Office, S.W.I. April 25, 1956. To Chancery, British Embassy Tehran

[10]،British Embassy Baghdad. May 2, 1956. Confidential 1026/7/56

وەک سەرکردەیەکی کوردەکانی سووریا دادەنرێت و لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئاشناییمان لەگەڵیدا هەبوو. چەندین ساڵ کاری لەسەر ئامادەکردنی فەرهەنگێکی کوردی - ئینگلیزی دەکرد، بەڵام پێش تەواوکردنی ئەو فەرهەنگە، کۆچی دواییکرد. خێزانەکەی، دڵنیایی لە چاپکردنی پێنج پیتی سەرەتای دەستنووسەکە دەدا. نووسینگەی زانیارییەکانی ئێمە، فەرهەنگەکەی نارد بۆ پەیمانگای لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان، تا ئێستا بڕیاریان نەداوە کە ئایا چاپی دەکەن یان نا. فەرهەنگەکە بە پیتە ڕۆمانییەکانە و کوردەکانی ئێرە، پێیانوایە کە سیستمی ئەلفوبێی بەکارهاتوو تیایدا، باشترە لەوەی ڕووسەکان پەرەیان پێداوە. گوێمان لێبووە کە ئەوان بە جدی کار لەسەر پڕۆژەکەیان دەکەن و وەک ئامرازێک بۆ فراوانکردنی مەودای پڕوپاگەندەیان لە باکووری عێراق و ئازەربایجانی ئێرانی، بەکاریدەهێنن.

گۆڤاری [هاوار] کە جەلادەت بەدرخان لە سووریا دەریدەکرد، ماوەیەك پێش مردنی وەستا. جەلادەت، لایەنگری ڕۆژئاوا بوو و دژایەتیی کۆمۆنیزمی دەکرد، ئەگەر براکەی تا ئێستایش گۆڤارێکی هاوشێوە لە پاریس دەربکات، پێمانوایە شایستەی هاندانە. یارمەتیدانی ئێمە بۆ ئەو، ڕەنگە خزمەت بە ئامانجی ئێمە و کار بۆ وەستاندنی پڕوپاگەندەی ڕووسی بکات لە ناوەندی کوردیدا"[11]

باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە تاران، ڕەزامەندیی نەدا لەسەر ئەوەی کە لە بروسکەی پێشوودا هاتبوو، لە وەڵامی پێشنیارەکەدا ئاماژەی بەوە دا: "بە پشتبەستن بەوەی لە نامەکەی ئێوەدا هاتووە، سەبارەت بە بڵاوکراوەکانی (شاندی کوردی) دکتۆر کامەران بەدرخان، کە تایبەتن بە ستەمی حکومەتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا، ئێمە پێمانوایە کە ئێوە لەگەڵمان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەمە، مایەی شەرمەزاری دەبێت بۆمان ئەگەر هانیان بدەین، هەرچەندە بە ڕوونی دژە شیوعییشن.[12] ئەمە ئەوە دەردەخات کە پرسی کورد بەستراباووەوە بە پێداویستییەکانی جەنگی سارد و لەپێناو ڕازیکردنی ئەو

[11] British Embassy. Damascus. May 7, 1956. Confedential (1825/2/56)

[12] British Embassy, Tehran. May 23/1956

دەوڵەتە هاوپەیمانانەی ڕۆژئاوا کە کوردستانیان دابەش کردووە، قوربانی بە دۆزی کورد دەدرا.

فاکتەرێکی نوێی قورس، هاتە سەر هاوکێشەی هێزە سیاسییە ناکۆکەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش لەدایکبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو لە ساڵی ١٩٤٨، وڵاتانی عەرەبی هەموویان دژایەتیی خۆیان بۆ ئیسرائیل نیشان دا، هەروەها دژایەتیی مافەکانی گەلی کوردیان دەکرد لەسەر خاکی خۆیان. سەرکردە عەرەبەکان، سڵیان نەکردەوە لە وێناکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد بەوەی کە ئامانجیان دروستکردنی ئیسرائیلی دووەمە! ئاشکرایە کە دکتۆر کامەران بەدرخان، ئاگاداری ئەو مەترسییانە بوو کە ڕووبەڕووی گەلی کورد دەبوونەوە، چونکە کەسایەتییەکی سیاسیی جیاواز و دووربین بوو و خەسڵەتی پیاوی دەوڵەتی هەڵگرتبوو. ئەو، ئاگاداری دواکەوتوویی کۆمەڵگەکەی بوو، سەبارەت بە فۆرمەڵەبوونی نوێی نیشتیمانی. دەیزانی کۆمەڵگەی کوردی، بە دەست نەریتە کۆنەکانەوە گیرۆدەیە و چوارچێوە خێڵەکییە زیانبەخشەکان، زاڵن بەسەریدا. ئەوانەیش بەربەست بوون لە بەردەم ڕێگەی خەباتی ڕزگاریخوازیدا.

واقیع، بەدرخانی فێرکردبوو کە دادپەروەری و ئارامگری و باوەڕ و توانای ڕۆشنبیری، بەس نین بۆ شکستهێنان بە دەوڵەتانی جیهان، پێشبینیی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی دابەشکراوی دەکرد، بۆ یەکە سروشتییەکان، کە تیایدا هەموو ئیتنیکێک یان ڕەچەڵەکێکی نەتەوەیی، مافی چارەی خۆنووسین بەدەستبهێنێت لە چوارچێوەی سنوورێکی گونجاودا. هەر نەتەوەیەك، دەتوانێت ڕەگوڕیشەی سەربەخۆیی شارستانیی خۆی دابکوتێت. بەدرخان، دەیزانی کە ئەم خەون و پێشبینییە لە شەو و ڕۆژێکدا نایەتە دی، لەبەرئەوە پێشنیاریکرد ئەو مەزهەب و نەتەوە و نەژاد و گرووپە نەتەوەییانەی، لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی تیایدا دەژین، لە قۆناغی ڕاگوزەردا مافی ئۆتۆنۆمی بەدەستبهێنن. بەدرخان، بڕوای وابوو لە مەودای درێژدا، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئۆتۆنۆمی، کۆتایی دێت جا زوو بێت یان درەنگ. ئەوکاتە ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ دروست دەبێت، کە فرەدەوڵەت دەبێت و بەشێوەی یەکێتیی کۆنفیدراڵی پێکەوە دەبەسترێنەوە،

هەر دەوڵەتێک ڕێزێکی زۆر بۆ دەوڵەتەکانی تر دادەنێت. هەریەکێکیان بە جیا و بە هاوکاری لەگەڵ ئەوانی تردا، بەشداری لە پەرەپێدانی تەواوی ناوچەکەدا دەکات.[13]

یوڤاڵ نێتمان، جێگری سەرۆکی بەشی هەواڵگری بوو بە پلەی عەقید و ئەرکی هەماهەنگیی نێوان دەزگاکانی هەواڵگریی ئیسرائیل و فەرەنسای پێ سپێردرابوو، کاتێک بە میر بەدرخان گەیشت و دواتر بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردی بۆ خستەڕوو، یوڤاڵ نێتمان وای بۆچووبوو کە کەسایەتیی بن گوریۆن دەبینێت، چونکە پیاوێکی زۆر گەرموگوڕ بوو، سینگی پڕ بوو لە باوەڕێک کە پاشگەزبوونەوەی تیا نەبوو، ئامانجەکەی بە باوەڕێکی بەهێزی زۆرەوە دەکرد[14].

یەکێک لە ئەنجامی چالاکییەکانی میر کامەران، ئەوە بوو ئاسانکاریی کرد بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕاپەڕینی کوردی لە شەستەکاندا، کاتێک شائول ئاپیگۆر (سەرۆکی پێشووی مۆساد بۆ کۆچپێکردنی دووەم)، پیاوی ئەرکە نهێنییەکان لە بەرژەوەندیی ئاسایشی نیشتیمانیی ئیسرائیل سەردانی پاریسی کرد، نێتمان کۆبوونەوەیەکی لەنێوان ئاپیکۆر و بەدرخان ڕێکخست.

نێتمان دەڵێت: کۆبوونەوەکە، لە شوقەکەی منذا بەڕێوەچوو. ئاپیگۆر وەک تاکتیک، خۆی بەناوی خوازراوی 'مسیۆ بن دەیڤید' ناساند، هەستێکی زۆر باشی هەبوو، بەڵێنی دا کە پرسەکە بخاتە بەردەم (بن گوریۆن) و بەڵێنەکەیشی بەجێهێنا.

نێتمان دەڵێت: پێموایە هەموو ئەو ڕووداوانەی دواتر ڕوویان دا (لەوانەیش پەیوەندییەکان لەگەڵ مەلا موستەفا بارزانی)، لە دوای دیداری ئاپیگۆر و بەدرخانەوە سەریانهەڵدا. ساڵان تێپەڕین و لە ساڵانی شەستەکاندا، مەلا موستەفا خۆی بینییەوە لە لوتکەی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردیدا. لە یەکەم سەردانیدا بۆ ئیسرائیل لە نیسانی ١٩٦٨، سەرۆکی مۆساد (لیوا مائیر عەمیت) مەلا موستەفای، بە یوڤاڵ نێتمان ناساند و پێیگوت: ئەمە ئەو پیاوەیە، کە ڕێگەی بۆ ئێوە خۆشکرد لەلای ئێمە.'

---

[13]، شلومو نكديمون. الموساد في العراق ودول الجوار. ترجمة بدر عقيلي. دار الجليل للنشر. ١٩٩٧. ص ١٧-16

[14]،هـ.س ،ل٤٢.

مائیر عەمیت، دەربارەی کامەران بەدرخان دەڵێت: بەدرخان، هەموو ژیانی تەرخانکردبوو بۆ پرسی کورد، ئەو پیاوە بوو کە توانی هاواری گەلەکەی، بگەیەنێتە ڕۆژاوا و یەکەم سەرکردە بوو کە ناسیمان و هەوڵی دەدا پاڵمان پێوە بنێت بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی، بۆ شۆڕشگێڕە کوردەکان لە نیشتمانی خۆیان.

سەبارەت بە باکووری کوردستان، بەپێی بۆچوونی بەریتانییەکان: سیاسەتی ناوخۆیی حکومەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٥٠وە، سەرکەوتنی ڕاگەیاندووە لە تێکەڵکردنی کورد بە نەتەوەی تورکی، خەونی ڕاپەڕینێکی تری نەتەوەیی کوردی لە تورکیادا کردووەتە ڕابوردوو. ئەم جارە لە ئەگەری فشاری ڕووسیا بۆ سەر تورکیا، کوردەکان لەگەڵ پارتی دیموکراتی دەسەڵاتدار دەوەستن. لێرە بەدواوە، هەڵەیە گەر وا بیر بکرێتەوە کە نەتەوەی کورد، خاوەن هێزێکی داینامیکییە لە ناو تورکیا. ئەمە بۆچوونی هەندێک لە بەریتانییەکان بوو سەبارەت بە نەمان و سەرکەوتنی سیاسەتی تواندنەوە (بەتورککردن) لە کۆماری تورکیادا. بەڵام سەرهەڵدانی شۆڕشی باکووری کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤، کە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) سەرکردایەتیی دەکرد، هەڵەی ئەم ئاراستەیەی دەرخست. هەرچەندە ژمارەیەکی زۆری عەرەب لە باشوری تورکیا، دەناڵێنن بەدەست هەلومەرجی ژیانەوە، بەڵام ئەو ڕەوشە لای تورکیا گرفتی ئاسایش پێکناهێنێت.[١٥]

تورکیا، بەهۆی هەڵکەوتەی جیۆپۆلێتیکییەوە، خۆی بە پارێزەری باڵی باشووری ڕۆژهەڵاتی ناتۆ دەزانێت و هەڵوێستی ڕۆژئاوای لەبارەی پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، پەسەند کردووە. هاوکات ئەندامە لە هاوپەیمانیی بەغداد، ئەگەری ئەوە نییە تورکیا دەستبەرداری ئەو سوودە زۆرە بێت، کە بەهۆی بەشداریی لە پەیمانی ئەتڵەسی (ناتۆ)وە بەدەستی دەهێنێت و بچێتە پاڵ دەوڵەتە بێلایەنەکان و خۆی تووشی دابڕان بکات و بکەوێتە ژێر گوشاری سۆفیەتەوە، تا ئێستا هەموو هەڕەشەکانی ڕووسیا بۆ وازهێنانی تورکیا لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ناتۆ، شکستی هێناوە و هیچ هۆکارێک نابینم کە مانۆڕێکی تری ڕووسی، بتوانێت ئەوە بەدیبهێنێت کە تا ئێستا شکستی هێناوە.[١٦]

[15] From C.T. Brant. F.O. 37 130177) September 23, 1957.

[16] From C.T. Brant. F.O. 37 130177) September 23, 1957.

سەبارەت بە سووریایش، ئەرشیفێکی بەریتانی بە نیگەرانیەوە ئاماژە بە زیادبوونی دەسەڵاتی کوردی لە سوپا و سیاسەتی سووریادا دەکات، جگە لە خالید بەکداش (دامەزرێنەری حیزبی شیوعیی سووری) کە بە ڕەچەڵەک کوردە، هەروەها کۆڵۆنێل سیراج (عەبدولحەمید ئەلسراج) ئەویش کوردە، ژەنەڕاڵ ئەلبوزری (عەفیف ئەلبزری) وەک لە سیمایدا دیارە ئەویش کوردە.

کەمینەی کورد لە قاچاخچێتی لە سێگۆشەی تورکی، سووری و عێراقی کەڵك وەردەگرن، لەوێدا پەیوەندیکردنێکی چڕوپڕ بەڕێوەدەچێت. لە سنوورە ئاوەڵاکانەوە، کاروانی کاروانچیان و کرێکاران و وشتروان و شۆفێرانی لۆرییەکان، زۆربەیان کوردن. خالید بەکداش، شانەکانی کۆمۆنیزمی لەم خەڵکە بونیادناوە.

سەرباری بەرژەوەندیی عەرەبەکان، ئەفسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە سووریادا مەیلیان بەلای یەکێتیی سۆڤیەتەوەیە، چونکە هەست دەکەن بۆ ڕزگاریی نیشتمانیان، کار دەکەن (بەتایبەت ناوچە کوردییەکان لە عێراق و تورکیا). بەڕاستییش دەکرێت ئەم ئەفسەرە کوردانەی سوپای سووریا، بەراورد بکرێن بە یاقوبییە ئێرلەندییەکان، کە لە خزمەتی فەڕەنسادا بوون لە سەدەی هەژدەهەمدا[17].

ڕۆژئاوا بەگشتی وای دەزانی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆنترۆڵ کردووە، پێیوابوو بە بەکارهێنانی شەپۆلی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی جەمال عەبدولناسر و بەهێزیی هاوپەیمانیی بەغداد و پشتگیریی ڕێژیمە عەرەبییەکانی تری ناو هەمان هاوپەیمانی، بەرەنگاریی زیادبوونی هەژموونی کۆمۆنیستەکان دەبووەوە، لە کاتێکدا فەڕەنسا سەرقاڵی شۆڕشی جەزائیر بوو کە لە هەڵکشاندابوو، کاتێک کۆدەتای ئەفسەرانی ئازاد لە ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لە عێراق ڕووی دا، جەماوەرێکی زۆر هاتنە سەر شەقامەکان و پشتیوانییان لە ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی کرد و دژی لایەنگریی بەریتانیا بوون، ئەمەیش دەرفەتی دەستتێوەردانی سەربازیی بەریتانیای لە بەغداد، دژ بە کۆدەتاچییەکان نەهێشت و ڕادەست بوون.

[17]. A private letter from Co. Waterford to Lord Salisbury. Dated 27 August, 1957.

دوای بیست و چوار کاتژمێر لە کۆدەتاکە، یەکێتیی سۆڤیەت لەسەر سنووری‌کانی تورکیا و ئێران، دانی بە ڕژێمی نوێی عێراقدا نا و مانۆڕی ئەنجام دا، ئامادەیی یەکێتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی ڕاگەیاند، بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانیی سەربازی بۆ حکومەتی نوێ، ئەگەر عێراق ڕووبەڕووی هەر دەستدرێژییەکی دەرەکی ببێتەوە کە ئەمریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی لە هاوپەیمانیی بەغدا، ئەنجامی بدەن.

ڕۆژئاوا، تووشی شۆکێکی بەهێز بوو لە پێوەرەکانیدا. بینیی لەلایەن گەلەوە ڕەت دەکرێتەوە، تێگەیشت کە ئەو ڕژێمە پاشایەتییەی دایانمەزراندبوو، لاواز بوو و دوور بوو لە جەماوەر، هەروەها بینییان کە یەکێتیی سۆڤیەت و جەمال عەبدولناسر، جەماوەرێتییەکی گەورەیان هەیە لەناو خەڵکی عێراقدا، ئەمەیش هاوسەنگیی جەنگی ساردی تێک دا.

لە چەند بروسکەیەکدا دەرکەوتووە، کە بەهۆی گۆڕانکاریی عێراقەوە، ڕەشبینی باڵی بەسەر باڵیۆزانی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە. چونکە لای ئەوان لە کوردستاندا، نەوت گرنگ بوو نەک مرۆڤ. باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەستەنبوڵ ئاماژەی بەوە دا کە ئەگەر دۆخی عێراق بەرەو خراپی بڕوات، ئەوا باشترە ڕێوشوێن بگیرێتەبەر بۆ دڵنیابوون لەوەی تورکیا کێڵگە نەوتییەکانی باکوور داگیر بکات، ئەوا بەلایەنی کەمەوە عەبدولناسر، لەم سامانە بەنرخە بێبەش ببێت، باڵیۆزەکە لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا، ئامۆژگاریی کردووە بە چاودێریکردنی دۆخەکە بە وردی و وریاییەوە[١٨].

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، لەڕێی باڵیۆزەکەیەوە لە تاران، هانی ئێران و تورکیای دا بۆ ئەوەی لە هەمان کاتدا دژ بە عێراق بجووڵێنەوە بۆ دابەشکردنی کوردستانی عێراق لە نێوانیاندا، لە حاڵەتێکدا ئەگەر کۆمکاری عەرەبیی یەکگرتوو، دەوڵەتێکی کوردیی سەر بە کۆمکاری عەرەبی لە باکووری عێراق دامەزرێنێت، وەک دەوڵەتێکی بەربەست لە نێوان خۆیان و سۆڤیەتدا[١٩]

---

[١٨]، الكورد و كوردستان في الوثائق البريطانية. دراسة تاريخية وثائقية، د. وليد حمدى. ١٩٩١ لندن. صفحة: ٢٦٦

[١٩] هـ.س . ل: ٢٦٧.

باڵیۆزی بەریتانیا لە تورکیا وەڵامی دایەوە، کە تورکیا ڕێگە نادات کوردستان ببێتە بەشێک لە کۆمکاری عەرەبیی یەکگرتوو، ئەگەر ئەمە ڕووبدات، ئەوا تورکەکان لەوانەیە مەیلیان بەرەو بیرۆکەی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ لە عێراقدا هەبێت، ڕەنگە لەگەڵ ئێرانییەکانیش، بەڵام ئەوان بەبێ گەرەنتی و پشتیوانیی ئەمریکیی پێشوەختە، هەنگاو هەڵناهێنن. پێدەچێت تورکەکان لیواکانی مووسڵ و کەرکوک بگرن و لیوا کوردییەکانی تر بۆ ئێران بەجێبهێڵن[٢٠].

کۆدەتاکە، هەموو گروپ و هێزە سیاسییەکانی بە جارێک ئازاد کرد. ئەو گروپ و هێزانە، ناهارمۆنیك بوون و هەموویان هەڵگری ئینتیمای حیزبی و بنەماڵەیی و خێڵەکی و تائیفی و کەسی بوون، بۆیە حکومەت نەیتوانی بناغەی دەوڵەتێکی دیموکراتی، کە نوێنەرایەتیی گشت نەتەوەکان و ئاراستە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان بکات، پێکبێنێت. دیاردەی تەسکبینیی فیکری و سیاسی لە هەڵسوکەوتی حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی عێراقدا، ئاشکرا بوو[21].

سەرکردەکانی کۆدەتاکەیش، خۆیان تەبا نەبوون. ڕقبونەوەیان لە پاشایەتی، بەهێزترین پاڵنەرەکانی یەکگرتنیان و هەوڵدانیان بوو بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی هاشمی. عەبدولسەلام عارف، پیاوی دووەم لە ڕژێمەکەدا بەخێرایی و بەشێوەیەکی سەرکەشانە عیراقی ڕادەکێشا بەرەو یەکگرتنی دەستبەجێ لەگەڵ کۆمکاری عەرەبیی یەکگرتوو، لە کاتێکدا عەبدولکەریم قاسم ئەمەی ڕەت دەکردەوە. عەبدولسەلام عارف، ناسیۆنالیستێکی سەرسەخت بوو و دۆستایەتیی لەگەڵ کورد نەبوو، دانی بە مافەکانی گەلی کورددا نەدەنا، هەروەها بەشێوەیەکی منداڵانە ڕقی لە شیوعییەکان دەبۆوە. لە کاتێکدا عەبدولکەریم قاسم، تا ڕادەیەک لە ئازارەکانی گەلی کورد تێگەیشتبوو و لە سەرەتادا دڵی شیوعییەکانی ڕادەگرت، خاوەن ڕەوشتێکی باش و مرۆڤدۆستتر بوو لە عەبدولسەلام عارف و خەریکی پارەکۆکردنەوە نەبوو.

---

[٢٠]، الکورد و کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ٢٦٧

[21] ، هـس ، ل٢٦٧-٢٦٨.

پاشخانی ڕۆشنبیریی سەربازیانەی سەرکردەکانی کۆدەتا، زاڵ بوو بەسەر کەسایەتیی سیاسییاندا، سوپای عێراق نەیتوانیبوو سیاسەتمەدارانی شارەزا و دونیابین بەرهەم بهێنێت، وەک چۆن سوپای میسر جەمال عەبدولناسری بەرهەم هێنابوو، کۆمەڵگەی عێراقی پەرت ببوو لە نێوان ناسیۆنالیستە بەعسییە سەرسەختەکان - هەرچەند ژمارەیان کەم بوو - لەگەڵ شیوعییەکان کە کەمتر ڕێکخراوبوون و بە بێ مەرج دڵسۆزییان بۆ یەکێتیی سۆڤیەت هەبوو، نەتەوەییە کوردەکان نزیکتر بوون لە هەڵوێستی حیزبی شیوعی سەبارەت بە یەکێتیی دەستبەجێ و هەڵوێست لە یەکێتیی سۆڤیەت، ململانێیەکی توند هەبوو لە نێوان گوندنشینەکان و دەرەبەگەکاندا. بەداخەوە، نەریتی پەنابردن بۆ ڕای گەل لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و پاک و دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی، کە بڕیار لەسەر سیاسەتە گشتییەکان بدات و وڵات لە ئاراستەی دیکتاتۆری بپارێزێت، بوونی نەبوو. سوپا بە سەرچاوەی گۆڕانکارییە سیاسییەکان مایەوە و ئەمەیش کارەسات بوو بەسەر ژیانی سیاسی و پاشەکشە بوو لە ڕێڕەوی دیموکراسی.

قوناغی پاش ١٤ تەممووزی ١٩٥٨

پێش کۆدەتاکەی ١٤ی تەممووزیش (جەنگی سوێس کە لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٦ ڕووی دا)، ئەم جەنگە هاوسەنگیی پەیوەندییەکانی لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە و جیهان گۆڕیبوو. بەهۆی جەنگی سوێسەوە، دەسەڵاتی بەریتانی و فەڕەنسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرەسی هێنا، دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا بەهێز ببوو، هەروەها بووە هۆی گۆڕانکاریی هاوسەنگیی هێز لە نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکاندا. جگە لە جەنگی سارد لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، جەنگێکی ساردی عەرەبییش هەبوو کە هەندێک جار گەرم دەبوو. ئەم جەنگە، لە نێوان هێزە عەرەبییە شۆڕشگێڕەکان و هێزە پارێزخوازەکاندا بەرپا ببوو. جەنگی سوێس، سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی بۆ بەرەی شۆڕشگێڕ بە سەرۆکایەتیی میسر لە دژی هێزە عەرەبییە پارێزخوازەکانی لایەنگری ڕۆژئاوا تۆمار کرد، لەوانە: عێراق، ئوردن و شانشینی عەرەبیی سعوودی. دوای ئەم جەنگە کە بە دەستدرێژیی ئیمپریالیستیی زایۆنی، دژی نەتەوەی عەرەب وەسف کرا، جەماڵ عەبدولناسر وەک پاڵەوانێکی جەماوەری دەرکەوت.

ئەو وانە بنەڕەتیەی (بن گۆریۆن) لە جەنگی سوێسەوە فێربوو، ئەوە بوو کە ئیسرائیل بە ڕێگەی فراوانکردن و کۆنترۆڵکردنی خاکی دراوسێکانی، ناتوانێت قووڵایی ستراتیژی بۆ خۆی مسۆگەر بکات، چونکە هێزە گەورەکان ڕێگە بەوە نادەن، لەبەرئەوە ستراتیژیەتی بەرپەرچدانەوە (الردع)ی هەڵبژارد. ئەم ستراتیژە، بە ئامانجی ڕێگریکردن بوو لەوەی وڵاتانی عەرەبی بتوانن لە ڕێی هێزەوە گۆڕانکاری لە هاوکێشەکەندا بکەن، لەبەرئەوە پاراستنی باڵادەستیی جۆری (نوعی)ی ئیسرائیل بەسەر سوپای وڵاتانی عەرەبیدا، وایدەخواست کە سوپای ئیسرائیل بە چەکی پێشکەوتوو، پڕچەک بکرێت. بەڵام ئەمە بەڵای ئەوانەوە بەس نەبوو، چونکە دۆزینەوەی گەرەنتیی دەرەکی بۆ ئاسایشی ئیسرائیل شتێکی زۆر گرنگ بوو، بن گۆریۆن ئاگادار بوو لە گۆشەگیریی نێودەوڵەتیی ئیسرائیل دوای جەنگی سوێس و زیادبوونی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها ترسی هەبوو لە چەکدارکردنی وڵاتانی عەرەبی نەیاری ئیسرائیل، لەلایەن

سۆڤیەتەوە و بۆی دەرکەوت ئیسرائیل بەشێوەیەکی سنووردار دەتوانێت مەترسییەکان لە خۆی دووربخاتەوە. لێرەدا ئیسرائیل لە بەردەم هێزێکی زەبەلاحدایە کە یەکێتیی سۆڤیەتە، بۆ هاوسەنگکردنی ئەم هەڕەشەیە دەبوو هێزێکی گەورەی هاوپەیمان بدۆزێتەوە، لەمەوە هەوڵەکانی دەستپێکرد بۆ قەناعەتپێکردنی ئەمریکا کە ڕکابەری سەرەکیی سۆڤیەت بوو، بۆ ئەوەی پشتیوانی لە دەوڵەتی ئیسرائیل بکات[22].

بن گۆریۆن، داوای کرد هەوڵێکی تەواو بدرێت بۆ ئەوەی ئەمەریکا بێنێتە سەر ئەو بڕوایەی، کە دەکرێت ئیسرائیل بگۆڕدرێت بۆ سەرمایەیەکی ستراتیژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاگادارکردنەوەی ئەمریکا لەوەی کە دووسەد و پەنجا هەزار سەربازی مەشقپێکراویان هەیە و ناچار و ئامادەن بۆ جەنگ و ناتوانرێت بە ئاسانی فەرامۆش بکرێن٢٣. ئیسرائیل، بە هیوا بوو چەک، پشتیوانی سیاسی و گەرەنتیی ئاسایش لە ئەمریکاوە بەدەستبهێنێت. ئەم داواکارییانە، وەک ئەوەی ئیسرائیل دەیویست لە واشنتۆن گوێیان لێ نەگیرا، چونکە ئەمریکا پێیوابوو ئیسرائیل لە دراوسێکانی بەهێزترە و ڕەتیکردەوە ببێتە دابینکەری یەکەمی چەک. بۆ ڕێگریکردن لە (کۆمۆنیزم)، واشنتۆن پێویستی بە پشتیوانیی عەرەبی هەبوو لە بواری سیاسەتی جیهانیدا و دڵنیا بوو لەوەی کە بەبێ ئەوەی پێویستی بە هاوپەیمانی هەبێت لەگەڵ ئیسرائیل، بۆ خۆی دەگاتە ئامانجەکەی.

کاتێک پڕۆژەی ئایزنهاوەر لە ئازاری ١٩٥٧ ڕاگەیەندرا، کە بەڵێنی یارمەتیی سەربازی و هاوکاریی دەدا بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دژی دەستدرێژییەکانی کۆمۆنیزم لەوانە ئیسرائیل، یان هەر وڵاتێک کە لە ژێر کۆنترۆڵی کۆمۆنیزمدا بێت، ئیسرائیل پشتیوانیی لە پڕۆژەکە کرد، بە هیوای ئەوەی پرۆژەکە پەرەی پێبدرێت تا گەرەنتییەکی ئەمریکی بۆ ئاسایشی ئیسرائیل بەدەستبهێنێت، بەڵام ئەم پڕۆژەیە دژی کۆمۆنیزمی جیهانی بوو، دوژمنایەتیی بۆ دەوڵەتە عەرەبییە شۆڕشگێڕە دژەکانی ئیسرائیل نەبوو،

[22] Israel, the Great Powers, and the Middle East Crisis of 1958. Avi Shlaim. Journal of Imperial and Commonwealth History,12:2. May 1999.

[23]، Ibid

ئیسرائیل هەوڵی دا هاوپەیمانێتییەک کە لە نێوان وڵاتانی عەرەبیی توندڕەو و یەکێتیی سۆڤیەتدا هەیە ئاشکرا بکات، بۆ ئەوەی واشنتۆن ڕازی بکات بە هەڵوێستی تەلئەبیب، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا.

لە هاوینی ساڵی ١٩٥٧دا، گرێبەستێکی چەک لە نێوان دیمەشق و مۆسکۆ واژۆ کرا، گرژییەکان لەسەر سنووری ئیسرائیل - سوریا بەهۆی پێکدادانی چەکداریيەوە زیادیانکرد، بن گۆریۆن هەستی بە مەترسیی دوولایەنە کرد لە کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەبیی توندڕەو، کاتێکی زانی واشنتۆن هانی کۆدەتایەک لە سوریا دەدات، هەوڵی دا وڵاتەکەی ئامادە بکات بۆ بەشداریکردن تیایدا، بەڵام ئەمریکییەکان ئەم پێشنیارەیان ڕەتکردەوە، پەیوەندی بە ئەمریکییەکانەوە کرا، ڕوون کرایەوە کە ئەمریکییەکان ئامادەن گوێ لە بۆچوونەکانی ئیسرائیل بگرن و زانیاریی هەواڵگری وەربگرن، بەڵام پەرۆش بوون بۆ خۆدزینەوە لە هەر هاوکارییەکی کردەیی لەگەڵ ئیسرائیل، بەهۆی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ جیهانی عەرەبی[٢٤].

لە پاییزی ساڵی ١٩٥٧دا، بن گۆریۆن هەڵمەتی دیپلۆماسی بۆ جۆرێک لە هاوبەشی ئیسرائیلی لەگەڵ پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) بەڕێوەبرد، وەک شلایم Shlaim) (Aviئاماژەی پێدەکا، ئامانجەکە ئەندامێتیی فەرمی نەبوو لەگەڵ ناتۆدا، چونکە شتێکی وا ئەستەم بوو بکرێت، بەڵکو هاوبەشی و هاوکاری لە پلانەکانی بەرگریدا بوو، کە هەمیشە پاڵنەری نیگەرانیی ئاسایشی ئیسرائیل بوو، پاشان گۆڵدا مائیر وەزیری دەرەوەی ئیسرائیلی نارد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئالین دالاس Dulles Allen (بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا CIA)، هەروەها چەندین نوێنەری نارد بۆ پاریس و بۆن و لاهای، فەرەنسییەکان هاوسۆزییان لەگەڵ پێشنیارەکەدا نیشان دا، بەڵام لە مانگی کانوونی یەکەم ١٩٥٧ بەهۆی گوشاری چڕی واشنتۆنەوە، ئەنجومەنی (ناتۆ) داواکاریی ئیسرائیلی بۆ بەشداریکردن ڕەتکردەوە[25].

[24] ibid

[25] ibid

بن گۆریۆن سەرەڕای بەربەستەکان، بەردەوام بوو لە هەوڵەکانیدا و دەیویست قەناعەت بە ئەمریکییەکان بکات کە ڕایبگەیەنن ئەوان بە پەلە بە هانای ئیسرائیلەوە دەچن، ئەگەر ڕووبەڕووی هێرشێکی سۆڤیەت یان لایەنێک بووەوە کە لەلایەن سۆڤیەتەوە پشتیوانی دەکرێت، بە ئەمریکییەکانی دەگوت ئێمە گۆشەگیریمان بەسەردا سەپێنراوە. بەڵام ئەگەر هێزێک پشتیوانمان بێت و عەرەبەکانیش ئەوە بزانن کە پشتیوانمان هەیە، ئەو کاتە عەرەب پێیانوایە دەتوانن لەناومان ببەن. ئێمە ڕاستییەکین و لەناو ناچین. لێرەدا ئیدی ڕووسیا دژایەتیمان ناکات.[٢٦]

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٨دا، سوریا و میسر یەکیان گرت و کۆماری عەرەبیی یەکگرتوویان پێکهێنا، دەگوترێت ئەوکاتە نوخبەی نەتەوەپەرستی سوریا، لە ترسی بڵاوبوونەوەی مۆتەکەی شیوعییەت (کۆمۆنیزم) و ڕاگرتنی، دەستپێشخەری یەکگرتنەکەیان کردبێت، بەڵام ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پەیوەندییان بە ڕۆژئاواوە هەبوو، ئەم یەکگرتنەیان بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی خۆیان دەزانی، لەوانە ئوردن و عێراق. لەبەرئەوە دەستپێشخەریی یەکگرتنێکی تریان لە نێوان خۆیاندا کرد. هەردوو بنەماڵەی هاشمی لە بەغدا و عەممان، پەیوەندیی خزمایەتییان پێکەوە هەبوو، لایەنگری ڕۆژئاوا بوون، یەکیانگرت بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، لە دژی بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی ناسری لە جیهانی عەرەبیدا، بە هەمان شێوە ئیسرائیلیش لە یەکگرتنی میسر و سوریادا، پێیوابوو ئەو یەکگرتنە هەڕەشە لە بوونی ئەوان دەکات.

پێشهاتی سیاسیی نوێ بەرامبەر جیهانی عەرەبی لە دوای جەنگی سوێس، بریتی بوو لە پەیڕەوکردنی سیاسەتێک لەلایەن ئیسرائیلەوە کە ناوی لێنرا (هاوپەیمانیی پەراوێز) یان (هاوپەیمانی لەگەڵ پەراوێز). بیرۆکە سەرەکییەکە لەسەر بازدان بەسەر ئابڵوقەی دەوڵەتە عەرەبییە دوژمنەکان کە دەوری ئیسرائیلیان دابوو وەستابوو، کە بریتی بوون لە دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە عەرەبی نەبوون، وەک ئیسێوپیا کە کریستیانە، ئێران و تورکیا کە موسڵمانن بەڵام عەرەب نین.

[26] Israel, the Great Powers, and the Middle East Crisis of 1958. Avi Shlaim journal of Imperial and Commonwealth History,12:2. May 1999.

خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەم وڵاتانەدا، ترس بوو لە بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم و ڕادیکاڵیزمی عەرەبی کە جەمال عەبدولناسر سەرکردایەتیی دەکرد، پلانی ئیسرائیل بە ئامانجی وەستاندنی دەستڕۆیشتوویی سۆڤیەتی و ناسری بوو لە ئاسیا و ئەفریقادا، ئەم سیاسەتە بە ئامانجی بەهێزکردنی ئیسرائیل و کەمکردنەوەی پلانی ڕێگریی گۆشەگیری سەری و زیادکردنی دەسەڵات و بەهەند وەرگرتنیان لە کۆڕە نێودەوڵەتییەکاندا بوو، ئەم هاوپەیمانییە لە چوارچێوەی نەریتە دیپلۆماسییە ناسراوەکان لە نێوان وڵاتاندا نەبوو، چونکە ئیسرائیل پەیوەندیی دیپلۆماسیی ئاسایی لەگەڵ وڵاتانی پەراوێزدا نەبوو، بەڵکو هاوپەیمانییەکی نافەرمی پێکهێنا و زۆربەی پەیوەندییەکانی بە نهێنی هێشتنەوە. سەرپەرشتیکردنی ئەم پەیوەندیانە، بە مۆساد سپێردرا و ڕۆڵی سوپای بەرگریی ئیسرائیل و وەزارەتی دەرەوە تەنها پشتیوانی بوو بۆ کارەکانی مۆساد، ئیسرائیل ڕۆڵی هەبوو لە بەهێزکردنی ناوخۆی (وڵاتانی پەراوێز)دا لە ڕێگەی ڕێکخستنی ئاسایشی ناوخۆییان، دابینکردنی زانیاری، زیادکردنی تواناکانی سوپا یان پۆلیس بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ڕاپەڕینێکی لەناکاوی ناوخۆیی، یان هەوڵی دەرەکی کە ئامانجی گۆڕینی ڕژێم بێت لە ڕێگەی کۆدەتاوە.

جگە لە یارمەتیدانی ئەم وڵاتانە بۆ دوورخستنەوەی مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لێیان، سیاسەتی (هاوپەیمانیی پەراوێز)یان پەیڕەو کرد، بایەخی بە گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدا وەک جوولەکە، مارۆنی، مەسیحی، کورد، دروز و قیبتییەکان لە ڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵیاندا، ئیسرائیل دەیتوانی گۆشەگیرییەکەی کەم بکاتەوە و گوشارەکانی لەسەر ئەو دەوڵەتە عەرەبییانە زیاد بکات، کە بە هەڕەشەی دەزانین لەسەر خۆی، سیاسەتی سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی نەتەوەیی کە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق پەیڕەوییان کرد، هۆکارێك بوو بۆ هەماهەنگیی بزووتنەوەی کوردی لەگەڵ سیاسەتی ئیسرائیل لە چوارچێوەی (هاوپەیمانیی پەراوێز)، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا، وەک لە داهاتوودا لەسەریان دەدوێین.



دافید بنگوریون

ساڵی ١٩٥٨ زنجیرەیەک قەیران، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان گرتەوە،لەوانە: لوبنان، عێراق و ئوردن. لە مانگی ئایاری ١٩٥٨، شەڕێکی ناوخۆیی لە نێوان کریستیانەکانی لایەنگری سەرۆک کەمیل شەمعونی لایەنگری ڕۆژئاوا و بەرەی نیشتمانیی سۆسیالیستی لە لوبنان هەڵگیرسا، کە داوای پەیوەندیکردنیان بە کۆماری عەرەبیی یەکگرتووەوە دەکرد.

لە ١٤ی تەممووزی هەمان ساڵدا، کۆمەڵێک سەربازی عێراقی لە بەغدا، دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت و ڕژێمی پاشایەتیی لایەنگری ڕۆژئاوایان ڕووخاند، کۆدەتاچیەکان مەلیک فەیسەڵ و شازادەی جێنشین عەبدولئیلاھـ و سەرۆکوەزیران نووری سەعیدیان کوشتن، بەهۆی ئەوەی عێراق بەرهەمهێنەرێکی گرنگی نەوت بوو، هاوکات ئەندامێکی سەرەکی بوو لە پەیمانی بەغداد، ڕووخاندنی ئەو ڕژێمانەی لایەنگری ڕۆژئاوا بوون، هەڕەشەیەکی گەورە بوو بۆ گۆڕینی نەخشەی ستراتیژیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە واتایەکی تر، هەموو ڕژێمە لایەنگرەکانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا، هەستیان بەوە دەکرد کە هەڕەشەی نەمانیان لەسەرە، بەتایبەتی ئوردن و لوبنان. دەسەڵاتدارانی هەردوو وڵات هەستیان بە مەترسی کرد، سەرۆک کەمیل شەمعون داوای یارمەتیی سەربازی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد لەژێر چەتری پڕۆژەی ئایزنهاوەردا، هەروەها مەلیک حوسێن داوای پشتیوانیی لە بەریتانیا کرد. ٤٨ کاتژمێر دوای کۆدەتاکەی بەغدا، کۆشکی سپی بڕیاری دا هێزی دەریایی بۆ

کەناراوەکانی لوبنان بنێرێت، بۆ پاڵپشتیکردنی ڕژێمە لاوازەکەی کەمیل شەمعون، هەروەها سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا (هارۆڵد مەکمیلان) بڕیاری دا نزیکەی ١٥٠٠ سەربازی بەریتانی لە قوبرسەوە بۆ عەممان بنێرێت و داوای لە ئیسرائیل کرد، ڕێگە بە بەکارهێنانی ئاسمانەکەی بدات، شارەزایانی سوپای بەرگریی ئیسرائیل پاراستنی ڕژێمی مەلیک حوسێنیان بە گرنگییەکی ستراتیژی بۆ ئاسایشی ئیسرائیل دەزانی، هەواڵگریی سەربازی لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆدەتاکەی عێراق بۆ ئوردن و پشتیوانیی کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو لە کۆدەتاکە ترسیان هەبوو، بەهۆی نزیکیی ئوردن لە خاڵە ستراتیژییەکانی ئیسرائیل، هەندێک لە سەرکردە سەربازییەکانی ئیسرائیل پێیان باش بوو کە هەموو کەناری ڕۆژئاوا یان بەشێک لەوێ داگیر بکەن، ئەگەر کۆدەتایەکی ناسری لە ئوردن ڕووبدات، بەڵام دەیقید بن گۆریۆن دژی ئەم بیرۆکەیە بوو.

گرنگیی ئیسرائیل بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا دەرکەوت، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشەیان لە ڕژێمە عەرەبییە لایەنگرەکانیان دەکرد، ئەمریکایش وەک بەریتانییەکان داوای بەکارهێنانی ئاسمانی ئیسرائیلی کرد، ژمارەی ئەو هێزانەی کە بۆ پاراستنی کۆشکی پاشایەتیی ئوردن و خاڵە ستراتیژییەکانی دیکە نێردران، گەیشتە ٤٠٠٠ سەرباز لەگەڵ چەک و تەقەمەنی، ئەم هێزانە چەند مانگێک مانەوە تا ئەو هەڕەشەیە کەم بووەوە، مەلیک حوسێن سوپاسی بەریتانیا و ئیسرائیلی کرد، دواتر پاشای ئوردن دانی بە گۆشەگیریی تەواوەتیدا نا، کە وڵاتەکەی دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی لە بەغدا تووشی بوو، هەروەها گوتی: ئیتر هیچ ڕێگەیەکی دیکە نەما جگە لە بەکارهێنانی ئاسمانی ئیسرائیل نەبێت، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانمان. هەروەها گوتی: بەریتانی و ئەمریکییەکان یارمەتییاندایین، بێگومان ئەو یارمەتییانە بەرز دەنرخێنین. هەروەها سوپاسی ئیسرائیلی کرد، بۆ ڕێگەدان بە تێپەڕبوونی یارمەتییەکان بە ئاسمانیدا.[٢٧]

[27] ، Israel, the Great Powers, and the Middle East Crisis of 1958. Avi Shlaim. Journal of Imperial and Commonwealth History,12:2.May 1999

بن گۆریۆن، کەڵکی لە دۆخی نوێ و گرنگیی ئیسرائیل وەرگرت، لە ئاسانکاریکردنی پلانەکانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بنگۆریۆن ڕاوێژکارەکانی کۆکردنەوە و پێیگوتن: دەبێت ئێستا هەموو توانای خۆمان بخەینە گەڕ، بۆ بەدەستهێنانی چەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، داوای کرد ئیسرائیل بەشدار بێت لە گفتوگۆ سیاسی و سەربازییە پەیوەندیدارەکان بە ناوچەکە، هەروەها کار بکەن بۆ نزیککردنەوەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دوژمنی ناسرن، یەکێک لە خاڵە گرنگەکان کە بن گۆریۆن دەیویست بەدەستی بهێنێت، بریتی بوو لە مسۆگەرکردنی پشتیوانیی ئەمریکا بۆ سیاسەتی هاوپەیمانیی پەراوێز و ڕاگەیاندنی گرەنتییەک بۆ ئاسایشی ئیسرائیل[28].

شایانی باسە دکتۆر (ئەمیر کامەران عەلی بەدرخان)، لە چلەکانەوە پەیوەندیی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی ئیسرائیلدا هەبوو، تەنانەت پێش دەستپێکی ڕۆژەی ستراتیژی لەگەڵ هاوپەیمانیی پەراوێزیش، ناوبراو لەگەڵ گۆڵدا مائیر و کەسانی دیکە کۆبۆتەوە. یەکەم کەس بوو کە دەستپێشخەریی دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل کردووە، هەنگاوی دروستکردنی پەیوەندیی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەگەڵ تەلئەبیبدا، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی ناوبراو. لەبەرئەوە هەریەك لە ئیبراهیم ئەحمەد، عیسمەت شەریف ڤانلی، مەلا موستەفا، ئیدریس و مەسعود کوڕانی مەلا موستەفا، دکتۆر مەحموود عوسمان، سامی (محەممەد مەحموود عەبدولڕەحمان)و موقەدەم عەزیز ئاکرەیی و چەندانی تر سەردانیان کردووە. ئەم پەیوەندییە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ – ١٩٧٥ بەردەوام بوو[٢٩]. بێگومان ئەو پەیوەندییانە، میر کامەران دروستیکردن و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، داوای لە تەلئەبیب کرد تاکو کۆمەکیان بکەن، ئەو داواکاریانەیش تەواو گونجاو بوون لەگەڵ (هاوپەیمانێتیی

[28] Israel, the Great Powers, and the Middle East Crisis of 1958. Avi Shlaim. Journal of Imperial and Commonwealth History,12:2.May 1999.

[٢٩] الموساد في العراق ودول الجوار. شلومو نكديمون. ترجمة: بدر عقيلي. دار الجليل للنشر. عمان..١٩٩٧ ص٨.

پەراوێز)، وەك ئەوەی پێشتر باسمان کرد، دواتریش بن گۆریۆن و هەندێک لە ڕاوێژکارەکانی، زیاتر پەرەیان پێدا.

خاڵی لاوازی ئەم سیاسەتە (سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردی)، لە نێوەندگیریی (ئێران کە لایەک یارمەتیدەر و هاوکات پیلانگێڕی بوو)، بە ڕەچاوکردنی پەراوێزی لاوەکی (نەزانیی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان)ەوە سەرچاوەی دەگرت، چونکە لە ڕێگەی پەیوەندیی نێوەندگیریی ئێرانەوە، یارمەتییەکان لە ئیسرائیلەوە دەگەیشتنە مۆڵگەکانی بزووتنەوەی کوردی.

کۆدەتای ١٤ی تەممووز، خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگی دیکە بوو، لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندییەکانی ناوچەکە بە ڕۆژئاواوە، چونکە شێوازی کۆنی پەیوەندییەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی کۆتاییهات، سەرەڕای بەردەوامبوونی مانەوەی لە عەدەن و کەنداو، ئیتر سەردەمێک دەستپێکرد کە دەسەڵاتی ئەمریکا تێیدا زیادی کرد و جێگەی نفوزی بەریتانی و فەڕەنسیی گرتەوە، دۆخە نوێیەکە بووە هۆی گۆڕانکاری لە سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان تەلئەبیب و ڕۆژئاوا، بەتایبەتی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

میسر بە سەرکردایەتیی عەبدولناسر، دوای شۆڕشی ١٩٥٢ پێگەیەکی جیاوازی هەبوو، ئەو وڵاتە وەک بزوێنەرێکی سەرەکیی یەکێتیی عەرەبی و وەک پارێزەرێکی ڕژێمە عەرەبییە پێشکەوتنخوازەکان و دژبەری ڕژێمە دواکەوتووەکان، مامەڵەی دەکرد و دەسەڵاتێکی گەورەی بەسەر هەموو دەوڵەت و گەلانی عەرەبیدا هەبوو، جەمال عەبدولناسر سەرۆکی نەتەوەیی بێ ڕکابەر بوو، لە شوباتی ساڵی ١٩٥٨دا سەرکردەکانی سوریا بە پەلە ڕوویان کردە قاهیرە، بۆ یەکگرتن و لە ٢٢ی هەمان مانگدا گەلی سوریا لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە پشتیوانیی یەکگرتنەکەیان کرد، لە یەمەن ڕۆڵی برای گەورە ڕەنگی دایەوە، کاتێک میسر سوپاکەی نارد بۆ پاراستنی کۆمارییەکان لە دژی پاشاییخوازەکان لە ساڵی ١٩٦٢دا.

بەڵام میسر لە ڕووی ئابوورییەوە، دەوڵەتێکی بەهێز نەبوو. ئابووریەکەی، ڕێگەی نەدەدا ڕۆڵی هێزێکی گەورە لە ناوچەکەدا بگێڕێت، لەو ماوەیەدا جیهانی عەرەبی

دابەشببوون و لەناو خۆیاندا ململانێیان هەبوو، دروشمی ناجۆر و دژ بە یەکتریان بەرز دەکردەوە، سەرکردەکان پیلانیان لە دژی یەکتر دەگێڕا. ئەم بارودۆخە، ڕێگەی نەدا ولاتەکان پێشبکەون و دەوڵەتی دامەزراوەیی دوست بکەن و بنەماکانی دیموکراسیی تێیدا ڕەچاو بکرێت، بەڵکو فەرمانڕەوا نەتەوەپەرستەکان دوای دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا، کەوتنە دژایەتیی گەلەکانیان، ئازادییە گشتییەکانیان زەوت دەکرد و بە سەرکوتکردن، خەڵکیان دەچەوساندەوە. (مەحسوبییەت و مەنسوبییەت) تەشەنەی سەند و پڕۆژەی بنیادنانی دەوڵەتی مۆدێرن، بە ناکامی مایەوە.

لە عێراق، نەتەوەپەرستەکان گوشاریان خستە سەر عەبدولکەریم قاسم، بۆ ئەوەی بە پەلە پەیوەندی بە کۆماری عەرەبیی یەکگرتووەوە بکات، (واتە ئەو کۆمارەی لە یەکگرتنی میسر و سوریا پێکهاتبوو)، ئەوەیش بەمەبەستی ڕووگیرکردنی قاسم بوو، بەعسییەکان بەتوندی و بەئاشکرا دژایەتیی مافەکانی گەلی کوردیان دەکرد، لە ٤ی شوباتی ساڵی ١٩٥٩دا لە وتارێکیاندا هاتبوو: گەلی عەرەب، هەموو کەمینەکانی لەژێر باڵی خۆیدا پاراستووە و دەرفەتی هەڵبژاردنیان بۆ جێهێشتوون، بە مانەوە لە نیشتمانی عەرەبی یان کۆچکردن بۆ وڵاتەکانی خۆیان، وەک ئەرمەنییەکان. ناسیۆنالیزمی عەرەبی، پشتیوانیی لە خەباتی کورد دەکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، بەڵام سنوورەکانی ئەم دەوڵەتە لەکوێدان؟ ئەو سنوورانەی کە نەتەوەی کورد لەخۆدەگرن، کوردستانن کە بەشێکن لە تورکیا و ئێران و ناسیۆنالیزمی عەرەبی دڵخۆش دەبێت، بە بوونی دراوسێیەکی دۆست، وەك وڵاتی کوردستانی دیموکراتی ئازاد، بەڵام ئامادە نییە بەشێک لە وڵاتی خۆی دابڕێت و بیدات بەوانی تر.[٣٠]

حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیستی لە عێراق، ڕێکخراوێکی نیوەسەربازیی دامەزراند، کە بوو بە سەرەتایەک بۆ دروستکردنی گاردی نەتەوەیی (حرس قومي) لە ساڵی ١٩٦٣دا، بە سەرکردایەتیی ئەفسەرێکی هەواڵگری بەناوی (ڕائید ساڵح مەهدی عەماش)، کە دواتر بوو بە وەزیری بەرگری. ڕۆژنامەی ڕۆژانەی بەعس بەناوی

[٣٠] اوريل دان: العراق فى عهد قاسم. تاريخ سياسي ١٩٦٣-١٩٥٨ ترجمة: جرجيس فتح الله ڕاگوێزراوە لە ڕۆژنامەی (الصحافة) بەیروت ٤ شوبات ١٩٥٩ ص: ١٧٩.

(الجمهورية) كه له ١٧ی تەممووز دەردەچوو، خاوەنی ئیمتیازەكەی عەبدولسەلام محەمەد عارف بوو، له بەشی سەرەوەی ڕۆژنامەكەوە، دروشمە بەناوبانگەكەی بەعس (یەكێتی، ئازادی، سۆسیالیستی) نووسرابوو، دكتۆر سەعدوون حەمادی سەرنووسەری بوو.[٣١]

دوای دە ڕۆژ له كۆدەتاكەی ١٤ی تەممووز به سەركردایەتیی عەبدولكەریم قاسم، (میشێل عەفلەق - ئەمینداری گشتیی سەركردایەتیی نەتەوەیی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیستی له سوریا و دامەزرێنەری ئەو حزبە كه به شێخی بەعسییەكان ناسرابوو) سەردانی بەغدای كرد و جەختیكردەوە لەسەر یەكگرتنی دەستبەجێ لەگەڵ كۆماری عەرەبیی یەكگرتوو، بەڵام ئەم سەردانە گرنگییەكی ئەوتۆی نەبوو، بەهۆی لاوازیی سیاسیی حیزبی بەعس لەو كاتەدا.

هەردوو لایەن (عێراق و كۆماری عەرەبیی یەكگرتوو) دانیان به یەكتردا نا و عەبدولناسر ڕایگەیاند، كه هەر دەستدرێژییەك بۆ سەر كۆماری عێراق، دەستدرێژییە بۆ سەر ئەوانیش، عارف سەردانی دیمەشقی كرد و له ١٩ی تەممووزی ١٩٥٨دا لەگەڵ عەبدولناسر كۆبوونەوە، كه له سەردانێكدا بوو بۆ سوریا و ڕێكەوتنێكی ئەمنی و سیاسییان واژۆ كرد. بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەك، جەمال عەبدولناسر بۆی دەركەوت عارف كەسایەتییەكی زرنگ نیە، دواتر قسەیەكی وای لێ گێڕدراوەتەوە كه گوایە به عارفی وتوە (له منداڵێك زیاتر نیە)![٣٢]

دەگێڕنەوە له یەكەم دیداری نێوان سدیق شەنشەل (وەزیری ڕاگەیاندنی عێراق له یەكەم وەزارەتی دوای كۆدەتاكەی ١٤ی تەممووز) و یەكێك له سەركردەكانی حیزبی ئیستیقلال و عەبدولناسر، ئەمەی دوایی پرسیاری لێكرد سەبارەت به بۆچوونی دەربارەی عەبدولكەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف، ئەویش وەڵامی دایەوە: عەبدولسەلام عارف نیوە شێتە و عەبدولكەریم قاسم نیوە عاقڵە.

قاسم، هەستی كرد كه عارف بەرەو یەكگرتنی دەستبەجێ دەڕوات، بەردەوام خۆی وەك پاڵەوانی شۆڕش دەبینێت و بووەته هۆی لێكترازانی كۆمەڵگەی عێراقی و پێویسته

---

[٣١] هـ.س ، ل٩٤-٩٥.

[٣٢] هـ.س ، ل٩٧.

ڕێگەی لێبگیرێت. لە ٧ی ئابی ١٩٥٨دا یەکەم خۆپیشاندانی جەماوەری گەورە لە بەغدا لە بەردەم وەزارەتی بەرگری بەڕێوەچوو، دژی یەکگرتنی دەستبەجێ لەگەڵ کۆماری عەرەبیی یەکگرتوودا، بەڵام لە لای خۆیەوە عارف جەختی لەسەر یەکگرتنی دەستبەجێ دەکردەوە. لە کۆتایی مانگی ئابدا بڕیارێکی کۆماری دەرچوو، کە بەپێی ئەو بڕیارە عارف لە پۆستەکەی، وەک جێگری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان لادەبرێت، بەڵام وەک وەزیری ناوخۆ مایەوە. هەروەها عەقید ئەحمەد حەسەن بەکر، لە ئەندامێتیی دادگای عورفیی سەربازی لابرا، کە ناسراو بوو بە لایەنگرییە بەهێزەکانی بۆ بەعس و یەکێک بوو لە یەکەمین ئەفسەرانی سوپا، کە لە ئەنجومەنێکی تایبەتدا ڕایگەیاند: بەبێ کۆدەتایەکی نوێ، هیچ ڕێگایەک نییە بۆ گەڕانەوە بۆ هێڵی نەتەوەپەرستیی عەرەبی.[٣٣]

گومانەکانی قاسم لەسەر هەڵسوکەوتی عارف زیاتر بوون، لەبەرئەوە وەک باڵێوز بۆ بۆن – ئەڵمانیا – دووری خستەوە، بەڵام عارف گەڕایەوە بۆ بەغدا و شەڕێکی زارەکی لە نێوان ئەو و قاسمدا ڕووی دا. قاسم لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨دا پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە بەرژەوەندیی گشتی دەخوازێت بە مانەوەی ئەو لە دەرەوە، پاشان عارف دەستگیرکرا و دادگاییکرا، بە تۆمەتی ئەنجامدانی پیلانی کۆدەتا، گوایە لە شەوی ٥/٤ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨ هەوڵی کوشتنی قاسمی داوە و بەوە تاوانباری کرد. دادگا حوکمی مەرگی بەسەردا سەپاند، بەڵام قاسم ڕەتیکردەوە حوکمەکە بەسەر هاوڕێ کۆنەکەیدا جێبەجێ بکات.

نووسەر (ئۆرییل دان) پرسیار لەسەر هۆکاری ئەم مامەڵەیە لەگەڵ عەبدولسەلام عارف دەکات و دەڵێت:

چی پاڵی بە قاسمەوە نا کە ئەم ڕێگەیە بگرێتە بەر، لە کاتێکدا دەیانزانی کە (عارف) پیاوی کرداڕە و توانای بەدەستهێنانی هەست و سۆز (ولاء)ی خەڵکی هەیە و فێڵباز و دڵڕەقە؟ دەبێت ئەوەی زانیبێت کە (عارف)، هەمیشە وەک ناوەندێکی کۆبوونەوەی هێزە نەتەوەییە لایەنگرەکانی (عەبدولناسر) لە عێراقدا دەمێنێتەوە، لەڕاستیدا (عارف) لەو

[٣٣] هـ.س ، ل١٠٧.

کاتەدا بەشداریی لە پیلانێکی چەکداریدا نەکردبوو، بەڵام ئەگەری ئەوە هەبوو کە لە یەکەم دەرفەتدا ئەوە بکات، ئەگەر لێی خۆش بووبێت. هەندێک لە لێکدانەوەکانیش بێ گومان دەیگەڕێننەوە بۆ متمانەی (قاسم) بە خۆی و حەزنەکردنی بەخوێنڕشتن، بەڵکو لەوانەیە هێشتا پاشماوەی خۆشەویستییەک بۆ عارف، لە دڵیدا مابێت! ئەو خۆشەویستییەی کە پاڵی پێوەنا هاوکارەکەی بەرز بکاتەوە بۆ پلەی یەکەم، لەوانەیە (قاسم) وەک قوتابییەکی قوتابخانە هەڵسوکەوتی کردبێت کە (ئاژاوەگێڕ لە بنەڕەتدا خراپ نییە) لە (عارف)ی ڕوانیبێت، هەستی کردبێت بەوەی کە (عارف) کەوتووەتە ژێر کاریگەریی کەسانی دیکەوە. ئەمەیش لە ساتەوەختێکی تووڕەییدا دەرکەوت کاتێک پێیگوت: لە پیاوخراپان دوورت دەخەمەوە[٣٤]، دواتر عارف لە گرتووخانەی کامپی ڕەشیددا، زیندانی کرا.

حکومەتی قاسم هەوڵیدا ئەو کەسایەتییانە بگێڕێتەوە بۆ وڵات، کە بەهۆی سیاسەتەوە عێراقیان جێهێشتبوو، یەکێک لەوانە (ڕەشید عالی گەیلانی) بوو، کە لە یەکی مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٨ گەڕایەوە بۆ وڵات. گەیلانی، زۆر دوژمنی شیوعیەکان بوو و نەیدەویست هەر بیانبینێت، یەکێکیش بوو لەوانەی کۆماری یەککگرتووی عەرەبی، بەڵێنی پشتگیریی پێدابوون بۆ ڕووخاندنی قاسم. گەیلانی لە لایەنگرانی پەیوەندیکردن بوو بە یەکێتیی عەرەبی لەگەڵ ناسر، ناوبراو پەیوەندیی بە کەسە متمانەپێکراو و نزیکەکانی خۆیەوە کرد و پەیوەندیەکانی لەگەڵ شێخانی عەشیرەتەکان و خاوەن زەویەکان و ئەفسەرانی سوپا چڕ کردەوە، بۆ ئەنجامدانی کۆدەتا، بەڵام هەواڵگریی قاسم پەردەی لەسەر هەموو لایەنەکانی پیلانەکە لادا و بەشداربووەکانی لە ڕۆژی دیاریکراوی کۆدەتاکەدا لە ١٠/٩/ ١٩٥٨، لە بەردەم دادگایەکی عورفیی سەربازی، کە فازیل عەباس مەهداوی سەرۆکایەتیی دەکرد، لە دانیشتنێکی نهێنیدا ڕاوەستێنران.

میسر، لەو کاتەدا پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا خراپ بوو، لە هەمان کاتدا دژایەتیی حیزبە شیوعییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەکرد، هەروەها دوژمنایەتیی

[٣٤] اوریل داون، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

قاسمی دەکرد بەهۆی هەڵوێستی دژ بە یەکگرتن لەگەڵ میسر و لە باوەشگرتنی هێزە چەپەکان.

ڕۆژئاوا، پێیوابوو کە لابردنی عەبدولسەلام عارف و ڕەشید عالی گەیلانی لە عێراق، ئاڕاستەیەکە بەرەو بەهێزبوونی ڕەوتی شیوعی لە عێراقدا، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە قاسم پەیوەندیی قووڵ و پتەوی لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراقی یان پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو دروست نەکرد، سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان لەو هێزانە بوون کە پشتگیرییان لە قاسم دەکرد، بەمشێوەیە دەبینین کە قاسم نەیزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆست و دوژمنەکانی بکات، لەبەرئەوە لە ناو دوژمنەکانیدا مایەوە کە لە سوپادا چاودێرییان دەکرد و چاوەڕێی دەرفەتیان دەکرد، بۆ ئەوەی دەست بەسەر حکومەتدا بگرن.

هەوڵی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان بۆ ڕووخاندنی ڕژێم، بە پشتیوانیی قاهیرە بەردەوام بوو، لەوانە بزووتنەوەی عەقید عەبدولوەهاب شەواف، کۆمەڵێکی گەورە لە پیلانگێڕە سەربازییەکان سەر بەمانە بوون: خێزانە ڕەسەنەکان وەک ڕاوی، شەواف، تەبەقچەلی، عومەری و زۆری تریش. ئەمەیش بەشێوەیەکی بێگومان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سروشتی ڕاستەقینەی بزووتنەوەکە، بریتی بوو لە بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم، هەروەها ڕەوتێکی پێشکەوتنخواز نەبوو، گرووپە چەپەکان هەستیان بەم سیفەتە کردبوو، لەبەرئەوە ئەوانیان بە کۆنەپارێز دەزانی و لەمەیشدا بە هەڵەدا نەچووبوون.[٣٥] چینی خاوەن دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکان، کە دەسەڵاتیان دوای پەسەندکردنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی لە ئەیلوولی ١٩٥٨دا زۆر کەم کرابووەوە، لە لایەنگرانی بزووتنەوەی شەواف و خوازیارانی ڕووخاندنی حوکمی عەبدولکەریم قاسم بوون.

لەناو ئەم کەشە سیاسییە پڕ لە ململانێ و بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژی و پیلانگێڕییە نهێنییەدا، گەنجێک هەبوو کە بەدەست تەنگدەستیی ژیان و کەشوهەوای خێزانی گرژ و ناکۆک، لەسەر زەوییەکانەوە دەیناڵاند، ئاسۆی ڕۆشنبیرییەکی سنووردار هەبوو، بەڵام لە ناخی خۆیدا تۆوی پیلانگێڕی و تۆڵەسەندنەوەی هەڵگرتبوو، لەدایکبووی گوندی

[٣٥] هـ.س ، ل٢١٤.

عۆجەی سەر بە تکریت بوو و هاتە بەغدا، بۆ ئەوەی جێگەی خۆی لەژێر چەتری حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیستیدا، بدۆزێتەوە.

با قسەی ئەو کەسە بێنین کە خۆی سەر بە حیزبی بەعس بووە و شایەتی ڕووداوەکان بووە، ئەویش (حازم جواد)ە کە بەعسیەکی ناسراوە و لە سەردەمی بەعسدا لە ١٩٦٣ وەزیری ناوخۆ بووە، ساڵی ١٩٥٨ دەستگیرکراوە لە بنکەی پۆلیسی سەرا لە بەغدا، لەو کاتەدا دوو پیاویان هێناوە بۆ هەمان گرتووخانە، ڕۆژنامەی (الحیاة) دەڵێت (یەکێك لەو دوو پیاوە، گەنجێکی ئەسمەری باڵابەرز بوو، ئەوی تریان پیاوێك بوو لە ناوەڕاستی تەمەنیدا، گیراوەکان سەرنجی ئەوەیان دابوو کە (مهدی الرفاعي)ی بەڕێوەبەری گرتوخانەکە (کە ئەویش خەڵکی تکریت بوو)، بەتایبەتی مامەڵەی لەگەڵ ئەو دووانە دەکرد و ژوورێکی جیای پێدان، ئەوانیش نەیاندەویست لەگەڵ خەڵکدا تێکەڵ بن یان قسەیان لەگەڵ بکەن. دوای پرسیارکردن لەبارەیانەوە، وەڵامەکەمان وەرگرتەوە، یەکێکیان ناوی سەددام حوسێن و ئەوی تریان خەیرواڵا تولفاح کە خاڵی گەنجەکە بوو. یەکەمیان، تۆمەتباربوو بە کوشتنی حاجی سەعدوون تکریتی کە لەو باوەڕەدا بوون، تکریتی شیوعی بووە، دووەمیشیان تۆمەتباربوو بە هاندانی یەکەمیان بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە. لەو سەردەمەدا، ئەو کەسە هیچ گرنگ نەبوو بەلای حازمەوە، تا لەسەری ڕاوەستێت، چونکە سەددام گەنجێکی نەناسراو بوو، جارێ قەدەر دیاریی نەکردبوو بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی جیاواز و تایبەت بگێڕێت[٣٦]

ئەم لاوە، بە دوای پەیژەیەکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی پێیدا سەرکەوێت، بەرەو لووتکەی دەسەڵات و ناوەندی بڕیاردان، فکری ناسسیۆنالیزم چەندین دروشمی بریقەداری پێدا، بێگومان هیچ شتێک باشتر نەبوو لە بەکارهێنانی هەستی نەتەوەیی، کە بەکاریبهێنێت وەک پەیژەی سەرکەوتن بەرەو دەسەڵات. ئایدۆلۆژیای حیزب بە دروشمە بریقەدارەکانییەوە، خاڵی دەستپێک بوو. کۆمەڵگەی عێراقی، کۆمەڵگەیەکی هۆشیار

[٣٦] الحیاة ٢٠٠٤/٢/٨ مقالة بعنوان: الرجل الذي قاد البعث الى السلطة في١٩٦٣ یکسر عقودا من الصمت ویفتح للحیاة أسراره.

نەبوو، بەڵکو گۆمێک بوو کە لە لاوازی و پارچەپارچەبوون و بە ترسی تەوژمی شیوعییەتەوە دەیناڵاند، توانای بەرگریی ئەوتۆی تێدا نەبوو کە بتوانێت بەر بە میلیشیای دیکتاتۆری و هەڕەشەکانی بگرێت، یان بتوانێت جەوهەری کەسەکان هەڵماڵێت (ئەوانەی بەرگی نەتەوەپەرستی و نیشتمانییان پۆشیبوو)، بەڵکو کۆمەڵگەیەک بوو کە بە سادەیی و ساویلکەیی، باوەڕی بە دروشمە بریقەدارەکان دەکرد و بەدەست دواکەوتوویی‌یەوە دەیناڵاند و پڕوپاگەندە بە خێرایی تێیدا بڵاو دەبووەوە. ئەو زەلکاوە بۆگەنەی سیاسەت لەو کاتەدا، بوارێکی فراوانی ڕەخساندبوو بۆ کەسانی سەرکێش و هەلپەرست، تا بتوانن هەڵزنێن بەسەر دەسەڵاتدا و چنگی خۆیان لە قەدەری کۆمەڵگە توند بکەن، ئەم ڕەوشە بۆ کۆمەڵگەی کوردییش ڕاست بوو.

وێڕای پلەبەندیی عەشیرەت و حیزبی نەتەوەیی، پەیژەیەکی پلەبەندی تریش هەبوو، ئەویش سوپا بوو. چونکە زۆربەی دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەم پلەبەندیانەدا هەڵگەڕاون بۆ دەستگرتن بە سەر دەسەڵاتدا لە ڕێگەی خوێنەوە، ئەفسەرانی پلەباڵا و ناوەند لە سوپادا کە کۆدەتاکەیان ناو نابوو (شۆڕشی مەزنی نیشتمانی)، ڕۆشنبیریی گشتییان سنووردار بوو و سیاسییش نەبوون. بێ ئەوەی لەدیموکراسیەت یان بەڕیوەبردنی سیستمی مۆدێرن تێگەیشتبن، دەستیان خستبووە ناو سیاسەت، لە ئەنجامدا دەوڵەت لەسەر حیسابی پووکاندنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی، کرایە سەربازگە و کامپ.

لە کۆتاییدا ئەم پێکهاتانەی حزب و سوپا، نوێنەرایەتیی حکومەتی خێڵەکییان دەکرد "نەک حکومەت بە واتا ڕۆژئاواییەکەی" لە پڕۆسەی ململانێی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەنایان برد بۆ توندوتیژی و پاکتاوکردنی جەستەیی نەیارەکانیان، ئەمەیش پێویستی بەوە بوو کەسانێک بە کرێ بگرن، کە سروشتێکی تایبەتییان هەبێت. وردتر بڵێین، کەسانی هەلپەرست و زیرەک و دڵڕەق، دەرفەتی خۆیان لە کاری حیزبیدا دۆزییەوە، لە ژێر دروشمی خزمەتکردنی نیشتمانی ئازیز و قوربانیدان لە پێناوی گەلی مەزن و بەرزکردنەوەی ئاڵای کەرامەتی نەتەوەیی. حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیستی، سەددام حوسێنی بەکارهێنا لە پڕۆسەی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم

قاسمدا، ئەمەیش دووەم هەنگاوی ئەو بوو بۆ سەرکەوتنی بەسەر پلیکانەی دەسەڵات و هەڵاتن لە هەژاری.

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە سەر ئاستی حزب و حکومەتەکاندا، چەندین حاڵەت هەن، پەیوەندیی نێوان کەسانی سەرکێش بە سیاسییەکانەوە دیاری دەکەن، ئەویش لە سایەی ئەو دواکەوتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتیەی باڵی کێشاوە بەسەر کۆمەڵگەدا. کەسی سیاسی تا ڕادەیەکی زۆر، کەسێکی خاوەن تیۆریە و ڕەنگە دەرچووی زانکۆکان بێت، بەڵام کەسی (سەرکێشی سیاسی)، کەسێکی (پراکتیکی)ـە، بەڵام مەترسیی لە سیاسەتدا، کارنەکردنە بە سیاسەتی داڕێژراو وەک دەستووری حزب، کە لەلایەن سیاسەتمەدارە ڕۆشنبیرەکانەوە ئامانجە نزیك و دوورەکانی تیا دیاریکراوە. ئەم سیاسییە ڕۆشنبیرە، باوەڕی بە بەکارهێنانی هێز هەیە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. بەڵام نەبوونی بەها شارستانییەکان و فەرهەنگی دیموکراسی لەلایەن چینی باڵادەستی سیاسی، پاڵیان پێوەدەنێ کە داوای هاوکاری لە کەسانی ناسیۆنالیستی بکۆژ بکەن لە شەڕی نەیارەکاندا. بەمشێوەیە سەددام حوسێن و هاوشێوەکانی، بوونە باڵادەست و بۆشایی گرنگیان لە چالاکیی سیاسیی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیستیدا، پڕکردەوە. هەر وەک چۆن لە توانایدا بوو لە نێوان خزمان و عەشیرەتەکەی خۆیدا، ئەندامانی نوێ هەڵبژێرێت کە هەمان مەیلی تۆندوتیژییان هەبوو. لە گەرمەی ئاڵوگۆڕی نێوان ڕۆشنبیری سیاسیی لاواز و ناسیۆنالیستی سەرکێشدا، دواجار یەکەمیان بە تێپەڕبوونی کات، زاڵ بوو بەسەر دووەمدا، لە کۆتاییدا ڕۆشنبیری سیاسیی دوودڵ - ترساو - لە بەردەم کەسی سەرکێشدا چۆکی دادا، دوای ئەوەی چەند سەرکەوتنێکی بۆ حزب دەستەبەرکرد، ئیتر سەرکێش بووە پاڵەوانی نەتەوەیی. مەیلی سادیستیی ئاشکرای کاربەدەستانی سوپا و دەزگا ئەمنییەکان و هەواڵگری لە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (کۆمەڵگەی کوردییش بەدەر نیە لەم ڕاستیە)، دەرئەنجامی کەلێنێکە لە فەرهەنگی چینی باڵادەستیی سیاسیدا، کە بێ دوودڵی، بکۆژ بەکاردەهێنێت بۆ مەرامی خۆی و پێگەیەکی سیاسیی باڵای پێدەدا و هیچ ڕێگرێک لە بەردەمیدا ناهێڵێت، بۆ سەرکەوتن بەرەو دەسەڵات. بێجگە لەوەیش، فەرهەنگی پڕ سەرشۆڕیی ملکەچکردنی جەماوەر لە بەردەم فەرمانڕەوای ستەمکار، بە

جۆرێکە مرۆڤ کاتێک ڕووبەڕووی ستەمکار دەبێتەوە، شێوازێکی ملکەچی دەردەخات و جۆرە ڕەفتارێک نمایش و بەرهەم دەهێنێت، کە دەبێتە ڕێچکەیەک بۆ بنیاتنانی ترسی جەماوەر و ملکەچبوون و دەربڕینی خۆشەویستیی شێتانە بۆ ستەمکار و زێدەڕۆییکردن لە ستایش و گەورەکردنیدا.

با بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەستکەوتانەی کە سیستمی کۆماری، بۆ گەلی کورد بەدیهێنان، ماددەی سێیەمی بەشی یەکەمی دەستووری کاتیی ١٩٥٨/٧/٢٧ دەڵێت: کوردەکان هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، ئەم دەستوورە دان بە مافە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا دەنێت، لە کاتێکدا ماددەی دووەمی هەمان بەشی یەکەم لە دەستوورەکەدا دەڵێت: عێراق بەشێکە لە ئوممەتی عەرەبی.

لەڕاستیدا ئەم دانپێدانانە دەستووریە، هەرچەند لە چوارچێوەی تیۆری دەرنەچووە، بەڵام گرنگییەکی سیاسیی هەبوو، چونکە سیستمی پادشایی و دەسەڵاتی ماندێتی بەریتانی بەشێوەی دەستووری، دانیان بە گەلی کورددا نەنا، ئەوە وێڕای نکوڵیکردنی حکومەتەکانی ئەنقەرە و تاران و دیمەشق لە هەبوونی گەلی کورد، هەرچەندە دەستووری کاتیی عێراق ئەو هاوبەشییەی دیاری نەکردبوو، ئایا ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵیە.

بەڵام بەردەوامیی هەژموونی تاکڕەویی کارگێڕیی پاشایەتیی کۆن لەسەردەمی کۆماریدا، کە ماندێتی بەریتانی سەپاندبووی، وایکرد ئەم دەقانە تەنها وەک مەرەکەب لەسەر کاغەز بمێننەوە. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا، گەلی کورد بە سیستمی کۆماری دڵخۆش بوو و پشتیوانیی لێدەکرد. لەلایەکیترەوە کە دەیانوت کوردەکان هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، ئەم قسەیە ناکۆک بوو لەگەڵ ماددەی دووەم کە جەخت دەکاتەوە لەوەی (عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەبی)، ئەمە ئەو تێگەیشتنە دەبەخشێت کە گەلی کورد تەنها کەمینەیەکە لە نیشتمانی عەرەبیدا، ئەمەیش دژی ڕاستییە نەژادی و جوگرافی و مێژوویییەکانە.

هەروەک ڕێز و شکۆ گێڕدرایەوە بۆ ئەو چوار ئەفسەرە کوردەی، کە لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٤٥ و ١٩٤٧ی بارزاندا بەشداربوون، ئەوانەی کە دەسەڵاتدارانی پاشایەتیی عێراق لە ساڵی ١٩٤٧دا لەسێدارەیان دابوون. گومانی تێدا نیە لە ئەنجامی ئەم

هەنگاوانەیدا قاسم پشتیوانیی جەماوەری کوردی بەدەستهێنا، لە ڕاستیدا لەلایەن گەلی کوردەوە خۆشەویست بوو، بەڵام ئەم پشتیوانی و خۆشەویستییە بە پاشگەزبوونەوەی لە زۆربەی بەڵێنەکانی کە دابووی و بە چەسپاندنی حوکمێکی دیکتاتۆری سەربازی بەسەر گەلی کورددا، کۆتاییهات.

ئۆریێل دان دەڵێت: لە ١٧ی تەممووز [قاسم] پێشوازی لە شاندێکی کوردی کە بۆ پیرۆزبایی هاتبوون، بە سەرۆکایەتیی [ئیبراهیم ئەحمەد] کرد. سەرۆکی شاندەکە، داوای لێکرد کە ناوچە کورددییەکان ئاستێکی خۆبەڕێوەبەرییان پێبدرێت، بەڵام [قاسم] ڕەتیکردەوە.

هەروەها دەڵێت: ڕۆژی دواتر ڕادیۆی بەغدا ڕایگەیاند، کە کۆبوونەوەکەیان سەرکەوتوو بووە و جێگەی ڕەزامەندی بووە، ڕۆژی پاشتریش رادیۆی بەغداد بەیاننامەیەکی خوێندەوە کە بۆ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان نێردرابوو، کە لەلایەن ئەندامانی شاندەکەوە واژۆ کرابوو، پێنج هەزار کورد واژۆیان لەسەر کردبوو بە ناوی نەتەوەی کوردەوە لەعێراق و گوزارش لە پشتیوانیی کورد دەکات، لەگەڵ برایانی عەرەبدا بۆ بەرگریکردن لەکۆماری تازەدامەزراو. دوابەدوای ئەو بروسکەیە، حکومەت نیازپاکیی خۆی نیشان دا بە ئازادکردنی (شێخ ئەحمەد بارزانی) و هاوڕێکانی، ئەوانەی لە چلەکاندا بەهۆی شۆڕشەکانی بارزانەوە گیرابوون[37].

لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی دەستووری کاتی، قاسم چاوی کەوت بە شاندێکی کورد، کە بۆ پیرۆزباییکردن بەبۆنەی دەرچوونی دەستوورەوە چووبوون، لە نێویاندا ئیبراهیم ئەحمە ئامادەبوو. ئیبراهیم ئەحمەد، کەسایەتییەکی سیاسی و شاعیر و ڕۆمانووس بوو، یەکێک لە شیعرەکانی بەناوی (شیرین بەهارە)، ناوبانگی دەرکرد و لەلایەن گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد تاهیر تۆفیقەوە کرایە گۆرانی، هەروەها ڕۆمانێکی بەناوی (ژانی گەل) نووسی، کە باس لە ئازار و چەوساندنەوە و غوربەت دەکات و بەگشتی هەڵگری سروشتی نەتەوەییە و گوزارشت لە ئازارەکانی گەلی کورد دەکات. لە سەردەمی هەژانی سیاسیی دوای کۆدەتا، ئیبراهیم ئەحمەد کەوتبووە چالاکیی سیاسی، تەنانەت چوون بۆ

[37] اوریل دان، سەرچاوەی پێشوو،١٧٢-١٧٣.

پێشوازی لە مەلا موستەفای بارزانی، لە کاتی گەڕانەوەی لە چیکۆسلۆڤاکییاوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی، لەوانە سادق بارزانی و عوبەیدوڵڵای کوڕەگەورەی بارزانی.

ئیبراهیم ئەحمەد، بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی باش بۆ گەلی کورد. لە ١٩ی ئابی ١٩٥٨دا چاوی بە شاندێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو کەوت، کە لە بەغدا لەگەڵ عەبدولسەلام عارف کۆبوونەوە. ئەو کاتە عارف، وەزیری ناوخۆ بوو. شاندەکە داوای مۆڵەتی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی حیزبییان لێکرد، بەڵام عارف ڕەتیکردەوە و ئامۆژگاریی کردن کە سوود لە ڕۆژنامەی کۆمار وەربگرن، عارف ڕەتیکردەوە بە فەرمی دان بە حیزبەکەیشیاندا بنێت، هەروەها ئەوەیشی ڕەتکردەوە کە ٢١ی ئازار (نەورۆز) بکرێتە بۆنەی فەرمی، ئەوەیشی بیرخستنەوە کە ئەو بۆنەیە کراوەتە ڕۆژی درەخت، هەروەها پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقیی بە کوردە فەیلییەکانی بەغدا، ڕەتکردەوە و لەسەر ئەوەیش ڕازی نەبوو.

لە ٦ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا، مەلا موستەفا گەیشتەوە بەغدا و لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد، سەردانی قاسمیان کرد. وا دیارە قاسم لە هەڵگیرسانی ناکۆکییە عەشایەرییەکان بەهۆی گەڕانەوەی مەلا موستەفاوە دەترسا، لەو چاوپێکەوتنەدا ئاماژەی بە ناکۆکییە کۆنەکانی نێوان هۆزە کوردییەکان کرد و هیواخوازیی بۆ چارەسەرکردنیان بە ئاشتبوونەوە و نیازپاکی، دەربڕی.[٣٨]

گەڕانەوەی ئەو بارزانییانەی کە لە یەکێتیی سۆڤیەت مابوونەوە، تا مانگی نیسانی ساڵی ١٩٥٩ دواکەوت، ئەوان لە ١٩٥٩/٤/١٦ گەیشتنەوە بەندەری بەسرە، پاشان بۆ ماوەیەکی کاتی گواستراونەوە بۆ هەولێر، تا کاروباری نیشتەجێبوون و کارکردنیان بۆ ڕێکبخرێت. ناکۆکی لە نێوان مەلا موستەفا و شێخ سولەیمان هەبوو، ئەو ناکۆکییانە لە ماوەی مانەوەیان لە یەکێتیی سۆڤیەت سەریهەڵدابوو. بەرپرسی چاودێریکردنی کاروباری گەڕاوەی بارزانییەکان بە نووسەری ئەم بابەتەی گوت: فەرمانی ڕوونی لە مەلا موستەفاوە پێگەیشتبوو، کە پێویستە گەڕاوەکان پەرشوبڵاو بن و ڕێگە نەدرێت بە (شێخ سولەیمان بارزانی و سلێمان بەگ دەرگەڵەیی و کەسە نزیکەکانی)، لای یەکەوە

[٣٨] ئوریل دان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.

نیشتەجێ بن، بەڵکو دەبێت لێک دووربخرێنەوە. گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانە، دەریدەخات کە مەلا موستەفا پەرۆش بووە بۆ تەنگەتاوکردنی ئەو کەسانەی، کە بە نەیاری سیاسەتی خۆی دەزانین، تا نەتوانن بە ئاسانی پەیوەندی پێکەوە بکەن. لە کاتێکدا خۆی، لە پشت پەردەوە مایەوە، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو پیاوە، نەبووە هۆی دابەشبوون لەناو بارزانییەکاندا، بەهۆی هەبوونی شێخ ئەحمەدی بارزانی کە هێمای یەکێتیی بارزانییان بوو.

لە کاتی کۆبوونەوەکەیدا، قاسم داوای لە مەلا موستەفا کرد ناکۆکییە کۆنەکان تێپەڕێنێت و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبداتەوە، بەگوێرەی ئەوەی لە کتێبەکەی [ئۆرییێل دان]دا هاتووە، لە زاری ئیبراهیم ئەحمەدەوە مەلا موستەفا وەڵامی دایەوە: (لەگەڵ ڕێزی تەواوم، بەڵام دان بەوەدا دەنێم کە ناتوانم لە دوژمنەکانم خۆش بم، ئەوەیش بەدەست من نیە چونکە ئەوانە تاوانبارن، بێگومان گێڕانەوەکەی ئیبراهیم ئەحمەد دروستە)[٣٩]. لەو کاتەدا قاسم، داوای مەلا موستەفا کرد کە لە بەغداد و لە ماڵە کۆنەکەی نووری سەعید، نیشتەجێ بێت و مانگانەی بڕی ٥٠٠ دیناری عێراقی بۆ بڕییەوە. سەرکردە دیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو، تووشی شۆك بوون لە شێوازی مامەڵەکردنی مەلا موستەفا لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا، چونکە وایاندەزانی سالانی تاراوگەی لە سۆڤیەت گۆڕیوێتی، بەڵام بۆیان دەرکەوت ئەمانی فەرامۆش کردووە، بەڵکو بە هەمان شێوازی مامەڵەکردنی کۆنی لەگەڵ بەهێزەکاندا بەردەوامە. سەعد جەواد، لە تێزەکەیدا باس لەوە دەکات کە: مەلا موستەفا بە تەواوی ملکەچی قاسم بوو، ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە قاسم پێیوابوو پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو (پ.د.ك) و سەرۆکەکەی، ئامرازێکی بەسوودن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گوشاری ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و دواتر بەرەنگاربوونەوەی هەژمونی شیوعییەکان.[٤٠]

ئەودەم جەلال تاڵەبانی، نووسەرێکی زۆر چالاک بوو، وتەبێژی ڕۆژنامەوانیی مەلا موستەفا بوو، وتارەکانی بۆ دەنووسی، هەروەها لەبارەی کێشەی هەڵوێستی جیاوازی

[٣٩] اوریل دان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥

[40] ،saad jawad, Iraq thw Kurdish question 1958-1970, p:44-45.

حزب و کۆمەڵە و کەسەکان بەرامبەر بە یەکگرتن لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا دەیوت: حیزبی شیوعی دروشمی یەکێتی فیدراڵی هەڵگرتبوو، لەکاتێکدا ناسیۆنالیستە عەرەبەکان (بەعسییەکان)، دروشمی یەکگرتنی دەستبەجێیان هەڵگرتبوو. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان، لەمبارەیەوە ببوون بە دوو بەشەوە، یەکێکیان (لایەنگری هەڵوێستی سەربەخۆیی) و لایەکی تریان (لایەنگری حیزبی شیوعیی عێراقی بوون)، من - تاڵەبانی - لایەنی سەربەخۆییم دەگرت، سکرتێری حزب - ئیبراهیم ئەحمەد - هەڵوێستی مامناوەند بوو، لەبارەی لایەنگریی شیوعییەکان لەناو حیزبەکەدا، مامۆستایان حەمزە عەبدوڵڵای خوالێخۆشبوو، نەژاد ئەحمەد، خەسرەو تۆفیق، حەمید عوسمان و سالح حەیدەری نوێنەرایەتییان دەکرد.[٤١]

دروشمی ناسیۆنالیستەکان لەسەر پرسی یەکگرتن، جیدی نەبوو. بەڵکو تەنیا دەیانویست قاسم ڕووگیر بکەن، لەڕاستیدا شیوعییەکانیش فیدراڵییان نەدەویست، لەبارەی هەڵوێستی کوردیش لەسەر پرسی نەتەوەیی عەرەبی و یەکگرتن، جەلال تاڵەبانی دەیوت: گەلانی نیشتمانی عەرەبی، مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان هەیە، گەلی عێراقیش مافی هەیە جۆری ئەو پەیوەندییە دیاری بکات کە لەگەڵ گەلانی دیکەی نیشتمانی عەرەبیدا پێی باشە، ئێمە وەک کورد مافی ئەوەمان نییە ئەم بابەتە یەکلایی بکەینەوە، لە هەمان کاتدا پشتیوانی لە هەر شتێك دەکەین، عێراق کۆبکاتەوە بە دوومەرج، یەکەم: گەیشتن بە دیموکراسی، دووەم: زامنکردنی مافە نەتەوەییەکانمان.[٤٢]

جەلال تاڵەبانی دەیوت: توندبوونەوەی ناکۆکییەکانی ناو حزب، کاریگەریی هەبوو لەسەر چالاکییەکانمان، زۆرینەی مەکتەبی سیاسی لە گەڵ هەڵوێستی حیزبی شیوعی بوون، لە کاتێکدا زۆرینەی لیژنەی ناوەندی، لایەنگری هەڵوێستی سەربەخۆیی بوون. ئەمەیش وای لە من و حەمید عوسمان کرد لە مەکتەب سیاسی دەربچین، بەو مەرجەی لە ماوەی مانگێکدا کۆمیتەی ناوەندی کۆبێتەوە، بەڵام بەداخەوە کۆبونەوەکە نەکرا، ئەوانەی پشتیوانیی هەڵوێستی حیزبی شیوعییان دەکرد (شکستهێنانی جوولانەوەی

[41] Iraq & the Kurdish Question 1958-1970. By Sa'ad Jawad. P. 44,45. Ithaca Press London. 1981

[٤٢]،مجلة الوسط الأسبوعية،١٩٩٨/١١/٢٣، حوار مع جلال الطالباني، ص٢٨-٣٣.

شەواف، بەرفراوانبوونی حیزبی شیوعی، زیادبوونی هۆشیاریی شیوعیەکان، وێناکردنی قاسم وەك شیوعی و پێشبینیی ئەوەی شیوعییەکان دەسەڵات دەگرنە دەست، هەموو ئەمانەیان قۆستەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان)، لەبەرئەوە مەلا موستەفا لایەنی ئەوانی گرت، بەوشێوەیە بڕیاری سڕکردنی منیان دا و مەلا موستەفایش واژۆی کرد، هەرچەند ئەو بڕیارە پێچەوانە بوو لەگەڵ ڕێساکانی پەیڕەوی ناوخۆی حزب)[٤٣]

پارتی دیموکراتی کوردستانیش، سەرەڕای بەرزکردنەوەی دروشمی دیموکراسی، بەڵام دوور نەبوو لە عەقڵییەتی ڕیشەکێشکردن (إستئصال). لە ڕۆژهەڵاتدا، بەگشتی ناوی حزبەکان و دروشمەکانیان تەنیا بۆ ئارایشتە، تاڵەبانی دەگێڕێتەوە کە دوای ئەوەی لە بەغدا گەڕایەوە بۆ لای خێزانەکەی لە کۆیە، کە لەوێ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە یاسادا وەرگرتبوو، نامەیەکی تەلەگرافی لە مەلا موستەفاوە پێگەیشت، لە نامەکەدا داوای لێکردبوو بە زووترین کات بگەڕێتەوە بەغدا، تاڵەبانی دەڵێت کاتێک گەیشتمە بەغدا، بینیم مەلا موستەفا و پاسەوانەکانی، بارەگای ڕۆژنامەکەیان داگیرکردووە و زۆر تووڕەیە، کلیلی ئۆفیسی ڕۆژنامەکەی پێدام و داوای لێکردم من ڕۆژنامەکە دەربکەم، ئەم بڕیارە ڕەزامەندیی ئیبراهیم ئەحمەدیشی لەسەر بوو. ئەمە ئەوە دەردەخات کە چۆن ناکۆکییە سیاسییەکان لە لوتکەی دەسەڵاتی حیزبیدا ڕوویاندەدا، کلیلەکان لە تیمێکی کار وەرگیرایەوە و دەرکران و هەمان کلیل درایە تیمێکی دیکە کە لە هۆڵی چاوەڕوانیدا بوون. لێرەدا دەبینین هەمیشە تیمی شۆڕشگێڕ ئامادەیە بۆ وەرگرتنی کلیلەکان، ئینجا کۆمەڵێکی تر چاوەڕوان دەکەن بۆ ئەوەی سەرەیان بێت، بەمشێوەیە دەستبەجێ کلیلەکان لە هەمان دەستەوە دەدرێتە دەست گرووپی دواتر و لوتکەی دەسەڵات بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە و سەرکردە کۆنترۆڵیان دەکات.[٤٤]

کریس کۆچێرای ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی، لەسەر کەسایەتیی مەلا موستەفا بارزانی، دوای گەڕانەوەی لە یەکێتیی سۆڤیەت وەك پاڵەوانێکی سەرکەوتوو دەڵێت: بارزانی قەدەری گەلی کوردی لەدەستدا بوو، دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو حزبەدا

---

[٤٣]، هـ.س .

[٤٤] گۆڤاری الوسط، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨-٣٣

سەپاند کە خۆی سەرۆکی دامەزرێنەری بوو، ڕکابەر و دژبەرەکانی ڕاونان، داوایکرد هەموو وەک سەرکردەی نەتەوەیی و نوێنەری هەموو کوردانی عێراق دانی پێدا بنێن، چ جەنەڕاڵ قاسم، چ یەکێتیی سۆڤیەت، چ جەماوەری گەلی کورد، ئەو زۆر حەزی دەکرد ببێتە سەرکردەی هەموو کورد بەڵام لێرە شکستی هێنا، بەڵام ئەو تاکەکەس نەبوو لەم بوارەدا. جەنەڕاڵ بارزانی، کەموکوڕییەکی بنەڕەتی هەیە، ئەو نازانێت حزب چییە و تەنها وەك میکانیزمێک لێی دەڕوانێت بۆ دەسەڵات، ئەو بیری لای هەژموونکردنە و واتایەك بۆ (دیالۆگ) و (بەشداریکردن) نازانێت، بێگومان نازانێت (دیموکراسیەت) چییە.[٤٥]

لە ماوەی ساڵانی هەڵچوونی شۆڕشگێڕیدا، لەگەڵ (پ.د.ک) تەبا نەبوو، ئەو سیاسەتی بەدڵ نەبوو کە حزب پەیڕەوی دەکات. سکرتێری گشتیی حزب لا دەبات و کەسێکی دیکە لە جێگەی دادەنێت و بەمشێوەیە کار دەکات، بەهۆی ئەم کاروکردەوە و دیمەنانەوە بەردەوام ناکۆکی لە نێوان سەرۆک و حزبە شۆڕشگێڕەکەیدا سەرهەڵدەدات. بۆیە ڕیشەی قەیرانەکانی ساڵی ١٩٦٤ و دواتر ڕووخانی یەکجاری لە ساڵی ١٩٧٥دا، لێرەوە ڕەگیان داکوتابوو.[٤٦]

لە بارودۆخێکی ئازادیی ڕێژەیی لە کوردستان، ژیانی ڕۆشنبیری گەشەیکرد، ڕۆژنامەی سیاسیی کوردی، بەناوی (خەبات) مۆڵەتی پێدرا، ئەو ڕۆژنامەیە زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، پاشان ڕۆژنامەی (ئازادی) دەرچوو، کە لقێکی حیزبی شیوعیی عێراقی لە کوردستان دەریدەچواند، گۆڤار و کتێب و بەرهەمە ئەدەبییەکان یەک لە دوای یەک دەردەچوون، وەک: ڕۆژ، ژین، هیوا، ئومێد، ڕۆناهی بە کرمانجی لە بەغدا دەردەچوو، دەنگی کورد، شەفەق (الغسق) کە بە عەرەبی و کوردی لە کەرکوک دەردەچوو، ڕۆژی نوێ لە سلێمانی و دەنگی کورد لەبەغدا بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچوو. بێگومان ماوەی چەندین ساڵ لە کپکردنی سیاسی، بووە هۆی کەڵەکەبوونی بابەتی ڕۆشنبیریی زۆر و زەوەندە کە لە سەردەمی کۆماریدا دەرفەتی بۆ

---

[٤٥] ، هـ.س ، ل٢٨-٣٣.

[46] Le Movement National Kurde. Chris Kutschera. Flammarion.1979. page:212-213

ڕەخسا بۆ ئەوەی گوزارش لە خۆیان بکەن، هەرچەندە ئەم هەلومەرجە ماوەکەی کورت بوو، بەڵام گەلێک لە نووسەران و شاعیران و مێژوونووسان، بواری چاپکردنی بەرهەمەکانیان بۆ ڕەخسا.

مەلا موستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد، داوای مۆڵەتی حیزبیان لە وەزارەتی ناوخۆ لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٦٠ کرد، بەرنامەی حیزبی ساڵی ١٩٥٩ کە لە کۆتایی ١٥ی مانگدا واژۆی لەسەرکرابوو، هاوپێچکرابوو بە داوانامەکەوە. ئیبراهیم ئەحمەد بۆ وەرگرتنی مۆڵەتەکە و کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ، چووە بەغدا. ئیبراهیم ئەحمەد تووشی شۆك بوو، کاتێک وەزیر بەرنامەیەکی جیاواز لەوەی خۆیانی ڕادەست کرد. وەزیر پێیگوتبوون (مۆڵەتنامەی حیزبەکەتان لەسەر ئەم بەرنامەیە پێتاندراوە) کاتێکیش ئیبراهیم ئەحمەد ناڕەزایی دەردەبڕێت، وەزیر ئامۆژگارییان دەکات چاویان بە قاسم بکەوێت.

ناوی حزب گۆڕابوو بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، دەستەواژەی (هەوڵدەدات) لە جێگەی دەستەواژەی (خەباتدەکات) جێگیر کرابوو، ناوی کوردستان لە پڕۆگرامەکەدا لابرابوو، گەلی کورد گۆڕدرابوو بە برا کوردەکانمان، هەروەها ئەو ماددەیەی کە پەیوەست بوو بە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی و گرتنەبەری تیۆری مارکسی – لینینی، لە پڕۆگرامەکەدا لابرابوو.

لەم بارەیەوە سەعد جەواد لە کتێبەکەیدا (العراق والمسألة الكوردية ١٩٥٨-١٩٧٠) دەڵێت: لە دیدارێکدا لە نێوان قاسم، ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا موستەفا و سەرکردەکانی دیکەی حزبدا، قاسم ئاماژەی بەوە کرد کە وشەی ئۆتۆنۆمی ڕەنگە لەلایەن دوژمنانەوە بەکاربهێنرێت، چونکە ئۆتۆنۆمی دژی شۆڕش لەلایەن دوژمنانیەوە دەقۆزرێتەوە، شۆڕشیش هێشتا ساوا و ناسکە، هەروەها وتی کە ئەو هاوسۆزە لەگەڵ مافی کورد، بەڵام بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی ڕەنگە ئەو پاساوە بە دوژمنان بدات کە زەوی عەرەبی لە دەست دەچێت، هەروەها وتیشی گونجاو نیە پرسی ئۆتۆنۆمی لە پەیڕەوی حیزبەکەتاندا جێگیر بکەن، بەڵام دەتوانرێت لە ڕۆژنامەگەریتاندا ئاماژەی پێ بکرێت. سەبارەت بە تیۆری مارکسی – لینینی، قاسم وتی: لەبەرئەوەی مۆڵەتی بە حیزبی شیوعیی عێراق نەداوە

بەو هۆیەوە، بۆیە ئەستەمە ئەوە لە حزبێکی تر قبوڵ بکات! قاسم توانیی شاندی کوردی قایل بکات و گۆڕانکارییەکان پەسەندکران، تەنانەت ناوی حیزبەکەیش بەپێی ئامۆژگاریی قاسم گۆڕدرا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک).

ئەم دیدارە گرنگ بوو نەك تەنها بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لەبەرنامەی پارتی دیموکراتدا ڕوویان دا، بەڵکو زانینی ئاستی کاریگەریی قاسم لەسەر حیزبەکە، هەروەها لاوازیی پەیوەستیی ئایدیۆلۆژیی ئەمانی دەرخست، هەروەها نیشانەیەک بوو بۆ تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان قاسم و (پدک). لەدرێژەی گفتوگۆکەدا، قاسم تۆمەتی ئاراستەی ئیبراهیم ئەحمەد و ژمارەیەک لە هەڤاڵانی کرد، بەوەی هاوکاریی نەیارانی قاسم دەکەن بۆ لابردنی لە سەر دەسەڵات، ئاماژەی بەوە کرد کە ئیبراهیم ئەحمەد لە سەرەتای شۆڕشدا هاوکاریی ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی کردووە. ئیبراهیم ئەحمەد بە ناچاری ئەو تۆمەتانەی قبوڵ کردن لە پێناوی بەدەستهێنانی مۆڵەتنامەی پارتی، جێی ئاماژەیە لە کۆنگرەی پێنجەمدا لە ساڵی ١٩٦٠، حزب دەستکارییەکانی قاسمی ڕەتکردنەوە، بەڵام ناوە نوێیەکەی وەک خۆی هێشتەوە.[٤٧]

وا دیارە قاسم لە ئیبراهیم ئەحمەد دڵنیا نەبووە، (عەونی یوسف) وەزیرە کوردەکەی حکومەتی قاسم، باسی ئەم خاڵەی کردووە.[٤٨] ئیبراهیم ئەحمەدیش گومانی لە نیازپاکیی قاسم هەبوو، کاتێکیش ژمارەیەکی زۆر نەخشەی جوگرافی لە بەغدا و کوردستان لە دوای شۆڕش بڵاوکرانەوە، گومانی قاسم بەرامبەر ئیبراهیم ئەحمەد و (پدک) زیادیکرد، ئەو نەخشانە هاوشێوەی ئەو نەخشانە بوون کە لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریس ساڵی ١٩١٩ پێشکەشکرابوون و نوێنەرایەتیی کوردستانی گەورەیان دەکرد. قاسم (پدک)ی بە بڵاوکردنەوەی ئەو نەخشانە تۆمەتبار کرد.[٤٩]

با بگەڕێینەوە بۆ کوردستان، کە هەست و سۆزی دژایەتیکردنی ئاغاکان، ئەوانەی بە هاوکاریی ڕژێمی پاشایەتیی پێشوو تاوانکارییان دژی بارزانییەکان ئەنجامدابوو،

[47] ، Sa'ad Jawad Iraq & the Kurdish Question 1958-1970. Ithaca Press London. 1981... P. 49,50.

[48] IbidP:59

[49] Ibid pp70-71.

لەلایەن دەسەڵاتی شۆڕشەوە داوای دادگاییکردنیان دەکرا، بەڵام ئەم داواکاریە بێسوود بوو. چونکە دوو ئاغا کە برای یەکدی بوون و بەرپرسیاری زۆربەی کاری دزی و تاوان بوون، ئەوانیش مەحمود ئاغای زێباری و ئەحمەد ئاغای زێباری بوون، لەم تۆڵەسەندنەوەیە هەڵاوێردران. مەلا موستەفا، ئاگاداری هەستی تۆڵەسەندنەوەی توند بوو دژی ئەم دوو برایە لەلایەن بارزانییەکانەوە، بۆیە بە هەموو زیرەکی و دەستڕۆیشتوویی خۆی، کاری کرد بۆ ڕێگرتن لە تۆڵەسەندنەوە لە خەزووری (مەحمود ئاغای زێباری) و هەستی دوژمنایەتی، تەنها ئاڕاستەی ئەحمەد ئاغا کرا.

ژمارەیەک لە بارزانییەکان خۆیان ئامادە کرد بۆ کوشتنی ئەحمەد ئاغای زێباری، لەوانە: حەسەن باب ئێزدین (کە لەکاتێکدا هێشتا ئەو لە تاراوگە و ڕووسیا بوو، ئاغاکان باوکە پیرەکەیان کوشتبوو)، ئەوی دیکەیان حاجی چەمێ بوو کە دوای گەڕانەوەی لە تاراوگە لە ڕووسیا، هەواڵی کوژرانی براکەی بیستبوو، لەگەڵ عیسا سوار، چوارەمیان سەعید مەلا عەبدوڵڵا بوو، هەموو ئەمانە لەو گرووپە بارزانییە بوون، کە پەنایان بۆ ڕووسیا بردبوو.

ئەحمەد ئاغا زێباری، بۆ سەردانی ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی حکومی، هاتوچۆی شاری موسڵی دەکرد، دەچووە لای ئەو فەرمانبەرە حکومیانەی ڕقیان لە بارزانیەکان دەبووەوە، ئەوانە پشتیوانیی ئەحمەد ئاغایان دەکرد و ناکۆکییەکانیان قوونڵتر دەکردنەوە لە نێوانیاندا، ئەو چوار بارزانیە لە شەقامەکانی شاری موسڵ چاودێرییان کرد و بەدواداچوونیان بۆ جوڵەکانی ئاغا دەکرد، لە ١٩٥٩/١١/٤ کاتێک ئاغا لە یەکێک لە بینا حکومییەکان دەرچوو، هەستی بە پیلانی مەترسیی بارزانییەکان کرد و هەوڵی هەڵاتنی دا، بەڵام بارزانییەکان دوای کەوتن و خۆیان ئاشکرا کرد و بە دەمانچەکانیان تەقەیان لێکرد و لەناو شەقامەکەدا کوشتیان، پاسەوانەکانی بەجێیان هێشت و کەسیان بەرگریی لێنەکرد. ئەم کارە کوشتنێکی ئاشکرا بوو، هۆکارەکانی دیار بوون، دواتر هەر چوار بارزانییەکە ڕاپێچی زیندان کران، لە ڕابوردودا دەسەڵاتەکانی کۆماری عێراق هیچ ڕێوشوێنێکیان دژی ئەو ئاغایانە نەدەگرتەبەر و گرنگییان بەو ستەمە زۆرە نەدەدا کە ئەنجامیان دەدان.

دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، شەپۆلی ئایدلۆژیای کۆمۆنیزم لەلایەک و دەرچوونی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی لە پاش کۆدەتاکە لەلایەکی تر، ترس و دڵەڕاوکێی خستبووە دڵی ئاغاکانی کورد و خاوەن مووڵکە عەرەبەکان، شێخ ڕەشیدی لۆلان کە یەکێک بوو لە دەستڕۆیشتووەکانی ناوچەی برادۆست لەسەر سنووری ئێران، گۆڕانکارییەکەی بەغدای ڕەتکردەوە و دژی ڕژێمی نوێ وەستایەوە. دوور نییە کە پشتیوانیی لە ڕژێمی شای ئێرانەوە پێگەیشتبێت، چونکە شا نیگەران بوو لە دەرچوونی عێراق لە بەرەی هاوپەیمانیی ڕۆژئاوا و هەنگاونان بەرەو بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و بەهێزبوونی شەپۆلی چەپ لەناو عێراقدا و ئەگەری یەکگرتن لەگەڵ کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو. بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی یاخیبوونەکەی شێخ ڕەشیدی لۆلان لە مایسی ١٩٥٩، حیزبی شیوعیی عێراق بە بەرگرییە جەماوەرییەکەیەوە (هێزی چەکداریی حیزبی شیوعی) و پارتی دیموکراتی کوردستان، دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی هێز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شێخ ڕەشید و پاراستنی سیستمی نیشتمانی.

دوای شکستپێهێنانی هێزەکانی شێخ ڕەشیدی لۆلان، ناکۆکی کەوتە نێوان حیزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە هەر لایەنێک لە بەیاننامەکانیدا بانگەشەی گرنگیی ڕۆڵی خۆی دەکرد و ڕۆڵی لایەنەکەی دیکەی کەم دەکردەوە، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان. فاخیر محەمەد ئاغا مێرگەسۆری، سەرکردایەتیی هێزە شیوعییەکەی دەکرد و ئەوی دیکەیان، خودی مەلا موستەفا سەرکردایەتیی دەکرد. فاخیر شیوعی بوو و پەیوەندیی باش نەبوو لەگەڵ مەلا موستەفا. هێزەکانی لۆلان، زۆر خۆیان بۆ نەگیرا و کشانەوە بۆ ناو خاکی ئێران، بەو شێوەیە ناوچەکە کۆنترۆڵ کرایەوە. ئەم کردەوەیە جێی پێزانینی قاسم بوو بۆ هەردوو حزب، دوای ماوەیەك قاسم لێخۆشبوونی بۆ شێخ ڕەشید دەرکرد و ڕێگەی پێدا بگەڕێتەوە زێدی خۆی، ڕەنگە قاسم لەم کارەیدا مەبەستی ئەوە بێت نەهێڵێت ڕژێمی ئێرانی، کێشەی لۆلان دژی عێراق بقۆزێتەوە، یاخود ویستبێتی دژی بارزان بەکاریان بهێنێت.

سەرکردایەتیی کورد بە نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشەوە، هەستیان بە نیازی خراپی حکومەت لە ئاست کورد و مافە

نەتەوەییەکانیاندا کردبوو، دەیانزانی قاسم حەزی دیکتاتۆریی هەیە و سووکایەتی بە هەستی نەتەوەیی کورد دەکات، ئیبراهیم ئەحمەد کە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، پاش کۆبوونەوەی لەگەڵ قاسم هەموو ئەمانەی لای کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەکەی، باسکردبوو.[٥٠]

جێی خۆیەتی، مرۆڤ بپرسێت بۆچی لەم دۆخە سیاسییە گونجاوەدا، کە پڕ بوو لە دروشمی برایەتیی عەرەب، کورد، کلدانی، ئاشووری و تورکمان، چارەسەرەکان گەشەیان نەکرد؟ بۆچی لەگەڵ هەبوونی کۆدەنگی لەسەر پاراستنی کۆماری ساوا، کەچی سەقامگیری و یەکسانی لە پەیوەندیی نێوان گەلان، بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی بەشێوەیەکی دیموکراتیک، دابیننەکرا ؟

بێگومان کەشی برایەتی، لەسەر ئاستی جەماوەری بوو، هزری بەرپرسە فەرمییەکانی حکومەت نەدەچووە، ناو ئەو بازنەیەوە. لەمبارەیەوە دکتۆر کاوس قەفتان، ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: نەتەوەیی عەرەبەکان، دوژمنی مافەکانی کورد بوون و دوژمنایەتیی خۆیان نەدەشاردەوە. کوتلە نەتەوەییەکان و باڵەکەی ئەوان لە دەسەڵاتدا، کە عارف نوێنەرایەتی دەکردن، دەیانویست یەکێتییەکی دەستبەجێ بەسەر عێراقدا بسەپێنن، بەبێ هیچ حسابیک بۆ بوونی گەلی کورد یان هیچ گوێپێدانێک بە ماف و چارەنووسی گەلی کورد. ئەمەیش لە دژایەتیکردنی ئەم باڵە لە گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ نیشتمانی خۆیان، دەرکەوت. عارف، کە دووەم سەرکردە بوو دوای قاسم، دژایەتیی خۆی بۆ گەڕانەوەی بارزانییەکان دەربڕی، کاتێك شێخ ئەحمەد (بارزانی) پیرۆزبایی لە عارف کرد بەبۆنەی شۆڕشەوە، ئەو بە سووکایەتییێکردن و هەڕەشە وەڵامی دایەوە، لە نووسینگەکەی خۆی و لەناو وەزارەتی بەرگری هەڕەشەی لێکرد، لە بەردەم کۆمەڵێک ئەفسەر و بەرپرسدا، هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر بەرەنگاری دەسەڵات ببنەوە، یان

---

[٥٠] البروفيسورالدكتور كاوس قفطان ،الحركة القومية التحررية الكوردية في كوردستان العراق، ١٩٥٨-١٩٦٤، ، تموز ٢٠٠٤، وزارة الثقافة-المديرية العامة للطباعة والنشر، السليمانية، ص١٢٢

گۆڕایەڵ و ئارام نەبن، ئەوا حکومەت خانووەکانیان بەسەردا دەڕوخێنێت و قڕیان دەکات.[٥١]

هەمیشە هێزە سیاسییە باڵادەستەکانی بەغدا، ڕەگوڕیشەی مێژوویی دیکتاتۆری و ستەم و سەرکوتکاریی میراتی کۆڵۆنیالیزم دەهێڵنەوە، ئەم میراتیە بەبێ گۆڕانکاری لە زهنی سەرکردەکانی بەغداددا، ماوەتەوە. ئەو ڕاستیە پشتگوێدەخرێت کە کوردستان بە زۆر بە عێراقەوە لکێندراوە. مێژووی ڕاپەڕینەکانی کورد شایەدی ڕەتکردنەوەی ئەو مەرجە کۆڵۆنیالیزمەیە، کە بەسەریاندا سەپێنراوە. شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکان لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، تا ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن، ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕەتکردنەوەی کوردە بۆ پلانە ئیمپریالیەکەی بەریتانیا، لە کاتێکدا سەرکردە عەرەبەکان دەبینن کە نزیکەی ٧٥٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە لە خاکی کوردستان کە دەوڵەمەندە بە نەوت، بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی عەرەبی لە ڕووی جوگرافی، سیاسی و ئابووریەوە بە عێراقەوە لکێندراوە، بەبێ خواستی گەلەکەی. بەمشێوەیە سنوورە ئیمپریالییەکان، بوون بە سنووری پیرۆز و قوڕ بەسەر ئەوەی دەستکارییان دەکات، یان دەیەوێت میراتی ئیستیعماری بگۆڕێت. لە ماوەی سەدەی ڕابوردوودا سوپای بەریتانیا و عێراق ڕۆڵی داگیرکەریان لە کوردستان بینیوە و بە هێزی چەک، کۆتاییان بە هەموو بەرگری و بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی کوردی هێناوە.

لە جیاتی چاوخشانەوە بە هۆکارە مێژوویییەکانی پرسی کورد، دەستەبژێری فەرمانڕەوای عێراق پەنایان بۆ بەکارهێنانی زمانی ڕیابازی و موجامەلە بردووە، بە زمان دەڵێن برا کوردەکانمان، باکووری خۆشەویستمان. کەچی ڕاپەڕینەکانی کوردیان بە جیابوونەوە و دروستکردنی ئیسرائیلی دووەم وێنا کردووە، سوپایان ناردووەتە سەر کوردستان و کۆمەڵکوژییان ئەنجامداوە، تا لە کۆتاییدا گەیشتە قۆناغی قڕکردنی بەکۆمەڵ (جینۆساید).

لە قۆناغی یەکەمی تەمەنی کۆماردا، ڕژێمی قاسم لەلایەن نەتەوەییە عەرەبەکانەوە (کە لە دەوری عەبدولسەلام عارف کۆبووبوونەوە) هەڕەشەی لێدەکرا. قاسم لە

[٥١] کاوس قەفتان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢٢.

ڕووبەڕووبوونەوەیاندا، پشتی بە حیزبی شیوعیی عێراق و کورد دەبەست، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا کە لە 14ی تەممووزی ١٩٥٩ دەستی پێکرد، قاسم هەوڵی دا بە هەموو شێوەیەک حیزبی شیوعیی عێراق کۆنترۆڵ بکات، لە ڕاستیدا هەژموونی حیزبی شیوعی، قاسمی هەراسان کردبوو. بۆیە بۆ بەرەنگاربونەوەی شیوعیەکان، پشتی بە توخمە هەلپەرستە مەدەنی و سەربازییەکان و باڵی دژەشیوعی لە حیزبی نیشتمانیی دیموکرات بەست. لەمەدا قاسم سەرکەوتوو بوو لە لەتکردنی (حیزبی شیوعیی عێراقی) بۆ سێ گرووپی ڕکابەری یەکتر، لە هەندێک حاڵەتی تردا تەنانەت توخمە نەتەوەییە عەرەبەکانیشی بەکارهێنا، کە دوژمنی بوون لە ڕابوردووی نزیکدا، هەروەها ئیخوان موسلیمین و پاشماوەکانی ڕژێمی پێشووی بەکارهێنان.

قاسم، بە جێبەجێکردنی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە بەرامبەر حیزبەکان و هەوڵەکانی بۆ لێکترازانیان لە ناوخۆدا، گۆڕی بۆ خۆی هەڵدەکەند، دەرفەتی بۆ دوژمنی ڕاستەقینە لە بەعسییەکان خۆش دەکرد، تا لەناو دامەزراوەی سوپاوە پەلاماری بدەن، بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکانی قاسم لەگەڵ کورد لەم دوو قۆناغەدا باش مایەوە، قاسم هەوڵی دا هەمان سیاسەت دژی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیڕەو بکات، پێش بەستنی کۆنگرەکەی لە بەغدا. جەلال تاڵەبانی لەم بارەیەوە دەڵێت: قاسم، نامەیەکی نارد بۆ خوالێخۆشبوو (عەونی یوسف)، وەزیری نیشتەجێکردن و ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبمان، ناوەڕۆکەکەی ئەوە بوو کە پێویستە مەلا (واتا مەلا موستەفا) لە دەرەوە بهێڵدرێتەوە، چونکە ئەو پیاوێکی عەشایەرییە و ئێوە حیزبێکی مەدەنین. ئامانجەکە تەواو ڕوون بوو، دروستکردنی لێکترازان بوو لە ڕیزەکانی حیزبدا، وەک چۆن لەگەڵ حیزبی نیشتمانیی دیموکراتدا کردی، لە نێوان مامۆستایان کامیل چادرچی و محەمەد حەدید. بێگومان ئێمە درکمان بەمە کرد و بە وەزیرمان ڕاگەیاند کە ئێمە ڕێگە بەلێکترازان نادەین و داواکە قبوڵکراو نییە[52].

حیزبی شیوعیی عێراق، درکی بەو مەیلی دیکتاتۆرییە دەکرد کە لەلای قاسم گەشەی دەکرد، لەبەرئەوە (سەلام عادل) سکرتێری حیزب لە مانگی ئایاری ١٩٥٩دا داوای بینینی

[52] مجلة الوسط الأسبوعية،١٩٩٨/١١/٢٣، حوار مع جلال الطالباني، ص٢٨-٣٣.

قاسمی کرد. له میانەی گفتوگۆکاندا، بارودۆخی سیاسی و ئەو مەترسیانەی بۆ قاسم خستە ڕوو، کە ڕووبەڕووی کۆمار دەبنەوە، هەروەها ئەو شێوازە نوێیانەی کە ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوان پەنای بۆ دەبەن، بەتایبەتی پەرتەوازەکردنی ڕیزەکانی هێزە نیشتمانییەکان و دروستکردنی کەلێن لە نێوان ئەوان و دەسەڵاتدا، بۆ تێپەڕاندنی پیلانەکانیان، ئەوەیش پێویستی بە زیندووکردنەوەی بەرەی یەکێتیی نیشتمانی و دەستەبەرکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ کاری سیاسی هەبوو.

قاسم، پێکەنی و بە پرسیارێك وەڵامی سەلام عادلی دایەوە: کەواتە بۆچی حیزب پێویستی بە ملیۆنێک کەسە؟ (مەبەستی خۆپیشاندانی یەکی ئایار بوو، کە ژمارەی بەشداربووان بە ملیۆنێک مەزەندە دەکرا)! دواتر پرسیارێکی دیکەی کرد: کێ لە حیزبەکان دەتوانێت پەیوەندی پێوە بکات؟ ئایا مەبەستت حیزبی نیشتمانیی دیموکراتە؟ ئەم حیزبە، هەر کاتێک تیرۆر و فشار لەسەر گەل زیاد ببوایە، گەلی بەجێدەهێشت بۆ ئەوەی خۆی چارەسەری خۆی بکات و لە گۆڕەپانەکە دەکشایەوە. سەبارەت بە پارتییش، مەلا موستەفا بارزانی چوو بۆ یەکێتیی سۆڤیەت و سالانێکی زۆر بە ئاسوودەیی لەوێ مایەوە، بەڵام ئێمە لە هەموو بارودۆخێکدا مەترسیمان لەسەر بوو، ئایا تۆ پشت بەوانە دەبەستیت بۆ پاراستنی کۆمار؟!

بەو شێوەیە قاسم، هەوڵی دا دووبەرەکی بخاتە نێوان حیزبە نیشتمانییەکان و نەتەوەییەکان، لە هەوڵدا بوو کورد دژی حیزبی شیوعی بەکاربهێنیت و بەرەی گەل لێک هەڵبوەشێنێتەوە. بە فێڵەوە باسی ئەو حیزبانەی دەکرد کە شایستەی ئازادین و دەبێت ئەو پشتیوانیان بێت. سەلام عادل بە تۆنێکی توند وەڵامی دایەوە: ئێمە ئازادیی پەرتمان ناوێت، تەنانەت ئەگەر بۆ حیزبەکەیشمان بێت.. ئێمە ئازادیمان بۆ هەمووان دەوێت. بۆ هەموو حیزب و هێزە نیشتمانییە دڵسۆزەکان[53].

ڕەنگە یەکێک لە گەورەترین خاڵە لاوازەکانی قاسم، بریتی بووبێت لە هەنگاونەنان بۆ دروستکردنی ڕێکخستنێکی جەماوەریی نوێ، کە لایەنگری خۆی بێت. چونکە بڕوای

[53] سلام عادل سيرة مناضل، الجزء الثاني، ثمينة ناجي و نزار خالد، ص١٧-١٨ الطبعة الاولى٢٠٠١، دارالمدى للثقافة والنشر.

وابوو كه وەک تاکەسەرکردە (الزعيم الأوحد) قبوڵ کراوە و درکی بە ئاستی ڕقی نەتەوەییە عەرەبەکان نەدەکرد بەرامبەری، درکی بە هێزە شۆڤێنییە عەرەبییەکان و توخمە بەعسییە چەکدارە کینە لەدڵەکان نەدەکرد، بەڵکو دژایەتیی حیزبی شیوعیی عێراقی کرد و شەڕی کوردی کرد، بۆیە لە کۆتاییدا ڕژێمەکەی وێران کرد و ئومێدی ئەوانەیشی لەناوبرد، کە خۆشیان دەویست و پشتیوانییان لێدەکرد. حیزبی شیوعیی عێراق، هەوڵی دەدا سیاسەتی حکومەت بە خاوی و لەسەرخۆییەکی زۆرەوە بگۆڕێت، لە ڕێگەی ئەوەی ناوی لێنابوو (فشار لە خوارەوە)، کە بریتی بوو لە جوڵاندنی شەقامی عێراقی و قەناعەتپێکردنی قاسم بە گرتنەبەری داواکارییەکانی شەقامی عێراقی، لە کاتێکدا نەتەوەییە عەرەبەکان و بەعسییەکان بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر، کاریان دەکرد لە ڕێگەی فشار لە سەرەوە، واتە هەوڵدان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە ڕێگەی کۆدەتای سەربازییەوە، بەڵام شیوعیەکان شکستیان هێنا، وێرای ئەوەی گەورەترین حیزبی جەماوەری بوون، کەچی بەعسییەکان سەرکەوتووبوون لە ڕفاندنی دەسەڵات بۆ خۆیان، لەڕێگەی کۆدەتایەکی خوێناویی ترسناکەوە لە ٨ شوباتی ١٩٦٣، هەرچەند بەعس حیزبێکی بچووک بوو.

ڕەفتاری عەبدولکەریم قاسم، ڕەفتارێکی ئەخلاقی بوو. ئەو، چاوەڕوان بوو ئەوانەی خۆی چاکەی لەگەڵ کردوون، پشتگیریی بکەن. لە ڕوانگەی خۆیەوە، وایدەزانی گەڕاندنەوەی مەلا موستەفا و بارزانیەکان بۆ نیشتیمان و ئازادکردنی شیخی بارزان (شێخ ئەحمەد) لە زیندان، لە کارە مەزن و باشەکانە کە بیرناچنەوە و لەو ڕێگەیەیشەوە پشتیوانیی ئەوانی بۆ مسۆگەر دەکات، بێ لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکاریە سیاسییەکان، بەڵام کاتێك لەگەڵ واقیعی ڕەوشی سیاسیی ناجێگیردا تووشی بەریەککەوتن بوون و جیابوونەوە ڕووی دا، ئینجا بارزانییەکانی تاوانبار دەکرد بەوەی بێئەمەك بوون. دەبێت بڵێین شیخی بارزان (شێخ ئەحمەد)، هەر ڕێز و پێزانینی هەبوو بۆ عەبدولکەریم قاسم وەك خۆی و زۆر خەمبار بوو بە کوشتنەکەی و هەمیشە بە باشە لە کۆڕەکانی خۆیدا، باسی دەکرد.

وەرچەرخان (الانعطاف) ١٩٦٠/١٠/٢٣
عیسمەت شەریف وانلی

هەر وەک دەردەکەوێت، لەنێو بەرپرسانی (پ.د.ک)دا، ئاراستەیەک هەبوو بۆ کەمکردنەوەی گرنگیی ئەو ڕۆڵەی عیسمەت شەریف وانلی لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا دەیگێڕا، چونکە عیسمەت لە هەموویان ڕۆشنبیرتر، جێگەی ڕێز بوو، دیدێکی سیاسیی ڕوونی هەبوو لەبارەی مافی گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی. گرنگە لێرەدا ئاماژە بەو سەرنجانە بدەین کە ئەو خۆی، لەبارەی ئەو قۆناغەی دوای کۆدەتاکەی ١٤ی تەممووز تۆماری کردوون، هەروەها لەسەر چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا. با بەدوای تێبینییەکانیدا بچین: ساڵی ١٩٥٨ یان ١٩٥٩ داوایەکم پێشکەش کرد بۆ ئەوەی کۆمەڵەکە "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا" ببێتە ئەندامێکی بەشدار لە (یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی). وشەی بەشدار، ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمە بەشێک لە ئامانجەکانی یەکێتیی گشتی قبووڵ دەکەین و کۆمەڵەکە ئازادیی خۆی دەپارێزێت، لەبارەی ئامانجەکانی و ڕزگارکردنی کوردستان لە داگیرکاری.

لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠دا یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی، کۆنگرەی ساڵانەی خۆی لە بەغدا بە بەشداریی شاندێکی کۆمەڵەکە بەست، کە من سەرۆکایەتیم دەکرد، لە تەنیشتم کاک کەمال فوئاد و کوردێکی عێراقیی دیکە بەناوی محەمەد ئەمین هەورامی، لەگەڵ هاوڕێیەکەم (پێلیکان - Pelikan)[٥٤] لە گفتوگۆدا بووین، کە (بەشداریکردنی ئێمە لەم کۆنگرەیەدا لەسەر پرسی پەیوەندیکردنی کۆمەڵەکەمان بە یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانییەوە بوو. ئایا ئێمە وەک ئەندامی بەشدار یان نا پەسەند بکات؟) ئێمە لە پراگەوە بە فڕۆکە گەشتی بەغدامان کرد، شاندەکان لە ماڵێکی تایبەتی قوتابیان، نیشتەجێکران، شاندی ئێمە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە (پ.د.ک)ـەوە کرد، خۆم پەیوەندیم لەگەڵ مام جەلال بەهێز بوو. شاندی دەوڵەتی عێراقی خاوەنماڵ، بریتی بوو

[٥٤] Pelikan پێلیکان، بەڕەگەز چیکی بوو، خەڵکی پراگ بوو و سەرۆکی یەکێتیی قوتابیانی جیهانی بوو.

لە (یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق) و حیزبی شیوعیی عێراق کۆنترۆڵی کردبوو، کەسێکی شیوعیی عێراقی بەناوی مەهدی حافز، سەرۆکایەتیی دەکرد.

پێش دەستپێکردنی کۆنگرەکە، شاندی عێراقی ئێمەیان برد بۆ سەردانی پێشانگایەکی نەتەوەیی عێراقی. لە پێشانگاکەدا وێنەی جلی نەتەوەیی عێراقیم بینی، لەنێویاندا جلکی نەتەوەیی کوردی، کە لەسەری نووسرابوو جلکی باکووری عێراق، جلکی عەرەبییش کە لەسەری نووسرابوو جلکی باشووری عێراق، بە پەرۆشەوە بە مەهدی حافزم گوت: بۆچی نانووسن 'جلکی کوردی' یان 'جلکی عەرەبی' وەک ئەوەی تەنانەت لە یەکێتیی سۆڤیەتیش دەکرێت کە دان بە نەتەوەکاندا دەنێن، چ ڕووسی بێت یان ئەرمەنی یان ئازەری یان تورکمانی یان هی دیکە؟

پێش دەستپێکردنی کۆنگرەکە، دەقی ئەو وتارەم نووسی کە بەناوی کۆمەڵەکەوە پێشکەشم کرد، دوای سڵاوکردن لە شۆڕشی عێراق (١٤ی تەممووز) و جەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم و دەستووری کاتیی عێراق بۆ دان پێدانان بە بوونی کورد، وەک نەتەوەیەک لە پاڵ نەتەوەی عەرەب و هاوبەشبوونیان لە عێراقدا لە ماددەی سێیەمدا، ڕەخنەم لە ماددەی دووەمی دەستوور گرت، کە دەڵێت عێراق وەک دەوڵەت، دەوڵەتێکی عەرەبییە و بەشێکە لە نەتەوەی عەرەبی، وتم کە ناکۆکی لە دەستووری کاتیدا هەیە بەو پێیەی تەنها عێراقی عەرەبی بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، لە کاتێکدا کوردستانی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی کورد، کە داگیرکاری دابەشیکردووە.

ئەوەی نووسیبووم لەسەر ئەم خاڵە کە ئاماژەم پێدا، بە زمانی فەڕەنسی نووسیبووم. پێش پێشکەشکردنی وتارەکە، بە کەمال فوئاد و محەمەد ئەمینم گوت، کەمال فوئاد گوتی: پارتی دیموکراتی کوردستان تا ئێستا نایەوێت باس لەم خاڵە بنەڕەتییە بکات، بەڵام لە ڕاستیدا بیرکردنەوەی ئەویش وەک هی من بوو، هەردووکیان گوتیان: وتارەکە بەو شێوەیە بدە کە بە ڕاستی دەزانیت. هەر بەو شێوەیەش بوو.

ڕۆژی دواتر، لەگەڵ دەستپێکردنی کۆنگرەکە، وتاری کۆمەڵەکەم بە زمانی فەڕەنسی خوێندەوە.[٥٥] (کە قسەکانم وەرگێڕدران بۆ عەرەبی کە یەکێک بوو لە زمانەکانی

[٥٥] پاشکو : گوتاری عیسمەت لەکۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی جیهانی لە بەغداد ١٩٦٠

کۆنگرەکە)، عێراقییە شیوعییەکان ناڕەزایییان دەربڕی لەسەر وتارەکە، چونکە بە فەڕەنسی نووسرابوو نەک عەرەبی، بەتایبەتی هێرشیان کردە سەرم دەربارەی ڕەخنەگرتنم لە دەستووری کاتیی کۆماری عێراق و داواکردنم بۆ ئەندامێتیی کۆمەڵەکەمان وەک ئەندامی بەشداربوو لە یەکێتیی گشتیی قوتابیان، منیش پێمگوتن: ناچار نیم وتارێک بەناوی ڕێکخراوێکی کوردی کە ئەندامی نا-عێراقی لەخۆدەگرێت بە زمانی عەرەبی بنووسم، لە ڕاستیدا لەنێو شاندە بیانییەکاندا نزیکەی بیست شاند نوێنەرایەتیی کۆلۆنییە فەڕەنسییەکانیان دەکرد لە ئەفریقا و شوێنەکانی تر، کە بوون بە خۆشەویستترین هاوڕێمان، چونکە بە فەڕەنسی قسەم لەگەڵ دەکردن، لە ماوەی نزیکەی دوو ڕۆژدا، کۆنگرەکە گۆڕا بۆ گۆڕەپانێکی شەڕ و ناکۆکی لە نێوان شاندی ئێمە و شاندی کۆماری عێراق، کە بە توندی دژایەتیی پەیوەندیی کۆمەڵەکەیان کرد بە یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانییەوە وەک ئەندامی بەشداربوو، هەواڵی گفتوگۆکان لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرایەوە، لەنێویاندا ڕۆژنامەی (خەبات)، کاتێک جەماوەری کوردستان زانییان چی لەنێو کۆنگرەکەدا ڕووەدات و هەڵوێستی (یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراق ئاشکرا بوو کە هەڵوێستی حیزبی شیوعی بوو) خۆپیشاندانی بەهێزیان ئەنجام دا و ناوەندەکانی حیزبی شیوعییان لە کوردستان تێکشکاند. حیزبی شیوعی، ئەو کۆمەڵانەی کۆنترۆڵ کردبوو کە پێیاندەگوترا ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، واتا ڕێکخراوەکانی قوتابیان، لاوان، ژنان، نووسەران و ڕێکخراوە پیشەییەکانی دیکە، هەموویان لە دەستی حیزبی شیوعیدا بوون نەک پ.د.ک.

لەسەر ئەم بابەتە، بۆ یەکەمجار ڕای گشتی لە کوردستاندا بە قازانجی (پ.د.ک) گۆڕا، زیاتر لە ٥٠ بروسکەم لە کوردستانەوە پێگەیشت، کە هەموویان پشتیوانییان لە هەڵوێستی کۆمەڵەکەمان دەکرد و بانگهێشتنامەیان بۆ ناردین، تا دوای کۆنگرەکە سەردانی کوردستان بکەین. پێش کۆتاییهاتنی کۆنگرەکە، خۆم دەقی وتارەکەم لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕا بۆ عەرەبی و دام بە بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پ.د.ک و سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەی (خەبات)، ئەویش هەر لەو دەمەدا کە لە بەغدا بووم بڵاویکردەوە، لەگەڵ پێشەکییەکی کورتدا کە تێیدا گوترا بوو: حیزب تا ئێستا

نەیویستووە باس لەو پرسانە بکات، کە دەستووری کاتی دەوروووژێنێت لە پێناو پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزدا، ئەمەیش بە مانای پشتگیریی ناڕاستەوخۆ دێت کە پ.د.ک پشتگیری لەوە دەکات کە لە وتارەکەمدا بەناوی کۆمەڵەکەوە هاتبوو، سەبارەت بە ناکۆکیی نێوان ماددەی دووەم و سێیەمی دەستووری کاتیی عێراق.

لەو کاتەدا هەموو شاندە ئامادەبووەکانی کۆنگرەکە، بۆ ئێوارەخوانێک بانگهێشتکران بۆ باخچەیەکی گشتی، کە کەشوهەوایەکی خۆشی هەبوو. جەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم، بە خۆی ئامادەبوو لە پێشوازیکردن لە شاندەکان، سەرۆکی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی (هاوڕێکەم پێلیکان) سەرۆکی شاندەکانی بە سەرۆککۆماری عێراق دەناساند، شاند دوای شاند، دواتر منی بە عەبدولکەریم قاسم ناساند و لە تەنیشتمدا هەردوو برام کەمال فوئاد و محەمەد ئەمین هەورامی بوون.



بلیکان، عیسمەت شەریف بە سەرۆکی دەوڵەتی عێراق عەبدولکەریم قاسم دەناسێنێ. بەغدا ١٩٦٠

ڕۆژی دواتر، ئەفسەرێکی ئاسایشی عێراقی هاتە لام لە شوێنی نیشتەجێبوونی شاندەکانی قوتابیان و پێیڕاگەیاندم، کە دەبێت بە فەرمانی حاکمی سەربازی لە ماوەی ٢٤ یان ٤٨ کاتژمێردا عێراق جێبهێڵم! ئەفسەرەکە کەسێکی بەڕێز بوو، بە کەمال فوئاد و محەمەد ئەمینم گوت کە نامەوێت عێراق جێبهێڵم، بەڵکو دەمەوێت سەردانی کوردستان

بکەم، کە تەنها لە پەرتووکەکاندا دەیناسم، شاندی ئێمە سەدان بانگهێشتنامەی لە ڕێکخراوە کوردستانییەکانەوە پێگەیشتبوو بۆ سەردانی نیشتمان، لە ڕاستیدا بیرۆکەی ئەوە هات بە مێشکمدا کە گوێرایەڵیی فەرمانی حاکمی سەربازی نەبم، تاوەکو بەدەم بانگهێشتی جەماوەری کوردستانەوە دەچم، ئەمە تەنها فەرمانێک بوو بۆ من و پەیوەندیی بە کەمال فوئاد و محەمەد ئەمینەوە نەبوو وەک دوو هاوڵاتی عێراقی.

مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ک)، کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی ئەنجام دا و بڕیاری دا کە دەبێت گوێرایەڵیی فەرمانی حاکمی سەربازی بم، مام جەلال هات بۆ ئەوەی بڕیارەکەم پێ ڕابگەیەنێت و گوتی: ئەگەر سەرپێچیی فەرمانەکە بکەیت و بچیتە کوردستان، ئەوا پۆلیس دێت بۆ گرتنت و بە زۆر لە عێراق دەرتدەکەن، گەر نا بەم کارە (پ.د.ک) دەخەیتە دۆخێکی ناخۆشەوە، ئەگەر حیزب هەوڵی بەرگریکردن لە تۆ بدات، مانای دەستپێکردنی شۆڕشێکی کوردییە، ئێمە ئێستا لە دۆخێکدا نین بۆ ئەنجامدانی شۆڕش. پاشان وتی بەڕێز عیسمەت، (پ.د.ک) لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا ئەوەندەی لە کوردستان بەدەستهێنا، کە لە ماوەی دە ساڵی ڕابوردوودا بەدەستینەهێنابوو.

منیش بە جەلال تاڵەبانیم گوت: کە جەماوەری کورد و سیاسەتی ڕوون و ئامانجە نەتەوەییە جێگیرەکانم، بەلاوە پەسەندترە، پێمگوت: تکایە دەقی وتارەکەی بخوێنەرەوە لە کۆتایی ئەم لاپەڕەیە، من ڕۆژی دواتر عێراقم جێهێشت، پێش ڕۆیشتنم سەردانی مەلا موستەفا بارزانیم کرد لە ماڵەکەی لە بەغدا، ئەمە یەکەم دیدارم بوو لەگەڵی بۆ ماڵئاواییکردن و ڕێزم پێشکەش کرد، ئەو گلەیی لە دیکتاتۆریەتی عەبدولکەریم قاسم کرد، لەوەی کە چەکی بە ئاغاکانی زێباری داوە بۆ هێرشکردنە سەر بارزان، گوتی: چی تر هەست بە سەلامەتیی خۆم ناکەم لە بەغدا و بیر لە گەڕانەوە بۆ بارزان دەکەمەوە.

دوای گەڕانەوەم بۆ سویسرا، ئیبراهیم ئەحمەد درایە دادگا، بەهۆی بڵاوکردنەوەی دەقی ئەو وتارەی کە لە کۆنگرەکەدا پێشکەشم کردبوو، لە ڕۆژنامەی (خەبات)دا. لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە ئەم وتارە، بە واتای هاندان دێت بۆ جیاکاریی نەژادی لە نێوان عێراقییەکاندا، بریکارەکانی قاسم لە ڕۆژنامەکانی لایەنگری حکومەتدا، دەستیان بە

بانگەشە کرد بۆ تواندنەوەی کورد، هەموو ئەمانە یەکێک بوون لە هۆکارەکانی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول دوای چەند مانگێک.

لە ساڵی ١٩٦٠ یان ١٩٦١ کۆنگرەی کۆمەڵەکە لە بەرلین بەسترا، جەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشامان لە تارانەوە بانگهێشت کرد بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەدا، ئەو هات و بە گەرمی پێشوازیمان لێکرد، پێی ڕاگەیاندین کە حکومەتی تاران ڕێگەی پێنەداوە بێتە بەرلین، مەگەر بە یاوەریی ئەفسەرێکی هەواڵگرییانەوە نەبێت، بە جلی مەدەنییەوە، ئەم ئەفسەرە نەهاتە هۆڵی کۆنگرەکە، بەڵکو لە هۆتێلەکەی مایەوە. ئیحسان نووری پاشا گوتی: حکومەتی ئێران ڕێگەی نەدا هاوسەرەکەی لەگەڵی بێت، ئەگەر ئەو لە تاران وەک جۆرە بارمتەیەک نەمابووایە لەلایان، ئەوا نەدەگەڕایەوە بۆ تاران، بەڵکو داوای پەنابەریی لە ئەڵمانیا دەکرد و لە ئەوروپا دەمایەوە.



ئیحسان نووری پاشا و عیسمەت شەریف وانلی و قوتابیانی کورد. بەرلین. ١٩٦١

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١، دەستم بە کارکردن کرد لە بواری نێودەوڵەتییەکاندا، نەک بەناوی کۆمەڵەی خوێندکارانەوە، بەڵکو بەناوی (لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد، یان نەتەوەی کورد). من، لە ڕاستیدا تاکەکەس بووم کە بەم ناوەوە کارم دەکرد و پەیوەندیم بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دەکرد

بەتایبەت لە جنێڤ، بەم ناوەوە و بە خواستی خۆم (بۆیە وازم لە وانەگوتنەوە لە پاریس هێنا)[٥٦]، حکومەتی فەڕەنسا لقی تایبەتی بۆ فێرکردنی شارستانیەتی کوردستان لە زانکۆی سۆربۆن کردەوە، بە پێشنیاری دکتۆر کامەران بەدرخان، یەکەمجار بوو لە جیهاندا بۆ فێرکردنی شارستانیەت و مێژووی کوردستان، کارێکی لەو جۆرە بکرێت. وەزارەتی پەروەردەی فەڕەنسا، عیسمەت شەریفی وەک وانەبێژ لەم بەشە نوێیەدا دامەزراند. (سەرچاوە: یاداشتەکانی عیسمەت شەریف وانلی - چاپنەکراو).

هاوینی ساڵی ١٩٦٢ هەواڵێکم لە لایەن خوالێخوشبوو (عەبدوڵا ئیسحاق)ی سکرتێری (پ.د.ك) لە ئێران پێگەیشت، کە لە بەیروت بوو، پرسیبووی ئایا دەتوانم بچم بۆ بەیروت بۆ بینینی؟ ئەو وتبووی کە هەواڵی لەلایەن مستەبارزانی و شۆڕشەوە پێیە.

ئێمە ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی گەشت بکەم، بە ڕێگەی دەریایی گەشتم کرد، عەبدوڵڵا ئیسحاقی و چەند کوردێکی دیکەی بەیروت لە بەندەر چاوەڕێم بوون. ئەو، شوقەیەکی بچووکی بەکرێگرتبوو، دەستی بە پەیوەندیکردن بە ناوەندە ڕۆژنامەوانییەکانی ڕۆژئاوا لە بەیروت کردبوو، منیش بووم بە میوان لە شوقەکەی و نزیکەی دوو هەفتە پێکەوە ماینەوە، هیچ پەیامێکی لەلایەن شۆڕشەوە بۆ من پێنەبوو، بەڵکو گوتی کە بارزانی پرسیاری کردووە بۆچی من لەگەڵ شۆڕشدا کار ناکەم؟ منیش پێمگوت: ئەمە ئەو کارەیە کە بە ویستی خۆم دەستمپێکردووە بەناوی (لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد). پاشان من گەڕامەوە ئەورووپا و ئەویش لەگەڵ بەرپرسی نووسینگەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانا ئادەمز شمیدت (Dana Adams Schmidt)، گەڕایەوە کوردستانی عێراق. کە لە ناوەندی شۆڕشدا، چاوی بە بارزانی کەوت و کتێبێکی لەسەر نووسی لە ساڵی ١٩٦٤، بەهۆیەوە خەڵاتێکی ڕۆژنامەوانیی ئەمریکی بەدەستهێنا.

ئیسحاقی کە نازناوی (ئەحمەد تۆفیق) بوو، لە خزمەتی بارزانیدا بوو و زۆر دڵسۆزی بوو، کەسێکی ئازا و زیرەک و بوێر بوو، قەناعەتی بەوە هەبوو، کە لە بەرژەوەندیی

[٥٦] حکومەتی فەڕەنسا بەشێکی تایبەتی لە زانکۆی سۆربۆن کردەوە بۆ خوێندنی شارستانیەتی کوردستان، ئەمەش یەکەمجار بوو لە جیهاندا بەشێکی وا بکلرێتەوە بۆ خوێندنی شراستانێتی کورد

هەموو حیزبەکانی نەتەوەی کورددایە، کە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی کوردستانی عێراق کار بکەن، واتە بیرۆکەکانی زۆر نزیک بوون لە بیرۆکەکانی من، دواتر زانیم کە حیزبی بەعس کوشتوویانە، بەڵام نەمزانی کەی کوشتویانە[٥٧]. لە ساڵی ١٩٦٣ دەستم لە سەرۆکایەتیی کۆمەڵەکە کێشایەوە و کاک کەمال فوئاد، وەک سەرۆک هەڵبژێردرا، ئەمەیش بە ویستی خۆم بوو بۆ ئەوەی زیاتر کار بکەم بەناوی (لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد)[٥٨]

ئەوەی خوێندمانەوە، ئاستی پشتیوانی و کاریگەریی ڕۆشنبیرانی نەتەوەی کورد نیشان دەدات، لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشووری کوردستان. عیسمەت شەریف وانلی، کوردی باکووری کوردستانە، لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی زقیکەیە کە دەڕوانێت بەسەر شاری واندا، باپیری لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کۆچی کردووە بۆ شام و لە گەڕەکی کوردان لە دیمەشق ژیاوە، کە عیسمەت لەوێ لەدایکبووە.

عەبدوڵڵا ئیسحاقی، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران)، لە مەهاباد لەدایکبووە، جەمیل مەحۆ، کە دواتر بوو بە (سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردی لە لوبنان) لەو کوردە کۆچبەرانە بوو، کە لە باکووری کوردستانەوە کۆچیان کردبوو بۆ لوبنان. ئەمیر کامەران بەدرخان، لە کوردانی باکووری کوردستان بوو، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دروستکردنی پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی کوردی لەگەڵ دەرەوە و چاوی بە ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئیسرائیلی کەوتبوو، لەوانەیش گۆڵدا مائیر.

ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە، هەوڵیان دەدا دەنگی خۆیان لە ئەورووپا بگەیەنن، (کۆمەڵەی قوتابیان لە ئەورووپا) لە شاری ڤیسبادن لە ساڵی ١٩٥٦ دامەزرا، عیسمەت شەریف وانلی دەڵێت: تەنها ١٧ یان ١٨ قوتابی بووین، هەموویان لە کوردانی عێراق یان سووریا بوون و زۆربەیان شیوعی بوون یان لەژێر کاریگەریی حیزبە شیوعییەکاندا بوون، ئەم کەسانە نەیاندەویست هیچ کۆمەڵەیەکی

[٥٧] کۆمینتی نوسەر (احمد توفیق) لەبەغدا ساڵی١٩٧٢ لەسەردەستی ئاسایشی بەعس کوژرا.

[٥٨] لە دەستنوسێکی عیسمەت شەریف وانلی لە ٣٠ ئاداری ٢٠٠٣ نوسیوێتی٠لۆزان(کورتەیەک لەژیانی خۆیشی نوسیوە)

کوردی دابمەزرێنن، بەهۆی بوونی کۆمەڵەی قوتابیانی عێراقی یان سووری یان ئێرانی.. هتد. پاشان بەهۆی پێداگریی ئێمەوە قبوڵیان کرد، بەڵام لە هەڵبژاردنەکاندا تەنها یەک دەنگیان بەدەستهێنا، چونکە من خۆم دەنگم نەدەدا و کۆمەڵەکە تەنها لەسەر کاغەز مایەوە. تێبینی دەکەم کە خوالێخۆشبوو عەبدولڕەحمان قاسملوو لە پراگەوە ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوو (بەهۆی ئاراستە شیوعییەتەکەی)، دوای شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم و ڕووخانی پاشایەتیی عێراق لە ساڵی ١٩٥٨، کۆبوونەوەیەکی گشتیمان لە لەندەن ڕێکخست، لەوێ دەستووری کۆمەڵەکەمان هەموار کردەوە و برادەران منیان وەک سەرۆک هەڵبژارد. خوالێخۆشبوو نوورەدین زازا، دەستپێشخەری کردبوو بۆ بانگەوازکردن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەکە، بەڵام ڕاستەوخۆ دوای کۆنگرەی ڤیسبادن لە ساڵی ١٩٥٦ گەڕایەوە سووریا.

لە ساڵی ١٩٥٨وە بەناوی کۆمەڵەکەوە، لە ئەوروپا دەستم بە گەشتکردن کرد، یەکێک لە سەرەتاییترینی گەشتەکانم لە ساڵی ١٩٥٩ بوو، کە بەناو ئەڵمانیا و پاشان سوید و فینلاند و ڕووسیای سۆڤیەتدا تێپەڕیم، بۆ لینینگراد و پاشان مۆسکۆ. لەوێ لەگەڵ خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ و برایان جەلیلی جەلیل و ئوردیخان ئاشنا بووم، من لەسەر گەشتەکانم دەمنووسی و لە ڕۆژنامەی (خەبات) بڵاودەکرانەوە، لە ساڵی ١٩٥٩دا لە سەردانێکیدا بۆ ئەوروپا، جەلال تاڵەبانیم بینی و زۆر لە یەکتر نزیکبووینەوە. بەهۆی چالاکیی کۆمەڵەکە و بەرزبوونەوەی ناوبانگی لە کوردستان، قوتابییە شیوعییەکان زۆریان لێدەکردین پەیوەندی بە کۆمەڵەکەمانەوە بکەن (ئەوانەی پێشتر بایکۆتیان کردبوو و نەیاندەویست بوونی هەبێت)، بەڵام ئێمە تەنها ژمارەیەکی کەمان قبوڵ دەکرد، زۆرینەی ئێمە لایەنگری (پ.د.ک) و بارزانیی پاڵەوانی گەلەکەمان بووین.

کاتێک ناکۆکی لە نێوان سەرکردایەتیی مەلا موستەفا و مەکتەبی سیاسیدا ڕووی دا، تووندوتیژی لە نێوان هەردوولادا بەکارهات، کەمال فوئاد پێشنیاری بۆ عیسمەت شەریف کرد، کە گەشت بۆ کوردستان بکات، بۆ چاککردنی ئەو درزەی لەناو حیزبەکەدا دروست بووە، ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و ئەندامانی دیکە، پاش پێکدادانی چەکداری لەگەڵ هێزەکانی مەلا موستەفادا، پەنایان بردبووە بەر ئێران. عیسمەت دەڵێت: ئەمە لە مانگی ئەیلول ڕووی دا، من و کەمال فوئاد لە ڕێگەی گەڕانەوەمان بۆ کوردستان سەردانی

تارانیشمان کرد، چەند شەوێک لەو ماڵەدا مامەوە کە برایانی مەکتەبی سیاسی لە گەڕەکێکی باکووری شارەکەدا تێیدا نیشتەجێبوون. ئەوانیش برام بوون، بەتایبەتی مام جەلال. لەوێ لەگەڵ خوالێخۆشبوو موقەدەم عەزیز شەمزینی ئاشنا بووم، ڕێزم لێیدەگرت بۆ نووسینی تێزەکەی لە یەکێتیی سۆڤیەت، سەبارەت بە پرسی کورد و بە زمانی ڕووسی، وەرگێڕانێکی عەرەبیی تێزەکەیم لە (خەبات)دا خوێندەوە، پاشان من و کەمال فوئاد بەرەو کوردستانی عێراق بەڕێکەوتین (بە هاوکاریی قاچاغچییەکان)، لە ڕانیە و لە ماڵەکەی چاوم بە بارزانی کەوت و وێنەیەکی دووانەییم لەگەڵیدا هەیە لە چیاکانی نزیک ڕانیە.




عیسمەت شەریف لە سەردانێکدا بۆ لای مەلا مستەفا، لە هەوڵێکدا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی، ساڵی ١٩٦٤

بەداخەوە ئەم هەوڵانە بەرهەمیان نەبوو، وانلی زیاتر دەدوێ و دەڵێت:

بارزانی پێی گوتم: کێشە نییە، هەوڵ بدە. لە ڕاستیدا مەلا موستەفا دڵگەرم نەبوو بەم نێوەندگیرییە، من و کەمال [فوئاد] دوو جار گەڕاینەوە بۆ تاران، هەر جارێک لە میوانداریی براکاندا بووین، یان بەڕاستتر لە میوانداریی حکومەتی ئێرانیدا بووین (وێنەیەکمان هەیە پێکەوە لەگەڵ برایانی مەکتەبی سیاسی لەسەر باڵکۆنی ماڵەکەیاندا)، هەوڵەکان لەو کاتەدا سەرکەوتوو نەبوون لە چاککردنی نێوان سەرکردایەتیی بارزانی و مەکتەبی سیاسیی (پێشوو)، بەڵکو بارزانی (حەبیب کەریم)ی وەک سکرتێری نوێی (پ.د.ک) دەستنیشانکردبوو.



عیسمەت لەگەڵ وەفدی مەکتەبی سیاسی. تاران ١٩٦٤



لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، ساڵی ١٩٦٤ لە تاران

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە، وێڕای ئەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی هەردەم لە بەردەم هەڕەشەی هەڵمەتە بەردەوامەکانی سوپای عێراقیدا بوو، کەچی هەردوو لایەنی کوردیش بێگوێدانە ئەو مەترسیانەی بەرەوڕووی گەلی کورد دەبووەوە، هەمیشە بە شەڕ دەهاتن، ناکۆکیەکانی نێوانیان لە ڕێگەی هێزەوە چارەسەر دەکرد و سوور بوون لەسەر هەڵوێستی شەڕانگێزییان، نەك بە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ، هیچ نەبێت لەبەر بەرژەوەندیی گەلەکەیان کەمێک سازشیان بۆ یەکتر نەدەکرد! ئەم شێواز و ڕەفتارەی سەرکردایەتیی کورد، هەمیشە کێشەی کوردی بەرەودواوە بردووە و ڕێگر بوون لەوەی پرسەکە بەرەوپێش بچێت و سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی گەلی کورد

باجێکی قورسی ئەو ناکۆکیانەی داوە، چۆن خەڵك خرایە دۆخی شەڕی ناوخۆ، لە هەمان کاتدا باجی دوو شەڕ بدات؟ شەڕێک دژی حکومەتێک کە ستەمکارە و بەردەوامی دەدات بە داگیرکاری و نکوڵی دەکات لە مافەکانی ئەو گەلە، لە هەمان کاتیشدا شەڕێکی ناوخۆیی کە سەرکردەکانیان لەپێناوی تەماحی خۆیاندا هەڵیانگیرساندوە. جارێکی تر با بزانین عیسمەت شەریف چی دەڵێت:

بە یاوەریی مام جەلال، لە تاران سەردانی ئیحسان نووری پاشامان کرد لە ماڵەکەیدا، پاشا داوای کرد بە دەنگێکی نزم قسە بکەین چونکە دیوارەکان بێگومان پڕن لە مایکرۆفۆن بۆ سیخوڕیکردن بەسەرییەوە، بە چرپە باسی خواستی خۆی بۆ نووسینی یادەوەرییەکانی سەبارەت بە ئاگری داغ بۆ کردین، وێنەیەکمان پێکەوە لە ماڵەکەیدا گرت لە (١٩٦٤). دواتر عیسمەت گەڕایەوە بۆ ڕانیە، لەوێ ئاماژە بەوە دەکات: گەڕامەوە بۆ ڕانیە و برایانی بەرپرس لە شۆڕش، داوایان لێکردم بەشدار بم لە کۆبوونەوە جەماوەری و حیزبییەکاندا بۆ دامەزراندنی (ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش) و داڕشتنی یاساکانی، بووم بە ئەندام لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بەڵام حیزبی نەبووم. لەسەر داوای بارزانی و بەناوی ئەوەوە، بووم بە وتەبێژ لە دەرەوەی وڵات و نوێنەری شۆڕش لە دەرەوە.

لەکاتی مانەوەی وانلی لە کوردستاندا، هەستی دەکرد بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کورد بتوانێت لە بەرامبەر هێرشەکانی سوپایەکی سەردەمییانە و باڵادەستدا بەرگری لە خۆی بکات، پێوستە چەك دابین بکرێت. دەڵێت: لەکاتی مانەوەم لە ڕانیە لە هاوین و سەرەتای پاییزی ١٩٦٤دا، بۆم دەرکەوت کە شۆڕشگێڕانی کورد پێویستیی تەواویان بە چەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای بەغدا، جگە لە تفەنگی (برنۆ)ی چیکۆسلۆڤاکی، شتی ئەوتۆیان نەبوو و ئەویش بەس نەبوو. لێکۆڵینەوەیەکی کەسیم لەگەڵ هەندێک لە سەربازە کوردەکاندا کرد دەربارەی پێداویستییەکانیان، شەوێک لەگەڵ بارزانی و لەژێر خێمەکەیدا بەتەنها بووم، لێم پرسی: ئایا دەیەوێت بچم بۆ ئیسرائیل بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی؟ ئەویش گوتی: بەڵێ! ئیدی ئەم وەڵامە، بۆ من بەس بوو. دەربارەی لێکۆڵینەوە کەسییەکانم سەبارەت بە پێداویستییەکانی شۆڕش، قسەم بۆ کەس نەکرد.

دوای دوو ڕۆژ، گەڕامەوە بۆ تاران و ئەو شەوە لە مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ك) مامەوە، پاشان سەردانی جەنەڕاڵ پاکڕەوان (سەرۆکی ساواکم کرد کە ئەم پۆستەی دوای جەنەڕاڵ بەختیار ومرگرت)، پاکڕەوان کەسێکی باش بوو، حەزی دەکرد بە زمانی فەڕەنسی قسەم لەگەڵ بکات کە زۆر بە باشی دەیزانی (زۆر خەفەتم خوارد کاتێک بیستم لەلایەن شۆڕشی ئیسلامییەوە لەسێدارەدراوە)، هەر کاتێک بە تاراندا تێپەڕیبام، سەردانم دەکرد. دوای قسەکردن، ئەمجارە لێیپرسیم ئەگەر هەر داواکارییەکم هەبێت؟ پێمگوت: بەڵێ، دەمەوێت سەردانی ئیسرائیل بکەم، ئەویش گوتی: باشە، ئەوەی پێویست بێت دەیکەم بۆ ئەوەی گەشت بکەیت. لەو کاتەدا لە تاران، باڵیۆزخانەیەکی نافەرمیی ئیسرائیل هەبوو، لەژێر پەردەی نووسینگەی بازرگانیدا، وەک جەنەڕاڵ پاکڕەوان گوتی، ڕۆژی دواتر بە هێلیکۆپتەرێک لە تارانەوە گەشتم کرد بۆ ئیسرائیل، لە فڕۆکەخانەی ئیسرائیلیدا بەرپرسێکی هەواڵگریی ئیسرائیلی بە پلەی عەقید و بە جلی مەدەنییەوە چاوەڕێم بوو، کەسێکی بە ئەدەب بوو و فەڕەنسیشی بە باشی دەزانی، سەرەتا چووینە ماڵەکەی و ژنەکەیم ناسی، پاشان بەرنامەیەکی چاوپێکەوتنی نهێنی، بەڵام فەرمیی لەگەڵ گەورەبەرپرسانی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ ڕێکخستم، لێیپرسیم ئایا بەرنامەکە باشە؟ منیش گوتم: تۆ باشتر دەزانی (ناوی عەقید ئەلۆف بوو). لەنێو گەورەبەرپرسانی کە لەوێ بینیمانن سەرۆک وەزیران بوو (لێڤی ئیشکۆل: لە پارتی کرێکاران)ی شیمۆن پێرێز بوو (کە تا ئێستایش سەرۆکی پارتی کرێکارانە و جێگری سەرەکوەزیران بوو لە حکومەتەکەی شارون[٥٩]، لەو کاتەیشدا وەزیری دابینکردنی چەک و تفاقی سوپا بوو)، لەگەڵ پێرێز و ئەلۆفدا پێکەوە، لە ماڵی فەرماندەی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل نانمان خوارد، هەروەها بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی دەرەوە بوو کە وەك یادم بێت ناوی هێرتسۆگ بوو (ئەگەر یادەوەریم دروست بێت دواتر بوو بە سەرۆککۆمار کە تەنها پۆستێکی فەخرییە)، هەروەها بەڕێز ئەلۆف بەرنامەیەکی نیمچەگەشتیاریی بۆ ڕێکخستم، ناوی من لەوێ بەڕێز کۆهین بوو، سەردانی قودس، دەریای مردوو،

[٥٩] ، ساڵی٢٠٠٥ شیمون پیریس پارتی کرێکارانی بەجێهێشت و بوە ئەندام لە حزبی کادیما دواتر بوە سەرۆکی ئیسرائیل.

دەریاچەی تەبەرییە، پەرلەمان، کێڵگە بە کۆمەڵەکان و سەردانی بینایەکی ژێرزەویمان کرد، کە بۆ یادەوەریی ملیۆنەها جووڵەکە بوو کە بوونە قوربانیی نازیزمی هیتلەری، هەروەها سەردانی تەڵئەبیب و کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەڕاستمان کرد. داواکارییەکانی من کە پێشکەش بە عەقید ئەلۆفم کردن، بریتی بوون لە ناردنی یارمەتی بۆ شۆڕشی ئەیلوول، وەك: تۆپ، دەرمان، دۆشکەی قورس و ئەگەر بکرێت بڕێک پارە. هەروەها دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش، ئەگەر بشکرێت ئامادەکردنی هەندێک گەشت بۆ من بۆ قسەکردن بەناوی شۆڕشەوە لە دەرەوە.

دوای گەڕانەوەم بۆ ڕانیە، ئیسرائیل پیاوێکی نارد بۆ پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و دەسەڵاتدارانی ئیسرائیلیدا، کە بە ئامرازی پەیوەندیی تەکنیکی، پڕچەككرابوو. لە دەرەوەی شارۆچکەکە دەڕیا، ئێمە پێماندەگوت هاوڕێی ئازیز. لە ڕاستیدا من داوای ئەم یارمەتییانەم نەکرد بۆ ئەوەی دژی عەرەب بەکاریبێنین، بەڵکو بۆ بەرگریکردن لە گەلی کوردی چەوساوە و یارمەتیدانی بوو، خودی فەلەستینییەکان و سەرکردایەتییان لە ئێستادا، پەیوەندیی هاوکارییان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە بۆ دامەزراندنی ئاشتی و کۆتاییهێنان بە چەوساندنەوەی گەلی فەلەستین. من ڕێزێکی تەواوم بۆ خەباتی ئەوان هەیە، تەنانەت ئەمە ئەوەیە کە لە تێزی دکتۆراکەمدا نووسیومە کە ئاماژەی پێکرا (کوردستانی عێراق قەوارەیەکی نەتەوەیی..) و تێیدا جەختم لەسەر مافی هەردوو گەلی ئیسرائیلی و فەلەستینی کردووەتەوە، لە دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دوو دەوڵەتی دراوسێ لە سایەی ئاشتی و هاوکاریدا، بۆ بەرژەوەندیی هەردوولا. تەنانەت من ئەم چارەسەرەم بینیبوو، پێش ئەوەی ئەو دوو گەلە ناوبراوە باوەڕیان پێی بێت. ئەمە ئەوەیە کە ماوەی چل ساڵ و زیاترە دەیڵێم، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سایەی برایەتی و هاوکاریی نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوە دراوسێکاندا، لەگەڵ یەکسانیی تەواو و گشتگیر لە نێوان کورد و عەرەب و عەجەم و تورکدا، هەموو گەلێکیش مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و سەروەری لەسەر خاکی وڵاتەکەیدا هەبێت، ئەمەیش هەروەها ئەوەیە کە بە بەردەوامی لە هەموو نووسین و وتارەکانمدا دووبارەم کردوونەتەوە.[٦٠]

[٦٠] مذكرات عصمت شريف وانلي. چاپ كراوە

لە ڕاستیدا ئیبراهیم ئەحمەد، پێش وانلی کەوتبوو لە پەیوەندیکردن بە ئیسرائیلییەکانەوە، وانلی ئاماژە بەوە دەکات: کاتێک لە وەزارەتی دەرەوە بووم، بەڕێوەبەری گشتی پێیگوتم: دروستبوونی ناکۆکی لەناو شۆڕشی کوردیدا لە نێوان سەرکردایەتیی باڵا و مەکتەبی سیاسی، شتێکی جێگەی داخ بوو. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و عەقید عەزیز شەمزینی سەردانیان کردین و کەسێکی ژیرمان دۆزییەوە، پێمگوتن کە ئێمە کار دەکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە لەناکاوە. ئیبراهیم ئەحمەد، هەوڵەکانی لەسەر چەند خاڵێک چڕ کردبووەوە:

١. ئامێری ڕاگەیاندن [کۆدکراو]، بۆ پەخشکردن لەسەر شەپۆلی ئەسیر

٢. دابینکردنی چەک بۆ یەکەکانی پێشمەرگە. لە مانگی تەممووزی ساڵی ١٩٦٣دا و بە داواکاریی ئیبراهیم ئەحمەد و داواکاری لە [نوێنەری ئیسرائیل]، یەکەم کەسێکی کورد وەک تەکنیککاری ڕادیۆ، مەشقی پێکرا و نازناوی ئەندازیاریی لێنرا، ئەم ئەندازیارە لە سەنگەری ئیبراهیم ئەحمەدەوە گواستراییەوە بۆ سەنگەری بارزانی و لەوێوە وێستگەیەکی ڕادیۆی بەڕێوە برد، تا شکستی شۆڕشی کورد لە مانگی ئازاری ١٩٧٥ [٦١] ئیبراهیم ئەحمەد، پەیوەندیی بە وەرگرتن و ناردنی یەکەم کاروانی چەکی ئیسرائیلی بۆ کوردستانەوە هەبوو، کە گواستنەوەی یەکەم لە دە مووشەکی بازۆکا و فیشەکەکانیان پێکهاتبوو، ئەو چەکانە لە ١٨ی تەممووزی ١٩٦٣ گەیشتنە شوێنی خۆی.[٦٢]

لە کاتێکدا ئەندازیاری ئەم پەیوەندییە، دکتۆر کامەران بەدرخان بوو کە چەندین ساڵ پێش ئیبراهیم ئەحمەد و وانلی، کاری بۆ خۆشکردنی ئەو پەیوەندییە کردبوو لە ساڵانی پەنجاکانەوە. شلۆمۆ نەقەدیمۆن، دەربارەی سەرەتای دروستکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ تاران و تەلئەبیب دەڵێت: کۆبوونەوەیەک لە نێوان دوو بەرپرسی باڵادا بەسترا لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە پاریس، یەکێکیان ئیسرائیلی و ئەوی دیکەیان ئێرانی بوو، یەکەمیان بە دووەمی گوت کە کورد داوای یارمەتیی لە ئێمە دەکەن و لە بەرژەوەندیی ئێمەدایە یارمەتییان بدەین، بەڵام بێ ڕەزامەندیی ئێوە ئەو کارە ناکەین. پاشان بەرپرسە

٦١.شلومو نکدیمون. سەرچوەی پێشوو ،ل : ١٠١

[٦٢] هـ.س ،ل٩٩

ئیسرائیلییەکە وردەکاریی قسەکانی کە لەگەڵ ئەمیر کامەران بەدرخان کردبووی پێشکەش کرد، ئێرانییەکە بەم پشتگیرییە دڵخۆش بوو، کۆبوونەوەکە بووە هۆی ڕێککەوتنێک لە پێنج خاڵدا لە نێوان تەلئەبیب و تاراندا، ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە هێشتا ئاشکرا نەکرابوو، مائیێر عامیت بەڕێوەبەری مۆساد وتی: هەستێکی ناکۆک لەلایەن شاوە هەبوو، لەلایەک دڵخۆش بوو بە دروستکردنی ئاژاوە بۆ عێراقییەکان و لەلایەکی ترەوە ترسی لە کاریگەریی ئەگەری سەرکەوتنی کورد لە عێراقدا لە دامەزراندنی حوکمێکی ئۆتۆنۆمی هەبوو، ترسی کاریگەریی ئەم ئۆتۆنۆمییەی لەسەر ملیۆنەها کورد لە وڵاتەکەی خۆیدا هەبوو.[٦٣]

بەوشێوەیە پەیوەندییەکان لە نێوان تاران - تەلئەبیب و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردیدا، هاتنەئاراوە و پتەوتربوون، بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش بگرێتەوە، پێویست بوو چاوەڕێ بکرێت تا سەرەتای حەفتاکان لەسەر داوای شای ئێران، بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی (CIA) لە واشنتۆن (ڕیچارد هێڵمز) پێشوازیی لە شاندێکی کوردی کرد کە لە (د. مەحمود عوسمان و ئیدریس کوڕی مەلا موستەفا) پێکهاتبوو لە ٥ی تەممووزی ١٩٧٢دا، دەمێنێتەوە بزانین کە چۆن یارمەتییە دەرەکییەکان لەلایەن سەرکردایەتیی کوردەوە لە پاشەڕۆژدا بەکاردەهێنرێن.[٦٤]

[٦٣] شلۆمۆ نکدیمون، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

[٦٤] ، پاشبەندی گوتاری عیسمەت شەریف وانلی، لە کۆنگرەی قوتابیانی جیهانی لەبەغداد بەرواری ٢٩٦٠/١٠/٢٣، خەبات لە ژمارەی٣٤٤ سێشەممە، ١٩٦٠/١٠/٢٥ پەخشیکردوە.

سواربوونی شەپۆلی دەرەبەگایەتی بەرەو خەباتی چەکداری

دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی، هۆکاری داڕمانی پەیوەندیەکانی نێوان کورد و حکومەتی قاسم دەگێڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١. دابینکردنی چەک و پارە بۆ دەرەبەگە زێباری و برادۆستەکان، قاسم چەک و پارەی بە دەرەبەگە زێباری و برادۆستەکان کە دراوسێی بارزان بوون، دەدا. ئەم دەرەبەگانە، لە ساڵی ١٩٤٥دا هاوکارییان لەگەڵ هێزی ئاسمانیی بەریتانیدا کرد بۆ لێدانی کورد و ناچارکردنیان بۆ پەنابردنە بەر کوردستانی ئێران. لە مانگی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٦٠دا، عیسمەت شەریف داوای لە مەلا موستەفا کرد کە خۆی بچێتە لای زێباریيەکان و داوایان لێ بکات کۆتایی بەو کارانە بهێنن، مەلا موستەفا وەڵامی دایەوە: خۆت ماندوو مەکە، ئەم هەوڵە هیچ سوودێکی نییە.[٦٥] لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٥٩دا، چەتە زێباریيەکان هەندێک جار بە یاوەریی هێزەکانی پۆلیسی عێراق، هێرشیان دەکردە سەر ناوچەکانی بارزان بۆ دزینی مەڕومااڵت و کوشتنی هاوواڵتیان.[٦٦]

٢. سەردانی مەلا موستەفا بۆ مۆسکۆ لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٠دا، بانگهێشتی بارزانی لەلایەن حکومەتی سۆڤیەت بەبۆنەی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، بە گەرمی پێشوازی لێکرا. لە ئاهەنگی ڕێزلێنانەکەدا، ئەو نزیکتر بوو لە خرووشۆفەوە تا ئەو ژمارە ئەندامەی شاندی فەرمیی حکومەتی عێراق. ئەم شێوازی نزیکییەی بارزانی، قاسمی بێزار کرد، مەلا موستەفا لە سەرەتای ساڵی ١٩٦١دا گەڕایەوە بەغدا.

جەلال تاڵەبانی ئاماژە بەوە دەکات کە دوای کوژرانی ئەحمەد ئاغای زێباری، پەیوەندیی نێوان قاسم و مەلا موستەفا بەرەو خراپی چوو: هۆزە کوردییەکانی زێباری، برادۆست و سوورچی دەستیان کرد بە سەردانی بەغدا و لای عەبدولکەریم قاسم گلەیی

[65] Ismet Cheriff Vanly. Le Kurdistan Irakien Entité Nationale. Etude de la Révolution de 1961. Page : 81-85. Editions De La Balconnière. 1970. NEUCHATEL.

[66] Ibid. Page :89

و سکاڵایان دەکرد، هەندێک جاریش شتی ناڕاستیان دەگوت بەمەبەستی ئاژاوەگێڕی دژی مەلا موستەفا، ئەمەیش هۆکاری دیکەی بۆ تێگەیشتنی خراپ و ئاڵۆزتربوونی پەیوەندی نێوان هەردووکیان زیاد کرد.

تاڵەبانی درێژە بە قسەکانی دەدات: لێرەدا شتێک ئاشکرا دەکەم: گرژیی نێوان هەردوو پیاوەکە زیاد بوو، سۆڤییەتییەکانیش ئاگادار بوون، ئێمە ئەفسەرمان لە سوپای عێراقدا هەبوو، بەتایبەتی لە هەواڵگریی سەربازیدا، هەواڵێکیان دزە پێکرد کە عەبدولکەریم قاسم لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ سەرکردەکانی عێراقدا، گوتوویەتی: 'مەلا، ئارام بگرێت و بەڵگەکان نەسووتێنێت، ئەو بەڵگانە بریتین لە کۆمەڵێک نامە کە لە نێوان خۆی و ئەفسەرانی سیاسیی بەریتانی و حکومەتی بەریتانیادا ئاڵوگۆڕکراون و لە دۆسیەکانی وەزارەتی ناوخۆی عێراقدا هەن' کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتە دەستمان و مەلا هەستی کرد کە پەیوەندییەکەی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا وەک جاران نەماوە، سۆڤیەتیەکان بانگهێشتی مەلا موستەفایان کرد بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩٦٠، بۆ دووركەوتنەوە لە پێکدادانی نێوان هەردوو پیاوەکە، پلانی سۆڤیەت ئەوە بوو کە عێراقیەکان مەلا ببینن، وەک چۆن لەگەڵ ئەو سەرکردە شیوعییانەدا کردیان، کە لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا ناکۆک بوون.[٦٧]

جەلال تاڵەبانی دەڵێت: پێشوازییەکی باش لە مەلا کرا لە مۆسکۆ و قەرەبووی چەکەکانی پێ درایەوە، کە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان، لەگەڵ خۆی بردبوونی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت. مەلا موستەفا، ترسی ئەوەی هەبوو کە سۆڤیەتیەکان ڕێگەی گەڕانەوەی خێرای پێ نەدەن، لەبەرئەوە پەیوەندیی بە جەلال تاڵەبانییەوە کرد تا بەناوی حیزبەوە، پەیامێک بۆ باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا بنێرێت و داوای پێویستیی گەڕانەوەی بکەن بۆ بەغدا، جەلال تاڵەبانی دەڵێت: وا بڕیار بوو من یاوەریی بکەم [یاوەریی مەلا موستەفا بۆ مۆسکۆ]، بەڵام پەیوەندیی پێوەکردم و داوای لێکردم کە پەیامێک بۆ باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا بنێرم، کە تێیدا ئاماژە بەوە بکرێت کە

[٦٧] جلال الطالباني: المجلة الاسبوعية الوسط. العدد ٣٥٧. ٣٠ تشرين الثانى- ٦ كانون الاول .١٩٩٨ ص: ٢٢-٢٣-٢٤-٢٥-٢٦-٢٧

بارودۆخی حیزب و کوردستان پێویستی بە گەڕانەوەی مەلا بۆ عێراق هەیە، ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی ڕۆژنامەی حیزبەکەمان بۆ ڕەخنەگرتن لە ڕێوشوێنە هەڵەکان و داواکردنی بەدیهێنانی بەڵێنەکانی شۆڕش و کۆتاییهێنان بە بارودۆخە نائاساییەکان لە عێراقدا. ویستی سۆفیەتیەکان ئەوە بوو، کە مەلا لە مۆسکۆ بهێڵنەوە، دوای ناردنی پەیامەکە لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی سۆفیەت لە بەغدا و قایلکردنیان بە پێویستیی گەڕانەوەی مەلا، سۆفیەتیەکان ڕەزامەندییان دەربڕی بە مەرجی باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ عەبدولکەریمدا، بەڕاستییش مەلا هاتەوە و ڕاستەوخۆ عەبدولکەریمی بینی و تەنانەت بابەتی قەرەبووی چەکەکانیشی پێ ڕاگەیاند، هەرچەند ناڕەزایی دەرنەبڕی، بەڵام بێزاری بە ڕوویەوە دیار بوو[٦٨].

با بگەڕێینەوە سەر تێبینییەکانی عیسمەت شەریف لەسەر هۆکارەکانی تێکچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ قاسم:

٣. بێزاریی گشتی لە کوردستانیش دروستبوو، ماوەی 'قۆناغی گواستنەوە' درێژەی کێشا، سەرەڕای دووبارەبوونەوەی بەڵێنەکان بە دانپێدانان بە ئازادیی چاپەمەنی و پارتەکان و دامەزراندنی سیستمی پەرلەمانی، کە دەبووایە کۆتایی بە سیستمی دیکتاتۆری بهێنایە، تێرۆرکردنی کەسانی سیاسی زۆرێک لە دیموکراتخوازەکان بەشێوەیەکی ڕۆژانە، لە شەقامی هەموو شارە عێراقییەکاندا دەبینرا، ئەو تیرۆرانە لەلایەن میلیشیای چەکدارەوە ئەنجام دەدران و بە بەرچاوی پۆلیسەوە تیرۆریان دەکرد، دیاربوو پۆلیسیش دەستیان هەبوو لەو تاوانانەدا، (خەبات) تاکەڕۆژنامە بوو لەناو هەموو ئۆپۆزسیۆنەکان، کە ڕێگای پێدرابوو کار بکا و تا کۆتا ڕۆژەکانی دەرچوونی، بە بوێری ڕەخنەی توندی لە کوشتنی کەسانی سیاسی و ئاژاوەی بەربڵاو لە عێراقدا دەگرت، داوایان لە حکومەت دەکرد کۆتایی بەو بەرەڵاییە بهێنن و مافی ئازادی بدەن و کۆتایی بهێنن بە قۆناغی گواستنەوە.

[٦٨] جلال طالباني، سەرچاوەی پێشوو.ل٢٢-٢٧.

٤. ماددەی سێهەمی دەستوور، نادروست و شاش بوو، تەنها نووسراوێک بوو لەسەر کاغەز، سەرەڕای داواکاریی لایەنە کوردییەکان بۆ بەخشینی فۆرمێکی کرداری و کاریگەر بە هاوبەشی عەرەبی - کوردی.

٥. ماددەی دووەمی دەستووری کاتی بوو، فاکتەری ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسیی ڕاستەوخۆ لە نێوان بزووتنەوەی کورد و سیستمی قاسمدا بوو. تا مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ کوردەکان کێشەی نادیاری ماددەی ناوبراویان نەبینیبوو.

لەسەر شانی من بوو کە ئەو کێشانە بوروژێنم، لەناو کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی لە بەغدا کە لە ١٨تا ١٩ی هەمان مانگدا بوو، کێشەکانم خستنەڕوو [٦٩]، (عیسمەت، سەرۆکی شاندی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد بوو لە ئەورووپا، لە کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی کە لە بەغدا لە نێوان ١٨ تا ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠دا بەسترا، ئەو بوو کە ئەم خاڵە هەستیارانەی دەستووری کاتیی وروژاندن). با لەگەڵ قسەکانی خۆیدا بڕۆین لەمبارەیەوە:

کاتێک گەیشتینە بەغدا، کەشێکی پڕ لە گرژی و ئاڵۆزی، باڵی بەسەردا کێشابوو، زرێپۆشەکانی سوپا بە شەقامەکاندا دەسووڕانەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و شیوعییەکاندا، ڕووی دەدا.. کاتێک گەیشتین، دەسەڵاتداران لە دواساتەکاندا ڕێگەیان پێداین بچینە ژوورەوە. بووینە میوانی نووسینگەی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک)، شاندی یەکێتیی قوتابیانی کورد لە کەمال فوئاد سکرتێری گشتی، حوسێن هەورامانی سەرنووسەری گۆڤاری کوردستان و من کە هاووڵاتییەکی عێراقی نەبووم، پێکهاتبوو. دوو هاوڕێی دیکە پێشتر گەیشتبوونە بەغدا، بەڵام ڤیزای چوونەژوورەوەی عێراقییان ڕەت کرابووەوە، کونسوڵخانەکانی عێراق لە ئەورووپا ڕێنمایی لەو جۆرەیان پێگەیشتبوو، جەلال تاڵەبانی و چەند کەسێکی تر ئەمەیان بۆ پشتڕاست کردینەوە، سەرکەوتین بۆ سەر ئەو فڕۆکەیەی لەلایەن یەکێتیی قوتابیانی نێودەوڵەتییەوە بەکرێگیرابوو بۆمان، لە بەغدا (ڤیزای بە کۆمەڵ) بە هەموو

[69] Ismet Cheriff Vanly. Le Kurdistan Irakien Entité Nationale. Etude de la Révolution de 1961. Page : 81-85. Editions De La Bacconnière. 1970. NEUCHATEL

ئەندامانی شاندە گەیشتووەکان درا. لە کاتی خوانێکی ئێوارە کە حکومەت ڕێکیخستبوو، سەرۆکی یەکێتیی قوتابیانی نێودەوڵەتیمان بە جەنەڕاڵ قاسم ناساند، ناوبراو بەهیچ شێوەیەک دڵخۆش نەبوو بە بوونمان لە پایتەختەکەیدا.

قاسم لە دەستپێکی کۆنگرەکەدا، وتارێکی پێشکەش کرد، منیش لە وتارێکدا کە بەناوی شاندەکەمانەوە پێشکەشم کرد، دەستکەوتە باشەکانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزم بۆ عێراق و کورد ژمارد، پێش ئەوەی ئاماژە بەو خاڵانە بکەم کە گەلی کوردستان لێیان نیگەرانە، لە سەرووی ئەم خاڵانەوە ناکۆکیی نێوان ماددەی ٢ و ٣ی دەستوورمان بە ڕوونی و بە شێوازێکی بابەتیانە شیکردەوە، ئەوەی لەم کتێبەدا پێشتر باسم کرد، دووبارەمان کردەوە. عێراقی عەرەبی، تەنها بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، لە کاتێکدا کوردستان بەشێکە لە نەتەوەی کورد. ئەم وتارەی کە بە فەڕەنسی خوێندمەوە، بە تەواوی بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی خەباتدا بڵاوکرایەوە، کە لەو کاتەدا دەردەچوو.[٧٠]

لە کاتی گفتوگۆکاندا کە دوای پێشکەشکردنی وتارەکە کرا، مشتومڕێکی گەرم لە نێوان شاندەکەمان و شاندی دەوڵەتی میواندار ڕووی دا، واتا یەکێتیی گشتیی قوتابیانی کۆماری عێراق کە بە دروشمی UGERI ناسرابوو و شیوعییەکان کۆنترۆڵیان کردبوو، سەرۆکی ئەم شاندە سەبارەت بە ماددەی ٢ کە دەڵێت (دەوڵەتی عێراق، بە سنوورەکانی ئێستایەوە، بەشێکی دانەبڕاوە لە نەتەوەی عەرەب)، ئەم ماددەیە لەلایەن هەموو پارتە سیاسییە عێراقییەکانەوە دانی پێدانراوە، لە نێویاندا پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک)، ئەم دووپاتکردنەوەیە بووە هۆی هەڵگیرسانی خۆپیشاندانی گەورە لە هەموو شارە کوردییەکاندا دژی حکومەتی عێراق، لە هەندێک لەم خۆپیشاندانانەدا پێکدادان ڕووی دا و هێرشکرایە سەر هەندێک لە لیژنە ناوخۆییەکانی سەر بە کوردە شیوعییەکان کە ئەندامی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی کۆماری عێراق بوون، پەیامەکانی پشتگیری لە کوردستانەوە گەیشتنە شاندەکەمان، کە لەلایەن کەسایەتییە کوردەکان و ڕێکخراوەکانی گەنجان، قوتابیان، نووسەران، مامۆستایان، ژنان، جووتیاران و لیژنە ناوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک) نێردرابوون، لەسەر بنەمای لێدوانەکانی سەرۆکی

[٧٠]، بڕوانە دەقی ووتارەکە لە بەشی پێشوودا.

شاندی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی کۆماری عێراق، (پدک) ناچار بوو هەڵوێستێک وەربگرێت. لە ڕێکەوتی ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠دا 'خەبات' وتارێکی سەرنووسەری بڵاوکردەوە بەناوی: نەتەوەی کورد و ماددەی ٢ی دەستوور'، حیزبی دیموکراتی کوردستان، تێیدا تێزێکی پێشکەش کرد کە بە تەواوی هاوتای بۆچوونی ئێمە بوو، لە تێزەکەدا ڕوونکرایەوە کە ئەگەر (پدك) پێشتر لەسەر عەیبەکانی ماددەی ٢ی دەستوور نەوەستابێت، ئەوا هۆکارەکەی ئەوە بووە کە چاوەڕێی بڵاوکردنەوەی پڕۆژەی کۆتایی دەستووری کردووە، هەروەها لەبەرئەوەی بەرگریکردن لە کۆماری ساوا، لە پێشینەی چالاکییەکانی بووە.

٦. بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتارەکەی سەرنووسەری 'خەبات' کە سکرتێری گشتیی (پدک) بوو، بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد لە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠دا، ڕەوانەی دادگای سەربازیی عێراق کرا، بە تۆمەتی پێشێلکردنی دەستوور و بڵاوکردنەوەی ناکۆکی و کینە لە نێوان هاووڵاتیانی عێراقی و بانگەشەکردن بۆ تونددڕەوی. بەڵام دۆسیەکە بە ' ڕێکەوتن' کۆتاییهات و ئیبراهیم ئەحمەد ئازادکرا، چونکە هێشتا کاتی شەڕ نەهاتبوو. سەبارەت بە ئێمە، دەسەڵاتدارانی سەربازی لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠دا ئاگاداریان کردینەوە کە دەبێت لەگەڵ شاندەکەدا لە عێراق دەرچین، لە کاتێکدا میوانی (پدک) بووین و وا بڕیار بوو سەردانی کوردستان بکەین، فەرمانمان پێدرا بە یەکەم گەشتی فڕۆکەخانە، خاکی عێراق جێبهێڵین، دوای سەردانیکردنی جەنەڕاڵ بارزانی و بەڕێکەوتن لەگەڵ سەرکردەکانی (پدک) کە نووسینگە سیاسییەکەیان کۆبوونەوەیەکی بەپەلە و نهێنیی لە بەغدا گرێدابوو، ئێمە سەرەڕای بڕیارەکە بە باشمانزانی عێراق جێبهێڵین، بۆ ئەوەی نەبینە هۆی تێکدانی زیاتری بارودۆخەکە.

ئەگەر بەدرێژی باسی ئەم قۆناغەمان کردبێت، نەک تەنها لەبەر گرنگییەکەی لە پەرەسەندنی ئەو ڕووداوانەی کە بوونە هۆی شەڕی نێوان حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەڵکو لەبەرئەوەیش کە لەم قۆناغەدا (پدك) توانی بۆ یەکەمجار دەست بەسەر بەشێک لە ناوچەی هەژموونی سیاسی و ڕۆڵی پێشەنگیدا بگرێت، لە حیزبە شیوعییە عێراقییەکان لە شار و گوندەکانی کوردستاندا.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە کوردستان، بەهۆی ململانێی سیاسی لە نێوان دوو لایەنی ڕکابەردا، تووشی لێکترازان ببوو، لەلایەک کوردەکان لە دەوری (پدك) کۆببوونەوە، لەلایەکی ترەوە بەشێک بەهۆی هەواداریانەوە لە دەوری لقی کوردستانی حیزبی شیوعیەوە توانەوە، لەناو کەمۆڵەی عێراقدا، شایانی سەرنجدانە کە ئەم لایەنەی توانەوە لە کەمۆڵەی عێراقدا لە ساڵی ١٩٥٩دا تا ڕادەیەک کۆنترۆڵی کوردستانی کردبوو، کاریگەرییان هەندێکجار (پدك)ی ناچار دەکرد کە لە سلێمانی و هەولێر و کەرکوکدا بەنهێنی کاربکەن، وەک چۆن لە شارە عەرەبییەکان لە بەغداوە تا بەسرە، جەماوەر پشتیوانیی حیزبی شیوعیی عێراقیان دەکرد و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بوون.

بەهۆی ئەو کاریگەریەی (حشع) بەدەستیهێنا، بەهۆی ئەوەی دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووز لە ناو لیژنە و ڕێکخراوە کوردییەکانی گەنجان، قوتابیان، نووسەران، مامۆستایان، خاوەن پیشەکان، ژنان و ئەوانی تر، بەدەستیهێنابوو، هەموو ئەم ڕێکخراوانە (بە ویست یان بەبێ ویست) هەڵوەشێنرانەوە و تێکەڵ بە ڕێکخراوە گشتییەکانی عێراق کران، ئەمە بە هاندانی قاسم بوو بە پێی یاسایەکی نوێ کە لەلایەن ڕژێمەکەیەوە دەرچووبوو. ئەندامە دێرینەکانی ئەم ڕێکخراوانە، ئەم تێکەڵکردنەیان قبوڵ نەکرد. دوای ئەوەی بەهۆی مەستبوون بە شۆڕشگێڕی و برایەتیی کورد - عەرەب قبوڵیان کردبوو، دواتر کە مەستیەکە بەریدان، دەستیانکرد بە دژایەتیکردنی ئەم سڕینەوەیە، ئەم ڕێکخراوە کوردییانە کە تەنها ئەندامانی (پدك)ی تێدا مابوونەوە، دووبارە ڕێکخرانەوە، بەڵام پشتیوانیی جەماوەرییان کەم بوو. جەماوەر پشتیوانیی ئەوانەی دەکرد، کە لە شارەکانی کوردستان لقەکانیان کردبووەوە. هاوسۆزی بۆ شیوعیەت، ئەوەندە بەهێز بوو بە جۆرێک (شیوعییەکی کورد بە ئیستیفزاز و دواکەوتویی و شۆڤێنیی دەزانی، ئەگەر کەسێکی کورد بە کوردی سڵاوی لێ بکردایە، بە عەرەبی و بە شێوازێکی گاڵتەجاڕانە و ئاستەنگییەوە وەڵامی دەدایەوە)! لە ڕاستیدا ئەم بارودۆخە نالۆژیکییە پێشتر بەدینەکرابوو، 'خەبات' چەندین وتاری بڵاوکردنەوە، کە بە ڕوونی مەترسیی لقەکانی حیزبی شیوعیی عێراقیان بۆ سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەخستە ڕوو، ڕۆژنامەکە داوای هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکی ئەو لقانەی کرد.

هەڵوێستی شاندی کوردی لە کۆمەڵەی قوتابیانی کورد، لە کۆنگرەی یەکێتیی جیهانیی قوتابیان و هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕەوشەکەی لە ماوەی کەمتر لە دوو هەفتەدا پێچەوانە کردەوە. (پدك) لەسەر حسابی ئەو پشتیوانیە جەماوەرییە فراوانەی بەدەستیهێنا، توانەوە لە کەمۆڵەی عێراقدا کە حیزبی شیوعی نوێنەرایەتیی دەکرد، هەڵوەشاندەوە و جەماوەری کورد پشتیان لە (حشع) کرد و لە دەوری (پدك) کۆبوونەوە، پێش ئەوەی حکومەت ناچارم بکات بەغدا جێبهێڵم، جەلال تاڵەبانیی ئەندامی مەکتەب سیاسی پێی ڕاگەیاندم: لەماوەی دە ڕۆژدا، حیزبەکەمان ژمارەی ئەندام و لایەنگری هێند زیادیکردووە، کە دوو ساڵە هێندەمان بۆ زیاد نەبووە، لەدەستدانی ئەم جەماوەرە، (حشع) و یەکێتیی گشتیی قوتابیانی عێراق بەرپرسیار بوون، بڕیاری کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی جیهانیی قوتابیان بۆ دواخستنی تاوتوێکردنی داواکاریی ئەندامێتیی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا، کاریگەریی کردەوەیەکی نابەجێ بوو، ئەم بڕیارە سەرەڕای دۆستایەتیی شاندەکانی ئەفریقا بەرامبەر بە ئێمە، بەتایبەتی لە ئەفریقای فەڕەنسفۆنی و ئەنتێل درا، (پدك) لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠دا دەستپێشخەریی سیاسیی بەدەستهێنا لەسەر حیسابی ڕەگەزە 'عێراقییەکان'ی (حشع)، کە بوونە بەربەست یان هۆکارێک بۆ ڕێگرتن لەوەی یەکێتیی قوتابیانی جیهانی بڕیار بدات کە لێکۆڵینەوە لە بەئەندامبوونی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا دوابخات، کە کۆمەڵەکە پێشکەشی یەکێتیی قوتابیانی کردبوو. هەرچەندە شاندە ئەفریقیەکە هاوسۆزی ئێمە بوون، بەتایبەتی شاندەکانی ئەفریقیای فرانکفۆنی. (پدك) توانیی دەسپێشخەریی سیاسی لە ماوەی مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٦٠ بباتەوە و شیوعیە عێراقچیەکان دووربخاتەوە، چونکە ئەوان ڕێگر بوون لە بەردەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، دوای ئەوەی ئیتر شیوعیەکان لە کوردستان بوونە کەمینە، ئەوەیش فاکتەرێکی زۆر گرنگ بوو بۆ (پدك). ئەم ڕووداوانە، ڕێگەیان خۆشکرد بۆ ئەوەی (پدك) ڕۆڵی پێشەنگایەتی بگێڕێت و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەرەوپێش بەرێت. جۆرێک لە ئازادی دەستەبەر کرد، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لە گەلی کورد بکات بە ڕابەرایەتیی جەنەراڵ بارزانی، لە جەنگێکدا کە خەریك بوو بەردمرگاکەی دەگرت،

ئەوەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گەلی کورد، پرسی کوردستان لە سەروو هەمو شتێکی ترەوە دادەنێت، هیچ حیزبێکی سیاسی ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، پشتیوانیی جەماوەری بەدەستبهێنێت، ئەگەر ئامانجی سەرەکیی بە ڕووبی و ڕاشکاوی، هەوڵدان نەبێت بۆ ئازادیی کوردستان.

٧. زۆربەی پرۆژەکانی چاکسازی لە کوردستان، تەنها نووسراوێکی سەر کاغەز بوون، ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کوردی، تەنها فەرمانبەر بوون لە وەزارەتی گشتیی پەروەردە، چالاکی و دەسەڵاتیان نەبوو، حکومەت گرنگیی بە ڕاسپاردەکانی ئەو دوو کۆنگرەیە نەدا، کە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کوردی بەستیان، ڕەتیان کردەوە ئەکادیمیای کوردی دابمەزرێت بە بیانووی هەبوونی ئەکادیمیای عێراقی، سەرەڕای ئەوەی ئەکادیمیای عێراقی، چالاکییەکانی بە تەنها لەسەر کولتووری عەرەبی چڕ کردبووەوە، هێشتا بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و مۆزەخانە و پەیمانگای کوردی دانەمەزرابوون.

٨ . لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠دا، سێ ڕۆژنامەی کوردی داخران: (هەتاو)، (ژین) و (دەنگی کورد)، سەرنووسەرەکانیان بۆ باشووری عێراق دوورخرانەوە.

٩. لەمەڕ پلانی ئابووریی عێراقدا، کوردستان بە تەواوی پشتگوێخرا، سەرەڕای بوونی سەروەت و سامانێکی سروشتیی زۆر تێیدا، بەپێچەوانەی ڕای پسپۆڕانی سۆڤیەتی کە بەغدا ڕاوێژی پێ دەکردن، قاسم بڕیاری دا کارگەی پۆڵا لە بەغدادی پایتەخت دابمەزرێنێت، سەرەڕای هەبوونی کەرەستەی خاو لە کوردستاندا، هەمان شت بۆ کارەبا کە لە بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان بەرهەم دەهێنران، کوردەکان هیچ سوودێکیان لەم کارەبایە وەرنەگرت، کارەبا گوازرایەوە بۆ باشوور، ناوچە عەرەبییەکان بۆ بەگەڕخستنی کارگەکان کەرەسەی خاوییان هەر لە کوردستانەوە بۆ دەنێردرا، لەڕووی ئاودێرییشەوە ئاوی گلدراوەی بەنداوەکان، زەویی ناوچە عەرەبییەکانیان پێ ئاودێری دەکرد، چونکە زەوییەکانیان نزمترە لە زەوییەکانی کورد، لەگەڵ ئەوەیشدا دەیان گوندی بەپیت لە دەشتی شارەزوور بەهۆی بەنداوی دەربەندیخان ژێرئاو کەوتن و گوندنشینە کوردەکان بێکار و هەژار کەوتبوون، بەهۆی لەدەستدانی زەوییەکانیان، حکومەت جگە

لە قەرەبوویەکی کەم، هیچی تری پێنەدان، هەروەها فەرمانبەرە گەندەڵەکان نیوەی پارەی قەرەبووەکەیان دزی. هەروەها پاڵاوگەی نەوتی خانەقین، کە ببووە هۆی بووژانەوەی ئەو شارە، بە فەرمانی قاسم گوازرایەوە بۆ باشوور. سەبارەت بە کارگەی تووتن لە سلێمانی، کە لە سایەی سیستمی قاسمدا کرایەوە، لە ڕاستیدا سیستمی پێشوو دەستی بە دروستکردنی کردبوو و کارگەکە نزیک بوو لە تەواوبوون، کاتێک سیستمی پێشوو ڕووخا، هەروەها گرنگیی بە ڕێگاوبانە قیرتاوکراوە گشتییەکان نەدرا، کە پێویست بوون بۆ گواستنەوەی میوە و سەوزە لە کوردستان، بەو هۆیەوە خراپ دەبوون تا دەگەیەنرانە شوێنی ئاوەدانی، سەرەڕای ئاماژەکردن بە کێشە جدییەکانی بەروبوومی تووتن.

١٠. سیاسەتی دەرەوەی عێراق، هیچ گرنگییەکی بە دوو نەتەوەیی دەوڵەتەکە نەدا و قوربانیی بە بەرژەوەندیی کورد درا.

١١. ئەو کوردانەی لە ئێران و سووریاوە پەنایان بۆ کوردستانی عێراق هێنابوو، قاسم ڕەتیکردەوە مافی پەنابەرییان پێببەخشێت، سەرەڕای ناڕەزایەتیی ڕۆژنامەی 'خەبات' و داواکاریی کوردەکان وەک لە ماددەی ١٩ی دەستووری کاتیدا هاتووە، هەندێکیان گەڕێندرانەوە بۆ ئەو حکومەتانەی لێیان هەڵاتبوون، یان فەرمانبەرە عێراقییەکان مامەڵەی نەشیاویان لەگەڵدا دەکردن.

١٢. ترس و نیگەرانیی ئەندامانی لیژنەی ناوەندیی (پدك) لەسەر ئازادییەکانیان، بەهۆی هەڵوێستی حکومەتەوە زیادیکرد، لەلایەن حکومەتەوە سکرتێری گشتیی حیزب (ئیبراهیم ئەحمەد)، بە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەستی یەکێک لە دەرەبەگە کوردەکان تۆمەتبارکرا، لە کاتێکدا ئەو بێتاوان بوو لەم هەڵبەستراوە. (عومەر موستەفا) ئەندامی مەکتەب سیاسیی دەستگیرکرد و دووریان خستەوە بۆ شارێکی عەرەبی، بەڵام لە سەرەتای هەنگاوەکانیاندا، لە مەنفا هەڵهات و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد.

١٣. لە ١٧ی شوباتی ١٩٦١دا ڕۆژنامەی 'الثورة' کە زۆر نزیک بوو لە قاسم و بە ڕاشکاوی بیروڕاکانی دەردەبڕی، وتارێکی بڵاوکردەوە بەناوی 'ناسیۆنالیستی عەرەبی و کێشەی کەمینەکان، تیایدا بە ڕوونی داوای توانەوەی کوردەکانی دەکرد، پرسیاری کرد:

عەرەب کێیە؟ ڕۆژنامەکە وەڵامی دایەوە: هەموو ئەوانەی کە چارەنووسیان بە نیشتمانی عەرەبییەوە بەستراوەتەوە، ئیتر هەر بنەچەیەکیان هەبێت، کورد بێت، یان ئەرمەنی یان ڕەشپێست. تەنها لەسەر هزری ئەوەی کە عێراق بە سنوورە سیاسییەکانییەوە، بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی. ڕۆژنامەکە دەڵێت: چارەنووسی کەمینەی کورد لە عێراق، بە چارەنووسی نەتەوەی عەرەبەوە بەستراوەتەوە و ئەم کەمینەیە دەبێت بتوێنرێتەوە، بەڵام ڕۆژنامەکە باس لەوە ناکات کە چۆن ئەم توانەوەیە بەدیدێت، ئایا بە زۆرە؟ ڕۆژنامەکە داخی خۆی دەردەبڕێت لەوەی پڕۆسەی توانەوە لە ڕابوردوودا جێبەجێ نەکراوە، بەهۆی ئیمپریالیزمی بەریتانییەوە.[٧١]

قاسم هەڕەشەی لە مەلا موستەفا دەکرد، بەوەی چەند بەڵگەنامەیەك دەخاتە ڕوو و تاوانباری دەکات، ئەو بەڵگانە کۆمەڵێک نامە بوون کە مەلا موستەفا لە ساڵانی ١٩٤٣ - ١٩٤٥دا بۆ نوێنەرانی بەریتانیا لە بەغدا ناردبوونی و بەدەستی خۆی نووسیبوونی، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاگاداری ئەو نامانە نەبوون، جەلال تاڵەبانی بۆ بەرگریکردن لە مەلا موستەفا، ڕکابەری دەسەڵاتی کرد بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە، لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی حیزبەکەیدا نووسی.[٧٢]

دەسەڵاتی ئاغاکان لە کوردستان، کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و ترسیان لە چاکسازیی کشتوکاڵی و فراوانبوونی کاریگەریی حیزبی شیوعیی عێراق هەبوو، ژمارەیەک لە ئاغاکان و سەرۆک هۆزەکان و شوێنکەوتووانیان لە ناوچەکانی ڕانیە و پشدەر، لە تەممووزی ١٩٦١دا لە ماڵی شێخ حوسێنی بۆسکین، کە مولکدار بوو، کۆبوونەوە و بڕیاریان دا ڕێگەی نێوان ڕانیە و کۆیە و سلێمانی ببڕن، ڕێگە بە هێزەکانی حکومەت نەدەن هاتوچۆ بکەن[٧٣].

---

[71] Ismet Cherif Vanly. Le Kurdistan Irakien Entité Nationale. Etude de la Revolution de 1961. Page : 81-85. Editions De La Bacconnière. 1970. NEUCHATEL

[٧٢]،جلال الطالبانی. المجلة الاسبوعية الوسط. العدد ٣٠،٣٥٧ تشرين الثانی- 6 كانون الاول. 1998. ص: 22- 23-24-25- 27-26

[٧٣] عبدالله بشدری،اندلاع ثورة ايلول المجيدة ١٩٦١. الجزء الاول. عبدالله أحمد رسول البشدری.. مطبعة الثقافة. اربيل،2001ص: ٢٠.

لە هەمان کاتدا، هۆزەکان لە ناوچەی سلێمانی کە بریتی بوون لە (هەمەوەند، شوان، شێخ بزێنی، ئیسماعیل عوزێری و جاف)، دوای کۆکردنەوەی چەکدارەکانیان، ڕێگەی بازیان و دەربەندیخانیان بڕی، بەمشێوەیە هەواڵی شۆڕش لە ناوچەکەدا بڵاوبووەوە، ئەم هۆزانە وا پێشبینییان دەکرد کە ئەوان تەنها لایەنن کۆنترۆڵی کوردستان دەکەن و دەیانگوت کە ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان ملکەچی خواستەکانیان نەبێت و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی ناوەندیی حیزب، کە لە دەسەڵاتی ناوەندی هەڵهاتبوون، گوێرایەڵی فەرمانەکانی ئەوان نەبن، ئەوا دژی ئەوانیش دەوەستنەوە.[٧٤]

دیارە کە سەرۆک هۆزەکان، پێش حیزبی دیموکراتی کوردستان کەوتن بۆ ڕاپەڕین و حیزبیان تێکەڵ بە پلانەکانی خۆیان کرد، ئەمەیش باشترین ئاماژەیە بۆ سەرەتای شۆڕشی کورد، کە لە سەرەتاوە پلانی بۆ دانەڕێژرابوو، سروشتی شۆڕشەکە تا کۆتایی بە شێوازی خێڵەکی مایەوە، لێرەدا پەنا بۆ شایەتیی دوو کەس لە بەشداربووانی بزووتنەوەکە دەبەین، کە بریتین لە (جەلال تاڵەبانی) و (عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری)، لە دووەهەمیانەوە دەستپێدەکەین:

سەرەڕای ئەوەی هەڵوێستی هۆزەکان بەمشێوەیە بوو بەرامبەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام حیزب نەیویست پەیوەندی بە هۆزەکان و جەماوەری کوردەوە بپچڕێنێت و کەلێنێک لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست بکات، بەمشێوەیە هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی ناوەندی کە فەرمانی گرتنیان بۆ دەرچووبوو، پەنایان هێنایەوە بەر کوردستان و تێکەڵ بە ڕیزی ئەو هۆزانە بوون و دەستیانکرد بە کارکردن بۆ دروستکردنی جۆرێک لە هاوئاهەنگی، لە نێوان خۆیان و سەرۆک هۆزەکاندا، بژاردەیەکی تریان لە بەردەمدا نەبوو جگە لەم هەڵوێستە. حیزبەکە فەرمانی بە هەموو ئەندام و لایەنگرەکانی کرد کە توانای هەڵگرتنی چەکیان هەبوو، پەیوەندی بە هێزەکانی ئەو هۆزانەوە بکەن (من یەکێک بووم لەوان، چونکە فەرمانی حیزبیم پێگەیشت کە دەبێت دەستبەجێ پەیوەندی بکەم و بچمە دۆڵی خەلەکان و تێکەڵ

[٧٤] عبدالله پشدەری، سەرچاوەی پێشوو،ل٢١.

به ڕیزی بزووتنەوەی خێڵەکان ببم)[٧٥] جەلال تاڵەبانی لە کاتی بەستنی کۆبوونەوەی خێڵەکاندا ئامادە بوو، دژی بڕیارەکەیان بوو بۆ بڕینی ڕێگەی نێوان ڕانیە و سلێمانی و کۆیە و بە کارێکی مەترسیدار و قبوڵنەکراوی زانی. مام جەلال، ڕازیکردن بەوەی چاوەڕێ بکەن تا دەچێتە بارزان و ڕای مەلا موستەفا لەو بارەیەوە وەردەگرێت، ئەوانیش قبوڵیان کرد. بەمشێوەیە تاڵەبانی بەرەو بارزان بەڕێکەوت و مەلا موستەفای بینی[٧٦]، جەلال تاڵەبانی لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات:

دوای تاوتوێکردنی ڕەوشەکە لە ناو حیزبدا دوو ئاراستە دروست بوون، یەکەمیان سەرکردایەتییەکەی لای (مەلا موستەفا) بوو و من سەرکردایەتیم دەکرد، ئەوی دیکەیش مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و دکتۆر عەزیز شەمدینی و دکتۆر نووری شاوەیس سەرکردایەتییان دەکرد، زۆرینەی مەکتەبی سیاسی بۆچوونیان وابوو ئەم بزووتنەوە عەشایەرییە، گوماناوییە و پەیوەندیی بە ئێرانەوە هەیە و مێژوو سەلماندویەتی هەموو بزووتنەوە عەشایەرییەکان، شکستیان هێناوە و داهاتوویان نییە، بۆیە دەبێت حیزب لێیان دوور بکەوێتەوە.

ئاراستەی یەکەم، کە مەلا موستەفا، من، مامۆستا عومەر موستەفا دەبابە، شەهید عەلی عەسکەری و مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل نوێنەرایەتییان دەکرد، پێیوابوو کە ئەم بزووتنەوەیە هەستە نەتەوەییەکانی کوردە و دەتوانین بۆ ترساندنی عەبدولکەریم قاسم بەکاری بهێنێن، بەڵام دەبێت لە چوارچێوەی پلانێکدا کار بکەین بۆ پووچ کردنەوە و کۆنترۆڵکردنی سەرکردایەتییەکەی، هەروەها دەرکردنی ڕەگەزە خێڵەکیەکان لێی، بەمشێوەیەیش ئێمە دەبینە خاوەنی هێزی چەکداری ڕاستەقینە دژی عەبدولکەریم قاسم. (مەلا)، هەوڵی دەدا ئەم ئاراستە عەشایەرییە هان بدات، پێیوابوو کە پاڵنانی ئەم عەشایەرانە بۆ کۆبوونەوە لە ناوچەکانی دۆڵی خەلەکان و پشدەر و ڕانیە و دەربەندیخان

[٧٥] عبدالله پشدەری ، سەرچاوەی پێشوو،ل٢١.

[٧٦] هـ.س ،. ل٢١

و دهۆک، عەبدولکەریم قاسم ناچار دەکات کە سەر دانەوێنێت و ئاشتی لەگەڵ حیزب و مەلا موستەفادا بکات.[٧٧]

دوای ئەوەی جەلال تاڵەبانی لە سەردانەکەی بۆ بارزان گەڕایەوە، لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان کۆبووەوە و پێی ڕاگەیاندن کە مەلا موستەفا، ڕازی نییە لەسەر پلانەکانیان و بیانووی بە نەبوونی پشتیوانیی دەرەکی هێنایەوە، ئامۆژگاریی کردن بەوەی کە پێویستە هەر ئاغایەک سەرکردایەتیی گرووپە چەکدارەکەی خۆی بکات و شەڕی پارتیزانی دژی دەسەڵات بکەن، بۆ ناچارکردنی ڕژێمی قاسم بۆ دانوستاندن و جێبەجێکردنی داواکارییە کوردییەکان، بەڵام عەباس مامەند ئاغا، شێخ حوسێنی بۆسکێن و ئاغاکانی پشدەر ئامۆژگارییەکەیان وەرنەگرت[78]. عەشایەرەکان بەو ڕادەیە بەهێزبوون، کە جەلال تاڵەبانی و عەبدوڵڵا ئاغا پشدەرییان ڕاسپارد بە گەڕانەوە لە ناوچەکانی پێنجوێن و چوارتا و هاندانی عەشایەرەکان بۆ بەشداریکردن لە بزووتنەوەکەدا. یەکێکی تر لە شایەتحاڵەکان کە ئەویش (عەبدوڵڵا پشدەری)یە دەڵێت:

دەستمان بە گەڕان کرد (واتا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی)، بەنهێنی ڕۆیشتین بۆ ماڵی قادر تەگەرانی لە سلێمانی، پاشان بەو شەوە بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو بەرەو پێنجوێن کەوتینەڕێ و کەمال حاجی فەرەجمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ پێنجوێن، لە نزیک ماڵەکە لە گوندی بوبانی نزیک پێنجوێن، شێخ عەبدولکەریممان بینی. کۆمەڵێک لە (دەروێش و سۆفییەکان) تفەنگی بڕنەویان پێ بوو و ڕێگەیان لێگرتین، دوای ئەوەی ئێمەیان ناسییەوە، بەشێوەیەکی نادۆستانە پێشوازییان لێکردین و ڕێگەیان پێداین بچینە میوانخانەی شێخ عەبدولکەریم، کاتێک شێخ هاتە لامان سەبارەت بە بەشداریکردنی لە بزووتنەوە عەشایەرییەکە، گفتوگۆمان لەگەڵدا کرد و ئەویش بزووتنەوەکەی پەسەند کرد و ئامادەیی تەواوی دەربڕی بۆ بەشداریکردن، ئێمە زۆر دڵخۆشبووین بەم هەڵوێستە و

[٧٧] جلال الطالبانى. المجلة الاسبوعية،الوسط. العدد ٣٥٧. ٣٠ تشرين الثانى- ٦ كانون االول..١٩٩٨ ص: -٢٤-٢٣-٢٢ -27-26.٢٥

[78] عبدالله بشدرى. اندلاع ثورة ايلول املجيدة ١٩٦١. الجزءالاول. عبدالله أحمد رسول البشدرى.. مطبعةالثقافة. اربيل 2001..ص٢٢

باوەڕمان بە هەموو قسەکانی کرد و واماندەزانی دەبێتە سەرکردەیەکی دیار لە شۆڕشی کوردیدا. ڕۆژەکەمان لای ئەو بەسەربرد، دواتر زانیمان شێخ لەتیف و شێخ مەحموود گەیشتوونەتە پێنجوێن و میوانی حاجی ڕەشیدن. جەلال تاڵەبانی نەیویست سەردانی بکات، لەبەرئەوەی پەیوەندیی نێوان شێخ لەتیف و پارتی دیموکراتی کوردستان لەو کاتەدا، لاواز بوو. شێخ، لە سەر حیزبی شیوعی هەژمار دەکرا، بۆیە جەلال تاڵەبانی ڕایسپاردم کە سەردانی بکەم و بەناوی سەرۆک هۆزەکانەوە قسەی لەگەڵدا بکەم و داوای لێ بکەم بەشداری لە ڕاپەڕینەکەدا بکات و جێگەی باوکی - شێخ مەحموودی نەمر- بگرێتەوە و ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە و سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە بکات، پێمگوت کە هەموو خەڵکی کوردستان سەرکردایەتییەکەی تۆ قبوڵ دەکەن، لەبەرئەوەی تۆ کوڕی شێخ مەحموودی بەڵام ئەو قایل نەبوو، داوای لێکردم کە دەرفەتێکی بدەمێ بۆ بیرکردنەوە لەم بەشداریکردنە و دواتر ئەنجامەکەمان پێ ڕادەگەیەنێت. منیش ماڵئاواییم لە شێخ لەتیف کرد و گەڕامەوە لای جەلال تاڵەبانی و ئەوەی کە لە نێوانماندا ڕووی دا، بە وردی بۆم گێڕایەوە. بۆچوونی جەلال وەک لێکدانەوەی من بوو کە شێخ لەتیف ڕازی نەبوو بە بەشداریی ئەم بزووتنەوەیە، لەبەرئەوەی گوێڕایەڵی ڕێنمایی شیوعییەکان بوو.)[٧٩]، لەم گەڕانەدا بە حەمە ڕەشید خان و حەمە سدیق خان و مەحموود بەگی گۆڵێ و شێخی (نزارە) و ئەحمەد مینە ڕەندان و حاجی ئیبراهیم چەرمەگا و کەسانی تر گەیشتین، دوای گەڕانەوەمان بۆ دۆڵی خەلەکان، ئەنجامە سەرکەوتووەکانی گەڕانەکەمان بۆ سەرۆک هۆزەکان خستەڕوو[٨٠]، هەروەها وتی:

زۆربەی ناوچەکانی لیوای سلێمانی و هەولێر، وەك بروسکە ڕاپەڕین، ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان دوای جێهێشتنی شارەکان، دەستیانکرد بە پەیوەندیکردن بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە و چالاکیی بەرچاویان ئەنجام دا، بەتایبەتی لە ناوچەی شەقڵاوە، لەبەرئەوەی زۆربەی چەکدارانی ئەو ناوچەیە لەوکاتەدا لە ئەندام و لایەنگر و پشتیوانانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، ئەوانیش لەو کاتەدا بە سەرکردایەتیی

[٧٩] عەبدوڵا پشدەری، سەرچاوەی پێشو، ب١، ل٢٤.

[٨٠] هـ.س ، ل٢١.

مەحموود کاوانی و حەمید کاوانی و شەمزین موفتی و مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل ناسراو بە (مەلا ماتۆڕ) بوون.[٨١]

جەلال تاڵەبانی بە پەیامنێری هەفتەنامەی عەرەبیی (الوسط) شتێک دەڵێت، کە پێویستە بە وردی لەسەری بوەستین، ئەو دەڵێت: لە کانوونی یەکەم (دیسەمبەر)ی ١٩٦١دا کۆبوونەوەیەکی لیژنەی ناوەندیمان بۆ ئامادەبوان بەست و ژمارەمان ١٢ ئەندام بوو، بابەتەکە ئەوە بوو کە ئایا شەڕ بکەین یان نا؟ لە ئەنجامدا بڕیارمان دا کە بزووتنەوەی پارتیزانیی بەرگریی چەکداری پێکبهێنین، بە مەرجێک خەباتی چەکداری بە شێوازی شەڕی پارتیزانی ئەنجام بدات و دەستبەرداری گفتوگۆ و ئاشتییش نەبین، دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستانمان بەرز کردەوە، دوو کەس لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی، دژایەتیی ئەم بڕیارەیان کرد کە یەکێکیان مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا بوو، (ئێستا ئەو جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە)، چونکە گوتی بڕیاری شۆڕش هەڵەیە و عەبدولکەریم قاسم لەژێر فشاری ناسیۆنالیستەکاندا دەگەڕێتەوە سەر ئاراستەی دیموکراسی، چونکە بژاردەی کەمی لەبەردەستە. کەسی دووەم، خوالێخۆشبوو موقەدەم نووری ئەحمەد تەها بوو، (یەکێک لەو ئەفسەرانەی کە بەشداریان لە کۆماری مەهاباد کردبوو)، ئەو گوتی لە سۆنگەی ئەزموونی کەسیی خۆمەوە، هەموو بزووتنەوەیەکی چەکداری بە سەرکردایەتیی مەلا موستەفا، چارەنووسی شکست دەبێت. بەمشێوەیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١ دەست بە خەباتی چەکداری کرا، لە شێوەی شەڕی چەکداری و دواتر فراوان بوو.

لێرەدا ناچارین بە وردی سەیری بەشی پێشوو بکەین، چونکە دەستپێکردنی شۆڕش، پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە ستراتیژ و هەڵسەنگاندنی هاوسەنگیی نێوان هەردوو لایەنی ململانێکە هەیە، بەتایبەتی دڵنیابوون لە شایستەیی سەرکردایەتی و یەکگرتوویەکەی بۆ مسۆگەرکردنی ئەنجامدانی ڕۆڵی مێژوویی خۆی. لێرەدا هەڵوێستی ژیرانەی نووری ئەحمەد تەها سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی کورد دەردەکەوێت، چونکە ئەو بۆچوونی ڕوون بوو، دەیگوت سەرچاوەی مەترسییەکە خودی مەلا موستەفایە و

[٨١] ، هـ،س ،ل٢٥.

سەرکردایەتییەکی ناشایستە، خەباتی گەل بەرەو کارەساتی حەتمی دەبات، بەڵام سەرکردەکانی تر گرنگیی پێویستیان بە ڕای نووری ئەحمەد تەها نەدا، لەبەرئەوەی سواری شەپۆل بووبوون، دواتر کاتێکی زۆری نەبرد کە ڕێڕەوی خەباتەکە تووشی لەمپەر بوو و سەلێنرا کە بۆچوونەکەی نووری ئەحمەد تەها ڕاست بوو، بەڵام دوای ئەوەی دەرفەت لەدەست چووبوو.

لە پەیامێکی درێژدا کە لە ٢٤ لاپەڕە پێکهاتووە، لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە نێردراوە کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردەی سەربازیی ناوچەی سلێمانی بووە، ئاراستەی عیسمەت شەریف وانلی کراوە و مێژووەکەی ٩ی تەممووزی ١٩٦٢ە، تێیدا بە وردی باس لە بارودۆخی کوردستان کراوە و هاتووە: «لیژنەی ناوەندیی (پدك) لە مانگی نیسان/ ئەپریلی ١٩٦١دا کۆبوونەوە بۆ وەرگرتنی بڕیارێک سەبارەت بە دەستوەردان و بەدنیازیەکانی قاسم، ئایا پێویستە شۆڕش ڕابگەیەنرێت یان بەرگری بکرێت، ئەگەر هاتوو قاسم هێرشیکردە سەر بارزان بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی؟ سکرتێری حیزب ئیبراهیم ئەحمەد، پێیوابوو کە کوردستان ئامادە نییە بۆ دەستپێکردنی شەڕ دژی حکومەت و ئامادەکارییە سەربازییەکانی بەرگری کورد لە پلەی سفردان و تەنانەت ناوچەی بارزانیش، کە ژەنەڕاڵ بارزانیی لێیە، لە دۆخێکی سەربازیی گونجاودا نییە و پێشبینییەکانی پشتیوانیی دەرەکی بۆ کوردیش لە ئاستی سفردان، بۆیە دەبێت هەڵوێستی وریایی و ئامادەبوون بۆ بەرگری وەربگیرێت، مەگەر ئەوەی بارزانی بڕیار بدات شۆڕش ڕابگەیەنێت بە دەستپێکردن لە بارزانەوە، بەڵام دەبێت لە کاتی چاوەڕوانیدا ڕێوشوێنی بەرگری بگیرێتەبەر، کە لەلایەن لیژنەیەکەوە پێکبهێنرێت و ئەرکی ڕێکخستنی ناوکی پارتیزانی و دابینکردنی کۆگای چەک و خۆراکی لەسەر شان بێت.[٨٢]

لە پەیامەکەیدا بۆ (عیسمەت شەریف)، تاڵەبانی ئاماژە بەوە دەدات: لە سەرەتای مانگی ئابدا (وەك لەیادم بێت) کۆبوونەوەی عەشایەری چەکدار لە ناوچەی خەلەکان (قەزای ڕانیە)، بە سەرکردایەتی و هاندانی عەباس مامەند ئاغا و ئاغاکانی پشدەر و

[82] Ismet Cheriff Vanly. Le Kurdistan Irakien Entité Nationale. Etude de la Révolution de 1961. Page : 99-100. Editions De La Bacconnière. 1970. NEUCHATEL

شێخ حوسێن ئەنجامدرا، لیژنەی ناوچەی حیزب لە ڕانیە ئەم کۆبوونەوەیەی پەسەندکرد و بەشداریی تێداکرد، هەروەها کۆبوونەوەی عەشایەری لە سووڕداش (سلێمانی) ئەنجامدرابوو، لە ناوچەی شەقڵاوە کۆبوونەوەی جووتیاران (کە زۆربەیان پارتی بوون)، بە سەرکردایەتیی ئەندامی لیژنەی ناوەندیی حیزبەکەمان تێکۆشەر مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل ئەنجامدرا، پاشان کۆبوونەوە عەشایەرییەکان لە قەزای چوارتا و ناوچەی شارەزوور فراوان بوون.

هەڵوێستی فەرمی حیزب بەرامبەر ئەم کۆبوونەوانە بەمشێوەیە بوو:

بەشداریکردن لەشۆڕشدا بەمەبەستی ڕێنوێنیکردنیان. حیزب، مامۆستا عومەر موستەفای (پارێزەر و ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە تازە لە زیندان ڕایکردبوو) ڕاسپارد بۆ نوێنەرایەتیکردنی حیزب لە نێو چەکدارانی ناوچەی خەلەکان، هەروەها جەلال تاڵەبانیی پارێزەر کە خۆی لە چاوی حکومەت دەشاردەوە، ڕایسپارد بۆ نوێنەرایەتیکردنی حیزب لە قەزای چوارتا، دوو کادری دیکەیش لە سووڕداش و شارەزوور، لە مانگی ئابدا کۆبوونەوە چەکدارییەکان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەشەیان کرد، چونکە پیاوانی هۆزەکان زیاد لە پێویست و بەبێ بیرکردنەوە یان نەخشەدانان یان حیسابکردن بۆ داهاتووی بزووتنەوەکە یان هەڵوێستی حکومەت یان هیچ حیسابێکی ژیرانە بۆ دۆخی سیاسی و سەربازیی چاوەڕوانکراو، دەستیانکرد بە سەپاندنی ڕای خۆیان، بەمشێوەیە هێزە چەکدارەکانی عەشایەر (دەربەندی بازیان و دەربەندیخان)یان گرت، کە هەردووکیان دەروازەی سلێمانی بوون و بەو پێیەی دوو گەروون، کە سلێمانی لە کەرکوک و دیالە جیا دەکەنەوە.

قاسم، خەریکی ئامادەکاری بوو بۆ دەستپێکردنی هێرشێکی چەکداری بۆ سەر کوردستان، لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی بەدووردەگرت لە پێکدادانی چەکداری، بەپێی بڕیارەکانی لیژنەی ناوەندی، یاداشتێک پێشکەش بە حکومەت کرا و داوای (کۆتاییهێنان بە دۆخی نائاسایی، ئازادکردنی دەستگیرکراوان، ئازادیيە دیموکراتییەکان و ڕێگرینەکردن لە دەرچوونی ڕۆژنامەکانی حیزب کە بەشێوەیەکی یاسایی وەستێنرابوون) کرا، پاشان ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد بۆ هەڵبژاردنی

ئەنجومەنی نیشتمانی و دواتر داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی و گەرەنتیکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و داواکارییەکانی دیکەی گەل. هەروەها حیزب لە هەڵوێستە دواکەوتووەکانی حکومەت و هاوکاری و پشتیوانیکردنی بۆ دەرەبەگە ناپاکەکان و دابینکردنی پارە و چەک بۆیان، ڕەخنەی گرت.

سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی مەلا موستەفایان فەرامۆش کرد، کە پشتیوانیی لە کۆنەپەرستەکانی کورد دەکرد، چونکە دوای شۆڕشی تەممووزی ١٩٥٨ دەسەڵاتدارانی کۆمار، زۆربەی دەرەبەگە کوردەکانیان دەستگیرکرد، بەتایبەتی ئەوانەی تاوانیان دژی هاوڵاتیان ئەنجامدابوو یان هاوکاریی حوکمی پاشایەتییان کردبوو، ئەمەیش مایەی دڵخۆشیی جووتیاران و پشتیوانیی بەهێزی ئەوان بوو بۆ ڕژێمی کۆماری نوێ بە سەرکردایەتیی زەعیم عەبدولکەریم قاسم. لە نێو زیندانییەکاندا، مەحموود ئاغای زێباری هەبوو، مەلا موستەفا بێگوێدانە هەست و سۆزی جوتیاران و گوندنشینەکان، هەوڵی دا مەحموود ئاغای زێباری بەزووترین کات ئازاد بکات.

مەلا موستەفا، پەیوەستبوون و پشتیوانیی خۆی بۆ سیستمی دەرەبەگایەتی لە کوردستان، کە بریتی بوو لە ئاغاکانی کورد نەدەشاردەوە، سەبارەت بەم حاڵەتە (دەقی ئەوەی لە توێژینەوەیەکی وردی دکتۆر ستیڤن سی پێلێتییەردا هاتووە) دەگوازینەوە: بزووتنەوەیەکی سیاسیی چالاک لە ڕابوردودا لە نێو کورددا هەبوو، لە هەوڵێکدا بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی کشتوکاڵی لە ناوچە کوردییەکاندا، کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیە لە ناوەڕاستی شەستەکاندا کۆتاییهات، مەلا موستەفا باوکی مەسعود بارزانی، بە تەسلیمکردنی بە ئاغاکان، لەناوی برد. [٨٣]

پارتی، هەنگاوێکی دیکەی نا بۆ فشارخستنە سەر قاسم و یەکدەنگیی کورد، لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٦١دا بانگەوازی کرد بۆ ڕاگەیاندنی مانگرتنێکی گشتی لە کوردستان (لە ساڵیادی ڕووداوی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠) بۆ پشتگیریکردنی یاداشتەکەی حیزب کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، مانگرتنەکە سەرکەوتنێکی بێوێنەی بەدەستهێنا، چونکە بازاڕەکانی

[83]، The Kurds and their agas. An Assessment of the Situation in Northern Iraq. Dr. Stephen C. Pelletiere. September 16, 1991.

سلێمانی، هەڵەبجە، پێنجوێن، دەربەندیخان، چوارتا، ماوەت، ڕانیە، قەڵادزێ، کەرکوک، کۆیە، چەمچەماڵ، دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، شەقڵاوە، ڕەواندوز و خانەقین داخران و کارەکانیان ڕاگیران، واتە مانگرتنەکە سەرکەوتنێکی نایابی بەدەستهێنا، مانگرتنەکە لە هەولێر بەشێوەیەکی ڕێژەیی سەرکەوتوو بوو، هەروەها لە تووزخورماتوو و کفری و پردێ.

ڕووداوەکان بەخێرایی تێدەپەڕین، لیژنەی ناوەندی بۆ کۆبوونەوە بانگکرابوو لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٦١، بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵوێستی حیزب بەشێوەیەکی نوێ، بەڵام هێرشی دڕندانەی قاسم لە ٩ی ئەیلوولدا بۆ سەر دەربەندیخان و دهۆک و لە ١١ی ئەیلوولدا بۆ سەر بازیان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەستیپێکرد، هێرشەکان دڕندانە بوون و دوژمن تێیدا قورسترین و نوێترین و کوشندەترین چەکی وەک فڕۆکە و تانک و تۆپ و ڕەشاش بەکار هێنا. سکرتێری حیزب و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و ئەندامێکی یەدەگ لە ١١ی ئەیلوولدا بڕیاریان دا.

ڕێکخستنی گرووپەکانی پارتیزانیی نیشتمانی لەوانەی گردبوونەتەوە، بۆ ئەو مەبەستە بەخێرایی بۆ ئامادەکردنیان و دەستپێکردنی شەڕی پارتیزانی (پێچەوانەی ڕای هۆزەکان کە مەیلیان بۆ کۆبوونەوەی بەرەیی ئاشکرا هەبوو لە جیاتی شێوازی شەڕی پارتیزانی).

ناردنی ئەندامی مەکتەبی سیاسی مامۆستا عومەر موستەفا، بۆ زانینی هەڵوێستی مەلا موستەفا سەبارەت بە شۆڕشەکە و زانینی ئەوەی کە ئایا دۆخی بارزان (کە لە دەرەوەی شۆڕش بوو تا هێرشەکەی قاسم بۆ سەری لە ١٦ و ١٧ی ئەیلوول) یارمەتیدەرە بۆ بەشداریکردنی لە بزووتنەوەکەدا یان نا؟ کاتێک سکرتێر و ئەندامانی دیکەی لیژنەی ناوەندی زانییان کە بارزانی بەشداڕە (لە ١٨ی ئەیلوولەوە)، بەیاننامەیەکی حیزبی دەرکرا بۆ دەستپێکردنی شەڕی گرووپەکانی پارتیزانیی نیشتمانی لە سەرانسەری کوردستاندا، چونکە فەرمانە حیزبییەکان پێش ١١ی ئەیلوول دەرکرابوون بۆ ناوچەی شەقڵاوە، بۆ سزادانی چەتەکانی دەرەبەگی خائین، لە ١٤ی ئەیلوولیش بۆ ڕێکخراوەکانی حیزب لە بەهدینان بۆ دەستپێکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی، بەمشێوەیە حیزب چووە

ناو شۆڕشەوە، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (بە سکرتێر و ئەندامەکانیەوە) لەوانە بوون، کە بە پەرۆش بوون بۆ شۆڕش و (بە هەموو توانایانەوە) کاریان دەکرد بۆ فراوانکردن و بەهێزکردن و سەرکەوتنی.

بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نەکراو بوو، ڕووی دا. عەشایەرەکان لە لیوای سلێمانی شکستیان هێنا و تەنها حیزبییەکان لە مەیداندا مانەوە (ئەوانیش زۆر کەم بوون بەهۆی کەمیی چەکی حیزب)، بەڵام لە لیوای هەولێردا سەدان پارتیزانی پارتی، کە ئەندامی لیژنەی ناوەندی بوون و لەلایەن مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل سەرکردایەتی دەکران، بە قارەمانانە شەڕی سەختیان دژی هێزەکانی سوپا و پۆلیس و (جاش پۆلیس) - پۆلیسی نانیزامی - لە ناوچەی شەقڵاوە دەکرد، سەرەتا سەرکەوتن بۆ ئێمە بوو، چونکە پارتیزانەکان زۆربەی ناوچەکانی شەقڵاوەیان ئازادکرد و ناحیەی هیران و بنکەکانی پۆلیسی (هەرتەل) و (بالیسان) و قەڵاسنجیان گرت، بەمشێوەیە پارتیزانەکان، پۆلیس و بەڕێوەبەری ناحیەکە (نەقیب حوسێن مەلا) و یاریدەدەری بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر (عەبدولقادر نەجدی)یان بەدیلگرت و سەدان تفەنگ و چەندین ڕەشاش و تۆپی هاوەنیان دەست کەوت. ئەم شۆڕشگێڕە پارتیزانانە، بەردەوام بوون لە شەڕکردن دژی دوژمن و جاشە دەرەبەگە خائینەکان، کە لە ژمارەدا زۆر و خاوەن چەکی زۆر بوون، پێشمەرگە بەردەوام بوون لە شەڕکردن بۆ ماوەی سێ مانگ، تا تەقەمەنییان تەواو بوو و کشانەوە بۆ ناوچەی (پشتکەل) لە قەزای خۆشناو، واتا دوور لە قەزاکە.[٨٤]

لە ڕاستیدا بارزان، ساڵێک پێش دەستپێکردنی بزووتنەوەی کوردی لەژێر فشاردا بوو، چونکە گرژی لە مانگی تەمموزدا لە نێوان بارزان و عەشایەرە دوژمنەکانیدا کە لە سێ لاوە دەوریان گرتبوو هەبوو، جگە لە سنوورە نێودەوڵەتییەکەی لەگەڵ تورکیادا، قاسم سەرۆک هۆزی برادۆست و زێباری و سوورچی و ڕێکانیی چەکدار کردبوو، هانی دابوون بۆ هێرشکردنە سەر بارزان، سەبارەت بەم پرسە ڕۆژنامەی خەبات لە سەرگوتاری خۆیدا لە ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ ژمارە ٣٣١ ئەمەی نووسی:

---

[٨٤] ، نامەیەکی دەستنووسی جەلال تاڵەبانی بۆ عیسمەت شەریف انلی لەبەرواری ١٩٦٣/٧/٩ باشووری کوردستان، باڵەك.

ئەرکی برا عەرەبەکانمان لە ئاست دەستدرێژیی کۆنەپەرستان بۆ سەر بارزان

ماوەیەکە بارزان، لە بەردەم دەستدرێژی و پەلاماری بەردەوامدایە، کە لەلایەن چەند دەستەیەک لە دەرەبەگە کوردەکان و خائینەکانی هەڵگرانی میدالیای فەیسەڵ و نووری سەعید و هەتیوەکانی سەردەمی پاشایەتیی بەسەرچوو ئەنجام دەدرێن. مەبەستی ڕاستەقینەی ئەم دوژمنکاری و تاوانکارییە کە هێزی دەرەبەگە پیلانگێڕ و خائینەکانە، دوژمنانی کۆماری و دیموکراسی دەیکەنە سەر بارزان، کە هەمیشە قەڵایەکی قایم بووە بۆ ئازادی و کۆماری دیموکراتی عێراق، لە هیچ کەس شاراوە نییە. بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێت کە داگیرکەران و پاشکۆکانیان هەوڵدەدەن کەشێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و تیرۆر لە وڵاتدا دروست بکەن، وەک ئامادەکارییەک بۆ تێپەڕاندنی پیلانە دوژمنکارییەکان دژی گەل و کۆمارەکەمان.

هەزاران بروسکە و هەزاران واژۆی ناڕەزایەتی داباریون، بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەسەر دەستدرێژیی کلکە ناپاکەکانی ئیمپریالیزم بۆ سەر بارزانی سەرکەش و داواکردن لە دەسەڵات بۆ ئەوەی بەتوندی لە دەستی دەستدرێژیکەران بدات، لە ئەگەری بەردەوامیی گەلەکۆمەکێی هێزی چەکداری دواکەوتوویی تاریکپەرست، بەمەبەستی پاراستنی گیان و ماڵی هاوڵاتیان و ڕێزگرتن لە هەستی گەلی کورد و ڕێگریکردن لە ڕوودانی ئەنجامێکی نەخوازراو کە پاشەڕۆژی باش نابێت.

گەلی کورد بە تووندی ئەم هەوڵە نوێیەی دەستدرێژیکردنە سەر بارزان ڕەت دەکاتەوە، چونکە بە باشی لە مەبەستی تێدەگات و لە ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆیەوە فێربووە کە داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوەی کورد، لە هەر شەڕێکدا کە دەیانەوێت دژی کورد و کوردستان بیکەن، لە بارزانەوە دەستپێدەکەن و یەکەم گورز لەوێ دەوەشێنن.

وێڕای ئەمانەیش، بەرژەوەندیی نیشتمانیش وا دەخوازێت پەلە بکرێت لە جێگیرکردنی سەقامگیری و دانانی سنوورێکی یەکلاکەرەوە بۆ ئاژاوەگێڕی و پشێوی، دەبێت بە دەستی پۆڵایین لە یاریدەدەرانی داگیرکەران بدرێت، چونکە چالاکییە پیلانگێڕییەکانیان لەسەر دەسەڵاتی نیشتمانی شاراوە نییە و هەموو گەل لە خیانەت و تاوانەکانیان بەرامبەر بە گەل ئاگاداراە.

برا عەرەبەکانی ئێمە، بە جیاوازیی حیزبە نیشتمانییەکانیان و ئاراستەی سیاسیی دیموکراسییانەوە، ڕەوشەکە وا دەخوازێت لێیان کە مەترسیی دەستدرێژیی کۆنەپارێزەکان بۆ سەر بارزان و ئەنجامە خراپەکانی بۆ سەر سەلامەتیی کۆمار و یەکێتیی نیشتمانی هەست پێبکەن. هەروەها وا دەخوازێت کە ئەرکی نیشتمانیی خۆیان جێبەجێبکەن و دووەمیش ئەوەی کە برایەتی عەرەبی - کوردی پێویستی پێیەتی، ئەنجام بدەن. ئەمەیش بە بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی و ڕەتکردنەوە دژی ئەم پیلانە تاوانکارییە نوێیانەیە، کە هێزە کۆنەخواز و پیلانگێڕەکان دەیچنن، داواکردن لە حکومەتی نیشتمانی بۆ ڕاگرتنی دەستدرێژیکەران لە سنووری خۆیان و سزادانیان، چونکە ڕاستی سەلماندوویونی کە سازشکردن لەگەڵ پیلانگێڕان و دەرەبەگە خائینەکاندا، تەنها سووربوون لەسەر ئەنجامدانی تاوان و بەردەوامبوون لەسەر خیانەت و پیلانگێڕیی ئەوان زیاد دەکات، جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە لەلایەن برا عەرەبەکانی ئێمەوە، بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی برایەتیی عەرەبی - کوردی و پتەوکردنی متمانە لە نێوان نەتەوەی عەرەب و کورد لەلایەك و دانانی سنووردێک بۆ چالاکییە پیلانگێڕییە مەترسیدارەکان لەلایەکی ترەوە. بۆیە داوا لە هەموو برا عەرەبەکانی خۆمان دەکەین، کە برایەتیی عەرەبی - کوردی و بەرژەوەندییەکانی کۆماری دیموکرات لەبەرچاوبگرن، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە نیشتمانییە.

تاڵەبانی لە نامەکەیدا بۆ شەریف دەڵێت:

مانگی ئاب/ ئۆگەستۆس، دۆخێکی پڕ لە وروژان و خڕبوونەوەی خێڵە چەکدارەکانی بەخۆوە بینی، لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان، لە خەڵکان و ڕانیە بە سەرکردایەتیی عەباس مامەند ئاغا و شێخ حوسێن بۆسکێن، لە ناوچەی سووراشی سەر بە سلێمانی و لە چوارتا و شوێنەکانی دیکە جووتیاران خۆپیشاندانیان کرد، کە زۆربەیان ئەندامی (پدك) بوون. خۆپیشاندانەکان، شاری شەقڵاوەیشی گرتەوە بە فەرمانی عەبدوڵڵا ئیسماعیل[٨٥]

[85] Ismet Cheriff Vanly. Le Kurdistan Irakien Entité Nationale. Etude de la Révolution de 1961.Editions De La Bacconnière. 1970. NEUCHATEL. Page : 99-100.

لەلایەن حیزبەوە، بڵاوکردنەوەی ئەو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ مەلا موستەفادا لە بارزان ئەنجامدرابوو، کە دەڵێت: «سەرۆک بەهیچ شێوەیەک خوازیاری ڕاگەیاندنی شۆڕش نەبوو» پاشان تاڵەبانی ڕەخنە لە خۆیان دەگرێت و دەڵێت: ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ڕوون سەلماندیان، کە شیکاری زۆرینە زانستی و دروست بوو، چونکە خۆی لەگەڵ کەمینەدا بوو کە خوازیاری دەستپێکردنی شەڕ بوون.[٨٦]

سەبارەت بە هەمان بابەت دکتۆر سەعد جەواد دەڵێت:

لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە مانگی تەممووزی ١٩٦١ بەسترا، لیژنەی ناوەندی بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون، زۆرینە کە ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکایەتیی دەکرد، پێداگرییان کرد لەسەر ئەوەی کە دۆخەکە بۆ دەستپێکردنی شۆڕش پێنەگەیشتووە و باشترە لە ژێر سەرکردایەتیی (پدك) ئامادەکاری بۆ بکرێت و لە هەمان کاتدا پەیوەندی لەگەڵ حکومەتدا بهێڵدرێتەوە، بەڕای ئەوان (پدك) دەبێت لە سێ حاڵەتدا شۆڕش ڕابگەیەنێت: کاتێک مافی حوکمی زاتی، نەخرێتە ناو دەستووری هەمیشەیی. قەدەغەکردنی کاری حیزب. لە حاڵەتی هێرشکردنە سەر بارزاندا. بەڕای ئەوان، ئێران ئەو لایەنەیە کە هێزە خێڵەکییەکانی بەکاردەهێنا، لە پێناو ئامانجەکانی خۆیدا دژی شۆڕشی تەممووز، هەروەها لە کاتی گونجاودا پارتی دەتوانێت شۆڕشە پێشکەوتنخوازەکەی بەڕێوەببات، بەبێ پشتبەستن بە خێڵەکان.

بەڵام کەمینە، کە جەلال سەرۆکایەتیی دەکرد، لایەنگری ڕاگەیاندنی شەڕ بوون بە زوویی و ترسیان لەوە بوو، کە سەرۆک عەشیرەتەکان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی بدزن، ئامانجیش ئەوەبوو دەستپێشخەریی پێشەوایەتی لە خێڵەکان بسەنرێتەوە[٨٧]. هەردوو لایەن، ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی گوێ لە ئامۆژگارییەکانی مەلا موستەفا بگرن، عومەر موستەفا نوێنەرایەتیی زۆرینەی کرد و جەلال تاڵەبانی نوێنەرایەتیی کەمینەی کرد، هەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوون، ڕۆیشتن بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا موستەفا، هاوکات نووری ئەحمەد تەها نێردرا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ قاسم بۆ

---

[86]، Ibid. Page : 99-100

[87] Iraq & the Kurdish Question 1958-1970. By Sa'ad Jawad. P. 80-81. Ithaca Press London. 1981

بەدەستهێنانی کات. مەلا موستەفا، ڕای زۆرینەی بەلاوە باشتر بوو، بەڵام بە نێردراوەکانی ڕاگەیاند کە دەبێت لە حاڵەتی هێرشکردنی حکومەت بۆ سەر هۆزی (ئاکۆ) کە عەباس مامەند ئاغا سەرۆکایەتیی دەکات، ئەودەم حیزبیش شەڕ ڕابگەیەنێت.[88] لێرەدا لاوازیی ئاراستەی هەردوولا بە ڕوونی دەردەکەوێت، لەوێشەوە لاوازیی بۆرژوازییە کوردییە تازەپێگەیشتوو و دوودڵەکە و کەمیی متمانەی بەخۆ و نەبوونی هیچ پلانێکی ستراتیجی، دەردەکەوێت.

بە ڕای سەعد جەواد، خودی قاسم لە کۆتاییدا بە ڕێگریکردن لە چالاکیی سیاسییی حیزبی، هەنگاوی نا بۆ شەڕ لە ٢٤ی ٩ی ١٩٦١.[89] سەعد جەواد سەبارەت بە ئەنجامەکانی هەڵوێستی (پدك)، لەم بارەوە دەڵێت: بڕیاری (پدك) بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشێکدا کە بنەمای خێڵەکی بوو، یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ ناوزڕاندنی، بەلایەنی کەمەوە لەنێو ڕۆشنبیراندا، ئەگەر (پدك) دڵسۆز بووایە لە پەیوەستبوونی بە ئاواتە نیشتمانییەکانی کوردەوە، ئەوا خۆی ڕادەستی سەرکردایەتیی خێڵەکیی شۆڕشەکە نەدەکرد و بەمشێوەیەیش دەرفەتەکانی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەکەی، لەناو نەدەبرد. سەرکردەکان لە ساڵی ١٩٦٤دا ئینجا لەم کارە تێگەیشتن. کاتێک مەلا موستەفا بە زۆر دەریکردن، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت و ڕێکەوتنێک لەگەڵ حکومەتدا واژۆ بکات.[90]

دکتۆر مەحموود عوسمان سەبارەت بەم پرسە دەڵێت: (بەڵام لێرەدا خاڵێک هەیە کە شایەنی ئاماژەپێدانە، ئەویش ئەوەیە کە هەڵگیرساندنی شۆڕشەکە، دوای نەخشەدانانی پێویست و لێکۆڵینەوەی بابەتییانە بۆ دۆخی ناوخۆ و دەرەوە لەو کاتەدا نەهات، بەڵکو دۆخی نائاسایی ئەو قۆناغە سەپاندی)[91]

---

[88]، Ibid. P. 80-81

[89]، Ibid. P. 80-81.

[90] Iraq & the Kurdish Question 1958-1970.By Sa'ad Jawad. Ithaca Press London. 1981P: 81.Ibid, p:82.

[91] الحزب الديمقراطى الكردستانى. اللجنةالتحضيرية. تقييم مسيرةالثورة الكردية وانهيارهاوالدروس والعبرالمستخلصة منها..١٩٧٧ ص:.١٠

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە مولّکدارەکان و ئاغاکان، ئەو کەسانە بوون کە حیزبیان ڕاکێشایە ناو مەیدانی شەڕ لەگەڵ ڕژێمی قاسمدا، نەک بە پێچەوانەوە. سەرکردەکانی حیزب جگە لە دەربڕینی کاردانەوە، هیچ شتێکیان لە بەردەم نەبوو، چونکە بڕیاری گرتن بۆ زۆربەی سەرکردە سەرەکییەکان دەرچووبوو: ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و ئەوانی تر، کە زۆربەیان خۆیان شاردەوە یان گەیشتنە چیاکانی کوردستان، بە واتایەکی تر گوشارێک هەبوو لەلایەن مولّکدارە کوردەکان و حکومەتی قاسمەوە، بۆ سەر سەرکردەکانی حیزب و پاڵنانیان بەرەو بەرگریی چەکداری، هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی لە نێوان گوشاری خێڵە کوردەکان و حکومەتی عێراقیدا تەنیا کاردانەوە بوو، لەبەرئەوەی هەڵوێستیان لاواز بوو، لەم لاوازییەیشەوە لادانی مەترسیدار سەریانهەڵدا، کە پێش هەموو شتێک بوونە هۆی بەهێزبوونی ئاراستەی خێڵەکی و تاکەکەسی لە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردیدا و گەندەڵی لە ئیدارەکردنی و ڕووخانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا.

لێرەدا پێویستە شتێک بڵێین لەسەر پێکهاتەی سەرکردایەتیی کوردی (کۆمەڵگەی کوردی لە ئاغا و شێخەکان و لە بۆرژوازی بازرگانی بچووکی کوردی پێکهاتبوو، کە لە سەرەتای گەشەکردندا بوون و تێکەڵبوون، هەروەها پەیوەندی لە نێو خودی مرۆڤی کوردیدا هەبوو، چونکە پابەندبوونی خێزانی و خێڵەکی و بنەماڵەیی و ڕێباوەڕی و سۆفیگەری و نەتەوەیی و حیزبی لە ناو خودی تاکدا تێکەڵاو بوون، کاتێک بەریەککەوتن لە نێوان بەرژەوەندییەکاندا ڕووەدات، تاك پاڵدەداتە پێکهاتە ئابووری و کولتوورییە بەهێزترەکان و ڕەنگە دەستبەرداری نەتەوەی خۆی ببێت، لە پێناوی بەرژەوەندیی عەشیرەت یان تەریقەت یان لایەنگریی نەتەوەیی خۆی یان خێزانەکەی، بەشێوەیەکی گشتی هیچ سنوورێکی ڕوونی دیاریکراو نەبوو کە تێکەڵبوونی سنووری پێکهاتە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان لە کۆمەڵگەدا دیاری بکات، بۆیە هیچ ناسیۆنالیستێکی تەواو یان عەشایەری یان سۆفیگەریی تەواو نەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هێزی سەرەکی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هێزی خێڵەکی بوو، مولّکدارانی چاوچنۆک و جووتیارانی قوربانیدەر کە پشتیوانییان لە ستەمکارەکانیان دەکرد. پتەوترین هێز، هێزی خێڵەکی بوو، فۆرمی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش ڕەنگدانەوەی ئەم ڕاستیە

بوو، هێزەکانی لادێ لەلایەن کەسایەتیی مەلا موستەفاوە نوێنەرایەتی دەکران و هێزەکانی شاریش لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە نوێنەرایەتی دەکران. سەبارەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، ئەم دوو بەرەیە پێکەوە نەدەگونجان لە بەردەوامیی ململانێی نێوان لادێ و شاردا، سەرکەوتن بۆ لادێ و شکست بۆ شار بوو، بەدرێژایی ماوەی ژیانی بزووتنەوەکە.

هەروەها پێویستە ئاماژە بە بابەتێکی گرنگ بکرێت، کە تا ئێستا ناڕۆشنە، ئەویش ئەوەیە کە چۆن حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، ئایا بەڕاستی بە دەستپێشخەریی مەلا موستەفا بوو؟ یان ئەم قسەیە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە؟ کێشەکە ئەوەیە کە سەرچاوە حیزبییەکان، مۆرکی بانگەشەکردنیان بەسەردا زاڵە و متمانەی پێویستیان تێدا نییە، بۆ پشتبەستن پێیان، لە کاتی خوێندنەوەی پەڕتووکی (جرجیس فەتحوڵڵا. سەردانێک بۆ ڕابووردووی نزیک، کە لە سوید نووسیویەتی، دوور لە گوشار و تەماح خستنەبەر لەلایەن سیاسەتمەدارانی کوردستان)، لەم پەڕتووکەدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە دامەزراندنی حیزب لەلایەن موستەفا بارزانییەوە پێچەوانەی واقیعە، ئەو بە ڕوونی دەڵێت: لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبدا لە ئابی ١٩٤٦ مەلا موستەفا بارزانی بە سەرۆک هەڵبژێردرا، لە کاتێکدا ئەو لە دەرەوەی وڵات بوو (لە کۆماری مەهاباد بوو)، لە پەراوێزی قسەکانیدا دەڵێت: ئەوە بە دەستپێشخەریی دەستەی دامەزرێنەر بوو، بۆ ئەو مەبەستە (حەمزە عەبدوڵڵا) کە نوێنەریان بوو، ناردیانە مەهاباد بۆ ئەوەی مەلا موستەفا ناچار بکەن قبووڵی سەرۆکایەتیی حیزب بکات! ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوا بەو واتایە دێت کە ڕۆشنبیرە دامەزرێنەرەکانی پارتی لەو ڕاستییە گرنگە بێئاگا بوون، لەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و ئاڵنگارییەکان و هەنگاو بەرەو سەردەمی نوێخوازی، وەک دۆزینەوەی ڕێکخراوێکی سیاسیی هاوچەرخ و پرسەکانی دیموکراسی و پێشکەوتنی ئابووری و کولتووری و پێشەوایەتیکردنی بە عەقڵیەتێکی کۆن، ئەستەمە. ئەم دەستپێشخەرییەی ئەوان، هەنگاو و بڕیارێکی سیاسیی مەترسیداری سەپاند بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا، لە دڵی سەرکردایەتیی حیزبدا چەندینجار بەو هۆیەوە شکستی هێنا و ئێستایش بەربەستێکە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی

لە باشووری کوردستاندا و دەربازبوونی لە دەستی دەسەڵاتی خێڵەکی و بنەماڵەیی، کە ئێستا ئەوان خۆیان بە بەشێکی گرنگی بەرپرسیارێتی دەزانن، لەو دۆخەی کە کوردی گەیشتووەتێ لە ئێستادا ئەستەمە. لە کاتێکدا ئەوان هۆکار بوون لە دابەشبوون و شەڕی ناوخۆ و ڕووخانی بزووتنەوەکە لە کۆتاییدا.

قاسم، چی تر دۆستی دڵسۆزی نەمابوو، چونکە ڕەفتارە دیکتاتۆرییەکانی بوونە هۆی هەوڵدان بۆ پەراوێزخستنی ڕۆڵی حیزبەکان، ئەمەیش پێگەی ئەوی لاواز کرد، ئەو دەستی کرد بە دابەشکردنی چەک بەسەر ئەو توێژانەی کە دژایەتیی بارزانییان دەکرد و بودجەی بۆ ئاغاکانی زێباری و ڕێکان و سورچی دابین دەکرد[٩٢]. قاسم، دوو گرنگترین کەسایەتیی ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی هەڵبژارد تا ڕەخنەکانیان ئاڕاستە بکات، ئەوانیش مەلا موستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد بوون، لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٠دا ئیبراهیم ئەحمەدی وەک خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی خەبات، بە تۆمەتی هاندانی دەمارگیریی نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی دووبەرەکی ڕەوانەی دادگا کرد، بەڵام دادگا بێتاوانیی دەرچووواند[٩٣]، لە ٣ی ئازاری ١٩٦١دا فەرمانی دووەمی دەستگیرکردن بۆ ئیبراهیم ئەحمەد دەرچوو، ئەمجارەیان نەک بە تۆمەتی سیاسی، بەڵکو بە تۆمەتی بەشداریکردن لە کوشتنی (سدیق میران) سەرۆک هۆزی خۆشناو و یەکێک لە لایەنگرانی قاسم، کە لە مانگی شوباتدا لە نزیک شەقڵاوە کوژرابوو، ئیبراهیم ئەحمەد بە تۆندی ئەم تۆمەتەی ڕەتکردەوە، پاشان فەرمانی دەستگیرکردنەکە لە ڕۆژی دواتردا هەڵوەشایەوە، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد لەبەر چاوان ون بوو و لە بەغداد نەمایەوە[94].

پاشان ڕەخنەکانی ئاڕاستەی مەلا موستەفا کرد، لەمەدا قاسم دەگەڕایەوە بۆ قۆناغێک کە لای سیاسییەکان و کادرانی حیزب و تەنانەت ناوەندە بارزانییەکانیش، بە تەواوی نادیارە. ئەم قۆناغە بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتی و سایکۆلۆژیای مەلا موستەفا

[٩٢] جلال الطالبانی. مجلة الوسط الاسبوعية. العدد ٣٥٧. ٣٠ تشرين الثانی- ٦ كانون الاول. ١٩٩٨. ص: 22- 23-24-25-26-27

[٩٣] اوریل دان.سەرچاوەی پێشوو،٤١٤

[94] هـ.س ،ل٤١٥.

زۆر گرنگە، مەبەستم سەردەمی گەنجی و تەنانەت هەتا سەرەتای گەڕانەوەی لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٣دایە، ئەمەیش زیاتر لە ٤٠ ساڵ بۆشایی لە ژیانیدا دادەپۆشێت. بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتیی ڕاستەقینەی بارزانی، پێویستە بەشێوەیەکی زانستی و دوور لە هەر لایەنگیرییەک، قووڵبوونەوە لەم قۆناغەیدا بکرێت کە خاڵی بێت لە جوانکارییە حیزبییە چەواشەکارەکان. لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٦١دا، قاسم داوای کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی کرد و وتارێکی پێشکەشکرد، کە زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاند، لێرەدا هەندێک لە نووسینەکانی جەرجیس فەتحوڵا دەربارەی ئەم کۆنگرەیە دەخەینە ڕوو.

بەشی یەکەمی، تەرخانکرابوو بۆ قسەکانی خۆی و بەشی دووەم بۆ پرسیاری ڕۆژنامەنووسان، هەندێک بەشی گرنگی قسەکانیم پاراستووە و لێرەدا وەک خۆی دەینووسمەوە، بڕیاردان بۆ خوێنەر جێدەهێڵم. برایانی ڕۆژنامەنووس داوام لێکردن کۆببینەوە، تا پێتانی ڕابگەیەنم کە توانیمان بە یارمەتیی خودا و بە یارمەتیی دڵسۆزانی گەلە سەرکەوتووەکەمان و بە ئازایەتیی سوپا دڵسۆزەکەمان، بەهێزترین پیلانی ئیمپریالیزم دژی وڵاتەکەمان تێکبشکێنین..

جەرجیس فەتحوڵا دەربارەی ئەو دۆسیە تایبەتەی کە عەبدولکەریم قاسم کردوویەتییەوە، دەڵێت: دۆسیەیەك بوو کە خۆم ئاگاداری بووم، هەروەها دۆسیەیەکی تری سەر بە وەزارەتی ناوخۆ.

عەبدولکەریم قاسم باسی ئەو نامانەی کرد، کە مەلا موستەفا لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣ - ١٩٤٥ بۆ بەرپرسانی بەریتانیای ناردووە، کۆمەڵەنامەیەک بوون نە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاگاداری بوون و نە بارزانییەکانیش، ئەم نامانە ڕەنگدانەوەی عەقڵیەتی ئەون کە کاروباری سیاسیی پێ بەڕێوەدەبرد، ئەوانە بریتین لە پاڕانەوەیەک (ئیلتیماس) کە دادەبەزێت بۆ ئاستێکی نەزانراو لە جیهانی سیاسەتدا. لە نامەکەیدا بە گەورەترین سوێند سوێند دەخوات: (من تا مردن لەسەر بەڵێنەکەم لەگەڵتان دەمێنمەوە[٩٥]).

لە نامەیەکی تردا بۆ کاپتن هۆڵت، دەڵێت: ئەگەر فەرمانی پێ بکات ئاگرێک دەکاتەوە و خۆی تێ فڕێ دەدات. ئەم شێوازە لاڵانەوە لای زۆرێک لە ئاغاکانی کورد

[٩٥] اوریل دان، سەرچاوەی پێشوو،ل٥٨٠.

ناسراو بوو، کاتێک بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازات و نیشاندانی دڵسۆزیی بێ مەرج دەپارانەوە، بۆ بەدەستهێنانی سۆزی فەرمانبەرە باڵاکانی حکومەت، (دواتر هەمان شێوازی لەگەڵ شای ئێران لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بەکارهێنا، لە کاتێکدا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو).

جەرجیس فەتحوڵا دەڵێت: قاسم لە قسەکانیدا، چووە سەر ژیانی مەلا موستەفا لە بیستەکاندا، لە هەمان کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا عەریزەیەکی خوێندەوە کە درابووە پاڵ (مەلا موستەفا) لە کۆتایی بیستەکاندا، کە بارزانی تێیدا داوای کردووە وەک پاسەوانی دارستان دابمەزرێت بە مووچەیەک، کە لە ٤ دیناری مانگانە تێنەپەڕێت، پاشان ڕاپۆرتێکی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە کە تێیدا هاتبوو (مەلا موستەفا) لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٣٣دا لەگەڵ هەندێک لە پیاوەکانی لەسەر ڕێگای گشتی، ڕێی لە بەڕێوەبەری ناحیەی بارزان گرتووە و داوای لە حکومەت کردووە یان دوو سەد دیناری پێ بدەن یان مانگانە بیست دینار. ئەگەر نا، هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە دەگەڕێتەوە سەر ڕێگری و شەقاوەیی و چەند هێندەی ئەو بڕە پارەیە لە حکومەت دەسەنێت[96]!

ئەرکی مێژوونوسانی کورد گەشانەوەی ئەستێرەی مەلا موستەفا دەربخەن، لە گەنجێکەوە کە دەربارەی پرسەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی شتێکی نەدەزانی، کەچی دواتر دەبێتە سەرۆکێکی بێ ڕکابەری پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە پێویستی بە توێژینەوە و شیکاری و بوێرییەکی زۆر هەیە، لە ئاشکراکردنی قۆناغە شاراوەکانی ژیانی و پێچ و چەرخە مێژووییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ڕەنگە لە ڕوانگەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە، سوودبەخش بێت کە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لەگەڵ حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست و دەرکەوتنی ئەستێرەی سەددام حوسێن بکرێت، کە ڕۆشنبیرییەکی سنووردار هەبوو، تا ببێتە سەرۆکی بێ ڕکابەری حیزبی بەعس و زیاتر لە دوو دەیە حوکمی عێراق بکات.

لێرەدا پێویستە وشەیەک دەربارەی دۆخی کوردستان - ئێران – بوترێت، چونکە لە ساڵی ١٩٥٨دا ژمارەیەکی زۆر لە کادرە پێشکەوتووەکانی (حدک - ئێران) پەنایان بۆ

[96] هـ.س ، ل٨٥١

باشووری کوردستان هێنا، ئەم کەسانە ڕۆڵێکی گرنگیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، لەژێر سەرکردایەتیی مەلا موستەفادا گێڕا. دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ و لەسێدارەدانی خەباتگێڕان و تونديکردنی چنگی سوپای ئێران و دەزگاکانی ساواک لە کوردستان، ئازادیخوازانی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، ناچار بوون پەنا بۆ کاری نهێنی بەرن، وەک چۆن لە عێراقدا هەژموونی حیزبی شیوعیی عێراق لە کوردستان فراوان بوو و بووە هێزی سەردەست لە کوردستاندا، لە (حدك)ی ئێرانیشدا هەمان شت بوو، چونکە هەژموونی حیزبی تودە زاڵ بوو و (حدك) لە ساڵی ١٩٤٨وە ببووە لقێکی کوردستانی حیزبی تودە.

بە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن (مصدق) لە ئێران، کەشێکی ڕێژەیی ئازادی سەریهەڵدا، لەم کەشەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان چالاکتر بوو، لە ساڵی ١٩٥١دا جووتیاران لە ناوچەکانی مەهاباد دژی ستەمی دەرەبەگەکان ڕاپەڕین، هەروەها لە مانگەکانی ئایار و حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٣ دیسان جوتیارانی مەهاباد ڕاپەڕینەوە و تێیدا پۆلیس ژمارەیەک لە خۆپیشاندەرانی دەستگیرکردن، هەروەها یەکێک لە پۆلیسە ئێرانییەکان کوژرا، لە ١٦ی ئابی ١٩٥٤ خۆپیشاندانێکی جەماوەریی گەورە بەبۆنەی یادی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥ ڕێکخرا، بۆ پشتگیریکردن لە (مصدق)، تێیدا هێمنی شاعیر بۆ یەکەمجار دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد دەرکەوت و شیعرەکانی خوێندنەوە.

حوکمی موسەدیق زۆری نەخایاند، چونکە شای ئێران دوای ئەو کۆدەتایەی کە (C.I.A) پلانی بۆ داڕشتبوو، گەڕایەوە. بەمەیش سەرکردەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ناچار بوون پەنا ببەنە بەر خۆشاردنەوە لە گوندە دوورەدەستەکان، سەرکردایەتیی کورد لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (تودە) کە لە هەڵوێستی خۆی پاشەکشەی کردبوو بێئومێد بوون، بۆیە لەگەڵ (تودە) دابڕان دەستیپێکرد لەڕووی فکری و کردەییەوە و حیزبی دیموکرات، سەربەخۆیی لە تودە ڕاگەیاند.

لە ماوەی ساڵانی دوای گەڕانەوەی شا، فشار و چەوسانەوەی توند دەستیپێکرد، ئیتر یەك سەرکردایەتی لە هەموو کوردستان نەمابوو، بەڵکو دوو لیژنەی سەرەکی هەبوون.

لیژنەی مەهاباد کە کەسایەتیی کارای وەک (عەزیز یوسفی، ئەحمەد تۆفیق – ئیسحاقی، عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕەحیم سەیفی، کەریم ئەیوبی، غەنی بلوریان و خەباتگێڕانی تر) سەرپەرشتییان دەکرد، لیژنەی سنە کە سەید شەریعەتی بەڕێوەی دەبرد.[٩٧]

غەنی بلوریان، توانی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤ - ١٩٥٥ ڕۆژنامەی کوردستان دەربکات، بەڵام دوای ئەوەی ساواک ئامێرەکانی چاپکردنی لە تەورێز دۆزییەوە و ژمارەی ٥ی ڕۆژنامەکەی دەست بەسەردا گرت، ئەو ڕۆژنامەیەیش وەستا. لەلایەکی ترەوە لیژنەی مەهاباد و سنە یەکیانگرت و ژمارەی ئەندامانی حیزب گەیشتە چەند هەزار ئەندامێک، هەروەها حیزب پەیوەندیی لەگەڵ هێزە چەپەکانی عێراق و سووریا و ئێران دروستکرد.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەحمەد تۆفیق لە سەرەتای لاوییەوە، پەیوەندیی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردەوە کردووە و ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە بەرەوپێشبردنی ڕێکخستنی حیزبی، بە دڵسۆزی و کۆششێکی کەموێنە لە بارودۆخێکی سیاسیی سەختدا، لە ڕاستیدا لەژێر سایەی ڕژێمی شادا، ترس و نائومێدی لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا گەیشتبووە ئاستێک، کە پێویستی بە ئیرادەیەکی پۆڵایین هەبوو بۆ تێکشکاندنی دیواری ترس و هەستانەوەی نەتەوە لەو کەوتنە. ئەحمەد تۆفیق، یەکێک بوو لە نەیارانی حوکمی شا، ئەو لە ساڵی ١٩٣٢ لە بنەماڵەیەکی ئاینی لە مەهاباد لەدایکبووە، ناوبراو بەهۆی پاشخانی خێڵ یان خۆهەڵواسینەوە نەگەیشتبووە ئەو پلەیەی بەدەستیهێنابوو، بەڵکو تەنها بەهۆی دڵسۆزیی بۆ دۆزی ڕزگاریی گەل و زیرەکی و فیداکاریی خۆیەوە بوو.

کاتێک ساواکی ئێران ئازادی و چالاکیەکانی لەسەر (حدک)ی ئێران بەرتەسککردەوە، ژمارەیەک لە ئەندامان دوای ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ پەنایان هێنا بۆ (کوردستانی عێراق)، بۆ مێژوو دەیڵێین (ئەم تێکۆشەرانە هیچ جیاوازییان نەدەکرد لە نێوان خزمەتکردن لە کوردستانی ئێران یان عێراق، چونکە لای ئەوان کوردستان نیشتیمانێکی لێکدانەبڕاو بوو) لە نامەیەکدا کە ئەحمەد تۆفیق بۆ مەلا موستەفا بارزانیی ناردووە لە ڕێکەوتی ١٩٦٠/٥/٥، سکاڵا لە بارودۆخی نالەباری پەنابەرانی کوردستانی

[97] ،chris Kutscera, Ibid, p: 186- 187- 188

ئێران دەکات لە ناوچەکانی سلێمانی، کە زۆر قەرزدارن و دەڵێت: پێموایە ئەگەر کارەکان بەمشێوەیەی ئێستا بڕۆن، هەموو کوردێکی دڵسۆز خەمبار دەکات.[٩٨]

لە نامەیەکی تردا لە ١٩٦٠/٥/٢٦ ئاماژە بەو مەترسییانە دەکات، کە ڕەنگە نەژادپەرستیی (عێراقی یان ئێرانی) دروستی بکات و جەخت لە پێشینەیی ناسنامەی کوردی دەکاتەوە، بەسەر هەموو پەیوەستبونە حیزبییەکانی تردا، ئەو ڕەخنە لە ڕەفتاری ئەو کاتەی پارتییەکان دەگرێت بەرامبەر بە ٢٠٠ - ٢٥٠ کەس کە ئاوارە بوون لە پێناو خەبات بۆ کورد و کوردستان.[٩٩]

لە کۆتایی نامەکەیدا دەڵێت: گرنگتر لە پرسی پەنابەران، پەیوەندیی نێوان هەردوو حیزبە، ئەم پەیوەندییە نەك تەنیا ڕوون نیە، بەڵکو هیچ قسەیەکی لەبارەوە نەکراوەو و لەو پێناوەدا هیچ کۆبوونەوەیەك سازنەدراوە، لە کۆتایی نامەکەیدا دەڵێت (دروستکردنی پەیوەندیی پتەوی نێوان کوردستانی ئێران و ئێرە (واتا کوردستانی عێراق)، ئەرکێکی مێژوویی و نەتەوەییە، لەهەمان کاتدا کەرامەت و شکۆمەندی و نیشتیمانپەروەریمانە[١٠٠].



لە لای ڕاستەوە ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵا ئیسحاقی) و حەسەن ئیسحاقی

[٩٨] مسعودالبارزاني، البارزاني الحركة التحررية الكوردية، ١٤ تموز ١٩٥٨-١١ أيلول ١٩٦١، بەڵگەنامەی ژمارە ٢٦ بە خەتی احمد توفیق نوسراوە، ل٢٦١-٢٦٢ ساڵی ١٩٩٠.

[٩٩] هـ.س ،ل٢٦٦.

[١٠٠] هـ.س ،ل٢٦٧.

سەرەڕای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر ئاوارەبوونی ئەحمەد تۆفیقدا، بەڵام بە چالاکی مابووەوە و پەیوەندیی بە سەرۆک عەشیرەتەکانی باشووری کوردستانەوە دەکرد، بۆ قایلکردنیان بەوەی پاڵبدەن بە ڕیزی نیشتیمانپەروەرانەوە [١٠١]

بە بۆنەی ئاهەنگەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، لیژنەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران، هەوڵی دا بەشداریی گەشتەکەی مۆسکۆ بکات لەگەڵ هەڤاڵی سەرکردە موستەفا بارزانی و ناردنی وەفدێک کە (قاسم سوڵتانییان) و (سلێمان موعینی - کوڕی وەزیری ناوخۆی پێشووی کۆماری مەهاباد) و عەبدوڵڵا ئیسحاقی لەخۆبگرێت، بەڵام ئەم سەردانە ئەنجامنەدرا.[١٠٢] بارودۆخی دارایی ئەندامانی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) لەم ماوەیەدا زۆر سەخت بوو، لەگەڵ ئەمەیشدا ئەحمەد تۆفیق و هاوەڵانی، بەرگەی سەختییەکانیان گرت و لە ڕێگای خەبات سارد نەبوونەوە.

لە ڕاستیدا ئەحمەد تۆفیق، بووە یەکێک لە تێکۆشەرە دیارەکان کە خزمەتی ڕاپەڕینی کوردیان کرد دژی ڕژێمی قاسم، لە ساڵانی یەکەمدا زۆر لە مەلا موستەفا نزیک بوو، واتە پێش پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی مەلا موستەفا بارزانی لەگەڵ ڕژێمی شای ئێران (محەمەد ڕەزا پەهلەوی).

[١٠١] هـ.س ، بەڵگەنامەی ژمارە ٢٨،ل٢٦١-٢٧٠.

[١٠٢] هـ.س ،ل.270

داگیرکردنی خاکی بارزان ١٩٦١

دەبێت لە پێشدا هەندێك وردەکاری لە بارەی تایبەتمەندیەکانی ژیان لە گوندەوارەکانی بارزان، باس بکەین.ئەوەی لە کاتی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨دا بەدی هات و ڕووی دا، ڕەوشی باروگوزەرانی گۆڕی لە ماوەی چوار ساڵی نێوان (دەستپێکی ڕاپەڕین و شۆڕشی تەممووز)دا، ڕەنگە ئەو وێنەیە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ڕەوشی گوندنشینانی تری هەژاری کوردستانیش ڕاست بێت، کە لانکەی ڕاپەڕین بوون، بەدەر لە کاریگەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریيە نایەکسانەکان، کە تایبەتمەندیی ناوچەکانی بارزان بوون.

دوای ئازادکردنی شێخی بارزان لە زیندان و گەڕانەوەی پەنابەران لە یەکێتیی سۆڤیەت، پاش کۆدەتاکەی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨، بارزانیەکان لە زێدی خۆیان گردبوونەوە، ژمارەیەک لە بارزانییەکان لە شارەکانی وەک هەولێر و سلێمانی و موسڵ لە پۆستی حکومی دامەزران.دوای تەممووزی ١٩٥٨، ڕێگە درا بە هەموو بارزانییە دوورخراوەکان، تا بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان.من بۆ یەکەمجار ناوچەی بارزانم بینی، ماڵەکەمان لە بارزان لە دوای ڕاپەڕینەکە، هێشتا وێران بوو لە ١٩٤٥دا، لەبەرئەوە باوکم نیشتەجێبوونی لە گوندی 'ڕێزان' هەڵبژارد، کە بە پێ نزیکەی سێ کاتژمێر لە بارزانەوە دوور بوو، جا لەبەرئەوەی هیچ ماڵێکمان لە گوندی ڕێزان نەبوو، موختاری گوندەکە (محەممەد ئاغا) بەشێوەیەکی کاتی دەستی لە ماڵەکەی خۆی هەڵگرت بۆ ئێمە و بۆ خۆیشی لە ماڵی یەکێک لە گوندنشینەکان نیشتەجێبوو.ئەو گوندە لە هەشت خێزان (واتە: ٨ ماڵ) و خێزانەکەی ئێمە پێکهاتبوو، ژمارەی دانیشتوانی گوندەکە بە نزیکەی ٤٠ کەس دەخەملێنرا، لێرە بارودۆخی خێزانی ئێمە ئاسایی نەبوو، هەر خێزانێک کاریگەرییەکانی تووندوتیژی، چەوساندنەوە و مردنی لەسەر بوو، بە دەگمەن خێزانێک هەبوو کە بەشێوەی سروشتی و تەواوی خۆی، گەشەی کردبێت و پەرەیسەندبێت، چونکە خێزانەکان لەڕووی پێکهاتەوە، ناتەواوبوون، بەهۆی پەرتەوازەبوون و لێکترازانیان لە ئەنجامی جەنگەکان

و دوورخستنەوە و مردن و ستەم و وێرانکردن، کەسێک سەیری کردبایە دەیزانی ناوچەکە (شوێنێکی کارەساتبارە)، وەك ئەوەی زەمینلەرزەیەکی بەهێز لێی دابێت.

هاوسەری موختاری گوندەکە مردبوو و دوو کوڕ و کچێکی لە دوای خۆی جێهێشتبوون.سەرۆکی خێزانەکە (موختارەکە - محەممەد زادۆ)، خۆی کاری چێشتلێنان و چاودێریکردنی منداڵەکانی لەئەستۆ بوو.(بەندێ) بێوەژنێک بوو، دوو کوڕ و کچێکی هەبوون و مەڕوماڵاتی دەلەوەڕاندن.کوڕەکەی (نەبۆ)، ڕۆژانە کاریدەکرد وەک گواستنەوەی ئاو لە ڕووبارەکەوە بۆ بنکەی پۆلیسەکە، کە بەسەر ڕووبار و گوندەکەدا دەیڕوانی، بۆ ماوەی شەش مانگ مووچەی لە ناوەندی پۆلیس وەردەگرت، کارێکی زۆر سەخت بوو، بەردەوام سەرکەوتن و دابەزین.ڕۆژانە بە پشتی گوێدرێژەکەی ئاوی بۆ کارمەندانی پۆلیس دابین دەکرد، خێزانێکی تر (ئەحمەد فەقێ) کە لە دوو برا و خوشکێک پێکهاتبوو و دایک و باوکیان نەمابوو.(حەسەنێ ئایشێ)، کە لە یەکێتیی سۆفیەت گەڕابووەوە و لەوێ ژنی هێنابوو، بە دوو منداڵەوە گەڕایەوە، ژنە بارزانییەکەی لە کاتی سەهۆڵبەندانداا لە ڕووسیا ڕوحی لەدەستدابوو.ژنی یەکەمی، کچێکی لە دوای خۆی جێهێشتبوو، داپیرە ئایشێ (دایکی حەسەن)، بە تەنیا خزمەتی کچەکەی دەکرد، چونکە حەسەن نەمابوو.(حەفسە خان)، خێزانی شەهید (وەلی بەگ) بوو، ئاغاکان کوڕەکەیان بەناوی (سەعید وەلی بەگ) کوشتبوو، کوڕێکی تری (ئەحمەد)، وەک باسمان کرد لە بەرگی دووەمدا پەنابەربوو لە ڕووسیا. (حەفسە خان)، لەگەڵ خوشکی وەلی بەگ ژنی (سەعید ئاشی) و کچە بچووکەکەی دەژیا، ئەمانەیش هەر لە هەمان گونددا دەژیان و هیچ نێرینەیەکیان لە گەڵ نەبوو.خێزانی میرخان میرۆ، لە دایک و باوک و چوار کوڕ و دوو کچ پێکهاتبوو، خێزانی حاجی بەسێ لە دایک و باوک و شەش منداڵی نێرینە پێکهاتبوو.

یادەوەریی گوندنشینەکان، پڕ بوو لە وێنەی جەنگ و پەرتبوون و مردن و ڕاگواستن و ستەمی ئاغاکان و چەوساندنەوەی حکومەتی عێراقی، هەموو زانیارییە مێژوویییەکانیان تەنها ئەوەندە بوو کە گەورەکان پێش مردنیان بۆ نەوە و منداڵەکانیان گێڕابوویانەوە، ئاگاداری ئەوە نەبوون کە چی لە پشت سنوورەکانی ناوچەکەوە

ڕووەدات، هەروەها ئاگاداری ئەوەیش نەبوون کە چی لە پشت گردەکانی دەوروبەری گوندنشینەکانەوە دەگوزەرێت، تەنانەت ڕادیۆی ترانزستۆریش نەبوو، زۆر سەیرم لەمە دەهات کە لە سادەترین ئامرازەکانی شارستانییەت بێ بەش بووین، ئەوەی لەو گەندەدا ڕوویدەدا جیهانێکی تر بوو، ڕێژەی نەخوێندەواری ١٠٠% بوو، منداڵەکان لە کەشێکی بێبەشبوون و ترسی زۆر لە پۆلیسدا دەژیان، دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ناچاری کردن لە تەمەنێکی زوودا کار بکەن بۆ بێدەنگکردنی برسێتییان.بۆ دابینکردنی بژێوییان لە ژێر تیشکی خۆری گەرمدا لە کێڵگەکاندا.

بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەیش بکرێت کە هێزی پەیوەندیی تەریقەتی نەقشبەندی لە نێوان زۆربەی بارزانییەکاندا هەبوو، ئەمەیش ببووە هۆکاری ئەوەی توانییان بەرگەی کارەسات و ستەمەکان بگرن، کە متمانەی بە سەرکەوتن لە کۆتاییدا دروستکرد، ڕاستییەکە ئەوەیە کە بەشێک لە کولتووری بارزانییەکان (کولتووری نەقشی) بوو، کە سەرەڕای بارودۆخە دڵتەزێنەکان، بە هیوای سەرکەوتنی داهاتووەوە دەژیان.ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو، نەبوونی خزمەتگوزارییە حکومییەکان بوو بەدرێژایی ناوچەکانی بارزان، ١٠٢ گوندەکە دابڕاو بوون، نە خزمەتگوزاریی ئاو و نە کارەبا و نە قوتابخانە و نە نۆرینگە (نەخۆشخانە) بوونیان هەبوو[١٠٣]، خەڵکەکە لە دۆخی سەدەکانی ڕابوردوودا دەژیان، بەدەگمەن شتێک هەبوو ناوی پارە بێت، کاریگەرییەکانی بەدخۆراکی بەسەر ڕوخساری گوندنشینەکانەوە دیار بوو، قووتی ڕۆژانەیان لە بەرهەمی دانەوێڵە و ئەوەی سروشت دەیبەخشی، چنگدەخست.نە سیستمی پادشایەتی و نە دواتر سیستمی کۆماری (کە دوای ١٩٥٨ هات) گرنگییان بەم گوندانە دەدا و کاریان لەسەر پەرەپێدانی سەرچاوە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکە نەکرد، هەروەها هیچ پڕۆژەیەکی کولتووری یان ئابووریی گرنگیشیان پاڵپشتی نەکرد.

پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی حیزبی شیوعیی عێراقی بدرێت، لە ئامادەکاریی بۆ شۆڕش لە ناوەوە و دەرەوە، ئەویش بە ڕێکخستنی جووتیاران لە سەندیکاکان و کۆمەڵە

[١٠٣] قوتابخانەی سەرەتایی لەمێرگەسۆر، بارزان و بلێ و شێروانە، لەسەردەمی پاشایەتیدا کرایەوە، بەڵام زۆربەی گوندەکانی بارزان بێ قوتابخانە بوون.

نهێنییەکاندا لە چەندین ناوچەی عێراقی عەرەبی، وەک فوراتی ناوەڕاست و بەهاناوەچوونی داواکارییەکانیان لەسەر زەوی و ئامادەکاری بۆ شۆڕش لە پێناو بەدیهێنانی بەربەنیوەیی لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و ڕاپەڕین دژی دەرەبەگەکان کە حکومەت پشتگیریی دەکردن.شیوعییەکان پێش کۆدەتاکەی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ ئەگەری هەڵگیرسانی شۆڕشێکیان دەکرد، کە جووتیاران بە ڕاپەڕینێک هەڵیبگیرسێنن و شارەکان پشتیوانیی لێبکەن و سوپا پەیوەندیی پێوە بکات.[١٠٤]

پێکهاتەی فیکریی لادێی کورد، لە پێکهاتەی فیکریی لادێی عەرەبی جیاواز بوو، چونکە بیروباوەڕی باو لەلای لادێییەکانی کوردستان، ڕەگوڕیشەی قووڵی لە نەریتی میراتی و بیری سۆفیدا داکوتابوو، کە ڕێگای لەدزەکردنی بیرۆکە نوێیەکان لە خەڵکی گوند و هۆزەکان لێگرتبوون، سەرەڕای ئەوەی بارزانییەکان نزیکەی ١٢ ساڵ لە یەکێتیی سۆڤیەت ژیابوون و بە تەواوی بیروباوەڕیانەوە گەڕانەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا حیزبی شیوعی لە قەزای مێرگەسۆردا، کاریگەرییەکی سنووردارای هەبوو، وەک لە کتێبی پێشوومانداا ئاماژەمان پێکردووە.

زۆربەی گوندەکانی ناوچەکانی مزووریی ژوورو، مزووریی باڵا، شێروانی دێرا، سەرێ مەزنا لە سەردەمی پاشایەتی و کۆمارییشدا، بە هەمانشێوە بێ قوتابخانە و نۆرینگە بوون، لە سێ ساڵی یەکەمی حوکمی قاسمدا، دانیشتووانی ناوچەکە هەستیان بە ئاسایش کرد، چونکە کاریگەریی داگیرکەران زۆر کەم ببووەوە، سنووردێك دانرا بۆ ستەمکاریی پۆلیس دژی خەڵکی سڤیل.وێڕای کۆبوونەوەی بارزانییەکان لەسەر خاکی نیشتمان، بەروبوومی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەرزببووەوە، ئەو بارزانییانەی لە تاراوگەی سۆڤیەت گەڕابوونەوە، شارەزاییان لە کوتاندن و چاندن و گەشەکردنی درەختەکان هەبوو، جۆری نوێی میوەیان هێنابوو لە باخ و کێڵگەکانی بارزاندا چاندیان و زەوی و ئاویشیان بەگەڕخست.

---

[١٠٤] سلام عادل، سيرة مناضل، مجلد ١، ثمينة ناجي يوسف و نزار خالد، دارالمدى للثقافة والنشر،٢٠٠١ ،ص٢٠٢ -٢٠٥.

لە ڕاستیدا جووتیاران، لەم ناوچە دوورانەدا فەرامۆش کرابوون و جێگەی بایەخی پیاوانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بەغدا نەبوون، سەرەڕای ئەوەی چینی جووتیار ڕێژەی هەرە زۆری دانیشتووانی پێکدەهێنا، کەچی بە دەگمەن پیاوانی دەوڵەت سەردانی ئەم ناوچانەیان دەکرد و ئەو سەردانانەیش کە دەکران، کورتخایەن بوون و تەنها بۆ مەبەستی بانگەشە بوون، بەمشێوەیە ناوچەکە لە دۆخێکی دواکەوتوویی و هەژاریدا مابووەوە، پڕۆژە و یاساکانی پەیوەندیدار بە چاکسازیی کشتوکاڵییەوە جدی و وەک پێویست نەبوون، نزیکەی دە ساڵ بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا تێپەڕبوو، کەچی ئەو ناوچانە هەر بەوشێوەیە مانەوە و هیچ چاکەیەك بۆ ئەو ناوچانە بوونی نەبوو، ئەوەی لەمانە بەشیان بوو چ لە هێزەکانی بەریتانی چ لە هێزەکانی حکومەتی عێراقی، تەنها لێدان و وێرانکردنی گوندەکان بوو، نەیاندەتوانی داوای مافەکانی خۆیان بکەن و دەبووایە بێدەنگ بوونایە لە ئاست مافەکانیان، چونکە بە بەردەوامی ستەمی مەخفەر و قامچی داگیرکەرانی ستەمکار، بەسەریاندا دەسەپێندرا و داواکانیان پشتگوێدەخران.لە ڕاستیدا کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوی فەرامۆشکراو بوو، ئەمە لەکاتێکدا بەغداد بە سامانی نەوتیی کوردستان دەوڵەمەند دەبوو و تەنیا شارەکانی سوننەی عەرەب، لەو پرۆژانە سودمەند دەبوون کە بەپارەی نەوتی کوردستان ئەنجام دەدران.

لەپێشدا ئاماژەمان بەوە دا کە خرێبوونەوەی بارزانییەکان لەسەر خاکی نیشتمان، دوای گەڕانەوەیان لە تاراوگە و دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی، باوکم گوندی ڕێزانی بۆ نیشتەجێبوون هەڵبژارد، چونکە ماڵەکەمان لە بارزان لە ساڵی ١٩٤٥ەوە وێران ببوو، (ماڵەکەمان لە ڕێزان هەتا کۆتاییهاتنی ئەم کتێبەیش هەر بە وێرانی مایەوە، چونکە لە ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن بەکرێگیراوەکانەوە بە داینەمایت تەقێنرایەوە).ئەودەم شێخی بارزان، لەگەڵ زۆرینەی خێزانە بارزانییەکاندا گەڕایەوە بۆ بارزان کە زێدی خۆیان بوو، لە ماڵە کاتییەکاندا نیشتەجێبوون تاوەکو ماڵی نوێیان بۆ دروست دەکرێت.خێزانی مەلا موستەفا، بەشێوەیەکی کاتی لە مێرگەسۆر نیشتەجێبوون، چونکە

محەممەد ئاغا مێرگەسۆری و عەبدوڵڵا و کوڕەکانیان، دەستیان لە ماڵەکانیان هەڵگرت بۆ ئەوان.

حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، پارەیەکی پێویستی تەرخانکرد بۆ دروستکردنی خانوو بۆ هەموو خێزانە بارزانییەکان، پشکی ئێمە ٦ ژوور بوو لەگەڵ پێداویستییەکان، دواتر حکومەت ماڵی لە گوندی ڕێزان دروست کرد و بەشێک لە خێزانی مەلا موستەفا گواستراییەوە بۆ ئەوێ، لە هاویندا لەگەڵ ئیدریس مەلا موستەفا چووم بۆ مەخفەری (بلێ) بۆ پێشوازیکردنی هاوسەری سێیەمی مەلا موستەفا، کە لەگەڵ مەسعوودی کوڕی لەلای باوکی (مەحموود ئاغای زێباری) بوون، لەودیوی ڕووباری زێباری، کاروانێکی هێستر و وڵاخمان بینی، نزیک دەبووەوە وەک ئاماژەیەک بۆ گەیشتنیان، هیچ ڕێگایەکی ئۆتۆمبێل نەبوو تا هەموو ناوچەکانی بارزان بە گوندە پەرشوبڵاوەکانی ناو ئەم چیا و شاخانەوە ببەستێتەوە.

کۆدەتاکەی ١٤ی تەممووز، خەونێک بوو مۆتەکەیەکی لابرد و خۆشییەکی گشتیی دروست کرد، کە بۆ چەندین ساڵ لە نێو هەموو دانیشتووواندا زاڵ بوو بۆ عەرەب و کورد و ئاشووری و کلدان، عەبدولکەریم قاسمیش وەك پاڵەوانێکی خۆشەویستی جەماوەر مایەوە.قاسم سەرکەوتوو بوو لە کەمکردنەوەی کاریگەریی زۆربەی حیزبە عێراقییەکان، لە نێویاندا حیزبی شیوعیی عێراقی، کە هەژموونێکی بەهێزی هەبوو، بەڵام بێ ئەوەی بەهێزییەکەی لەناو ببات، قاسم بەرامبەر بزووتنەوەی کورد هەمان سیاسەتی پەیڕەو کرد، ئەوەیش بووە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕی ساڵی ١٩٦١ و بووژانەوەی کاریگەریی بەکرێگیراوەکان، لایەنە نەیارەکانی مافەکانی کورد ئەم ململانێیەیان دژی قاسم و حیزبی شیوعیی عێراقی و بزووتنەوەی کورد، قۆستەوە.

دەتوانرێت جووڵەی هۆزە نەیارەکانی بارزان لە کوردستان بکرێت بە دوو بەش: (أ) هۆزە لایەنگرەکانی بارزان و بزووتنەوەی کورد. (ب) هۆزە دژەکانی بارزان، ئەو هۆزانەن وەک جاش پەیوەندییان بە حکومەتی عێراقەوە کردبوو، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان دابەش دەبێت بۆ (لایەنگرانی مەلا موستەفا) و (لایەنگرانی

مەکتەبی سیاسی). حیزبەکە گۆڕەپانی ململانێ بوو لە نێوان سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی.

(کاژیک)یش چالاک بوو، بەڵام نەبووە ڕێکخراوێکی جەماوەریی بەرفراوان، چالاکییەکەی تەنیا لە سلێمانی سنووردار بوو کە لێوەی سەری هەڵدا، لە کاتی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان مەلا موستەفا و مەکتەبی سیاسیدا، ڕەوتی (کاژیک) پشتگیریی مەلا موستەفای کرد و بووە ڕەوتێك لەناو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا.[١٠٥]

بارزان، خۆی لە نێوەندی هۆزە نەیارەکانیدا بینیەوە، ئەو هۆزانە نیگەران بوون لە هەڵکشانی دەسەڵاتی بارزان لە دوای شۆڕشی تەممووز، هەروەها نەیاری چاکسازیی کشتوکاڵییش بوون و بە ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، ئیمتیازاتیان لە دەستدابوو. هەروەها لەلایەن ڕۆشنبیران و نیشتیمانپەروەرانی کوردەوە بێزراو بوون[١٠٦]، لەم هۆزانە (ڕێکانی، زێباری، سورچی، برادۆست)، ئەم هۆزانە وەك بازنەیەکی جوگرافی بوون، کە بارزانیان بە تەواوی گەمارۆ دابوو، بەشێوەیەك تەنها سنووری تورکیا لەوپەڕی باکوور بۆ بارزان مابووەوە.

سادق بارزانی بە هاوڕێیەتیی سەعید بەگ وەلی، توانییان دوژمنایەتیی نێوان بارزان و دراوسێ ڕۆژئاواییەکەیان کە هۆزەکانی برادۆست بوون و شێخ ڕەشید سەرۆکی ڕۆحییان بوو لە (لۆلان) نیشتەجێ بوو، کەم بکەنەوە. چونکە بەشێوەیەکی کەسی چووە لای شێخی برادۆست و قایلی کرد کە بارزان دوژمنایەتیی نییە لەگەڵیان، بەڵکو خوازیاری دامەزراندنی پەیوەندیی دراوسێیەتیی باشی هەیە لەگەڵیاندا، هەروەها جەختی لەسەر گرنگیی یەکێتیی کورد و ئەو خێر و سەقامگیرییە کردەوە، کە بۆ هەمووانی دەهێنێت. حاجی محەممەد کوڕی شێخ ڕەشید لەکاتی کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوو، دواتر سادق بارزانی هەوڵەکانی بەپێی پلانێک بەردەوام کرد، کە ئامانجی بەدەستهێنانی دۆستایەتیی ئەو هۆزانە بوو، کە لە پشت دژایەتیکردنی بارزانەوە بوون.

---

[١٠٥] شكيب عقراوي، سنوات المحنة في كوردستان، ص١٦٨-١٦٩.

[106] Iraq & the Kurdish Question 1958-1970. By Sa'ad Jawad. P. 53. Ithaca Press London. 1981.



سادق بابۆ بارزانی و مەلا ئەحمەد بێخشاشی،
لە پشتیانەوە زیندانی موسڵ. ١٩٥٣

عەبدولعەزیز حاجی مەلۆ، کە یەکێک بوو لە پیاوە ناودارەکانی هۆزی مزووری و لە دۆستە دڵسۆزەکانی بارزان بوو، بە پەیوەندییەکی گەرم بە سادق بارزانییەوە بەسترابووەوە. سادق پەیوەندییە دۆستانەکانی بارزانی لەگەڵ هۆزە دوورەکانی بادینان و سۆرانیشدا بەهەمانشێوە فراوان کرد، لە بارزان ناکۆکیەکانی نێوان ئەسعەد خۆشەوی و موستەفا مزووری بەردەوام بوو، ئەو ناکۆکییانە لە سەردەمی تاراوگە (سۆڤیەت) بەردەوام بوون و بێ چارەسەر مابوونەوە، دواجار موستەفا مزووری، بارزانی جێهێشت و چووە ناوچەکانی ژێردەستی حکومەت.

سادق بارزانی، جەماوەرێکی گەورەی هەبوو نەك تەنیا لەنێو بارزانییەکاندا، بەڵکو لە ناوەندی کوردیدا بەگشتی، جەلال تاڵەبانی لەزۆر بۆنەدا لای چەندین کەسایەتی و لای خۆیشم وتوویەتی (ئەگەر سادق لەژیاندا بمایە، هیچ ناکۆکییەك لە نێوان ئێمە و مەلا موستەفا ڕووی نەدەدا و شەڕی ناوخۆ نەدەبوو و شۆڕشەکەمان بەمشێوە کارەساتبارە، کۆتایی پێنەدەهات). سادق بارزانی، پێیوابوو قەدەر ڕۆڵێکی دیار و بەرپرسیارێتییەکی گەورەی خستووەتە سەر شانی بارزان، سەبارەت بە دۆزی ڕزگاریی نیشتمانی و بەرەنگاربوونەوەی زۆرداری، ئەم دیدەی خۆی بۆ کەسانی متمانەپێکراو دەربڕیوە، ئەو پێیوابوو دوای ئەوەی بارزان ئەو بەرپرسیارێتیەی ئەنجام دا، دەبێت

بکشێتەوە و مەیدان بۆ سیاسەتمەدارە دڵسۆزەکان بەجێبهێڵێت تا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا و بەکارهێنانی بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی تاکەکەسی، لە بەها و پرەنسیپەکانی بارزان نییە، چونکە ئەمە دووری دەخاتەوە لە ڕۆڵی ئاسایی خۆی. هەروەها لە پرسە سەرەکییەکاندا، وەک ڕزگاربوون لە ستەم و زۆرداری و لەگۆڕانی کۆیلایەتی، نابێت درۆ و چەواشەکاری بەکاربێت، نابێت ئەم ئامانجە پیرۆزانە لە ژیانی گەلاندا بۆ ئامانجێکی کەسی یان قازانجێکی مادی، بەکاربهێنرێن.



مەلا مستەفاو و سادق بابۆ بارزانی، بەغداد ١٩٥٩

هێزی کەسایەتیی سادق بارزانی، لە ڕۆحی خزمەتی دڵسۆزانە و پابەندبوونی بە پرەنسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و ڕەوتی پێشکەوتنخوازیی خەباتی جەماوەرییەوە، سەرچاوەی دەگرت. ئەو، درکی بەوە دەکرد کە زانست، بنەمای پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە و پێویستە لە خەبات و هاندانی خەڵکدا پشت بە زانست ببەستڕێت. دەیویست خەسڵەت و هزری خێڵەکان بگۆڕێت بەرەو بەهاکانی خۆبەستنەوە بە نەتەوەی کوردەوە، هانی دەدان لە باتی خۆبەستنەوە بە سیستمی خێڵەکییەوە، خۆ بە نەتەوەی کوردەوە ببەستن. تێڕوانینی ئەو بۆ (پارتی)، تەواو جیاواز بوو لە تێڕوانینی موستەفا بارزانی، ئەو (پارتی)ی بە ئامرازێکی خەبات، خزمەت، هێز بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەبینی، نەک ئامرازێک بۆ دیکتاتۆری و خۆسەپێنی و...

پێکهاتەی ناوخۆیی بارزانییەکان بەسەر دوو کۆمەڵەی سەرەکیدا دابەشکرابوو:

ئەو کۆمەڵەیەی کە لە گوندی (شرئــ) نیشتەجێبوون و بە گردبوونەوەی ڕۆحی ناسراون، شێوازی ژیانیان بە قەناعەتەوە هەڵبژاردبوو، ئەم کۆمەڵەیە تێکەڵەیەک بوو لە هەموو عەشیرەت و گوندەکانی بارزان و شوێنکەوتووانیان و شێخ خورشیدی بارزان نوێنەرایەتیی دەکرد، ئەم کۆمەڵەیە تەواو خۆپارێز بوون لە هەموو ئەو شتانەی لە دەرەوەی چوارچێوە ڕۆحییەکەیاندا بوو، نرخاندنێکی بەرز و بێ وێنەیان بۆ ڕێبەری بارزان (مەلای مەلا مەحمود) هەبوو کە لە ١٩٢٧/٩/١ لەگەڵ دوو موریدی خۆیدا تیرۆرکران، ئەویان بە هێمای ڕاستی و دادپەروەری و ئاشتی دەزانی. کوشتنەکەیان بە لوتکەی تاوانکاری ناساند و بکوژانیشیان بە کەسانی تاوانکار و فێڵباز دایە قەڵەم، ئەم کۆمەڵەیە ڕاستەوخۆ بە شێخی بارزانەوە گرێدرابوون و متمانەیان بە ئەندامانی تری بنەماڵەی بارزانی نەبوو.

تۆڕی دووەم، پێکهاتبوو لە کۆمەڵێك موراید و شوێنکەوتوو، کە دڵسۆزی شێخی بارزان بوون. بەڵام بێ ئەوەی پشت ببەستن بە ئەندامانی تری بنەماڵەی شێخی بارزان، لە نێویاندا چەندین کەسایەتیی بەرز لە ناو بارزانییەکاندا هەبوون، وەک (نەبی زراری، شێخ ئەمیری زراری، محەمەد دۆری، حەسەن حاجی دۆری، حەسۆ بێداروونی، سەعید محەمەد لێڕەبیری، مامال لێڕەبیری، سەیفەدین لێڕەبیری، ڕەشۆی خاڵە هەمزە، عەبدوڵڵا مەلا شێخ محەمەدی کۆرکی ناسراو بە محەمەد کۆرکی محەمەد تاتکی، ڕەشو بێخشاشی) و دەیان کەسایەتیی تر، کە کەم گوند هەبوو یەکێک لەم کەسایەتییە ڕۆحییە باوەڕدارانەی تێدا نەبێت، کە لە ڕێنماییەکانی تەریقەتدا زۆر قووڵ ببوونەوە و ئیرشادی ئەوانی تریان دەکرد، ئەوان وەک پەناگە بوون بۆ ئەوانەی لە دڵتەنگی یان خەمۆکی دەیاننااڵاند.

مەلا موستەفا، لەمانە نزیک دەبووەوە و ڕێزی بۆ دەردەبڕین و پشتی پێدەبەستن لە بەدەستهێنانی جەنگاوەران و دابینکردنی پێداویستیەکانیان، ئەم کەسانە ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە پاراستنی یەکێتیی بارزان، لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە شێخی بارزان لە تاراوگە بەسەری بردن و پێداویستیی بەرەکانیان دابین دەکرد. شێخی بارزان لە

کاریگەرییە نەرێنییەکانی تێکەڵاوبوونی ئەم تەریقەتە و گوێڕایەڵییان بۆ تاکەکانی بنەماڵەی بارزانی دەترسا، لە ڕێنماییەکانیدا ئەمە ڕوون بوو. چونکە بە لای ئەوەوە، ئەوان بە درۆ خۆیان وەک موورید و شوێنکەوتووی تەریقەت نیشان دەدەن و متمانەکردن بەوان مەترسیدارە. دەیگوت: ئەمانە مەترسیدارترن لە دوژمنی ئاشکرا و ڕوون، چونکە لە نێوانماندا دەژین و شارەزای زمان و دابونەریتمانن و بەمەیش دەتوانن گورزی کوشندە بوەشێنن، کاتێک دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێت و بە هێواشی جەستە ساغەکە دەڕزێنن، تاوەکو لەناوی دەبەن.

شێخی بارزان پێنج کوڕی هەبوون: (محەمەد خالید، جەمال، عوسمان، نەزیر، سانیع) دواییین کوڕیان دوای گەڕانەوەی شێخی بارزان بۆ زێدی خۆی لەدوای ئازادکردنی لە ساڵی ١٩٥٨ لەدایک بوو، بەگشتی محەمەد خالید مەیلی بەرەو تێگەیشتن لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا هەبوو و نەیدەویست شەڕ ببێت. محمد خالید لە مێرگەسۆر نیشتەجێ بوو، کە قایمقامییەتی (حکومەتی) تێدا بوو، لە کاتێکدا عوسمان مەیلی بەرەو بەرگریی کوردی بوو، حەزی بە نزیکبوونەوە لە حکومەتی عێراق نەبوو، ناوبراو لە بارزان نیشتەجێ بوو و خزمەتی باوکی دەکرد، تاوەکو ساڵی ١٩٧٠زۆر نزیک بوو لە مەلا موستەفا و لێی تێگەیشتبوو.

گرنگترین ڕۆڵی شێخی بارزان، (یەکسختن)ی بارزانییەکان بوو، لە بارزاندا چەندین ڕەوتی جیاواز هەبوون، بەڵام ئەو لایەنی هیچیانی نەدەگرت دژی ئەوانی تر، تەنها گرنگیی بە یەکێتیی بارزانییەکان دەدا، هەوڵەکانی هەر لە منداڵەکانەوە تا دەگات بە خێزان، تەنیا گرنگی بە یەکسختنی کۆمەڵگەی بارزانی دەدا، کاتێکیش ناکۆکیەکان لە نێوانیاندا توند دەبوونەوە، ئەو هەوڵیدەدا لێکتێگەیشتن لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا دروست بکات و ئاشتیان بکاتەوە، یەکێتیی بارزانیەکانی زۆر بەرز دەنرخاند، بەرزنرخاندنی خۆی بۆ گرنگیی یەکێتیی بارزان دەردەبڕی و دووپاتی دەکردەوە، جەختی دەکردەوە کە خەباتکردن هیچ سوودێکی نییە بەبێ یەکێتیی ڕیزەکانمان، بەڵکو دەبینە پۆڕی خوراو بەدەستی دوژمنەکانمان، شێخی بارزان لەگەڵ محەمەد سدیق و مەلا موستەفا تەبا نەبوو، ئەو پێیوابوو ئەوان کەسانی خۆپەرستن و لەگەڵ بەهاکانی بارزاندا

ناگونجێن. تێڕوانینی ئەو دەربارەی مەلا موستەفا، تەنانەت دوای بەدەستهێنانی ژمارەیەک سەرکەوتنی سەربازی و فراوانبوونی نفوزی لە کوردستاندا نەگۆڕابوو. چونکە تێڕوانینی ئەو واقیعی و دوورمەودا بوو، هەروەها دەیگوت: هەر کارێک مەلا موستەفا سەرۆکایەتی بکات، ئەوا بەهۆی پاڵنەرە نادروستەکانییەوە بەرەو شکست دەڕوات.

کۆڕانی مەلا موستەفا بەرەی سێ ژن بوون:

عوبەیدوڵا و لوقمان، دایکیان لە شێروانیەکان بوو. دایکی ئیدریس بارزانی (لە گوندی بارزان) و مەسعوود و نیهاد و براکانی تریان لە ژنی سێهەمی بوون (لە گوندی نەپاخی) و دایکیان کچی مەحموود ئاغای زێباری بوو، ژنە بچوکەکەی نزیکەی ٢٨ ساڵ لەخۆی منداڵتر بوو.

عوبەیدوڵڵا، نوێنەرایەتیی ڕەوتێکی تایبەتی دەکرد، ئەو زیندانی کرابوو، لەگەڵ براکانی سزای دوورخستنەوەی چەشتبوو، پێیوابوو خۆی لە هەمووان شایستەترە بۆ شوێنگرتنەوەی باوکی و پیاوێکی زۆرزان بوو، هەموو سیفەتەکانی باوکی هەبوو، لەویش ڕۆشنبیرتر بوو. ئیدریس، زیرەک و قوتابییەکی زرنگ بوو، ئامانجی ئەو ڕازیکردنی باوکی بوو، بەردەوام دەیگوت سەرەڕای ئەوەی من گرنگیی زۆر بە باوکم دەدەم، کەچی مەسعوود لە ڕووی نازداری و خۆشەویستییەوە، لە باوکم نزیکترە و زیاتر گرنگیی پێ دەدا، لەمەدا ڕەخنەی وێرانکەری هەبوو لەو هەڵوێستە، ئەو گرنگیی زۆر بە پارە دەدا.

لە سروشتی مەلا موستەفا نەبوو کە ڕەوتە جیاوازەکان لەنێو خێزانەکەیدا کۆبکاتەوە، لە پێناوی پاراستنی یەکێتیی خێزانەکەی، هەروەها لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا زۆر توند بوو، پەیوەندیی لەگەڵیاندا لەسەر بنەمای ملکەچکردنی کوێرانە بوو، هەروەها لە ڕێگەی پێدانی پارە و هەڕەشەوە بۆ مسۆگەرکردنی دەسەڵاتەکەی، ئیدریسی لە ئاست مەسعوودا بچووک دەکردەوە، سەرەڕای زیرەکیی زۆری یەکەمیان، ئەمەیش بە شاهیدی خودی مەسعوود، ئەم ڕاستییە لەو کارانەدا ڕەنگی دەدایەوە کە بە ئیدریس دەدرا، مەلا موستەفا سەرکەوتوو بوو لە هەوڵەکانیدا بۆ ملکەچکردنی ئیدریس، بەڵام شکستی هێنا لە سەپاندنی هەمان خواستی بەسەر عوبەیدوڵڵا و لوقماندا، ئەنجامی فشارەکانی بۆ سەریان، بووە هۆی دروستبوونی دوژمنایەتی و ڕقوکینەی

وێرانکەر لە نێوان باوک و کوڕەکانیدا، حکومەتی بەغدایش بۆ بەرژەوەندیی خۆی، سوودی لەم ناکۆکییەی نێوانیان بینی، ئەم هەڵوێستە کاریگەریی لەسەر ڕێڕەوی بزووتنەوەی کوردی و دۆخی خێزانەکەی و دواتر ڕووخاندنی بارزاندا هەبوو.

لە ڕێگای گەشتەکەماندا لەم کتێبەدا، ڕوون دەبێتەوە نزیکەی ١٤ ساڵ، کە ساڵانی (١٩٦١ - ١٩٧٥) دەگرێتەوە. کەرتنەبوون و سەرهەڵنەدانی دوژمنایەتیی تەواوەتی لە نێوان خودی ئەندامانی خێزانی مەلا موستەفادا، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی شێخی بارزان کە تا لە ژیاندا بوو ڕێگەی لە مەلا موستەفا گرت لە هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکەی، بۆیە دەبینین دوای ساڵی ١٩٧٠ ئاژاوە و دوژمنایەتییەکانیان دەرکەوتن.

پارێزەر و مێژوونووس جەرجیس فەتحوڵڵا، لەبارەی بارزانییەکانەوە ئاماژە بەوە دەکات کە دوو تایبەتمەندیی دیاریان هەیە. (یەکەمیان زانیاریی باشیان لەبارەی ناوچەی جووڵە سەربازییەکانەوە هەیە). (دووەمیان دڵسۆزیی بۆ شێخەکان و سەرکردە ڕۆحییەکانی بارزان، بە میرات بۆیان ماوەتەوە)، دڵسۆزییەکە لە پەیوەندییەکی ڕۆحی و ئایینی و سۆفیگەرییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم دڵسۆزیە بە دەگمەن لە کۆمەڵگایەکی دیکەی هاوچەرخدا دەیدۆزیتەوە، ئەم جۆرە دڵسۆزییە لەلایەن هۆزە کوردییەکانی دیکەوە بەگشتی لاواز بوو یان بوونی نەبوو، بەهۆی ململانێکان لەسەر دەسەڵات و سەرکردایەتی لە نێوان سەرۆکی هۆزەکاندا، لەبەرئەوە هەندێکیان لە ناوچەیەکی دوور لە ناوچەی دەسەڵاتی خۆیاندا شەڕیان دەکرد.

باشترین بەڵگەیش بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە، عەباس ئاغا مامەند (هۆزی ئاکۆ) کە بەهێزترین سەرۆکی هۆزەکان بوو لە ناوچەی سلێمانی، پەنای بردە بەر سەرکردایەتیی پارتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١دا و داوایکرد پێشمەرگە چەکدارەکانی پارتی کە لای ئەو پێشمەرگە بوون، نەگوازرێنەوە. ئەمەیش بەهۆی نادڵنیایی بوو لە دڵسۆزیی هۆزەکەی خۆی، بەتایبەتی لە دوای ڕەتکردنەوەی لێبوردنی گشتی کە (قاسم) پێشنیازی کردبوو، لە بەرامبەر دانانی چەکەکانیان بەبێ مەرج، لیژنەی ناوەندیی پارتی داواکەی قبووڵ

کرد و کەسانی دیکەیشی پێدا، بەختی سەرۆک عەشیرەتەکانی دیکە لەم بارەیەوە لە بەختی ئەو، باشتر نەبوو.[١٠٧]

دکتۆر سەعد جەواد دەڵێت: زۆربەی ئاغاکان، دژایەتیی چاکسازیی کشتوکاڵییان دەکرد و لەبەرئەوەیش بوو دەوری مەلا موستەفایان گرتبوو، کە لە ڕووی فیکرییەوە مەلا موستەفا لێیانەوە نزیک بوو، سەرەڕای ئەوەی (قارەمانی نەتەوەیی) بوو. ئەو، ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوی نەبوو (مەبەستی مەلا موستەفایە)، لەبەرئەوە پەنای بردە بەر مانۆڕی ئاڵۆز و بەکارهێنانی هێز بۆ نیشاندان و پاراستنی دەسەڵاتەکەی، ئەمە لە شۆڕشی ١٩٦١دا بەدەرکەوت و سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی پشتیوانیی چەندین گرووپی جیاوازدا، لەوانە: (شێخەکان، خاوەن زەوییە فیۆدالەکان، کەسایەتییە ئایینییەکان، شیوعییەکان، جووتیارەکان و کرێکاران). شێخەکان و خاوەن زەوییەکان و سەرکردە ئایینییەکان، وەک دادوەرێک سەیریان دەکرد بۆ بەرژەوەندی و شکۆمەندییان، چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی دژایەتیی ڕەوتی پێشکەوتنخوازانەی لەناو بزووتنەوەی کورد و دژایەتیی چاکسازییەکانی حکومەتی دەکرد.[١٠٨] خودی مەلا موستەفا سەر بەم چینە بوو، بەڵام لێیان جیاواز بوو. لەبەرئەوەی پەیوەست بوو بە باوەڕی نەتەوەیی و مۆڵک و ماڵی کەمتری هەبوو، تا ترسی لەسەر بێت بۆ لەدەستدانی.[١٠٩]

بارزانییەکان، بەهێزترین گرووپ بوون لەنێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا، سەرەڕای جوگرافیای ناوچەکە کە زۆر سەخت و داگیرکردنی قورس بوو، بە پێشکەوتنی بزووتنەوەکە، ئەوان بوونە گرووپێک کە تەنها گرنگی و سۆزی دەرەوە بەدەستبهێنێت، بەو هۆیەوە چەک و پێداویستی و پشتیوانیی مەعنەوی و مادییان وەرگرت، لە سەرەتای شۆڕشی ١٩٦١دا، هێزەکانی مەلا موستەفا تەنها خێڵەکی بوون، ڕێکخستنیان خراپ بوو. لە پلەی یەکەمدا، پاڵنەریان دڵسۆزیی خێڵەکی بوو. سەرەڕای زاڵبوونی کاریگەریی خێڵەکی، بەڵام بە تێپەڕبوونی ساڵەکان گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر ڕێکخستن و

[١٠٧] جرجيس فتح الله، زيارة للماضي القريب، ستوكهولم، السويد، دارالشمس للطباعة والنشر،١٩٩٨، ص٣١.
[108] Iraq & the Kurdish Question 1958-1970. By Sa'ad Jawad. Ithaca Press London. 1981. P. 51
[109]،Ibd Page. 53.

ڕاهێنانیاندا هات، له کۆتاییدا مەلا موستەفا لەنێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردییەوە، متمانەی بەدەستهێنا له بانگەشەکردن بەوەی که گرووپەکەی نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی گەلی کورد دەکات[110]، دەبێت ئەوەیش بڵێین که سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان له سەرەتاوە (حەمزە عەبدوڵڵا، ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی)، دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبیان بۆ گەورەکردنی مەلا موستەفا تەرخان کرد و کردیانە بابەتی سەرەکی له پڕوپاگەندەکانیاندا، بەمەیش کەوتنە ناو تەڵەیەکەوە که خۆیان بەشداربیان له نانەوەیدا کردبوو، کاتێک بارزانییان له سەرۆکایەتیی حیزب لابرد، خەڵک (هەمووان) لەو بارەیەوە دەیانپرسی: چۆن متمانەتان پێ بکەین، دوای ئەو هەموو پیاهەڵدان و گەورەکردنە؟ له خراپترین هەلومەرجەکاندا پرسیارە گونجاوەکە ئەوە بوو: ئایا له یەکەمجاردا فریوتاندراین؟ یان ئێستا فریوماندەدەن؟ ئەگەر ئێستا ڕاست دەکەن، ئەوا کات درەنگە، چونکە کەشتیی شۆڕش کەوتۆتە ڕێ و له ئێستادا گەڕانەوە ئەستەمە.

ئاسان بوو بۆ عەبدولکەریم قاسم، که سەرۆک عەشیرەتەکان دژ بە بارزان بەکاربهێنێت و وەک هاوپەیمانی هەمیشەیی حکومەت سەیریان بکات، له ساڵی ١٩٦٣دا دەسەڵات، هێزێکی نایاسایی بە ناوی جاش (فُرسان) پێکهێنا، بەڵام پاڵنەرەکانیان خێڵەکی و ماددی مانەوە، دوژمنایەتییان بۆ بارزانییەکان سۆزداری بوو، ئەو دەردەیان گواستەوە بۆ شوێنکەوتووە گوێڕایەڵەکانیشیان، بێجگە لەوەیش هیچ یەکێک لەم سەرۆک خێڵانە، ڕێکخراوێکی سیاسییان نەبوو و یەکگرتوو نەبوون، بەڵکو بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ حکومەتدا دەکرد و کۆنترۆڵی لادێکانیان کردبوو.[111]

دەبێت ئەوەیش باس بکرێت، که تێکەڵاوییەکی سۆزداریی توند له نێوان زۆرێک له سەرۆک خێڵەکاندا له ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە هەبوو، چونکە زۆربەیان زیاتر له هاوسەرێکیان هەبوو، ئەمەیش هەمان دۆخی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، له ساڵی ١٩٤٤ بۆ جاری سێیەم کچەکەی مەحموود ئاغای زێباریی هێنا. زێباری، له جاشە کۆنەکانە و باپیری مەسعوودی سەرۆکی ئێستای (پ.د.ک)ـە و ئەو، مەسعوودی

[110] Ibd ,p:52

[111] Ibd ,p:54

پەرومردەکردووە. پەیوەندییە خێزانییەکان و ناردنی پارە لە نێوان سەرۆکی حیزب و خەزوریدا (مەحموود ئاغا زێباری)، کاریگەرییان لەسەر ڕێڕەوی شۆڕش نەبوو (نهێنیەکی پارێزراو بوون).

لە کاتێکدا پێشمەرگە و جاش لە بەرەکانی شەڕدا دەجەنگان، ژمارەیەک لە پاسەوانە تایبەتییەکانی مەلا موستەفا ئەم ڕاستییەیان بۆ من پشتڕاست کردەوە. ئەم تێکەڵاوییە سۆزدارییە، بەها شۆڕشگێڕییەکانی لاواز کردن و ڕۆحی هەلپەرستی و شێوازەکانی چەواشەکردن و فریودانی گەلی کوردی گەشە پێ دا. زۆرجار دەبینین هەر ژنێك، بەرژەوەندییەکی تایبەت بۆ منداڵی خۆی دەخوازێت، لەناو منداڵی ژنەکانی تردا، حیسابی میراتی دەکەن. لە ئەنجامی ململانێی نێوان منداڵی ژنەکاندا، کەشێکی پڕ لە پیلانگێڕی و سیخوڕی و کینە و فێڵ دروست دەبێت و دەستوپێوەندی ڕاستەوخۆ، لە خزمەتکار و کەنیزەکەکاندا بەشداریی تێدا دەکەن و پارە لەم ململانێ نهێنییەدا سەرف دەکرێت، بۆ بەدەستهێنانی لایەنگر دژ بە یەکتر.

جۆن کیگان، لە کتێبە بەنرخەکەیدا (شەڕی عێراق) کە باسی بابەتی دەسەڵات دەکات لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، دەڵێت: دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی لە سەردەمی عوسمانیدا، میراتی بوو. کوڕەکان، دەسەڵاتیان لە باوکیانەوە وەردەگرت، بەڵام زۆرجار ژنی مەبەست، توانیویەتی ڕێگری لە بنەمای مافی کوڕی گەورە بکات لە میراتی ('Primogeniture')، بەم شێوەیە سوڵتانە نوێیەکە دەتوانێت بە کۆمەڵکوژیی براکانی، دەسەڵات وەربگرێت. [112]

پاشان بەردەوام دەبێت و دەڵێت: کاتێک سوڵتان دەمرێت، ڕکابەری نەوەی یەکەم لە کوڕەکانی سوڵتان، شەڕێکی ناوخۆیی بێڕەحم دەستپێدەکات. تۆندوتیژییەکەی، مانەوەی ئیمپراتۆریەتەکە دەخاتە مەترسییەوە، ئەی چارەسەر چییە؟ چارەسەر، لەناوبردنی خێزانە بۆ ڕزگارکردنی مەملەکەت، کاتێک سوڵتانەکان نزیکی مردن دەبنەوە، پڕۆسەی کوشتنی ڕێکخراو بۆ منداڵەکانیان ئەنجامدەدەن و تەنها یەک کوڕ دەهێڵنەوە، کە بە فەرمی دەستنیشاندەکرێت. یان ئەو کوڕەی تازە دەسەڵاتی گرتۆتە، دەست براکانی

[112] The Iraq War. John Keegan. Hutchinson. London. 2004. p: 33.

دەکوژێت. کوشتنی براکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، بووە بە بەشێک لە نەریتی ئیمپراتۆریەتەکە و زانایانی موسڵمانیش پەسەندیان کرد. لە ساڵی ١٤٠٠دا سوڵتان مەحموود ئەو جۆرە کوشتنانەی لە یاسادا هێنایە ئاراوە، (لەپێناو سەلامەتیی دەوڵەت، ڕێگە بە کوڕەکەم دەدرێت کە خودا دەسەڵاتی پێبەخشیوە، بە شەرع فەرمانی مردن بۆ براکانی بدات)، زۆربەی زانایانیش ڕەوایی 'شەرعییەت'یان بەم کارە دا. [١١٣] ئەم نەریتە، بە ڕوونی لە بنەماڵەی مەلا موستەفادا دەرکەت، وەک چۆن دواتر لەبارەیانەوە دەدوێین.

سەبارەت بە ناوچەکانی سۆران، هەندێک لە ئاغاکان کە دوای شۆڕشی تەموز بۆ ئێران هەڵاتبوون، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦١دا گرژی لە نێوان بەغدا و کورددا دەرکەوت، ئەوانیش گەڕانەوە بۆ کوردستان و دەستیانکرد بە ڕێکخستنی بەرخۆدان دژ بە فەرمانڕەوایی قاسم، بۆ ئەوەی هەندێک شەرعییەت بە خۆیان بدەن، حیزبێکیان بە ناوی (پارتی شۆڕش) دامەزراند، سەیرە کە ئەم چینە ئاغا گەورەیەی کۆمەڵگای کوردی، پەنا بۆ زاراوەی (شۆڕش) دەبات بۆ تێپەڕاندنی نیازە دژە شۆڕشگێڕییەکانیان، لە ڕێگەی پەسەندکردنی ئەم زاراوەیەوە، کە دووربوو لە پاڵنەرە ڕاستەقینە و شاراوەکانیان. ڕاستیی بابەتەکە ئەوە بوو، کە ئێران پشتیوانییان لێدەکات[١١٤]، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەم هەڵوێستەیان توانای سەرۆک هۆزە کوردییەکان دەردەخات، لە خۆگۆڕین لەگەڵ دۆخەکاندا و هاتوهاواری بانگەشەیەکی درۆیینە بەناوی ئاواتە نەتەوەییە کوردییەکان، ئەمە لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتیان لە کۆمەڵگایەکدا کە ئاستی هۆشیاریی سیاسیی زۆر نزمە.

عەباس مامەند ئاغا، یەکێک بوو لە ئاغا دەوڵەمەندەکان و لە گەورەترین لایەنگرانی مەلا موستەفا بوو، لە حوزەیرانی ١٩٦١ەوە هێزێکی گەورەی خێڵەکی لە ژێر سەرکردایەتیی خۆیدا، کۆکردبووەوە و پێگەیەکی تایبەتی لای مەلا موستەفا هەبوو[١١٥]. هەروها لێرەدا دەبێت قسەیەك لەبارەی توانای سەرۆک عەشیرەتە کوردییەکان، بۆ

[113] Edwin Black. Banking on Baghdad. Inside Iraq's 7,000 – Year History of War, Profit, and Conflict. John Wiley & Sons, Inc. 2004. Page :63

[114] Iraq & the Kurdish Question 1958-1970. By Sa'ad Jawad. Ithaca Press London. 1981. . P: 57.

[115] Ibid.Page: 79.

خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیە نالەبارەکاندا بکەین، ئەمانە بوونە هۆی ململانێی توندوتیژ لە نێوان هێزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغداد، بەو هۆیەوە توانییان مانەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن و ڕێگری لە تواندنەوەی دەسەڵاتیان بگرن، بەهۆی پلانی حکومەتەکانی بەغدا کە هانی دەدان، هاوکات مسۆگەرکردنی پشتیوانیی ڕەهای مەلا موستەفا بۆ خۆیان، بۆ سەرکوتکردنی هێزە پێشکەوتنخواز و دژەئاغاکان لە کۆمەڵگای کوردیدا و لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە بەتێپەڕبوونی کات بزووتنەوەکە گۆڕا بە قەڵایەکی قایم، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئاغاکان. دواتریش کۆنترۆڵکردنی تەواویان بەسەر سەرکردایەتیی حیزبدا و گۆڕینی بۆ حیزبێکی میراتی (ئاغایی)، لێرەدا ژمارەیەکی بێشومار لە ئاغاکان هەن کە لە پیشەی بەکرێگیراوییەوە وەرچەرخاون بۆ سەرکردەی نیشتمانپەروەر لەناو پارتیدا و دروشمە نەتەوەییە باوەکانیان پەسەندکردووە، ئەمەیش مانەوەی دەسەڵاتی ئاغاکان و زاڵبوونیان بەسەر بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای کوردیدا ڕوون دەکاتەوە، کە بووەتە ڕێگر لە بەردەم گەشەسەندن و پێشکەوتن بەرەو ژیانی دیموکراسیی ڕاستەقینە و یەکسانی لە هەلی پێشکەوتندا، لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا.

بارزان جیاواز بوو لە خێڵەکانی دیکەی دەوروبەری، بەهۆی ڕابوردووی نیشتمانییەوە کە شایانی ڕێزلێنان بوون، بەرخۆدانی لە سێ سەردەمی یەک لەدوای یەکدا گرتۆتەوە، (لە سەردەمی عوسمانیدا، شێخی بارزان شێخ عەبدولسەلام ژیانی خۆی لەدەست دا) و (لە سەردەمی بەریتانی و عێراقیدا، ژمارەیەکی زۆری شەهیدی پێشکەش کرد) و (ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە بەرگری لە کۆماری مەهاباد) و (کۆچکردنیان بۆ تورکیا و ئێران و یەکێتیی سۆڤیەت چەشت و زیندانیکران و بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق دوورخرانەوە و بە ژمارەیەکی زۆر، لە دوورەوڵات مردن و خانوو و کێڵگەکانیان چەندین جار بۆردومانکران و ڕووخێنران و سووتێنران). بارزانییەکان، پەیوەستبوونێکی تونديان بە ڕێبەری ڕۆحیی خۆیانەوە هەبوو. شێخانی بارزان، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی تەممووز لە زیندان هاتنە دەرەوە. هەروەها (قارەمانی نەتەوەیی) مەلا موستەفا، سەر بەو ناوچەیە بوو و هێز و دەسەڵاتی لە دڵسۆزی و خۆبەختکردنی بارزانییەکانەوە

وەرگرتبوو، لە پێناو دادپەروەری و دژایەتیی زوڵمدا، مەلا موستەفا سوودی لە تایبەتمەندییە سەربازیی بارزانییەکان وەرگرت، ئەمەیش لە هیچ شوێنێکی دیکەی کوردستاندا نەبوو.

وەک لە کتێبەکانی پێشووتریشماندا ئاماژەمان پێداوە، یەکێتیی بارزانییەکان پەیوەندییەکەی لە بنەماکانی تەریقەتی نەقشبەندییەوە وەردەگرێت و پەیوەندییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگا، بەپێی بنەماکانی نەقشبەندی ڕێکخرابوون. ڕابەری گەورە و پێویستی هەبوو بۆ چاودێریکردنی پەیڕەوی بارزان و ڕێگرتن لە لادان و پاراستنی لە مەترسییە مادییەکان. گرنگترین ڕێگر، خودی شێخی بارزان و شوێنکەوتووانی تەریقەتەکە و ڕەوشتی باپیرانی کۆن و ئەو زوڵمە هاوبەشە بوو کە چەشتیان، ئەودەم پەیوەستبونی ناوخۆیی بارزانییەکان بەهێز بوو و ترسی پەرتبونی لەسەر نەبوو، لەکاتێکدا زۆرجار دۆخی پەرتەوازەیی مەترسییەکە لە ناوەوەی خۆیدا دەبێت، واتا کارکردن بۆ هێنانی ئەسپی تەڕوادە بۆ ناو قەڵای بارزانی، یان هەڵبژاردنی ئەم ئەسپە لە ناوەوەی بارزان، ئەمە بابەتەکە بوو. شێخی بارزان، بەردەوام سەبارەت بە مەترسیی ناوخۆیی، هۆشداریداوە کە بە جددی وەرنەگیرا، ئەم کتێبە باسی ئەم پڕۆسە و بەرنامە بۆدارێژراوە، پشتگوێ ناخات کە (بارزان)ی لە ناوەوە دارِزاند، هەروەها بزووتنەوەی کوردییشی بەرەو کارەسات و سووکایەتی و ماڵوێرانی پاڵپێوەنا. ئامێری سەرەکی بۆ گەیشتن بەم ئەنجامەیش، سەرکردەی خودی بزووتنەوەکە (مەلا موستەفا) بوو.

پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بریتی بوو لە گردبوونەوەی ڕۆشنبیرانی نیشتمانپەروەر و دەیانویست مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقیدا بەدەستبهێنن، کارتێکراوبوون بە شەپۆلی نەتەوەیی ڕزگاریخوازیی وڵاتان کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتبووەوە، بەهەمانشیوە کارتێکراوبوون بە بزووتنەوەی سۆسیالیستیی جیهانی، بە سەرکردایەتیی یەکێتیی سۆڤیەت. لۆژیکی ئەوان لە کارکردنداً، بریتیبوو لە گفتوگۆ و وەرگرتنی بڕیاری سیاسی بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ و زۆرینە بڕیار دەدات چی بکرێت، دەسەڵات و ئەرکەکان دیاریکراو بوون و هەمووان بەپێی دەستووری حیزب، سنوور و ماف و ئەرکەکانی خۆیان دەزانی.

پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ساڵانێک لە سەرکوتکردن، لەدوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد، بێ سەرکردایەتی مابووەوە. هەندێک لە کادیرەکان لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ١٩٥٠دا هەوڵیان دا حیزبەکە ڕێکبخەنەوە، لە مانگی ئازاری ١٩٥١دا کۆنگرەیەک بەسترا و ئەستێرەی ئیبراهیم ئەحمەد کە دوو مانگ پێشتر لە زیندان ئازادکرابوو، گەشایەوە و پۆستی سکرتێری گشتیی (پ. د. ک)ی وەرگرت، پاشان کۆنگرەی سێیەم لە کەرکووک لە مانگی یەکەمی ١٩٥٣دا بەسترا، حیزبەکە بەرنامەیەکی چەپڕەوی پەسەندکرد و ڕایگەیاند کە حیزبێکی مارکسی لینینییە و خەباتی چەکداریی پەسەندکرد و داوای سیستمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقیدا کرد، بەڵام پێشینەی ئامانجیان خەبات بوو دژی دواکەوتوویی و ئیمپریالیزم. لەڕاستیدا ئەمە ئاڕاستەی سیاسیی باو بوو لەو سەردەمە لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، نووری شاوەیس دەڵێت: (بەلای ئێمەوە دوو لایە ن هە ن ، لایەنی ئیمپریالیزم و سۆسیالیزم، ئە وانە ي لە ناوە ند دە وە ستن بە خزمەتکاری ئیمپریالیزم دەزانی).[١١٦]

بەخێرایی ناکۆکی لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و حەمزە عەبدوڵڵا سەریهەڵدا و دوو ئاڕاستە دروست بوون، ئاڕاستەیەک بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و ئاڕاستەیەکی دیکە بە ناوی بەرەی پێشکەوتنخواز کە حەمزە عەبدوڵڵا سەرۆکایەتیی دەکرد، حیزبەکە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لەو سەرلێشێواوییە ڕزگاری نەبوو، کە ئایا گرنگی دەدەن بە کێشەی نەتەوەیی یان کێشەی کۆمەڵایەتی؟ حیزبەکە بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە هەڕەشەی لەسەر بوو، لەلایەکی دیکەیشەوە دەبوو لە بەرامبەر حیزبی شیوعیی عێراقیدا، بەرگری لە خۆی بکات. سەرکردە مارکسیەکان حیزبەکەیان بەڕێوەدەبرد، بۆیە نەیاندەتوانی بزانن چی لە حیزبی شیوعیی عێراقی جیایان دەکاتەوە.

بۆ ماوەی دە ساڵ دوای دامەزراندنی، حیزبەکە بێ (ئایدیۆلۆژیا) مابووەوە، لە ساڵی ١٩٥٥دا هەردوو ئاڕاستەی نەتەوەیی و پێشکەوتنخواز داوای ناوبژیکردنیان لە (ح. د. ک - ئێران) کرد لە نێوانیاندا، برای گەورە پێیوابوو کە هەردوو کێشەکە پێکەوە گرێدراون و

[116]. Chris Kutscera. Le Mouvement National Kurde. 1979. Flammarion. Paris, . P: 197

دەبێت لە هەمان کاتدا چارەسەر بکرێن، و دەبێت هەردوو ئاڕاستە، یەکبگرن. [117] لە ساڵی ١٩٥٦دا هەردوو ئاڕاستەکە دووبارە یەکیانگرتەوە و حیزبەکە ناوی لێنرا پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو و سکرتێری گشتیی حەمزە عەبدوڵڵا بوو. حەمزە لەوکاتەدا ڕۆژنامەی (خەباتی کوردستان)ی دەردەکرد، حیزبەکە زۆر نالاندی بەدەست ناکۆکیی ناوخۆیی تونەوە، ئەوەیش خەباتی ڕزگاریخوازیی لاوازکرد. سەرۆکی حیزب، لە ئاڕاستە سیاسییەکانیدا خێڵەکی و تاکڕەو بوو. مەکتەبی سیاسی، پێشکەوتنخواز و مۆدێرن بوون، بەڵام لەبەر لاوازیی زۆریان، قبووڵیان کرد بکەونە ژێر هەژموونی سەرکردایەتییەکی خێڵەکییەوە و ئەمەیش سەرەتای هەڵەیەکی کوشندە بوو، کە دواتر ئەنجامەکانی دەرکەوتن. بنکەی جەماوەریی حیزبەکەیش هۆشیارییەکی سنووردارای هەبوو و بە دروشمەکانی حیزب سەرسام بوون.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە فاکتەرێکی گرنگی لاوازیی بزووتنەوەی سیاسیی بدرێت، ئەویش نەبوونی فاکتەری کەڵەکەبوونی فەرهەنگییە، سیاسەتمەدارە کوردەکان بە فەرهەنگێک پەروەردە بوون، کە مۆرکی دیکتاتۆریەتی ڕۆژهەڵاتی بەسەردا زاڵ بوو، بە زمانی عەرەبی خوێندبوویان. ئەوانە پارێزەر، مامۆستا و ئەندازیار بوون، کە لە بەغدا یان شارە عەرەبییەکانی تر خوێندبوویان. (حەمزە عەبدوڵڵا، ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی عەبدوڵڵا، نووری شاوەیس، ساڵح یوسفی و جەلال تاڵەبانی ...هتد)، دەکرێت ناویان بنرێت بە ڕۆشنبیرانی لۆکاڵی. جگە لە شەوکەت ئاکرەیی، کە تاکە ئەندامێک بوو وەک ئەندازیاری کارەبا لە بەریتانیا دەرچووبوو، واتە ئەوان لەچاو دواکەوتوویی کۆمەڵگەکەی خۆیان، خاوەنی فەرهەنگێکی باش بوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش فەرهەنگەکەیان فەرهەنگێکی قەتیس و تا ڕادەیەکی زۆر، وەرگێڕانێک بوو بۆ تێڕوانینی عەرەب لە ناسیۆنالیزم و ئایدیۆلۆژیا باوەکانی ئەو سەردەمە. ئەوان لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی خێڵەکی دەژیان و ڕژێمێکی سیاسیی سەرکوتکار باڵی بەسەردا کێشابوون، هەروەها ئەرکی پێکهێنانی پارتێکی سیاسیی مۆدێرن و تێگەیشتوو لە ڕاستیی کۆمەڵگەکەیان لەلایەك و پەیوەندییە نێودەوڵەتییە ئاڵۆزەکانی سەردەمی جەنگی سارد

[117]، Chris Kutscera. Le Mouvement National Kurde. 1979. Flammarion. Paris, . P: 197

لەلایەکی تردوە، لە دەرەوەی ئاستی تێگەیشتنیان بوو. بەو هۆیەیشەوە پڕۆسەی بنیاتنانی پارتەکە بۆ ئەوان ئاستەنگ بوو و چونکە لەم بوارە نوێیەدا سەرەتایی بوون، سەرۆکی پارتەکەیش (مەلا موستەفا) ئاستی زانیاریی لە مێژوو، فەرهەنگ و ڕێکخستنی سیاسیدا، سنووردار بوو. لە ناخی دڵیدا ڕقی لە فەرهەنگ و ڕۆشنبیران دەبووەوە، لەبەرئەوە نیشاندانی کاریگەریی خۆی لە هێزی سەربازیی بارزان و ژیرییەکەی لە بەکارهێنانی ئەو هێزەوە، سەرچاوەی دەگرت.

پەیوەندیی ئەم چینە سیاسییە بە شارستانییەتی ڕۆژاواوە زۆر کەم بوو (کە ناوەندی هەناردەکردنی هەموو ئایدیۆلۆژیا سیاسییە جیاوازەکان و ئاراستە فەرهەنگییەکان و دامەزراندنی پارت و سەندیکا و ڕێکخراوەکان بوو)، بۆیە شکستیان هێنا لە بنیاتنانی پارتێکی سیاسیی پێشەنگ، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی بەدووربگرێت لە (ناکۆکییە خێڵەکییە لاوەکییەکان، دەسەڵاتی تاکڕەویی تاکەکەسی، ناکۆکییە کەسییە بێبایەخەکان). سەرکردایەتیی کورد، بە کۆتوبەندی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتییەوە، مایەوە و لەو چوارچێوە فەرهەنگییە دژبەیەکانەدا هەڵسوکەوتی دەکرد، هەروەها پەسەندکردنی مارکسیزم – لێنینیزم، لە ڕواڵەتدا ناکۆکیی نێوان قسە و کردارەکانی، قوواڵتر دەکردەوە.

سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە کوردستانی ئێرانیش، هەمان ئەو کۆتوبەندە فەرهەنگییانە بەستبوونیەوە، کە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیان لە کوردستانی باشوور بەستبووەوە، هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق و ئێران – بەدوای یەکدا کاریگەریی حیزبی شیوعیی عێراق و پارتی کۆمۆنیستی ئێران (تووده)یان لەسەر بوو، تەنانەت لە هەندێک قۆناغدا، ملکەچیەکی تەواویان هەبوو بۆ لایەنە شیوعییەکان لە عێراق و ئێراندا. لە بەرامبەر ئەمانەدا، ڕۆشنبیرانی کوردی باکوور (ڕۆشنبیرانی دەرەوە)، وەک (شەریف پاشا، جەلادەت بەدرخان، کامەران بەدرخان، نوورەدین زازا و عیسمەت شەریف وانلی) ڕۆشنبیرانی مۆدێرن بوون و لە ئەوروپا، بەتایبەتی لە فەڕەنسا و سویسرا و لوبنان خوێندبوویان، زۆربەیان ماوەیەک لە ژیانیان لە ڕۆژاوای کوردستان ژیابوون، لەوکاتەیشدا سوریا لەژێر سەرپەرشتیی فەڕەنسادا بوو، ئەوان بایەخێکی زۆریان بە مارکسیزم نەدا، زیاتر نزیک بوون لە پیاوانی

دەوڵەت (*Statesman*) نەک سیاسەتمەداری ئاسایی یان سەرکردەی حیزب، ئەوان خزمەتێکی گرنگیان پێشکەش کرد لە بواری پەرەپێدانی فەرهەنگ، زمان و مێژووی کوردیدا، لە سەختترین قۆناغێکدا کە میراتی فەرهەنگیی کوردی پێیدا تێپەڕی، بەتایبەتی دوای ئەو قڕکردنە بەرنامە بۆدارێژراوەی لەلایەن چینی دەسەڵاتداری نەتەوەپەرستی تورک لە باکووری کوردستان لە ساڵی ١٩٢٣ەوە بەڕێوەدەچوو، ئەوان لە هەڵچوونی دەمارگیری و کینەی کەسی و کێبڕکێی ناشەریفانە ئازاد بوون، کە لە تایبەتمەندیی دیاری سیاسیی سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون لە باشووری کوردستاندا. بەراورد بە ڕۆشنبیرانی ناوخۆ، ڕۆشنبیرانی دەرەوە هاوسەنگتر و بەڕێزتربوون. دەستەیەکی تر لە ڕۆشنبیرانی کورد لە بەغدا مانەوە، ئەوانە خاوەنی بەهرەی فەرهەنگی بوون، ڕژێمی بەعس هەندێک ئیمتیازاتی وەک کار، خانوو و مووچەی باشی پێبەخشین، بۆیە چالاکییەکانیان لەسەر نووسین و توێژینەوە ئەکادیمییەکان، یان وانەوتنەوە لە زانکۆکانی حکومەتی عێراقیدا چڕکردەوە.

با بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای بزووتنەوەی کورد، لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ هێزی ئاسمانیی عێراق دەستیکرد بە بۆمبارانکردنی کۆبوونەوەی خێڵەکان لە (دەربەند بازیان) و (دۆڵی خەلەکان) و شوێنەکانی دیکە، هاودەم دەستپێکی هێرشی سەربازیی پیادە بۆ کردنەوەی ڕێگای کەرکوک - سلێمانی، چونکە هێزە خێڵەکییەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو. لە ناوچەکانی بارزانیش، لە ١٥ی تەممووزی ١٩٦١ەوە شەڕی توند بەردەوام بوو، شەڕێک کە بارزان ڕووبەڕووی گەمارۆی دوژمنکارانەی برادۆست، زێبار و ڕێکان ببووەوە. هێزەکانی بارزان لەسەر بەرە فراوانەکانی هێرش جێگیر بوون: برادۆست، هێڵی ڕەواندوز – مێرگەسۆر، خەلیفان – شاندەر، بەرەی پێرس، بەرەی ئامێدی. بە فراوانبوونی ڕووبەری شەڕ، دەبوو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کارێک بکەن گەمارۆی خێڵەکان بشکێنن، هێزەکانی بارزان بە هێزە لایەنگرەکانی بزووتنەوەکەوە ببەستێتەوە، سەرۆک هۆزەکانی ئەو خێڵانە چەک و پارەیان لە قاسم وەرگرتبوو بۆ لێدانی بارزان، ژمارەی هێزەکانی حکومەت کە بەشداریی شەڕەکەیان دەکرد لەگەڵ جاشە کوردەکان، بەردەوام لە هەڵکشاندا بوون. بەتایبەتی دوای تێکشکانی ئەو هێزانە و دوای هەرەسی

بەرگریی ئاغاکان و شکاندنی گەمارۆکە، تا وای لێهات ڕاستەوخۆ لە نێوان بارزانییەکان و سوپای عێراقیدا، شەڕ دەستیپێکرد.

ئێمە لە بەغدا گەڕابوویندەوە بۆ بەسەربردنی پشووی هاوینە لە کوردستان، بەو هیوایەی دوای کۆتاییهاتنی پشوو، بگەڕێینەوە بەغدا بۆ بەردەوامیدان بە خوێندن. لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٦١دا هەواڵ گەیشت کە سێ شوێن بەمەبەستی بۆمبارانکردن هەڵبژێردراون: (بارزان کە شێخی بارزانی لێیە)، (چالێ سەر چیای شیرین کە مەلا موستەفا وەرزی هاوینی لێ بەسەر دەبات)، هەروەها (گوندی ڕێزان). ئەم شوێنانە، بە هێزی ئاسمانی بۆمباران دەکرێن، لە بەرەبەیانێکی زووەا ژنان و منداڵان ماڵەکانیان بەجێهێشت بەرەو دۆڵێکی قایم، کە کیلۆمەترێک کەمتر لە گوندەکەوە دوور بوو. باوکم پێی باشتر بوو لە گوندەکە بمێنێتەوە بەتایبەتی لە ماڵەکەی خۆی، من لەگەڵیدا بووم و لەگەڵماندا (سلێمان فەقێ ئیسماعیل سوورچی و ئەحمەد ئیسماعیل سوورچی)، کە نازناوی (کاپتن)ی پێدرابوو - نازانم بۆچی ئەم ناوە نرابوو لەو کاتەوەی پەنابەری یەکێتیی سۆڤیەت بووە - و هەروەها فەیزوڵڵا ئاکرەیی (فەیزۆ)، لوقمان مەلا موستەفایش لە گوندەکە مانەوە. بەڵام لوقمان، لە ئێمە وریاتر بوو، لوقمان ماڵەکەی بەجێهێشت بەرەو کونێک لە نزیک گوندەکە، موختارەکەیش (محەمەد زادۆ) لە پشتی بەردێک لە نزیک گوندەکە مایەوە، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو ئاگر لەماڵەکاندا بکەوێتەوە - کە بەزۆری کۆخی گڵین بوون و بەخێرایی دەسووتان، دار و چڵی وشکی کەڵەکەبوو دروست کرابوون ئەگەر ماڵێک لەو کا کوتراوانەی کە لە نزیک کۆخەکان بڵاو بوونەتەوە ئاگریان بگرتبایە، دەیتوانی بیکوژێنێتەوە، هیچ کەسێک ئاگاداری گەشەسەندنی گەورەی تواناکانی فڕۆکە جەنگییە نوێیەکان نەبوو، چونکە ئەزموونی بارزانیەکان لەگەڵ بۆمبارانی هێزی ئاسمانیی دەگەڕایەوە بۆ ساڵانی چلەکان، پێش بەرەبەیانیش گاڕانەکان و مێگەلەکان لە گوندەکە دوورکەوتنەوە بۆ ئەوەی لە ژێر چڵی چڕی داربەڕووەکاندا لەسەر ئەو گردانەی کە دەڕوانێ ڕێزان، دور بکەونەوە و بلەوەڕێن.

هیچ ڕێنماییەک لەلایەن سەرکردایەتییەوە، لەبارەی چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی ئەم دۆخە نەبوو! (پاراستنی منداڵان لەو شۆکە ترسناکە، چۆنیەتیی پاراستنی دانەوێڵە و خۆراک و بەرەنگاربوونەوەی گەمارۆی ئابووری و سووتاندنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، هەمووان: ژنی دووگیان، منداڵ، پیرۆپەککەوتە، گەنج و لاوان، خۆیان لەگەڵ بارودۆخی کەسی و خێزانی و لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی پێشوو، بەناچاری و لەژێر ترسدا خۆیان دەگونجاند). لە بەرەبەیانیی ١٦ی ئەیلوولی ١٩٦١دا خەوتبووم، کاتێک دایکم بە زۆر هەڵیساندم تا لەگەڵیدا بچمە ئەو دۆڵەی نزیک، بۆ ئەوەی خۆمان لە لێدانێکی ئاسمانی بپارێزین، بەڵام من ڕەتمکردەوە و سوور بووم لەسەر ئەوەی لەگەڵ باوکم بمێنمەوە. ئەو بە ناچاری ڕۆیشت و نیگەرانی مانەوەی ئێمە بوو، هێدی هێدی نیشانەکانی بەرەبەیان دەرکەوتن و تیشکی خۆر بەسەر لووتکەی چیاکاندا بڵاوبووەوە و پاشان بینین لە دۆڵەکاندا، ڕوونتر بووەوە. لەناکاو شەش فڕۆکەی جەنگی لە پشتی چیای پێرسەوە دەرکەوتن، هەر دوو فڕۆکە پێکەوە ئاراستەی جیاوازیان لە ئاسمانی بێگەردی بارزاندا هەڵبژارد و ئامانجی دیاریکراویان هەبوو (بۆمبارانکردنی بارزان کە شێخی بارزانی لێیە و بەرزاییەکانی چیای شیرین لە شوێنێکی قایمدا (چاڵێ) کە مەلا موستەفای لێیە و ئامانجی سێیەمیش گوندی (ڕێزان) بوو). پێش ئەم بۆمبارانە، فڕۆکە عێراقییەکان گەشتی چاودێرییان لە ئاسمانی ناوچەکەدا ئەنجامدابوو، بۆ دیاریکردنی ئامانجەکان.

هێشتا دڵنیا نەبووین لە ڕوودانی بۆمبارانەکە، ئێمە لە حەوشەی ماڵێکدا بووین کە بە یارمەتیی حکومەت دروستەکرا و هێشتا تەواو نەکرابوو، لەوکاتەدا یەکێک لە فڕۆکەکان لاربووەوە و بەسەر ئاسمانی گوندەکەدا تێپەڕی، پاشان گەڕایەوە و فڕۆکەکە بە نزمی بەرەو گوندەکە دەهاتەوە، ئێمە هێشتا باوەڕمان بەوە نەدەکرد کە بۆمباران دەکرێین، چاومان لەسەر فڕۆکە بۆمبهاوێژە عێراقییەکان بوو. لەناکاو فڕۆکەکە سووڕایەوە و بەرەو گوندەکە هات، مووشەکەکانی هاویشتن و دەنگێکی زۆر گەورەی دروست کرد و زەویی بە تووندی لەژێر پێماندا هەژاند، بۆمبەکان نزیکەی دە مەترێک لەماڵەکەی ئێمەوە تەقینەوە، ئێستا بۆم دەردەکەوێت کە دیواری بەردینی ماڵەکە، ئێمەی

لە پارچە مووشەکەکان پاراست کە بە هەموو لایەکدا بڵاوبوونەوە و لە پشتی دیواری ماڵەکە کەوتنە خوارەوە و گەڵا و چڵی دارەکانی دەوروبەری ماڵەکە کەوتن، پاشان فڕۆکەکە بەرز بووەوە، بەڵام دەرفەتێکی پێویستی نەداین کە لە ماڵەکە دوور بکەوینەوە کە ئامانجی ڕاستەوخۆ بوو بۆ بۆمباران، لەناکاو فڕۆکەی دووەم هەمان ڕێگای فڕۆکەی یەکەمی گرتەبەر، نزم بووەوە و بەرەوپێش هات و پاشان بەسەر گوندەکەدا شۆڕ بووەوە و مووشەکی تری هاویشت، لەم ساتانەدا و لەناو دووکەڵ و ئاگردا (سلێمان فەقێ) بە تەواوی، ئارامیی خۆی پاراست و بە ڕێزێکی ئاشکراوە داوای لە باوکم کرد: با لە ماڵەکە دوور بکەوینەوە چونکە ئامانجی بۆمبارانەکەیە، دەبێت ئێستا بڕۆین، پێش ئەوەی فڕۆکەکان دەست بکەنەوە بە سووڕانەوە بەسەرماندا.

لە ماڵەکە بەرەو ڕووبارەکە ڕۆیشتین، بەڵام نەمانتوانی زیاتر لە بیست مەتر دوور بکەوینەوە، کە فڕۆکەی یەکەم گەڕایەوە و دووبارە بۆمبارانی کردەوە، ئێمە لە سەر زەوی ڕاکشاین بۆ خۆپاراستن لە پارچەکان، کە بە هەموو لایەکدا بڵاودەبوونەوە. هەردوو فڕۆکەکە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بە نۆرە بۆمبارانیان دەکرد و ڕێگەیان نەدەدا ئێمە لە ناوەڕاستی گوندەکە، کە ماڵەکان بەیەکەوە لکابوون دوور بکەوینەوە. هەر یەکێکیان مووشەک یان ڕەشاشیان، بێبەزەییانە باراند بەسەرماندا و هەراوزەنایەکی تۆقێنەر بەرپابوو، ئەویان بەرز دەبووەوە بۆ ئاسمان دوای شۆڕبوونەوە، فڕۆکەی دووەم دەگەیشتە خاڵی هێرشەکە و لە نزمییەوە ئاگری دەباراند، پاشان بەرز دەبووەوە و دەنگێکی ترسێنەری دروست دەکرد و نۆرەی فڕۆکەی یەکەم دەهاتەوە، لە ڕاستیدا نەمانتوانی پەنجا مەتر لە ماڵەکەمان دوور بکەوینەوە، لە ماوەی بۆمبارانەکەدا کە نزیکەی بیست خولەکی خایاند، لە ژێر دارێکی (بی)دا ماینەوە و ئاگری ڕەشاش بە چڕی بەسەرماندا دەباری، پاشان بەرچاومان تەڵخ بوو بەهۆی دووکەڵ و گڕەوە. ماڵی یەحیا ئیسماعیلی ئامۆزام، بۆمبارانکرا و دەسووتا، (یەحیا دوای کۆتاییهاتنی خزمەتی سەربازیی عێراقی، بڕیاری دا لە ڕێزان نیشتەجێبێت و لە ساڵی ١٩٦٠ دا ماڵەکەی دروستکردبوو، کە نزیکەی دە مەتر لە لای ڕاستی ماڵەکەمانەوە بوو)، ئاگرەکە دارەکانی دەوروبەری ماڵەکەی گرت و دووکەڵی چڕ بە توندی لە دەروازە و پەنجەرەی ماڵەکە

دەهاتە دەرەوە و گژوگیای وشکی ئەو ناوە گڕیان گرتبوو و دەسووتان، چونکە فڕۆکەکان بۆمبی سووتێنەریان هاویشتبوو بۆ لەناوبردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و دانەوێڵە و هەرچی هەیە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق زاڵ بوون بەسەر دۆخەکەدا، ئەوان شوێنەکانیان بۆمباران دەکرد و هیچ دژەفڕۆکەیەک نەبوو دژیان بوەستێتەوە، بۆمبەکانیان دژی خەڵکانێک بەکارهێنا، کە جگە لە چەند چەکێکی کەم و کۆن، هیچی تریان پێنەبوو، هەروەها خەڵکی هیچ ئەزموونێکی پاراستنی خۆیان لە هێرشی فڕۆکە جەنگییە مۆدێرنەکان نەبوو، کارێکی دڕندانە و دوور لە مرۆڤایەتی بوو بەرامبەر بە ژن و پیر و منداڵان، کە لە گوندەکانی خۆیاندا دەژیان و لەلایەن ئەوەی پێی دەوترێت حکومەت (حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق) پشتگوێخرابوون و وەک هاوڵاتی تەماشا نەدەکران. کاریگەریی بۆمبارانەکە لەسەر منداڵان جەرگبڕ بوو، سەرەڕای خۆحەشاردانیان لە ئەشکەوتەکاندا، چونکە دەنگی فڕۆکەکان و تەقینەوەکان، دۆڵەکانیان دەبڕی و گوێی کەڕوکاس دەکرد، وەک ئەوەی بۆمبارانەکە تەنها چەند مەترێک لێیانەوە دوور بێت، دواتر منداڵی کوردم دەبینی کە تەنها بە بیستنی دەنگی فڕۆکە لە دوورەوە، دەگریان.

بۆ من و فەیزوڵڵا ئاکرێی (فەیزۆ)، ئەوە یەکەم ئەزموونی بۆمباران بوو کە لە ژیانماندا بەخۆمانەوە بینیمان، لەکاتێکدا باوکم و سلێمان فەقێ (کاپتن) و ئەحمەد ئیسماعیل سوورچی، ئەزموونی بۆمبارانیان هەبوو، بەڵام ئەزموونەکەیان دەگەڕایەوە بۆ دوو دەیەی پێشوو، ئەوەی کە لە بۆمبارانی فڕۆکەکانی دروستکراوی سۆڤیەتەوە بینیان، شتێکی نوێ بوو. دەیانگوت هێزی ئاسمانیی عێراق زۆر پێشکەوتووە، بەراورد بە ڕابوردوو و ناتوانرێت بەراورد بکرێت بە ئۆپەراسیۆنەکانی بۆمبارانی هێزی ئاسمانیی عێراقی بەریتانی، لە ساڵانی سییەکان و ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەم.

دوای ئەوەی فڕۆکەکان بۆمبارانیان تەواو کرد، لە پشتی چیای پێرس ون بوون، ئێمە پەنامان بردە بەر ئەو دۆڵەی لە گوندەکەوە نزیک بوو، ژیانی خەڵک بە تەواوی گۆڕا، سەرۆک خێڵە بەکرێگیراوەکانی کورد، پێشوازییان لە بۆمبارانی ناوچەکانی بارزان و

بەشەکانی تری کوردستان کرد و ئەمەیان بە پشتیوانی و زیندووکردنەوەی ڕۆڵی خۆیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەزانی. هێزێکی گەورە لە بەکرێگیراوان کۆکرایەوە (هێزی پیادە، سوپا و بەکرێگیراوانی کورد)، دەستیانکرد بە داگیرکردنی خاکی بارزان، سوپای عێراق لە چیای پێرسەوە، لەگەڵ کۆمەڵە چەکدارە بەکرێگیراوەکانی کورد بە سەرکردایەتیی ئاغاکانی زێبار و ڕێکان و سورچی، پێشڕەوییان دەکرد. لە ڕۆژئاوایشەوە عەشیرەتەکانی برادۆست. ئەم بەکرێگیراوانە، لە سوپای عێراق کاریگەرتربوون، بەهۆی زانیارییان لەسەر جوگرافیا و شەڕی شاخ و دوژمنایەتیی درێژخایەنیان لەگەڵ بارزان.

هێزەکانی عێراق لە بەرەی ڕەواندوزەوە، پێشڕەوییان کرد بۆ داگیرکردنی مێرگەسۆر و لە بەرەی چیای پێرسەوە پێشڕەوییان کرد بۆ داگیرکردنی بارزان، چەندین گوندی ناوچەکە سووتێنران، بەشێکی گەورەی ناوچەکانی بارزان بە هەوڵێکی زۆر و قوربانییەکی گەورەی سوپا و بەکرێگیراوان داگیرکرا. ئەوەیش بەغدای ناچار کرد ئاگربەستێک لەگەڵ بارزان بسازێنێت، ڕێکەوتنێک لە نێوان قاسم و شێخی بارزاندا کرا. بەپێی ئەو ڕێکەوتنە، هێزەکانی عێراق لە زەوییەکانی بارزان دەکشێنەوە و بارزان بێلایەن دەمێنێتەوە، دەسەڵاتدارانی عێراق لوقمانی مەلا موستەفایان گرت و خستیانە زیندانی سەربازگەی ڕەشید، هەروەها ژمارەیەک بارزانی تریش گیران و خرانە زیندانە تاریکەکانەوە و دوای کۆدەتاکەی شوباتی ١٩٦٣ ئازادکران.

دوو تاکتیک لە خەباتی چەکداریدا

بۆ ئەوەی لەو هەستە نیشتیمانیە تێبگەین، کە ڕیزەکانی گەلی کوردی گرتبووەوە و پاڵی پێوەنا بۆ بەرخودانی نیشتیمانی بە جۆش و خرۆشێکی گەورەوە و بەبێ گوێدانە مەترسی و سەختییەکان تا ئاستی فیداکاری و قوربانیدان بە هەموو شتێک، دەبێت پەنا بۆ نموونەی زیندوو ببەین. لێرەدا دەبێت بگوترێ: ئەو شتانەی کە بەرپرسان لە ئاستی سەرکردایەتیی کورد نووسیویانە، خاڵی نین لە زێدەڕۆیی، بۆیە پشت بەوانە نابەستم. لە جیاتی ئەوە، سوودم لە یادەوەرییەکانی کەسانی ڕاستگۆی ناو جەماوەر وەرگرتووە کە هێزی ڕاستەقینەی بەرخودانی کوردیان پێکدەهێنا، بەتایبەتی چینی جوتیاران و ئەندامانی پۆلیس و سەربازەکان، ئەوانەی باری قورسی قوربانیدانیان تا کۆتایی تراژیدیاکە هەڵگرت.

لە هاوینی ٢٠٠٧دا مێژوونووس و توێژەر عەبدولڕەقیب یوسف، پەرتووکەکەی بەناوی عەریف سولەیمانی پێشکەش کردم، کە پەرتووکێکی مەیدانییە و گێڕانەوەی ئەو ڕاستیانەیە کە نووسەر لە قۆناغێکی دیاریکراودا تێیدا ژیاوە، خۆیەر لەلایەکەوە دەبینێت کە گەلی کورد قوربانیی داوە و دڵسۆزییەکی بێوێنەی نواندووە، سەرکردایەتیی کوردیش لە سەرەتای جووڵانەوەکەدا لێهاتووانە دەستیان داوەتە بەدەستهێنانی ئەزموون لە شەڕی (پارتیزانی) و ڕێکخستنی کۆمەڵگەدا و لەگەڵ خەڵك دەژیان و هەستیان بە ئازار و ئاواتەکانیان دەکرد. بەڵام بەداخەوە ململانێ ناوخۆییە کەسییەکان، ڕێگرییان لە ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کرد و بەشێوەیەکی خێرا ئاستی کارکردنی سەرکردایەتیکردن بۆ ڕۆڵە پێشەنگەکەی لە ڕێبەرایەتیکردنی شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان دابەزی.

(عەریف سولەیمان)، کە یەکێک بووە لە یەکەمین ئەو پێشمەرگانەی شاری هەولێری بەرەو چیای (سەفین) جێهێشتووە، لە یادەوەرییەکانیدا بە ناونیشانی (لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان) کە بە زمانی کوردییە و ساڵی ١٩٩٩ لە کوردستان چاپکراوە، باس لە

ساڵانی خەباتی خۆی لە ناو (پدك) و سەرەتاکانی دروستبوون و گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی چەکداریی کورد دەکات و دەڵێت:

ئاغاکان و مەلاکان و هەندێک لە سەرۆک هۆزەکان، بەگشتی لە هەر کوێ بن، خۆبەگەورەزان و لووتبەرزن و بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆیان کار دەکەن، هەمیشە چاوەڕێی پاڵپشتیی دەرەوە (بیانی) دەکەن. هەرکاتێک دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، ستەم لە دەوروبەریان دەکەن. ئاغاکانی وڵاتی ئێمە بەهۆی نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریی گەلەکەمان و دواکەوتوویی کۆمەڵگەکەمان و سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی نیشتمان، بۆیان ئاسان بوو لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی دوای شۆڕشی تەمموز هات، بگونجێن. پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک تاقە حیزبی کوردی، بەرنامەیەکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئاغاکانی کورد نەبوو، کۆمۆنیستەکانی کوردستانیش بەپێی تێگەیشتنی سیاسیی خۆیان و نالۆژیکانە، کاریان دژی ڕەفتاری ئاغاکان دەکرد.

لە بەهاری ١٩٦١دا، ئاغاکان پلانیان دانا بۆ نزیکبوونەوە لە حکومەتی کۆماری، (سدیق میرانی) لەگەڵ ژمارەیەک ئاغادا چوونە بەغدا بۆ بینینی (عەبدولکەریم قاسم)، کە هاوڕێی نزیکی سدیق میرانی بوو، بەهۆی تایبەتمەندی و تەماحە تاکەکەسییە جیاوازەکانیانەوە، بەڵێنیان بە عەبدولکەریم قاسم و حکومەت دا کە چەکی (جاشایەتی) هەڵبگرن، حکومەتیش لە بەڵێنەکانی بەرامبەر بە کورد پاشەکشەی دەکرد و ساردی کەوتە نێوان عەبدولکەریم قاسم و مەلا موستەفا. حکومەت ئەمەی بە دەرفەتێکی باش زانی بۆ چەکدارکردنی ئاغاکان و بەڵێنی تری پێدان. لە کاتی مانەوەی ئاغاکان لە بەغدا، حکومەت وا بانگەشەی دەکرد کە ئەوان نوێنەرایەتیی شاندی کورد دەکەن، بەڵام بەنهێنی وەک (جاش) مامەڵەی لەگەڵ دەکردن، ئەوان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی تۆوی (جاشایەتی). لەو سەردەمەدا، پیشەی (جاشایەتی) عەیبە و شەرمەزاری بوو، لەبەرئەوە گرووپێک لە ئەندامانی حیزب کە سەر بە کاوانییەکان بوون، بۆسەیەکیان بۆ (سدیق میرانی) دانا، لە کاتی گەڕانەوەی لە بەغداوە بۆ شەقڵاوە لە شوێنێکی نێوان (حوجران - کاوانیان)، لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئۆتۆمبێلەکەی سدیق میرانی تەقەی لێکرا و لە ئەنجامدا کوژرا.

کوژرانی میرانی، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە نێوان هۆزەکانی ناوچەکەدا هەبوو، ترسی خستە دڵی ئەو ئاغایانەی کە چووبوون بۆ وەرگرتنی چەکی جاشێتی لە حکومەتی عێراق و بەتایبەتی لە عەبدولکەریم قاسم، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ئەنجامدەرانی ڕووداوەکە دەرچوو، بەڵام ئەوانەی ئەو کارەیان کردبوو هیچ گرنگییەکیان بەو بڕیارە و هەڕەشەکانی حکومەت نەدا و خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتی ناوەندی نەکرد، پەنایان بۆ چیاکان و گوندەکانی ناوچەکە برد و بەڵێنی بەرگرییان دابوو، وایان دادەنا ئەوەی کردوویانە، سەرکەوتنە بۆ گەلی کورد. بۆ ماوەیەک گوندنشینەکان پەنایان دان، پارتی پاڵپشتی دەکردن و پێشوەختە پلانی حکومەتی پێدەگوتن و ڕێنمایی دەدانێ دەربارەی هەڵاتن و خۆشاردنەوە. پارتی ئەمەی بەم هۆیانە دەکرد:

١. ئەوانەی ئەو کارەیان کردبوو، ئەندامی حیزب بوون.

٢. حیزب، نەیدەویست حکومەت ڕابێت لەسەر دەستگیرکردن و ڕاوەدوونان و هەراسانکردنی ئەندامەکانی.

٣. ئەم گرووپە، وەک کارتێک بوون بۆ وەبیرهێنانەوەی حکومەت لەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر گەلی کورد و پارتی دەیکات و ئەنجامی ئەو فشارانەی حکومەت دەیکات، کە دەبێتە هۆی توڕەیی.

بۆ دەستگیرکردنی کاوانییەکان، حکومەت پەنای بۆ بەکارهێنانی (مەفرەزەکانی هێزی پۆلیسی یەدەگ) برد، بەڵام پۆلیسەکانی ناو ئەم هێزە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ٩٥٪یان پەیوەندییان بە ڕێکخستنی پۆلیسی هەولێرەوە هەبوو، هەرکاتێک بڕیار بدرایە مەفرەزە دەربچێت، پێش گەیشتنیان بە شوێنی مەبەست پارتییان ئاگادار دەکردەوە، کاوانییەکانیش شوێنەکەیان چۆڵ دەکرد، بۆ ئەوەی حکومەت بەم پلانە نەزانێت، داوایان لە کاوانییەکان دەکرد تەقە بکەن و پاشان ڕابکەن یان لە دوورەوە شەڕێک دروست بکەن، بەکورتی هەردوولا فەرمانی پارتییان جێ بەجێ دەکرد و حکومەتیش ڕازی بوو.

سەرەنجام حکومەت هەستی بە نەمانی هەژموونی خۆی لە ناوچەکە و هاوسۆزیی جەماوەر بۆ پارتی کرد، لێرەوە دەستی کرد بە دژایەتیکردنی (پدك) و داوای لێ کردن ئەو یاخیبووانە ڕادەست بکات، پاشان دەستیکرد بە پلانی دەستگیرکردنی ئەندامان و

لایەنگران و بەرپرسانی سەرکردایەتیی پارتی. عومەر دەبابە، کە ئەندامێکی سەرکردایەتی بوو، دەستگیر کرا. بڕیاری دەستگیرکردن بۆ (عەلی عەبدوڵڵا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و شەمسەدین موفتی ئەندامی یەدەگی لیژنەی ناوەندی و ئازاد عومەر ئەندامی لقی هەولێر دەرچوو)، ئەمانە خۆیان ڕادەست نەکرد، بەڵکو لە شارەکانی کوردستاندا خۆیان شاردەوە، گرژیی نێوان حیزب و حکومەت ئاشکرا بوو، ئەم دۆخە چەند مانگێکی خایاند.

کوردستان بەهۆی کاری دژبەیەکی هەردوولا، تووشی ئاڵۆزی ببوو. ناکۆکیی نێوان پارتی و حکومەت، ببووە کارێکی چاوەڕوانکراو. لە تەممووزی ١٩٦١دا هەندێک لە سەرۆک هۆزەکان، کە هاوسۆزی ئازارەکانی کورد بوون و خاوەن هەستی نەتەوەیی بوون، بەپێی فەرمانی بارزانی هۆزەکانی خۆیان لە چەند شوێنێک دژی حکومەت کۆکردنەوە، ئەم گردبونەوەیە بە (گردبوونەوەی چەکداری) ناوزەدکرا، گردبونەوەکان لەم شوێنانە بوون کە باسیان دەکەین.

١. دەربەندیخان
٢. ئەزمەڕ
٣. دەربەندی بازیان
٤. دۆڵی خەلەکان
٥. چنارۆک
٦. دێگەڵە.

پارتی، پشتگیریی گردبوونەوەی خێڵەکانی نەدەکرد، چونکە بەرنامەی بۆ دەستپێکردنی شۆڕشی چەکداری نەبوو و بڕوای وابوو دەتوانێت لەرێگەی کاری سیاسییەوە، ئامانجەکانی بپێکێت. هەروەها لای وا بوو حکومەتەکەی دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووز، لاواز و لەرزۆکە.

حکومەتی عێراق لەو قۆناغەدا، زیاتر گرنگیی بە مەلا موستەفا دەدا وەک لە پارتی، هیچ بایەخێکی بە هەڵوێستی حیزب نەدەدا، حکومەت وایدەزانی پارتی تەنها ئامرازێکە

بەدەست بارزانییەوە، لە ئەنجامی ئەم هەڵوێستە هەڵەیەیشدا، مەلا موستەفا سوودی دەبینی و زیانەکانیش بەر پارتی و ئایندەی گەلی کورد دەکەوتن.

لەم دۆخە ئاڵۆز و مەترسیدارەدا، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس لە هەولێر، هەستی بە چالاکییەکانی پارتی لەناو ڕیزەکانی پۆلیسدا کردبوو، بەو هۆیەوە لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆوە سیاسەتی گواستنەوە و گۆڕینی پۆلیسی گرتەبەر، بڕیاری گواستنەوەی پۆلیسەکان هەر دوو کەس بۆ شارەکانی تر دەردەچوو و پێیان ڕادەگەیەندرا جێبەجێی بکەن، بە بڵاوبوونەوەی ئەم بڕیارە، پۆلیسەکان خۆیان لە بەردەم کێشەی جددیدا بینییەوە، بەتایبەتی لەڕووی سەرچاوەی بژێوییەوە کێشەی بۆ دروستکردن، ئەوان بەو مووچەیەی بۆیان بڕابووەوە، بژێویی خێزانەکانیان دابین دەکرد و ڕاهاتبوون لە شاری خۆیاندا بژین و نەیاندەویست بۆ شارێکی نامۆ جێی بهێڵن و هەوڵیان دەدا بڕیاری گواستنەوەکە ڕابگرن.

بڕیاری گواستنەوەی ئێمە بەمشێوەیە بوو:

١. من بۆ شاری ناسریە (مەبەست عەریف سولەیمانە).

٢. عەبدولڕەحمان مەلا قادر و ڕەشید شێرە، بۆ شاری عەمارە.

٣. ئەنوەر جۆخین، بۆ بەسرە.

٤. تاهیر حاجی، بۆ سیبا لە بەسرە.

دوای بیرکردنەوە و گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوانماندا، هەر کەسە و سەرسوڕمانی خۆی و چۆنیەتیی دابینکردنی بژێویی دەردەبڕی، منیش گوتم دۆخمان ئاڵۆز بووە، سەبارەت بە من (هەر کاتێک دەگەڕێمەوە ماڵەوە، دایکم دەگری و دەڵێت: کوڕم سولەیمان! مەچۆ بۆ ناوچەی عەرەب، ڕەنگە منداڵەکانت لەناو بچن یان لە برسان بمرن، نابێت بەجێمانبهێڵیت)، گوتم ئەم دۆخە بەرگەی ناگیرێت و وەرن بڕیارێکی بە کۆمەڵ بدەین و چارەسەرێک بدۆزینەوە، (هەمووان ڕازی بوون و گوتیان با لەگەڵ براکانی ترمان کۆببینەوە و قسەیان لەگەڵ بکەین، دوای ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ هەموومان کۆبوونەوە و بڕیارمان دا ڕاپۆرتێک بۆ پارتی بنووسین)[١١٨].

[١١٨] عەریف سلێمان، لە دەنکەوە بۆ گوڵەگەنمەکان ، بەشی یەکەم، (١٩٤٩-١٩٦١) ل٨٥.

ئەم گرووپە لە ڕاپۆرتەکەیاندا کە ئاراستەی پارتییان کردبوو، ئامانجەکەیان ڕوون کردبووەوە کە حکومەتی عێراق لە پشت لێدانی ڕێکخستنی پارتیە لەناو پۆلیسی هەولێردا، ئەگەر ئەوەی بۆ بچێتە سەر، ئەوا لێدانەکان، ڕێکخستنە جەماوەرییەکانی تر یەک لە دوای یەک دەگرێتەوە. ڕاپۆرتەکە پێشنیارێکی تێدابوو بۆ جێبەجێنەکردنی فەرمانی گواستنەوە، بەڵکو جێهێشتن لەگەڵ چەک و پەیوەندیکردن بەو کۆبوونەوە عەشایەرییە چەکدارییەی ئەوکاتە هەبوو، پاشان ئەنجامدانی شۆڕش. دوای چەند ڕۆژێک لە چاوەڕوانی، پارتی بەمشێوەیە وەڵامی دانەوە:

پارتی گردبوونەوەی خێڵەکان بە کارێکی ئەرێنی نابینێت و لە ئێستادا، بڕیاری ئەنجامدانی شۆڕشی چەکداری نەداوە، هێشتا هیوا بە خەباتی فیکری و سیاسیی جەماوەر و تواناکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانمان ماوە، بارەگای پارتی هێشتا لە بەغدا و شارە گەورەکاندایە و حکومەت بە تەواوی دوژمنایەتیی نەکردووین، ئەو چەکدارانەی پەنایان بۆ چیاکان بردووە، بێ بەرنامەن. داوا دەکەین هیچ کارێکی سەرپێیانە نەکەن، بڕیاری گواستنەوەکە جێبەجێ بکەن. ٨ / ٥ / ١٩٦١. [١١٩]گرووپەکە، وازیان لە پێشنیارەکەیان هێنا و خەریک بوو ڕێنماییەکانی حیزب جێبەجێ بکەن، بەڵام لە پڕ و ناکاو پارتی ڕای خۆی گۆڕی، عەریف سولەیمانیش وازی لە ڕادەستکردنی تفەنگەکەی بە دەسەڵاتی حکومی هێنا. (عەلی عەبدوڵڵا) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (پدك)، کە لە هەولێر خۆی شاردبووەوە، ئاگادارکرایەوە داوا لە پۆلیسەکان بکات خۆیان ئامادە بکەن و شار بەرەو چیا جێبهێڵن، ئەمانە کە کۆی گشتییان چوار پۆلیس بوون، یەکەم مەفرەزەیان پێکهێنا کە شاری (هەولێر)یان بەرەو چیای (سەفین) جێهێشت.

[١١٩] ، عەریف سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.



نوری سەعید



مەلیك فەیسەڵی دووەم



عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف



سەلام عادل سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی

عەریف سولەیمان، وێنەیەکی زیندوومان نیشان دەدات دەربارەی ئەو ململانێ ناوخۆییەی، لە نێوان سۆز و ئەرکی بژێوی تێکەوتبوو، هەروەها دەڵێت: بابەتی گواستنەوەی وەزیفەکەم لە هەولێرەوە بۆ ناسریە، نیگەرانییەکی زۆری لای خێزانەکەم دروستکردبوو، بڕیاری پەنابردن بۆ چیا، وایلێکردم بیر لە چەند ئەگەرێک بکەمەوە، لە سەرووی هەموویانەوە، چارەنووسی حەوت منداڵەکەم و چۆنیەتیی ژیانیان لە نەبوونی سۆزی باوکدا، چۆن بێ خەرجی دەژین؟ بیرم لە دایک و باوکم کردەوە، کە ساڵانێکە

پێکەوە دەژین و یارمەتییان دەدەم، ئەگەر ڕاستییەکەیان پێبڵێم، ئایا بەرگەی هەوڵی ڕۆیشتنم بۆ چیا دەگرن؟ ئایا کاردانەوەیان چۆن دەبێت؟[١٢٠]

دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ، گەلەکەم بیرکەوتەوە کە ٨٠٪ یان دواکەوتوون و هیچ دەربارەی گۆڕانکارییەکان و ئەو بارودۆخە سەختەی نیشتمانەکەیان تێیدا دەژین، نازانن. یەکەم هەنگاوەکانم بیرکەوتەوە، کاتێک پەیوەندیم بە بزووتنەوەی نەتەوەییەوە کرد، سااڵنێک تێپەڕی و وا ئێستا دەرفەتەکەمان بۆ ڕەخساوە.

بەهەرحاڵ (عەریف سولەیمان) لەگەڵ سێ لە هاوڕێکانی، بە جۆش و خرۆشەوە بەرەو چیای سەفین بەڕێکەوتن، بۆ ئەوەی ببنە هەوێنی بەرگری لە ناوچەکەدا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ناو کۆمەڵگایەکدا سەریهەڵدا، کە بەتوندی پاڵپشتییان لێدەکردن، ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی لە ناو پۆلیسدا، دەستیانکرد بە بەجێهێشتنی بنکەکانیان بە چەکەکانیانەوە و بە فەرمانی سەرکردایەتیی پارتی، پەنایان بۆ چیا دەبرد. شایانی باسە گرووپی کاوانییەکان، لە مانگی نیسانی ١٩٦١ەوە دوای کوژرانی سدیق میرانی لە چیای سەفین بوون، هەروەها گرووپێک لە پۆلیس لە مانگی ئابی١٩٦١دا هەوڵیریان بەرەو چیا جێهێشت و گەیشتنە لای شەمسەدین موفتی و سەرکردەکانی تری پارتی، ئەمانە یەکەم بنکەی بەرگرییان لە ناوچەی سەفین پێکهێنا.

دەبینین ئەو تیمەی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە ئەستۆ بوو، لە حەمزە عەبدوڵاڵوە تا ئیبراهیم ئەحمەد، هەوڵێکی سەرکەوتوویان دابوو بۆ دروستکردنی بنکەی جەماوەری، لەو ساڵە سەختانەی نێوان ١٩٤٧ - ١٩٥٨، ئەو دەمانەی چالاکییەکانی پارتی نهێنی بوون، ئەوانەی پەیوەندییان بە پارتییەوە دەکرد وەک لە یادەوەرییەکانی (عەریف سولەیمان)دا دیارە بە بڕوا و دڵسۆزییەوە، تا ئاستی فیداکاری بۆ دۆزی ڕزگاریی نەتەوەیی کورد خەباتیان دەکرد، لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە عەریف سولەیمان لە پەرتووکە بەناوبانگەکەیدا (لە دەنکەوە بۆ گوڵەگەنمەکان)، باسی کردووە:

[١٢٠] عەریف سلێمان، سەرچاوەی پێشوو،ل٨٩.

گرووپی پۆلیسەکان لە هەمان شەوی جێهێشتنی هەولێر، گەیشتنە گوندی (گەرۆتە)، دەستبەجێ پەیوەندییان بە شەمسەدین موفتییەوە کرد کە چاوەڕێی دەکردن، لەوێ ناوی نهێنیی بۆ دانان. پارتی، چەکی نەبوو تا بەسەر ئەندامەکانیدا دابەشی بکات بۆ بەرگری لە خۆیان، تەنها سێ تفەنگیان هەبوو، شەمسەدین موفتی تفەنگەکەی بە پارەی خۆی کڕیبوو، ئەم مەفرەزەیە ڕۆژان لە گوندەکە دەچوونە دەرەوە و شەوان دەگەڕانەوە، خەڵکی گوندەکە لە پێشکەشکردنی یارمەتی و بایەخپێدانیان دەستوالّا بوون، هەندێک لە خەڵکەکە دەستیانکرد بە کڕینی چەک، کەمێک چەک پەیدا بوو کە لە هەموو بارێکدا چەکی مۆدێل کۆن بوون.

لە ١٩٦١/٨/١٨ پلانی گواستنەوەی کۆگای چەک لە ناوەندی سەرای هەولێر، بە سەرکەوتوویی جێبەجێکرا، چونکە زۆربەی پۆلیسەکان ئەندامی حیزب بوون. ٥٥ پارچە چەک لەگەڵ فیشەک و سێ ڕەشاش بۆ چیا، گوازرانەوە. دوای سەرکەوتنی پڕۆسەکە، کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی مەلا عەبدوڵڵا و شەمسەدین موفتی و مام تەهای شەقڵاوەیی بەڕێوەچوو، بڕیاردرا چەک بدرێتە ئەو کەسانەی پەیوەندی دەکەن و دەستەکان (مەفرەزەکان) پێکبهێنرێن و ڕێکبخرێن، هەروەها بڕیاری دروستکردنی بنکەیەکی پارتی لە (کانی شیلان) درا.

جگە لە زیادبوونی ژمارەی چەکداران بەهۆی دەستبەسەرداگرتن و گواستنەوەی چەک لە کۆگای سەرای هەولێر، هێزی کاوانییەکانیش کە ژمارەیان ٣٠ چەکدار بوو، بە سەرکردایەتیی هەردوو برا حەمید و مەحموود کاوانی، پەیوەندییان پێوەکردن. بەخێرایی هێزێکی چەکداری ڕێکخراو و بەدیسپلین و فیداکار پەرەیسەند، کە ژمارەیان نزیکەی سەد پێشمەرگە دەبوو. عەریف سولەیمان دەڵێت: ئامانج لە دروستکردنی ئەم پێکهاتەیە، هەستی جیاوازی بوو لە نێوان (گردبوونەوەی هەڕەمەکی خێڵەکی) و (گردبوونەوەی شۆڕشگێڕی). گوندنشینەکان، بە سەخاوەت و دەستکراوەیی، خۆراکیان بۆ ئەم هێزە دابین دەکرد و بە دڵسۆزی، پاڵپشتییان دەکردن.[١٢١]

[١٢١]، عەریف سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧-١١٠.

هێزەکە، بڕیاری دا چالاکییەک ئەنجام بدات، بۆ نیشاندانی هێزی خەباتی شۆڕشگێڕیی پێشمەرگانەی پارتی و شکستپێهێنانی پلانی جاشەکان، بڕیاری هێرشکردنە سەر جاشەکانی (عوسمان بەگ) درا، کە لە گوندی (سپیدارە) بوون. لە ڕۆژی ١٩٦١/٨/٢١ هێرشکرایە سەر گوندەکە و هێزی پێشمەرگە پێشڕەوییان کرد و دەستیان بەسەرداگرت، دەست بەسەر چەندین تفەنگ و تەقەمەنیدا گیرا، جاشەکان هەڵاتن و زۆربەیان خۆیان ڕادەستکرد، دەکرێت ئەم چالاکییە بە یەکەمین چالاکیی مێژوویی سەرکەوتووی پارتی لەم ناوچەیەدا، دابنرێت.[١٢٢]

حکومەت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە شۆڕشگێڕەکەی نیشتەجێی (کانی شیلان)، پەنای بۆ ناردنی هێزێکی فەوجی یەدەگی پۆلیسی هەولێر برد، بەڵام ئەوانیش شکست چاوەڕێی دەکردن، چونکە ٧٥٪ی ئەندامانی ئەم هێزە، پارتی بوون و پەیوەندییان بە سەرکردایەتییەوە هەبوو، ئارەزوویان دەکرد بە چەکەکانیانەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن، هێزەکە لەژێر فەرمانی (عەبدولوەهاب ئەتروشی)دا بوو،[١٢٣] حکومەتی عێراق زۆرینەی ئەم هێزەی نارد بۆ (شەقڵاوە) و بەشێکی تری نارد بۆ (قەڵا شێخ)، تا لە هەردوولاوە هێرش بکەنە سەر هێزی (کانی شیلان)، هەستی نەتەوەیی لە نێوان پۆلیسەکاندا ڕەگی داکوتا بوو، لە ئێوارەی ١٩٦١/٨/٢٣ هێزی پۆلیس لە شەقڵاوە جووڵا و بڕیاریان دا پەیوەندی بە مەفرەزەکانی بەرگرییەوە بکەن، فەرماندەی هێزەکە عەبدولوەهاب ئەتروشی ناڕەزایەتیی دەربڕی و گوتی: بێ فەرمان بۆ کوێ دەچن؟ وەڵامەکە ئەمە بوو: (ئێمە ناپاکی لە گەلەکەمان ناکەین و شەڕی هێزەکانی ناکەین). [١٢٤] ئەم هێزە کە لە ٨٠ پۆلیس پێکهاتبوو، هەروەها دوو هاوەنی عەیار (٢)ی پێ بوو، لە شوێنی (هەواره خەجێ) پەیوەندییان بە پێشمەرگەکانەوە کرد، پاشان بارەگایەکی تریان لە (کانی گوێز) لە چیای سەفین کردەوە، دواتر ٢٥ پۆلیسی بنکەی (قەڵای شێخ)، پەیوەندییان پێوەکردن و ژمارەی هێزە شۆڕشگێڕەکان لە هەردوو بارەگاکە گەیشتە ٢٠٠

---

[١٢٢]، هـ.س ،ل١١١-١١٣.

[١٢٣] ، عەریف سلێمان، ل١١٤.

[١٢٤] عەریف سلێمان، ل١١٦.

پێشمەرگە. [١٢٥] ئەمە گورزێکی بەهێز بوو بۆ حکومەتی عێراق و سەرکەوتنێکی گرنگ بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، خەڵکی ناوچەکانی هەولێر دەستیانکرد بە فراوانکردنی هێزی پێشمەرگە و هەواڵی شۆڕشی چەکداری بەشێوەیەکی گشتی بڵاوبووەوە بە هەمووڵایەکدا.

عەریف سولەیمان دەڵێت:

(ڕاستییەکە بەو شێوەیە نەبوو، ئەمە دۆخی داسەپاو بوو کە ناوی شۆڕشی چەکداریی بەسەر هەڤاڵاندا سەپاند، چونکە پارتی بەرنامەی بۆ ئەنجامدانی شۆڕشی چەکداری نەبوو، ئامانج لە دروستکردنی بارەگاکان و دیاریکردنی دوو سەرکردە لە ناوچەکەدا، دەگەڕایەوە بۆ: یەکەم؛ ڕێگریکردن لەوەی گردبونەوەی خێڵەکی، سەرکردایەتی بگرێتە دەست و بەناوی گەلی کوردەوە قسە بکەن، چونکە ئەوان یاخیبوونی چەکداریان دژی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی ژمارە ٣٠ی ساڵی ١٩٥٩ ئەنجامدابوو، ئەمەیش وەک پاشەکشەی گەلی کورد دەردەکەوت لە بەردەم ئەم چاکسازییە گرنگەدا. دووەم؛ بۆ لەخۆگرتنی ئەو کەسانە بوو کە بەهۆی تاوانبارکردنیان لەلایەن حکومەتەوە، خۆیان دەشاردەوە. عەریف سولەیمان زیاتر دەدوێت و دەڵێت: لەو ڕۆژانەدا، ئامانج لە گردبوونەوە حیزبییەکانمان لە (کانی گوێز) و (کانی شیلان)، ڕێگرتن بوو لە فشاری حکومەت بۆ سەر ئەندامان لە شاردا و وازهێنان لە بیرۆکەی ڕاوەدوونانیان، چونکە ئامانجی پەنابردن بۆ چیا، خەباتی سیاسی و جەماوەری نەبوو، لە کاتێکدا جەماوەر دروشمی شۆڕشیان دەوتەوە و جیاوازییان لە نێوان کۆبوونەوەی خێڵەکان و شۆڕشگێڕەکاندا نەدەکرد، بە چاوێکی یەکسان و وەک نیشتمانپەروەری کورد، سەیری هەردووڵایان دەکردن. [١٢٦]

هەروەها دەڵێت: لەو کاتەدا بەرنامەمان بۆ خەباتی چەکداری نەبوو، کاتێک ئەوانەی پەیوەندییان دەکرد، دەهاتنە ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و بارەگاکانیدا بوون، وەردەگیران و ڕێکدەخران، چونکە هیچ چارەسەرێکی تر نەبوو، نەدەکرا داوایان

[١٢٥] هـ.س ،ل١٢٠.

[١٢٦] هـ.س ،ل١٢١

لێ بکرێت له ماڵەکانیان بمێننەوە تا کاتێکی نادیار، چونکە نیشانەکانی ڕاپەڕینی جەماوەری لە ئاسۆدا دیار بوو، بەهۆی پڕوپاگەندەی گردبوونەوە خێڵەکییەکانەوە[١٢٧]، لە ماوەی نێوان ٢٥ تا ١٩٦١/٨/٢٨ زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە ناوچەکانی (سەفین، دۆڵی خۆشناوەتی، دۆڵی سماقوڵی و دەشتی هەولێر) پەیوەندییان پێوەکردین و کۆی گشتیی هێزەکانمان گەیشتە ٨٠٠ تا ٨٥٠ کەس لە ناوچەکەدا.

لە کۆتایی مانگی ئابی ١٩٦١دا، پۆلیسەکانی بنکەی بالیسان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، ژمارەی لایەنگران لە ئەندامانی پارتی زیاتر بوو، هەموویان خاوەن ڕۆحێکی کوردیی بە شکۆ بوون. پارتی؛ جیاوازیی لە نێوان ئەندامان و لایەنگراندا نەدەکرد، سکرتارییەتی ناوچەکە کۆبوونەوە و بڕیاردرا بارەگای سێیەم بکرێتەوە و هێزێکی تر پێکبهێنرێت و بنێردرێن بۆ ناوچەیەکی نوێ، ئامانج لەوەیش سووککردنی باری بەڕێوەبردنی هێزەکان بوو، لەسەر ئەو گوندانەی خۆراکیان بۆ دابیندەکردن، هەروەها فراوانکردنی ناوچەکانی هەژموونی سیاسی و خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن و لەخۆگرتنی ئەو کەسانەی تازە پەیوەندی دەکەن و دابەشکردنیان بەسەر ئەو ناوچانەی شارەزاییان تێدا هەیە. [١٢٨]

گردبوونەوەیەکی تایبەت بە ئامادەبوونی سەرکردەکانی ناوچەکە، بەڕێوەچوو. وەک: (شەمسەدین موفتی، مەلا عەبدوڵڵا و ژمارەیەک لە کادرانی پارتی وەک مەجید کاوانی، کوێخا عەزیز حاجی، ئەمین سماقوڵی، عەریف سولەیمان)، بەرپرسان باسیان لەوە کرد کە (دەربەندی گۆمەسپان)یان بۆ هێزە نوێیەکە هەڵبژاردووە، کە لە ٥٠ پێشمەرگە پێکهاتبوو، عەریف سولەیمان وەک بەرپرسی هێزەکە دیاریکرا، پێش بەڕێکەوتن شەمسەدین ڕێنمایی دا بە عەریف سولەیمان: "کە گەیشتنە ناوچەکە، دەبێت زۆر وریابن، ئێوە بۆ کردنەوەی بارەگایەکی پارتی دەچن و لەوێ دەمێننەوە، پێویستە دیسپلینی سەربازی لە ناوچەکەدا نیشانبدەن، تا بتوانن ڕۆڵێکی سیاسی و حیزبیی باش بگێڕن. بنکەیەکی پۆلیس لە گوندەکەدا هەیە، بە چەک و تەقەمەنییەکی باشەوە، ئەگەری هەیە

[١٢٧] عەریف سلێمان، ل١٢٢.

[١٢٨] هـ.س ،ل١٢٣-١٢٤.

هەست بە بوونی ئێوە بکەن و بەرەنگارتان ببنەوە، لە هەمان کاتدا جاشەکانی (کەمال خورشید بەگی قەڵاسنجی) کە لایەنگری بنەماڵەی (عوسمان میرانی شەقڵاوەیی)ن، لەوێن. لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕدا، پاڵپشتیی حکومەت دەکەن و لەگەڵتان بەشەڕ دێن، هەر کە گەیشتنە ناوچەکە، دەبێت لە شوێنە بەرزەکانی دەربەندەوە تەقە لە بنکەکە بکەن، تا نەتوانن فشار بخەنە سەر ئێوە، بەوەیش هێزی سەربازیی پارتی دەسەلێنن"[۱۲۹]

هێزە نوێیەکە لە ۱۹٦۱/۸/۲۹ جووڵا، هێزی جاشەکان لە ترسان هەڵاتبوون و بنکەکە بێ پاراستنی جاشەکان، مابووەوە. هێزەکە؛ پلانی هێرشەکەی جێبەجێکرد، ئەگەر شەڕ بەردەوام بووایە، بنکەکە تەنها بژاردەی خۆڕادەستکردنی لەپێش بوو، بەڵام بەداخەوە نامەیەک لە مەلا عەبدوڵڵاوە گەیشت، کە سەرزەنشتی دەکردن لەسەر هێرشکردنە سەر بنکەکە و فەرمانی ڕاگرتنی شەڕی پێدان. عەریف سولەیمان لە ناوەڕۆکی نامەکە بێزار بوو و لەم بارەیەوە دەڵێت: "زۆرجار بڕیارەکانی سەرکردایەتیی باڵا، پلانی سەرکەوتووی هێزە شۆڕشگێڕەکان تێکدەدەن. لە ناوچەیەکی بچووکدا و لە هەمان بارەگادا، هەڤاڵێکی سەرکردە نازانێت ئەوی تر چ بڕیارێکی تاکەکەسی دەردەکات، ئەگەر کوردستان ببوایە بە ناوچەی شۆڕشگێڕی و خەباتی جیاواز، چۆن دەتوانرا هەماهەنگی لە نێوانیاندا بکرێت[۱۳۰]؟! زۆرجار نەبوونی هەماهەنگی؛ بە هەر هۆکارێک بێت لە نێوان سەرکردەی هێزە شۆڕشگێڕەکاندا، دەبێتە هۆی پشێوی لە کارکردنی هێزە چەکدارەکان لە ئاستەکانی خوارەوەدا، لە کۆتاییشدا بەرپرسەکە خۆی ڕزگار دەکات، بەڵام شۆڕشگێڕەکان بە جەستە و خوێنیان باجی ئەم هەڵەیە دەدەن.[۱۳۱]

لە کاتی کۆبوونەوەی ئەندامانی لیژنەی بەرپرس، دەربارەی ئەوەی لە نامەکەی مەلا عەبدوڵڵادا هاتبوو بۆ ڕاگرتنی شەڕ، نامەبەرێکی تر لە گوندەکەوە گەیشت و گوتی فەرماندەی بنکەی پۆلیس کە عەرەبە، نارددوویەتی و داوای ڕاگرتنی تەقە و دەستپێکردنی

[۱۲۹] هـ.س ، ل۱۲۵-۱۲٦.

[۱۳۰] عەریف سلێمان، ل۱۲۷-۱۲۸.

[۱۳۱] هـ.س ، ل ۱۲۸.

گفتوگۆ دەکات، گفتوگۆ لە ڕێگەی نامەبەرەکەوە بەردەوام بوو، پاشان هەردوولا ڕازی بوون لە سووچێکی گوندەکە، کۆببنەوە.

عەریف سولەیمان داواکارییەکانی پێشکەش کرد، کە بریتی بوون لە: جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی ژمارە ٣٠ی ساڵی ١٩٥٩، جێبەجێکردنی ماددەی ٣ی دەستووری عێراق، ئازادکردنی هەموو زیندانییە سیاسییەکان، دەبێت بنکەکە چۆڵ بکەن. فەرماندەی بنکەکە؛ بەڵێنی دا ئەم داواکارییانە بۆ لایەنە حکومییە پەیوەندیدارەکان بنێرێت، پاشان لێکجیابوونەوە.[١٣٢]

بارەگایەک لە گۆمەسپان کرایەوە و پاڵپشتیی خەڵک بۆ پارتی، بەهێز و دڵسۆزانە بوو. لێرەدا تەنها ١١ ڕۆژمان مابوو بۆ دەستپێکردنی بۆردومانی فڕۆکەکان بۆ سەر گردبوونەوەی هێزی خێڵەکان، لەم ماوەیەدا فڕۆکە عێراقییەکان بەشێوەیەکی تەواو، پڕۆسەی بۆردومانەکانیان ئەنجام دەدا، زانیاریی تەواویان بەهۆی هەواڵگرییانەوە لەسەر ناوچەکە و شوێنی کۆبوونەوەی هێزی خێڵەکان، هەبوو.

پارتی مانگرتنی گشتیی ڕاگەیاند؛ کە تەواوی کوردستانی گرتەوە بە شار و لادێوە. لە ڕێکەوتی ١٩٦١/٩/٦ بۆ ئەوەی بۆ قاسمی بسەلمێنێت کە جەماوەری کورد پاڵپشتی داواکارییەکانی پارتی دەکەن و لە جیاتی هێز پەنا بۆ گفتوگۆ ببات، بەڵام بەداخەوە ئەقڵیەتی سیاسییەکان، دوور بوو لە کارکردن بۆ چەسپاندنی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان هەردوو گەل، بە ڕۆحی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکان و بەردەوامیی خەبات و ژیانی هاوبەش. بەوەیش ئەو داینامیکییە جەماوەرییە گەورەیەی دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی سەبارەت بە هاوسۆزی و برایەتیی ڕاستەقینەی نێوان عەرەب و کورد دروست ببوو، کرا بە هەڵم و لەناوچوو، بەمشێوەیە هەردوولا بەرەو پێکدادان و وێرانکاری چوون، بەداخەوە هەتا ئێستایشی لەسەر بێت، ئەقڵیەتی سیاسیی عێراقی وەک خۆیەتی و هەمان عەقڵیەتی دەسەڵاتخوازی تەسک و تووندوتیژی و تۆڵە سەندنەوەیە؛ سەرەڕای هەموو ئەو نەهامەتییانەی بەسەریدا هاتووە.

[١٣٢] هـ.س ، ل١٣٠-١٣١.

هەواڵەکان؛ بە ڕێکوپێکی دەگەیشتنە هێزە کوردییەکان دەربارەی نیازی حکومەتی عێراق، پێشوەختە زانیارییان بەدەست دەگەیشت دەربارەی پلانی هێرشی ئاسمانی و زەمینیی سوپا و جاش، بۆ سەر شوێنی هێزە خێڵەکییەکان، بەتایبەتتریش لەسەر شوێنەکانی (کانی گوێز، کانی شیلان و دەربەندی گۆمەسپان) بەهۆی هەبوونی بارەگاکانی پێشمەرگە تێیاندا، لە سەرەتاوە دیار بوو کە پارتی متمانەی بە هێزە خێڵەکییەکان نییە، بۆیە ئەرکە سەرەکییەکان لە ئەستۆی پارتییە ڕێکخراوەکاندا بوو.[١٣٣]

ئەم ڕێنماییانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشە چاوەڕوانکراوەکە دەرچوون:

- لە بەیانییەوە نابێت گردبوونەوەی ئاشکرا بکرێت و دەبێت لە کاتی هاتنی فڕۆکەدا، خۆتان بشارنەوە.
- لە کاتی بۆردوماندا، جووڵە قەدەغەیە.
- تەقەنەکردن لە فڕۆکە.
- لە کاتی هێرشی زەمینیدا؛ نابێت شوێنەکان چۆڵبکرێن، لە کاتی شکان و پاشەکشەی هێڵی پێشەوە، هێزەکانی پشتەوە پاڵپشتییان دەکەن.[١٣٤]

لە بەرەبەیانی ١٩٦١/٩/١١ دابڕانەکە ڕووی دا، کاتێک هێزی ئاسمانیی عێراق هەڵمەتێکی بەرفراوانی دژی شوێنەکانی پێشمەرگە و گردبونەوەی خێڵەکان، دەستپێکرد.

عەریف سولەیمان دەڵێت: لە سەرەتای بۆردومانەکەدا، ترس و دڵەڕاوکێ دروستبوو، کەوتنی بۆمبەکان و دەنگی فڕۆکەکان و دەنگدانەوەیان لە دۆڵەکاندا، ناوچەکەی دەهەژاند. پێشتر دۆخێکی مەترسیداری وەهامان نەبینیبوو، لەبەرئەوەی هێزەکەمان تازە پێکهاتبوو و زۆربەی خێڵەکی بوون و پابەندی پرەنسیپە حیزبییەکان نەبوون، ترس کەوتە ڕیزەکانیانەوە؛ بەهۆی بەردەوامی و چڕیی بۆردومانەکە. بۆردومانی بەردەوام لەو ڕۆژەدا، هیچ دەرفەتێکی بۆ جووڵە نەدەدا. بۆمبە فۆسفۆرییەکان کە بەسەر بەرد و دۆڵەکاندا دەکەوتن، بەر هەرچییەک بکەوتنایە، دەیانسووتاند و ئەوەیش زیاتر ترسی دروستدەکرد. ئێمە خۆمان ئامادە کردبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی هێزی پیادە و

---

[١٣٣] عەریف سلێمان، ل١٣٩.

[١٣٤] هـ.س ، ل١٤٠.

بڕوامان وابوو؛ ئەم بۆردومانە بۆ ئاسانکردنی ئەرکی هێرشی زەمینییە بۆ سەر پێگەکانی ئێمە.[١٣٥]

لیواکە؛ لە کاتژمێر ١٠ی هەمان ڕۆژ، دەستی بە جووڵە کرد و لە سێڕییانەکە نزیک بووەوە. پاشان بە ڕێگای (دێگەڵە - کۆیە)دا ڕۆیشتن و ڕوویان لە دێگەڵە بوو، بەڵام گردبوونەوەی خێڵەکانی ئەوێ کە بە سەرکردایەتیی هەندێک ئاغا بوو، لە کاتی بۆردومانەکەدا شوێنەکەیان جێهێشتبوو، لیواکە بەردەوام بوو لە پێشڕەوی و بە ناوەڕاستی شاری کۆیەدا تێپەڕی و ڕێگای هەیبەت سوڵتانی بەرەو چنارۆک گرتەبەر. گردبوونەوە خێڵەکییەکانی ئەوێ؛ بە سەرکردایەتیی مەحموود ئاغا لە هۆزەکانی بەڵباس، جێیان هێشتبوو. لیواکە بەبێ ترس بەرەو ڕانیە بەردەوام بوو. بۆردومانی فڕۆکەکان بەبێ وەستان تا هاتنی شەو، بەردەوام بوو.[١٣٦]

ئەندامانی پارتی؛ تووشی شۆك بوون کاتێك بینییان ئەو هێزەی تا دوێنێ لە ٣٠٠ کەس پێکهاتبوو، ئەمڕۆ تەنها ١٨ کەسی لێ مابووەوە، ئەوانیش ئەندامانی لیژنەی ناوچەکە و پۆلیسەکان بوون، بۆمان دەرکەوت کە ئەمانە لە ڕاستیدا بۆ شەڕی حکومەت نەهاتبوون، بەڵکو ئامانجی تایبەتیی خۆیان هەبوو، تەنانەت ئێمەیش ئەگەر ڕۆحی شۆڕشگێڕی؛ تیاماندا جێگیر نەبووایە، نەماندەتوانی لە بەردەم ئەم هێرشە دڕندە و هۆڤییانەدا خۆڕاگر بین، کە لە مێژووی ناوچەکەدا وێنەی نەبووبوو.[١٣٧]

بۆردومان؛ لە ڕۆژانی دواتریشدا بەردەوام بوو، دوای سێ ڕۆژ ئەوانەی مابوونەوە بڕیاریان دا دەربەندی گۆمەسپان جێ بهێڵن و پەنا بۆ شوێنێکی پارێزراوتر ببەن، کاتێک گەیشتنە لای مەلا عەبدوڵڵا؛ پێیگوتن: لە کۆی ٢٤٠٠ کەس تەنها ٢٠٠ کەسمان لەگەڵ ماوەتەوە، کە هەموویان ئەندامی پارتین، پیاوە خێڵەکییەکان بەبێ ئاگادارکردنەوە؛ جێیانهێشتووین، هەمووان کۆبوونەوە و بڕیاریان دا هێزێک لەوانەی ماونەتەوە، لە چیای سەفین پێکبهێنن.

---

[١٣٥] هـ.س ،ل١٤٣-١٤٤.

[١٣٦] ،عەریف سلێمان،ل١٤٦-١٤٧

[١٣٧]،عەریف سلێمان، ل١٤٧.

ڕادیۆ بیانییەکان هەواڵیان بڵاوەکردەوە، کە وەی هێزەکانیان لە چیای سەفین دەڕووخاند، لە ماوەی نێوان ١٩تا ١٩٦١/٩/٢٩ "کە مەلا موستەفا وازی لە بەرگری هێناوە و لەگەڵ چەکدارەکانی ڕوویان لە سنوورەکانی تورکیا کردووە و ڕەنگە داوای مافی پەنابەری لە حکومەتی سوریا بکەن"[١٣٨] کاریگەریی ئەم هەواڵانە زۆر ساردکەرەوە بوو، بۆ وەی ئەوانەی لە چیای سەفین مابوونەوە، لە ١٩٦١/١٠/١ (حەمید باتاسی) گەیشتە سەفین و بۆی پشتڕاستکردنەوە؛ کە مەلا موستەفا ناوچەی بارزانی جێهێشتووە.

زۆر گرنگە ئاماژە بە ڕۆحی بەرگری و خۆڕاگریی مەلا عەبدوڵڵا بکرێت، لە کاتی سەختی و شکستدا، بە خۆڕاگری وەستا و پەنسیپە شۆڕشگێڕییەکان و شەرەفی بەرگری و فیداکاریی بۆ کەرامەتی گەل و نیشتمانی، وە بیر ئەو کەمینەیە دەهێنایەوە کە مابوونەوە، جیاوازیی بۆ ڕوون دەکردنەوە لە نێوان ئەو کەسەی دەچێتە ناو جەرگەی سەختییەکان و ئەو هەلپەرستەی لە کاتی چنینی بەرهەمدا، پەیدا دەبێت! هەروەها دەیگوت؛ شەرەفی بەرگری، ئێستا لە ئەستۆی ئەو کەمینەیەدایە کە ماونەتەوە و ڕۆژێک دێت مێژوو شایەتیی بۆ ڕۆڵی پاڵەوانانەیان بدات. بەرگری لە زۆر ناوچەدا داڕما بوو، تەنها هێزی سەفین مابووەوە کە شەرەفی بەرگریی هەڵگرتبوو، هەر کاتێک بارودۆخە سەختەکان و نائومێدی ڕووی تێ دەکردن، مەلا عەبدوڵا متمانە و هیوای بۆ ئەو هێزە کەمەی شۆڕشگێڕان دەگەڕاندەوە.

بەڕێز شەمسەدین موفتی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، لە هۆڵەنداوە بۆی گێڕامەوە و وتی: پەیوەندییەکان لەو سەردەمەدا، خاو بوون و نەدەکرا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەغدا یان هەولێرەوە بکرێت، ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی شەقڵاوە کە ئەندامی پارتی بوون و پەیوەندییان پێمانەوە هەبوو لە شاخ، بروسکەیەکیان لە بەرواری ١٩٦١/٩/١٢ بۆ ناردین، لەلایەن مەلا موستەفاوە ئاراستەی عەبدولکەریم قاسم کرابوو، تێیدا ئامادەیی خۆی نیشاندابوو بۆ ناوبژیوانی لە نێوان بزووتنەوەی چەکداری و عەبدولکەریم قاسم، بەڵام هیچ وەڵامێکمان لە عەبدولکەریم قاسمەوە سەبارەت بە نامەکە، نەبیست.[١٣٩]

---

[١٣٨] ، عەریف سلێمان ،ل١٦٢.

[١٣٩] ،پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ شمس الدین لە ١٩/٩/٢٠٠٦

ئایا بارزانی دەیویست بارودۆخەکە ڕزگار بکات و ئاشتەوایی لەگەڵ ڕژێمدا بکات؟

بەڵام لە هەموو بارودۆخێکدا و وەک مێژووی نوێی عێراق گەواهی دەدات، ڕۆحیەتی سەربازی بەسەر عەقڵیەتی سیاسییەکاندا زاڵ بوو، کە خۆیان سەرباز بوون. پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی هێز بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، سەرەڕای شکستی بەردەوام و باجی گران.

ئەو هێزانەی پارتی کە لە شۆڕشەکانی خۆیان مابوونەوە، ڕووبەڕووی هێرشی زەمینیی بەرفراوان بوونەوە کە لە ١٩٦١/٩/٢١ دەستپێکرد، سوپای عێراق و جاشە کوردەکان تێیدا بەشدار بوون بەمەبەستی گەمارۆدانیان. هێزی پێشمەرگە، فیشەکیان کەم بوو، بۆ ئەو مەبەستە بڕیاردرا تا دەکرێت قەوانەفیشەکی خاڵی کۆبکرێتەوە و لەلایەن پسپۆڕێکەوە کە ناوی (وەستا حەمەئەمین بالیسانی) بوو، لە بەرامبەر بڕەپارەیەک بۆ هەر فیشەکێک، دووبارە بە بارووت پڕ بکرێنەوە.[١٤٠] لە مانگەکانی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمدا، هێزەکانی سەفین توانییان هەندێک چالاکی دژی هێزە جاشەکان ئەنجام بدەن، بە پەیڕەوکردنی شێوازی جەنگی پارتیزانی، سەرەڕای کەموکوڕیی زۆری لۆجستی، بەڵام لێهاتوویی خۆیان لە شەڕەکاندا سەلماند.

[١٤٠] عەریف سلێمان، ل١٥٤.



الدكتور محمود عثمان



ملا مصطفى



إبراهيم أحمد



جلال الطالباني

عەریف سولەیمان دەڵێت: لە ١٩٦١/١١/١٥ چووین بۆ گوندی بێتواتە بۆ سەردانی ئەنوەر بەگ، ناوبراو لەوکاتەدا کەسێکی ناسراو و لە کوردە دڵسۆزەکان بوو، وەک عەباس مامەند ئاغا بە یەکێک لە سەرۆک هۆزە دڵسۆزەکان دادەنرا، کاتێک گەیشتینە دیوەخان، ژمارەیەک لە پیاوماقوڵانی ناوچەکە لەوێ بوون، لەوانە (عەباس مامەند ئاغا، شێخ حەسەن، هەمزە ئاغا مەنگوڕ و سمایل سوار ئاغا)، هەریەکەیان لەگەڵ ژمارەیەک چەکدار بوون، کە نزیکەی سەد کەس دەبوون، هەمووان ڕێزێکی بێپایانیان لێگرتین.[١٤١] لە ١٩٦١/١١/١٩ گەڕاینەوە بۆ گوندی (دۆڵەڕەقە) و ماوەیەکی کاتی، ئارامی باڵی کێشا بەسەر ناوچەکەدا. توانیمان پشوو بدەین و هێزی خۆمان کۆبکەینەوە دوای، ئەوەی یەکەکەمان زۆر ماندوو ببوو. سەبارەت بە ئازووقە و پێداویستییەکانمان، لەلایەن خەڵکی ناوچەکە و بەتایبەت عەباس ئاغاوە بۆمان دەهات، لە شارەکانیشەوە کوردە دڵسۆزەکان هاوکارییان دەکردین، بۆ نموونە؛ حوسێن حاجی تاهیر ئەندامی لیژنەی ڕانیە بوو، نامەیەکی بۆ ناردم و وەک نوێنەری پۆلیس (کادیر) ناوی بردم، تێیدا دەڵێت: دەیەوێت خزمەتی دڵسۆزانی گەلەکەی بکات، ئێوەی تێکۆشەرانی پارتی ئەمڕۆ لە چیاکان چەکتان هەڵگرتووە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی گەلەکەمان، بە ئەرکی خۆمی دەزانم و بەپێی توانام هەندێک شتتان بۆ بنێرم، بەتایبەت بۆ پۆلیسەکان.

لە وەڵامدا سوپاسمان کرد بۆ دڵسۆزییەکەی. دوای دوو ڕۆژ، ئەم پێداویستیانەمان پێگەیشت:

- پەنجا جووت پێڵاوی لاستیک
- پەنجا یەشماخ (جامانە)
- پەنجا کراسی جۆراوجۆر

تا ١٩٦١/١٢/٢١ لە ناوچەی (دۆڵەڕەقە) ماینەوە، هێزەکەمان بەردەوام لە گەشەکردندا بوو و بووە بنکەیەکی شۆڕش.[١٤٢]

---

[١٤١] عەریف سلێمان، سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٩.

[١٤٢] عەریف سلێمان، ل١٩٧-١٩٨.

پاشان بە وردی و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش، باسی جووڵەی مەفرەزەکەی دەکات لە ١٩٦١/١٢/٢٢ و ئەو گوندانەی پیایدا تێپەڕیون و سروشتی جوانی کوردستان و پەڕینەوە لە ڕووبارەکە، (عومەر دەبابە، عەلی عەبدوڵا، مەلا عەوڵا و شەمسەدین موفتی) هەواڵی ئەوەیان پێگەیشتبوو کە دەبێت ئامادەی کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی حیزب بن، کە بۆ یەکەمجار لە شاخ و لە گوندی هەواڵان ساز دەکرێت، داوای هێزێکی پاسەوانیانن کردبوو، بەتایبەت لە پۆلیسەکان. کاتێک گەیشتینە ناو گوندی (هەواڵان)، جەلال تاڵەبانی بە گەرمی پێشوازیی لێکردین، سەرەتا پێشوازیی لە برا بەرپرسەکان کرد و پاشان تەوقەی لەگەڵ کردین و خۆشحاڵیی خۆی بۆ گەیشتنمان دەربڕی. دوای کەمێک پشوو، هەستم کرد جەلال بەتەنیا بوو لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە پیاوان لە چەمی ڕێزان مابوونەوە، لەو ماوەیەدا تەنیا توانیبوویان پارێزگاری لە خۆیان بکەن، بۆم دەرکەوت کە ئێمە بەتەنیا لە چیای سەفین بەرگریمان کردووە و توانیومانە هێزی خۆمان بپارێزین.

لە ١٩٦١/١٢/٢٤ بەرپرسیارێتیی پاراستنی گوندی هەواڵان و ڕێڕەوە جیاوازەکانی دەوروبەری گوندەکەمان پێ سپێردرا، بڕیاردرا ڕۆژی دواتر کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ئەنجام بدرێت، ئەم ئەرکە شانازییەکی گەورە بوو بۆمان و کۆبوونەوەکە بە سەلامەتی کۆتاییهات. زانیم کە بانگکردنمان لە (دۆڵەڕەقە)وە، بۆ پاراستنی کۆبوونەوەکە بووە، لەبەرئەوەی ئەوان دڵسۆزی و فیداکاریی ئێمەیان زانیبوو، ئەوان لە چەمی ڕێزان هێزێکی خاوەن ئەزموونی وەک هێزەکەی ئێمەیان نەبوو. [١٤٣] لە ڕۆژی کۆبوونەوەکەدا، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە لە شارەکاندا خۆیان شاردبووەوە، گەیشتن. لەوانە: مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، عەبدولڕەحمان زەبیحی و نووری ئەحمەد تەها ...هتد.

[١٤٣] عەریف سلێمان، ل٢٠١.



جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری، ئیبراهیم ئەحمەد، کاکە زیاد و عومەر مستەفا

کۆبوونەوەی (هەواڵان) لە ٢٥ تا ١٩٦١/١٢/٢٩ بەردەوام بوو، ئێمە بەپێی ئەوەی پاسەوان بووین، لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆدەبووینەوە و پێکەوە نانمان دەخوارد و پەیوەندیمان لەگەڵ زۆربەیان، باش بوو. ڕۆژێك لەکاتی چاخواردندا؛ ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی وتی: لە ساڵی ١٩٥٨ لە عێراقەوە چووین بۆ پێشوازیکردن لە موستەفا بارزانی، نەمانتوانی بچین بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، چونکە ڕازی نەبوون و لە پڕاگ چاوەڕێمان کرد. لە میوانخانەیەکی گەورە دابەزین، لەو بەشەی ئێمەی لێ بووین، خالید بەکداش کە سکرتێری حیزبی شیوعیی سوریا و لە نەیارانی ڕژێمی سوریا بوو، لەوێ بوو. هەروەها لە هەمان شوێن ژمارەیەک جەنەڕاڵی سۆڤیەتیشی لەگەڵ بوون، ناسیاوی لە نێوان من و خالید بەکداشدا پەیدا بوو، لەو سەردانەدا پەیمانی هاوکاریی دوولایەنەمان بەست، بۆ ئەوەی لەو سەردانەدا کارێک بکەین. پێموابوو ناسینی یەکێک لە جەنەڕاڵەکان لە ڕێگەی خالید بەکداشەوە، کارێکی باشە بەمەبەستی ئەوەی دۆخی گەلی کوردی ژێردەستەیان، بۆ ڕوون بکەمەوە.

پێمگوت: دەمەوێت ئەم جەنەڕاڵەم پێ بناسێنیت؛ تا لە دۆخی پارتی (PDK) و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ئاگاداری بکەمەوە، بۆ ئەوەی هاوکاریی سۆفیەت مسۆگەر بکەین.

وەڵامی دامەوە: من سکرتێری حیزبی شیوعیی سوریام، هاوپەیمانی یەکەمی ئەوانم و تەنانەت لەبری ئەوان، دژی حکومەتی سوریا کارم دەکرد، میسر و سووریا دوو دەوڵەتی بۆرژوازین کە یەکیانگرتووە، سۆفیەت بۆ ڕازیکردنی ئەوان، منی لە نیشتمانەکەم دوورخستووەتەوە و وەک دەستبەسەرێک مامەڵەم لەگەڵ دەکەن.

پێمگوت: بە چ هۆکارێک؟

وەڵامی دامەوە: چونکە دەسەڵات و هێزیان هەیە، ئەگەرچی بۆرژوازییش بن، من هێزم نییە و توانام نییە، سۆفیەت دەیەوێت لەسەر بوونی ئێمە یان نەبوونی ئێمە، پەیوەندی و سازش لەگەڵ هەردوولا دروست بکات، ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا بەمشێوەیە بن، ئایا هەڵوێستیان بەرامبەر ئێوە چۆن دەبێت؟ بڕوام پێبکە ئەگەر لەگەڵیان دەربارەی گەلی کورد بدوێیت، نەک هەر گوێت لێناگرن، بەڵکو لەوانەیە گاڵتەیش بە قسەکانت بکەن.

پێمگوت: ئەی پێشنیاری چ کارێک دەکەیت؟

وەڵامی دامەوە: پێم باشە بگەڕێنەوە بۆ ناوچە شاخاوییە سەختەکانتان و دەست بکەن بە پێکهێنانی دەستەی چەکداری، لێرە و لەوێ هەندێک چالاکی ئەنجام بدەن، بۆ شێواندنی حکومەتی عێراق، تا دەبنە هێزێکی شۆڕشگێڕ لە ناوچەکەدا، ئەوکاتە تۆ نیت کە بەدوای بینینی جەنەڕاڵێکی سۆفیەتیدا دەگەڕێیت، بەڵکو جەنەڕاڵی سۆفیەتی و کەسانی تریش دێن بۆ لات و لێت نزیک دەبنەوە. بەکورتی؛ جیهانی ئەمڕۆ لەگەڵ هێزە. هەر گەلێک هێزی هەبێت، حیسابی بۆ دەکرێت و ئەگەر هێزی نەبێت کەس بایەخی پێ نادات.

لێرەدا؛ ئیبراهیم ئەحمەد ڕووی لە ئەندامانی سەرکردایەتی کرد و وتی: کاتی ئەوە هاتووە قسەکانی (خالید بەکداش) جێبەجێ بکەین، دەبێت بنکەی شۆڕشی چەکداری دروستبکەین، دوای ئەم کۆبوونەوەیە، خەباتی سیاسی لە شاخ دەستپێبکەین، بەڵام پێم باشە ناوێکی گونجاو بۆ ئەو تاکە دابنرێت، کە دەچێتە ناو ئەم (هێزە)وە، ناوێکی کوردی بۆ بدۆزنەوە و ناوە عەرەبییەکە بۆ من لێگەڕێن، ناوی لێ دەنێین (فصائل الأنصار

الثورية - مەفرەزە پارتیزانە شۆڕشگێڕەکان)، بۆ ئەوەی دەرفەت بدەینە برا عەرەبەکانمان؛ کە لە خەباتی فیکری دژی دیکتاتۆری عێراق، لەگەڵمان بەشدار بن.[١٤٤]

وەک دەردەکەوێت جەلال تاڵەبانی لە ڕێگەی شانە نهێنییەکانی پارتیەوە، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبوونەتەوە، زانیاریی دەربارەی جموجووڵەکانی حکومەت لە ناوچە جیاوازەکانەوە پێدەگەیشت. ڕۆژێک پێش کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکە لە (هەواڵان)، واتا لە ١٩٦١/١٢/٢٨ هێزی پۆلیسی ئاگادارکردەوە، کە خۆیان بۆ کارێکی گرنگ لەگەڵیدا ئامادە بکەن، بەڵام بێ ئەوەی وردەکاری بدات، ئەمەیش بەشێک بوو لە کاری نهێنی، لە مەرجەکانی خەباتی چەکداریدا.[١٤٥]

عەریف سولەیمان هەواڵێک دەگێڕێتەوە کە ئێوارەی ١٩٦١/١٢/٣٠ گەیشتووە و دەڵێت: هەواڵێک بڵاوبووەوە؛ کە خەزێنەی کۆیە لە (شێخ خەروان) لێدراوە و حکومەت شڵەژاوە و هێزێکی گەورەی بۆ سەر ئەو کەسانە ناردووە، کە دەستیان بەسەر خەزێنەکەدا گرتووە، دەنگۆی ئەوە هەبوو کە هێزەکە ژمارەیەکی زۆر بوون، لەو هێرشەدا دوو پۆلیس کوژراون، کە پاسەوانیی خەزێنەی ناو ئۆتۆمبێلەکەیان دەکرد. کاتێک هەواڵەکەم بیست، بۆم دەرکەوت کە جەلال و هەڤاڵانی بۆسەیان ناوەتەوە و لە کارەکەدا سەرکەوتوو بوون، زۆر بە ئەنجامەکە دڵخۆش بووم.[١٤٦]

یەکێک لە هاوڕێکانی عەریف سولەیمان ئەوە دەگێڕێتەوە؛ لەو هەواڵە خۆشانەی کە لە سەرکردەکانی پارتیەوە بیستوویەتی، ئەوە بووە کە: بڕیاردرا شۆڕش بەردەوام بێت و ناوی (پێشمەرگە) لە هێزە شۆڕشگێڕەکان بنرێت. هەروەها بڕیاردرا بەپێی تواناکانی شۆڕش، ژیانی پێشمەرگە دابین بکرێت و لەگەڵ هەبوونی توانا، بژێویی خێزانەکانیان باشتر بکرێت. کاتێک توانای زیاتر هەبوو، بژێویی خێزانی زیندانیانی سیاسیی پارتی، دابین بکرێت. ئەم وشانە، خۆشییەکی قووڵیان خستە دڵی عەریف سولەیمانەوە[١٤٧]، وەک

---

[١٤٤] عەریف سلێمان، ٢٠٣-٢٠٤.

[١٤٥] عەریف سلێمان، ٢٠٧

[١٤٦] عەریف سلێمان، ٢٠٧.

[١٤٧] ، عەریف سلێمان،ل٢٠٨

چۆن لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردووە. پاشان ڕووداوێک دەگێڕێتەوە، کە نیشانەی ئەوەیە بەها شۆڕشگێڕییەکان لەلای یەکێک لە ئەندامانی مەفرەزەکە، ڕەگی دانەکوتاوە، دوای ئەوەی دەستی بەسەر پارەکەدا گرتووە و دەڵێت:

دوای نیوەڕۆی ١٩٦١/١٢/٣١ بە پێ؛ کەوتینەڕێ و گەیشتینە گوندی ڕەزێنە، جەلالیش تازە گەیشتبووە ئەوێ، دوای پشوودان، جەلال داوای کرد پارەکە کۆبکرێتەوە و بژمێردرێت، پارەکە لای ئەم پۆلیسانە بوو: (عەریف، سەمەد، عەباس جەبرائیل، عەلی حەمەد ڕەسول و تەوفیقە ڕەش)، هەریەکێکیان ٦ هەزار دیناریان پێ بوو، کاکە حەمەی بۆڵقامیش ٦ هەزار دیناری لای خۆی هێشتبووەوە، وتبووی زۆر ماندوو بووم و نایدەمەوە، تا نیوەی پارەکەم پێنەدرێت. کاتێک جەلال ئەمەی بیست، تووڕە بوو و هاواری کرد: ئێمە ڕێگر نین، ئێمە بۆ شۆڕش کار دەکەین، ئەم پارەیە هی شۆڕشە و هی کەس نییە، کاکە حەمە وتی: من گوێ نادەمێ، نیوەی پارەکەم دەوێت. جەلال هاواری کرد؛ کەس مافی نییە یەک فلس بۆ خۆی ببات، دەورەی بدەن، ئەگەر پارەکەی نەدایەوە، تووندترین سزای بدەن، ئەو دزە؛ ڕێگرە. من لەو ساتانەدا گوێم لە جەلال بوو، زانیم چەند دڵسۆزە و چۆن هاوڕێیەتی لەپێناو شۆڕشدا، دەکاتە قوربانی و دەستبەرداری بنەماکانی نابێت بە هەر نرخێک بێت. وتم تکایە وا مەکە، ئەگەر بکوژرێت هەر ئەمڕۆ هەواڵەکە دەگاتە حکومەت و دەوترێت بەرپرسانی شۆڕش، لەسەر پارە شەڕی یەکتر دەکەن، ئەمەیش کار دەکاتە سەر ناوبانگی شۆڕش و هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئێمە و جاشەکاندا نامێنێت.[١٤٨] سەرەڕای ئەوەی جەلال لەو ڕۆژانەدا منی ناسیبوو، دژایەتیی پێشنیارەکەمی نەکرد و وتی: بفەرموون ئێوە کێشەکە چارەسەر بکەن، ئەو یاخی دەبێت و ئامادە نییە پارەکە بگەڕێنێتەوە. وتم: باشە؛ بە قسەی خۆش پارەکەی لێوەردەگرین. دوای کەمێک پارەکەمان لە (کاکە حەمە بۆڵقامیش) وەرگرتەوە و قەیرانەکە کۆتاییهات.

هەر لەو شەوەدا بڕی ١٣٠٠٠ دینار لەو پارەیە، بۆ مەلا موستەفا نێردرا و دوای چەند ڕۆژێک، پێیگەیشت. سەرەتا نێردرا بۆ ڕانیە بۆ دەستی (باقی حاجی جەلال)، کە بازرگانێکی ناسراو بوو لە ڕانیە و کوردێکی دڵسۆز بوو، پاشان پارەکە گەیشتە هەولێر و ڕادەستی

[١٤٨] عەریف یاسین، ٢٠٩.

(میرزا کۆیی) کرا، که کاتب بوو له دادگای هەولێر و ئەندامی پارتی بوو، ئەویش پارەکەی نارد بۆ (کاک عەلی عەسکەری)، بەرپرسی لقی بادینان که لەگەڵ مەلا موستەفا بوو. هەواڵی گەیشتنی پارەکەمان بۆ دەستی مەلا موستەفا پێگەیشت، هەروەها هەواڵی ئەو شەڕەمان پێگەیشت که هێزەکانی بادینان؛ به سەرکردایەتیی مەلا موستەفا له زاویته دژی لیوای پێنجەم و جاشەکانی ناوچەکه ئەنجامیاندابوو، که شەڕێکی گرنگ بوو.

دوای شکستی هێزەکانی حکومەت لەو شەڕەدا، ناچار بوون بەرەو دهۆک بکشێنەوە، هێزەکانی بادینان بەرەو سەرسەنگ و سواڕەتوکه پێشڕەوییان کرد و بارەگایان لێ دانان، ئەم شەڕە دوای ئەوە ڕووی دا که سوریا و تورکیا مافی پەنابەرییان به بارزانی نەدا و بەو هۆیەوە لەو ناوچانە مایەوە، کاتێک بەرەو خوارەوە جووڵا لەگەڵ ئەو هێزەی حکومەت له زاویته تووشی پێکدادان بوو، ئەم شەڕە وردی هێزەکانی سۆران و بادینانی بەرزکردەوە.[١٤٩]

ئاشکرایه که مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕیاری بەردەوامبوونی شەڕ و پەیڕەوکردنی شێوازی جەنگی پارتیزانیی (لێدە و ڕاکە)ی، له کۆبوونەوەی (هەواڵان)دا داوە، بینیمان چۆن جەلال تاڵەبانی سەرکردایەتیی یەکێک لەو یەکانەی کرد بۆ نانەوەی بۆسە، ئەم تەکتیکەی شەڕ سەرکەوتوو دەبێت؛ کاتێک هاوکارییەکی دڵسۆزانه لەلایەن دانیشتووانی ناوچەی کارەکانەوە هەبێت و ئەم فاکتەرەیش بەهێزبوو له ناو خەڵکدا.

بزووتنەوەی کورد بەگشتی، لەسەر دوو تەوەر دەستی به جووڵە کرد، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەستیانکرد به کۆکردنەوەی ڕۆشنبیران و سپاردنی بەرپرسیارێتی پێیان، لەلایەکی تریشەوە مەلا موستەفا توێژە دەرەبەگە نیشتمانپەروەرەکانی له ئاغاکان له دەوری خۆی کۆدەکردنەوە و بەرپرسیارێتیی پێدەسپاردن، لێرەدا دوو ئاراستەی دژبەیەک دروست بوون که لەگەڵ یەک نەدەگونجان، هەردوولایان بەدوای لایەنگردا دەگەڕان، هەر لایەنەیان بەپێی تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان و بێ سازشکردن بۆ یەکتری. لێرەوە دوو ڕێچکه و شێواز، خۆیان دەرخست: شێوازێک که مەکتەبی سیاسی له ناوچەکانی باشووری

[١٤٩] عەریف یاسین، ٢١٠-٢١١

کوردستان پەیڕەویی دەکرد، هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی؛ گۆڕان بۆ فەرماندەی سەربازی، لە گوندەکاندا دەگەڕان و زیاتر نوێنەرایەتیی هێزە پێشکەوتنخواز و ڕۆشنبیرەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردییان دەکرد، بەتایبەتیی جوتیاران کە ئەو چینە بوون باری قورسی شەڕ و قوربانیدان و دابینکردنی دارایی هێزە پارتیزانەکانیان کەوتبووە ئەستۆ. بزووتنەوەکە؛ لە گوندەکانی کوردستاندا سەریهەڵدا و شارەکانی کوردستان هاوپەیمانی بوون، سەرکردەکانی پارتی - ئەندامانی مەکتەبی سیاسی - ئەزموونی شۆڕشە ڕزگاریخوازییەکانی جیهانیان خوێندبووەوە، لەوانە کتێبە بەناوبانگەکانی ماو تسی تۆنگ دەربارەی جەنگی پارتیزانی و ئەزموونی شۆڕشی کوبا و شۆڕشەکانی تر. سەرکردەکانی پارتی، سەرکردایەتیی مەدەنیی هێزی خێڵیان نەبوو، ئەوان شارستانی بوون و هەژموونیان لە پلە و پۆستەکانیان لەناو پارتەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەرکە شۆڕشگێڕییەکانی خۆیان لە خاڵی سفرەوە دەستپێکرد، لە دروستکردنی مۆراڵی شۆڕشگێڕیی چەکدار و خاوەن بیروباوەڕی ڕزگاریخوازی و ڕێکخستنی باش و وردی بەرز و پابەندیی ئەخلاقی بوون بە پرسی ئازادی و کەرامەتی گەلی کورد و مافەکانی سەرکەوتوو بوون.

وردە وردە ژمارەی یەکە چەکدارەکان زیادی کرد، تا ڕووبەرێکی بەرفراوانی ناوچە شاخاوییەکانی خاکی کوردستانی گرتەوە، لەکاتێکدا شارە کوردییەکان لە ڕووی سیاسییەوە چالاک مانەوە و لە ڕووی دارایی و پڕوپاگەندە و ناردنی هەواڵی جووڵەی حکومەتی عێراقەوە، پاڵپشتیی بزووتنەوەی کوردییان دەکرد. (بڕوانە وتارەکانی ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی ئێریک ڕۆلۆ).

مەلا موستەفا، شێوازی کارکردنی بەتەواوی لە شێوازی مەکتەبی سیاسی جیاواز بوو، شێوازێکی پەیڕەودەکرد، کە پێیدەڵێین (سەربازگەی گەڕۆک)، دوای شەڕ و بەرگریی بارزان بەرامبەر هێرشی هاوبەشی بەرەیی - سوپای عێراق بە هێزی پیادە و تۆپخانە و فڕۆکە و جاشە کوردەکان. لە سەرەتادا ڕژێمی بەغدا درکی بە سەختیی شەڕەکە کرد، لەبەرئەوە ناچار بوو لەگەڵ شێخی بارزان بگاتە ڕێکەوتن، بۆ ڕاگرتنی جموجووڵە سەربازییەکان، دوای ئەوەی ناوچەی بارزانی بە باجێکی گران داگیرکرد. لێرەدا مەلا موستەفا، بە یاوەری

نزیکەی ٦٠٠ شەڕڤانی بارزانی، ناوچەی بارزانی جێهێشت، بەڵام زۆری نەخایاند زۆربەی پیاوانی هۆزی نێروەیی دراوسێی بارزان، پەیوەندییان پێوەکردن.

پێکهاتە سەربازییەکە، مەلا موستەفای دەخستە ناوەڕاست، لەگەڵ پاسەوانە تایبەتەکانی کە بازنەی یەکەمیان پێکدەهێنا، بازنەی دووەم لەو هێزانە بوو کە لە دوورترەوە دەوریان دەدا، پاشان بازنەی سێیەم دوورتر و چوارەم و بەو شێوەیە بەپێی پێداویستییە پارێزبەندییەکان، بەجۆرێک ئەو شوێنانەی دەپارێزران چەند کیلۆمەترێک یان دەیان کیلۆمەتریان دەگرتەوە. هێزە بارزانییەکان لە هەموو لایەکەوە دەوریان دەدا و هەموو بەرزاییەکانی دەوروبەری ئەو شوێنانەیان دەگرت کە پێیدا تێپەڕ دەبوون، ئەمەیش وای لێکردبوو لە هەوڵەکانی دەستگیرکردن پارێزراو بێت. کاتێک ناوچەکانی بارزانی جێهێشت، مەبەستی بوو پەنا بۆ سووریا ببات.[١٥٠]

ئەو فەردانەی دیار بوون و لەگەڵ مەلا موستەفا بوون: (حەسۆ میرخان دۆڵەمەری، حاجی بێڕۆخی، محەمەد ئەمین میرخان مێرگەسۆری، عومەر ئاغا دۆڵەمەری، ئەسعەد خۆشەوی، عەلی خەلیل، عیسا سوار، عارف بێدارونی، حاجی جەمێ، مەلا عەبدوڵا زێوەیی، مەلا شێنی پێندرۆیی، میرە دۆڵەمەری، عوزێر محەمەد خەلانی دۆڵەمەری، حوسێن جەرجیس پێندرۆیی و هاشم میرۆزی) و کەسانی تریش، کە ئەزموونیان لە شەڕدا هەبوو. ئەم سەربازگە گەڕۆکە، هێزێکی وای پێکهێنابوو کە هێزەکانی حکومەت نەیاندەتوانی کۆنترۆڵی بکەن، سەبارەت بە هۆزە نەیارەکانی لە ناوچەکانی بادینان، نەیاندەتوانی ڕێگری لێبکەن کاتێک هەڕەشەی هێرشکردنە سەر گوندەکانیانی دەکرد، بەڵام ئەو گوندانەی هاوکار بوون بە گەرمی پێشوازییان لە هێزە بارزانییەکان دەکرد و ئەوەی پێویستیان بوو لە خۆراک، بۆیان دابین دەکردن. مەلا موستەفا؛ بە هەموو ئەندامانی هێزەکەی ڕاگەیاندبوو کە دەستدرێژی نەکەنە سەر گوندنشینان و مۆڵکوماڵیان نەبەن و بەڕێزەوە داوای خۆراکی پێویستیان لێبکەن نەک زیاتر. هەموو هۆزی نێروە، پەیوەندییان بە هێزە بارزانییەکانەوە کرد و کوڕەکانی ساڵح خانی بوونە فەرماندە، لەوانە حاجی ساڵح و

[١٥٠]، مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية.. الجزء الثالث. أربيل ٢٠٠٢ ص : ٣٤ - ٣٥

موستەفای برای، هۆزێکی قوربانیدەر بوون لەپێناو بەردەوامیی بزووتنەوەی کوردیدا. (کامپی گەڕۆک) بەرەو گوندەکانی بەرواری، بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن. دوای پەڕینەوە لە ڕووباری زێی گەورە لە ١٩٦١/١٠/٢٤ و ئەو بەرگرییەی کە موحوسێن بەگی بەرواری نیشانی دا، شکستی هێنا بەرامبەر هێزەکانی بارزان و ناوچەکانی بەرواریی باڵا کۆنترۆڵکران، پەیوەندیکردنی هاوڵاتیان و هۆزەکان بە هێزە بارزانییەکانەوە، بەردەوام بوو.


سالّح یوسفی، یەکێک بوو لە توخمە چالاکەکان و زۆرێک لە کەسایەتییە کوردییەکانی، هێنانە ناو پارتی و هۆشیاریی جەماوەریی بەرامبەر بە دادپەروەری و پرسی کورد و خەبات لەپێناویدا بەرزکردەوە. عەلی عەسکەری، لە ناوچەکانی بادینان لە کاری حیزبی و سەربازیدا چالاک بوو، دەینالّاند بەدەست ڕاوەدوونانی هێزە نەیارەکان لە جاشە کوردەکان و سوپا، زۆرێک لە ئەندامانی پۆلیس بە چەکەکانیانەوە، پەیوەندییان بە هێزەکانی بزووتنەوەی کوردەوە کرد و ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕیزەکانی بزووتنەوەکەدا گێڕا، بنکەکانی پۆلیس (مەخفەر)؛ هێمای داگیرکاری و ستەم بوون و یەک لە دوای یەک و بەخێرایی چۆڵ دەکران و بە ئاسانی پەیوەندییان بە بزووتنەوەی کوردەوە دەکرد.

جاشەکان لە یەکەیەکدا لەژێر فەرماندەیی ئاغاکانی بادیناندا، ڕێکخران و زۆرێک لە سەرۆک هۆزەکان بوونە فەرماندەی گرووپە جاشەکان. مەحموود ئاغای زێباری، گرووپی خۆی هەبوو، زوبێری کوڕیشی بە هەمان شێوە کە دەکەنە باپیر و خاڵی مەسعوود. ئەرکی ڕاوەدوونانی هێزەکانی پێشمەرگەیان گرتەئەستۆ، بە هاوکاریی کوڕانی برای مەحموود ئاغای زێباری (ئەحمەد ئاغای زێباری) ئەرشەد ئاغا و لەتیف ئاغا، ئەمانەیش جاشی خۆیان هەبوو. حکومەتی عێراق پشتی پێدەبەستن و بایەخی تایبەتیی پێدەدان، چونکە لە خزمانی نزیکی سەرکردەی بزووتنەوەکە مەلا موستەفا بوون. ئەمەی دواییان ڕێزێکی تایبەتی بۆ مەحموود ئاغا هەبوو. هێزی جاش لە زۆربەی هۆزەکانی بادینان پێکهاتبوو.


پێکهاتەی هێزی جاشەکان

فەرمان لە سەرکردایەتیی سوپا یان لە فەرمانگەی ئەمن وەردەگرن

سەرکردایەتیی سوپای عێراقی



نەخشەو پلانی هێزی پاسەوانی موستەفا بارزانی



کامپی گەڕۆکی سەربازی؛ دەتوانێت سەرکەوتن لە شوێنە شاخاوییە سەختەکان بەدەستبهێنێت و دەسەڵاتی خۆی بسەپێنیت، ئەگەر خەڵکییش پشتیوانی بن و حیزبێکی سەردەمیانەیشیان هەبێت، ئەوە حاڵی شۆڕش بوو لە ١٩٦١، چونکە چالاکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵانی پێش شۆڕشدا، لەناو گوندنشیناندا چالاك بوون بۆ دەرخستنی ئەو ستەمانەی ئاغاکان لە جوتیارانیان دەکرد، ئەو ئاغایانەی حکومەتی بەغدا پشتیوانی دەکردن، هەموو ئەوانە یارمەتیدەر بوون بۆ گردبوونەوەی جەماوەر لە

پشت حیزبەوە، چونکە ئومێدێکی دروستکردبوو، کە حیزب لە نەهامەتی و بێبەشی و سووکایەتی ڕزگاریان دەکات.

ئەمە گرنگترین ڕەگەز بوو لە سەروەریی هەژموونی (کامپی سەربازیی گەڕۆک)، بەڵام لە نەبوونی ئەم ڕەگەزانەدا، بینیمان کە چۆن لە کاتی بەرگریی بارزانییەکاندا لە نێوان ساڵانی ١٩٣٢ - ١٩٣٦ سەرکردایەتیی خەلیل خۆشەوی و ئەحمەد نادر و عەبدوڵڵا کرکەمۆیی، تووشی شکست هاتن. زۆرینەی هێزەکانی ئەوسا لەناوچوون، چونکە خێڵەکانی دەوروبەر لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بوون، ئەگەر پشتیوانیی بارزانییەکان و بیروباوەڕە پتەوەکەیان نەبووایە، مەلا موستەفا نەیدەتوانی سەرکەوتنی سەربازی لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٧٥ دژی هەموو نەیارەکانی لەو قۆناغە زۆر هەستیارەدا، بەدەستبهێنێت. تاکتیک و پلان و بەرنامەکان بە جۆرێک بوون کە:

١. پێگەی سەرکردە لە ناوەنددا پارێزراو بوو، ئەو (دەسەڵاتی مەدەنی و سەربازیی گشتیی ڕەها بوو)، هیچ ڕکابەرێکی نەبوو، لە دەوروبەریشی چەند خزمەتکارێک هەبوون، بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییە کەسییەکانی. هەر هەمان یەکەی سەربازیی گەڕۆک بوو، کە لە ماوەی دوو هەفتەدا گەیشتە ئازەربایجانی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٤٧.

٢. ئەم شوێنە، بوو بە سەرچاوەی هەموو بڕیارەکان لە ڕووی (کاتی جوواڵە، ئاڕاستە، دەستنیشانکردنی ئامانجەکان، هێرشکردن و پشوودان).

٣. لەم پێگەیەوە، دەست بەسەر هەموو ئەو پارانەدا گیرا؛ کە بۆ هاوکاریی بزووتنەوەی کورد دەهات، چ لە دەرەوە بێت یان ناوەوە و دیاریکردنی شێوازی خەرجکردن یان ڕێگری لێکردنی. بە واتایەکی تر، دەسەڵاتی سەربازی و دارایی قۆرخکرا، کە ئەمەیش وەک دەزانرێت لە هەموو کات و شوێنێکدا دەبێتە هۆی گەندەڵیی دەسەڵات.

٤. ئەم هێزە؛ لە کاتی تێپەڕبوونیدا ئەوەندە گەورە بوو، کە هیچ گوندێکی کوردی نەدەیتوانی لە بەردەمیدا بوەستێت و ڕێگری لە پێشڕەوییەکەی بگرێت، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١دا هۆزی نێروە بەخێرایی پەیوەندیی بە هێزە سەربازییە گەڕۆکەکەوە کرد و هۆزەکانی تریش دوایکەوتن. چالاکیی پارتی لە ناوچە گوندنشینەکانی کوردستاندا،

ڕۆحی نەتەوەیی و هەستی ستەملێکراویی لە بەرامبەر مامەڵەی حکومەتەکانی بەغدا، گەشە پێکردبوو، بەتایبەتی لە ناو ڕیزەکانی پۆلیسدا. بەم هۆیانە زۆربەی پیاوانی بنکەکانی پۆلیس کە بە ڕەچەڵەک کورد بوون، بە چەکەکانیانەوە پەیوەندییان بە بزووتنەوەکەوە کرد.

٥. کاتێک مەلا موستەفا، دڵنیا بوو کە هیچ دەرفەتێک نییە بۆ پەنابردنە دەرەوەی سنوورەکان، چ بۆ تورکیا یان سوریا، لە هەمان کاتدا گەلی کورد پشتگیریی بزووتنەوەکەی کرد، ئەویش ئاڕاستەکەی گۆڕی و دەستیکرد بە جووڵە لەگەڵ هێزە سەربازییە گەڕۆکەکە لە ناوخۆی کوردستاندا، سەرەتا دەستی بەسەر ناوچە شاخاوییە سەخت و دوورەدەستەکانی سەر سنووری تورکیادا گرت، سوپای عێراق ئامادە نەبوو بۆ شەڕی گەلی کورد، چونکە زانیارییەکانی دەربارەی شەڕی شاخ تا ڕادەیەک سەرەتایی بوون، خەمی سەرەکیی جاشە کوردەکانیش تەنها بەدەستهێنانی پارە بوو.

٦. هەر کە دەستی بەسەر ناوچەیەکی دیاریکراودا دەگرت، یەکێک لە متمانەپێکراوەکانی خۆی لەو ناوچەیە دادەنا. ئەسعەد خۆشەویی، وەک بەرپرسی یەکەم لە ناوچەکانی بادینان دەستنیشانکرد کە کەسێکی ژیر بوو، لە ژیانی گوند و داخوازییەکانی دانیشتووانەکەی تێدەگەیشت، مەلا حەمدیی وەک سکرتێری ئەو دانا. هەروەها عیسێ سواریی وەک بەرپرسی ناوچەی زاخۆ و عەلی خەلیلی لە بەرواری دانا. عەلی خەلیل کەسایەتییەکی نزیک لە ئاواتی جووتیاران و دژی ستەمی ئاغاکان بوو، جەماوەرێکی زۆری هەبوو، لە یەکێتیی سۆڤیەت خوێندبووی و خاوەن ڕۆحێکی سادە و دەستپاک بوو، حەسۆ میرخان دۆڵەمەریی لە ئاکرێ و شێخان دانا، ئەویش کەسێک بوو کە پلە و پارە تێکی نەدابوو و لەوانە بوو کە بە دڵسۆزی، خزمەتی گەلی دەکرد. هەموو ئەمانە دڵسۆزی بێ مەرجی مەلا موستەفا بوون و لە هەمان کاتدا فەرمانداری سەربازی و مەدەنی بوون، دەسەڵاتی ڕەهایان هەبوو و لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەدەکرا.

٧. هەر کە دەستنیشانکردنی بەرپرسەکانی لە بادینان تەواوکرد، دەستیکرد بە پێشڕەوی بەرەو ناوچەکانی سۆران بۆ تێکشکاندنی هێزە پارتییەکان، چونکە بە سەربەخۆیی ئەوان ڕازی نەبوو، ئامانجەکەیش ملکەچکردنی هەموو بەرپرسانی پارتی

و خستنە ژێر فەرمانی خۆی بوو، بە کردەیی دوای ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی (گرووپی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی)ی شکاند و مەکتەبێکی سیاسیی تری دانا، شوێنی نیشتەجێبوونیانی لە ناو چوارچێوەی کامپە گەڕۆکەکەدا، دیاریکرد. بەوەیش مەکتەبی سیاسیی نوێ، سەربەخۆیی خۆی لەدەست دا. ئەوان وەک فەرمانبەر لای سەرکردەی بزووتنەوەکە بوون و پارەیان لێوەردەگرت. ڕۆشنبیری پارتی، گۆڕا و ڕۆڵی ئامرازی دەسەڵاتی گێڕا و پاساوی بۆ تاکڕەوی دەهێنایەوە، بەتێپەڕبوونی ساڵان لە ناو کەمپەکەدا، دەرباری دەسەڵات دروستبوون و چەندین لقیان لێ بووەوە، هەندێکیان ڕاستەوخۆ وەک هاوەڵان و خزم و هەواڵدەران، هەندێکی تریان ناڕاستەوخۆ وەک ڕاگەیاندنکار و نووسەر و شاعیران، کە هەموویان خزمەتی سەرکردەیان دەکرد و پاساوی ستەمیان دەهێناوە، بەناوی ئاسایشی گشتی و بەرژەوەندیی باڵای نیشتمان و پاراستنی شۆڕشەوە.

٨. پڕوپاگەندەی پارتی، شکۆی هێزی کوردی گەورە کردبوو، ئەمەیش لەلای حکومەت و لایەنگرە جاشەکان، ترسی گەورەی دروستکردبوو، بەڵام سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەستیان بە مەبەستەکانی مەلا موستەفا نەکرد، سەبارەت بە نیازی هێرشکردنە سەریان و ملکەچکردنیان بە هێز، ئەوان بەردەوامبوون لە گەورەکردنی ئەو لە بەردەم جەماوەری کورددا. ڕەنگە سەرچاوەی ئەمە، هەستکردن بێت بە مەترسیی ڕاستەوخۆ؛ کە لە دەروونناسیدا وا لە مرۆڤ دەکات بەدوای جۆرێک لە ئاسایشدا بگەڕێت، گەر ئاسایشێکی وەهمییش بێت کە لەو دەمەدا پێویستی بە فریادرەس دەبێت. لێرەوە وێنەی مەلا موستەفا گەورە کرا و لە خەیاڵی جەماوەردا وەک پاڵەوانێکی نەبەرد نیشان درا. مەکتەبی سیاسی، خۆی و گەلی کوردی خستە ناو ئەو تەڵەیەی کە خۆی دروستی کردبوو. چونکە ئەو پڕوپاگەندەیە؛ بووە هۆی دروستبوونی دیدێکی نادروست و ناواقیعی دەربارەی مەلا موستەفا، کە لە خەیاڵدانی جەماوەردا چەسپا، ئەویش بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕاستییەکی لەرزۆک. واتە ڕاکردن لە ڕاستییەکی ترسناک بۆ ناو هەستێکی وەهمی بە هێز و ئاسایش، لە ڕێگەی دروستکردنی پڕوپاگەندە بۆ

سەرکردەی فریادرەس لە خەیاڵی گشتیی ترساودا، کە لە ئەنجامی مەترسییەکانی دەوروبەر دروست ببوو.

٩. لە ناو کامپەکەدا، شوێنێک بۆ پێگەیاندنی سیاسی و ئامادەکردنی کادێر نەبوو، چونکە ڕۆحی خێڵەکی و ئەو هاوکاری و پشتگیرییەی تێیدا بوو، پێویستییەکەی پڕ دەکردەوە. لە نێوان بارزانییەکاندا، هیچ حیزبییەک نەبوو جگە لە خودی مەلا موستەفا؛ کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. ئەو، پێویستی بەم هێزە ناپارتیبوونە بوو بۆ لێدانی هەرکەس، بەمەبەستی ملکەچپێکردنی. هەموو ئەو سەرکردانەی کە لە سەرەتای چوونەدەرەوە لە بارزان لەگەڵیدا بوون، هەڵگری باوەڕی بارزان بوون؛ کە خۆی لە دژایەتیکردنی ستەم دەبینییەوە، بەتایبەتی ستەمی ئەو ئاغایانەی کە هاوپەیمانی حکومەت بوون، هەموو سەرکردەکان لە هۆزەکانی بارزان بوون و کەسیان پارتی نەبوون.

١٠. لە شوێنە پارێزراوەکەی خۆیدا لە ناوجەرگەی بازنەکەدا، مەلا موستەفا لە پێگەی هێزەوە مامەڵەی لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەکرد کە لە دەرەوەی کامپەکەی بوون، هەڕەشەی دەکرد و مەرجەکانی دەسەپاند" یان فەرمانی کوشتنی جەستەیی بۆ ئەوانە دەردەکرد کە بە نەیاری خۆی دەزانین. لە ناوەوەی بازنەکەیش، هەرکەسێک سەردانی کردبایە، بە ڕوونی هەستی بە خۆبەزلزانینی ئەو دەکرد.

١١. بەڵام هەر کە دەچووە دەرەوەی پێگەی پارێزراوی بارزانی، ڕەفتاری بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەگۆڕا و دەبووە پێچەوانەی ئەو کەسایەتییەی کە لە کوردستاندا، خاوەنی بوو. دیدارەکانی لەگەڵ شا و بەرپرسانی ئێراندا، گۆڕانکاریی تەواوەتیی لە کەسایەتیی بارزانیدا نیشان دەدا. بەجۆرێک هاوەڵەکانی وەک دکتۆر مەحموود عوسمانی، تووشی شۆك دەکردن، چونکە دەستی شای ماچ دەکرد و ڕایدەگەیاند کە ئەو لەژێر فەرمانی ئەودایە و لە خزمەتیدایە و ....هتد، هەر کە لە گەشتەکانی دەگەڕایەوە بۆ ناو پێگەی پارێزراوی بارزانی، ئیتر کەسایەتییە توند و لووتبەرزەکەی؛ بۆ دەگەڕایەوە.

١٢. کامپی سەربازی؛ بۆ ماوەیەکی کاتی و لە هەلومەرجی سەربازی، سیاسی و شۆڕشی جوگرافیی ناباودا، نەرمونیانی و توانای خۆگونجاندنی بەخۆوە دەبینی، هەروەها بەردەوام مەیلی بەرەو ئەنجامدانی شەڕی بەرەیی (جەبهەیی) هەبوو، لە کۆتاییدا توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ پەرەسەندنی سیاسی و سەربازیی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەدەست دا.

١٣. بەهۆی چاودێریی ڕۆژانەی هێزی ئاسمانی عێراق و چاوەڕوانیی هێرشە ئاسمانییەکان، کامپەکە ناچار بوو بە خێرایی بجووڵێت و شوێن و پێگەکانی بگۆڕێت، بۆ دوورکەوتنەوە لە بۆردومانی ئاسمانی و پاراستنی نهێنییەکی توند بۆ ڕێگری لە دزەکردنی هەواڵی جووڵەکانی بۆ لایەنی دوژمن.

١٤. یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی کامپەکە ئەوە بوو، کە نەدەتوانرا لە هەموو شوێنێک بمێنێتەوە، مەگەر لە شوێنە جوگرافییە سروشتییە پارێزراوەکاندا کە پاڵپشتییەکی جەماوەریی بەرفراوانیان هەبوو، هەروەها لەو شوێنانەدا کە ڕێگەی جووڵەی تانک و زرێپۆشیان نەبوو، چونکە بۆ شەڕی پارتیزانی، کاریگەریی هەڵبژاردنی شوێنی گونجاوی سەخت، دڵنیایی پشتەوەیانی لە هێڵەکانی دوژمن مسۆگەر دەکرد، هەروەها نەیاندەتوانی لە دەشتە کراوەکاندا ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدەن، چونکە چەکەکانیان سووک بوون.

١٥. کامپی سەربازی، دژی جاشەکان و سوپای عێراق بەکارهێنرا، هاودەم دژی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان - سەرکردایەتیی مەدەنی - بەکاریهێنا، لەو شەڕانەی لە ناوچەکانی سۆران ڕوویان دا و بەسەریاندا سەرکەوت.

١٦. لە ساڵانی کۆتاییدا؛ تەنها شەڕی بەرەیی دەکرد و شەڕی پارتیزانیی فەرامۆش کرابوو. ئەوەیش تووشی چەقبەستوویی کردبوو و نەیتوانی لەگەڵ پەرەسەندنە سیاسی و سەربازییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بڕوات.

١٧. مەکتەبی سیاسی (سەرکردایەتیی مەدەنی، گرووپی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی) تا ساڵی ١٩٦٥ لە دەرەوەی کامپی گەڕۆک مانەوە، لە کاتێکدا مەکتەبە سیاسییەکانی دوای ساڵی ١٩٦٥ کە خۆی دروستیکردبوو، خرانە ناو چوارچێوەی

(کامپەکە). بەمەبەش ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، دەستەمۆکران و سەربەخۆیی بڕیاری بەکۆمەڵیان لەدەستدا نەبوو و کارکردن بە دەستووری پارتیی ڕاستەقینە، پشتگوێخرا.

١٨. لە ساڵی ١٩٦٥بەدواوە، دۆخی کامپی سەربازیی گەڕۆک گۆڕا، پێگەی مەلا موستەفا تێیدا گۆڕانی بەسەرداهات، چونکە ناوەندی بازنەکەی جێهێشت و لە دوورترین پەراوێز لەسەر سنووری نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ئێران، لە حاجی ئۆمەران نیشتەجێ بوو. دوور لە بەرەکانی شەڕ و سەختیی ژیان، لەوێوە سەرپەرشتیی پەیوەندییەکانی بزووتنەوەکەی لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەکرد، هاوکارییەکانی لە شا و وڵاتانی ترەوە وەردەگرت و مەکتەبی سیاسیی لە نزیک خۆی لە چۆمان دانا، واتە لە ناو پارێزبەندییەکەدا کە لێرەدا جێگیر بوو. سروشتی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ حکومەتی بەغدا، گۆڕا بۆ ئۆپەراسیۆنی بەرەیی کە تێچووەکەی لە ئەستۆی گەلی کورد بوو. شەڕی پارتیزانی؛ پشتگوێخرا کە ئەمەبەش بە سوودی حکومەت و لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کورد نەبوو، ئامانجی دوورمەودادا.

١٩. هەروەها تاکتیکی شەڕی (پارتیزانی)، کە مەکتەبی سیاسی لە جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە و کەسانی تر پەیڕەوییان دەکرد، سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە ناوچەکانی سۆران لە ساڵانی ١٩٦١ بۆ ساڵانی ١٩٦٤ دژی حکومەتی عێراق بەدەستهێنا، سەرەڕای ئەوەی لە خاڵی سفرەوە دەستیانپێکردبوو، بەڵام کاتێک سەرکردەکەیان هێرشی کردنە سەر و شکاندنی، ئیتر نەیانتوانی لە بەردەم هێرشی کامپی سەربازیی گەڕۆکدا خۆبگرن و ڕاوەدوویان نان بۆ ناو خاکی ئێران.

٢٠. یەکێک لە هۆکارەکانی جێگیربوونی سەرۆکی پارتی؛ دوای ساڵی ١٩٦٥ لە دووریی پارێزبەندیی کامپە سەربازییەکە لەسەر هێڵی سنووری ئێران (شارۆچکەی حاجی ئۆمەران)، دوورکەوتنەوە بوو لە هێزەکانی حکومەت و هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ دوورترین خاڵی گونجاو، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی سەلامەتیی خێزانەکەی و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لە بەرانبەر گۆڕانکارییە سیاسی و سەربازییە چاوەڕواننەکراوەکان بۆ ڕزگاربوون. پارێزبەندی سەربازیی گەڕۆک، گۆڕا بۆ جێگیر. پێگەی سەرکردە لەسەر سنووری ئێران بوو کە ڕێگەی پێدەدا بە ئاسانی بچێتە ناو ئێران

و هەر لەوێیشەوە لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٥دا کۆتایی بزووتنەوەی کوردیی ڕاگەیاند و بە هێمنی ڕێگەی ئێرانی گرتەبەر. لە تایبەتمەندییە گرنگەکان ئەم کەمپە، ئەوە بوو دەسەڵاتێکی سەربازیی لە هەموو ئەو ناوچانەدا دروستکرد کە تێیدا بوو، دەزگای (پاراستن)یشی خرایە سەر و ئەمەیش ستەمی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا زیاترکرد، کە لە دواییدا گۆڕا بۆ دەزگایەکی دژەئازادییە مەدەنییەکان و ترساندنی هاوڵاتیان، هەروەها ئەرکەکەی گۆڕا بۆ پاراستنی سیستمی تاکەکەسی؛ کە لە سەرکردەی بزووتنەوەکەدا خۆی دەبینییەوە. لە سایەی پاراستندا، داینامیکییەتی کۆمەڵگە پەکی کەوت، بەتایبەتی لە بادینان و پاشەکشەی ڕۆشنبیری و سیاسی ڕووی دا و گوێڕایەڵیی ڕەها بەسەر هەمووواندا سەپێنرا. لە ماوەی تەمەنی بزووتنەوەکەدا، هیچ سەرکردەیەک بە یەکێکی تر نەگۆڕدرا و هیچ فەرماندەیەکیش بەهۆی کەمتەرخەمی لە ئەرک یان گەندەڵییەوە، سزانەدرا. ئەم سەرکردانە لە سەرووی یاساوە بوون. دوای بەیانی ئاداری ١٩٧٠، ناوچەکانی ئاکرێ، شێخان و پشدەر خرانە ژێر هەژموونی سەرۆک جاشەکانەوە، بەپێچەوانەی هەموو بنەماکانی بزووتنەوەی کورد و پابەندییە نیشتمانییەکانی، بەهۆی پارێزبەندیی سەربازییەوە دەسەڵاتێکی بێ سنوور کۆبووەوە لە دەستی سەرکردەی بزووتنەوەکە، بەجۆرێک بێباکانە و بێترس لە هیچ کەسێک دەسەڵات بەکاربهێنێت، لە هەر شوێنێک هەژموونی هەبووایە، بەهای گوێڕایەڵی و ملکەچی و گوێڕایەڵیی بۆ سەرۆک، بڵاو دەکردەوە و کایەکانی ئازادی و ڕەخنەی بەرتەسک دەکردەوە.

١٩٦٢ساڵی فراوانبوون و دەستپێشخەرییەکان

بە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەی بەرز و بێ توانا و بەرژەوەندیی ماددی، گەلی کورد لە دەوری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، کۆببووەوە و سەرکەوتنی بەسەر سوپاکەی قاسمدا بەدەستدەهێنا و شکۆ و هەژموونی بزووتنەوەی کورد لە ناوخۆدا، ڕووی لە زیادبوون دەکرد. لەلایەکی دیکەیشەوە پشتگیرییەکی کوردستانیی بەرفراوان، بۆ بزووتنەوەکە لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە هەبوو، بەتایبەتی لەلایەن (پارتی دیموکراتی کوردستان - سووریا و ئێران). کامەران بەدرخان؛ چالاکییەکی دیپلۆماسیی گەورەی لە دەرەوە ئەنجام دا. لێرەدا گرنگە ئاماژە بە دوو پیاو لە پاڵەوانە ڕاستەقینەکانی بزووتنەوەی کورد بکەین، کە جێگەی شانازی و سەرسامین و شایستەی هەموو ڕێزێکن، لەبەر ئەو خزمەتە بەرچاو و لێهاتوویییەی پێشکەشی نەتەوەی کوردیان کردووە، هەردووکیان سنوورە دەستکردە کۆلۆنیالیەکانیان تێپەڕاندن و کوردستانیان بە یەک نیشتمان دەبینی.

ئەم دوو پیاوە، بریتی بوون لە (عیسمەت شەریف وانلی) و (عەبدوڵا ئیسحاقی) کە ناسراو بوو بەناوی نهێنی (ئەحمەد تۆفیق) سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان – ئێران، ئەوەی دووەمیان کوردی مەهاباد بوو، ئەوەی یەکەمیان کوردی باکووری کوردستان، کە باپیرەی لە ناوچەکانی (وان)ـەوە کۆچی کردبوو بۆ گەڕەکی کوردان لە دیمەشق و عیسمەت لەوێ لەدایکبوو. هەردووکیان، هەڵگری فیکری نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی و یەکگرتوویی گشتگیر بوون، بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان، خاوەنی وزەیەکی شۆڕشگێڕانەی بێوێنە بوون و بە سەخاوەتەوە خزمەتیان کرد، هەردووکیان لەلایەن حکومەتی دیمەشق و تارانەوە فەرمانی سێدارەیان هەبوو.

سەددام حوسێن، هەوڵی دا لەڕێگەی تیرۆرکردنەوە کۆتایی بە هەردووکیان بهێنێت، لە ساڵی ١٩٧٢دا لە بەغداد سەرکەوتوو بوو لە لەناوبردنی ئەحمەد تۆفیق و لەژێر ئەشکەنجەدا شەهیدی کرد، هەروەها سەددام لە هاوینی ١٩٧٦دا پیاوکوژێکی نارد بۆ

تیرۆرکردنی عیسمەت لەناو شوقەکەیدا لە شاری لۆزان لە سویسرا. پیاوکوژەکەی سەددام، توانیی دوو فیشەک بنێت بە سەری وانلییەوە، لە دووریی‌ەک کە ٢٠ سانتیمەتر تێپەڕی نەدەکرد. وانلی، بێهۆش کەوتە سەر زەوی و پیاوکوژەکەیش بەدڵنیایی لە مردنی، جێی هێشت و هەر هەمان ڕۆژ بە فڕۆکە بەرەو بەغداد هەڵات، وانلی گەیەنرایە نەخۆشخانە و چەندین ڕۆژ لەژێر چاودێریی ورددا لە نێوان ژیان و مردندا بوو، بەڵام بە ویستی خودا لەو تیرۆرە ڕزگاری بوو.

هەر دوو جوامێر (عیسمەت و ئەحمەد تۆفیق)، بڕوایان بە خەباتی چەکداریی گەلی (جەنگی پارتیزانی) و کۆکردنەوەی وزەی نەتەوە لەسەر بنەمای مۆدێرن هەبوو، بۆ بەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەی کوردی داگیرکراو و دابەشکراو، هەوڵێکی دیپلۆماسیی گەورەیان بەڕێوەبرد بە توانایەکی سنووردارەوە، بۆ ناساندنی دۆزی کورد بە جیهانی دەرەوە و شکاندنی ئەو گەمارۆ میدیایی و هەرێمییەی خرابووە سەر ڕاپەڕینی کورد.

ئەحمەد تۆفیق، لە هەموو هەنگاوەکانیدا پشتگیریی مەلا موستەفای دەکرد، تا ڕادەی زێدەڕۆیی گەورەیش، بەم هۆیەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی هەڤاڵەکانی لە مەکتەبی سیاسیی (حدک - ئێران) بووەوە، بەهۆی پەیوەستبوونی تەواوی بۆ مەلا موستەفا، بەبێ ڕەچاوکردنی سەربەخۆیی پارتی لە دوورمەودادا. بەڵام وانلی، سەربەخۆیی فیکریی خۆی پاراست و پابەندی قەناعەتەکانی بوو لەژێر ڕۆشنایی بەرژەوەندیی گەلی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی، بەشێوەیەکی گشتگیر.

دۆزی کورد لەوە ئاڵۆزتربوو لەسەر شێوازە باوە کۆلۆنیالە ئەوروپییەکانی جیهانی سێیەم بێت، ڕاستە وڵاتە عەرەبییەکان هەموویان دەیاننااڵند بەدەست داگیرکارییەوە، بەڵام خاوەنی ناو و نیشتیمانی خۆیان بوون، بەڵام کوردستان بێجگە لە پارچەپارچەکردنی، ناوی ڕەسەن و مێژوویی نیشتمانی کە کوردستانە؛ ئەویشیان لێ سڕیبووەوە، بۆ ئەوەی وەک بەشێک لە نیشتمانی وڵاتانی تر بناسرێت، کە بە زۆر پێوەی لکێنرابوون. ئەمەیش ستەمێکی دوو هێندە بوو، دەرحەق بە مافی نەتەوەی کورد لە سایەی دابەشکاریی ئیمپریالیزم، کە بووە هۆی پەککەوتنی خەباتی سیاسی و

یەکگرتوویی نەتەوەی کورد، وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، هاوپەیمانی سەربازی و سیاسییان پێکدەهێنا و هاوکاریی یەکتریان دەکرد بۆ پلیشاندنەوەی هەر کیان و بەرگرییەکی ڕزگاریخوازیی کورد.

ئەوەی عیسمەت شەریف لەو کاتەدا پێشنیازی کرد، بەتەواوی دەریدەخات کە ناوبراو لە ئاڵۆزیی بارودۆخی کورد و پەرتەوازەییەکەی و ئاستەنگەکانی ئاگادارببوو، کە وڵاتانی داگیرکەر دەیخەنە بەردەم پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو، هەروەها ئەو وڵاتانە هەوڵ دەدەن بزووتنەوەکە زیاتر و زیاتر پارچەپارچە بکەن، بەڵام ئەم تێگەیشتنە لە ناوەندەکانی سەرکردایەتیی (پدك) لە ئاستی پێویستدا نەبوو.

دوای ئەوەی ئەحمەد تۆفیق لە ڕێگەی (حدك - ئێران)ـەوە، چەندین یارمەتیی بۆ ڕاپەڕینی کورد دابین کرد، هەستی کرد ڕەوشەکە وا دەخوازێت دەستەبەری پەیوەندیی دەرەکی بۆ بزووتنەوەکە بکات، مەلا موستەفا ڕێگەی پێدا بە نهێنی لە ڕێگەی سووریاوە گەشت بکات بۆ لوبنان. (ئەو، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هەبوو)، هەر کە گەیشتە لوبنان، دەستی کرد بە پەیوەندییەکی بەرفراوان لەگەڵ ناوەندە ڕۆژنامەوانییە بیانییەکان و کەسایەتییە دیارەکانی کورد، یەکێک لەو کەسایەتیانەی پەیوەندیی پێوەکرد، عیسمەت شەریف وانلی بوو، کە تەنانەت پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٦١، لە ڕووی سیاسییشەوە چالاک بوو. ئەحمەد تۆفیق دەبوو زۆر وریابێت، چونکە لەلایەکەوە بوونی لە لوبنان نایاسایی هەبوو، لەلایەکی تریشەوە دەبوو پەیوەندییەکی بەرفراوان بە ڕۆژنامەوانیی بیانی و ناوخۆییەوە بکات و بەیاننامە بڵاوبکاتەوە.

لێرەوە؛ چاوێک دەگێڕین بەو نامانەی وانلی کە لە ساڵی ١٩٦٢دا ناردوونی، کە ساڵی خستنەگەڕی وزە و دەسپێشخەرییە سیاسییەکان بوو، ڕەنگە بۆ یەکەمجار بێت بەشێک لەم ئەرشیفانەی عیسمەت پاراستوونی، بڵاوبکرێنەوە.

گرنگیی ئەم ئەرشیفانە لەوەدایە، کە ڕوانینێکی قوواڵن بۆ داهاتوو، باس لە ڕێگاکانی بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی شۆڕش دەکەن لەڕێگەی خەباتی چەکداریی گەلەوە، ئاماژەی ڕوونی تێدایە کە سەرکەوتنی شۆڕش بەستراوەتەوە بەوەی چەندە دەتوانێت

هۆکارەکانی هێزی خودی و فشاری زۆر لەسەر دوژمن دروست بکات، دەربڕینی بڕواکانی عیسمەت تا ئەمڕۆیش کاریگەرن، هەرکەسێک ئەم ئەرشیفانە بخوێنێتەوە، تێدەگات کە وانلی خاوەن نیگایەکی ورد و پێشوەختە بووە و هەستی بە مەترسییەکانی داهاتوو کردووە و هەوڵیداوە کوردی لێ لابدات. ئەو مەترسیانەی ساڵی ١٩٦٢ هێشتا دەرنەکەوتبوون، بەڵام دواتر دەرکەوتن و کاریگەرییەکی مەترسیداریان لەسەر کۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی، لە هەموو پارچەکانی کوردستان تا ئەمڕۆیش جێهێشتووە.

کاتێك لە بەیروت بوو، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٢دا لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق (کە کوردانی سەر بە پارتە کوردییەکانی کوردستانی سوریا، خەرجیی مانەوەیان لە بەیروت بۆ دابین کردبوون)، عیسمەت چەندین ڕاپۆرت و یاداشتی گرنگی نووسین؛ سەبارەت بە بەهێزکردنی ڕاپەڕینی چەکداریی کورد، لە ڕێگەی گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی ڕوون، هەماهەنگیی خەبات و هاوکاریی نێوان ڕێکخراو و پارتەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان و ناساندنی دۆزی کورد لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا.

عیسمەت دەڵێت: کاتێک لە بەیروت بووم لە ساڵی ١٩٦٢دا، باوکم و دایکم هاتن بۆ بینینم و ئەوەیش دوایین دیدار بوو لەگەڵیان. ئەو دەیگوت: فاکتەری جیۆستراتیژیی کوردستان، بارودۆخێکی هێنابووەئاراوە، کە پێویستی بە ستراتیژیەتێکی تایبەت هەبوو، بە جۆرێک کە بارودۆخی سیاسیی هەموو پارچەکانی، کوردستان لەبەرچاو بگرێت. پێویستە پەیوەندییە کوردستانییەکان؛ لە تێکچوون و خزانی بەرەو ململانێی ناوخۆیی بپارێزرێن. واتە توندوتۆڵکردنی یەکڕیزیی کورد دژی هەوڵەکانی داگیرکەران، کە ئامانجیان پارچەپارچەکردنی کاری هاوبەش و هەماهەنگیی نێوان کوردان بوو، ئەگەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا هەبێت، ئەوە نابێت ڕێگربێت لە بەردەم گەشەکردنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی لە پارچەکانی تری کوردستاندا. هەروەها پەرەپێدانی ئابووریی ناوخۆیی، بەتایبەت کەرتی کشتوکاڵ بۆ کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی گەمارۆی ئابووریی سەر باشووری کوردستان (عێراق).

بەهۆی ئەو مەترسییانەی دەوری گەلی کورد و جووڵانەوە ڕزگاریخوازییەکەیان لە باشووری کوردستان دابوو، بارودۆخەکە هشاری دەخستە سەر دروستکردنی دەستەیەکی باڵا کە دەسەڵاتی بڕیاردانی چارەنووسسازی هەبێت و سەرکردایەتیی هەموو پارچەکانی کوردستان بەشێوەیەکی دیموکراتی، تێیدا نوێنەرایەتی بکرێن بۆ هەماهەنگیی کاری خەباتی ڕزگاریخوازیی هاوبەش. ژیری و لۆژیک ئەوەی دەخواست، کە ڕێگە نەدرێت تەنها پارتێک یان یەک کەس کۆنترۆڵی چارەنووسی نەتەوە بکات، چونکە لەوانەیە لە ساتێکی لاوازیدا، یان بەهۆی هشارە هەرێمییەکان، یان قۆستنەوەی هەل بە مەبەستی خۆپەسەندی و حەزی تاکڕەویی سەرکردایەتیی کەسی، لەوانەیە سەرکردایەتیی یان سەرۆکی پارتەکە پەنا بۆ سازشی دەرەکیی مەترسیدار ببات، یان هەڵوێستێک بگرێتەبەر، کە زیان بە جەوهەری بەرژەوەندییەکانی نەتەوە و نیشتمان بگەیەنێت.

هەموو چاودێرێك هەست بەوە دەکات کە عیسمەت، زوو هەوڵیداوە ئەم کەلێنە مەترسیدارانە ئاشکرا بکات و پڕ بکاتەوە، کە بێگومان لە داهاتوودا لەسەر ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان؛ سەرهەڵدەدەن. بۆ ئەو مەبەستە دەبینین نامە بۆ مەلا موستەفا و مەکتەب سیاسییەکەی دەنێرێت و هۆشداری دەدات لە لێکەوتەگەلی ناکۆکییەکان، لە کاتێکدا هەردوولا سەرەڕای کێشە، کەچی نکوڵییان لێدەکرد.

سەرکردەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان، پەنایان بۆ شێوازی دیموکراتیی ئاشتییانە نەبرد، ئەوان لە ئاستی ئەرکە مێژوویییەکاندا نەبوون، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاڵنگاریانەی بەرۆکی گەلیان دەگرت، ململانێ بەشێوەیەکی وێرانکەر بەسەر ڕەوتی شەڕی ڕزگاریخوازیدا زاڵ بوو. دابڕان و جیابوونەوە لە ساڵی ١٩٦٣ لە نێوان باڵی مەلا موستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد بە ڕوونی دەرکەوت و زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەو سەردەمەدا سەردانی کوردستانیان کردبوو، هەستیان پێدەکرد. تەنانەت دواتریش ململانێی ناوخۆیی لە حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکاندا، بەردەوامیی پێدرا و نزیکەی هەموو پارچەکانی کوردستانی گرتەوە، ململانێی ناوخۆیی لە نێوان (PDK - YNK لە عێراق)، (حدک و کۆمەڵە لە ئێران)، پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK و پارتەکانی تر) سەریهەڵدا، بە دەستوەردان و هاندانی دەوڵەتانی (عێراقی، ئێرانی،

تورکی و سوری). سەرکردە کوردەکان، لۆژیک و پێگەیشتنی سیاسییان کەم بوو، ئەرکە نیشتمانییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردییان، لە بەرگریکردن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردەوە، گۆڕی بۆ شەڕی ناوخۆ و یەکلاکردنەوەی ململانێی سەرکردایەتی لە نێوان خۆیاندا، پێداویستیی ناکۆکییە ناوخۆییەکانیش ناچاری دەکردن داوای یارمەتی لە دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان بکەن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارە ناوخۆییەکە، بەمەیش جووڵانەوەی کورد دەکەوێتە ناو گەمەی هەرێمیەوە، ئەوەیش خۆکوشتنێکی تەواوە و گەلی کورد باجێکی گرانی لەم سیاسەتە هەڵانە بەرکەوت. عیسمەت شەریف دەیویست جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، لەم مەترسییانە بپارێزێت.

عیسمەت، لە بەرامبەر هاوپەیمانییە ئیمپریالیە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی دژ بە کورد، هەستی بە گرنگی هاوپەیمانیی هێزە کوردستانییەکان دەکرد، بۆ ئەو مەبەستە نامەیەکی ئاراستەی دەستەی سکرتاریەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران کرد، بەناوی لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد کە خۆی لەگەڵ هەندێک هەڤاڵی تر دایانمەزراندبوو، دەستوورەکەی نووسی و پاشان خستیە بەردەم کەسایەتی و پارتە کوردستانییەکان، بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی لەسەر بدەن یان سەرنجی خۆیانی لەسەر بدەن. هەروەها لە یاداشتەکەیدا درێژەی پێدەدات و دەڵێت:

لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد، زۆر دڵخۆشە بەو هاوکارییە تووندوتۆڵەی لە نێوان پارتەکەی ئێوە و لێژنەکەدا، لە ماوەی ڕابووردوودا لە بواری سیاسیی دەرەوەدا، بۆ خزمەتکردنی دۆزی نەتەوەیی کورد ئەنجامدراوە، بەتایبەت سوپاستان دەکەین بۆ نامەکەتان کە لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/٥/١٠ و بە هاوبەشی لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستان - سوریا) ناردووتانە بۆمان، بەمەبەستی تووندوتۆڵکردنی هاوکاری و ڕێکخستنی لە نێوان ئەم دوو پارتە و لێژنەکەدا. سوپاسی ئەو متمانە گەورەیە دەکەین؛ کە بەخشیوتانە بە لێژنەی داکۆکیکردن و سکرتێرەکەی، بەپێی ڕاسپاردەیەکی فەرمی لەلایەن نوێنەرتان (هەڤاڵ عەبدوڵا ئیسحاقی) بۆ نوێنەرایەتیکردنی پارتە شکۆدارەکەتان و قسەکردن بەناوی پێنج ملیۆن لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان - ئێران - لە تەواوی ئەو چالاکی و پەیوەندییە سیاسییانەی، کە لێژنەی داکۆکیکردن لە ناوەندە

نێودەوڵەتییەکاندا بۆ بەرگری لە دۆزی کورد ئەنجامی دەدات. ئەم نوێنەرایەتییە، شەرەفێکی گەورەیە بۆ لیژنەی داکۆکیکردن و سکرتاریەتەکەی، هەروەها دەرکردنی بەیاننامەی سێ قۆڵی لەلایەن هەردوو پارتی (حدك - ئێران) و (پدك - سوریا) و لیژنەی داکۆکیکردن بۆ پشتگیریکردنی شۆڕشی کوردستان- عێراق، یەکێکە لە کارە ئەرێنییە گرنگەکان؛ کە لە مەیدانی هاوکاریدا ئەنجامدراون.

هەروەها دەڵێت: بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە، ڕەزامەندیی پارتەکەتان لە ڕێکەوتی ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٦٢ لەسەر دەستووری کاتیی لیژنەی داکۆکیکردن تۆمار دەکەین، دوای گفتوگۆ و هەمواورکردنەکان کە بە ڕێکەوتنی نێوان نوێنەرتان (عەبدوڵا ئیسحاقی) و سکرتێری لیژنەی داکۆکیکردن ئەنجامدران. لە کۆی ئەو کارە گرنگانەی پارتەکەتان و لیژنەکەمان بە شێوەی هاوبەش ئەنجاممان دا، ناردنی یاداشتێک بوو بۆ جەنابی یو سانت (U Thant)ی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/٦/٢٥، بۆ پشتگیریکردنی بانگەوازی پێشەوا ژەنەڕاڵ بارزانی، کە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات دەستوەردان بکات لەو ململانێیەی لە نێوان گەلەکەمان و حکومەتی دیکتاتۆری قاسمدا هەیە، بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسییەک بە چاودێریی نێودەوڵەتی، بۆ زانینی ویستی گەلی کوردستان لە عێراقدا. هەروەها بە خۆشحاڵییەوە دەڵێین؛ کە گفتوگۆکانی نێوان سکرتێر و نوێنەری پارتەکەتان، یەکدەنگیی تەواوی ئێمەی سەلماند و بووە هۆی ڕێکەوتن لەسەر خاڵە گرنگەکان، ئەم خاڵانەیش دەخرێنە بەردەم جەنابی پێشەوا ژەنەڕاڵ بارزانی و پارتە کوردستانییەکانی تر. هیوایەکی زۆرمان هەیە کە ببێتە هۆی تۆندوتۆڵکردنی چالاکییەکان و یەکخستنی سەرکردایەتییان لە ئەنجومەنێکی باڵادا، بە سەرۆکایەتیی جەنابی ژەنەڕاڵ بارزانی بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد و جووڵانەوە ڕزگاریخوازییەکەی.[١٥١]

عیسمەت، سکرتێری لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد، لە کاتی بوونی لە بەیروت، ڕاپۆرتێکی وردی ئاراستەی مەلا موستەفا (سەرۆکی پارتی دیموکراتی

[١٥١] نامەیەك لە سکرتێری لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد بۆ (حدك)ی ئیران، لەڕێگەی عەبدوڵا ئیسحاقییەوە ئەندامی دەستەی سکرتاریەت لەبەرواری ١٩٦٢/٦/٢٥.

کوردستان و فەرماندەی گشتیی جووڵانەوەی چەکداریی کورد) کرد، کە تێیدا ڕوانگەی ستراتیژیی عیسمەت، زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

کۆسپی سەرەکی؛ بریتی بوو لە شێوازی فیکریی سەرکردایەتیی کورد و ئەو عەقڵیەتەی، کە جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازیی لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، پێ بەڕێوەدەبرا. تەواو دیاربوو ئەقڵیەتێکی دواکەوتووە، لێرەوە و بەداخەوە کەسایەتییەک کە جێگەی شانازیی نەتەوەیەک بوو، پەراوێزخرابوو و ئەو بۆچوونانەی دەیخستنەڕوو، بەهۆی دواکەوتوویی سەرکردایەتی و تێنەگەیشتنیان لە پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی ئەو سەردەمە، کاری پێنەدەکرا. عیسمەت، زوو هەستی بە مەترسییە چاوەڕوانکراوەکان کردبوو، لەسەر ڕێگای یەکڕیزی و یەکبوونی سەرکردایەتیی کورد، بۆیە دەیبینین زۆر سوورە و چارەسەر پێشکەش دەکات، بۆ دوورکەوتنەوە لە پارچەپارچەبوونی ناوخۆیی لە داهاتوودا.

لە نامەکەیدا بۆ مەلا موستەفا کە لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٦٢ لە بەیروتەوە ناردوویەتی، وەک سکرتێری لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد (Komîteya Parêzgarî Mafî Netewey Kurd)، چەند پێشنیارێکی گرنگ دەخاتەڕوو و نامەکەی بەمشێوەیە دەستپێدەکات: لەسەر ئەو ڕێنوێنیانەی بە کاک ئەحمەد تۆفیقدا ناردبووتان، هاتمە بەیروت بۆ گفتوگۆ و ئەنجامدانی هەندێک ئەرک بە هاوبەشی لەگەڵ کاک ئەحمەد. برای خۆشەویستم دکتۆر وریا ڕەواندزی؛ نەیتوانی بێتە ئێرە، بەڵام ئێمە لە پەیوەندیداین و کاک وریایش ڕێز و سڵاوی خۆی، بۆ جەنابتان و هەموو پاڵەوانە جەنگاوەرەکان دەنێرێت، کاتێک لە ١٤ی حوزەیران گەیشتمە بەیروت، بینیم کاک ئەحمەد بە یارمەتیی بەرپرسانی (پدك - سوریا) و هەندێک کوردی سەربەخۆ و نیشتمانپەروەر، چالاکییەکی زۆریان لە سوریا و بەتایبەت لە بەیروت ئەنجامداوە، گرنگترینیان چاپکردنی بانگەوازی جەنابتان بوو بۆ ڕای گشتیی جیهانی، بە زمانی عەرەبی و چاپکردنی بڵاوکراوەی جۆراوجۆری تر وەک (دیسان بارزانی) و دوا ژمارەی (خەبات) و پەخشکردنیان، هەروەها پەیوەندیکردن بە ناوەندە ڕۆژنامەوانییە بیانییەکان لە بەیروت. لە دەمی گەیشتنمەوە، بەیەکەوە بەردەوام بووین لە کار، بێگومان کاک ئەحمەد

که گەڕایەوە، ڕاپۆرتێکی وردتان پێشکەش دەکات و باسی هەموو کارەکان و بارودۆخی سوریا و لوبنان و بارودۆخی ڕێکخراوە کوردییەکان لە ئەوروپا دەکات. دەمەوێت سوپاسی جەنابتان بکەم؛ بۆ ئەو متمانە گەورەیەی بە منتان بەخشیوە، وەک چۆن کاک ئەحمەد پێیڕاگەیاندین. هەروەها بەناوی کاک وریاوە سوپاستان دەکەم، ئێمە شانازی بەم متمانەیەوە دەکەین و وەک ڕابوردوو، هەمیشە لە خەبات لەسەر ڕێگای ڕاست بەردەوام دەبین و بەرژەوەندیی گەلی کورد و ڕزگاریی نەتەوەیی و ڕزگارکردنی کوردستان، دەخەینە سەرووی هەموو ئەرکەکانی تردوە، تا شایستەی ئەم متمانەیە بین.

پێشنیارەکانی عیسمەت بە کورتی ئەمانەن:

١. کێشەی دیلەکانی جەنگی عێراق.

٢. ئامانجەکانی شۆڕشی کورد.

٣. ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان.

٤. هەماهەنگی لە پەیوەندییە کوردستانییەکاندا.

٥. ڕاگەیاندن لە دەرەوە.

٦. مەرجەکانی ئۆتۆنۆمی.

سەبارەت بە کێشەی دیلەکانی جەنگ، دەڵێت:

پێش هەر شتێک؛ دەمەوێت ئاماژە بدەم بەوەی کە لە سویسراوە نامەیەکم بۆ بەڕێزتان ناردووە، لە ڕێکەوتی ١٨ی نیسانی ١٩٦٢ بە ژمارە A/١٢٦٦، هەروەها بە دووجار (١٥٠) کارتی دیلی جەنگم لەلایەن (خاچی سووری نێودەوڵەتی)یەوە ناردبوو، بە ڕێگەی (پدك - سوریا)ەوە بە دەستی نوێنەرتان لە سوریا و لوبنان، برای خۆشەویستم خەباتگێڕ کاک ئەحمەد تۆفیقەوە گەیشتبوو، هیوادارم پێتانگەیشتبێت. ئێمە هێشتا چاوەڕێی گەیشتنی کارتی پڕکراوەی دیلەکانی جەنگ دەکەین، بۆ ئەوەی بگات بە لیژنەی داکۆکیکردن، پاش پڕکردنەوەیان لەلایەن دیلە عێراقییەکانی لای هێزە کوردییەکانەوە، بۆ ئەوەی بیانگەڕێنینەوە بۆ خاچی سووری نێودەوڵەتی.

زۆر خۆشحاڵم کە ئەم هەواڵە خۆشەتان پێڕابگەیەنم: ئەو گفتوگۆ فەرمییانەی لەگەڵ خاچی سووری نێودەوڵەتیدا دەمکرد، وەک سکرتێری لیژنەی داکۆکیکردن و بە

نوێنەرایەتیی سەرکردایەتیی شۆڕش و بەناوی فەرماندەیی گشتیی جەنابتان، سەرکەوتوو بوون: لە ڕێکەوتی ٦ی حوزەیرانی ١٩٦٢ خاچی سووری نێودەوڵەتی، بە فەرمی ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر دەستوەردان لە ململانێی نێوان گەلەکەمان و قاسم، بەپێی بنەما مرۆییەکانی و ماددەی سێیەمی هەر چوار ڕێککەوتننامەکەی ژنێف لە یاساکانی جەنگی نێودەوڵەتیدا، لەم ڕێکەوتەدا خاچی سووری نێودەوڵەتی لە نامەیەکدا بۆ سکرتاریەتی لیژنەی داکۆکیکردن، ئاگاداری کردینەوە لە قبوڵکردن و نووسینی بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق لە ڕێگەی مانگی سووری عێراقییەوە، بۆ پێشنیارکردن و داواکاریی دەستوەردانی خاچی سووری نێودەوڵەتی لە پرسەکانی شەڕ و دیل و بریندارەکان، لەبەر هۆکاری مرۆیی؛ بەپێی سیستمەکەی. نامەی خاچی سوور (بە فەڕەنسی) لەگەڵ وەرگێڕانە عەرەبییەکەی، بۆ جەنابتانی دەنێرم و کۆپییەکیمان بۆ پەیوەندییەکانی داهاتوو پاراستووە.

دەمەوێت سەبارەت بەم بابەتە، ئەم خاڵانە ڕوون بکەمەوە: بەو پێیەی ئامانجەکانی شۆڕش لە سنووری ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، لە چوارچێوەی سنووری عێراق تێپەڕ ناکات، وەک چۆن لە بانگەوازەکەتاندا ڕوونتان کردووەتەوە، چونکە شۆڕش لای هەموو ناوەندە نێودەوڵەتییەکان تا ئێستا، بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراق دادەنرێت.

دەستووری خاچی سووری نێودەوڵەتی، ڕێگە بەخۆی دەدات دەستوەردان لە جەنگە ناوخۆییەکانیشدا بکات، بەو مەرجەی هەردوو لایەنی شەڕکەر ئەم دەستوەردانە قبوڵ بکەن، ئەمەیش بۆ شۆڕش واتە دەستوەردانی خاچی سوور بە کردەیی ڕووندادات، مەگەر بە ڕەزامەندی و قبوڵکردنی دەسەڵاتدارانی عێراق (قاسم) و قبوڵکردنی ئێوە. بەو پێیەی ئێوە دەستوەردانەکەتان پەسەندە، ئێستا پێویستە چاوەڕێی وەڵامی حکومەتی عێراق بکرێت.

ئەم هۆکارە بوو؛ وای کرد خاچی سووری نێودەوڵەتی، چەندین مانگ دوودڵ بێت لە نامە بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق، لەبەرئەوەی پێیانوابوو قاسم ئەم دەستوەردانە ڕەتدەکاتەوە، ئەمەیش ئەوە بوو کە نوێنەری خاچی سوور لە چاوپێکەوتنێکدا لە لۆزان، لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦١ و هەروەها لە ١٩ی ئایاری ١٩٦٢ بۆی ڕوونکردمەوە. هەر

لەبەر ئەم هۆکارە، خاچی سوور جەختیکردەوە لەسەر بەدەستهێنانی لیستی ناوی دیلە عێراقییەکان لای سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد، تا ببێتە بەڵگەیەک بەدەستییەوە بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی عێراق، (بە جۆرێک لەو حاڵەتەدا بتوانێت خزمەتگوزارییەکانی بۆ ئاڵوگۆڕی دیلەکان و ..هتد پێشنیار بکات)، بەڵام خاچی سووری نێودەوڵەتی، پێش هەبوونی لیستی ناوی دیلە عێراقییەکان، پەسەندی کرد نامە بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق بنێرێت، ئەمەیش بەهۆی ئەو کەمپینەی لەم دواییانەدا ڕێکمانخستبوو بۆ کاریگەری لەسەری، بەتایبەت دوای ئەو دەنگدانەوەیەی بانگەوازەکەی جەنابتان لە ناوەندە ڕۆژنامەوانییە جیهانییەکاندا دروستی کردبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا خاچی سووری نێودەوڵەتی لە دواییین نامەیدا بۆ ئێمە، هێشتا داوای لیستی ناوی دیلە عێراقییەکان دەکات (واتە کارتی دیلەکانی جەنگ)، بۆ ئەوەی فشار لەسەر قاسم زیاتر بکات، بەو هۆیەوە ناردنیان پێویستە. من لەگەڵ خاچی سووری نێودەوڵەتی سەبارەت بەم خاڵە قسەم کردووە: لێمپرسین هەڵوێستیان چی دەبێت ئەگەر ئامانجەکانی شۆڕش بگۆڕدرێن و حکومەتێکی کوردی لە کوردستانی باشوور (یان ئەو بەشانەی ئازادکراون) لەژێر سەرۆکایەتیی جەنابتان دابمەزرێت؟ وتیان لەم حاڵەتەدا، یاساکانیان ڕێگەیان پێدەدات دەستوەردان بکەن و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە حکومەتی کوردییەوە بکەن، بەبێ ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق. ئەمەیش تەنانەت ئەگەر هیچ دەوڵەتێکی تریش لەڕووی یاساییەوە دان بە حکومەتی کوردیدا نەنێت، تەنها بوونی حکومەتی کوردی وەک دەسەڵاتێکی ڕاستی لەسەر زەوی، کە کۆنترۆڵی بەشێکی گرنگی خاکی کردبێت، بەسە.

سەبارەت بە سیاسەتی شۆڕش بەرامبەر دیلە عێراقییەکان: ئێمە ئەو هۆکارانە دەنرخێنین؛ کە وای لە سەرکردایەتیی شۆڕش کردووە، دیلەکان دوای چەککردنیان دەستبەجێ ئازاد بکات و تەنها ژمارەیەک لەوانە نەبێت، کە تاوانبارن یان پلەدارن. دەشزانین بەکارهێنانی ئەم سیاسەتە، دەبێتە سەلماندنی مرۆڤایەتیی جەنابتان و دواتریش دەبێتە پڕوپاگەندە لە ناوخۆی عێراق. کەمکردنەوەی فشار لەسەرتان، لەڕووی نەبوونی توانای ماددی بۆ دابینکردنی بژێویی ژمارەیەکی زۆری دیلەکان بەتایبەت لە

زستانی ڕابوردوودا. بەڵام بڕوامواید پێویستە پێداچوونەوە بەم پرسەدا بکرێت، بڕوای من و وریایش وایە؛ کە پێویستە ڕێوشوێن بگیرێتە بەر بۆ ڕاگرتنی زۆرترین زیلی عێراقی، ئەوەیش لەبەر ئەم هۆکارانە و بەپێی ئەم پلانەی خوارەوە:

یەکەم: کوشتنی زۆرترین ژمارەی ئەفسەر و سەربازە قاسمییەکان لە کاتی شەڕدا، بەمەبەستی تێکشکاندنی سوپای قاسم، بەشێوەیەکی تەواو.

دووەم: ڕاگرتنی دیلەکانی تر و ئازادنەکردنیان و دروستکردنی ئۆردوگای دەستبەسەرکردن بۆیان.

سێیەم: سەبارەت بە بژێویی دیلەکان، لەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق قسەم کردووە، ئەو پێشنیاری دەرکردنی بەیاننامەیەک بۆ گەلی عێراق لەلایەن جەنابتانەوە دەکات، کە تێیدا گۆڕینی سیاسەتتان بەرامبەر دیلەکان ڕابگەیەنن و بڵێن بە ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن. بەڵام لەبەرئەوەی قاسم بە فڕۆکەکانی، بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستان لەناودەبات و بارودۆخی ئابووری خراپە، داوا لە ڕۆڵەکانی گەلی عێراق دەکەین؛ خۆراک و جلوبەرگ بە هەموو ڕێگەیەکی گونجاو، بنێرن بۆ کوردستان بۆ بژێویی دیلەکان.

چوارەم: ئەگەر ڕەزامەند بن لەسەر ئەم پلانە، ڕاگرتنی دیلەکان دەبێتە ئامرازێکی فشاری بەهێز بەدەست شۆڕشەوە، دژی قاسم و پڕوپاگەندەیەکی گرنگ لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا، بۆ نموونە جارێکی تر بۆ خاچی سوور دەنووسم و پێیان دەڵێم کە ئێوە سەدان (یان هەزاران) دیلتان لایە و بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانەوە، دۆخی ئابووری خراپە. بەو هۆیەوە جەنابتان داوا لە حکومەتی قاسم دەکەن، خۆراک و دەرمان بۆ دیلەکان بنێرێت، بەڵام لە ڕێگەی خاچی سووری نێودەوڵەتییەوە، ئەمە قاسم دەخاتە دۆخێکی شەرمەزارکەرەوە، دەبێت ناردنی تیمی خاچی سوور قبوڵ بکات، یان ئەگەر ڕەتی بکاتەوە بەرپرسیار دەبێت لە مردنی سەدان سەربازی خۆی لە برسان. وێڕای ئەوەی ئەم کارە، دەبێتە پڕوپاگەندەیەکی گرنگ بۆ ئەوەی دەریبخات کە قاسم چۆن کشتوکاڵی کوردستان بە فڕۆکە لەناودەبات.

بیرۆکەکە ئەوەیە کە یارمەتییەکانی خەڵکی عێراق بۆ دیلەکان، مەرج نییە لە ڕێگەی خاچی سوورەوە بێت (ئەگەر لە ڕێگەی ئەویشەوە بێت گونجاوتر و باشترە)، بەڵام یارمەتییە فەرمییەکانی قاسم بۆ دیلەکان دەبێت لە ڕێگەی خاچی سووری نێودەوڵەتییەوە بێت، بێگومان بۆ ئەوەی پرۆژەکە سەرکەوتوو بێت، پێویستە هێزە کوردییەکان هێرش بکەن و چەند سەد دیلێک بە کردەیی بگرن و لای خۆیان ڕایانبگرن، هەر کە هەواڵی ژمارەی دیلەکان و ناو و پلەکانیانم پێگەیشت، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، پەیوەندی بە خاچی سووری نێودەوڵەتییەوە دەکەم.

ئامانجەکانی شۆڕش

یەکەم: سەرەڕای سەرکەوتنە سەربازییەکانی شۆڕش، کەچی قاسم هەر لەسەر کەللەڕەقی و هێرشە ئاسمانییەکانی و درۆهەڵبەستن، بەردەوامە و هەرگیز وا دەرناکەوێت کە ئامادەبێت سازش بکات و دان بە حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی)دا بنێت، ئەو دەزانێت کە داننانی بە ئۆتۆنۆمیدا، بە واتای شکستی تەواوەتیی خۆی دێت، ئەمەیش کاریگەریی دەبێت لەسەر پێگەکەی و ڕەنگە ببێتە هۆی هەرەسهێنانی حوکمە تاکڕەوییەکەی، ئەویش ئەمەی ناوێت، تا ئەوکاتەی ئەم دۆخە بەردەوام بێت: قاسم بەناوی عێراقەوە لە بەغدا حوکم بکات و شۆڕشیش دەستی بەسەر بەشە گرنگەکانی کوردستاندا گرتبێت، چارەسەری پرسەکە زۆر ئاڵۆز دەبێت و ڕەنگە چەندین مانگ یان تەنانەت چەندین ساڵ بخایەنێت، بۆیە پێویستە هەموو ئەگەرەکان تاقی بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئەم دۆخەی ئێستا زۆر درێژە نەکێشێت.

دووەم: ڕای گشتی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی لە عێراق، بە بڕوای من پشتی پێ نابەسرێت بۆ ناچارکردنی قاسم بە کشانەوە، حیزبی شیوعیی عێراق سەرەڕای هەموو بەیاننامەکانی، هێشتا بەکردەیی پشتگیریی قاسم دەکات و سیاسەتێکی دووڕووانەی هەیە و ئەو سیاسەتە، کەس تەفرە نادات. گرووپەکەی چادرچی زیاتر دژی قاسمن، بەڵام لاوازن. بە ناچاری پێویستە شۆڕش تەنها پشت بە هێزی خۆی ببەستێت، بۆ چارەسەرکردنی پرسەکەی.

سێیەم: وڵاتانی سۆسیالیست؛ لە سەروویانەوە یەکێتیی سۆڤیەت، لەبەر بەرژەوەندیە ستراتیژی و بازرگانیەکانیان لەڕووی ماددیەوە، یان لانی کەم لە ڕووی سیاسی و ئابووری و مەعنەوییشەوە، لە کۆڕە نێودەوڵەتییەکاندا پشتگیری لە قاسم دەکەن.

چوارەم: وڵاتانی سەرمایەداری، حەزیان بە قاسم نییە و پشتگیریی ناکەن، بەڵام بەرژەوەندیی نەوتییان لە عێراقدا هەیە. بەم هۆیەوە بە هیچ شێوەیەک دەست لە پرسەکە وەرنادەن و هیچ یارمەتییەک نە بە قاسم و نە بە شۆڕش ناکەن. لەلایەکی ترەوە وڵاتانی سەرمایەداریی؛ هاوپەیمانی تورکیا و ئێرانن و ئامادە نین دەست لە پرسی کورد وەربدەن، یان لە ڕووی سیاسییەوە لە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکاندا یارمەتیی بدەن، چونکە تورک و ئێرانییەکان ئەوەیان ناوێت و لە بزووتنەوەی کورد دەترسن، تەنها ئەوە هەیە کە نێوەندە میدیاییەکانیان (ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن) لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەرگری لە شۆڕشی کورد دەکەن بەهۆی ڕقبوونەوەیان لە قاسم و لە عەرەب بەگشتی، بەشێکیان سۆزێکی سروشتییان بۆ بزووتنەوە نەتەوەییەکان هەیە، ئەگەر ڕێگایان شیوعی نەبێت و سەربەخۆ بن.

پێنجەم: ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەو واتایە نییە؛ کە دەرگاکان بە ڕووماندا بە داخراوی بمێننەوە، هەموو شتێک بە پلەی یەکەم بەستراوەتەوە بە هێزی شۆڕش و خۆڕاگری و فراوانبوونی، نموونەی خاچی سووری نێودەوڵەتی باشترین بەڵگەیە، دوای دوودڵییەک کە هەیانبوو لە سەرەتای شۆڕشەوە، بەڵام بڕیاریان دا دەستوەردان بکەن، دوای ئەوەی بینییان شۆڕش بەردەوامە و سەرکەوتووە، هەروەها دوای ئەوەی وتارەکانی ڕۆژنامە ئەوروپی و ڕۆژئاواییەکان بەگشتی ئەنجامی بەرچاویان هەبوو لە دروستکردنی ڕای گشتیی جیهانی؛ لە بەرژەوەندیی کورد. ئەم ڕای گشتییە جیهانییە هێشتا پێویستی بە خۆڕاکپێدان و پڕوپاگەندە هەیە، بۆ ئەوەی گەشە بکات و کاریگەری لەسەر دەوڵەت و حکومەتەکان دروست بکات، خۆڕاکپێدانیشی تەنها بە هەواڵەکانی شۆڕش و بەردەوامییەکەی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانمان و بڵاوکردنەوەیان دەبێت، لیژنەی بەرگری لە پەیوەندی و پڕوپاگەندەکانی بەردەوام دەبێت و زیادیان دەکات.

شەشەم: جگە لە هێزی شۆڕش خۆی و بەردەوامی و فراوانبوونی، پرسێکی بنەڕەتیی گرنگیش هەیە بۆ کاریگەری لەسەر نێوەندە نێودەوڵەتییەکان، ئەویش ئامانجە سیاسییەکانی شۆڕش و قاڵبە ڕێکخراوەییەکەیەتی، لە سەرەوە نموونەیەکم لەسەر هەڵوێستی خاچی سووری نێودەوڵەتی بەرامبەر شۆڕش لە حاڵەتی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیدا هێنایەوە، بێگومان ئەمە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕاستە. بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم شۆڕشە هێشتا پرسێکی ناوخۆیی عێراقە، تا ئەوکاتەی ئامانجەکەی بەدەستهێنانی حوکمی زاتی بێت لە چوارچێوەی عێراقدا. ئەم سیاسەتە، پێگەمان لە کۆڕە نێودەوڵەتییەکاندا زۆر لاواز دەکات، چونکە نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە بیانییەکان هەرچۆنێک بن دەست لە پرسێک وەرنادەن ئەگەر ناوخۆیی بێت، بەتایبەت لە پرسە ئاڵۆزەکەی ئێمەدا. ئێمە لەو هۆکارانە تێدەگەین کە واتان لێدەکات تەنها داوای حوکمی زاتی لە چوارچێوەی عێراقدا بکەن و تێدەگەم لەبەر چییە؟ هۆکارە ناوخۆییەکانی عێراق وا دەخوازێت؛ بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتی عەرەب لە عێراق بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام ڕەنگە ئۆپۆزسیۆنێکی ناوخۆیی کوردی لەلایەن هەندێک چەپی تیۆرییەوە هەبێت، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی شۆڕش لە حوکمی زاتی تێپەڕێنرێت بۆ مەیدانی داواکردنی سەربەخۆیی بەپێی ڕێساکانی مافی بڕیاردانی چارەنووس.

بڕوام وایە؛ دەتوانین ئەو دەستکەوتانە لە ڕێگای ڕای گشتیی عێراقەوە بەدەستبهێنین، بە تەنها سنووردارکردنی داواکارییەکانمان لە چوارچێوەی حوکمی زاتیدا، هەرگیز یەکسان نیە بەو دەستکەوتانەی کە لە هەلومەرجی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیدا لە نێوەندە نێودەوڵەتییە جیهانییەکانەوە بەدەستیدەهێنین، دەستکەوتەکان لە مەیدانە نێودەوڵەتییەکاندا گرنگترن لە سۆزی هەندێک عەرەبی عێراقی. لەلایەکی ترەوە دڵنیاین کە قاسم و هەموو عەرەبەکان بەگشتی و هەروەها ئێرانی و تورکەکان، بە تەواوی ئەوە دەزانن کە حوکمی زاتی بۆ کوردستان، تەنها قۆناغێکی کورت دەبێت و هەنگاوی داهاتوو بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەبێت، بەم هۆیەوە قاسم و نێوەندە عەرەبییەکان بەگشتی تەنانەت حەزیان بە ڕەزامەندیدان لەسەر حوکمی زاتییش

نییە و نایانەوێت، بەڵکو تەنها دانان بە هەندێک مافی کولتووری سەرەتایی کوردی و بەستنەوەی کوردستانی عێراق وەک بەشێک لە وڵاتانی عەرەبییان دەوێت، ئەمەیش شتێکە گەلەکەمان ڕەتی دەکاتەوە.

جۆرێک لە ناکۆکی هەیە، لە نێوان داواکردنی حوکمی زاتی لەلایەك و داواکردنی ئەنجامدانی ڕاپرسی، لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بۆ وەرگرتنی ڕای گەلی کوردستانی عێراق لەسەر داواکاری و ئارەزووەکانیان، چونکە ئاشکرایە کە ڕاپرسییەکە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی کوردستان بەپێی ڕای گەلەکەمان و فراوانکردنی ئامانجە سیاسییەکانی شۆڕش و گۆڕینی ئامانجەکان، لە قۆناغی داواکردنی حوکمی زاتییەوە بۆ داواکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هاوەەم دەبێت ئامانجەکان لەگەڵ هێزی کردەیی شۆڕشدا یەک بگرێتەوە.

بڕوام وایە؛ بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و هێزی شۆڕش گەیشتووەتە ئاستێک، کە ڕێگەی پێدەدات دەست بە قۆناغە نوێیەکە بکات. بەڵێ، ئەوە پێویست و زەروورە، لەو ڕۆژەوەی نیشتمانپەروەرە جەزائیرییەکان حکومەتی کاتیی جەزائیریان پێکهێنا، گرنگیی بزووتنەوەی جەزائیر لە مەیدانە نێودەوڵەتییەکاندا زیادی کرد، ئەمەیش لەگەڵ زانینی ئەوەی کە شۆڕشی جەزائیر نەیانتوانیبوو دەست بەسەر پارێزگاکانی جەزائیردا بگرن. بەڵکو حکومەتی جەزائیر لە دەرەوەی وڵاتی جەزائیر بوو؛ لە قاهیرە و پاشان تونس. لە کاتێکدا شۆڕشی کورد لە کردەوەدا دەستی بەسەر ناوچە و خاکێکی فراواندا گرتووە، ئێستا دەبینین پێگەی شۆڕشی کورد لەم ڕووەوە بەهێزترە لە چاو سێ ساڵ لەمەوبەری بەراورد بە شۆڕشی جەزائیر، بێگومان شۆڕشی جەزائیر سوودی لە یارمەتییە ماددی و مەعنەوی و سیاسییەکان دەبینی، کە وڵاتانی عەرەبی و حکومەتە ئەفریقی و ئاسیاییەکان پێشکەشیان دەکردن. پێگەی شۆڕشی جەزائیر پێش چەند ساڵێک بەهێزتر بوو لە پێگەی شۆڕشی کورد، لەگەڵ زانینی ئەوەی کە دۆخی سەربازیی شۆڕشی کورد باشترە لە دۆخی شۆڕشی جەزائیر لەو کاتەدا، بەڵام یارمەتییە مەعنەوی و سیاسییەکان بۆ شۆڕشی کورد لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا، لەو ڕۆژەوە زیاد دەکات کە سەرکردایەتیی

شۆڕش بە هەموو ڕاشکاوی و بوێرییەکیەوە ڕای بگەیەنێت کار بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی عێراق دەکات، بەپێی پەرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس.

لەبەر ئەم هۆکارانە و بۆ ئەوەی دەرگاکە بە تەواوی بە ڕووی ئەگەری بەدیهێنانی حوکمی زاتیدا دانەخەین، ئەم پلانەی خوارەوە پێشنیار بۆ جەنابتان دەکەم:

یەکەم: دامەزراندنی یان پێکهێنانی حکومەتی کاتیی کۆماری کوردستانی عێراقی خاوەن حوکمی زاتی (ناوەکە بە فەرەنسی بەمشێوەیەیە: *Le gouvernement Provisoire de la République Autonome du Kurdistan Irakien*).

دووەم: دامەزراندنی ئەم حکومەتە کاتییە؛ دەبێت بە سەرۆکایەتیی ئێوە و تەنها ئێوە بێت، کە متمانە و پشتگیریی گەلی کورد و ڕێکخراوەکانتان لە هەموو کوردستاندا هەیە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییشدا ناسراون.

سێیەم: دامەزراندنی ئەم حکومەتە، دەبێت دەستبەجێ یان لە نزیکترین کاتدا بێت دوای وەرگرتنی ڕاوێژی پێویست بۆ ئەو مەبەستە، ئەو کوردانەی کە ڕەزامەند نین لەسەر پێکهێنانی حکومەتەکە، ئەوا گەلەکەمان بە سووکایەتییەوە سەیریان دەکات و هەموو گرنگییەکەیان لەدەست دەدەن (ئەگەر تا ئێستا گرنگییان مابێت)، باشتر وایە پێش بڵاوکردنەوەی هەواڵی دامەزراندنی ئەم حکومەتە، ڕادیۆ بچووکەکە بگات بۆ ئەوەی ڕایبگەیەنێت.

چوارەم: پێویستە ئەم حکومەتە؛ حکومەتێکی سەر کاغەز نەبێت، بەڵکو ئیدارەیەکی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیەی شۆڕش کۆنترۆڵی کردووە. بەتایبەتی پێویستە حکومەتی کوردی، باج کۆبکاتەوە و هێزی پۆلیسی سەر بە شۆڕش دابمەزرێنێت. هەواڵی دامەزراندنی ئەم حکومەتە بەتایبەت لە ڕێگەی ڕادیۆوە، جۆش و خرۆشی گەلی کورد دەوروووژێنێت و هێزی شۆڕش لە چەند ڕۆژێکدا، چەند هێندە دەکات. پێویستە ڕادیۆکە؛ داوا لە ئەفسەران و ئەندازیاران و ڕۆشنبیران بکات، پەیوەندی بە سەرکردایەتیی شۆڕشەوە بکەن کە سەرۆکایەتیی حکومەتە بۆ بەشداریکردن لە شۆڕش و ئیدارەکەیدا.

پێنجەم: پێموایە ڕێکەوتی ١ یان ١٥ ئاب، لە دواین خەملاندنداا ١ی ئەیلوول ڕێکەوتێکی گونجاوە، بۆ ڕاگەیاندنی دامەزراندنی حکومەتی کاتی.

شەشەم (گرنگ): کاتێک حکومەتی کاتی، دامەزراندنی خۆی ڕادەگەیەنێت، بەیاننامەیەکی فەرمی بە شێوەی ئاگادارکردنەوە ئاراستەی قاسم دەکات و داوای لێدەکات دان بە حکومەتی کاتیی کوردی و حوکمی زاتیدا بنێت لە ماوەی تەنها سێ مانگدا (لە ١ی ئابەوە تا ١ی تشرینی دووەم)، لە بەیاننامەکەدا بانگەوازێک ئاراستەی ڕای گشتیی عێراق بکرێت، بۆ ناچارکردنی قاسم بۆ دانپێدانان بەوە لەپێناو پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و دۆستایەتیی پەیوەندییە کوردی – عەرەبییەکان، بەیاننامەکە دەڵێت لە حاڵەتی دانەنانی قاسم بە حکومەتی کاتیی کوردی و حوکمی زاتیدا لەو ماوەیەدا، یان هەر حکومەتێکی تری عێراقی (لە حاڵەتی دەرکردنی قاسم لە ماوەی سێ مانگەکەدا)، ئەوا حکومەتی کاتیی کوردی دەستبەجێ ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر بۆ خستنەڕووی پرسی کورد، لە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان و چارەسەرکردنی پرسی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەپێی پەرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس. ئەو دەم قاسم، بەرپرسیار دەبێت لە هەرەسهێنانی یەکپارچەیی عێراق، من دڵنیام عەرەبەکان و قاسم لە دامەزراندنی حکومەتی کاتی دەترسن و ئەگەرێکی زۆر هەیە کە دان بەوەدا بنێن و پاشەکشە بکەن، بەتایبەت ئەگەر پێش دامەزراندنی حکومەتەکە یان لەگەڵیدا سەرکەوتنی سەربازیی کوردی هەبێت، دیل بگیرێت و ڕابگیرێت، ئەمەیش پێویستە.

حەوتەم (گرنگ): ئەگەر سێ مانگ تێپەڕی بەبێ هیچ دانپێدانانێکی فەرمی بە حکومەتی کاتیی کوردی و حوکمی زاتیدا، ئەوا حکومەت بەیاننامەیەکی نوێ بڵاودەکاتەوە و ڕادەگەیەنێت کە ناوەکەی گۆڕیوە و ناوەکەی بووە بەمشێوەیەی خوارەوە: (حکومەتی کاتیی کۆماری کوردستانی باشوور) و ئاڵای کورد بەرز دەکاتەوە و سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیەنێت پاشان دەست بەجێ وەفدێک دەنێرێت بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ هەوڵدان بۆ خستنەڕووی پرسی کورد لە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان و چارەسەرکردنی پرسەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەپێی پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس. ئەگەری زۆرە لەم حاڵەتەدا؛ وەفدەکە نەتوانێت دەستبەجێ پرسەکە بخاتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام ئەمە کاتییە. ئەگەر لە مانگی یەکەمدا نەتوانێت ئەوا لە مانگی دووەم یان سێیەم، لانی زۆر دەتوانێت. ئەوە تەنها پرسێکی کاتییە و

بەستراوەتەوە بە هێزی شۆڕشی کورد و ئەو بەڵێنانەی کە وەفدەکە لەو ماوەیەدا دەتوانێت لە ڕووی ئابووریيەوە، بە هەندێک دەوڵەتی بیانیی بدات. لە هەموو حاڵەتێکدا چوونی وەفدەکە بۆ بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان؛ ژاوەژاوێکی ڕۆژنامەوانیی جیهانی دروست دەکات و ئەمەیش، زۆر یارمەتیدەر دەبێت بۆ خستنەڕووی پرسەکە بە فەرمی و دوای ماوەیەکی کورت لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەشتەم: باشتر وایە ئەمە پێشوەختە بێت، یان هاوکات بێت لەگەڵ سەرکەوتنی کردەی سەربازیی نوێ، ئەگەر کرا پلانێک بۆ هێزەکان دابنرێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی لەناکاوی دامەزراوە نەوتییەکان لە باباگورگور و عەین زالە، ئەوا بێگومان دەبێتە هۆی ئەوەی پرسی کورد دەستبەجێ ببێتە پرسێکی نێودەوڵەتی و دەرگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە بەردەمدا بکرێتەوە. پێویستە لە حاڵەتی دەستبەسەرداگرتنی دامەزراوە نەوتییەکاندا، دەست لەو دامەزراوانە نەدرێت و بەیاننامەیەک دەربکرێت کە حکومەتی کوردی، نەوتی کورد نیشتمانیی ناکات (خۆماڵی ناکات). بە مەرجێک کۆمپانیاکان داهاتی نەوتی کوردستانی باشوور بدەنە حکومەتی کوردی نەک حکومەتی بەغدا، بەڵام ئەگەر کۆمپانیا نەوتییەکان کاتیان کوشت و دەرگای نەتەوە یەکگرتووەکان دەستبەجێ نەکرایەوە، ئەوا دەتوانرێت بەیاننامەیەک دەربکرێت کە هەڕەشەی تەقاندنەوەی دامەزراوە نەوتییەکان بکات، ئەگەر ئەوە ڕووی نەدا.

نۆیەم: پۆستی سەرۆککۆمار و سەرۆکی حکومەت لە دەوڵەتی کوردستانی باشوور (لە حاڵەتی دامەزراندنیدا)، دەبێت یەک پۆست بێت (واتە حوکمی سەرۆکایەتی)، هەموو ئەوە لەژێردەستی جەنابتان بێت، بێگومان سەرکردایەتیی هێزە کوردییەکانیش هەر لەژێر دەستی ئێوەدا بێت، ئەم چڕکردنەوە و وردەکارییە پێویستە؛ بەتایبەت لە کاتی جەنگدا، بەڵام ئەگەر قاسم یان هەر حکومەتێکی تری عێراقی، حوکمی زاتیی کوردستانی عێراقی قبوڵ کرد لە ماوەی سێ مانگەکەدا، دەتوانرێت سەرۆککۆماری عێراق (یان ئەنجومەنی سەرەری) وەک سەرۆککۆماری کوردستانی عێراقی خاوەن حوکمی زاتی هەژمار بکرێت، سەرۆکایەتیی وەزیران لەژێردەستی جەنابتان بێت (مەبەستم سەرۆکایەتیی وەزیرانی کوردیی خاوەن حوکمی زاتییە).

دەیەم: پێویستە لە هەردوو حاڵەتەکەدا (حوکمی زاتی یان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی)، ڕێز لە کەمینەکان بگیرێت؛ بەتایبەتی تورکمانەکان و قوتابخانەیان بە زمانی خۆیان بۆ بکرێتەوە، تاوەکو تورکیا ئەمە نەکاتە بیانوو بۆ هێرشکردنە سەر کوردستانی باشوور.

ناکۆکییە ناوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان

دەربارەی بارودۆخی سیاسیی ناوخۆی بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی عێراق: بیستبووم؛[۱۵۲] کە هەندێک پشێوی و کەمتەرخەمی لە خزمەتکردنی شۆڕشدا هەبووە، لەلایەن ژمارەیەک لەو برایانەی لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق کار دەکەن، بەتایبەتی لە ماوەی وەرزی زستانی ڕابوردوودا. ڕەنگە ئەمەیش لە

---

[۱۵۲] ، بێگومان (ئەحمەد توفیق) کە باسی بابەتی ناکۆکییەکانی نێوان مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسی بۆ عیسمەت گێڕابووەوە، جەلال تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسییش وەڵامی نامەکەی عیسمەتیان دایەوە بە ڕەتکردنەوەی تەواوی ئەم ڕووپاگەندەوانە، و جەلال تاڵەبانی تۆمەتی خستە پاڵ (ئەحمەد) کە بە مەبەست ناکۆکییەکانی وروژاندووە. هەروەها تۆمەتی "خائینبوون یان تەمبەڵی و سستی" مەکتەبی سیاسی لە جێبەجێکردنی ڕۆڵەکەیان لە شۆڕشدا ڕەت دەکاتەوە — پێچەوانەی ئەوەی کە (ئەحمەد توفیق) ڕووپاگەندەی بۆ کردبوو — و لە نامەکەیدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٩/٧/١٩٦٣ و ئاراستەی عیسمەت کرابوو، بە "توخمێکی تێکدەر" ناوی دەبات. سەبارەت بە ناکۆکییەکانیش لەگەڵ مەلا مستەفا، جەلال تاڵەبانی دەنووسێت: "بێگومان نامەکەی پاڵەوانی بەناوبانگ بارزانی بۆ ئێوە، وەڵامی تەواو و یەکلاکەرەوەیە بۆ ئەم بانگەشەیانەی کە دوژمنان بڵاویان دەکەنەوە و خەونی پێوە دەبینن، بەڵکو هەوڵیشیان داوە بۆ دروستکردن و فراوانکردن و هێنانەدیی. بەڵام ئایا هەڵوێستی ئێمەی سەرکردایەتی حزبی لەم بارەیەوە چییە؟! پوختەی هەڵوێستمان ئەوەیە:

- ئێمە هەرگیز ڕاستی بۆ قسە و ڕووپاگەندەی دوژمنان دابین ناکەین و پشتڕاستی ناکەینەوە.
- ئێمە هەرگیز ڕێگە نادەین هیچ ناکۆکییەک لە نێوان ئێمە و بارزانیدا هەبێت بە هەر نرخێک کە بێت.
- ئێمە ئامادەین دەستبەردارى سەرکردایەتی ببین بۆ ئەوەی هیچ دەرفەتێک بۆ هیچ ناکۆکییەک لەگەڵ بارزانیدا نەهێڵینەوە.
- ئێمە هەرگیز بەرگری لە خۆمان و کەسایەتیی خۆمان ناکەین، بەڵکو بەرگری لە حزب و ئامانج و بنەماکانی دەکەین.
- ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ یەکخستنی ئەو تێڕوانین و بۆچوونە جیاوازانەی کە بە شێوەیەکی گشتی لە حزبە دیموکراتەکاندا ڕووەدەن، چ لەگەڵ بارزانی بێت یان لەگەڵ کەسانی تری سەر بە کۆمیتەی ناوەندی و خودی مەکتەبی سیاسی."

ئەنجامی خۆئامادەنەکردنی تەواو بێت بۆ شۆڕش، یان کەمئەزموونیی ئەو برایانە بووبێت لە پرسەکانی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕی و سەرکردایەتیی سەربازیدا. من لەم بارەیەوە لە نامەیەکدا بۆ جەنابتان و لە نامەیەکی تردا بۆ مەکتەبی سیاسیی (پدك - عێراق) قسەم کردبوو. هەندێک سەرنجی بونیادنەر و هەندێک ڕەخنەی برایانەی بونیادنەرم ئاراستەی مەکتەبی سیاسیی (عێراق) کردبوو، هەریەک لە مەکتەبی سیاسیی (پدك - سوریا) و ئەندامی دەستەی سکرتاریەتی (حدک - ئێران) کاک ئەحمەد تۆفیق ئاگاداری ناوەڕۆکی ئەو نامەیە بوون و ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕی و پشتگیرییان کرد. ئێستا بە تەواوی نازانم هەڵوێست لەم ڕووەوە چۆنە، دوای هەڵمەتی سەرکەوتووانەی بەهار کە شۆڕش ئەنجامی دا، ئایا ئەو برا بەڕێزانەی مەکتەبی سیاسیی پارتی – عێراق، بەدەم ئەو دۆخەوە هاتوون و بەشێوەیەکی پێویست بەشداریان لە فراوانکردنی شۆڕشدا کردووە؟ دواڕمارەی (خەبات)؛ ژمارەیەکی باشە لە ڕووی ئاراستە و خۆڕاگری و ڕاشکاوییەکەیەوە و ئەوە نیشان دەدات کە ئەو برایانە بەدەم دۆخەکەوە هاتوون:

أ. ئەگەر وابێت، کەواتە داواکراو لە ئێمە ئەوەیە کە یەکڕیزیی ڕیزەکان لەژێر یەک سەرکردایەتیدا، کە سەرکردایەتیی دانای ئێوەیە شتێکی پێویستە، بەتایبەت لە هەلومەرجی شۆڕش و خەبات دژی دوژمندا. لەم حاڵەتەدا لیژنەی بەرگریی دەستوور جەخت لە سەر کارکردن بۆ یەکخستنی ڕیزەکان و هەوڵەکان لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەکاتەوە و خۆشحاڵیی زۆری خۆی بۆ ئەمە دەردەبڕێت.

ب. بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە بەو شێوەیە نەبوو، پابەندیی ئەو برایانە لە شۆڕشدا لاواز بوو و لێهاتوویی کەم بوو و کەمتەرخەمییەکان بەردەوام بوون، بەتایبەتی بەرامبەر سەرکردایەتیی باڵای شۆڕش کە لەژێردەستی جەنابتاندایە، ئەوا سێ چارەسەری گونجاو بۆ ئەم دۆخە هەیە، وەک:

چارەسەری یەکەم: بەستنی کۆنگرە؛ یان لانی کەم کۆنفرانسێکی پارتی لە عێراق، بە ئامادەبوونی جەنابتان لە یەکێک لەو ناوچانەی شۆڕش کۆنترۆڵی کردوون، ئەنجامدانی

هەڵبژاردنی نوێ بۆ مەکتەبی سیاسی و لێپرسینەوە لەو برایانەی کەمتەرخەمییان کردووە یان هەڵەیان کردووە، بە دادپەروەری و بە پێوانەی کەمتەرخەمییەکانیان.

چارەسەری دووەم: لەبری چارەسەری یەکەم؛ حیزب خۆی هەڵبوەشێنێتەوە لە کۆنگرە یان کۆنفرانسێکدا و بگۆڕدرێت بە بەرەی ڕزگاریی کوردستانی عێراق (هاوشێوەی بەرەی ڕزگاریی جەزائیر)، ئەم بەرەیە بە کردەیی لە هەموو توخمە دڵسۆزەکانی کوردستان پێکبێت، چ ئەوانەی ئەندامی حیزبی هەڵوەشاوە بوون یان سەربەخۆ دڵسۆزەکان کە لە خزمەتی شۆڕشدان. ئەم چارەسەری دووەمە، پێویستی بە گۆڕینی ئامانجەکانی شۆڕش هەیە بەشێوەیەکی فەرمی، لە داواکردنی ئۆتۆنۆمییەوە بۆ داواکاریی ئاشکرای مافی بڕیاردانی چارەنووس بە سەربەخۆییشەوە و بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەی کورد. چونکە تێگەیشتن لە بەرەی ڕزگاری بە واتای ئۆتۆنۆمی نایەت، بەڵکو بە واتای ڕزگاری دێت، هەرچەند هەڵوەشاندنەوەی حیزب بۆ خۆی کارێکی نادروست یان نەگونجاوە لە بارودۆخی ئێستادا.

چارەسەری سێیەم: ئەم چارەسەرە مامناوەندە و هەردوو چارەسەری پێشوو کۆدەکاتەوە، وەک:

یەکەم: بەستنی کۆنگرە یان کۆنفرانس بۆ حیزب و هەڵبژاردنی مەکتەبی سیاسییەکی نوێ.

دووەم: پاراستنی حیزب بە سەرکردایەتییە نوێیەکەیەوە و لە هەمان کاتدا دامەزراندنی (بەرەی ڕزگاریی کوردستانی عێراق) و چوونە ناوەوەی پارتی بۆ ناو بەرەکە وەک حیزبێک، هەروەها چوونە ناوەوەی کەسایەتییە سەربەخۆ نیشتمانییەکانی کوردستان. جەنابی بارزانی: هیوادارم جەنابت و لای برایانی شۆڕشگێڕی قارەمان ڕوون بێت، کە زۆرینەی هەرە زۆری ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو کوردستان و (حیزبی ئێران) و (پارتی سوریا) و دەستە کوردستانییەکان لە کوردستانی تورکیا و لیژنەی بەرگری و بنکەی پارتی عێراقی، هەموویان لەگەڵتانن و لە تەنیشتتانن و متمانەی خۆیان دەبەخشنە کەسایەتیی جەنابت وەک فەرماندەی گشتیی شۆڕش و سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەشێوەیەکی گشتی، بەو هۆیەوە ئەگەر

بارودۆخەکە تا ئێستا نەگۆڕاوە، پێمانوایە جەنابتان مافی ئەوەتان نییە دوودڵ بن لە جێبەجێکردنی ئەو چارەسەرەی کە بە لامانەوە دروستە و دەکرێت بە خێرایی جێبەجێ بکرێت، بێ ئەوەی لێکترازان لە ناو بزووتنەوەی کوردیدا ڕووبدات. بەرژەوەندیی شۆڕش لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە و دەبێت پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان، خۆیان پاک بکەنەوە لە هەموو توخمە لاواز و لێنەهاتووەکان و دوودڵەکان ئەگەر بەڕاستی هەبن، جەنابتان شارەزاترن بە بارودۆخەکە و بەرژەوەندیی گەلەکەمان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەی.

سەبارەت بەو پارانەی شۆڕش کە لە حکومەت وەک دەستکەوت گیراون (سی هەزار دینار)، بە بەشداریی شۆڕشگێڕی قارەمان کاک (مەحموود کاوان) کە براوەتە سلێمانی، شۆڕش لە لیوای موسڵ لە ماوەی وەرزی زستانی سەختدا لێی بێبەش بووە، پێویستە فەرمان بدەن بگەڕێنرێتەوە بۆ سندوقی شۆڕش لای جەنابتان و خەرجکردنی بە ئاگاداری ئێوە و بەپێی پێداویستییەکانی شۆڕش و شۆڕشگێڕان بێت و بە دادپەروەری لە نێوان هەموو ناوچە شۆڕشگێڕەکاندا دابەش بکرێت. (کاک ئەحمەد تۆفیق ئەم بابەتەی پێ ڕاگەیاندم).

هەروەها عیسمەت، ئاماژەی بە ناکۆکییەکانی ناو ڕێکخراوە کوردییەکان لە کوردستانی سوریا کردووە، ناوەندە کوردییەکان لە سوریا دەیانەوێت یارمەتیی شۆڕش بدەن و تێچووی ئێمەیان لێرە لە بەیروت دابین کردووە، بەڵام جێی داخە کە ناکۆکیی زۆر لە نێوانیاندا هەیە و ئەمەیش دەبێتە ڕێگر لە بەردەم هاوکارییەکانیان بۆ شۆڕش و ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان جەنابت و لیژنەی بەرگری لە دەرەوە. کاک ئەحمەد تۆفیق لە کاتی تێپەڕبوونی بە سوریا، هەوڵی چاککردنی ناکۆکییەکانی دابوون، بەڵام جاری یەکەم سەرکەوتوو نەبوو، منیش سوودم لە بوونم لە بەیروت وەرگرت و چەند نامەیەکم نووسی کە پێشنیاری تێدایە بۆ یەکخستنی ڕیزەکان بۆ هەریەک لە برایان دکتۆر نوورەدین و قەدری بەگ و حەسەن ئاغا و عوسمان سەبری، کاتێک کاک ئەحمەد لە ڕێگەی سوریاوە دەگەڕێتەوە، دووبارە هەوڵی ئاشتکردنەوەیان دەدات لەسەر بنەمای ئەو پێشنیارانە، ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو ئەوا لێکۆڵینەوە دەکات و پەیوەندییەکە بەو شێوەیە دابین دەکات.

ڕێکخستنی پەیوەندییە کوردستانییەکان

١١. سەبارەت بە دامەزراندنی (ئەنجومەنی باڵای سەرکردایەتیی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان): کاک ئەحمەد تۆفیق ئاگاداری کردمەوە لە گفتوگۆکانی پێشوو کە بە ئاگاداریی جەنابتان بەڕێوەچوون، بۆ دامەزراندنی سەرکردایەتییەکی سیاسیی هاوبەش بۆ حیزبە کوردستانییەکان و دەربارەی هەوڵەکانی برامان کاک ئەحمەد بۆ ڕازیکردنی جەنابتان بۆ سەرۆکایەتیکردنی ئەم سەرکردایەتییە، هەروەها دەربارەی ئەو ڕێکەوتنانەی بەشێوەیەکی تایبەت لەسەر ئەم خاڵە لە نێوان هەردوو (حدک - ئێران) و (پدك - سوریا) کراون، دەربارەی وەڵامنەدانەوەی (پدك – عێراق) بۆ ئەم پڕۆژەیە، وەڵام نەدانەوەی مەکتەبی سیاسیی پارتیی عێراق بۆ ئەم پرسە بەجێ و زیندووە، کارێکی جێی داخ و هەڵەیە.

من؛ لەم بارەیەوە لەگەڵ کاک ئەحمەد، پێکەوە باسی ئەم پرسەمان کرد و گەیشتینە ئەم ئەنجامە:

یەکەم: پێویستە ئەنجومەنی باڵای سەرکردایەتیی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان دابمەزرێت.

دووەم: ئەم ئەنجومەنە لەژێر سەرۆکایەتیی جەنابتاندا بێت.

سێیەم: جگە لە جەنابتان؛ ئەنجومەنەکە لە دوو یان سێ نوێنەری هەر یەک لەم پارت و ڕێکخراوانەی خوارەوە پێکدێت:

- پارت و ڕێکخراوی کوردستانی لە کوردستان – تورکیا.
- حیزبی دیموکراتی کوردستانی – ئێران.
- پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق.
- پارتی دیموکراتی کوردستان – سوریا.
- لیژنەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد.

چوارەم: ئەنجومەنی باڵای ناوبراو، باڵاترین دەستەی ڕێکخراوەییە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەو لایەنەیە کە لێکۆڵینەوە دەکات و بڕیار لەسەر سیاسەتی گشتیی کورد و ستراتیژەکەی دەدات، هیچ شتێکی گرنگ

که کاریگەریی هەبێت لەسەر بزووتنەوەی کورد و چارەنووسی گەلەکەمان لە هەر پارچەیەکی کوردستان ڕووناداتت، مەگەر بە ئاگاداریی ئەنجومەن و بڕیاری ئەو نەبێت، بەمەیش بزووتنەوەی کورد لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە یەک دەخرێت {جێگرەوە دەبێت لەو یەکگرتوویی سۆزداریی‌ەی ئێستا هەیە}، بێگومان ئەمە بەو واتایە نییە کە دەبێت سیاسەتی کوردی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان یەک شت بێت، چونکە هەر پارچەیەک بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بڕیارەکان بە ئاگاداریی ئەنجومەن دەبن، ڕەچاوکردنی بارودۆخ لە هەر پارچەیەکی کوردستان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە، پێویستییەکی مێژوویی‌ە.

پێنجەم: جگە لە سەرۆکایەتیتان بۆ ئەنجومەنی باڵای ناوبراو، بە پێویستی دەزانم کە جەنابتان ڕەزامەند بن لەسەر وەرگرتنی سەرۆکایەتیی (لانی کەم سەرۆکایەتییەکی فەخری) بۆ هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوە کوردییانەی، لە ئەنجومەنی باڵای ناوبراودا بەشدارن، با سەرۆکایەتیی جەنابتان تەنها لەسەر پارتی لە کوردستانی عێراق سنووردار نەبێت، چونکە ئێوە بۆ هەموو گەلی کورد و هەموو کوردستانن؛ نەک تەنها بۆ کوردستانی عێراق.

١٢. من لە نامەی پێشوومدا بۆ جەنابتان، باسم لە (لیژنەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد) و ئامانجەکانیم بەشێوەیەکی گشتی کردبوو، لەم نامەیەدا (دەستووری کاتی)ی لیژنەی بەرگری دەخەمە بەردەست جەنابتان، سکرتارییەتی لیژنەکە پڕۆژەی ئەم دەستوورەیان لە سویسرا پێش هاتنی من بۆ ئێرە، ئامادە کردبوو. دوای هاتنیشم بۆ بەیروت، لەگەڵ کاک ئەحمەد تۆفیق وەک نوێنەری (حدک -ئێران) گفتوگۆمان لەسەر کرد و بە ڕێککەوتن، هەندێکیمان لێ هەموار کردەوە، ئێمە وەک دەستوورێکی کاتی دامانناوە و دوای ڕەزامەندیی جەنابتان و ڕەزامەندیی زۆرینەی حیزبە کوردستانییەکان، دەبێتە دەستوورێکی هەمیشەیی.

تکایە بفەرموون سەیری ئەم دەستوورە کاتییە بکەن و هیوادارین جەنابتان ڕەزامەندیی لەسەر بدەن، ئەگەر جەنابتان سەرنج و تێبینییەکتان بۆ هەمواکردنەوەی هەیە، تکایە دەریببڕن بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینین و لە ئەنجامدا، دەستوورەکە لە

کۆنگرەی لیژنەی بەرگریدا باشتر بکەین. من وەک سکرتێری لیژنەی بەرگری و بەناوی سکرتارییەتەکەیەوە، هەروەک لە دەستوورە کاتییەکەدا هاتووە، شانازی دەکەم کە سەرۆکایەتیی فەخریی لیژنەی بەرگری پێشکەشی جەنابتان بکەم، هیوادارم جەنابتان بە ڕێزەوە ئەم داوایە پەسەند بکەن، قبوڵکردنی ئەم سەرۆکایەتییە فەخرییە لەلایەن جەنابتانەوە، بە تەنها کاریگەرییەکی مەعنەویی لەسەر کارەکانمان نابێت، بەڵکو دەبێتە هۆی زیادبوونی قورسایی و گرنگیی لیژنەی بەرگری لە پەیوەندییە سیاسی و نێودەوڵەتییەکانیدا بۆ خزمەتکردنی پرسی کورد، ئەمەیش سوودی بۆ گەلەکەمان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی دەبێت، هیوادارین ئەم قبوڵکردنە لە لایەن جەنابتانەوە بەدەستبهێنین.

ڕاگەیاندنی دەرەکی

دەربارەی بانگەوازی جەنابتان بۆ ڕای گشتیی جیهان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کاک ئەحمەد لەسەر بنەمای ڕێنماییییەکانی ئێوە؛ بانگەوازەکەی بە زمانی عەرەبی لە چەند لاپەڕەیەکدا چاپکردبوو، چاپەکە زۆر باش و شێوازەکەیشی نایاب بوو. هەر زوو، لە بەیروت بەسەر دەزگا ڕۆژنامەوانییەکاندا دابەشی کرد و وێنەیشی بۆ ئێمە لە ئەوروپا نارد، بە پشتبەستن بە ڕێنماییییەکانی جەنابتان و ئەو متمانەیەی بە ئێمەتان هەیە و بەهۆی هەبوونی (لیژنەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد)، هەروەها لەسەر پێشنیاری کاک ئەحمەد تۆفیق، من لە سویسرا وەک سکرتێری لیژنەی بەرگری، هەستام بە ناردنی بانگەوازەکەی ئێوە بۆ سەرجەم ئەو لایەنە نێودەوڵەتییانەی کە بانگەوازەکە دەیانگرێتەوە، لەگەڵ ناردنی نامەی ڕوونکردنەوە لەلایەن لیژنەی بەرگرییەوە، هەموو ئەم نامانە بەشێوەی تۆمارکراو (مسجل) نێردراون و پێش هاتنم بۆ ئێرە، پسوولەی گەیشتنی نامەکانم لەگەڵ نوسخەی نامە ڕوونکردنەوەکان بۆ کاک ئەحمەد ناردووە، تا جەنابتان ئاگاداری بن.

لە ڕێکەوتی ٣ی حوزەیران لە لۆزانەوە؛ نامەیەکی ڕوونکردنەوەم بۆ بەڕێز یو سانت سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان نارد، هەروەها لە ڕێکەوتی ٤ی حوزەیران بانگەوازەکە و نامەیەکی ڕوونکردنەوەی لیژنەی بەرگریم بۆ (خاچی سووری

نێودەوڵەتی) لە ژنێف نارد، هەروەها لە ٥ی حوزەیرانیشدا بانگەوازەکە و نامەیەکی ڕوونکردنەوەم بەناوی لیژنەی بەرگرییەوە بۆ (لیژنەی مافی مرۆڤ) نارد، دواتریش لە هەمان ڕێکەوتدا بانگەوازەکە و نامەیەکی ڕوونکردنەوەم بۆ (سکرتارییەتی هەمیشەیی کۆنگرەی گەلانی ئەفریقا و ئاسیا) و (کۆمەڵەی مافپەروەرانی دیموکراتیی جیهانی) نارد، کە بانگەوازەکەمان بە زمانی عەرەبی بۆ لایەنە نێودەوڵەتییەکان نەناردووە، بەڵکو بە زمانی فەڕەنسی چاپمان کردووە، چونکە سەرجەم پەیوەندییە دەرەکییەکانمان لە ئەورووپاوە بە زمانی فەڕەنسی و هەندێک جار بە ئینگلیزی ئەنجام دەدرێن. لیژنەی بەرگری جیا لەوەی یەکسەر بانگەوازەکەی بە فەڕەنسی چاپ و دابەش کرد، ئێستا خەریکی چاپکردنیەتی بە زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و دووبارە چاپکردنەوەی بە عەرەبیش، پێموایە چاپکردنی بەو زمانانەی تریش تەواو بووە، یان بەمزوانە تەواو دەبێت.

پێش هاتنم بۆ بەیروت، هەماهەنگییەکی بەردەوام و تووندوتۆڵ لە نێوان لیژنەی بەرگری لە ئەورووپا و کاک ئەحمەد لە بەیروت هەبوو، بە جۆرێک هەواڵی چالاکییەکانمان ئاڵوگۆڕ دەکرد و لە ڕێگەی ئاژانسەکانی هەواڵەوە، لە ڕۆژنامەکاندا لە ئەورووپا و لە بەیروت بڵاوماندەکردنەوە، دواتریش لە ڕێگەی ئەورووپا و بەیروتەوە دەماننارد بۆ میسر و وڵاتانی عەرەبی. بانگەوازەکەی جەنابتان، دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە جیهاندا دروستکرد و ڕادیۆ جیهانییەکان بایەخیان پێ دا و ئاژانسە جیاوازەکان لە وڵاتانی جیاجیای جیهان، بڵاویان کردەوە. بۆ نموونە ڕادیۆی سویسرا؛ لە دوو شەوی یەک لە دوای یەکدا لە بەرنامەی (شرۆڤە سیاسییەکانی دەربارەی دۆخی نێودەوڵەتی)، بەشێکی گرنگی تەرخانکرد بۆ شۆڕشی کورد و بانگەوازەکەی ئێوە و هەوڵی ڕێکخراوە کوردییەکان، کە بەناوی ئێوەوە پەیوەندیی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدەن، هەروەها وریا ڕەواندزی هەندێک وتاری بۆ ناردووم، کە دەربارەی شۆڕش لە ڕۆژنامە ئەوروپییەکاندا بڵاوکراونەتەوە. زۆربەی ئەم وتارانە لە (فەڕەنسا، سویسرا، ئینگلتەرا، نەمسا یان ئەمریکا) هاوسۆزی شۆڕشن و پشتگیری لە مافەکانی گەلی کورد دەکەن و هێرش دەکەنە سەر قاسم و گاڵتەی پێدەکەن و بڕوا بە درۆکانی ناکەن، ڕۆژنامە میسری

و لوبنانییەکانیش زۆر و لە لاپەڕە یەکەمیەکانیاندا دەربارەی شۆڕش دەنووسن، بەڕاستی شۆڕش لە هەموو جیهاندا ناسراوە و بانگەوازەکەی ئێوەیش دەنگدانەوەیەکی دوورمەودای لە ناوەندە جیاوازەکاندا هەبووە، بەڵام دەربارەی وڵاتە سۆسیالیستییەکان پێمواید بەداخەوە تا ئێستا بێدەنگییەکی تەواویان هەڵبژاردووە، تەنانەت ڕۆژنامە نیمچەفەرمییەکەی حکومەتی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، بە داخێکی زۆرەوە پڕوپاگەندەکانی ئەم دواییەی قاسمی بڵاوکردووەتەوە، کە دەڵێت شۆڕش لەلایەن ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە هاندراوە و دژی دیموکراسییە و بزووتنەوەی کورد، بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستە! ئای کە چەند قێزەونە، ئەم لۆژیکە قێزەونە! بەڵام ئێستا ئێمە بەردەوام دەبین لە ناردنی یاداشت بۆ هەڤاڵ خرۆشۆف، بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان.

دەربارەی مەرج و شێوازەکانی ئۆتۆنۆمی، خۆبەڕێوەبەری، حوکمی زاتی.

پێش ئەوەی باس لە شێوازەکانی ئۆتۆنۆمی بکەم، بەو مەرجانە دەستپێدەکەم، کە دەبێت لە سەرەتای هەر ڕێکەوتنێکی پەیوەست بە ئۆتۆنۆمی هەبن، چونکە بێ دابینکردنی ئەم مەرجانە، ئەگەر قاسم یان هەر حکومەتێکی تری عێراق دانی بە ئۆتۆنۆمیدا نا، ئەوا لە هەر ساتێکی دواتردا هەڕەشەی لەسەر دەبێت، مەرجەکان ئەمانەن:

یەکەم: هەرچەند سوپای عێراق تا ئاستێک، بە هێز و بە تەیارکراوی بمێنێتەوە، ئەوا مەترسی لەسەر ئۆتۆنۆمی دروست دەکات، چونکە هەر حکومەتێکی عێراقی لە داهاتوودا، دەتوانێت لە دانپێدانانەکەی پاشگەز بێتەوە یان جێبەجێکردنی زۆر قورس و مەحاڵ بکات، بەوەیش گەلەکەمان ناچار دەبێتەوە؛ جارێکی تر خەبات دەست پێ بکاتەوە. لەبەر ئەم هۆکارە، پێش گەیشتن بە هەر ڕێکەوتنێک لەگەڵ حکومەتی عێراق، بە پێویستی دەزانم سەرکردایەتیی باڵای شۆڕشی کورد سیاسەتێکی سەربازی پەیڕەو بکات، کە ئامانجی تێکشکاندنی زۆرترین بڕی پارچە و تفاقی سوپا و پۆلیسی عێراق بێت کە لە کوردستاندا هەن. ئەمە دەرفەتێکە؛ ئێستا دەکرێت سوودی لێ وەربگیرێت و دەبێت وای لێ بکرێت. تێکشکاندنی ئەم هێزانە، پێویستی بە داڕشتنی پلانی پێویست

هەیە بۆ گەمارۆدانیان (وەک ئەوەی ئێستا دەکرێت) و کوشتنی زۆرترین ژمارەی سەرباز و ئەفسەرە قاسمییەکان لە کاتی شەڕدا، پاشان هێشتنەوەی دیلەکان بەپێی ئەو پلانەی لە سەرەتای ئەم نامەیەدا هاتبوو، هەروەها دەستبەسەرداگرتنی چەکەکانیان.

لە ڕووی مرۆیی و سیاسییەوە، پێموایە دروستە هەڕەشە لە قاسم بکرێت تا دەست لە هێرشی ئاسمانی و کوشتنی دانیشتووان و ژن و منداڵ و سووتاندنی دەغڵودان هەڵبگرێت، ئەویش بە هەڕەشەکردنی تێکشکاندنی هێزەکانی و کوشتنی ژمارەیەک دیل لەبەرامبەر هەر هێرشێکی ئاسمانی، کە ببێتە هۆی کوشتنی دانیشتووانی بێ بەرگریی کورد و سووتاندنی کشتوکاڵ، بەرپرسیارێتیی ئەم کارەیش بخرێتە ئەستۆی قاسم، ئەگەر لە هێرشەکانی پەشیمان نەبێتەوە، واتا تۆڵەی ددان بە ددان و چاو بە چاو. ئەگەر ئێوە ڕەزامەند بن لەسەر ئەم پلانە، لیژنەی بەرگری دەتوانێت دووبارە پەیوەندی بە خاچی سووری نێودەوڵەتییەوە بکات و پێیان بڵێت کە سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد ناچار دەبێت ئەم کاردانەوەیە بەرامبەر دیلەکان پەیڕەو بکات لە مێژوویەکی دیاریکراوەوە، ئەگەر قاسم هێرشە ئاسمانییەکانی بۆ سەر خاک و خەڵکی کورد و سامان و مەڕوماڵاتی خەڵک ڕانەگرێت. ئەگەر قاسم لە هێرشە ئاسمانییەکانی پەشیمان بووەوە (ئەوا باشتر، گرنگترین چەکی دەستی لە کار دەخات)، پێموایە باشترە ئۆتۆمبێل و زرێپۆشەکانی سوپا و پۆلیسی عێراق کاتێک دەکەونە دەست هێزی کورد، نەسووتێنرێن و بپارێزرێن تا هێزەکانی خۆمان سوودیان لێ ببینن.

دووەم: دوای لاوازکردنی سوپا و پۆلیسی عێراق لە کوردستان تا دوا ئاست، یەکێک لە مەرجەکانی ئۆتۆنۆمی دەبێت کشانەوەی سوپای عێراق و هەموو پۆلیسی عێراق لە کوردستان لەخۆبگرێت، ڕەنگە تەنها هێزێکی پاسەوانی بچووک و لاوازی سوپا لە کەرکوک بمێنێتەوە.

سێهەم: پێویستە تەواوی هێزەکانی پۆلیسی عێراق لە کوردستان بکشێنەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە پۆلیس ئەرکی پاراستنی ئاسایشە، لەبەرئەوە دەبێت پۆلیسەکان تەنها کورد و سەر بە حکومەتی کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمی بن. ئەمانە مەرجگەلێکن؛ نابێت سازشیان تێدا بکرێت، ئەگەر نا ئۆتۆنۆمی هیچ مانایەکی نییە.

چوارەم (گرنگ): پاراستنی پێشمەرگە و تەواوی هێزە شۆڕشگێڕە کوردییەکان؛ لە سەردەمی ئۆتۆنۆمیدا و گۆڕینیان بە فەرمی لە هێزێکی شۆڕشگێڕەوە بۆ هێزێکی پۆلیسی فەرمیی کوردی، کە ئەرکیان پاراستنی یاسا بێت لە کوردستان و تەنها لەژێر فەرمانی ئۆتۆنۆمیی کوردیدا بن. بە بیانووی پاراستنی ئاسایش لە کوردستان، نەک تەنها پێویستە پێشمەرگە بپارێزرێن، بەڵکو دەبێت بە فەرمی بەهێزبکرێن و بە نوێترین چەک پڕچەک بکرێن و جلی سەربازیی تایبەتیان پێ بدرێت، بەشێوەیەك کە لە ڕاستیدا ببنە سوپایەکی نیشتمانی بۆ کوردستان، بەڵام ناوی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، یان پۆلیسی کوردییان لێ بنرێت، ئەم مەرجە بنەڕەتییە و چاوپۆشیی لێ ناکرێت، چونکە هێزی کوردی تەنها گەرەنتییە بۆ ڕێزگرتن لە هەر ڕێکەوتنێک سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی.

لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە ئەمە دروستە، چونکە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی تەنها بۆ ئەم حکومەتە دەگەڕێتەوە.

پێنجەم: تەواوی هێزە خائینەکانی (پۆلیس) و (جاش)ی کوردی، پێویستە خۆیان ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە بکەن و چەکەکانیان بدرێتە پێشمەرگە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەمانە تاکە هێزی پۆلیسی کوردین.

شەشەم: پێویستە داوا بکەن یان مەرج دابنێن لە ڕێکەوتنی ئۆتۆنۆمیدا، بۆ گواستنەوەی ئەفسەرە کوردەکان لە سوپای عێراق (یان لانیکەم بەشێکیان) و هەروەها بەشێک لە سەربازە کوردەکان لە ناو سوپای عێراق (چونکە ناکرێت هەموویان بن) و گواستنەوەیان بۆسەر هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی کوردی. سەبارەت بە ئەفسەرەکان؛ بە بیانووی مەشقپێکردنی پۆلیسی کوردی و پێدانی کادیری سەربازیی پێویست بۆ پاراستنی ئاسایش، سەبارەت بە سەربازەکانیش بۆ ئەوەی پۆلیس یان هێزەکانی ئاسایشی کوردی بە ڕادەیەکی پێویست، بەهێز بن بۆ پاراستنی ئاسایش.

حەوتەم: نابێت بە هیچ شێوەیەک بڵاوەپێکردن و پارچەپارچەکردنی پێشمەرگە کە لەژێر فەرمانی جەنابتاندان، قبوڵ بکرێت. پێویستە وریای فێڵەکانی قاسم و پیاوەکانی بن، چونکە ڕەنگە قاسم هەوڵبدات بە کاتکوشتن و دانپێدانانی تیۆری بە ئۆتۆنۆمیدا، فەسیلەکانی ئەنساری کوردی بڵاوە پێ بکات، کە سوپایەکی نادیسپلین و نایاساییین و

هەوڵی ئەوە بدات سوپاکەی خۆی سەرلەنوێ ڕێک بخاتەوە و بەهێزی بکاتەوە، بۆ لێدانی بزووتنەوەکە لە نوێوە. فەسیلەکانی ئەنسار تاکەکارتە بەدەستیانەوە.

هەشتەم: بەشێوەیەکی گشتی لە دانوستانەکان دەربارەی ئۆتۆنۆمی و مەرجەکانی ئاشتی، نابێت متمانە بە هیچ وەزیرێکی کورد بکرێت، کە قاسم دەینێرێت بۆ پێدانی بەڵێنی درۆیینە بۆ کاتکوشتن، وەک ئەوەی لە سەردەمی نووری سەعید لە ساڵی ١٩٤٣ لەگەڵ ماجید موستەفا ڕووی دا.

سەبارەت بە شێوەکانی ئۆتۆنۆمی:

هیچ شێوەیەکی دیاریکراوی چەسپاو نییە، دیاریکردنی جۆری ئۆتۆنۆمی؛ دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندیی هەردوولا و ئاستی هێزی هەرلایەکیان، سەبارەت بە کوردستانی عێراق و بارودۆخەکە، پێویستە ئەم ئۆتۆنۆمییە بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:

یەکەم: داننان بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێویستی بە داننان بە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی هەیە، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی عێراق، حکومەتی کوردی کۆتا مەرجە و ئۆتۆنۆمی بێ ئەوە، بێواتا دەبێت.

دووەم: پێویستە ئەو خاکە دیاری بکرێت لە پارێزگا و قەزا و ناحیەکان، کە سیستمی ئۆتۆنۆمی تێیدا جێبەجێدەکرێت. ئەم خاکە، دەبێت هەموو کوردستانی عێراق بگرێتەوە، کە بریتییە لە ناوچەکانی (بادینان، سۆران، خانەقین، مەندەلی، بەدرە و بە کەرکوکیشەوە بێگومان، سنووری سروشتی جیاکەرەوەیش زنجیرەچیاکانی حەمرینە) قەزای موسڵ و قەزا عەرەبییەکان لە لیوای موسڵی ئێستا لەم خاکە بەدەر دەکرێن، واتا ئەمە پێویستی بە جیاکردنەوەی ئیداریی بادینان هەیە لە شاری موسڵی عەرەبی.

سێهەم: حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کوردی، ئازاد دەبێت لە پێداچوونەوە بە چۆنێتیی دابەشکردنی یەکە کارگێڕییەکانی کوردستانی عێراق بۆ پارێزگا و قەزای نوێ ئەگەر پێویستی کرد، چونکە بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی دەگەڕێتەوە.

چوارەم: دەزگای کارگێڕیی هەرێمی کوردی تەنها لە کورد پێکدێت، هەموو فەرمانبەرانی ناو ئەو دەزگایە کورد دەبن لە پارێزگارەوە تا خوارترین یەکە، دەزگای ئاسایش کوردی دەبێت و سەر بە حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کوردی دەبێت، کە پۆلیسی تایبەتی خۆی پێکدەهێنێت.

پێنجەم: زمانی فەرمی هەرێمی کوردستانی عێراق، زمانی کوردی دەبێت، چ لە کاروباری حکومەت چ لە خوێندنگاکاندا، یان لە دادگاکاندا.

شەشەم: هەموو ئەوەی پەیوەندیی بە کاروباری زانیاری و خوێندنەوە هەیە، سەر بە حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کوردی دەبێت، کە ئازاد دەبێت لە کردنەوەی قوتابخانەی نوێ و زانکۆی کوردی، هەروەها ئازاد دەبێت لە دانانی پڕۆگرامی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی و باڵا، وانەگوتنەوەی ئەدەب و زمانی کوردی و مێژوو و جوگرافیای کوردستان.

حەوتەم: دادوەری لە هەرێمی کوردیدا، کوردی دەبێت و سەر بە حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کوردی دەبێت.

هەشتەم: دارایی و باج؛ حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کوردی بودجە و دارایی تایبەت بە خۆی دەبێت، باجەکان لە هەرێمی کوردیدا دوو جۆر دەبن: جۆری یەکەم زۆربەی باجەکان دەگرێتەوە، ئە و باجانەیش دەبنە مولکی کورد و لەلایەن وەزارەتی دارایی لە حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کوردی کۆدەکرێنەوە و لەلایەن ئەم حکومەتەوە لەسەر کاروباری جیاوازی هەرێمی کوردی خەرج دەکرێن. بەڵام جۆری دووەم، عێراقی دەبێت و داهاتەکەی بۆ وەزارەتی دارایی لە بەغداد دەڕوات بۆ ئەوەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە هەموو عێراقدا خەرج بکرێت بە کوردستانی عێراقیشەوە. دیاریکردنی ئەم دوو جۆرە، دەبێت لەلایەن لیژنەیەکی هونەریی تایبەتەوە ئەنجام بدرێت، سەبارەت بە دراویش لە هەرێمی کوردیدا، دەبێت بە دیناری عێراقی بمێنێتەوە (بە مەرجێک زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبیی سەر دراوەکە بوونی هەبێت).

نۆیەم: نەوت؛ دەبێت پێشوەختە لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی ئۆتۆنۆمیدا بڕیار لەباری چۆنیەتی خەرجکردنی داهاتی نەوت بدرێت، داهاتی ئەو نەوتەی لە خاکی هەرێمی

کوردییەوە دەردەهێنرێت، دەبێت لانیکەم بە ڕێژەی نیوەی (٥٠٪) لەم هەرێمەدا خەرج بکرێت، حکومەتی ناوەندی بەغداد لە کۆمپانیاکانی وەردەگرێت و ٥٠٪ی دەداتە حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کوردی، بۆ ئەوەی لە هەرێمەکەدا خەرجی بکات.

دەیەم: ئاوەدانکردنەوە (ئەشغاڵی گشتی): سەر بە حکومەتی ئۆتۆنۆمی دەبێت لە هەرێمی کوردیدا، بۆ کردنەوەی ڕێگاوبان، پرد، کەناڵ و ...هتد.

یازدە: پیشەسازی: زۆربەی پیشەسازییەکان، دەبێت سەر بە حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کوردی بن، کە مافی کردنەوەی کارگەی نوێ و وەبەرهێنانی سامانی کوردستانی هەبێت بۆ بەرژەوەندیی کوردستان، دەکرێت هەندێک کەرتی پیشەسازی بۆ حکومەتی بەغداد بەجێ بهێڵدرێت لە ڕێکەوتنێکی تایبەتدا، دوای لێکۆڵینەوە لەلایەن لیژنەیەکی ئابووریی هاوبەشەوە.

دوازدە: کشتوکاڵ: هەموو کاروباری کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کوردی و سیستمی چاکسازیی کشتوکاڵی تایبەت بۆ کوردستان دادەنرێت، کە حکومەتی کوردی سەرپەرشتیی دەکات، هەروەها تووتن (tobako) دەبێت سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردیی تایبەت بێت، کە لکێنراوە بە حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کوردییەوە؛ بەشێوەیەك بەرژەوەندیی جوتیارانی کورد بپارێزێت، لەلایەکی تریشەوە بەکارهێنانی تووتن لە هەموو عێراقدا مسۆگەر بکات، بەپێی ڕێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ حکومەتی بەغداد.

سیازدە: پرسە ئابوورییەکانی تر؛ پێکهێنانی ئەنجومەنی ئابووریی هاوبەش بۆ تاوتوێکردن و چارەسەرکردنی هەموو پرسە ئابوورییەکانی تر، لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیی هاوبەش.

چواردە: شێوەی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، دیموکراسی دەبێت و پێکهاتبێت لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کوردی. دەسەڵاتی یاسادانان؛ پەرلەمانی کوردستانی عێراقە، بۆ دەرکردنی یاساکانی پەیوەست بە هەرێمەکە و دەسەڵاتێکی دادوەریی کوردی تایبەت، کە سەرپەرشتیی دادوەری و دادگاکان دەکات (ئەم خاڵە بنەڕەتییە و باشتر وایە ڕاستەوخۆ دوای خاڵی یەکەم دابنرێت).

پازدە: ئەو پرسانەی پەیوەستن بە (بەرگریی نیشتمان، نوێنەرایەتیی دیپلۆماسیی دەرەکی، سیاسەتی باڵای ئابووری) سەر بە حکومەتی ناوەندی بەغداد دەبن. بەو مەرجەی ئەم حکومەتە لەم سێ لایەنە گرنگەدا؛ بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردی ڕەچاو بکات.

ئەمانە بنەما سەرەکییەکانی ڕێکەوتنی تایبەت بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراقن، (ئەمانەم بە خێرایی و بێ لێکۆڵینەوەی پێشوەختەی تێروتەسەل بۆ مەسەلەکە نووسیوە)، بەڵام بنەمای گشتیی پێویستن، ئەگەر بمانەوێت ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بێت.

دووبارەی دەکەمەوە، بڕوا ناکەم قاسم حوکمی زاتیی ئاوها یان تەنانەت کەمتر لەوەیش قبوڵ بکات، لەبەرئەوە لە خاڵی (٨)ی لاپەڕە (٦) تا کۆتایی لاپەڕە (١١) باسم کردووە، سەبارەت بە پلانی شۆڕش و بەرنامە سیاسییەکەی دووبارە دەکەمەوە.

سڵاو و ڕێزم بۆ جەنابی شێخ ئەحمەد و سڵاو بۆ تەواوی کەسوکار و منداڵەکانتان، خوا بیانپارێزێت. سڵاوی گەرم و پڕ لە تێکۆشان بۆ هەموو شۆڕشگێڕە پاڵەوانەکان، لە فەرماندە و پێشمەرگەکان بەتایبەتییش کاک ئەسعەد خۆشەوی، کاک حەسۆ میرخان، کاک حارس خانۆ، مەلا شەنێ، مەلا حەسەن، کاک عەلی عەسکەری، کاک جۆرج و کچە ئازاکەی؛ خاتوو مارگرێت. هەروەها سڵاوی گەرم بۆ کاک عومەر ئاغا، کاک عەباس مامەند ئاغا، مەلا عەبدوڵڵا، شێخ حوسێن بوسکێنی، کاک عارف قەرەچەتانی و هەر کەسێک بۆ ئازادیی کورد و کوردستان تێدەکۆشێت، هەروەها کاک عەبدولواحید و کاک سدقی.

من لە ٥ی تەممووز؛ بەیروت جێدەهێڵم و لە ١٣ی هەمان مانگ لە سویسرا دەبم، خوا بتانپارێزێت بۆ ڕێبەرایەتیکردنی شۆڕشی کورد، تا سەرکەوتنی کۆتایی و گەلەکەمان بەرەو ئازادی و کوردستان بەرەو یەکگرتوویی و سەربەخۆیی.

لەگەڵ دووبارەکردنەوەی سڵاو و ڕێز، دڵسۆزی هەمیشەییتان:

عیسمەت شەریف وانلی، سکرتێری (لیژنەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد).

تێبینی: دکتۆر وریا ڕەواندزی بۆی نووسیم و پشتگیریی پێشنیارەکەی کرد بۆ پێکهێنانی حکومەتی کاتیی کۆماری کوردستانی عێراقی خاوەن ئۆتۆنۆمیی دەستبەجێ.[١٥٣]

سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی پارتی، جەلال تاڵەبانی وەڵام دەداتەوە:

برای بەڕێزم کاک عیسمەت، لێرەدا دەمەوێت سەرنجت بۆ دوو خاڵی گرنگ ڕابکێشم:

یەکەمیان؛ ئەوەیە کە بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی (پارتی)، تەنها تێکدانی شۆڕش و بزووتنەوەکەی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییە، هەروەها بیرۆکەی بەرەی ڕزگاریی کوردستان ڕاست و واقیعی نییە، چونکە لە کوردستان دەستە و گرووپی سیاسیی زۆر نیین، کە بتوانرێت لە دەستەیەکی وادا تێکەڵ بکرێن، جگە لەوەی حیزبە ئایدیۆلۆژیە بڕوادارەکانیش دژی چارەسەرن.

ئەو هێزانەی لە ناو شۆڕشدان (لەوانەیش زۆرینەی پێشمەرگەکانی بارزانی لە بادینان)، پارتیی تەواو نین و پشتیوان نین، بەڵام لە ناوچەی سۆراندا هێزە شۆڕشگێڕەکان سەرپاکیان پارتیین، بەڵام هەندێک لە خێڵە بەشداربووەکان لە شۆڕشدا (بەشێوەیەکی سنووردار) ئەوانە زۆر کەمن، وێڕای ئەوەی لە ڕووی مێژوویی و چۆنێتیی سیاسییەوە لاوازن، هەروەها وێڕای ئەوەی دەبێت ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی بدرێت بە شۆرش، وەک ئەوەی لە نامەکەتدا بۆ بارزانی و بۆ ئێمەیشت نووسیوە، ئەوەیش تەنها لە ڕێگای حیزبەوە دەکرێت و دەبێت بکرێتە پێشەوا و سەرکردەی گشتیی شۆڕش (ئەوە وێڕای هەبوونی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و وێڕای ئەوەی دەبێت پارتی هەستێت بە ڕۆڵی سیاسیی خۆی).

دووەم؛ دروستکردنی کێشە لە نێوان پارتی و سەرکردایەتییەکەی لەلایەك و بارزانی لەلایەکی تریەوە، خەون و ئاواتی دوژمنانە و یەکێکە لە مەترسیدارترین بژاردەکان، لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان و شۆڕشەکەی، لەبەرئەوە هەموو کەسێکی دڵسۆز بۆ گەلی کورد و کوردستان، پێویستە تێبکۆشێت دژی هەر ناکۆکییەک ئەگەر خودانەکردە دروست

---

[١٥٣] ، یاداشتماەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد ، واژووی سکرتێری لیژنە عیسمەت شەریف وانلی بۆ مەلا مستەفا لەبەروارى ٢٧/حوزەیران/١٩٦٢.

بوو، پێویسته لەسەر هەموو کوردێکی شەریف بە جیدی و دڵسۆزی و کۆششەوە کار بکات، بۆ لەناوبردنی و ئێمە باوەڕی تەواومان بەسەرکەوتنی شۆڕشەکەمانە. [١٥٤]

لە وەڵامی نامەیەکی (عیسمەت شەریف وانلی)دا؛ کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩ی نیسانی ١٩٦٢، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت لە نادروستیی هەواڵەکانی بوونی ناکۆکی لەگەڵ مەلا موستەفا دەکاتەوە، بەو بۆنەیەوە خۆشحاڵین جارێکی تر دڵنیاتان بکەینەوە کە ئەو هەواڵانەی بیستووتانە سەبارەت بە هەبوونی ناکۆکی و ناڕێکی لە نێوان ئێمە و جەنابی سەرۆکە قارەمانەکەمان موستەفا بارزانی، دوورن لە ڕاستییەوە. [١٥٥]پاشان نامەکە بە توندی هێرش دەکاتە سەر ئەو کەس و لایەنانەی ئەم دەنگۆیانە بڵاودەکەنەوە، لە درێژەی یاداشتەکەدا هاتووە:

بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە، ئاگاداری هەندێک لە بەرهەمی هەوڵەکانی (لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد) بووین، لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا و زیاتر خۆشحاڵ دەبین ئەگەر بەردەوام وێنەی هەموو ئەو بابەتانەمان بۆ بنێرن، کە دەربارەی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و شۆڕشە ڕزگاریخوازییە پیرۆزەکەی بڵاوی دەکەنەوە، تاوەکو دوای وەرگێڕانیان؛ لە کوردستان بڵاویان بکەینەوە، چونکە کاریگەرییەکی باش و کارای دەبێت لە هاندان و بەرزکردنەوەی وەی ڕۆڵەکانی گەلە تێکۆشەرەکەمان، هەروەها داواتان لێدەکەین ئەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە بیانییەکان لەسەر هەمان بابەت بڵاوی دەکەنەوە، بۆمانی دابین بکەن و سوپاست دەکەین ئەگەر وەرگێڕانی عەرەبییەکەیمان لەگەڵ دەقەکەدا بۆ بنێرن، ئێمەیش لای خۆمانەوە بۆ برای تێکۆشەر (کەمال فوئاد)مان نووسیوە، کە ئاگادارتان بکاتەوە لە هەموو ئەو بەیاننامە و بڵاوکراوانەی بۆی دەنێرین، سەبارەت بە بەڕێوەچوونی شۆڕش لە کوردستان، هەروەها هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا ڕاستەوخۆ کۆپیی بڵاوکراوەکانمانتان بۆ بنێرین.

---

[١٥٤] ، سەرکردایەتی پێشمەرگەی نیشتیمانی لە کوردستان – لیوای سلێمانی- جەلال تاڵەبانی. باشوری کوردستان، باڵەك ،١٩٦٢/٧/٩، یادداشتنامەیەکی درێژە جەلال تاڵەبانی ئاڕاستەی عیسمەت شەریف وانلی کردوە.

[١٥٥] ، پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی(عێراق) ژمارە ١٩٤، بەروار:١٩٦٢/٧/١٠.

نامەکە لە درێژەیدا دەڵێت: سەبارەت بەو ڕوونکردنەوەیەی لە ئێمەتان داوا کردووە دەربارەی ئامانجەکانی شۆڕشەکەمان، دیارە بڵاوکراوەکانمان تا ئێستا نەگەیشتوونەتە دەستتان، چونکە ئێمە بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و بێ تەمومژ داواکاری و ئامانجەکانی گەلەکەمانمان لەم شۆڕشە خوێناوییەدا، ڕوون کردووەتەوە. بەهۆی گرنگیی بابەتەکە؛ بەردەوام دەبین لە ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوەی ئەم ئامانجانە بەو میکانیزمانەی لەبەردەستماندایە، داواکارییەکانمان بە کورتی خۆی لە داواکردنی (ئۆتۆنۆمی)دا بۆ کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دەبینێتەوە، لەگەڵ ڕژێمێکی دیموکراسیی پەرلەمانیی کۆماری بۆ ئەم دەوڵەتە، لە ئێوەیش شاراوە نییە کە ئەم دوو داواکارییە چ مافێکی نەتەوەیی و دیموکراسی لەخۆدەگرن. بەم بۆنەیەوە پێشنیارتان بۆ دەکەین نامەیەک بنووسن، دەربارەی سیستمی حکومڕانی لە دەوڵەتە دیموکراسییە فرە نەتەوەکاندا و بەتایبەتی دەربارەی بەڕێوەچونی ئۆتۆنۆمی، چونکە ئێوە نیشتەجێی یەکەم وڵاتی لەو جۆرەن و یەکێکن لە بەرگریکاران لە مافی گەلی کورد، ئەمەیش گرنگییەکی تایبەت بە نامەکەتان دەدات.

سەبارەت بە پێشنیارەکانی عیسمەت شەریف وانلی بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی باڵای سەرکردایەتی:

سەرنجە بونیاتنەر و بەنرخەکانتان دەربارەی شۆڕش و داهاتوویمان؛ خوێندنەوە و دەینرخێنین، ئەو خاڵانەی تا ئێستا فەرامۆشمان کردوون بەپێی گۆڕانی بارودۆخ ڕەچاویان دەکەین، بۆ نموونە پرسی سەرکردایەتیی یەکگرتوو یان (ئەنجومەنی باڵای شۆڕش) وەک ئەوەی جەنابت ناوت هێناوە، لەمێژە بابەتی لێکۆڵینەوەمانە، بەڵام تێبینی دەکەین کە هێشتا بارودۆخەکە پێنەگەیشتووە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە، بەتایبەت لای ئەو کەسانەی کە بەبێ ڕەزامەندیی ئەوان جێبەجێ ناکرێت، سەرەڕای هەبوونی هەندێک کەلێن لە بەرەکانی جەنگ و نەبوونی پەیوەندیی بەردەوام لە هەموو ناوچەکان و مانەوەی هەندێک توێژی دەرەبەگی دوودڵ لە نێزیک سەرکردایەتی تا ئێستا، هەروەها ڕێزگرتنمان بۆ ڕای سەرۆک و تێبینیمان بۆ نەوروژاندنی هیچ بابەتێک کە ببێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکیی توند لە بیروڕادا؛ هەموو ئەمانە پاساون بۆ قبوڵکردنی دواخستنی جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکە دروست و گرنگە لە کاتی ئێستادا، داواتان لێدەکەین بەم بۆنەیەوە هەمیشە جەخت بکەنەوە

لەسەر پێویستیی پێکهێنانی ئەنجومەنێکی لەو شێوەیە بۆ شۆڕش و ڕێکخستنی یەکگرتووی سەرکردایەتیی سەربازی لەو نامانەی ئاراستەی جەنابی سەرۆک و کەسانی تری دەکەن.

هەمان شت دەربارەی پاکتاوکردنی هەموو هەلپەرست و دەرەبەگەکان لە ناو شۆڕشدا؛ سەرەڕای ئەوەی ئەمە ئامانجێکی سەرەکیی حیزبمانە و پێویستە لە کاتی شۆڕشدا پەلە بکەین لە جێبەجێکردنی، بەڵام بەرەنگارییەکی توند بەرامبەرمان هەیە لەم پرسەدا و نامانەوێت لە ئێستادا بچینە ناو کێشە و ململانێوە بەو هۆیەوە، بەتایبەت کە پارتی ئەرکی خۆی بە تەواوی لە هەموو ئەو کەرتانەی سەر بە خۆیەتی، ئەنجام دەدات. ئێمە بڕوامان وایە ئەم دەرەبەگانە لەو کەرتانەی تر کە لەژێر کۆنترۆڵی پارتیدا نین، خۆیان ئاشکرا دەکەن. لێرەیشدا پێویستمان بە پشتگیری و جەختکردنەوەی ئێوە هەیە لەو نامانەی بۆ جەنابی سەرۆک دەیاننووسن، بەڵکو یارمەتیدەرمان بێت لە ئاسانکردنی ئەرکمان بۆ پاکتاوکردنی توخمە هەلپەرست و دەرەبەگەکان لە ناو شۆڕش و بەتایبەتی لە سەرکردایەتییەکەیدا، سەبارەت بەو لێژنانەی پێشنیارتان کردووە هەندێکیان لەمێژە پێکهێنراون و کاتێک هەل بڕەخسێت و بارودۆخ گونجاو بێت، دەست دەکەین بە پێکهێنانی ئەوانی تریش. [١٥٦]

هەرچیی مەلا موستەفایە، وەڵامی نامەکانی عیسمەت شەریف کە بەرواری ١٦/ئەیلول/١٩٦٢ هەروەها بەرواری ٥/ی تشرینی یەکەمی١٩٦٢ دەداتەوە دەڵێت:

(ئێمە حەز دەکەین هەر کەسێک بە گوێرەی تواناکانی خۆی، لەپێناوی گەلدا وەك فەرزێکی پیرۆز کاربکات نەك وەك مووڵکی گرووپێکی تایبەت یان کۆمەڵێك. جووڵانەوەکەمان، جووڵانەوەی هەموو گەلە و هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و ...هتد) دەگرێتەوە.

دواتر باسی پێشنیارەکانی عیسمەت دەکات و دەڵێت: پێشنیارەکانی ئێوەمان سەبارەت بە پێکهێنانی بەرەی ڕزگاریی کوردستان یان ئەنجومەنی شۆڕش، تاوتوێکرد. لە کاتێکدا دەستخۆشی لەو پێشنیارانە دەکەین، دەمانەوێت پێت ڕابگەیەنین کە هەر کارێک کاتی تایبەتی خۆی هەیە، کاتی ئەوەیش دێت کە کار بکەین بۆ دروستکردنی جۆرێک لە

[١٥٦] ، نامەیەك لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە مەکتەبی سیاسی(عێراق) ژمارە ١٩٤ بەرواری١٩٦٢/٧/١٠.

ڕێکخستنی ئیداری و سەربازی، بەڵام ئەمە پێویستی بە دانایی و وردبینیی زیاتر هەیە، کارەکانمان لە ڕووی ئیداری و سەربازییەوە بە باشی دەڕۆن و دەبێت ئەم کارانە گەشە بکەن و ڕێکبخرێن و شێوەی کۆتایی و ڕەنگی تایبەتیی خۆیان بگرن، دەبێت شتەکان ڕێڕەوی واقیعی خۆیان وەربگرن؛ مەحاڵە بەرهەمێک بگات ئەگەر بە قۆناغە دیاریکراوەکان و گەشەی سروشتیی خۆیدا تێنەپەڕێت. چیرۆکی ئێمە لەگەڵ واقعدا، وەک چیرۆکی بەرهەمەکەیە؛ مەبەستم ئەوە نییە بەرهەمەکە بەجێبهێڵین، بەڵکو دەبێت بەدوای باشترین هۆکار و هەلومەرجدا بگەڕێین؛ بۆ ئەوەی بە باشی پێبگات و لەم بارەیەوە سوود لە ڕاکانی ئێوە وەردەگرین.

سەبارەت بە پەیوەندییە کوردستانییەکان، نامەکە ئاماژە بەوە دەکات:

ڕێگەی دروست و واقیعی ئەوەیە؛ هەموو پارت و ڕێکخراو و لیژنە کوردستانییەکان لە ناوەوە و دەرەوە هاوکاریی یەکتر بکەن، بەڵکو دەبێت هەموو کورد لە هەموو پارچەکاندا هاوکار بن بۆ سەرخستنی بزووتنەوەی ئەو بەشە پرشنگدارەی کوردستانی عێراق، پێویستە هەمووان خەباتی خۆمان یەکبخەین بۆ سەرخستنی ئەم بزووتنەوەیە، پێویستە ئەم دروشمە بەرز بکەینەوە: یەکخستنی هەوڵەکانی گەلی کورد بە هەموو چین و توێژ و پارت و ڕێکخراوەکانییەوە، بۆ سەرخستنی بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق.

پاشان مەلا موستەفا داوا لە عیسمەت شەریف دەکات و دەڵێت.

برام، داوات لێدەکەم ئەم بیرۆکەیە لە مێشکی هەمووواندا بچەسپێنیت و ئێمەیش لای خۆمانەوە کار بۆ ئەوە دەکەین، پێویستە گەلی کورد لە تورکیا و ئێران و سوریا تەنها کار بۆ سەرخستنی بزووتنەوەی گەلەکەمان لە عێراق بکەن و کارەکانی تر بۆ کاتێکی تر جێبهێڵن. [١٥٧]ئەم سیاسەتە، کاریگەریی نەرێنیی وێرانکەری هەبوو لەسەر پەیوەندییە کوردستانییەکان، وەک دواتر دەیبینین.

لەڕاستیدا پێشنیارەکانی عیسمەت پێشوازی لێنەکرا هەرچەند بەگەرمی پەیامەکانی لەلایەن مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی حزبەوە وەردەگیرا وەک عیسەمت بۆی باس

[١٥٧] ، نامەی پارتی دیموکراتی کوردستان ، ١٩٦٢/٧/١٠

کردم[۱۵۸] که داوای کردوه شۆڕش زیاتر پێداگربێت لەسەر ئامانجە نەتەوەیەکان و ئازاتر و پەرۆشتر بێت لە بەدیهێنانی ئامانجی فراوانتر لە ئۆتۆنۆمی

عیسمەت شەریف وانلی؛ داوای دەکرد شۆڕش داوای مافی چارەی خۆنووسین بکات، لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەڵام بارزانی وای وەڵام دایەوە:

ڕای ئێوە مان سەبارەت بە ئامانجی شۆڕشەکەمان بینی کە داوا دەکەن ئامانجەکە بکرێتە (پەیڕەوکردنی مافی چارەی خۆنووسین لەلایەن گەلی کوردستانی عێراقەوە لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا). هەروەها ئاگاداری ئەو چارەسەرە مامناوەندییەیش بووین کە پێشنیارت کردووە لە نێوان ئۆتۆنۆمی و مافی چارەی خۆنووسیندا، ئەویش بە دامەزراندنی کۆماری کوردستانی کاتی و مۆڵەتدانی سێ مانگ بە عەبدولکەریم قاسم بۆ ئەوەی دانی پێدا بنێت، ئەگەر نا مافی چارەی خۆنووسین پەیڕەو بکرێت.

برام؛ تکایە لەگەڵم کەمێک بگەڕێوە بۆ دواوە، بۆ ئەوکاتەی ناچار بووین چەک دژی قاسم هەڵبگرین بۆ بەرگری لە مافەکانمان، ئەوکاتە داواکارییەکانمان زۆر سادە بوون و تەنها داوای گەڕانەوەی سوپامان لە ناوچەکانمان و هەڵوەشاندنەوەی جاش و جێبەجێکردنی دادپەروەرانەی یاساکانمان دەکرد. بەڵام کاتێک قاسم لە ستەم و خۆسەپێنی بەردەوام بوو و خوێنی شەهیدەکانمان ڕژا، داواکارییەکانمان گۆڕا بۆ (ئۆتۆنۆمی). ئەمڕۆیش دوای ئەوەی سەرکەوتنی زیاترمان بەدەستهێنا، ئۆتۆنۆمی بووەتە کەمترین ئاست کە بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری نابین، بەیانییش کاتێک سەرکەوتنی گەورەتر و شکۆدارتر بەدەستدەهێنین و جیهان دەستمان بۆ درێژ دەکات و قاسم بەرەو ڕوخان دەچێت، ئەوکاتە دەتوانین چاو بە ئامانجەکانماندا بخشێنینەوە.

سیاسەت؛ بریتییە لە بەدەستهێنانی مومکینات (ئەوەی لەتوانادایە)، هێز سەرچاوەی مافە، لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانین ئامانجەکانمان دیاری بکەین[۱۵۹]، بەشێوەیەك پەرەی

---

[۱۵۸] ، دیدار لەگەڵ عیسمەت شەریف وانلی لە لۆزان ۱۳ تەموزی ۲۰۱۰.

[۱۵۹] ، نامەیەك لە بارەگای بارزانییەوە بۆ عیسمەت شەریف وانلی بە واژووی مەلا مستەفا و دەستنووسە لە ۱۹۶۳/۱/۱۹.

پێ بدەین کە لە بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلەکەمان بێت، لە نەریتی سیاسیدا هەموو شتێک شیاوە ئەگەر توانامان هەبێت. [١٦٠]

دواتر داوا لە عیسمەت دەکات؛ پەیامنێر و تیمی تەلەفزیۆنی بنێرێت بۆ گرتنی دیمەنی گەلی کورد و ئەو ئازارانەی ئەو گەلە دەیچێژێت.

وانلی لە نامەیەکیدا بۆ وەڵامی هەردوو مەکتەبی سیاسی و مەلا موستەفا لەبەرواری ٥ تشرینی دووەمی ١٩٦٢ باسی ئەمانەی خوارەوە دەکات:

وەك لە نامەی ١٥٠٩ وتم، سوپاسی مەکتەبی سیاسیی بەڕێز دەکەم بۆ نامە بە نرخەکەیان، ژمارە ١٩٤ بەرواری ١٩٦٢/٧/١٠ زۆر دڵخۆشم کە هیچ ناخۆشییەک لەناو شۆڕشدا نییە و مەکتەبی سیاسی، سوورە لەسەر یەکڕیزی بە سەرکردایەتیی ژەنەڕاڵ بارزانی دانا، سوپاسی برایانی مەکتەبی سیاسی دەکەم، کە لە تێبینییەکانی نامەکانی پێشووم زویر نەبوون. ئێمە بە ئێوەوە شانازی دەکەین و ژیان بەبێ ئێوە، تام و چێژی بۆمان نییە، دڵنیام لەوەی ئێوە سنگتان فراوانە و تێگەیشتنی باشتان هەیە، چونکە لەوەوپێش بەیەکدی ئاشنابووین و باوەڕی تەواومان بەیەکتر هەیە.

من؛ بە دڵێکی فراوانەوە گلەیی و گازندەی برایانەم لەسەر گومانەکانی پێشووم لە هەندێک خاڵدا خوێندەوە، کە ئێستا بە تەواوی ئەو گومانانە ڕەویونەتەوە، ئەو گومان و سەرنجانە لە دەرەنجامی ئەو نیگەرانیەوە دروست ببوون، کە بەهۆی نەگەیشتنی هەواڵ بۆ ماوەی چەند مانگێک یان گەیشتنی هەندێك دەنگۆی ناڕاست بوون، کە ئەوکات نیشانەی پرسیارمان لەسەر دانابوون. من پێموایە هەر لێکتێنەگەیشتنێک لەم بوارەدا

---

[١٦٠] ، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی - عێراق - هاوکاریی بەشەکانی تری لەگەڵ خۆیدا قۆستەوە تا ئەو ڕادەیەی ڕۆڵی پۆلیسی هاتوچۆی بینی بەرامبەر بە چالاکیی حیزبە کوردییەکانی بەشەکانی تری کوردستان؛ هێزەکانی خۆی - پێشمەرگە - نارەد ناو کوردستانی ئێرانەوە بۆ دووركەوتنەوە و بەدواداچوونی هێزەکانی "ئەنەسار/پێشمەرگە"ی حیزبی دیموکراتی ئێران بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئێرانییەکاندا. هەرچەندە یاریدەتیدانی ئێرانی بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی زیاتر دەبوو، گوشارەکان لەسەر حیزبی دیموکراتی ئێران زیاتر دەبوون، تا ئەو ڕادەیەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی سلێمان موعینی کوژرا و تەرمەکەی ڕادەستی دەسەڵاتدارانی ئێران کرایەوە، و گوشار لە ئەحمەد توفیق کرا تا هەڵات و خۆی بەدەستەوە دا بە دەسەڵاتدارانی عێراق و لەلایەن رژێمی بەعسەوە لە ساڵی ١٩٧٢ کوژرا.

ڕوویدابێت، ئێستا نەماوە. ئێمە شانازی بە خەباتی ئێوەوە دەکەین و ژیانمان بەبێ ئێوە یان بە دوور لە ئێوە - خوا نەکات - بۆ ناچێتە سەر، ئێمە لەگەڵتانین و هەموومان یەک خێزان پێکدەهێنین، کە باوکمان موستەفا بارزانییە و ئامانجیشی خەباتە تا ڕزگارکردنی کوردستان و ڕزگارکردنی گەلی قارەمانمان لە چنگی دوژمنانی.

سەبارەت بەو خاڵەی لە نامەی مانگی نیسانمدا بۆ جەنابی ژەنەڕاڵ بارزانی ناردبوو، دەربارەی پرسی هەڵوەشاندنەوەی پارتی و گۆڕینی بۆ 'بەرەی ڕزگاریی کوردستانی عێراق'، تکایە با ئەم چەند خاڵەتان لەلا ڕوون بێت:

یەکەم: من ئەو نامەیەم لە کاتێکدا نووسی، کە دەنگۆی ئەوەم پێگەیشتبوو شۆڕش تەنها لە سنووری پارێزگای موسڵ قەتیس ماوە و لە پارێزگاکانی تر بێدەنگ و خامۆشە، زۆر نیگەران بووم لە چارەنووسی شۆڕش و دەترسام گۆشەگیر بێت، پرسیارم دەکرد دەربارەی هۆکارەکانی ئەوە و تا چەند مەکتەبی سیاسی لە شۆڕش و سەرکردایەتیکردنیدا بەشدارە، لەلایەکی ترەوە من ئاگاداری نامەی پێشووی ئێوە نەبووم کە بۆ من و برایان کەمال و وریا نێردرابوو، تا ئێستا ئەو نامەیەیشم نەبینیوە، کەمال لە یەکێک لە نامەکانیدا باسی گەیشتنی کردبوو و کورتەیەکی بۆ نووسیبووم، باشم لەبیرە نامەکەی کەمال دوای نووسینی نامەکەی مانگی نیسانی من، گەیشتە دەستم.

دووەم: من ئەو پێشنیارەم بەشێوەیەکی مەرجدار بۆ جەنابی بارزانی ناردبوو و گوتبووم: ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەوا پێشنیار دەکەم وا بکرێت و وا بکرێت.

سێیەم: من خۆم ڕای خۆمم گۆڕی، دوای تاوتوێکردنی بابەتەکە لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی بەڕێزی پارتی لە سوریا، ئەمەیش دوای نووسینی نامەکەی نیسان بوو. بۆ پارتیی سووریام نووسی، کە هاوڕام لەگەڵ دیدگای ئەوان کە بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی پارتی لە عێراق هەڵەیە، تەنانەت ئەگەر مەکتەبی سیاسی بە کردەیی لە شۆڕش و سەرکردایەتییشدا بەشدار نەبێت، دواتر قەناعەتم بۆ دروست بوو کە ئێوەی برایانی بەڕێز، بەشدارن لە شۆڕشدا بەتایبەت دوای بینینی ژمارە ٤٦٥ی (خەبات)ی نهێنی، کە وەک هەر کوردێکی بەشەرەف پێی خۆشحاڵ بووم، لە ئەنجامی ئەم قەناعەتەم بە خەباتی ئێوە، نامەی دووەمم بۆ جەنابی بارزانی نووسی لە بەیروتەوە لە مانگی حوزەیران و تەمموزدا و تێیدا ئاماژەم بە وەکردبوو، کە هەڵوەشاندنەوەی پارتیی عێراق، هەڵەیە.

چوارەم: ئێستایش دوای گەیشتنی نامەکانی ئێوە و نامەکەی کاک جەلال و گێڕانەوە مێژوویییەکەی بۆ ڕووداوەکان، پرسەکان بۆ من ڕوونتر بوونەتەوە و قەناعەتی تەواوم هەیە وەک لە سەرەوە باسم کرد، من ئەم بابەتە بەکۆتاییهاتوو دەزانم و دڵنیام ئەمە هەستی ئێوەیشە. لەلایەکی ترەوە ئێمە ئەو ناڕەحەتییانە دەنرخێنین بەتایبەت لە مانگەکانی یەکەمدا بۆ پارێزگاکانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر و ناوچەی خانەقین هاتبوونە ڕێگەی ڕێکخستنی شۆڕش.

سەبارەت بە بیرۆکەی دامەزراندنی 'بەرەی ڕزگاریی کوردستانی باشوور (یان عێراق)' بە سەرۆکایەتیی ژەنەڕاڵ بارزانی، بەرەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و بە نوێنەرانی لایەنە کوردییەکانی تری دەرەوەی پارتی و بەشدار لە شۆڕش، پێک بێت. ئەو بیرۆکەیەی لە نامەکەمدا لە بەیروتەوە بۆ جەنابی بارزانی خستبوومەڕوو، هۆکارەکانی ئەم بیرۆکەیە بەمشێوەیە ڕوون دەکەمەوە:

١. شۆڕش، شۆڕشی هەموو گەلی کوردە (جگە لە خائینەکان بێگومان) نەک تەنها شۆڕشی پارتی.

٢. باشتر وایە هەموو ئەو لایەنانەی بەشدارن لە شۆڕشدا، لە ئاستی سەرکردایەتییەکانیدا (سیاسی یان سەربازی) بەپێی ڕێژەی بەشداریان (نوێنەرایەتییان هەبێت)، بە مەرجێک شوێنی یەکەم و گەورەتر و نوێنەرایەتیی زۆرینە لەم دەستە سەرکردایەتییانەدا بۆ پارتی بێت و لە سەرووی هەموویانەوە جەنابی ژەنەڕاڵ بارزانی، بەشێوەیەك کە ڕەنگدانەوەی بەشداریی فراوانی پارتی بێت لە شۆڕش و سەرکردایەتیکردنیدا، بە جۆرێک کە پارێزگاری لە دروستیی ئاراستە سیاسییەکەی شۆڕش بکات.

٣. لە حاڵەتی دروستنەکردنی ئەم بەرەیە (سیاسی)، یان ئەنجومەنی شۆڕش (سەربازی) و نوێنەرایەتینەکردنی لایەنەکانی تر (ناپارتییەکان)، ترسی ئەوە هەیە کەلێن لە شۆڕشدا دروست ببێت و دابەشبوونی ناوخۆیی ڕووبدات.

٤. دروست نییە ئەو خێڵ و سەرۆک خێڵانەی بە کردەیی بەشدارن لە شۆڕشدا، وەک خائینانی دەرەبەگی کورد، مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، ئەمە نە لە بەرژەوەندیی شۆڕشدایە و نە دادپەروەرییە.

٥. حیزبە کۆمۆنیستەکان لە کاتی تەنگانە و ڕۆژە سەختەکاندا، هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە سیاسییە هاوشێوەکانی خۆیان و کەمتر پێشکەوتنخوازەکان و تەنانەت لەگەڵ حیزبە بۆرژوازییەکان و هەموو ڕەگەزێکی سەربەخۆی بەشەرەف دەبەستن، ئەی بۆچی بۆ پارتی دروست نەبێت، بەرەیەکی کوردی لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی تری بەشدار لە شۆڕشدا پێکبهێنێت؟

٦. بەشداریکردنی لایەنە کوردییە ناپارتییەکانی ناو شۆڕش؛ لە پاڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا، جەخت دەکەمەوە کە ئەم بەشداریکردنە لە دەستەکانی شۆڕشدا، سەرەڕای هۆکارەکانی سەرەوە، لەگەڵ بنەما دیموکراسییەکانی خودی پارتییشدا دەگونجێن.

٧. یەکێک لە گرنگترین هۆکاری شکستی شۆڕشە کوردییەکانی پێشوو، نەبوونی یەکڕیزیی گەلی کورد بووە، ئێستا ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی جەماوەرییە و گەلەکەمان کۆکە لەسەر خەبات، نابێت هیچ کارێک بکرێت کە ئەم یەکڕیزییە لاواز بکات، ئەمە ڕای ئێوەیشە ئەی برایانی بەڕێز، وەک لە نامەکەتاندا نووسیوتانە.

برایانی بەڕێز، ئەم دێڕانە تەنها ڕایەکن دەیانخەمە بەر دەست جەنابی فەرماندەی گشتیی بارزانی و ئێوە، بۆ لێکۆڵینەوە. ئێوە لە بارودۆخەکە شارەزاترن و گومانی تێدا نییە چ بڕیارێک بە گونجاو بزانن؛ دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆکایەتیی پارتی و سەرکردایەتیی گشتیی شۆڕش دەیدەن، ئەگەر سەرکردایەتیی شۆڕش وای دەبینێت کە دروستکردنی ئەم جۆرە دەستە ڕێکخراوەییانە بۆ شۆڕش، هەندێک کێشە دروست دەکات، دەکرێت بۆ کاتێکی تر دوابخرێت.

عیسمەت لە مەترسییەکانی بەحیزبییکردنی هەموو شتێک تێگەیشتبوو، بۆیە ویستی گەلی کورد لە دیکتاتۆرییەتیی تاکحیزبی دووربخاتەوە، لەبەرئەوە سوور بوو لەسەر ئەوەی (لیژنەی بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد) بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە:

لیژنەی بەرگری لە دەرەوەی وڵات؛ لە ئەنجامی شۆڕشەوە لەپێناو پەیوەندییەکان و خزمەتگوزارییە دەرەکییەکان لەدایک بووە. لیژنەیەکی سەربەخۆی ناحیزبییە لە ناوخۆدا، سەرەڕای ئەوەی نوێنەرانی حیزبە دیموکراتە کوردستانییەکانی تێدایە و دەبێت تێیدا بێت، یان لانی کەم دەبێت لە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ و بەردەوامدا بێت لەگەڵ مەکتەبە سیاسییەکانی پارتە دیموکراتە کوردستانییەکان و دەستە نیشتمانییە شەریفەکان، بۆ ئەوەی سیاسەتەکەی دروست و تەبا بێت لەگەڵ سیاسەتی ئەو پارتانەی لە ناوخۆی نیشتماندان، لیژنەی بەرگری ناکرێت پاشکۆی تەنها یەک حیزبی کوردستانی بێت. بەڵکو ئەو مامەڵە لەگەڵ هەموو حیزبە کوردستانییەکان لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا دەکات و هەمیشە هەوڵ دەدات دیدگای هەموو ئەو حیزبانە ڕەچاو بکات و ئەو دیدگایانە لە یەکتر نزیک بکاتەوە ئەگەر جیاوازییان لە نێواندا هەبن، هەبوونی لیژنەی بەرگری لە هەلومەرجی ئێستادا، پێویستییەکی مێژوویییە کە ئێوە لێی تێدەگەن و پێویست بە گەڕانەوە بۆ سەری ناکات.[١٦١]

[١٦١] ، ناەیەك بە دوو نەسخە لە لایەن سکرتێری لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد عیسمەت شەریف وانلی بۆ بەڕیز ژەنەرال بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرواری ٥ تشرینی یەکەم ١٩٦٢.

گەشەی سروشتی بزووتنەوەی کوردی
(قۆناغی بەرەوپێشچوون و لێهاتوویی)

بزووتنەوەی کورد لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، بە پلەبەندی و بە جیابوونەوەی هەردوو لایەنەکە؛ دەستی بە ڕێکخستن کرد، مەکتەبی سیاسی لە ناوچەکانی سۆران و مەلا موستەفا لە ناوچەکانی بادینان. هۆی ئەمەیش، دەگەڕێتەوە بۆ پشتگیریی بزووتنەوەکە لەلایەن گوندنشین و شارنشینەکان بەشێوەیەکی بێوێنە، کە ئاواتێکی گەورەی لە بەدیهێنانی هەندێک لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا هێنایە دی، بەمشێوەیە هەردوو لایەنەکە توانییان هەندێک سەرکەوتنی سەربازی بە جیا بەدەست بهێنن. وا دەردەکەوت کە کارکردن بە دوو ئاڕاستەی دوو سەرکردایەتیی جیاواز و لە دوو ناوچەی جیاوازدا بەشێوەیەکی باش بەرەوپێش چووبێت، بەڵام هەرەس کاتێك ڕووی دا، کە هەوڵدرا هەردوو سەرکردایەتیەکە بکرێت بەیەك و هەر لایەنێک هەوڵی دا دیدگای خۆی لە شێوازی بەڕێوەبردنی جووڵانەوەکە بسەپێنێت.

لێرەدا دەبێت بەدواداچوون بکەین بۆ پەرەسەندنی خەباتی چەکداری کورد، بۆ ئەوەی ببینین چۆن پەیوەندیی نێوان مەلا موستەفا و مەکتەبی سیاسی تێکچوو، هێرشی فڕۆکە عێراقییەکان لە دوای مانگی ئەیلولی ١٩٦١ بۆ سەر پێگە و هێزی خێڵەکان، وایکرد بە خێرایی پەرتەوازە بن و تەنها ئەندامە حیزبییەکان لە چیاکاندا مانەوە، دوای لێکتێگەیشتنی قاسم لەگەڵ شێخی بارزان و قبوڵکردنی ئاگربەست لە لایەن هەردوولاوە، مەلا موستەفا بە یاوەریی نزیکەی ٦٠٠ چەکدار، لە ناوچەی بارزان چووە دەرەوە و لەم هێزە (کامپی سەربازیی گەڕۆک) پێکهێنرا، ڕێڕەوەکەیان بە ناو خێڵەکانی بادیناندا بەرەو سنووری سوریا بوو. ئەندامانی هۆزە جیاوازە کوردییەکان پەیوەندییان پێوە کرد و مەلا موستەفایان لە بیرۆکەی پەنابردن بۆ وڵاتی سوریا پەشیمان کردەوە، چونکە گەلی کورد بۆ پشتگیریی بزووتنەوەکە ڕاپەڕی و سەربازە کوردەکان ڕیزەکانی سوپا و پۆلیسیان جێهێشت و پەیوەندییان بە بزووتنەوەکەوە کرد، هێزەکانی بزووتنەوەکە لە بادینان و سۆران، سەرکەوتنی سەربازیی وایان بەدەستهێنا، کە پاڵی پێوەنان بۆ بەردەوامبوون.

ژینگەی سیاسیی نێودەوڵەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەوری گەلی کوردیان دابوو، زۆر ناڕەبار بوو. بزووتنەوەکەیش لە هەموو لایەکەوە لەلایەن دوژمنانەوە گەمارۆدرابوو، هێزە چەکدارەکانی عێراق (پیادە، هێزی ئاسمانی، پۆلیس و ژمارەیەکی زۆری جاشە کوردەکان) هێرشیان دەکردە سەر گوندەکانی کوردستان. تورکیا دوژمن بوو، سنوورەکانی داخرابوون. سوریا و ئێرانیش بە هەمان شێوە. ڕۆژئاوا، وای دەبینی کە بزووتنەوەی کورد لە لایەن سۆڤیەتەوە هان دەدرێت، لە کاتێکدا پشتگیریی سۆڤیەت؛ سنووردار و نهێنی بوو، یەکێتیی سۆڤیەت دابینکەری یەکەمی چەک و تەقەمەنی و فڕۆکە بوو بۆ ڕژێمەکەی قاسم و هاودەم هەڵوێستی هێزە نەتەوەییە عەرەبەکان، شۆڤێنی و دوژمنکارانە بوو. بڵاوکراوەیەکی بەعس ناڕەزایەتیی بەرامبەر خەمساردیی قاسم لە شەڕی گەلی کورد دەردەبڕێت و بە ئاشکرا داوا دەکات شێوازی تۆرانییەکان (تورکەکان) پەیڕەو بکرێت، بۆ سڕینەوەی گەلی کورد لە ڕێگەی تواندنەوەیان بە زۆر و ڕاگواستنیان لە نیشتمانەکەیان.

کاتێک کوردەکان لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا هەڵگەڕانەوە، یاخیبوونیان ڕاگەیاند و ویستیان نیشتمانی تایبەت بە خۆیان هەبێت، هەروەها خۆیان لە خاکی عێراقی عەرەبیمان دابڕن. بەیاننامەکە بڵاویکردەوە کوردەکان لەوکاتەدا ئامانجیان ڕزگاربوون نەبوو لە قاسم، بەڵکو ئامانجەکەیان سیاسی بوو دژی عەرەب بەگشتی، کێشەی کورد کێشەی تەواوی نەتەوەی عەرەبە. ئەرکی گەنجانی عەرەبە لەم کێشەیە تێبگەن. چونکە ئەمە تەنها پەیوەندیی بە دەسەڵاتدارانی عێراق یان حیزبی بەعسەوە نییە، بەڵکو کێشەی تەواوی نیشتمانی عەرەبە و دەبێت گەل بە هەموو هێزی خۆیەوە، بەشداری لە چارەسەرکردنیدا بکات و هەڵوێستێکی ڕەق و ئەرێنی بنوێنن بۆ لەناوبردنی ئەم تاقمانەی، کە دەیانەوێت لە ناو نیشتمانی عەرەبیماندا، ئیسرائیلێکی دووەم دروست بکەن. ئێمە باوەڕی تەواومان هەیە کە دەبێت هەموو کەمینە جیاوازەکان کە لەسەر خاکی عەرەبیمان دەژین، لە چوارچێوەی نەتەوەی عەرەبیدا بتوێنرێنەوە و هەرکەسێکیش ئەوەی بە دڵ نییە، با لە نیشتمانمان بڕوات و نیشتمانێکی تر بۆ خۆی هەڵبژێرێت.

جەماوەری عەرەبیمان داوا دەکەن کە دوای لەناوبردنی یاخیبوونەکە، پڕۆسەی نیشتەجێکردن ئەنجام بدرێت، ئەویش بە دابەشکردنی زەوییەکانی ناوچە کوردییەکان بەسەر هاوڵاتیانی عەرەبدا، بەمەیش کۆتایی بە گرنگترین هۆکار دەهێنین. هەبوونی ناوچەیەکی تایبەت بە کورد، هۆکارە بۆ ئەوەی داوای نیشتیمانی سەربەخۆ بکەن، لە داهاتوویشدا دەبێت کار بکرێت بۆ ڕاگواستنی کورد بۆ هەموو بەشەکانی نیشتمانی عەرەبی، تاوەکو هیچ گردبوونەوەیەکیان نەبێت کە ببێتە مەترسی بۆ سەر دەوڵەتی عەرەبی.[١٦٢]

ئەمانە (بەعسییەکان) دوای لادانی قاسم، دەسەڵاتیان گرتەدەست و نەخشەکەی خۆیان جێبەجێکرد، کە بریتیبوو لە سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی لە کوردستان، لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی سەربازییەوە، لەسوریایش تەلال هیلال نامیلکەیەکی ڕەگەزپەرستانەی نووسی، لەسەر چۆنیەتیی لەناوبردنی گەلی کورد لەڕێگەی دروستکردنی پشتێنەی عەرەبی (حزام العربی).

هەروەها بڵاوکراوەی بەرەی نەتەوەیی؛ لە بەیاننامەیەکیدا وەسفی شۆڕشی کورد لە سەرەتاکانیدا دەکات لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦١: بەرەی نەتەوەیی قاسم، بە تاوانباری کێشکردنی عێراق بۆ ناو ئەم ڕووداوانە دەزانێت و داوا لە جەماوەر دەکات کە حوکمی قاسم و ئەو سێگۆشەیەی پشتگیریی دەکات، کە پێکهاتووە لە (کۆنەپەرستی، ئیستیعمار و شعوبیەت دوژمنی سەرەکی و ڕاستەوخۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیین، بەردەوامیی ئەم حوکمە دەبێتە هۆی نوێبوونەوەی کارەسات و دوبارەبوونەوەی ڕووداوەکان، لەبەر ئەوانە پێویستە لە زووترین کاتدا، کۆتایی بەو دەسەڵاتە بهێنرێت، واتا پاکتاوکردنی قاسم و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد.[١٦٣]

---

[١٦٢] االفجر الجديد ، بغداد١٩٦١/٩/١٩ ص١٩٤ ، نقلا عن لبروفيسور د. كاوس قفطان: الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨ -١٩٤٦، ٢٠٠٤ سليمانية،

[١٦٣]، د .كاوس قفطان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.

ڕۆژنامەی (العهد الجدید) هەردوو (ئیمپریالیزم و شیوعییەت)ی پێکەوە، بە هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشی کورد تۆمەتبار کرد[١٦٤]. بەڵام ڕۆژنامەی (الفجر الجدید)؛ وڵاتانی سۆسیالیستی بە دروستکردنی ڕووداوەکانی کوردستان تۆمەتبار کرد. هەروەها پەیوەندیی نەتەوەییە عەرەبەکان (رابطة القومیین العرب) دژی بزووتنەوەی کورد وەستانەوە، لە سوریا و میسر و لوبنان نەتەوەییە عەرەبەکان لە بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانیاندا، هێرشیانکردە سەر قاسم و شۆڕشی کورد و بە (ئیسرائیلی و زایۆنیستی) ناویان برد، ڕۆژنامەی (الأنوار)ی بەیروتی ئاماژەی بەوە کرد: بزووتنەوەی جوداخوازیی کورد، بە ڕوونی پلانی چاوچنۆکیی دژی عەرەب نیشان دا، دەبێت بەرەنگاریان ببینەوە بە یەکبوون و جەنگ دژیان بە هەموو شێوازێك، هەر بۆیە هەموو عەرەب دژی دواپین بزووتنەوەی کورد وەستان و هەر لەبەرئەوەیش دژی هەر بزووتنەوەیەکی هاوشێوە دەوەستنەوە.[١٦٥]

هەڵوێستی فەرمیی عەرەب بەگشتی، دوژمنکارانە بوون بە خواستەکانی گەلی کورد، هەرچەندە میسر نەرمتر دەدوا، ڕۆژنامەی (الأهرام)ی فەرمی بڵاویکردەوە: ئاڵۆزییەکانی باکووری عێراق، سیمای بەشداریی شیوعییەکانی پێوەیە و بارزانییان قۆستووەتەوە، هەروەها زانیاری هەیە کە کۆمپانیای نەوتی عێراق دوور نییە لە شوێنی ڕووداوەکانەوە.[١٦٦] هەروەها گۆڤاری (روزالیوسف)ی میسری دەڵێت: کورد و شیوعییەکانن؛ کە بە دیاریکراوی چاویان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆیە. ئەم پشێوییانە، دەتوانن سوودی گەورە بۆ بەریتانیایش دەستەبەربکەن.[١٦٧] گۆڤاری (آخر ساعة)یش نووسیبووی: قاسم؛ خۆی هەستی جوداخوازیی لای کورد گەورە کرد و خەونی 'کوردستانی گەورە'ی بۆ گەڕاندنەوە.[١٦٨]

---

[١٦٤] ، هـ.س ، ل١٩٥.

[١٦٥] هـ.س ، ل١٩٦

[١٦٦] هـ.س ،ل١٩٨.

[١٦٧] هـ.س ، ل١٩٨

[١٦٨] ، هـ.س ، ل١٩٩.

گەلی کورد لە خەباتیدا؛ تەنها بوو. لە واقیعدا هیچ دۆستێکی نەبوو. حیزبی شیوعیی عێراق کە لە هەمووان لە گەلی کوردەوە نزیکتر بوو، شەڕی ڕژێمی قاسمی لە کوردستان شەرمەزار دەکرد و سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی کە ڕژێمی قاسم نیشتمانییە و دۆستی یەکێتیی سۆڤیەتە و دژی ئیمپریالیزمە، بۆیە بە دروستی نەدەزانی چەک دژی بەرز بکرێتەوە، گەلانی عەرەب بەدرێژایی ساڵەهای ساڵ لەژێر کاریگەریی ڕۆژپاگەندەی فەرمیی چەواشەکاردا بوون و باوەڕیان بەو چەواشەکاریانە دەکرد، تا ئێستایش زۆربەی گەلی عەرەب لە واقیعی گەلی کورد و مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی لەسەر خاکی خۆی تێناگەن، ژمارەیەکی زۆر کەم لە ڕۆشنبیرانی عەرەب، تێگەیشتنیان نیشان دا و پشتگیریی مافی گەلی کوردیان کرد بۆ بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر خاکە مێژوویییەکەی، بەڵام ئەوانە دەگمەن بوون و تا ئێستایش ئەم ئاراستە ڕووخێنەرە، ڕێگرە لە بەردەم سەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

کورتەیەکی کەممان پێشکەش کرد لەو دوژمنایەتییەی، دەوری گەلی کوردی دابوو، هەروەها مەترسیی جینۆسایدی کوردمان خستەڕوو، مەفرەزەکانی پێشمەرگە هیچ سەرچاوەیەکی چەک و خۆراک و تەقەمەنییان نەبوو، گەلێکی هەژار لەژێر گەمارۆی ئابووریی توند و لە هەموو لایەکەوە بەبێ پشتگیریی دەرەکی دەجەنگێت و تەنها پشت بە هێزی خۆی دەبەستێت، ئەمەیش بەپێی لۆژیک، ژیری دەخوازێت لەو دەمانەدا هەموو ناکۆکییە کەسییەکان فەرامۆش بکرێن و یەکێتیی سەرکردایەتیی کورد بپارێزرێت، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییە ئامادەیەی هەڕەشە لە بوونی بە گشتی دەکەن، بەڵام جێگەی سەرنجە کە سەرکردایەتیی کورد، هیچ بایەخێکی بەم مەترسییانە نەدا و نوگمی (نوقمی) شەڕی ناوخۆیی خوێناوی بوو. قوربانی و مەینەتییەکی زۆری بۆ گەلی کورد؛ بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم ئاراستەیە، بۆ ماوەی پێنج دەیەی تەواو لە پلانەکانی سەرکردەکانی کورددا، ئامادەیی هەبوو.

پەیوەندیی نێوان سەرۆکی پارتی و مەکتەبی سیاسی، بەدرێژایی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم، بە جۆرێک لە ئەرێنی و نەرێنی پێکەوە وەسف دەکرا؛ هەر لایەك بە جیا ناوچەی دەسەڵاتی خۆی بەڕێوەدەبرد و بەرەنگاری هێرشە تونەدەکانی سوپا و

جاشەکان دەبووەوە. پشتگیریی جەماوەری بۆ بەرگریی کورد، بەدرێژایی حوکمی قاسم بەهێز بوو. سەرۆکی پارتی و مەکتەبی سیاسی توانییان بنکەکانی بەرگری لە ناوچەکانی دهۆک، سلێمانی و هەولێر بچەسپێنن و فراوانی بکەن.

لە ڕاستیدا دەسەڵاتی قاسم بەرەو کۆتایی دەچوو، ئەم کۆتاییەیش بەهۆی جەنگی کوردستان خێراتر دەبوو. لە هەمان کاتدا بزووتنەوەی کورد بەهۆی پشتگیریی جەماوەرەوە بەتایبەت لە لادێکانی کوردستان بەهێز بوو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چاوەڕوانی ڕووخانی ڕژێمی قاسمی دەکرد، ئەرشیفێکی ئەمریکی لە ڕێکەوتی ٥/٣/ ١٩٦٢ لەم بارەیەوە دەڵێت:

ئامانجی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، ڕووخاندنی سەرۆک وەزیران عەبدولکەریم قاسم بوو، بەڵام هەوڵەکانیان بەهۆی ترس لە دەسەڵاتە فراوانەکانی بەسەر هەموو دەزگاکانی حکومەتدا و بوونی تۆڕێکی هەواڵگریی ئاڵۆز و کۆنترۆڵی بەسەر سوپادا، پەکیخستن و فەشەلیان هێنا.

قاسم، سەرقاڵی هەڵمەتێکی سەربازییە، کە تێیدا هێز و تۆپخانە و فڕۆکە دژی یاخیبوونی خێڵەکیی کورد؛ کە لەلایەن پارتی دیموکراتی چەپی کوردستان و دانیشتووانی شارەکانەوە پشتگیری دەکرێت، لە ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق لەسەر سنوورەکانی تورکیا و ئێران. ئەم هەڵمەتە سەربازییە، لە ڕووی سیاسییەوە زیانی هەیە، چونکە قاسم پێداگریی دەکرد کە عێراق، وڵاتی برایەتیی نێوان عەرەب و کورد و کەمینەکانی تر، هەروەها بەرگریی کورد ئەوە نیشان دەدات کە عێراقییەکان لە قاسم بێزارن، هێزەکانی پێشمەرگەی کوردی بە (شەڕی پارتیزانی) بەناوبانگن و ئەو فشارەی خستویانەتە سەر سوپا، بووەتە هۆی دروستبوونی ناڕەزایەتی لە ناو هێزە عێراقییەکاندا.

هەمان ئەرشیف بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ئێستا ڕاپۆرت هەن لەسەر هەوڵێکی نوێی بەعسییەکان بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەی قاسم، لە مانگی نیسان یان ئایاردا. ڕەنگە ئەو ڕژێمەی شوێنی قاسم دەگرێتەوە، لە نەتەوەیی عەرەبەکان یان بێلایەنەکان بێت. حکومەتی داهاتوو، ڕەنگە لە پلان و ڕواڵەتدا، کەمتر دژایەتیی ڕۆژاوا بکات، بەڵام لە هەموو ئەگەرەکاندا سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوەیە، کە بە هیچ شێوەیەک

لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەست تێکەڵ نەکات دژی قاسم. تەنانەت لەگەڵ ئەو عێراقییانەیش کە پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکا نیشان دەدەن. ئەرشیفی حکومەتی ئەمریکا ئامۆژگاری دەکات، لە حاڵەتی نەمانی ڕژێمی قاسمدا لە هەموو بارودۆخێکدا، دەبێت پێش هەر هەنگاوێک لە نزیکەوە ڕاوێژ لەگەڵ بەریتانیا، تورکیا و ئێران بکرێت.[١٦٩]

سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر گۆڕانکاری لە عێراقدا، ئەرشیفە نهێنییەکە دەڵێت:

١. ئەگەر ئەو گرووپەی دەسەڵات دەگرنە دەست، کە نوێنەرایەتیی عێراقییەکان بەگشتی و نەتەوەییەکان بەتایبەتی بکەن، ئەوا وا دەردەکەوێت کە بە تەواوی کۆنترۆڵی دۆخەکەیان کردووە. پێویستە ئەمریکا دەستبەجێ دانیان پێدا بنێت و هاوکارییان پێشکەش بکات، دەبێت ڕێگری لە دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێی عێراق بکەین.

٢. لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو گرووپەی قاسم دەڕووخێنن، نوێنەری حیزبی بەعس بن (کە بەهۆی ململانێ ناوخۆییەکانەوە ڕێکخراوێکی پەرشوبڵاون)، پێویستە ئەمریکا دانپێدانان دوابخات، تا دڵنیا دەبێتەوە کە بە تەواوی دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، لەم ئەگەرەدا نابێت وڵاتانی دراوسێ هان بدەین بۆ دەستتێوەردان.

٣. ئەگەر کوردەکان پشتگیریی حکومەتی نوێیان نەکرد و داوای ئۆتۆنۆمییان کرد لە ناوچە دیاریکراوەکانی عێراقدا، ئەوا پێویستە ئەمریکا دان بە حکومەتی نوێدا بنێت، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاڵۆزی و کێشەی کوردی بوونی هەبێت، بەمەیش خۆمان بەدوور دەگرین لە دەرکەوتن وەک پشتگیریکەری داواکارییەکانی کورد.

٤. لە ئەگەری بەردەوامیی ململانێ لە نێوان شیوعی و ناشیوعییەکان، دەبێت ڕاوێژ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و بەریتانیا بکەین، بگەڕێین بەدوای چۆنیەتیی یارمەتیدانی لایەنە ناشیوعییەکان، بەبێ دەستوەردانی ئاشکرای ئەمریکا یان هەر دەوڵەتێکی ڕۆژئاوایی تری وەک تورکیا و ئێران. بەرژەوەندی لەوەدایە؛ هەتا بۆمان بکرێت ململانێکە بە عەرەبی بمێنێتەوە.

[169] File 611.87/6-2062. Washington, May 3, 1962. Contingencies in Iraq

٥. ئەگەر بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو؛ لایەنە شیوعییەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، دەبێت باشترین ڕێگە بدۆزینەوە بۆ هاندانی کاردانەوەی قوواڵی دراوسێکانی عێراق، دەبێت ئامادە بین بۆ خستنەڕووی بابەتەکە لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ئامانجی ڕێگریکردن لە سۆفیەت لە دەستوەردان.[١٧٠]

لە بەشەکانی پێشوودا، بینیمان چۆن بزووتنەوەی کورد بە خۆڕسکی گەشەی کرد و جەماوەر لە دەوری کۆبوونەوە، هەروەها بۆ جیهانی دەرەوە وا دەردەکەوت شۆڕش لە ڕەوتی تەواوەتی خۆیدایەتی، بەاڵم سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەیرانێکی ناوخۆیی قووڵدا بوو، هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسە بیانییانەی لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٦٤ سەردانی کوردستانیان کردبوو، هەستیان بە ناکۆکییەکان کردبوو و لەسەریان نووسیبوو، چۆن ئەم تێکچوونە لە پەیوەندیی نێوان سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕووی دا؟ لە دۆخێکدا؛ کە گەلی کورد ڕووبەڕووی مەترسی شەڕێکی ستەمکارانە دەبووەوە لە لایەن حکومەتەکانی بەغداوە؟ پێویستە ئەوە وەبیر بهێنرێتەوە، کە پەیوەندیی نێوان هەردوولا لە هیچ کاتێکدا ئاسایی نەبووە، تۆوی قەیرانەکە لە کوێدا بوو؟ ئایا دەکرا خۆیانی لێ بەدوور بگرن؟ یان هەر دەبوو ڕووبدات؟ ئایا هۆکاری دەرەکی هەبوو، یان هۆکارەکان لە ناوجەرگەی کۆمەڵگەی کوردیدا بوون؟ واتە ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان بۆرژوازییە بچووکە گەشەسەندووەکەی کورد و کەرتی فیۆدالّی (ئاغایەتی)ی کوردیدا بوو، کە ڕەتی دەکردەوە بچێتە ژێر باری بۆرژوازییە گەشەسەندووەکە؟

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە، تێگەیشتنە لەوەی ڕووی دا، بەپێی ئەو ڕاستیانەی لەبەردەستماندایە بۆ شیکردنەوەی ئەم دابەشبوونە ناوخۆییەی، کە خەباتی گەلی کوردی لاواز کرد و بووە هۆی نسکۆی ساڵی ١٩٧٥. سەرەتا با لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستپێبکەین.

مەلا موستەفای سەرۆکی حیزب: ڕەنگە لە ساڵی ١٩٠١ یان ١٩٠٢ لەدایکبووبێت، لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ بۆ ١٩٣٢ پاشەکشەی هەژموونی عوسمانی و هاتنی داگیرکەرە

[170]. File 611.87/6-2062. Washington, May 3, 1962. Contingencies in Iraq

نوێیەکانی (بەریتانیا) و پاشان سەپاندنی دەسەڵاتی بەغدای بە چاو بینی. بەشداریی لە چەک هەڵگرتن و جەنگ دژی داگیرکەران کرد. نەیتوانی ژیانێکی ئارام بەسەر ببات، چونکە ناوچەکە هەمیشە لە شەڕدا بوو، چ لەگەڵ حکومەتەکان یان شەڕی خێڵەکییە درێژخایەنەکان، ئەزموونی خۆی لە ژیانی خێڵەکییەوە وەرگرتبوو، لە دەروونناسیی لادێی کورد و گرنگیی هێز لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆست و دوژمن، فێر بووبوو.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی: لەو گەنجتر بوون و کوڕی شار بوون، سەر بە وردە بۆرژوازییەتی گەشەسەندوو بوون، ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٣)، جەلال تاڵەبانی (١٩٣٣)، عومەر موستەفا (١٩٢١)، نووری شاوەیس (١٩١٨)، عەلی عەبدوڵڵا (١٩٢٢)، جیاوازیی تەمەن لە نێوان سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، زۆر بوو. جەلال تاڵەبانی ٣١ ساڵ لە سەرۆکی حیزب گەنجتر بوو، نزیکترینیان ئیبراهیم ئەحمەد بوو کە ١١ ساڵ لەو گەنجتر بوو. پاشخانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریان، تەواو جیاواز بوو. مەلا موستەفا، لە لادێیەکی دابڕاو گەورە ببوو و لەژێر چاودێریی خاڵی (ئەحمەد ئاغای شیروانی) مایەوە و دواتر کچەکەی مارەکرد، وەک دەردەکەوێت ڕێوڕەسمی تەریقەتی بە هەند وەرنەگرتبوو، بەڵکو تەنها بۆ بەهێزکردنی نفووزی خۆی لەناو بارزانییەکاندا، بەکاریدەهێنا. کوشتنی مورشیدی تەریقەت لە ١ی ئەیلوولی ١٩٢٧ کە ئامۆزای خۆی بوو، لەگەڵ دوو کەسایەتیی تردا، سەرەتای سەرکەوتنی سیاسیی ئەوە. هاوەڵم دەستپێکی بەکارهێنانی شێوازێک لە گوشار بوو، کە سەرکەوتوو بوو بۆ ملکەچکردنی دەوروبەری، زۆر سوور بوو لەسەر باشکردنی باری ماددیی خۆی، لەگەڵ گوتارێکی زاهیدانە و نیشاندانی دوورکەوتنەوە لە پارە. خاوەن هەستیارییەکی سیاسیی ورد بوو، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە بەریتانییەکان ئەوانە وەک ئاغا دەستنیشان دەکەن، کە لە داهاتوودا دەستپێشخەرییان لەدەستە. بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی دا بە هەموو شێوەیەک لە بەریتانییەکان نزیک بێتەوە، تەنانەت بە ڕێگەی زۆر سەیر. لەوانە (بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی گۆڕینی ئایینی خۆی، لە ئیسلامەوە بۆ مەسیحی و حەڵاڵکردنی گۆشتی بەراز)، ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی بیانی، لە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی کۆلۆنیالی بەریتانی ئاماژەیان بەوە داوە، بەڵام بە هەڵە دەیانگێڕایەوە بۆ ڕەفتارە سەیرەکانی

شێخی بارزان، کاتێک بارزانییەکان لە شێخی بارزانیان پرسییەوە، بە تووندی بە گژیاندا هاتەوە. مەلا موستەفا، ڕۆڵی هەبوو لەو جەنگانەی بۆ داگیرکردنی بارزان لە ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٣٢ کرا ڕۆڵی خۆی زۆر گەورە نیشان دا، پڕوپاگەندەکانی لە ناو کۆمەڵگەیەکدا کە جیاوازیی لە نێوان ڕاستی و پڕوپاگەندەدا نەدەکرد، کاریگەریی هەبوو.

هەوڵەکانی بۆ نزیک بوونەوە لە بەریتانییەکان، سەرکەوتوو نەبوون. کاتێک وەک دورخراوە لە سلێمانی نیشتەجێ بوون، شاری سلێمانی پڕ بوو لە جۆشی نەتەوەیی و هەمووان چاوەڕوانی گۆڕانکاری بوون، چونکە چەقی ڕۆشنبیری و خەباتی کورد بوو. مەلا موستەفا وەک بارزانییەکانی تر، لە تەنگژەی ژیاندا بوو. بۆیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چالاکوانانی کورد چڕکردەوە و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی ئەوانی وەرگرت، ئەمەیش بووە خاڵی دەستپێک بۆ گێڕانی ڕۆڵی سەرکردەیەکی نەتەوەیی. کەسایەتییە چالاکەکانی شارەکە، دەیانویست سوود لە پاشاگەردانیی جەنگی جیهانی دووەم وەربگرن؛ بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد، چینە بۆرژوازییە کوردییە لاوازەکە کە متمانەی بە خۆی نەبوو، وایبینی کە دەکرێت سوود لە توانای سەربازیی بارزانییەکان وەربگرن، لە ڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ مەلا موستەفادا، بارزانییەکان لە سروشتەوە خەسڵەتێکی سەربازییان هەبوو، سەنگیان کاریگەریی هەبوو بۆ گوشاری سەربازی لەسەر بەغدا و بەریتانیا.

پێویستییەکی دوولایەنە لە نێوان هەردوولادا هەبوو؛ مەلا موستەفا لە ڕێگەی ئەم ڕۆشنبیرانەوە، لەو قاوغە تەسکەی خۆی دەهاتە دەرەوە و سیمایەکی نەتەوەیی بە کارەکانی خۆی دەبەخشی، ئەوانیش پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد و پارە و زانیاری و پشتگیریی مەعنەوییان بۆ دابین دەکرد و وەک سەرکردەیەکی نیشتمانی دەریانخست و گۆرانی و ستایشیان بۆ دەگوتەوە. ئەم بۆرژوازییە بچووکە کوردییە لاواز و دەرفەتخوازە، بەهۆی بێ متمانەیی بە خۆی بەردەوام بەدوای پاڵەوانێکدا دەگەڕا، تەنانەت ئەگەر میدیا بە ستایش و ئەفسانە و شیعر و گۆرانی دروستی کردبا، بەم هۆیەوە مەلا موستەفا تا ئاستێکی باش، دیاریی ئەم بۆرژوازییە لاوازە بوو بۆ گەلی کورد. دیدگای هەردوولا بۆ پارت، تەواو پێچەوانە بوو. دواتر دەرکەوت مەلا موستەفا چ جۆرە پارتێکی دەوێت. ئەو

پارتێکی دەویست، کە ملکەچی ئارەزووە کەسییەکانی بێت و بەبێ دوودڵی فەرمانەکانی جێبەجێ بکات (بارزانی، جەوهەری بۆرژوازییە کوردییە لاوازەکەی باش ناسیبوو، دەیزانی چەند سووکن و بە چ هەنگاوێکی ئینتیهازی، دەتوانێت سەرکەوێت بەسەریاندا و وایان لێ بکات ملکەچی بن). دواتر دەرکەوت کە دەبێت (پدك) چ جۆرە پارتێک بێت، تا مەلا موستەفا لێی ڕازی بێت. ئەو نابێت سەر بە حیزب بێت، بەڵکو دەبێت حیزب سەر بەو بێت. گەیشتە ئەوەی ئەو نابێت سەر بە بارزان بێت، بەڵکو دەبێت بارزان سەر بەو بێت. ئەگەر ئەوەیش نەگونجا، دەبێت هەردووکیان (حیزب و بارزان)یش سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە، تا لەگەڵ خواستەکانی ئەودا بگونجێن. ئەو، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی وەک دەربار دەوێت، نەک وەک هەڤاڵی خەبات کە مافی بڕیاردانی چارەنووسسازیان هەبێت. کاریکرد بۆ داڕشتنی حیزبێک کە گەندەڵی و واستەکاری جەستەی بخوات، وەک چۆن دواتر هەژموونی جاش و بەکرێگیراوانی بەسەردا سەپاند. (پدك)، بەهۆی کاریگەریی ئەوانەوە بەتایبەت لە سەردەمی میراتگرەکەیدا (مەسعوودی کوڕی)، بوو بە کەرەستەی دەستی جاش و ئاغاکان و پارتییان کردە پارێزبەندی تۆڕی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بنەماڵە ئاغاکانی تری هەمان بازنەی بەرژەوەندیی خۆیان، بەڵام ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، پاشخانیان زۆر جیاواز بوو لە پاشخانی مەلا موستەفا. ئەوان خۆیان بە چەپڕەو و سۆسیالیست دادەنا و سەر بە بۆرژوازی بچووک یان مامناوەندی شار بوون، هەموویان لە زانکۆکان خوێندبوویان کە بە نیسبەت ئەو سەردەمە، ئاستێکی باشی ڕۆشنبیرییان هەبوو، هەرچەندە تا ڕادەیەکی زۆر تیۆری بوون و درکیان بە قووڵیی ئەو کەلێنە فیکرییە نەکردبوو (یان ڕەنگە پشتگوێیان خستبێت) کە لە سەرۆکی حیزب جیایدەکردنەوە، هەروەها درکیان بە هێز و ڕەگداکوتاویی عەقڵیەتی خێڵەکی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا نەکردبوو، نەشیانزانی مەلا موستەفا (سەرۆکەکەیان) چەند دووڕە لەو پێشکەوتنخوازییەی کە ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن. [۱۷۱]

[171] ، Le Kurdistan Irakien Entité Nationale. Ismet Cheriff Vanly. Edition de la Braconnière.
Neuchatel 1970. P:117

جەلال تاڵەبانی، دەربارەی تێڕوانینی خۆی بۆ دەرەبەگەکان نووسیویەتی - مەلا موستەفا دەرەبەگەکانی بە کۆڵەکەی هێزی خۆی دادەنان – دەڵێت: هەڵوێستی فەرمی پارتی بەرامبەر ئەم کۆبوونەوانە (مەبەستی کۆبوونەوەی خێڵەکانە)، بەمشێوەیە بوو: بەشداریکردن لەگەڵیاندا، بەمەبەستی ئاراستەکردنیان بەرەو ئاراستەیەکی جەماوەری و ئاشتییانە، واتە دوورخستنەوەیان لە پێکدادانی چەکداری لەگەڵ حکومەت و پاشان بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی پارتایەتی لە نێوان جەماوەرەکەیاندا، چونکە لە ڕووی بڕوابوونمانەوە دروست نییە ڕێگە بە دەرەبەگەکان بدرێت پێگەی پێشەنگ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا بگرن، چونکە حیزب بڕوای بە ڕاستیی گەشەسەندنی هزری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و گۆڕانی بۆ بزووتنەوەیەکی جەماوەریی شۆڕشگێڕ هەیە، کە پێشەنگێکی هەبێت لە ناخی گەلەوە هەڵقوڵاو بێت، بۆ ڕێکخستنی هێزی جەماوەر و سەرکردایەتیکردنی خەباتەکەی (واتا پارتی)، جگە لەوە دەرەبەگایەتیی کوردی، ڕابوردوویان ڕەشە و ئەو دەورە شەرمئاوەرەی گێڕاوێتی لە کۆنەوە دژی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد بوون. [١٧٢]

ڕۆشنبیرەکان، ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی مۆدێرنیان دەویست، کە بڕیارەکانی ملکەچ بێت بۆ سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ، کە بە زۆرینەی دەنگ بڕیار بدەن و لە کۆبوونەوەکاندا گفتوگۆی دیموکراسییانەی ئازاد هەبێت، لەسەر بنەمای یەکسانیی تەواو لە نێوان ئەندامان و پابەندبوون بە بەندەکانی دەستووری ڕێکخراوەیی، بەرزبوونەوە لە پلە و پۆستە ڕێکخراوەییەکاندا بەستراو بێت بە توانای ئەندامانەوە نەک پەیوەندیی خزمایەتی.

ناکۆکییەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ - ١٩٦٤ لە نێوان سەرۆکی پارتی و سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دروستبوو. مەکتەبی سیاسی، لایەنگری پێکهێنانی سوپایەکی شۆڕشگێڕی ڕێکخراو بوون، کە ملکەچی دیسپلین و ئەو یاسایانە بن کە گرووپە شۆڕشگێڕەکان بەڕێوە دەبەن، وەک ئەوەی لە زۆرێک لە وڵاتانی داگیرکراوی ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین هەبوو. لە کاتێکدا مەلا موستەفا هێزێکی دەویست،

[١٧٢] ، نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ عیسمەت شەریف بەرواری ١٩٦٣/٧/٩.

که ڕاستەوخۆ ملکەچی خۆی بێت، پڕۆسەی ڕێکخستن لەسەر بنەمای سوپایەکی شۆڕشگێڕی سەردەمیانە و جلی یەکپۆش و دیسپلین بۆی گرنگ نەبوو. مەلا موستەفا، دەترسا ئەم شێوازە لە هێز لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو دەربچێت، بۆیە دژی ڕێکخستنی پارتیانەی هێزە شۆڕشگێڕەکان وەستا و کاری کرد بۆ گەشەپێدانی دڵسۆزی بۆ کەسی خۆی و دژایەتیی دڵسۆزیی حیزبی کرد.

ڕابوردووی مەلا موستەفا ئەوەی دەردەخست، کە مامەڵەکردن لەگەڵیدا زۆر سەختە، ئارەزووی تاکڕەویی لە سەرکردایەتیدا، یەکێک بوو لە گرنگترین خەسڵەتەکانی کەسایەتیی ئەو، ئەفسەرە کوردەکان (عیزەت عەبدولعەزیز، موستەفا خۆشناو، خەیرووڵا عەبدولکەریم، محەمەد مەحموود قودسی و نووری ئەحمەد تەها) گلەییان لە خراپیی مامەڵەی ئەو هەبوو، کاتێک پەنایان بۆ ئێران بردبوو و بەشداربیان لە کۆماری مەهاباد ١٩٤٦ کردبوو، هەروەها لەگەڵ زۆرێک لە هاوەڵە سەرکردەکانی لە یەکێتیی سۆڤیەت (١٩٤٧ - ١٩٥٨) کێشەی هەبوو، وەک میرحاج ئەحمەد و شێخ سلێمان و کەسانی تر. لە ساڵی ١٩٥٩دا (حەمزە عەبدوڵا، ساڵح حەیدەری و نەجات ئەحمەد عەزیز)ی دەرکردن، کە لە بنیاتنەرە ڕاستەقینەکانی پارتی بوون، لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوەڵەکانیان لەوانە حەمید عوسمان و خەسرەو تۆفیق و هەندێک کادری پێشکەوتووی وەک دکتۆر مەحموود عوسمان؛ ئەمانە تێڕوانینی سیاسیی خۆیان هەبوو و تەنها پاشکۆی ئەو نەبوون.

سەرەڕای پڕۆسەی دەرکردنیان بە زۆر و دانانی تیمی (ئیبراهیم ئەحمەد) لە شوێنیان، پێشتر هەردوو تیمەکە لە هەلومەرجی مەترسیداردا کاریان کردبوو، لێهاتوویان لە کاری نیشتمانی و نهێنیدا سەلماندبوو، ئەوان بە واستە و خاترانە نەگەیشتبوونە سەرکردایەتی، بەڵکو بە خەبات و ئازایەتی و لێهاتوویی خۆیان سەرکەوتبوون. مەکتەبی سیاسی، ڕەچاوی دەستووری پارتییان دەکرد، بەڵام دوای گەڕانەوەی مەلا موستەفا لە سۆڤیەت، ڕێزگرتن لە دەستووری پارتی کۆتاییهات و دامەزراندن یان دەرکردن لای سەرۆک، بوو بە کارێکی ئاسایی.

ئەندامە نوێیەکانی مەکتەبی سیاسی (ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێکانی)، زۆر بە وردی سەیری ڕابوردووی مەلا موستەفایان نەکرد و بایەخیان بە وەسێتی چوار ئەفسەرەکە

نەدا (کە پێش لەسێدارەدانیان لە ١٩٤٧ نووسیبوویان). شێوازی مامەڵەی ئەوان لەگەڵ سەرۆک، لە سێ ڕێڕەودا کورت بووەوە:

کارکردن لەگەڵ سەرۆك، بەپێی پەیڕەوی پارتی: بەڵام سەرۆک بڕوای بە پارتی نەبوو، تەنها ڕێکخستنی خێڵایەتیی دەناسی، کە تێیدا هەموو شتێک (پارە، گیان، دەسەڵات) لای سەرۆکخێڵە. ئەو، دەیویست پارتی شوێنی خێڵ بگرێتەوە، بەو مەرجەی لێپرسینەوە لە سەرۆک نەکرێت. بڕیاری بەکۆمەڵ و هاوبەشی لە دەسەڵات و پارەدا لای ئەو، ڕەتدەکرایەوە. مەکتەبی سیاسی، نەیاندەویست لەم ڕاستیە تێبگەن، وەهمیان پێ باشتربوو لە ڕاستی و خۆیشیان باوەڕیان بەو بانگەشانە کردبوو، کە خۆیان لەبارەی سەرۆکەوە بڵاویان دەکردەوە و گەورە و گەورەتریان دەکرد لەناو جەماوەری کوردستان، کاتێکیش ڕاستیە تاڵەکانیان چەشت، ئینجا کاردانەوەی سەرەڕۆیانە دەستیپێکرد.

مەکتەبی سیاسیی نوێ، پاش دەرکردنی مەکتەبی سیاسیی کۆن و دانانی کەسانێك وەك فەرمانبەرێک، دەجووڵانەوە. لێرەوە پارتی، بوو بە جێگەی ڕەزامەندیی سەرۆك، چونکە بوو بە شوێنگرەوەی خێڵ بە واتای گوێڕایەڵی ڕەها، یان دەبوو دژایەتیی تەواو بکەیت بە چوونە پاڵ حکومەتی بەغدا و شەڕکردن دژی سەرۆکە کۆنەکەیان. مەکتەبی سیاسیی کۆن، هەموو ڕەوایەتییەکی شۆڕشگێڕیی خۆیان لەدەست دا، ئەمەیش سەرکردایەتیی تاکەکەسیی مەلا موستەفای لەناو خەڵکدا بەهێزتر کرد، لە دوای ١٩٦٦ەوە ڕۆڵی (مەلا موستەفا) لە بەرامبەر پاشەکشەی چالاکیی دامەزراوەیی پارتی و چالاکیە ڕێکخراوەییەکان لەهەموو بارێکدا دیاربوو، پارتی هەموو ڕەسەنایەتی و دینامیکی شۆڕشگێڕیانەی لەدەست داوە، ئیتر جووڵەی کوردایەتی لەناو قۆزاخەی خێڵەکیدا خۆی گرمۆڵ کرد و تا ئێستابش لێی دەرنەچووە.

لە ڕاستیدا لە ساڵی ١٩٦٢دا، دیار بوو کە سەرۆکی حیزب بەلای هێزە دەرەبەگەکاندا دەشکێتەوە و ڕۆڵی دەرەبەگ و ئاغاکان زاڵ بکات بەسەر پارتیدا، لە جیاتی بزووتنەوەکە و سەرکردایەتیەکانی، ئەوانی دێنایە پێش، مەلا موستەفا گورزی بەهێزی لە هەموو هێزە پێشکەوتنخواز و بەها شۆڕشگێڕیەکان دا و چەمکی دادپەروەریی لە کۆمەڵگەی کوردیدا شێواند.

دوای ڕێکەوتنی نێوان عەبدولسەلام عارف و مەلا موستەفا لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤دا، ناکۆکییەکان زیاتر تەقینەوە، چونکە مەلا موستەفا بەبێ ئاگاداری مەکتەبی سیاسی، ڕێکەوتنەکەی ئەنجام دابوو. مەلا موستەفا، بروسکەیەکی هەڕەشەئامێزی بۆ مەکتەبی سیاسی نارد و داوای لێکردن ناوچە ئازادکراوەکان بدەنەوە دەست حکومەت، لە بروسکەی ژمارە ٨٧ بەرواری ١٩٦٤/٣/٢ فەرمانی بە مەکتەبی سیاسی کرد:

١. ئەگەر حکومەت ویستی بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی ئێوەی تێدان، داوا دەکەم ئێوە ڕێگەی پێبدەن.

٢. هەرکاتێک هێزەکانی حکومەت هاتنەوە ئەو ناوچانەی ئێوەی تێدان، چۆڵی بکەن و پاشکەشە لەو شوێنە بکەن.

٣. هەرکاتێک ناوچەکەتان تەسك بووەوە، وەرن پەنا بێنن بۆ من.

٤. ئەگەر شەڕ لە نێوان ئێوە و حکومەتدا ڕووبدات، دەبێتە هۆی شەڕ لە نێوان من و ئێوەدا. بەزوترین کات لە وەرگرتنی ئەم بروسکەیە ئاگادارم بکەنەوە.

مەکتەبی سیاسی، ئەم ڕێکەوتنەیان پێ پەسند نەکرا و دژی وەستان، چونکە کەمترین مافی نەتەوەیی تێدا نەبوو. سنجاری لەم بارەوە دەڵێت (مەکتەبی سیاسی، دژی ئەم ڕێکەوتنە وەستان، چونکە لە ڕاستیدا هیچ پەرەنسیپێکی تێدا نەبوو کە لەگەڵ مافەکانی گەلی کورددا یەک بگرێتەوە و هاوشانی ئەو هەموو قوربانیە نەبوو کە گەل داوێتی بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی، لێرەوە ناکۆکیەکانی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی، زیاتر و قوونڵتر بوونەوە و بەرەو هەڵدێر چوون)[١٧٣]

دواتر هەماهەنگی لە نێوان باڵی مەلا موستەفا و حکومەتی عێراق، دژی باڵی مەکتەبی سیاسی و شیوعییەکان دروست بوو لە کۆمەڵێک بواردا، بەگوێرەی بروسکەیەك لەبەرواری ١٩٦٤/٣/٢٨ دەڵێت: بروسکەتان ژمارە ٤٤ لە ١٩٦٤/٣/٢١ چاودێریی جێبەجێکردنی فەرمانی مەلا موستەفامان کرد لەلایەن نوێنەرمان لە کەرتەکەمان، داوامان لێکرد لەکاتی سەردانمان بۆ کەرتی شێخان پەیوەندیمان پێوەبکات، ئەویش ڕەزامەندیی نیشان دا و لەبەرواری ١٩٦٤/٣/٢٧ چاومان پێکەوت و چارەسەرمان بۆ ئەم

[١٧٣] علي سنجاري، الحركة التحررية الكوردية مواقف وآراء، أيلول ١٩٩٦، ص٤٧.

کێشانە دۆزیەوە، وەک (قەدەغەکردنی هاتوچۆ بە چەکەوە، چاودێریکردنی پارتی و شیوعیەکان، قەدەغەکردنی ئەو مۆڵەتانەی لەلایەن پارتییەوە دەردەچن، ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی هاوڵاتیان بۆ زێدی خۆیان، ڕێگرتن لە پەخشکردنی بڵاوکراوەکانی پارتی و شیوعیەکان، هەماهەنگیی بەردەوام لە نێوان نوێنەرانی مەلا موستەفا و فەرمانبەرانی کارگێڕی لە بنکەکانی پۆلیس و قەزا و ناحیەکان، بۆ پاکتاوی کێشەی ناوخۆیی و گێرانەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ حکومەت، لەپێناوی ڕێگریکردن لەو هەلپەرستانەی لە ئاوی لێڵدا ڕاو دەکەن، ڕێگریکردن لە کۆکردنەوەی پارە و هەڕەشەکردن لە خەڵک بۆ کۆکردنەوەی پارەی بەرتیل و دەستگیرکردنی هەرکەسێك کاری وا بکات، هاوکاریکردنی یەکتر، بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران و ئەوانەی داواکراون لەلایەن دادگاوە). نوێنەری مەلا موستەفا، حەسۆ بارزانی دڵسۆزانە و بە جۆش و خرۆشەوە کارەکانی ڕاپەڕاندووە، بەم بۆنەیەوە سوپاسی مەلا موستەفا بارزانی و نوێنەرانی دەکەین، بەهۆی هەماهەنگیی تەواو لەگەڵ دەسەڵاتدا بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و ژیانی ئاسایی لە باکووری نیشتیمان [١٧٤]

زۆرینەی لقەکانی پارتی (چوار لق لە کۆی پێنج لق) لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بوون، بەڵام لەو دۆخەدا زۆرینە بێبایەخ کرابوون، چونکە لێرەدا هێز بڕیاری دەدا.[١٧٥]

مەلا موستەفا باوەڕی بە هێز و پارە هەبوو، بەو هۆیەوە توانی هێرش بکاتە سەر مەکتەبی سیاسییەکەی و ڕاوەدوویان بنێت تاوەکو ئێران، لە شوێنی ئەوان ئەندامانی دیکەی دامەزراندن، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی نوێ، وەك فەرمانبەرێک کە ڕۆڵیان بەپێی فەرمانەکانی مەلا موستەفا و لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی ئەودا دەگێڕا، بڕیارە بەکۆمەڵەکان و ڕێزگرتن لە دەستووری پارتی کۆتاییهاتبوو، بارزانی لە یەککاتدا سەرۆکی حیزب و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و نوێنەری گەلی کورد بوو، مەلا

[١٧٤] جومعه شازین هێرش و نزار محمد، دۆسیەی ئەو بەڵگەنامە و داتایانەی هەردوو باڵی مەکتەب سیاسی و مەلا موستەفا دەربانچووواندووە، ساڵانی ١٩٦٤ -١٩٧٠ی تێدایە، دەقی بروسکەیەك بۆ قائمقامی ئاکرێ و شێخان و زاخۆ بڕگەی٢ دووبارە، ص٦٨.

[١٧٥] علي سنجاري، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣

موستەفا هەموو پارەکانی بزووتنەوەی کوردی لەناو خێزانەکەیدا هێشتەوە، بەمەیش هەژموونی ئەو بە ڕەهایی بەسەر هەموو کایەکانی ژیان لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتیدا بوون، سەپێنرا. هەروەها نفوزی زیادیکرد، بەهۆی ئەو هەڵە گەورانەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ململانێی سەرکردایەتیدا، ئەنجامیان دا. لە کۆتاییدا پەیوەندیکردنیان بە ڕژێمی عەبدولسەلام عارف لە شوباتی ١٩٦٦دا، ئەوەی شۆکت دەکات ئەوەیە ئەو سەرکردانەی تا ئاستی لەخۆباییبوون شانازییان بەخەباتی خۆیانەوە دەکرد. لەمانە ١٣ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی، دوای ئەوەی سەرۆکی حیزب خۆی بڕیاری پاکتاوکردنی بزووتنەوەی کوردی دا لە ساڵی ١٩٧٥ و بڕیاری پەنابردنی بۆ ئێران دا، ئەوانیش پەیوەندییان بە ڕژێمی بەعسەوە کرد.[١٧٦]

کەللـەڕەقی و کینەیەکی قووڵ، لە هەڵوێستی سەرکردەکانی پارتیدا ڕەنگی دابووەوە، ئەم خەسڵەتە یەکێکە لە پاشماوەکانی لەخۆباییبوونی خێڵەکی، بەهۆی زاڵبوونی کەللـەڕەقیی کەسییەوە. سەرکردە، پەنا دەباتە بەر هەڕەشەی لەناوبردنی تەواوی بزووتنەوەی کوردی، بەڵام ئامادە نییە سازش بۆ لایەنی بەرامبەر لەناو نەتەوەکەی خۆیدا بکات، لێرەیشەوە ڕێکەوتنەکان (سازشەکان) لەگەڵ بەغدا بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی سەرکردایەتی سەریهەڵدا، هەموو ئەمانەیش هیچ پەیوەندییەکیان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و هەڵگرتنی ستەمکاری سەری نەبوو، لە کاتێکدا کە خەباتی گەلی کورد پێویستییەکی زۆری بە سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی قوربانیدەر هەبوو، بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری سەربازییە دڕندانەکانی حکومەتە عێراقییەکان، ئەوان سەرکردەی بێ پەرەنسیپ و بێ بنەما بوون و بەبێ هیچ گومانێک لە ئاستی بەرپرسیارێتیی مێژوویی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی شۆڕشگێڕیی گەلێکدا نەبوون، کە لە ژێر ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەییدا دەینااڵند، کاتێک ڕقوکینەی کەسی لە پرسە چارەنووسسازەکانی گەلاندا زاڵ دەبێت، بەسەر ئەرکە لە پێشینەییەکانی بەرگریکردن دژی دوژمنی دەرەکی، ئیدی هەموو دۆزە نەتەوەییەکە باجێکی قورس دەدات و ئەو گەلەی بەشداری لە جەنگی ڕزگاریخوازیدا کرد، ئیتر

[١٧٦] عەلی سنجار، سەرچاوەی پێشوو٤. لاپەڕە: ٦٣

متمانەی بە قوربانییەکانی نامێنێت. لە کاتێکدا دوژمنی هەلپەرست ئەوە بۆ بەرژەوەندیی بەردەوامیی دەسەڵاتەکەی بەکاردەهێنێت.

٤١ تۆ بڵێیت مەترسیی ڕاستەوخۆی حکومەتەکانی بەغدا بۆ سەر گەلی کورد و فشارە ٤٧١سەربازییەکانیان و درێندەیی دەزگا سەرکوتکەرەکانیان، لە دوو ساڵی یەکەمی بزووتنەوەکەدا، وایکردبێت بیرکردنەوەی سەرکردایەتی و گەلی کوردیش تەرخان بووبێت بۆ ئەو ململانێ سەرەکی و نابەرابەرەی لەگەڵ حکومەتەکانی بەغداد هەبووە؟ واتا هەڕەشەکانی بەغداد ببوو بە خەمی سەرەکی و هۆکارێک بوو بۆ فەرامۆشکردنی یەکڕیزی و لێهاتوویی سەرکردایەتیی کورد، بە جۆرێک چاوپۆشی کرا لە مەترسیی ڕەفتاری سەرکردایەتیی کورد و فراوانبوونی درز و کەلێنی نێوان سەرکردایەتیی بەکۆمەڵی (پدك) و سەرۆکەکەی بە سوودی دوژمنی دەرەکی. چونکە ئاڵۆزییە جیۆستراتیژییەکانی خەباتی گەلی کورد هێندە مەترسیدار بوون، کە تەواوی بیرکردنەوەی سیاسییەکانی کوردیان لە قۆناغی (لەپێشینەبوونی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنی دەرەکی) لە سەرەتای بزووتنەوەی کوردیدا داگیر کردبوو، بەڵام لە گەرمەی پەرەسەندنی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کورددا، وەرچەرخانێک ڕووی دا لە قۆناغی (لەپێشینەبوونی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنی دەرەکی) بۆ قۆناغی (لەپێشینەبوونی یەکلاکردنەوەی ململانێی سەرکردایەتیی ناوخۆیی)، هەر لێرەیشەوە (سازشکردن لەگەڵ دوژمنی دەرەکی و خۆ تەرخانکردن بۆ یەکلاکردنەوەی و پاکتاوکردنی کێشەکانی سەرکردایەتی) هاتە ئاراوە. ئەم وەرچەرخانە مەترسیدارە دوای کۆدەتای عەبدولسەلام عارف بەسەر هاوڕێ بەعسییەکانیدا لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا بە ئاشکرا دەرکەوت، ئەمەیش ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ تێکچوونی بەها نیشتمانییەکان لە ڕیزی سەرکردایەتیی کورددا.

دوای پەنابردنی مەکتەبی سیاسی بۆ ئێران؛ لە ئەنجامی جەنگی دووبەرەکیی نێوان هەردوو باڵی مەلا موستەفا و مەکتەبی سیاسی، مەلا موستەفا لە «بەیاننامەیەک بۆ هاوڵاتیانی ئازیز»دا بانگەوازێکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لە هەر کەسێک دەکات هاوکاریی مەکتەبی سیاسی بکات:

«لەم ڕەوشە هەستیارەدا، کە شۆڕشە پیرۆزەکەمان تێیدا بەهێز بووە و تواناکانی زیادی کردوون و شەڕ بەمەبەستی دانوستان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانمان

(ئۆتۆنۆمیی کوردستان) بەشێوەیەکی ئاشتییانە لەگەڵ حکومەت ڕاگیراوە؛ دەبینین کۆمەڵێک کەسی بێ پەرەنسیپ و سەرەڕۆ، مەبەستیانە بەپێی ئەو نەخشەیەی کە لەلایەن بێگانەوە بۆیان کێشراوە بۆ لاوازکردنی شۆڕش و پارتی، دژایەتیی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن».

«خوشکان و برایانی تێکۆشەر، ئێمە دەزانین کە ئێوە دڵسۆزی شۆڕشن و لە ئاستی ئەو مەترسییانە تێدەگەن کە لەلایەن گرووپەکەی ئیبراهیم ئەحمەدەوە دروست دەبن و دەزانن کە ئەمانە دژی شۆڕش و گەلی کوردن، بێگومان ئێوە هاوکاریی ئەم بزووتنەوەیەی ئەوان ناکەن، ئێمە دووبارە جەخت دەکەینەوە لەسەر هاوکارینەکردنی ئەم دوژمنانەی شۆڕش و پەنایان نەدەن، چونکە ئەوە زیانێکی گەورە بە پارتی و شۆڕش و کورد دەگەیەنێت، ئێمە ناچار دەبین تووندترین سزا بەسەر هەر کەسێک یان دانیشتوانی هەر گوندێکدا بسەپێنین، ئەگەر پابەندی ئەم ڕێنماییە برایانە نەبن و دەستی هاوکاری بۆ دوژمنانی شۆڕش درێژ بکەن».

براتان موستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندەی گشتیی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان. ١٩٦٤/٧/٢١.[١٧٧]

ئەم سەرکردایەتییە ناشیاوە، بەردەوام بوو لە ڕابەرایەتیکردنی گەلی کورد تا ئەو ڕۆژەی لە ساڵی ١٩٧٥دا دەستی لە بزووتنەوەی کورد هەڵگرت، هەروەها باڵی مەکتەبی سیاسیی کۆن، پەیوەندییان بە حکومەتی بەغداوە کرد، لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٧٠ لەگەڵ سوپای عێراقدا دژی هێزەکانی سەرۆکی پێشوویان دەجەنگان.

بۆ تێگەیشتن لە ڕەوتی ڕووداوەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤، پێویستە وتارەکانی ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی (ئیریک ڕۆلۆ Eric Rouleau) دەربارەی سەرەتاکانی بزووتنەوەی کورد و دیداری کەسیی ئەو، لەگەڵ سەرکردەکان لەمۆڵگەکانیاندا، وەک سەرچاوەیەکی جێی متمانە بخوێنینەوە. ئیریک ڕۆلۆ دواتر لە ساڵانی ١٩٨٥- ١٩٨٦ بوو بە باڵیۆزی فەڕەنسا لە تووس و یەکێک بوو لەوانەی بە زمانی عەرەبی دەدوا، پاشان لە ساڵانی ١٩٨٨- ١٩٩٢ وەک باڵیۆزی وڵاتەکەی لە تورکیا

[١٧٧] جمعة شازين، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥.

دەستبەکاربوو، ئەو بوو لە کاتی کۆڕەوی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا، هێلیکۆپتەرێکی فەڕەنسیی ئامادە کرد بۆ ئاسانکاریی گەشتی عیسمەت شەریف وانلی و هاوەڵەکانی بۆ کوردستان. ئەو، وەك ڕۆژنامەنوسێکی نێودەوڵەتی ناسراوە، (ڕۆلۆ) بەشێوەیەکی خودی چاوی بە سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد دەکەوت، وەك پەیمانێری تایبەتی گۆڤاری (Le Monde Diplomatique) دەینووسی. ئەو، بە نهێنی چووبووە مۆڵگەی پێشمەرگە لە شاخەکانی کوردستان و وەسفێکی وردی ئەو دۆخە گشتییەی کردووە، کە لە کاتی مانەوەی لەناو مۆڵگەکانی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان لە نێوان شۆڕشگێڕاندا بینیبووی، ناوبراو دوای ڕووخانی حوکمی قاسم لە ئەنجامی کۆدەتای خوێناویی شوباتی ١٩٦٣ سەردانی کوردستانی کردبوو، پاشان لە تەممووزی ١٩٦٤دا بە بانگهێشتنامەیەک لەلایەن حکومەتە نوێیەکەوە، دوای ئەوەی عەبدولسەلام عارف ڕژێمی حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیستیی لە دەسەڵات لادا. ئێمە لێرەدا هەندێک لەو شتانە هەڵدەبژێرین کە بە گرنگی دەزانین لە وتارەکانی (ئێریك ڕۆلۆ) لە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەڕەنسی.[١٧٨]

[١٧٨] ،پاشکو ٢

یەکەم هێرشی بەعس
بۆ سەر کوردستان ١٩٦٣

ڕۆژاوا بەگشتی، سیاسەتەکانی عەبدولکەریم قاسم و لەناوبردنی ڕژێمی پاشایەتی (کە سەر بە بەریتانیا بوو)، دروستکردنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتیان پێ پەسەند نەدەکرا. گرنگترین فاکتەری نیگەرانیی واشنتۆن، هەڵکشانی هەژموونی حیزبی شیوعیی عێراق و جەماوەرە فراوانەکەی بوو، سەرەڕای گۆڕانی هەڵوێستی قاسم بەرامبەر شیوعییەکان لە ساڵی ١٩٦٠دا، کە زۆریانی خستە زیندان و دواتر شەڕێکی خوێناویی دژی کوردستان دەستپێکرد، بەڵام هەڵوێستی لەندەن و واشنتۆن هەر بە نەرێنی بەرامبەر ڕژێمی قاسم مایەوە.

سەددام حوسێن، کاتێک بەشداریی لە هەوڵی تیرۆرکردنی قاسمدا کرد، کوڕێکی گەنج بوو. مایلز کۆپڵاند، کە کارمەندێکی CIA بوو؛ ئاماژەی بەوە کردووە دوای هاتنی قاسم بۆ سەر دەسەڵات، هەواڵگریی ناوەندی ئەمریکا پەیوەندییەکی زۆر توندی لەگەڵ حیزبی بەعسدا هەبووە، سەددام حوسێن شوقەیەکی لە شەقامی ڕەشید لە بەغدا بەکاردەهێنا، کە نزیک بوو لە وەزارەتی بەرگری[١٧٩]. عادل دەرۆیش؛ نووسەری کتێبی (بابلی ناپیرۆز) دەڵێت. CIA زانیاریی تەواوی لەسەر هەوڵی تیرۆرەکە پێدەگەیشت، ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان سەددام و CIA پزیشکێکی ددانی عێراقی بوو، کە بۆ هەواڵگریی میسریش کاری دەکرد. دوای شکستی هەوڵەکە، سەددام حوسێن توانیی بە یارمەتیی CIA و ئاسایشی میسری لەعێراق دەرباز بێت.

لە شوباتی ١٩٦٣دا، CIA یارمەتیی پلانی کۆدەتای دژی قاسم دا و بە پاڵپشتیی باڵیۆزخانەی ئەمریکا، قاسم تێرۆرکرا و عەبدولسەلام عارف جێگەی گرتەوە. دەسەڵاتی بەعس بە هەڵمەتێکی خوێناویی دڕندانە دژی ئەندامانی حیزبی شیوعی، دەستی بە

[179] Yevgeny Primakov Russia & the Arabs. A Member of the Perseus Books Group, New York. P: 68

ئەزموونی دەسەڵات کرد، CIA لیستی ناو و ناونیشانی شیوعییەکانی دایە ڕژێمی بەعس و بەو هۆیەوە هەزاران کەس لە ئەندام و لایەنگرانیان کوژران، پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، گەیشتە خاڵی سفر[١٨٠].

دوای هەڵمەتی قڕکردنی حیزبی شیوعی و ڕاکردنی هەزاران ئەندامیان بۆ کوردستان، نۆرەی هێرشکردنە سەر گەلی کوردستان هات بە هاوکاریی هەردوو سوپای عێراق و سوریا، عیسمەت شەریف وانلی دەڵێت: بەشداریکردنی سەربازیی سوریا لەو هەڵمەتەدا لە بەغدا، بڕیاری هاوبەشی لەسەردرا، ئەمە پێش دروستبونی ناکۆکیی نێوان سەرکردەکانی بەعسی سوریا و عێراق بەڕێوەچوو، ئەم دەستتێوەردانە لە ڕێگەی هێزی ئاسمانی سوریاوە بوو؛ فڕۆکە سوورییەکان ڕۆژانە لە بنکەکانی سوریا و فرۆکەخانەکانی عێراقەوە دەفڕین و ناوچە کوردییەکانیان بە بۆمبی ناپاڵم بۆردومان دەکرد. هێزی پیادەی سوریاش لە ناوچەی جەزیرەوە هاتنە ناو خاکی کوردستان.

کۆمیتەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد؛ لە بەیاننامەیەکدا کە لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٦/٢٨ لە شاری لۆزان بڵاوکرایەوە و ڕۆژنامەکان باسیان کرد، سەرکۆنەی ئەم دەستتێوەردانەی کرد و ئاماژەی بەوە دا کە ئەم دەستتێوەردانە، ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی بە جەنگەکە دەبەخشێت. بەیاننامەکە؛ داوای لە حکومەتە دیموکراتەکان کرد کە لە ئەنجومەنی ئاسایشدان، بەتایبەتی لە ئەفریقا و ئاسیا (هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ وروژاندنی ئەم ململانێیە)، بەم بۆنەیەیشەوە یاداشتێکی سەرکۆنەکردن ئاراستەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە جیهانییەکانی دیکە کرا، لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٧/٤دا ڕۆژنامەی (Tribune de Lausanne)ی سویسری ئاماژەی بە دەستتێوەردانی سەربازیی سوریا لە جەنگی دژی کورددا کرد. [181]

[180] Russia & the Arabs. Yevgeny Primakov. A Member of the Perseus Books Group, New York, p:69.

[181]. Le Kurdistan Irakien Entité National. Ismet Cherif Vanly. Editions De La Braconnière, Neuchâtel 1970. P: 208

لە یاداشتێکدا لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٧/٩ ڕادەستی باڵیۆزی سوریا لە مۆسکۆ کرا، حکومەتی سۆڤیەت سوریای تۆمەتبار کرد بە دەستتێوەردانی سەربازی لە ڕووداوەکانی باکووری عێراقدا، کاردانەوەی حکومەتی سوریا لە ئەنجومەنی ئاسایش لە ١٩٦٣/٧/١٢ بە دوو ئاراستە بوو، هاوکات دڵنیایی دا بە:

١. هیچ دەوڵەتێکی زلهێز، مافی دەستتێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا نییە و هیچ دەستتێوەردانێک لەلایەن هێزەکانی سوریاوە، لەم ململانێیەدا بوونی نییە.

٢. حکومەتی سوریا؛ دەخوازێت جەخت بکاتەوە لەوەی کە جووڵانەوەی بارزانی، بە یاخیبوون و سەرپێچیی سەربازی دادەنێت و هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیری دەکات، لە چوارچێوەی ئەرک و دەسەڵاتەکانی حکومەتی عێراقدایە، کە بەشێوەیەکی ناوخۆیی چارەسەری بکات. دەبێت دەوڵەتە زلهێزەکان؛ دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەرنەدەن، سەرباری ئەوەیش هەر دەستتێوەردانێکی بیانی بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بڕگەی ٢ لە ماددەی ٧ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ناگونجێت.

٣. هەروەها حکومەتی سوریا ڕایدەگەیەنێت> کە هیچ یەکەیەکی سوپای سوریای بۆ لەناوبردنی ئەم جووڵانەوەیە بۆ عێراق نەناردووە، چونکە هێزەکانی حکومەتی عێراق بە تەنها توانای شەڕیان هەیە.

٤. سوریا و عێراقP دوو وڵاتی سەربەخۆن و پابەندن بە سیاسەتی بێلایەنی و لەسەر بنەمای ئەم سیاسەت و پرەنسیپانە لەگەڵ یەکتردا هەڵسوکەوت [ەکەن، هەروەها هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە ناکەن کە پاشکۆ و خزمەتکاری ئیمپریالیزمن.

٥. حکومەتی عەرەبیی سوریا؛ جەخت لەسەر بڕیار و پابەندیی خۆی بە دۆستایەتیی یەکێتیی سۆڤیەت و سەرجەم دەوڵەتە سۆشیالیستەکان دەکاتەوە.

لە ١٩٦٣/٩/٣٠دا ڕاگەیەندراوێک لە دیمەشق بڵاوکرایەوە، تێیدا جەخت لەسەر یەکێتیی سوریا و عێراق کرایەوە. دەڵێت ئەم یەکگرتنە دەبێتە دەوڵەتێکی جەماوەری (سۆشیالیست و دیموکرات)، لە ١٩٦٣/١٠/٨دا جەنەڕاڵ عەمماش (وەزیری بەرگریی عێراق) وەک فەرماندەی سوپای یەکگرتووی سوریا و عێراق، دەستنیشانکرا. تا ئەوکاتە حکومەتی سوریا نکوڵیی لە دەستتێوەردانی سەربازیی خۆی لە جەنگی دژی کوردستان

دەکرد، بەڵام لە ١٩٦٣/١٠/٢١دا بە فەرمی لە عێراق ڕاگەیەندرا کە مارشاڵ (عەبدولسەلام عارف - سەرۆککۆمار) تازە سەردانەکەی بۆ ناو هێزە سوورییەکان کۆتاییپێهێناوە، کە سەرقاڵی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بوون لە ناوچەی زاخۆ لە کوردستان، ئەو شارۆچکەیە دوور نییە لە سنووری سوریاوە.

لە ١٠/٢٨دا کۆلۆنێل "فوئاد الشاعر" لە مووسڵ (فەرماندەی ئەو لیوا سوورییەی نێردرابوو بۆ کوردستان) ڕایگەیاند: هێزەکانمان کە هاوکاریی هێزەکانی عێراقیان کردووە، توانیویانە ناوچەی خاپوور تا خەیری لە یاخیبووە کوردەکان پاک بکەنەوە، دوای ئەوە خواست و ئارەزوی خواست (یەکێتیی سەربازیی سوریا و عێراق هەموو سوپا عەرەبییەکان بگرێتەوە)، فوئاد ئەلشاعیر نیگەرانیی خۆی نیشان دا کە (هەندێک دەوڵەتی عەرەبیی سەربەخۆ، هێرش دەکەنە سەر ئەم یەکێتییە، ئەمەیش خزمەت بە ئامانجەکانی ئیمپریالیزم دەکات)، ئەم کۆلێنێڵە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی نەتەوەیی سوریا بوو، پێشتر فەرماندەی هێزەکانی (یەرموک)ی سوریا بوو لە نزیک سنووری ئیسرائیل.[١٨٢]

بەغدا و دیمەشق؛ دانیان بە بوونی تەنها دوو لیوای سوری لە کوردستاندا نا، کە ژمارەیان نزیکەی شەش هەزار سەرباز دەبوو، بەڵام بەپێی سەرچاوەکانی دیکە، کۆی گشتیی ئەم هێزانە دەگەیشتە نزیکەی حەڤدە هەزار سەرباز، دانپێدانانی سوریا دوای پێنج مانگ لەهەڵگیرسانی شەڕ، ئینجا دانینا بە دەستێوەردانی سەربازی و پشتگیریی بەرەکانی جەنگی عێراق، سەربازە بەعسییەکانی عێراق ئەم بەشداریییەیان بە سەیرانی سەربازی (نزهة عسکریة) وەسف دەکرد، عێراق پێویستی بە یارمەتیی هێزەکانی سوریا بوو، بەڵام ئەو پشتگیریەیش کاریگەریی نەبوو لە سەر گۆڕینی ڕەوتی جەنگ. ڕۆژنامەگەریی لوبنانی، ئاماژەی بە تێپەڕبوونی شەمەندەفەرە سەربازییەکان لە حەلەبەوە بەرەو کوردستان کرد، کە پڕ بوون لە سەرباز و چەک. لە کاتی گەڕانەوەیاندا، تەرم و بریندارە سەربازانی سوپای سوریایان دەهێنایەوە، ڕۆژنامەی (النداء) پرسیاری ئەوەیکرد: ئایا هێزەکانی یەرموکی سەر بە سوپای سوریا، دەستدرێژیکارن یان

[182] , Ismet Cheriff Vanl.id, 208-209.

ڕزگاریخواز؟ ئایا لای بەعس، ڕزگارکردنی فەلەستین بە هێرشکردنە سەر گەلی کورد دەست پێدەکات؟ سەبارەت بە خێزانی سەربازەکان و ڕای گشتیی سوریا، سەربازە سورییەکان بێ سوود لە ناو گێژاوی چیاکانی کوردستاندا دەمرن و ئەوانەیشی زیندوو دەمێنن، بۆ ماوەیەکی درێژ ئەم یادەوەریانە لە مێشکیاندا دەمێنێتەوە، سەرکەوتنەکانی کورد لەسوریا لەلایەن خەڵکەوە، باس دەکرێن و نەیارەکانی بەعس بڵاوی دەکەنەوە.[١٨٣]

دوای شکستی هەڵمەتەکە، سوپای سوریا بێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێک بەدەست بهێنن، لە کوردستان کشانەوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە تووشی زیانی ڕووحی و مادیی زۆر بوون. هێزە کوردییەکان، دەستیان بەسەر بڕێکی زۆر لە چەک و تەقەمەنیدا گرت و کۆمەڵێک لە سەربازانی سوپای سوریایان بەدیلگرتن. لە ڕێکەوتی ١٩٦٤/١/١٠دا نمایشێکی سەربازیی گەورە بەبۆنەی گەڕانەوەی هێزە سورییەکان لە دیمەشق، بە ئامادەبوونی جەنەڕاڵ ئەمین حافز سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرۆکی دەوڵەت، لەگەڵ کەسایەتییە سەرەکییەکانی ڕژێمدا بەڕێوەچوو.

ڕۆژنامەی فەرمیی (الجندی) کە زمانحاڵی سوپای سوریا بوو، لە وتارێکی وێنەداردا ئاماژەی بەوە کرد کە کۆلۆنێل شاعیر و سەربازەکانی، وەک پاڵەوان پێشوازییان لێکراوە و بە هێماکانی شکۆمەندی و مەزنایەتی دەورەدراون. ڕۆژنامەکە، ئەم بۆنەیەی بەوە وەسف کرد کە (مەزنترە لە هەموو ئەو شتانەی کە گەلی عەرەبیی سوریا لە ڕابوردوودا، بینیویانە). دواتر وتارە فەرمییەکان یەک لە دوای یەک پێشکەشکران، شاعر لە وەڵامی ئەمین حافزدا جەختیکردەوە کە هێزەکانی، ناوچەیەکی بەرفراوانیان لەم بەشە عەرەبییە هەمیشەیی - کە باکووری عێراقە - لە تاقمە جوداخوازەکانی سەر بە بارزانی پاککردووەتەوە و وتیشی کورد لە نیشتمانی عەرەبیدا، لە تەواوی مافەکانی هاوڵاتیبوون بەهرەمەندن، بەڵام مەحاڵە داوای مافی تایبەت بکەن.[184]

[183] , le Kurdistan Irakien Entité National, Ismet cherif Vanly Edition De La Baconnière Neuchatel1970,p:209.

[184]Ismet Cherif Vanly, Ibid,210

کاردانەوەی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستی:

تەنانەت پێش جەنگی بەعسیش دژی کورد، دەوڵەتە سۆشیالیستەکان ڕەخنەیان لە ڕژێمی قاسم دەگرت، بەهۆی جەنگی کوردستان و داوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانەیان بۆ ململانێکە و دانان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکرد. نووسینی زۆربەی ئەم بۆچوونانەیش، سەرکردەکانی حیزبی شیوعیی عێراق بوون کە لە ڕۆژنامەگەریی نێودەوڵەتانی کۆمۆنیستیدا دەیاننوسی.

دوای کۆدەتای بەعس و پاکتاوکردنی شیوعییەکان و پێشکەوتنخوازەکان لە عێراق، ڕۆژنامەگەریی ناسراوی سۆڤیەتی وەک (پراڤدا) و (ئیزڤێستیا)، لەگەڵیاندا ڕۆژنامەگەریی وڵاتانی سۆشیالیستیی ئەوروپا، دەستیانکرد بە ئاماژەدان بە پاڵپشتیی داواکارییە بنەڕەتییەکانی شۆڕشی کورد، ئەویش لە چوارچێوەی (ئۆتۆنۆمی)دا بۆ کوردستان، لە هەمان کاتدا هێرشیان دەکردە سەر ڕژێمی بەغدا دەربارەی دەستپێکردنەوەی شەڕ، لە دوای ئەمە هەڵمەتە ڕۆژنامەوانییەکە گۆڕا بۆ هەڵمەتێکی دیپلۆماسی لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق.

دوای چەند ڕۆژێک لە دەستپێکردنەوەی جەنگ دژی کوردستان، حکومەتی سۆڤیەت هەڵوێستی دیاریکراوی خۆی لە بڵاوکراوەیەکدا لەئاژانسی (تاس) بڵاوکردەوە و دەڵێت؛ یەکێتیی سۆڤیەت، ناتوانێت چاوپۆشی لەوە بکات کە ئەمڕۆ لە عێراق ڕووەدات، چونکە سیاسەتی ئێستای حکومەتی عێراق بەرامبەر بە کورد، بنەماکانی ئاشتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک تێکدەدات. هەروەها ئاماژەدان بەوەی کە گەلی کورد زیاتر لە چارەکی دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنێت، بەڵام مەبەستی جیابوونەوەی لە عێراق نییە، بەڵکو ئارەزووی بونیاتنانی سیستمێکی دیموکراتی دەکات، کە لەسەر بنەمای هاوکاریی نێوان عەرەب و کورد بێت. هەروەها (لە بەیاننامەکەدا هاتبوو)؛ گەلی کورد دژی ژێردەستەیی عێراق بۆ ناوەندە ئیمپریالیستییە نەیارەکان ڕاپەڕیوە. بەیاننامەکەی سۆڤیەت، ڕژێمی بەعسی بە کارکردن بە شێوازی هیتلەری دژی کورد تۆمەتبار کرد، وتی لە کوردستان حکومەتی عێراق هەڵمەتی قڕکردن (جینۆساید) دژی دانیشتووان ئەنجام دەدات.

لە وتارێکدا ڕۆژنامەی (پراڤدا) ئاماژەیکردووە بە بابەتی هاوکارییە ئابووری، سەربازی و تەکنیکییەکانی سۆڤیەت بۆ عێراق، وتوویەتی ئەگەری هەڵپەسارد نیان هەیە، چونکە ئەم هاوکارییانە بۆ ڕابواردن نین، لەلایەکیتریشەوە گەلی سۆڤیەت ڕازی نییە دەوڵەتە نوێیەکان ئەم هاوکارییانە بە جۆرێک بەکاربهێنن، کە دژی بەرژەوەندیی گەلەکانیان بێت.

لە ٣ی تەممووزی ١٩٦٣دا، کۆماری مەنگۆلیای میللی، بە ڕەسمی داوای کرد بابەتی سیاسەتی قڕکردن (جینۆساید) کە حکومەتی عێراق دژی گەلی کورد پەیڕەوی دەکات، بخرێتە ناو بەرنامەی کاری خولی هەژدەیەمی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، حکومەتی عێراقیش دەستبەجێ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ پایتەختی ئەو وڵاتە (ئۆلانباتۆر) هەڵپەسارد.

لە ٩ی تەممووزی ١٩٦٣دا پایتەختی سۆڤیەت، چالاکییەکی دیپلۆماسی چڕی بەخۆیەوە بینی، کە تێیدا وەزیری دەرەوە ئەندرێ گرۆمیکۆ باڵێۆزانی عێراق، ئێران، تورکیا و سوریای بۆ وەزارەتەکەی بانگهێشتکردن و هۆشدارییەکی توندی پێدان کە تێیدا هاتبوو:

"وڵاتانی ناو هاوپەیمانییە سەربازییە ئیمپریالیستییەکەی (CENTO - پەیمانی سەنتۆ) سەرقاڵی ڕێوشوێنی سەربازین، ئەمەیش مەترسی دروست دەکات بۆ سەر ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست[١٨٥]"ئەو چەوسانەوە خوێناوییەی دژی گەلی کورد کە زیاتر لە چارەکی دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنن، دەوڵەتی عێراق لاواز دەکات و ناوبانگی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەکەدار دەکات، هەروەها دەرفەت دەداتە هێزە کۆلۆنیالیستەکان بۆ قۆستنەوەی ئەم ڕووداوانە بەمەبەستی لێدانی سەربەخۆیی عێراق و بەهێزکردنی پێگەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا، سیاسەتی حکومەتی عێراق دەرفەت دەداتە هێزە ئیمپریالیستەکان، دەست وەربدەن لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، کە ئەنجامی جدی و مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە، دەستوەردانی هێزە دەرەکییەکان لەو ڕووداوانەی لە ناو خاکی عێراقدا دەگوزەرێن، تەنها جێی بایەخی

[185] , Ismet Cheriff Vanly, Ibid, 210.

عێراق نییە، چونکە هاتنی هێز و دەوڵەتانی دیکە بۆ ناو ململانێکە سەرباری جێگیرکردنی هێزی بیانی سەر بە هاوپەیمانییە سەربازییە شەڕانگێزەکان لە نزیک سنوورەکانی سۆڤیەت، هاوکات هەڕەشە لە ژمارەیەک وڵات دەکات بەتایبەتی هەڕەشە دەبێت بۆ سەر یەکێتیی سۆڤیەت.

لە بەیاننامەی حکومەتی سۆڤیەتدا؛ کە ئاراستەی ئێران و تورکیا و سوریا کرابوو، هاتووە حکومەتی سۆڤیەت هیوا دەخوازێت ئەم سێ حکومەتە هەموو هەوڵێکی خۆیان بدەن، بۆ دیاریکردنی سیاسەتەکانیان سەبارەت بە ڕووداوەکانی عێراق. هەروەها دەڵێت بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستی حکومەتی سۆڤیەتدان، ژمارەیەک دەوڵەت بەتایبەتی ئێران و تورکیا و سوریا، دەست وەردەدەنە ئەو ڕووداوانەی لە باکووری عێراق دەگوزەرێن، تا دەگاتە گرتنەبەری ڕێوشوێنی سەربازی، دوای وەبیرهێنانەوەی جەنگی سوێس دژی میسر لە ساڵی ١٩٥٦، بەیاننامەکە دەڵێت: ئەو سیاسەتەی هەندێک دەوڵەتی ئەندام لە پەیمانی سێنتۆ گرتوویانەتە بەر، ئاماژەیە بۆ ئەنجامی خراپ، حکومەتی سۆڤیەت لە سۆنگەی پەرەنسیپی دەستوەرنەدانەوە ڕێگا بە کەس نادات دەستوەردان لە کاروباری عێراقدا بکات، پاشان بەیاننامەکەی حکومەتی سۆڤیەت ئاماژەی بە حاڵەتی کۆمەڵکوژییەکی خوێناوی کرد کە کورد بوونەتە قوربانی، هەروەها دەڵێت: تراژیدیای کورد بۆتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی، لەمەیشەوە بووەتە مایەی ناڕەزایەتیی بەشێکی فراوانی ڕای گشتیی جیهانی.

لە هەمان ڕۆژدا، نوێنەری سۆڤیەت یاداشتێکی ڕادەستی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش (م. نیکۆلاس فێدرینکۆ) کرد. تێیدا ئاماژە بەوە دەکات؛ حکومەتی یەکێتیی سۆڤیەت، مافی ئەوە بۆ خۆی دەپارێزێت کە کێشەی کورد پێشکەشی ئەنجومەنەکە بکات، تێیدا هاتووە: (بارودۆخێکی مەترسیدار دروست بووە، لە ئەنجامی ڕووداوانەدا ڕەنگی داوەتەوە کە لە باکووری عێراق سەریان هەڵداوە. دەستتێوەردانی ژمارەیەک دەوڵەت لەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی دەسەڵاتدارانی عێراق دژی گەلی کورد ئەنجامی دەدەن، بەپێی ئەو بەیاننامانەی لەلایەن نوێنەرانی حکومەتە سەربازی و کۆلۆنیالیستە پاشکۆکانی پەیمانی سێنتۆوە دەرچوون، سەرکوتکردنی خوێناویی دژی

کورد بابەتی گفتوگۆیەکی تایبەت بووە، لە کاتی کۆنفرانسی دەوڵەتانی ئەندام لەو پەیمانەدا.

دەستتێوەردانی دەوڵەتانی بیانی لەو ڕووداوانەی لەسەر سنووری عێراق دەگوزەرێن، تەنها پەیوەندیی بە عێراقەوە نییە، چونکە تێوەگلانی هێز و دەوڵەتانی دیکە لەم ململانێیەدا و خستنەگەڕیان لە خزمەتی هێزە شەڕەنگێزەکان لە شوێنە نزیکەکانی سنووری سۆڤیەت، لە ئەنجامدا ئاسایشی ژمارەیەک دەوڵەت و لە نێویشیاندا یەکێتیی سۆڤیەت، دەخاتە مەترسییەوە. لە ئەگەری درێژەکێشانی دەستتێوەردانی هێزە بیانییەکان لە ڕووداوەکانی باکووری عێراق، ڕەنگە پێویست بکات کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایش ڕێکبخرێت، بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ کۆتاییهێنان بە دەستتێوەردان.

لەو یاداشتەی م. نیکۆلاس فێدرینکۆ پێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایشی کردووە، دەڵێت ئەو هاوکارییەی دەوڵەتانی دراوسێ پێشکەشی حکومەتی عێراقی دەکەن لە ئۆپەراسیۆنەکانیدا دژی دانیشتووانی کورد، ڕەنگە وڵاتانی دیکە هان بدات بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم دەستتێوەردانە لە پێناو پاراستنی ئاسایشی خۆیان. دەوڵەتانی دراوسێ یەکەی سەربازی بۆ عێراق دەنێرن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە ئۆپەراسیۆنە هێرشبەرییەکاندا دەکەن، بەپێی ئەوەی لە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکاندا هاتووە، فەوجێک لە هێزەکانی سوریا و فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی سوریا بەشداری لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا دەکەن، ئەم دەستتێوەردانە هەڕەشەی فراوانبوونی مەودای ململانێکە دەکات و بنەماکانی ئەو ئاشتییە تێکدەدات، کە پێشتر لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لەرزۆک بووە.

لە ١٩٦٣/٧/١٠دا حکومەتی عێراق یاداشتێکی ناڕەزایەتیی ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش کرد، دژی دەستتێوەردانی بێ پاساوی یەکێتیی سۆڤیەت لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا و جەختی کردەوە، کە ئەو بانگەشانەی سەبارەت بە قڕکردنی دانیشتووان لە باکووری عێراق دەکرێن، دوورن لە ڕاستییەوە و جەختکردنەوە لەسەر بوونی یەکەی سەربازیی بیانی لە عێراق، پێچەوانەی ڕاستییە. لە هۆشداریییەکەیدا بۆ

سۆڤیەت؛ نوێنەری حکومەتی عێراق (عەدنان پاچەچی) چەکی تەبایی عەرەبی بەکارهێنا و وتی ئەو هەڕەشە ئاشکرایەی دژی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەم، کە لە نامەی نوێنەری هەمیشەیی سۆڤیەتدا هاتووە، بە واتای دەستتێوەردانی بەردەوام لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا دێت، کە هەمیشە ئارەزووی ڕاستگۆیانەی خۆی بۆ پاراستنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت ڕاگەیاندووە. ئەمە بووەتە مایەی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لە جیهانی عەرەبیدا و بە نیشاندانی دوژمنایەتیی ڕاشکاو دادەنرێت، هەروەها ئەم ڕەفتارەی دەوڵەتێکی زلهێز و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، ڕەنگدانەوەی زۆر مەترسیداری لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەبێت. سوریایش لای خۆیەوە؛ بە یاداشتێکی مێژووی لە ١٩٦٣/٧/١٢ وەڵامی هەڵوێستەکەی سۆڤیەتی دایەوە، کە ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایش کرابوو.

یەکێتیی سۆڤیەت بایەخی بەم وەڵامەی سوریا نەدا و لە ١١ی تەممووزدا درێژەی بە هەڵمەتەکەی خۆی دا، ئەمجارەیان لە ڕێگەی شاندەکەیەوە داوای لە ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، کە لە شاری ژنێف کۆببونەوە. ویستی بابەتی سیاسەتی جینۆساید، کە حکومەتی کۆماری عێراق دژی گەلی کورد پەیڕەوی دەکات، بخاتە کارنامەی کۆبوونەوەکانییەوە. ئەم داواکارییە، دوای مشتومڕێکی درێژ ڕەتکرایەوە. لە هەمان ڕۆژدا (١٩٦٣/٧/١١) وڵاتانی (فەڕەنسا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، هیندستان، ئوردن لەگەڵ چەند وڵاتێکی دیکە)، یاداشتنامەکەی سۆڤیەتیان لە ژنێف ڕەتکردەوە.[186]

لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/١٧/١٧ کۆماری گەلی مەنگۆلیا پێشنیازەکەی خۆی کێشایەوە، بە پاساوی پاراستنی هاوپشتیی (ئەفرۆ- ئاسیایی) و ڕەچاوکردنی ئەو بۆچوونانەی کە شاندەکانی وڵاتانی دۆست، دەربانبڕیبوو. شاندەکە؛ بڕیاری دا لە کارنامەی خولی هەژدەهەمدا فشار دروست نەکات، بۆ هێنانەناوەوەی پرسی کورد، لەگەڵ پاراستنی

[186]Ismet Cherif Vanly. Le Kurdistan Irakien Entité National. Editions De La Bacconnière,Neuchâtel 1970. P:217-208

مافی وروووژاندنەوەی بابەتەکەی سۆڤیەت لە داهاتوودا، ئەگەر پێشهاتەکان وایانخواست.[١٨٧]

پێش ڕاگەیاندنی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، لە بەرەبەیانیی ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٠ لە ڕادیۆی بەغداوە، سوپای عێراق لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٦/٩ کۆمەڵکوژیی لە شاری سلێمانی ئەنجام دا، بە جۆرێک کە لە بەرەبەیانەوە دەستی بەسەر شار و دەروازەکانیدا گرت، سەربازەکان هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و تەقەیان دەکرد، ٢٦٧ کەسی سڤیلیان کوشت و دواتر لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا لە دەرەوەی شار، نێژران. هەروەها لە کاتی هەڵمەتەکەدا، نزیکەی ٥٠٠٠ هاوڵاتی دەستگیرکران، لە نێویاندا کەسایەتییە دیارەکانی شار و ڕۆشنبیران و فەرمانبەرانی کورد هەبوون، لە کەرکوک و دەوروبەری هەزاران کورد دەرکران و گوند و شارۆچکەکان بە بۆمبی 'ناپاڵم' بۆردومانکران، ئەوەی مابووەوە بە تانک و بولدۆزەر خاپوور کران. ئەم هەڵمەتەی بەعس لە تووندوتیژیدا، چەندین جار لە شەڕی قاسم لە کوردستان تووندتر بوو. هەروەها بە پێچەوانەی هەموو نەریتەکان، شاندی کوردی دانوستانکار لە بەغدا دەستگیرکران و ئەندامانیان بۆ ماوەی چەندین مانگ ڕووبەڕووی ئەشکەنجە بوونەوە، لەوانە (سالح یوسفی) و (یەدوڵڵا فەیلی)، لەو سەردەمەدا هەرکەسێک چەندە دڕندەیی و هۆڤیی بنواندایە، لەگەڵ ئەندامانی حیزبی شیوعی و کورد و کۆمەڵگە بەگشتی، هێندە ئەو کەسانە وەک دڵسۆزی حیزبی بەعس دەردەکەوتن، ئەوانە تووندوتیژیی زیاتریان دژی کورد بەکاردەهێنا، تا زیاتر بەرز ببنەوە لە حیزب و حکومەتدا.

ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دیمەشق؛ بەرنامەیەکی ڕۆژانەیان بۆ هۆشیارکردنەوەی سیاسیی جەماوەری عەرەب پەخش دەکرد، لەژێر ناونیشانی (دوژمنەکەت بناسە)، کە بێگومان مەبەست لێی گەلی کورد بوو، پشتگیریی حکومەتی سوریا تەنها لە سنووری پاڵپشتیی سەربازی و دارایی (کۆکردنەوەی بەخشینی میللی و ناردنی گەنم) نەمایەوە، بەڵکو هەڵمەتێکی فراوانی لە وڵاتانی عەرەبیدا ئەنجام دا، بۆ پشتگیریکردنی هەڵوێستی حکومەتی عێراق، پاش سەردانەکەی سەرۆکی یەمەنی ئەوسا (عبدالاله السلال) لە

[١٨٧] عبدالمصور بارزاني، حماية الاكراد، أطروحة دكتوراه، جامعة ڤيننا،ص٦٨

بەیاننامەیەکدا کە لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٦/١٣ لە دیمەشق بڵاوکرایەوە، تێیدا ئاماژە بەوە کرا کە حکومەتی هەردوو وڵات جەخت لەسەر پشتگیریی تەواوی خۆیان دەکەنەوە بۆ حکومەتی عێراق، دژی کورد و داوا لە جیهانی عەرەبی دەکەن کە 'پشتگیریی عێراق بکەن بۆ لەناوبردنی یاخیبووە جوداخوازەکان'.

لە کاتی سەردانەکەی سەڵاح بەیتار بۆ جەزائیر لە ڕێکەوتی ٢٤ی حوزەیران، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشی سووری- جەزائیریدا هاتبوو: 'هەردوولا جەختیان لە پشتیوانیی گەلی کۆماری عێراق و حکومەتە "شۆڕشگێڕەکەی" کردەوە، دژی ئەو بزووتنەوە یاخیبووەی کە لەلایەن مشتێک جیاخوازی کوردەوە، سەرکردایەتی دەکرێت کە بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمن.[١٨٨] جێی سەرنجە گەلی کورد لە کاتی جەنگی ڕزگاریخوازیی جەزائیردا، بە تووندی پشتی گەلی جەزائیریان گرت و بەشداریان کرد لەو بەخشینە داراییانەی کە حکومەتی عێراق ڕێکیخستبوون بۆ شۆڕشی جەزائیر، هەروەها شیعر و گۆرانیی کوردی بۆ پشتگیریی گەلی جەزائیر پێشکەشکران، پەیوەندییەکانی عەبدولناسر لەگەڵ بەعسییەکان خراپ بوو، بۆیە بێلایەنیی هەڵبژارد و بۆ ڕۆژنامەی (لومۆند)ی فەڕەنسی ڕایگەیاند: ئێمە دژی هەر بزووتنەوەیەکی جوداخواز دەوەستینەوە، بەڵام بەو پێیەی حکومەتی عێراق دانی بە هەبوونی نەتەوەی کورددا ناوە و هەردوولا (ژەنراڵ بارزانی و فەرمانڕەوایانی ئێستای بەغدا) گەیشتوونەتە ڕێکەوتنێکی نهێنی، لەبەرئەوە پێموایە گونجاوتر بوو پەنا بۆ چارەسەری ئاشتییانە ببرێت، پێش بەکارهێنانی چەک. جەلال تاڵەبانی نوێنەری ژەنراڵ بارزانی بۆی باسکردم و بەشێوەیەکی فەرمی دڵنیای کردمەوە، کە کورد نابێتە دەسپێشخەر لە شکاندنی ئاگربەستدا، شۆك بووم کاتێک لە بەیاننامەیەکەوە کە لە بەغداوە پەخشکرا، زانیم شەڕ دەستپێکردووەتەوە.[١٨٩]

لە سەرووتاری ڕۆژنامەی (لسان الحال)ی بەیروت، لە ڕێکەوتی ١١ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بڵاوکراوەتەوە، جوبران هایک نووسیویەتی: "نازانین حکومەتی عێراق چۆن لە بەردەم ڕای گشتیی جیهانیدا، ڕەوایەتی دەدات بە ڕێگاکانی لەناوبردنی گەلێکی تەواو

[188] Le Kurdistan Irakien Entité National. Neuchâtel 1970. P: 198

[189] Ibid,P:199.

که داوای ئازادی و ئۆتۆنۆمی دەکات، ئەم گەلە لەسەردەستی ڕژێمی کۆنەپەرستی پێشوو، ئازاری زۆری چەشت و هیوای دەخواست هیواکانی لە سەردەمی سۆسیالیزم و ئازادییەکاندا، بێنە دی. بەڵام خۆی لە بەردەم ئازارێکی سەختتردا بینیەوە، نازانین حکومەتی عێراق چۆن پاساوی فەلسەفی و مەعنەوی و مەبدەئی بۆ جەنگی قڕکردنی بەکۆمەڵ (جینۆساید) دەدۆزێتەوە، کە سێبەرەکەی لە ١٤ی ڕەمەزانەوە وەک چارەسەرێک بۆ کێشەی گەلی کورد شۆڕبووەتەوە، ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە چەمکە مۆدێرنەکەی، وا بڕیارە نە ڕەگەزپەرست بێت و نە خوێنڕێژ، بەڵکو مرۆیی، سۆشیالیستی، پێشکەوتنخواز و ئازادیخواز بێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، چۆن عەرەبەکان (فەرمانڕەوایانی عێراق) ڕێگە بە خۆیان دەدەن نەتەوەی کورد لە عێراقدا (جینۆساید بکەن)؟ ئەگەر وەڵامەکە ئەوە بێت کە کوردەکان ڕەتیدەکەنەوە لە ناو عەرەبدا بتوێنەوە و پاشکۆیی قبوڵ ناکەن، ئەوە مافێکی خۆیانە چونکە ئەوان عەرەب نین ئەگەرچی موسڵمانیش بن، ئەگەر وەڵامەکە وەک ئەوە بێت کە بەیاننامەی حکومەت ئاماژەی پێدەکات، کە ئەوان یاخی بوون و مەترسین بۆ سەر سەقامگیریی وڵات، ئەوا لەم حاڵەتەدا حکومەتی بەغدا ئەوە لەبیر دەکات کە کورد مافی یاخیبوونی هەیە دژی عەرەب، چونکە ئەمانەی دوایی (عەرەب) هەمان ئەو کارەیان کرد کە تورکەکان کردیان؛ هەموو گەلان مافی ئەوەیان هەیە خۆیان لە کۆیلایەتیی ئەوانی تر ڕزگار بکەن. عەرەبەکان لە ڕووی مەعنەوییەوە؛ زۆر دەدۆڕێنن و ناوبانگیان لەدەست دەدەن، ئەگەر ڕازی بن بە زەلیلکردنی گەلێکی برا لە کاتێکدا دونیایان پڕ کردووە لە ژاوەژاوی گۆرانییەکانی ئازادی و دادپەروەری، داوا لە عەرەبەکان دەکەم کە خۆبەخشانە هەوڵ بدەن قەناعەت بە حکومەتی عەرەبی لە بەغدا بهێنن، کە خراپترین ڕێگای هەڵبژاردووە.

لە وتارێکی تری سەرنووسەردا لەژێر ناونیشانی 'ڕاستییەکان دەربارەی قەیرانی کورد' لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٦/١٢ لە هەمان ڕۆژنامەدا، جوبران نووسیویەتی: کێشەی کورد؛ بۆ ئێمەی لوبنانی لە ڕوانگەیەکی مرۆییەوە گرنگە، هەروەها لەبەرئەوەی نامانەوێت ناوبانگی برا عەرەبەکانمان لەکەدار بێت، لەبەرئەوە بە جەوهەری ئەرکی خۆمانی

دەزانین سەرنجی بەرپرسانی وڵاتانی عەرەبی ڕابکێشین بۆ ئەو ڕاستییەی کە جێگەی شانازی نییە دەوڵەتێک هێزەکانی کۆبکاتەوە، بۆ لەناوبردنی بەشێکی فراوان لە گەلەکەی، تەنها لەبەرئەوەی نایانەوێت دەستبەرداری نەتەوەی خۆیان بن. عەرەبەکان تاوانبارن بە لەناوبردنی بەرگریی کورد بە ئاگر و ئاسن و پارە. ئەوان دەیانەوێت سەرکردەکەیان بکوژن، خەڵاتێکیان بە بڕی سەد هەزار دینار دیاریکردووە بۆ هەر کەسێک سەری بڕاوی بابات بۆیان. بەڵام سەرکەوتن لەم حاڵەتەدا، سەرکەوتنی خاوەن هێز دەبێت بەسەر بێهێزدا، سەرکەوتنی گەورە بەسەر بچووکدا و سەرکەوتنی دەوڵەمەند بەسەر هەژاردا، سەرکەوتنێکی لەم شێوەیە شەرافەتمەند نییە[۱۹۰]

هەروەها کەمال مەروە لە ڕۆژنامەی (الحیاة) ۱۹۶۳/٦/۱۱دا، سەرکۆنەی شەڕی دژی گەلی کوردی کرد و داوای کرد کێشەکە لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێت، هەروەها هۆشداری دا بە عەرەبەکان لە لێکەوتەکانی دووبارەکردنەوەی هەڵە کوشندەکانی حکومەتی تورکیا لە هەمبەر عەرەب دوبارە بکەنەوە. [۱۹۱]

لە وتارێکی تری ڕۆژنامەی (الحیاة)دا لە ڕێکەوتی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٦٣، نووسیویەتی: ئێمە ئارەزووی دروستبوونی دۆخێکی ململانێی هاوشێوە لە نێوان کورد و عەرەب ناکەین، پێشنیازەکەمان ئاراستەی عەرەب و کورد بەگشتی دەکەین، بەڵام بەتایبەتی ئاراستەی ئەو کەسانەی دەکەین کە بەرپرسن لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ و پێیان دەڵێین ئەو خوێنەی دەڕژێت، چ عەرەب بێت یان کورد کاریگەرییەکەی لە ڕق و کینە بۆ چەندین سەدە درێژ دەبێتەوە، ئەمەیش لە داهاتوودا دەبێتە هۆی لەناوبردنی دەرفەتەکانی پێکەوەژیانی نێوان هەردوو نەتەوە، کە ئیسلام بۆ ماوەی ١٤٠٠ ساڵ کۆیکردوونەتەوە و لەو ماوەیەدا پێکەوە موعجیزەی سەڵاحەدینیان بەدیهێنا. داوایان لێ دەکەین بیر بکەنەوە و حساب بۆ سبەینێ بکەن، بانگهێشتیان دەکەین بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و ڕێگریکردن لە ڕشتنی خوێن لە پێناو دۆزێکی شکۆدارتردا.

---

[190]، Le Kurdistan Irakien Entité National. Ismet Cherif Vanly. Editions De La Bacconnière, Neuchatel 1970. P: 203-204

[191] Ibid,p:204.

لە گەشتێکی بەسەرکردنەوەدا لە مانگی تەممووزی ١٩٦٣ بۆ هێزەکانی کە لە کوردستان جێگیر ببوون، (عبدالسلام عارف) وتارێکی پێشکەشکرد و تێیدا وتی (مانۆڕە ئیمپریالیستییەکان، هێرشەکانی بەڕێز نیکیتا خرۆشۆفیان ئاشکراکرد و وتی: پێکهێنانی بلۆکێکی یەکگرتووی عەرەبی لە ئایینده‌یەکی نزیکدا کە لە کەنداوی عەرەبییەوە (فارسی) تا زەریای ئەتلەسی درێژ دەبێتەوە، ئەم بلۆکە ترسی خستووەتە دڵی دوژمنانمان لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات). پاشان ڕووی وتارەکەی کردە ئەو سەربازانەی لە کوردستان جێگیرکراون و دانی نا بە پاڵنەری ڕاستەقینەیان بۆ داگیرکردنی کوردستان، کە ئەویش دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی خاکی کوردستانە، ڕۆژنامەی (لومۆند)ی فەڕەنسی لە ڕێکەوتی ١٤ی تەممووزی ١٩٦٣ ئەوەی بڵاوکردەوە کە عارف بە سەربازەکانی وتوو: ئێوە خۆتان دەبینن ئەو ناوچەیەی تێیدا دەجەنگن، زۆر دەوڵەمەندترە لە ناوچەکانی باشووری عێراق کە دەیانناسن، دوژمنان دەیانەوێت ئەم خاکەمان لێ دابڕن، بەڵام ئێمە بەسەر دوژمنەکانماندا سەردەکەوین.[١٩٢]

عیسمەت شەریف وانلی نووسیویەتی: لە کاتێکدا میر کامەران بەدرخان سەرکۆنەی دابینکردنی چەکی کرد لەلایەن بەریتانیاوە بۆ عێراق، لە ٢٨ی ئابی ١٩٦٣دا زانیاریی ئەوەمان پێگەیشت؛ کە لە بەغدا گەیشتوونەتە ڕێکەوتن و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا قەرزێک بە بڕی ٦,٦٥٨,٠٠٠ دۆلار دەداتە عێراق.

لە ڕێکەوتی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦٣دا پارتی دیموکراتی کوردستان بانگەوازێکی ئاراستەی (نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرۆکی دەوڵەت و حکومەتەکان، خاچی سوور، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئاژانسەکانی هەواڵ و ڕای گشتیی جیهانیی کرد) تێیدا داوای لە حکومەتەکان کرد چەک بۆ حکومەتی عێراق نەنێرن، تا کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە چەپەڵە، هەروەها بانگەوازەکە داوای لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کرد هاوکارییە مرۆییەکان بۆ گەلی کورد بنێرن.

وێڕای هاوپەیمانییان لەگەڵ دیمەشق و گەیشتنی چەک لە بەریتانیاوە و پشتگیریکردنیان لەلایەن چینی میللییەوە، کەچی بەعس نەیتوانی سەرکەوتن

[192] Ibid,p:215.

بەدەستبهێنێت و لەژێر قورسایی تاوانە قێزەونەکانی، دژی ڕۆژهەڵاتی گەلی عێراق و شکستی سەربازیی لە کوردستاندا، هەرەسی هێنا.

با ئێستا بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی بەهۆی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچەکانی بارزان ڕوویان دا، وەک ئەوەی من تێیدا ژیاوم. پلانەکانی داگیرکردنی سەربازی بۆ سەر ناوچەکانی بارزان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە زۆر نەگۆڕاون، سوپاکانی دەوڵەتی عوسمانی هێزی خێڵەکییە کوردەکانیان کۆکردەوە و پاشان هەڵمەتێکی سەربازیی فراوانیان دژی شێخی بارزان (عەبدولسەلام) لە ساڵانی ١٩٠٨ - ١٩٠٩ ئەنجام دا، لە چەند بەرەیەکەوە پێشڕەوییان کرد، لەوانە: (لە ڕۆژئاواوە بەرەی ئاکرێ - پێرس- بارزان، لە باکوورەوە بەرەی ئامێدی- بالندا- بارزان، لە باشووریشەوە لە دوو بەرەوە خەلیفان- شانەدەر- بارزان، بەرەی ڕواندز- دیانا- جوندیان – مێرگەسۆر - شێروان. هەندێکجاریش بەرەی ڕۆژهەڵاتی بۆ زیاد دەکرا)، بەریتانییەکانیش هەمان ئەم نەخشەیەیان پەیڕەوکرد، هەروەها سوپای عێراقیش لە هەڵمەتە چەندبارەبووەکانیدا هەمان ئەو بەرانەی پێشووی بەکاردەهێنا بۆ هێرشکردنە سەر بارزان.

هەڵمەتەکەی بەعس کە لە ١٩٦٣/٦/١٠ بە هەماهەنگی لەگەڵ تاران و ئەنقەرە و دیمەشق دەستیپێکرد، سوپا تەقەمەنییەکی زۆری تۆپخانە و فڕۆکە و هەزاران چەکداری کرێگرتەی خێڵە کوردەکان (جاش)ی بە سەرکردایەتیی ئاغاکانیان بەکارهێنا، کوردستان لە مێژووی خۆیدا، تا ئەو دەمە گەورەترین هێرشی بەخۆوە بینی، لە هاوینی ساڵی١٩٦٣دا، جەختێکی زۆر کرابوو لە سەر داگیرکردنی بارزان لە زووترین کاتدا، جگە لە هێرشە فراوانەکان بۆ سەر ناوچەکانی تری کوردستان لەوانە (هەیبەت سوڵتان) کە عومەر دەبابە و هێزەکانی لێبوو، (گەلی کۆرێ) لە باکووری هەولێر، چیای مەتین لە بادینان بە بەشداریی سوپای سوریا، جگە لە دەیان بەرەی شەڕ کە لە سەرتاسەری ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا بڵاوبووبوونەوە.

خاڵی لاوازی سەربازی کورد، بریتیبوو لە کەمی و کۆنی چەکی دەستی هێزەکانی (پێشمەرگە)، لە بەرامبەر سوپایەکی سەردەمی کە خاوەنی چەکی پێشکەوتوو بوو. شێخی بارزان، فەرمانیدابوو کە ئەو خێزانانەی توانای دارایییان هەیە، چەک بکڕن بۆ بەرگری

لە خۆیان، خۆم – نووسەر - زۆرێک لە بارزانییەکانم دەناسی، کە بە فرۆشتنی چەند سەر مەڕێك چەکیان کڕیبوو. لێرەدا جەخت دەکەمەوە سەر ئەو گۆڕانکارییەی لە بارزان، لە کاتی دەستپێکردنی هەڵمەتە سەربازییەکە بۆ داگیرکردنی خاکەکەی لە هاوینی ١٩٦٣ ڕووبان دا، جوتیاریارانی کورد لە ناوچەکانی بارزان خەریکی کێڵانی زەوییەکانیان بوون بۆ بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی وەک گەنم، جۆ، نیسک، برنج و میوەی جۆراوجۆر، دەگمەن بوو خێزانێک بدۆزیتەوە کە مەڕ و ماڵات یان مێگەلێکی بزن و ڕەشەوڵاخی نەبێت، تا ڕادەیەک خۆبژێوییەک هەبوو، دانیشتووانەکەیش ڕاهاتبوون لەسەر دەستپێوەگرتن و قەناعەت، وا دیارە حکومەتی بەعس کە مانگی حوزەیرانی هەڵبژاردبوو بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی، ئامانجی گەمارۆیەکی ئابووریی پلانبۆدارێژراو بوو بۆ سەر کوردستان، بۆ بێبەشکردنی هەزاران گوند لە دروێنە. فڕۆکە عێراقییەکان، کێڵگەکانیان لە سەرتاپای کوردستاندا بەمەبەستی سەپاندنی سیاسەتی برسیکردن و تێشکاندنی بەرگری دەسووتاند.

کاتێک شەڕ دەست پێدەکات، زۆرێک لە پیاوان ناچار دەبن کێڵگە و مەڕ و ماڵاتەکانیان جێ بهێڵن، بچنە بەرەکانی جەنگ و بەئەرکی خۆیان هەڵسن و کاری ژۆژانە، بۆ ژن و پیر و منداڵان جێدەهێڵن، ئەمەیش بەو واتایەیە کە چالاکییە ئابووریە پێویستەکانی ژۆژانە بۆ مانەوە بەهۆی نەبوونی ئەو پیاوانەی توانای هەڵگرتنی چەکیان هەیە، تا ڕادەیەک تووشی ئیفلیجی دەبن. یەکێک لە خەسڵەتی پیاوانی جەنگاوەری خێڵەکان، ئەوەیە کە بە هەموو توانایانەوە بەرگری دەکەن کاتێک خێزانەکانیان لە شوێنێکی ئارامدا بن، کاتێک دوژمن لە گوندەکانیانەوە دوور بێت، بەباشی ڕووبەڕووی دوژمن دەبنەوە، چونکە پێشڕەویی دوژمن بۆ داگیرکردنی خاک و گوندەکانیان، بە واتای بێبەشکردنیان دێت لە سەرچاوەکانی ژیان و مەترسی بۆ سەر کەرامەتیان، هەر کە هێزەکانی دوژمن لە گوندەکان نزیک دەبنەوە، ئیتر جەنگاوەر تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت بۆ چارەنووسی خێزانەکەی و ناچار دەبن لە سەرچاوەی بژێوییان دوور بکەونەوە، بەمەیش پڕۆسەی بەرگری لە بەرەکانی جەنگ تێکدەچێت.

بەمەبەستی داگیرکردنی بارزان، تووندترین و دڕندەترین شەڕ بەڕێوە دەچوو، پێش ئەوەی سوپا لەسەر زەوی پێشڕەوی بکات، بۆردومانێکی چڕی ئاسمانی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک ئەنجام دەدرا. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا سوپای بەعس، مزگەوتی دێرینی بارزانیان بۆردومانکرد و ڕوخاندیان. ئەم مزگەوتە، لە کاتی هەموو ئەو هێرشانەی کە ناوچەکە بەخۆوەی بینیبوو، دەستی بۆ نەبرابوو چونکە پیرۆزیی خۆی هەبوو، شەڕڤانان لە چەتەکانی بەعس شارستانیتر بوون. ڕوخاندنی ئەم مزگەوتە مێژووییە، بووە هۆی خەمێکی قووڵ لای تەواوی دانیشتووان، لە مانگی حوزەیرانەوە تا کۆتایی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٣ شەڕی بەرەیی زۆر سەخت بەڕێوەچوو، بۆچوونی گەورەئەفسەرانی سوپای عێراق وابوو، کە داگیرکردنی بارزان بە واتای کۆتاییهاتنی بزووتنەوەی کورد دێت، ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی کرێگرتەی (زێباری، ڕێکانی و خێڵەکانی تر) هاوکاریی هێرشەکەیان دەکرد، بەڵام عەشیرەتی سوورچی بەهۆی ئەوەی هێزێکی بارزانی، یەکێک لە شێخە دیارەکانیان (شێخ تۆفیق و دوو کوڕی) ڕفاندبوو و بردبوونیان بۆ بارزان وەک بارمتە و لەوێ بە ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ کرابوو و تا کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی عێراق لە ناوچەکانی بارزان مابوونەوە و دواتر بە سەلامەتی گەڕێندرابوونەوە بۆ زێدی خۆیان، بەم هۆیەوە خێڵەکانی سوورچی هیچ گەرم و گوڕییەکیان بۆ بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنەکان دژی بارزان نیشان نەدا.

(هۆرمز مەلەک چەکۆ)ی پاڵەوان، لەگەڵ هێزێکی (پێشمەرگە) کە لەژێر فەرمانی ئەودا بوون، چەندین ئۆپەراسیۆنی (شەڕی پارتیزانی)ی سەرکەوتوویان ئەنجام دا. هورمز مرۆڤێکی بەڕێز، تێکۆشەر، جەنگاوەرێکی لێهاتوو و خاوەن ڕەوشتێکی بەرز بوو، ڕێزی خەڵکی بەدەستهێنابوو و ناوبانگی دەرکردبوو، چاوی بە شێخی بارزان کەوت و بووە جێگەی ڕێزی تایبەتی شێخ، هورمز و هێزەکەی ڕوویان لە ڕێگای دهۆک - نەینەوا کردبوو و لە گوندی (زێوە) نزیک ببوونەوە، کە شوێنێکی دوورە لە چیا و دەشتاییەکی فراوانە، لە ڕێکەوتی ١٩٧٣/١١/٣٠ شەڕ لەگەڵ هێزە زرێپۆشەکان و تانکە سوورییەکان ڕووی دا، کە لە سەربازگەی (ئالۆکا)وە هاتبوون، ئەو شوێنە بارەگای لیوای یەرموکی سوریی لێ بوو، (حەبیب تۆمی) کە هاوسەنگەری هورمز مەلەک چکۆ بوو، باس لەوە

دەکات کە دوای ئۆپەراسیۆنی هێرشکردنە سەر بنکەی (ئەلقۆش)، لەگەڵ هێزێکدا بەرەو بنکەکەیان لە (سنان) بەڕێکەوتوون. دوو پێشمەرگەی هورمز گەیشتن و هەواڵی کارەساتەکەیان پێداین کە پێنج شەهید هەیە بێجگە لە هۆرمز، دیلێك کە دوای ماوەیەک لە هەمان ناوچە لەسێدارەدرا، هەموومان لەگەڵ (تۆما تۆماس) بەڕێکەوتین بۆ گواستنەوەی شەهیدەکانمان، دواتر هۆرمز لە گوندەکەی خۆی (گرێ گاڤانا) نێژرا و شەهیدەکانی تریش ،لە (دێری ڕەبەن هورموز). خەمێکی قووڵ؛ دڵی هەمو ئاشناکانی هورمزیان گرت، بەتایبەتی شیخی بارزان، ئەو هەمیشە بەڕێز و جوانی باسی دەکرد.[۱۹۳]



سێ کەسی لە لای چەپ: سوبحی لە عەنکاوە، هورمز مەلیک جکو و حەبیب تووما لەگەڵ کۆمەڵێک هێزی (پێشمەرگە).

ئەو هێرشەی کە لە سوپا و (جاش) پێکهاتبوو و لە چەندین بەرەوە بۆ داگیرکردنی خاکی بارزان دەستیپێکردبوو، لە چەندین بەرەدا بەهۆی خۆڕاگریی شەڕوانانی بارزانەوە، تووشی شکستی سەربازی ببوون. بەڵام دوای هەر شکستێک، هێزەکانی حکومەت یەکە سەربازییەکانیان ڕێکدەخستەوە و سەرلەنوێ هێرشیان دەکردەوە سەر پێگەکانی کورد، بەمشێوەیە و بە قوربانیدان و هەوڵێکی زۆر، توانییان ڕیزەکانی هێزە کوردییەکان ببڕن و بەرەو دڵی ناوچەکانی بارزان، پێشڕەوی بکەن. بەهۆی بۆردومانی

[۱۹۳]، نامەیەکی تایبەتی (حەبیب تۆمی) بۆ نووسەر لە بەرواری ۲۰۰۷/۷/۲۵.

بەردەوامی چیاکانی (سەرێ ئاکرێ) و (پێرس)، پاڵەوانی ناسراو (مەلا شینی) لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێکانیدا، شەهید بوون. مەراسیمی ناشتنەکەیم لە (گرێ جەوی) بە باشی لەبیرە، کە گردێکی بچووکە لە کاتی بەیەکگەیشتنی هەردوو ڕووباری (ڕووکوچک و ڕوومەزن) و دیوارێکی بەردینی بازنەیی، دەوری گۆڕستانەکەی داوە. لوقمان مەلا موستەفا لەوێ بوو، لەگەڵ نزیکەی بیست پیاوی تر، کە مەڕاسیمی ناشتنەکەیان بەڕێوەدەبرد. لەو کەشە غەمگین و تەمومژاوییەدا، تەها زێتی لەسەر قەراغی دیواری گۆڕستانەکە دانیشتبوو، لەپڕ دەستی کرد بە چڕینی ئاوازێکی غەمگین کە باسی لەو خۆڵە دەکرد، جەستەی مەلا شینی و چوار هاوڕێکەی تری دادەپۆشێت؛ وشە پڕ لە واتاکانی هەموومانی هەژاند.

تەواوی ناوچەکانی بارزان، لە ژێر بۆردومانی ئاسمانی و زەمینیدا بوون، کاتێک هێزەکانی حکومەت لەگەڵ پێشەنگی چەکدارە کرێگرتەکان، لە کۆتایی مانگی تەممووزی ١٩٦٣ بەرەو (بلێ) پێشڕەوییان کرد، کۆچێکی گەورە و بەکۆمەڵی دانیشتووانی گوندەکانی (هەرنێ، سەفتێ، ئیسۆمەدا، بیرا کەپرا، زۆرەکڤان، شرێ، دەربۆتکێ، ئالکا، ئیروان، بێکریس و کوڵکا) ڕووی دا، تەواوی ناوچەی (نزار) چۆڵکرا، لە کاتێکدا هێشتا ئاستی ئاوی ڕووباری ڕوومەزن بەرز بوو و دەرفەتی پەڕینەوە بە پێ نەبوو، هەزاران پیاو و ژن و منداڵ لەگەڵ ڕانەمەڕ و ماڵیاتیان، بە زەحمەتێکی زۆر و دوای دروستکردنی کەڵەکی سەرەتایی بەرەو کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووبارەکە پەڕینەوە، بەرەو گردەکانی (سەرێ مەزنا) یان بەرەو (بەرۆژ) و دۆڵی (سول) و پاشان بە دەوری چیای شیریندا بەرەو دۆڵە پڕ دار و شوێنە سەختەکانی پشت چیاکە، بەڕێکەوتن. هیچ پلان و دەستەیەك سەرپەرشتیی ئەم کۆچەی نەدەکرد، بەڵکو گوندنشینەکان بەشێوەی خودی، خۆیان ڕێکدەخست و دەیانزانی کە دەبێت بڕۆن و هەموو شتێک لەپاش خۆیان جێبهێڵن. لە هەمان کاتدا هێزێکی زۆری حکومەت کە لە سوپا و تانک و زرێپۆش پێکهاتبوون، لە ڕێگای (مێرگەسۆر - چامەی) بەرەو (شێروانێ مەزن) پێشڕەوییان دەکرد و گوندەکانی خێڵی (دۆڵەمەری)یان سووتاندبوو، لە دوورەوە چەند خاڵێکی ڕەش دەبینران، ئەو خاڵانە نیشانەی ئەو گوندە زۆرانە بوون کە ببوونە خۆڵەمێش، ئەوەیش یەکێک بوو لە

شانازی و قارەمانێتیی سوپای بەعس و جاشە کوردەکان، کۆچ و ڕەوی دورودرێژی ژن و پیر و منداڵانی دۆڵەمەری بە مێگەلەکانیانەوە، بەرەو دۆڵی (زرارا) قەتارەیان بەستبوو، مەڵبەندی زرارا لە هەزاران ئاوارە و ئاژەڵەکانیان ئاخنرا. تاوەکو تانکەکان بە پاڵپشتیی جاشەکان پێشڕەویی زیاتریان بکردایە، کاروانی ئاوارەکان لە دۆڵی زرارادا زیاتر دەبوون.

لەو دۆڵە گەرمەدا، ئاوارەی هۆزەکانی دۆڵەمەری، نزاری و شێروانی لەگەڵ مەڕ و ماڵاتەکانیان، خڕ ببوونەوە. بێگومان مانەوە لە کەناری ڕووبارەکە، تەنها بۆ چەند ڕۆژێک دەگونجا بەهۆی مەترسیی بۆردومانی ڕۆژانەی فڕۆکەکان، ئاستەنگی پەڕینەوەیش بەهۆی بەرزیی ئاوەکەوە ئاسان نەبوو، ناچار وا پێویست بوو سیمێکی درێژ لە هەردوو کەناری ڕووبارەکە ببەسترێت لە شوێنێکدا، کە ئاوی ڕووبارەکە لە نێوان دوو تاشەبەردی نزیک لە یەکدا تەسک دەبووەوە، سیمەکە بە تاشەبەردە بەهێزەکانەوە لە هەردوو بەری ئاوەکە توند کرا، پاشان ئەڵقەیەکی ئاسنین کە لە هەردوو لاوە بە پەت ڕادەکێشرا خرایە ناو سیمەکە، بەمەیش ئەڵقەکە بە ئاسانی بە هەردوو لای ڕووبارەکەدا دەخلیسکا، دیمەنی بەستنی ژنە بەتەمەنەکان و پیر و منداڵە ترساوەکان و ڕاکێشانیان بەسەر شەپۆلی خوڕی ڕوبارەکەدا تا ئەودیو ڕووبارەکە، زۆر تراژیدیا بوو. زۆریان ترسی ئەوەیان هەبوو لە بەرزایی دە مەترەوە بکەونە ناو ئاوەکە، چونکە کەوتنە خوارەوە لەو بەرزاییە بۆ ناو ئاوێکی بەخوڕی بێ ئامان، بە واتای کۆتایی و مەرگی ئەو ئاوارەیە دەهات. ئەم مەرگەساتە چەند ڕۆژێکی خایاند، تا زۆربەی ژنان و پیر و منداڵەکان بۆ کەناری ڕۆژئاوای ڕووبارەکە پەڕینەوە، دوای ئەوەی ئاستی ئاوی ڕووبارەکەیش دابەزی، کارەکە ئاسانتر بوو و ئاوارەکان خاڵە ناسراوەکانی پەڕینەوەیان بە پیادە بڕی.

لە یەکێک لە شەوە تاریکەکاندا لە بەرزاییەکانی (لێرەبێر)ەوە بەرەو گوندی (زرارا)، دەچوومە خوار گوندەکە کە چۆڵ کرابوو لەگەڵ هاوەڵێکم بەناوی (ئاغا زراری)،[١٩٤] بەڵام ڕێگەمان لێ تێکچوو، هەواڵەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە تانکەکانی عێراق

[١٩٤]، ئەم پیاوە لەگەڵ هەزاران بارزانی تر لە قوشتەپە دەستگیکرا و کۆژران ئەوکاتەی سەدام حسێن پەلاماری کامپەکەی دان لە هاوینی ١٩٨٣دا.

گەیشتوونەتە دەوروبەری گوندی زرارا، کاتێک دوای نیوەشەو گەیشتینە بناری دۆڵەکە، لە نزیک گوندەکە کە ڕێڕەوێکی ئاوی باراناو بوو لە وەرزی بارانبارینداو لەو کاتەدا (مانگی تەممووز) وشک ببوو، لەپڕ دەنگێکی نامۆمان بەرگوێکەوت و کەمێک ترساین. پاشان کەم کەم لە سەرچاوەی دەنگەکە نزیک بووینەوە، هەرچی زیاتر نزیک دەبووینەوە دەنگەکە ڕوونتر دەبوو، ژنێکی بەساڵاچووی گوندی (کوران - Kuran) بوو، کە نەوەکەی لە نێوان درزی تاشەبەردەکاندا بەجێیهێشتبوو، خۆشی گەڕابووەوە بۆ دەوروبەری گوندەکە تا ئەو گەنم و جۆیانە بهێنێت کە شاردبوویەوە، ئەوە ئەگەر بتوانێت خۆی لە هێزە داگیرکەرەکانی عێراق بپارێزێت کە لە دەوروبەری گوندەکە بوون. نەوەکەی، داپیرەی هێنابووە ئەم شوێنە تا نەکەوێتە بەر دەستی سوپای بەعس و جاشەکان. پیرەژنەکە پێیگوتین: نەوەکەم هەر کە ئەو خورد و خۆراکانەی دەستکەوت کە لە نزیک گوندەکە شاردوویەتیەوە، دەگەڕێتەوە. هەروەها گوتی: کە ئەو زیکری موریدانی نەقشبەندی دەخوێنێت، بۆ پاراستنی خودایی و بۆ ئەوەی نەوەکەی بگەڕێتەوە بۆ لای ئەم. لە تاریکییەکی ئاوا ئەنگوستەچاودا، دۆزینەوەی داپیرە کارێکی ئەستەم بوو، کاتێک ویستمان نان و ئاوی بدەینێ، گوتی نان و ئاوی پێیە و نەوەکەیشی پێش هەڵاتنی خۆر دەگەڕێتەوە و بەرەو (بێخشاش) بەڕێ دەکەون، کە گوندێکە لەودیو ڕووبارەکە.

بەرەکانی جەنگ پێویستییان بە خۆراک هەبوو، چونکە خواردن بەشێوەیەکی مەترسیدار کەم ببووەوە، پێویست بوو ژمارەیەک لە پێشمەرگە بنێردرێن بۆ دروێنەکردنی کێڵگە چۆڵکراوەکان لە دەوروبەری گوندە داگیرنەکراوەکاندا لەژێر پاسەوانییەکی توندداو، ئەمەیش تاکە چارەسەر بوو لەو بارودۆخەدا بۆ دابینکردنی نان بۆ بەرەکانی بەرگری، بەڵام دوای هێنانی گوڵەگەنم و جۆ دەرکەوت پێویستمان بە ئاشێکە، لە مەڵبەندی زرارا کە نزیکەی هەفتەیەک بوو چۆڵکرابوو، ئاشێکی ئاوی هەبوو کە چەندین ساڵ بوو کاری نەکردبوو، بە پێویست زانرا دووبارە بەگەڕی بخەینەوە، بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەک پیاو کۆبوونەوە، کە زۆربەیان خەڵکی گوندی زرارا بوون لەوانە (میرخان نەبی زراری) و (حاجی نەبی زراری) برای، چوونە ناو ڕووبارەکە. پاشان لە شوێنێکی کەمئاودا، دیوارێکیان لە تاشەبەردی گەورە دروستکرد کە لە ناوەڕاستی ڕووبارەکەوە

درێژ دەبووەوە بۆ لای ڕاستی کەنارەکە، پاشان لە نێوان ئەم بەردانەدا دیوارێکی چڕیان لە لقی دار دروستکرد تا کەناری ڕووبارەکە، بەمەیش ئاستی ئاوەکە بەرزبووەوە و بڕی ئەو ئاوەی دەچووە ناو جۆگەی ئاشەکە، زیادیکرد و ئاوەکە بە گوژمێکی پێویست بۆ بەگەڕ خستنی بەردەدەستهاڕی ئاشەکە، دەڕۆیشت. ئەم دیمەنە، ئاستی مەینەتییەکانی گەل و سەختیی دابینکردنی نان بۆ بەرەکانی جەنگ دەردەخات، کە لەو کاتەدا تەنها خۆراکی شەڕوانان بوو، دەستبەجێ ژمارەیەک ژن وەک خۆبەخش کۆبوونەوە بۆ کارکردنی شەو و ڕۆژ، تا پێویستیی خۆراکی بەرەکان پڕبکەنەوە. گەل بە تەنیا بەرگری دەکرد و هەموو پێداویستییەکانی بەرەی دابین دەکرد، بەپێی ئەو توانایانەی لەو کاتەدا هەبوو، ئەمە پاڵەوانێتیی گەل بوو نەک پاڵەوانێتیی سەرکردایەتی یان پارتی. ئەمە ئەو ڕاستییە بوو کە من گەواهیدەریم.

دکتۆر مەحموود؛ خزمەتێکی زۆر گەورەی بە بریندارانو نەخۆشان کرد، بەڕاستی خزمەتەکانی ئەو، جێی ڕێز و نرخاندن بوون، ئەو تاکە پزیشکی ناوچەکە بوو، پێموایە یاداشتەکانی دەنووسیەوە، خۆزگە وەک خۆی بڵاوی بکردایەتەوە. چونکە تیشك دەخاتە سەر لایەنە گرنگەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی سادە و چۆنیەتیی ژیانیان لە کاتی شەڕ و گەمارۆی ئابووری و کۆچ و ڕەوی خەڵکی ئەو گوندانەی کە ئاگر و دووکەڵ و مەرگ، سەرگەردانی کردبوون.

بەبێ هیچ گومانێک، خۆشەویستی و بەرگریی سەرسەختانەی بارزانییەکان بە چەکە کۆنە سەرەتاییەکانی دەستیانەوە، بۆ خاکەکەیان دەرکەوت، لە چاو چەکە مۆدێرنەکانی سوپای عێراقدا. لە زەوییەوە تانکەکان بەبێ ئەوەی لە چەکی دژەتانک بترسن (چونکە نەمانبوو)، پێشڕەوییان دەکرد و لە ئاسمانیشەوە، فڕۆکەکان بێ ئەوەی لە چەکی دژەفڕۆکە بترسن، بۆردومانیان دەکرد. کوردستان ببووە گۆڕەپانێکی کراوە بۆ تاقیکردنەوەکانی سوپای عێراق لە هونەری کوشتن و سووتاندن لە ئاسمان و زەویدا بەبێ هیچ ویژدان و ڕەوشتێکی مرۆڤایەتی، یان ڕێزگرتن لە یاساکانی جەنگ سەبارەت بە بۆردومان نەکردنی خەڵکی سڤیل، ئەوە جەنگێک شەمئاوەر بوو بۆ جەنەڕاڵەکانی

سوپای عێراق، کە فەرمانیان لە چەتەکانی بەغدا وەردەگرت، ئەوانەی تینووی خوێن و ڕەشەکوژی بوون، وەک لە مێژەوە بۆیان مابووەوە.

ڕۆژێکیان (عومەر دەبابە) و (ئەحمەد تۆفیق)، لەگەڵ ژمارەیەک هاوەڵ گەیشتنە دۆڵی زرارا و دەیانویست (مەلا موستەفا) ببینن کە لە (سەرێ لێڕەبیر) بوو، زۆر لە دۆڵی زرارا دوور نەبوو، ماندوێتییان پێوە دیار بوو، چەکێکی دژەتانکیان هێنابوو، بەڵام موشەکەکان کەم بوون، بۆیە نەدەکرا ئامانجەکانی پێ نەپێکن. هەرچەند پێموانییە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووبێت لە ڕاگرتنی پێشڕەویی تانکەکان بەرەو قووڵایی خاکی بارزان، چونکە چەکی نوێ پێویستی بە مەشق و ئاشنابوون بە وردەکارییەکانی کارکردنی هەیە لە بەرەکانی جەنگدا و پێویستە چەند موشەکێک تاقی بکرێتەوە بۆ دڵنیابوون لە کاریگەرییەکەی، ئەمەیش بەردەست نەبوو، بەرگرییە ڕاستەقینەکە لای جەنگاوەرە بارزانییەکان خۆیان و ئاستی پێداگرییان لەسەر بەرگریی سەرسەختانە مایەوە، بەڕاستی سوپای عێراق هەستی بە سەختیی داگیرکارییەکە کرد، تەنانەت ئەگەر لە پڕۆسەی داگیرکارییەکەیشدا سەرکەوتووبووایە، ئەوا قورسترین شت مانەوە بوو لەم خاکانەدا لە وەرزی سەختی زستاندا، دەزگا هەواڵگرییەکان بە هاتنی ئەم چەکەیان زانیبوو، بۆیە فڕۆکە عێراقییەکان دەستیانکرد بە بۆردومانێکی چڕی دۆڵەکە، بەڵام کەسمان بریندار نەبووین.

(معاون شەوکەت) - شارەزای کاروباری بێتەل و کۆدەکان - لەو نزیکانە بوو، بارەگاکەی لە هەمان دۆڵدا بوو، هەموو ئەو کۆدانەی بۆ دەناردم کە لە وێستگەکانی بێتەلەوە، سەبارەت بە دۆخ و جووڵەکانی دوژمن وەریدەگرتن، من (باپیر ئاکرەیی)م ڕاسپارد، کە گەنجێکی ئازا بوو و لێهاتوویی و دڵسۆزیی خۆی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا سەلماندبوو، ببووە جێی ڕێز و سەرسامیی زۆر کەس، ئەویش بروسکەکانی دەبرد بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە بارەگای مەلا موستەفا، لە ڕێگەی معاون شەوکەتەوە ئاگاداری ئەوە بووین کە لە بەرە جیاجیاکانی کوردستاندا چی دەگوزەرێت، ڕادیۆی ترانزستۆریش تاکە هۆکار بوو بۆ زانینی ئەوەی لە جیهاندا چی ڕووەدات.

هێزەکانی عێراق، نەیانتوانی سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە لە هیچ کام لە شەڕەکاندا بەدەستبهێنن، چونکە هێزەکانمان سەرەڕای پاشەکشە، بەڵام نەشکابوون. هەروەها ئەگەری ئەوە هەبوو لە هەر کاتێکدا بگونجایە، هێرش بکەینەوە سەر ئەو شوێنە نوێیانەی سوپای عێراق کە داگیری کردبوون، وەی هێزی داگیرکەر بەهۆی ئەو زیانانەی لە کاتی پێشڕەویدا پێیانگەیشتبوو، دابەزیبوو. هەروەها دەکرا شەوانە هێرش بکرێتە سەر شوێنەکانی پشتەوەی سوپا، ئەمەیش ترسی خستبووە ناو ڕیزەکانی سوپاوە، لێرەوە ئەوە سەلمێنرا کە داگیرکردنی ناوچەکە بە واتای سەرکەوتن نایەت و شەڕ تا کۆتایی بەردەوام دەبێت، سەرەڕای هەموو ئەو کەموکوڕییانەی هەمانبوو.

لە سەرەتای مانگی ئەیلوولدا، هێزەکانی عێراق لەگەڵ جاشەکان گەیشتنە چیای (هەڵبت) کە دەڕوانێتە سەر دۆڵی زرارا، بەمەیش تواناییان ناوچە دوورەدەستەکان بە تۆپ بۆردومان بکەن، بەڵام بەرگری بەردەوام بوو، سوپای عێراق هەرچی زیاتر دەچووە ناو قوواڵایی ناوچەی بارزانەوە، زیانی زیاتری بەردەکەوت. لە ١٩٦٣/٩/١٧ و لەژێر سەرپەرشتیی لیوا فەیسەڵ ئەنساری، هەڵمەتێکی گەورە بە دوو لیوا و ژمارەیەکی زۆری جاش دەستپێکرد. بەپێی عادەتی هەمیشەییان، جاشەکان لە پێش سوپای عێراقەوە دەڕۆیشتن، ئامانجی هەڵمەتەکە داگیرکردنی (جەمێ) و پەڕینەوە بوو بۆ (شێروانا مەزن). دوای ئامادەکاری بۆ هەڵمەتەکە بە کێوماڵکردنی چڕی ناوچەکە لە ڕێگەی تۆپخانە و بۆردومانی ئاسمانییەوە، سوپا و جاشەکان وایاندەزانی بەبێ بەرگری پێشڕەوی دەکەن، بەڵام هەر کە لە پێگەکانی هێزەکانمان نزیکبوونەوە، ئاگربارانکران. هێزەکان تووشی سەرسوڕمان و شۆک بوون. جاشەکان خۆیان لە بەردەم کۆمەڵێك جەنگاوەردا بینییەوە، کە پێداگربوون لەسەر تێکشکاندنیان. هێرشەکە لە هەموو لایەکەوە بوو، شەڕی دەستەویەخە ڕووی دا. بارزانییەکی ناسراو بەناوی (ئەحمەدی مستێی)، قارەمانێتییەکی گەورەی لە شەڕەکەدا نواند، ژمارەیەک جاش هێرشیان کردە سەری و خەریک بوو دەستگیری بکەن، بەڵام توانیی هێرشبەرە ڕاستەوخۆکە بکوژێت و ئەوانی تریش ڕایانکرد، ئەویش دوایانکەوتبوو. سوپای عێراق لەم شەڕەدا کە بە شەڕی (جەمێ) ناسراوە هەرەسی هێنا، دوای ئەم شەڕە تێڕوانینی (ئیبراهیم ئەنساری) بۆ بەردەوامبوون لە شەڕ، گۆڕا.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٣/٩/٢٠ بروسکەیەکی بۆ تاهیر یەحیا (سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق) نارد و تێیدا دەڵێت: فیرقەی دووی پاڵەوان، توانیی زۆربەی ناوچەکانی بارزان (مێرگەسۆر - شێروان) دوای قوربانییەکی زۆر لە خۆفرۆشان، پاکبکاتەوە. بارزانییەکان بەرگرییەکی سەرسەختانەیان لە ناوچەکەیان کرد و بستەخاکێکیان بێ خوێن جێنەهێشت. ئەنساری، پێشنیاریکرد کە کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی وەزیری بەرگری و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و هەموو فەرماندەی فیرقەکان ئەنجام بدرێت، بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخەکە. پاشان پێشنیار دەکات و دەڵێت (دەبێت بگەڕێین بەدوای چارەسەرێکی ئاشتییانەدا، چونکە پێشبینی دەکەم یاخیبووەکان هێزەکانیان ڕێک بخەنەوە و بەردەوام بن لە شەڕکردن. دروست نییە یەکە سەربازییەکانمان لە وەرزی زستاندا بخەینە ناو شەڕەوە) تاهیر یەحیا ڕەزامەندیی لەسەر پێشنیارەکە دەربڕی.[١٩٥]



ئەحمەد مستەفا لە ئاوارەیی، ئێران ساڵی ١٩٩٣

دوای چەند ڕۆژێک لە (شەڕی چامەی)، واتە لە ١٩٦٣/٩/٢٢ ئەنساری نامەی بۆ شێخی بارزان نارد و تێیدا ئاڕەزووی خۆی بۆ ئاشتی دەربڕی، شێخی بارزان لە ١٩٦٣/٩/٢٣ وەڵامی نامەکەی دایەوە و سەرزەنشتی حکومەتی عێراقی کرد:

[١٩٥]، مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكوردية،ص١١٤.

بۆ بەڕێز فەرماندەی فیرقەی دوو[١٩٦]

دوای سڵاو و ڕێز

نامەکەتان گەیشت. ئێمە سوپاستان دەکەین بۆ ئەم بیرۆکەیەتان، ئێوە دەزانن کە ئێمە لە بنەڕەتدا دەستپێشخەریی شەڕمان نەکردووە، بەڵکو ئێوە بوون هێرشتان کردە سەر گوندەکانمان و ماڵەکانتان سوتاندن و ژن و منداڵتان کوشتین، تۆپەکانتان و بۆمبی فڕۆکەکانتان شەو و ڕۆژ بەسەرماندا دەبارێن، ئێمە ناچار بووین بەرگری لە خۆمان بکەین، ئێمە شەڕ ڕادەگرین بەو مەرجەی ئێوەیش لە لای خۆتانەوە شەڕ ڕابگرن و تەواوی هێزەکانتان لە خاکەکەمان بکێشنەوە، بۆ ئەم مەبەستەیش لەگەڵ ئەم نامەیەدا (شێخ سلێمان)ی برازام و هەر دوو کوڕم (محەمەد خالید) و (نەزیر)م ناردووە بۆ لاتان، لە خودا داواکارم ڕێگای ڕاستمان نیشان بدات و هەموو بەڵا و ناخۆشییەک، لە عێراقییەکان دوور بخاتەوە.

شێخ ئەحمەد بارزانی – ٢٣ / ٩ / ١٩٦٣

کاتێک سوپای عێراق لە خاکی بارزان کشایەوە، زۆربەی گوندەکان سووتێنرابوون یان ڕووخێنرابوون، لەبەرئەوەی لە بەردەم وەرزی زستاندا بووین، هەزاران کەس لەگەڵ مەڕوماڵاتەکانیاندا پەنایان بۆ ئەشکەوت و دۆڵەکان برد، چونکە مەحاڵ بوو پێش هاتنی زستان، گوندەکان دووبارە ئاوەدان بکرێنەوە.

(مەلا خیشکەلی)، شاعیرێکی میللیی خۆشەویست بوو لە هۆزی دۆڵەمەری، گوندەکەی بە تەواوی سووتابوو، کاتێک دوای وێرانکارییەکە گەڕایەوە، لەسەر کەلاوەی ماڵەکەی وەستا و شیعرێکی میللیی جوانی دانا، کە پڕ بوو لە تاسە و پەیوەستبوونێکی توند بە کێڵگە و مێرگەکانی دەوروبەری گوندەکە و ژیان تێیدا، لە کۆڕ و مەجلیسەکاندا دەیگوتەوە. شیعرەکە، باسی تراژیدیای ئاوارەکان دەکات لە کاتی شەڕدا، کاتێک سوپای داگیرکەری بەڕبەڕی، نیشتمانەکەیانی داگیرکرد و ناچاریکردن خاکی باو و باپیرانیان جێبهێڵن، تێیدا هەستی خەمناکی گوندنشینەکان دەردەبڕێت کە تێکەڵی بیری گەڕانەوە

[١٩٦]، مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

بووە بۆ گوندە کۆنەکانیان، ئەو گوندانەی بوونەتە وێرانە و خۆڵەمێش، بۆ دووبارە بونیاتنانەوەیش کەس نییە یارمەتییان بدات، جگە لە پشتبەستن بە بازووی خۆیان.

بۆمبێک ڕاستەوخۆ بەر ماڵی (خەزالی کانی بۆتێ) کەوتبوو، کە ڕەنگە هەژارترین کەسی گوندەکە بووبێت. وەک بڵێی هەژاری، بۆمبەکان ڕادەکێشێت تا بە تەواوی ماڵەکە بڕووخێنن، هەروەها چاڵێکی قوواڵی لە زەویی ماڵەکەدا دروست کردبوو. هاوسەری خەزالی، لەمێژ بوو کۆچی دواییکردبوو و تەنها یەک منداڵی لەدوا بەجێمابوو، بەناوی (تاهیر، کە ڕەنگە تەمەنی دە ساڵان بووبێت) و پێکەوە تەنها بوون. ئێوارە دایک و کوڕ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، کە بە ڕۆژ لەبەر هێرشی فڕۆکەکان خۆیان شاردبووەوە، لێرەدا دەرفەت بۆ (خەزالی)ی پیر دەهێڵمەوە؛ تا چیرۆکەکە بگێڕێتەوە: نزیک ئاوابوونی خۆر، بەرەو گوند و ماڵەکەمان بەڕێکەوتین، بەڵام ناسینەوەی شوێنەکە سەخت بوو، بەیانی لێرە ماڵێک هەبوو، کوڕەکەم سەری سوڕما و بە گریانەوە خۆی بە منداَ نووساند، بەرگەی گریانی ئەوم نەگرت، بە دەنگێکی پڕ لە بەرەنگاری و بە پێکەنینێکی دەستکردەوە پێمگوت: 'هەرگیز خەمت نەبێت، دەزانی ماڵەکەمان کۆن بوو؟ گوێ مەدەرێ ماڵێکی باشترت بۆ دروست دەکەم کە هەموو گوندنشینەکان چاومان لێبکەن و چەندینجار لەوەی پێشوو باشتر دەبێت و بەمزوانەیش دەیبینیت، لە هەموو حاڵەتێکدا دەبوو بیڕوخێنین، نابینیت بۆمبەکە ئەرکەکەی بۆ ئاسان کردین؟ پاشان خەزالی بە خەمەوە سەیری منی کرد و وتی: لە ڕاستیدا لەو ساتەدا دڵم خۆینی لێ دەچۆڕا، بەڵام نەمویست تاقە کوڕەکەم هەست بەو کارەساتە بکات کە ڕووبداوە، ئەوەم پێگوت تا ئازارەکانی کەم بکەمەوە.

دووسەرەیی سەرۆکی (پ د ك)

عەبدولسەلام عارف لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٦دا مرد و لە ١٦ی نیسانی ١٩٦٦دا فەریق عەبدولڕەحمان عارف، وەک جێگرەوەی براکەی (عەبدولسەلام عارف) لەلایەن کۆمەڵێک ئەفسەری باڵادەست لە سوپای عێراقدا، بە سەرۆککۆمار دانرا، دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزاز کە کەسایەتییەکی مەدەنی بوو، بوو بە سەرۆکوەزیران، لیوا ڕوکن شاکر مەحموود شوکری، بوو بە وەزیری بەرگری.

عەبدولڕەحمان عارف، ڕۆڵێکی نەبوو لە لەناوبردنی هێزە چەپەکاندا، بەهۆی گرنگیی ڕۆڵی عێراق لە ناوچەکەدا، یەکێتیی سۆڤیەت لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦دا هەوڵی دا پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا نوێ بکاتەوە، کلیل و دەروازەی ئەم ئاراستەیەیش، بریتیبوو لە هەوڵدان بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و بزووتنەوەی کورد، یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ماوەیەکی درێژ خاوەنی پەیوەندیی دۆستانە بوو لەگەڵ ڕێبەری بزووتنەوەی کورد مەلا موستەفا بارزانی، لە بەرژەوەندیی مۆسکۆدا بوو کە چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ئەم ناکۆکییە بدۆزرێتەوە.[١٩٧]

ماوەیەکی کەم دوای ڕاگەیاندنی بەیانی حوزەیرانی ١٩٦٦، کاتێک ئاشتییەکی لەرزۆک باڵی کێشابوو، ڕۆژنامەی (پراڤدا) لە ڕێگەی نووسینگەکەی لە قاهیرە داوای لە پەیامنێرەکەی (ئیڤگینی پریماگۆف) کرد بۆ کارێک بچێت بۆ باکووری عێراق، پریماگۆف دەنووسێت: بارزانی، گۆشەگیر نەبوو. خەڵکی دەبینی کە ڕۆژنامەنووسیشیان تێدا بوو، بەڵام هەموویان لە ڕێگەی ئێرانەوە گەشتیان بۆ باکووری عێراق دەکرد، من نەمدەویست دەسەڵاتدارانی عێراق فەرامۆش بکەم، بەتایبەت سەبارەت بە هەوڵەکانمان بۆ دروستکردنی پردێك لە نێوان حکومەتی عێراق و بارزانیدا، چونکە ئەگەر ڕەچاوی ئەوەم نەکردبا ڕەنگە کارەکەم ئەنجامی پێچەوانەی هەبووایە، لەبەرئەوە ڕاستەوخۆ

[197] ،Yevgeny Primakov. Russia And The Arabs. Basic Books A Member of the Perseus Books Group. New York.2009. P: 325.

بەرەو لوتکە ڕۆیشتم، لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦دا چاوم بە سەرۆک عارف کەوت و وەڵامە نووسراوەکانیم بۆ پرسیارەکانم پێگەیشتبوو تا لە پراڤدادا بڵاویان بکەمەوە. لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە کورد ئاماژەی بەوە کردبوو، کە چەسپاندنی سەقامگیری لە باکووری عێراق یەکێکە لە گرنگترین کارە لەپێشینەکانی ئەو. لە کاتی دیدارمدا، ئەم قسەیەم بیرهێنایەوە و پێمگوت کە بەتەمام چاوم بە بارزانی بکەوێت. گوتم بەو پێیەی ئێمە لە مۆسکۆ ناوچەی کوردی بە بەشێک لە عێراق دەزانین، بۆیە بۆ پەیامنێرێکی سۆڤیەت شیاو نییە لە ڕێگەی ئێرانەوە گەشت بۆ کوردستانی عێراق بکات، وا دیاربوو بەڵگەکانم کاریگەرییان هەبوو چونکە عارف بە پرەنسیپ، ڕەزامەندیی دەربڕی و ناردمی بۆ لای وەزیری بەرگری تا ڕێوشوێنی گەشتەکەم بۆ ڕێکبخات و ڕەوانەم بکات بۆ لای کوردەکان.[١٩٨]

پاشان پریماکۆڤ یەکەم تێپەڕبوونی خۆی بە خاکی کوردستاندا وەسف دەکات و دەڵێت: خاکێکی سیحراوی و قەشەنگیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە، دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە گەلێکی سەربەرز کە عاشقی ئازادین تێیدا نیشتەجێن، ئەوانیش کوردن کە هەندێکجار پێیان دەگوترێت 'سوارچاکانی ڕۆژهەڵات'.[١٩٩] کاتێک گەیشتمە ناوچەکانی بزووتنەوەی کورد (سامی - محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان) پێشوازیی لێکردم، هەروەها ئیدریس و مەسعوودی کوڕانی مەلا موستەفایشی لەگەڵ بوون. پریماکۆڤ دەنووسێت: دوو کاتژمێری دەستیی دروستکراوی سۆڤیەت لە جۆری Poljotم وەک دیاری بۆ هێنابوون، بەڵام جۆرێک لە شەرمەزاریم هەستپێکرد کاتێک بینیم کاتژمێری ڕۆلێکس (Rolex)یان لە دەستدایە[٢٠٠]، پاشان پریماکۆڤ باسی ژیانی بێبەشی و هەژاری لە کوردستان و فەرامۆشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەکات، سیاسەتی مۆسکۆیش هەر بە جەختکردنەوە لەسەر دۆزینەوەی لێکتێگەیشتن لە نێوان بەغدا و بزووتنەوەی کورد، لە ڕێگەی چارەسەری ئاشتییانەوە مایەوە.

---

[198]، Yevgeny Primakov. Ibid, p:237

[199]Yevgeny Primakov. Ibid, P:329

[200]،Ibid,p:329

جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵەکانی لە ئابی ١٩٦٥دا لە ئێرانەوە، گەڕانەوە ناو ڕیزەکانی بزووتنەوەکە و بەشداریان لەو شەڕانەدا کرد کە دژ بە هێزە عێراقییەکان ئەنجامدران، بەڵام دوای تێکچوونی لێکتێگەیشتنی نێوان هەردوولا (مەلا موستەفا و جەلال تاڵەبانی) بە نهێنی لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦دا بەرەو بەغدا بەڕێکەوت، دواتریش لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٦دا ئیبراهیم ئەحمەدیش لە تارانەوە گەڕایەوە بۆ بەغدا.

لێرەوە لایەنی کوردی بوو بە سێ بەشەوە، (بارزان کە تا بۆیانکرا، خۆیان لە دەستتێوەردانەکان بەدوورگرت)، (جاشەکان) کە سەرۆک خێڵە کرێگرتەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بوون)، (هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە مەکتەبی سیاسیی کۆن پێکهاتبوو و بە گرووپی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دەناسران، ئەمانە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هاوکارییان کرد بۆ لێدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی مەلا موستەفا)، بەها نیشتمانییەکان بۆ نزمترین ئاست دابەزین و گەلی کورد باجێکی گرانی دا لەبەر تەماحی کەسیی سەرکردەکان! ڕژێمی عارف و دواتر بەعس لە کاتی حکومڕانیی دووهەمیدا، سوودیان لەم لێکترازانە کوردییە وەرگرت بۆ جەنگی (کورد بەکورد)، عێراق بە پارە و چەک ئاگری ئەم ململانێیەیان خۆش دەکرد و خۆیان لە هەر ڕێکەوتنێک بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە کوردستان دەدزییەوە، ئەوە ڕوونە کە شەڕەکان لەسەر خاکی کوردستان بوون و ڕووخاندن و وێرانکاری نەدەگەیشتە شارە عەرەبییەکان. گەلی کورد، قوربانی و ئامراز بوو بۆ بەردەوامبوونی شەڕێک، کە لە بەهاکانی تێکۆشانی ڕزگاریخوازی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی دوور دەخستەوە، جۆرێک لە بێباکی بەرامبەر بە داهاتووی گەلی کورد و بێ سەودایی بەرامبەر مەینەتی و قوربانییەکانی هەبوو.

لەکاتێکدا دانوستانەکان لە نێوان لایەنی کوردی و حکومەتی عەبدولڕەحمان عارفدا گەرم بوون، ڕووداوێکی ئاماژەداری گەورە دەرکەوت، کە کەسایەتیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەردەخات، کە چۆن لە تاکتیک و پلانیدا لە نێوان دوو دژبەیەکدا، یاریی کردووە. پێشمەرگە و جاش کە هاوکاری حکومەتی عێراق بوون، بەڵام کەسایەتیی ئەو ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، قسەکردن دەربارەی قەدەغەیە و لە ئەدەبیاتی پارتی

دیموکراتی کوردستاندا نایدۆزیتەوە، بەڵام ناچارین بگەڕێینەوە بۆ هەندێک سەرەتای باسەکە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەموو دەزگاکانییەوە، لە مەیدانی بانگەشەکردن بۆ شۆڕشی کورد و گەورەکردنی سەرکردە - مەلا موستەفا - کەوتبووەگەڕ، ئەوەیش بۆ هاندانی گەلی کورد بۆ پەیوەندیکردن بە شۆڕش و بەرگریکردن لێی، ئەم پڕوپاگەندانە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو، خەڵکێکی زۆر شار و گوندەکانیان بەجێهێشت و دەستیان لە کار و فەرمانەکانیان هەڵگرت، لە جوتیار و کاسبکار و پیشەوەر و ئەفسەر و سەرباز و پۆلیس و مامۆستا، لەنێویاندا کەسانی وای تێدابوو کە ژن و منداڵ و دایک و باوکیان لە پاش خۆیان جێهێشت و پەیوەندییان بە بزووتنەوەی کوردییەوە کرد، بۆ پاراستنی شۆڕش و قوربانیدان لەو پێناوەدا. ئەوان باوەڕیان وابوو کە سەرکردایەتییەکی دڵسۆز هەیە، کە شایەنی گوێڕایەڵی بێت و خاوەن بڕوایە، ڕاستییەکەیشی بوترێت گەلی کورد لە بەخشین و گیانبەختکردن بۆ بەرگریکردن لە خاک و مافەکانی، سەخاوەتمەند بوو. بۆ یەکەمجار دەسەڵاتی مەلا موستەفا، ناوچەکانی دەرەوەی خاکی بارزان دەگرێتەوە و دەسەڵاتێکی ڕەهای دەبێت. کەواتە گرنگە بزانین چۆن دەسەڵاتی پیادەکردووە و چ جۆرە کۆمەڵگەیەکی لە کوردستاندا دروست کرد؟

لە ڕووی جوگرافییەوە، دوو ناوچەی لێکدابڕاو هەبوون، کە بەپێی ئەنجامەکانی جەنگی بەردەوام و بەپێی سەرکەوتن و شکستی ئەم لایەن یان ئەو لایەن گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات، ئەو ناوچانەی کە هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵیان کردبوون، ناوچە شاخاوییە سەختەکان و هاوسنوورەکانی تورکیا و ئێران بوون، لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە سوپای عێراق و جاشەکان کۆنترۆڵیان کردبوون، لە زۆرێک لە گوند و شارۆچکە و شارەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا، زۆرێک لە خێزانەکانی پێشمەرگە تێیدا دەژیان و چاوەڕوانی ڕووداوەکان و گەڕانەوەی سەرکەوتووانەی پێشمەرگەکانیان بوون.

پڕوپاگەندەی پارتی، هەموو ناو و ناتۆرەیەکی خراپ و نزمی دەدایە پاڵ جاشەکان، لە کاتێکدا باپیرەی مەسعوود و خاڵی، لە ڕیزی پێشەوەی جاشە ناسراوەکانی سەرانسەری کوردستان بوون. لەم قۆناغە سەختەی تەمەنی بزووتنەوەی کوردیدا، مەلا

موستەفا پێویستی بەوەبوو پێشمەرگە باوەڕیان بە کەسایەتیی خۆی و بزووتنەوەی کورد هەبێت، بۆ ئەوەی لەو دەمەدا هەم ڕووبەڕووی مەترسیی ڕاستەقینەی شکست بێتەوە، هەم بەرگری بکەن و قوربانی بدەن لە پێناویدا. مەلا موستەفا، زێدەڕۆیی دەکرد لە پیاهەڵدان بە پێشمەرگەدا، ئەوان لە ڕۆژهەڵاتی خۆی ئازیزترن لەلای، پێشمەرگە تۆڵە لە جاشەکان دەکاتەوە ئەگەرچی خاڵەکانی مەسعوودیش بن. خووی وابوو؛ کە قسەکانی بە سوێندی گەورە پشتڕاست دەکردەوە، بەتوڕەییەکی دیار و بە دەنگێکی بەرز، سوێندەکەی دووبارە دەکردەوە بۆ ئەوەی سیفەتی بڕواپێکردن و جیدییەتی پێ ببەخشێت. لە بەیاننامەیەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە کوردستانی عێراق (مەکتەبی ڕاپەڕاندن- مەکتەبی تەنفیزی)، بەرواری ١٩٦٥/٤/١٦پارتی جۆش و خرۆشی گەل بەرز دەکاتەوە و هانیان دەدات بۆ جەنگ، وشەی شەرەف تێیدا دووبارە دەبێتەوە:

ڕۆڵەکانی گەلی کوردی قارەمان!

بەرگریکردن لە خاک و ماف و ئامانج و ئاواتەکانمان، تەنها ئەرکی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان نییە، بەڵکو ئەرکێکی پیرۆزە لەسەر شانی هەر کوردێکی بەشەرەف. لێدان لە دوژمنی ستەمکار، لەپێشترین ئەرکەکانتانە بۆ بەرگریکردن لە شەرەف و کەرامەتتان، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا، بڕیاردرا بەمەی خوارەوە:

١. هەر کوردێکی بەشەرەف چ لە ئەندامانی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان، بێت یان غەیری ئەوان ڕووبەڕووی دوژمن ببێتەوە (چ سوپا بێت یان جاش)، ئەوا تەواوی دەستکەوتەکانی بۆ خۆی دەبێت، جگە لە چەکە قورسەکان و ئامێرەکانی بێتەل کە دەگەڕێنەوە بۆ سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان، بەهۆی پێویستییەکی زۆری پێیان، سەرەڕای ئەوەی ئەم کارەی جێگەی شانازی و شانازی پێوەکردنە.

٢. شۆڕش؛ دەست دەگرێت بەسەر هەموو ئەو ماڵ و موڵکە گواستراوە و نەگواستراوانەی، کە هی ئەو کەسانەن شەرەف و ویژدانی خۆیان بە حکومەتی ستەمکار فرۆشتووە، دژی ڕۆڵەکانی گەلی خۆیان و زەویوزارەکانیان بەسەر ئەو جوتیارانەدا دابەش دەکرێت، کە تێیدا نیشتەجێن.

بۆ پێشەوە بەرەو شۆڕشێکی سەرتاسەری، بۆ لەناوبردنی دوژمنی ناپاک و بۆ بەدیهێنانی ئامانج و ئاواتەکانی شۆڕشە شکۆدارەکەمان، بە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکە قارەمانەکەی – موستەفا -.[٢٠١]

لە بارودۆخێکدا کە مەترسی لە هەموو لایەکەوە دەوری شۆڕشی دابوو، هەموو ئومێدێک بۆ پاراستنی شۆڕش لەسەر خۆبەخشە شۆڕشگێڕەکان چڕ ببووەوە، سەرکردەی شۆڕش تەمەنی لە شەست ساڵ تێپەڕیبوو و جووڵەی گران ببوو، لەسەر سنووری ئێران (حاجی ئۆمەران) خۆی جێگیر کردبوو، هەردوو کوڕەکەیشی (ئیدریس و مەسعوود) سەربازی نەبوون و شارەزاییان لە شەڕدا نەبوو، ژیانی خۆیان لە پشتەوەی بەرەکاندا بەسەر دەبرد، شەڕەکان لەلایەن سەرکردەگەلێکەوە بەڕێوەدەبران، کە یان لە ڕێگەی ئەزموونی ڕاستەوخۆوە لە مەیدانەکانی جەنگدا شارەزاییان پەیدا کردبوو، یان ئەو سەربازییانەی کە سوپای عێراقیان جێهێشتبوو و پەیوەندییان بە بزووتنەوەی کوردییەوە کردبوو. با لە دونیابینی و واقیع تێ بگەین، بەڕاستی جیاوازییەکی گەورە لە نێوان قسەکانی سەرکردە و کردارەکانیاندا دەردەکەوێت، لە ناو ئەندێشەی واقعیبوون و تەپڵێدان و زووڕناژەنینی پڕوپاگەندەی حیزبی چەواشەکاردا.

وەک ئاماژەمان پێدا، عەبدولسەلام عارف دوای کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٦، کۆچی دواییکرد و عەبدولڕەحمان عارفی برای شوێنی گرتەوە. عەبدولڕەحمان، ئارەزووی دەکرد لەگەڵ مەلا موستەفا وتووێژ بکات، چونکە سوپای عێراق شەکەت ببوو و بەدەست جەنگی کوردستانەوە دەینااڵند، لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک لە جاشەکانی زێباری لە شاری (ئاکرێ) دەژیان. لە ڕاستیدا ئەوان دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی ئاکرێ بوون، چونکە حکومەتی عێراق دەسەڵاتی فراوانی پێدابوون و لەسەر ئەو تاوانانەی دەرهەق بە خەڵك ئەنجامیان دەدا، سزا نەدەدران. بەو پێیەی زۆرێک لە کوڕانی ئاکرێ بەشێوەیەکی مێژوویی لەگەڵ بارزان بوون و بەشدار بوون لە

[٢٠١] ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە کوردستانی عێراق، مەکتەبی ڕاپەڕاندن ١٩٦٥/٤/١٦ جەند بەڵگەنامەیەك لەبارەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد، دکتۆر عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، دەزگای موکریانی بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە،٢٠٠١،ل٣٥٢-٣٥٣ .

شۆڕشی کوردیدا، بەو هۆیەوە کەوتبوونە بەر ڕقوکینەی جاش و حکومەتی عێراق و بە ئەنقەست خەڵکیان هەراسان دەکرد، بەتایبەتییش کەسوکاری ئەوانەی پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو، یان ئەو خێزانانەی کە دڵسۆزییەکی دێرینیان بۆ بارزان هەبوو.

شەوکەت ئاکرەیی، ئەو ئەندازیارەی کە نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی دەکرد لە قاهیرە و پەیوەندیی لەگەڵ محەمەد حەسەنێن هەیکەل و لە ڕێگەی ئەویشەوە لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا هەبوو، خەڵکی گەڕەکی (زیوکێ) بوو و دژی جاشەکان و بەتایبەتی زێبارییەکان بوو، کە ئازاری زۆری خەڵکی ئاکرێیان دەدا. ئەو زۆر نزیک بوو لە بەهاکانی بارزان، بەڵام ئەمە لە بەرژەوەندیی ئەودا نەبوو، چونکە مەلا موستەفا بەپێی ئاستی پەسەندکردنی ئاغاکانی زێباری، هەڵسەنگاندنی بۆ خەڵکانی ناوچەی ئاکرێ دەکرد. هەر بۆیە شەوکەت ئاکرەیی لای سەرکردەی بزووتنەوەی کورد، جێگەی بایەخ نەبوو. کەسوکاری ئەو لە گەڕەکی (زیوکێ) لە ئاکرێ ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و سووتاندنی ماڵەکانیان بوونەوە.

پارێزەر شەکیب ئاکرەیی لەم بارەیەوە دەڵێت: لە مانگی شوبات/ فێبرایەری ساڵی ١٩٦٧دا، کۆمەڵکوژییەک لە شارۆچکەی ئاکرێ ڕووی دا، بەهۆی ناکۆکیی نێوان هەندێک لە خەڵکی شارۆچکەکە و جاشە زێبارییەکان، مامۆستای یەکێک لە قوتابخانە سەرەتاییەکان بەناوی محەمەد شەریف زیوکێ لەو کاتەدا یەکێک لە سەرۆک جاشە زێبارییەکانی کوشت. سواڕە زێبارییەکانیش بە هێرشکردنە سەر گەڕەکی (زیوکێ) لە شارۆچکەکە، تۆڵەیان کردەوە و زیاتر لە بیست کەسیان کوشتن کە ژن و منداڵیان تێدا بوو. دەسەڵاتدارانی حکومەت هەڵوێستی تەماشاکەریان بینی و دەستوەردانیان نەکرد بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵکوژییەکە یان کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکە، هیچ ڕێکارێکیان نەگرتەبەر بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە، بەرامبەر ئەو تاوانبارانەی کۆمەڵکوژییەکەیان ئەنجام دا و ڕادەستی دادگایان نەکردن[٢٠٢].

[٢٠٢]، االمحامي شكيب عقراوي ، سەرچاوەی پێشوو. ص:٢٢١ — ٢٢٢

حکومەتی عێراق، بە هیچ شێوەیەک بایەخی نەدەدا بە پاراستنی هاوڵاتیی سڤیل لە دەست جاشەکان، بەڵکو دەستی والّا کردبوون لە ئەنجامدانی تاوان دژی خەڵکی سڤیل، بەو پێیەی کوژراوەکان کورد بوون و بە دەستی کوردیش کوژرابوون، ئەمە لای ئەوان کارێکی پەسەند بوو، هیچ ڕێگرییەکیان لێ نەدەکرد. لەبەرئەوەی کەسوکاری قوربانییەکانی ئاکرێ؛ قەناعەتیان وابوو کە مەلا موستەفا بەبێ مەرج لایەنگری جاشە زێبارییەکان دەکات، هەموویان پەنایان برد بۆ شێخی بارزان کە ئەوکات هێشتا لە ژیاندا مابوو و لە خاکی بارزان نیشتەجێ بوو، خەڵکی ناوچەکەیش بە گەرمی پێشوازییان لێکردن و سەرەڕای هەژارییان، لە (بلێ) و (بارزان) پەنایاندان و ڕێزیان لێگرتن.

لە هەمان ساڵی کۆمەڵکوژییەکەی (زیوکێ)دا، ڕووداوێکی تر ڕووی دا کە واتایەکی قووڵی هەبوو، پەیوەست بە جەوهەری سەرکردایەتیی کورد و دەریدەخات کە تا چ ئاستێک پابەندیی نیشتمانی بە بەهاکانی شۆڕشەوە هەبووە، دووفاقیی دڵسۆزیی سەرکردە؛ خۆی لە نێوان دوو دژبەیەکدا دەبینیەوە. باسکردنی ئەم ڕووداوە، یەکێکە لە گوناهە گەورەکان و لە قەدەغەکراوەکانە، بە وشەیەکی وردتر ڕووداوەکە ستەمی حکومەتی عێراق و سەرکردایەتیی کورد بەرامبەر بە هاوڵاتییەکی ئاسایی کورد دەردەخات. ڕووداوەکە ئەمەیە؛ لە نێوان جاشە زێبارییەکاندا (سەلیم خان) کە خاڵی دوا هاوسەری مەلا موستەفا بوو، لە کاتێکدا پێشمەرگەیەك لەدەرەوە بوو، سەلیم دەرفەتی قۆستبووەوە و دەستدرێژیی کردبوە سەر خێزانەکەی، چونکە مێردەکەی لەڕووی بیروباوەڕ و ئیمانەوە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردبوو و لەژێر سەرکردایەتیی (خاڵەکانی مەسعوود)دا، شەڕی ئەم جاشە زێبارییانەی دەکرد، نامانەوێت ناوی پێشمەرگەکە بهێنین، چونکە هێشتا لە ژیاندا ماوە! سەلیم خان، بێبەشبوونی ژنەکەی لە ژیان لەگەڵ مێردەکەیدا، قۆستەوە و دەستی کرد بە هاتوچۆکردن بۆ لای، تا قەناعەتی پێهێنا کە داواکەی بۆ هاوسەرگیریکردن لەگەڵی، جێ بەجێ بکات. پێیگوت؛ کە مەلا موستەفا دەستوەردان دەکات بۆ ئەوەی لە مێردە پێشمەرگەکەی تەڵاقی بدات و لەو (واتە لە سەلیم خان)ی مارە بکات. ژنەکە؛ سەرەتا بڕوای بە قسەکانی سەلیم خان نەکرد، بەڵام دواتر قەناعەتی کرد؛ کاتێک پێیگوت بۆ سەرگرتنی ئەو کارە، ڕەدووی دەخات و دەچنە

لای مەلا موستەفا نەک بۆ لای (فەرماندەی فیرقەی سوپا) یان (پارێزگاری مووسڵ)، ژنەکە نەیتوانی تێبگات لەم دوفاقییە سەیرەی لەو دۆخەدا هەیە، چۆن دەکرێت جاشێك کە سەر بە بەرەی حکومەتی عێراق بێت، کەچی ژنە پێشمەرگەیەک ڕەدوو بخات و پەنا ببات بۆ (سەرکردەی شۆڕشی کوردی) لە سەنگەری دژ بە حکومەت! ئەمە کارێکی نالۆژیکی بوو و لە عەقڵ بەدوور بوو، بەڵام جاشەکە تێگەیاند کە ئەوەی ئەو دەیڵێت، ڕاستە و ڕواڵەت و ڕاستیی ڕووداوەکان تەواو جیاوازن! ئیتر ژنەکە ڕازی بوو کە لەگەڵیدا ڕەدوو بکەوێت.

متمانەی (سەلیم خان)ی جاش بە مەلا موستەفا (سەکردەی گشتیی شۆڕشی کوردی)؛ لەوەڕوە سەرچاوەی دەگرت کە مەلا موستەفای باش دەناسی و ئاگاداری ئاستی پەیوەستبوونی سۆزداریی بارزانی بوو بە خەزووریيەوە (مەحموود ئاغای زێباری ـ کە سەرۆک جاش بوو) و ئاگاداری ئەوە بوو بە هەر نرخێکی نیشتمانی بێت، دەیویست خەزووری ڕازی بکات، لە کاتێکدا پێشمەرگەکە (مێردی ژنە ڕەدووکەوتووەکە) بەهۆی پڕوپاگەندەی حیزبەوە؛ مەلا موستەفای دەناسی. ڕۆژێکیان؛ هەندێک لە پاسەوانانی بارەگای سەرکردەی شۆڕش، بەپەلە خەریکی سازکردنی شوینێک بوون بۆ سەلیم خان و ژنە ڕەدووکەوتووەکە، پاسەوانەکان پاسەوانییەکی وردی شوێنەکەیان دەکرد، کە لە ناو بازنە داخراوە پارێزراوەکەی بنەماڵەی فەرمانڕەوادا بوو، تاقمێک لە خزمەتکار و کارەکەر هەبوون کە خزمەتگوزاریی تایبەتییان ئەنجام دەدا لە ناو ئەو بازنەیەدا و لەوانە بوون کە بە پیسکەیی و دووڕوویی ناسرابوون و لەڕاستییشدا ئەوانە بەهۆی ئەو خەسڵەتە سووکانەوە، شایستەی ئەو کارە بوون کە هەیانبوو. ئەم کەسانە؛ نهێنییەکانی بازنە داخراوەکە و ئەو پیلانگێڕی و فیتنانەیان دەزانی کە لە پەناوە دەچنران، ئەم دەربارە تایبەتانە تەواو شارەزای ئەوە بوون کە چییان لێ داوا دەکرێت و ڕۆڵی خۆیان بەپێی داواکارییەکە، ئەنجام دەدا. پرسیاریان لێ نەدەکرا لەسەر ئەوەی دەیکەن و لەوەی دەیانکرد، شادییان دەبینی. ئەمانە لە خزمەتی ئەو جاشەدا بوون کە ژنی پێشمەرگەکەی هەڵگرتبوو. بەوپێیەی بارزانییەکانی ناو بارەگای مەلا موستەفا؛ هێشتا تا سنوورێکی دیاریکراو پابەندی ئادابەکانی تەریقەت بوون، بۆیە شیاو نەبوون بۆ زانینی

ئەوەی لەناو بازنە داخراوەکەدا چی ڕووەدات، لەبەرئەوە ئەرکی ئەوان پاسەوانیکردن و شەڕکردن لە بەرەکاندا کورت ببووەوە.

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و باڵاترین فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە، فەرمانیکرد بە بانگکردنەوەی مێردی ژنەکە لە بەرەکانی جەنگ، پەیوەندی بەو بەرەیەوە کرا کە لێی دەجەنگا، ئەویش هات بۆ بارەگای سەرکردەی شۆڕش، لە کاتێکدا نەیدەزانی چی بەسەر ماڵ و خانەوادەکەیدا هاتووە، چونکە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو شارانەی لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی حکومەتی عێراقدا بوون، سەخت بوو. بەڵام یەکێک لە هاوڕێکانی پێشمەرگەکە، پێی ڕاگەیاند کە چی ڕوویداوە و هەندێک ڕێنمایی پێ دا، پێش ئەوەی سەرکردەی شۆڕش بێت و فەرمانی پێ بکات کە ژنەکەی تەڵاق بدات بۆ کابرای جاش، ئەمە ئەو ڕووداوەیە کە هەمان ئەو کەسەی لە دانیشتنەکانی ئابڕووچوونەکەدا ئامادە بووە بۆی گێڕاومەتەوە، کە ئەویش تا ئەم ساڵە (٢٠١١) هێشتا لە ژیاندا ماوە.

لەو نموونە زیندووەدا؛ دەبینین کە سەرۆکی حیزب سڵ ناکاتەوە لە دابەزین بۆ ئاستێک، کە شایەنی ئەو پۆستە نیشتمانییە نییە کە هەیەتی، چونکە بۆ ئەو باشتر بوو لانیکەم کەسێک لە دەستوپێوەندەکانی ئەم کارە بگرێتە ئەستۆ و خۆی لە سێبەردا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ناوبانگی کەسیی خۆی لە بەردەم خەڵک و مێژوودا، لەکەدار نەکات! ئەم کارە شەرمئاوەرە؛ لە هەموو جوامێرییەک دوور بوو (بەخشینی ژنی پێشمەرگەیەک بە جاشێک)، نە بایەخی بە ناوبانگ دا و نە بە هەستی (پێشمەرگەکە). ئەمە نموونەیەکی زیندووە؛ کە گوزارشت لە دووڕوویییەکی مەترسیدار لە کەسایەتیی ئەودا دەکات، ئەم کارە لە پارێزگاری مووسڵ، یان بەڕێوەبەری ئەمن، یان فەرماندەی ئەو فیرقە سەربازییەی لە مووسڵ جێگیر بووە دەوەشایەوە، چونکە جاشە کوردەکان فەرمانیان لەوان وەردەگرت و پارە و چەکیان لەوانەوە بۆ دەهات، بەڵام ئەوەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و باڵاترین فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە ئەم کارە بکات، لە دەرەوەی هەموو پێشبینییە نیشتمانی، ئەخلاقی، ئایینی، شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەکان بوو.

بۆ پاراستنی (جاشەکە) لە تووڕەیی (پێشمەرگەکە)، مەلا موستەفا فەرمانی بە سەلیم خان کرد؛ کە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە نەبێت و دەستوەردان نەکات، بۆ ئەوەی هیچ پەرچەکردارێکی توند لەلایەن مێردی ژنەکە (پێشمەرگەکە) ڕوونەدات، چونکە دەیزانی کە ئەمە مەسەلەی شەرەفە، فەرمانی بە سەلیم خان کرد کە هەموو شتێک بۆ ئەو (واتە مەلا موستەفا) جێبهێڵێت، چونکە ئەو دەزانێت چۆن کێشەکە چارەسەر بکات و لە بەرژەوەندیی ئەو کۆتایی پێبهێنێت. مەلا موستەفا؛ خوویەکی هەبوو کە تا کۆتایی ژیانی لەگەڵیدا مایەوە، ئەگەر بیویستبا شتێک بەدەستبهێنێت، پلانی بۆ سێ قۆناغ دادەنا؛ ئەگەر یەکەمیان شکستی بهێنایە ڕەنگە دووەمیان سەرکەوتووبووایە، ئەگەر ئەمەیشیان سەرکەوتوو نەبووایە، ئەوا ڕەنگە لە سێیەمدا سەرکەوتوو بێت.

مەلا موستەفا بە دەم بە پێکەنین و ڕووخۆشییەوە، چووە لای پێشمەرگەکە و دوای کەمێک وتی: «هیچ گومانێک نییە؛ ئەوەیشم چەندینجار وتووە و هەمووانیش دەیزانن کە ڕۆڵە ڕاستەقینەکانی، من پێشمەرگەن! هیچ باوکێکیش نییە بۆ ڕۆڵەکانی؛ جگە لە چاکە هیچی تری بوێت. ئێوە پێمبڵێن ئایا ئەقڵ دەیبڕێت باوکێک خراپەی بۆ کوڕە ئازیزەکەی بوێت؟ ئەمە دژی لۆژیکە و هەمووان، تەنانەت منداڵانیش ئەوە دەزانن. بەڵام ڕەنگە وابێت کە کوڕەکە؛ چاکە و خراپەی خۆی لێک جیانەکاتەوە و خراپە بە چاکە بزانێت یان چاکە بە خراپە. بەڵام باوک چاکەی ڕۆڵەکانی دەزانێت. ئەو کوڕە ژیرەی گومانی چاکە بە باوکی شک دەبات، ئەوا دونیا و قیامەت دەباتەوە، ئەوەیشی گومانی خراپ دەبات، دونیا و قیامەت دەدۆڕێنێت، گوێڕایەڵیی دایکوباوک، لە ڕەزامەندیی خودایە و سەرپێچیکردنیان سەرپێچیکردنی خودایە. دوای ئەوەی لە هەموو لایەکەوە بیرم لەم کێشەیە کردەوە؛ وا دەبینم باشترە لە شتێکی پیس ڕزگارت بێت، چونکە ئەم ژنە شایەنی تۆ نییە»!! پێشمەرگەکە؛ بەپێداگرییەوە وتی: «نەخێر، هاوسەرەکەم تەڵاق نادەم هەرچییەکم لەسەر بکەوێت»، بە دەمارگیرییەوە ئەمەی دووبارە کردەوە، ئەمەیش وای لە سەرکردەی شۆڕش کرد بێدەنگ بێت، دوای کەمێک هەستا و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، تاوەکو تیری دووەم دەربهێنێت و بیگرێتە «کوڕە یاخییەکەی».

هاندانی مادی - تەفرەدان (ئیغرا):

مەلا موستەفا؛ گەڕایەوە ماڵ و پێش ئەوەی دووبارە لەگەڵ پێشمەرگەکە کۆببێتەوە، فەرمانیکرد جلوبەرگی نوێ و زەرفێک پارەی وەک دیاری بۆ بەرن، یەکێک لە دەربارەکان دیارییەکەی هەڵگرت، بەڵام هەر کە دیارییەکە خرایە بەردەم پێشمەرگەکە، تووڕەیی دایگرت و بێزاریی خۆی لەم ڕەفتارە نیشان دا و ڕەتی کردەوە وەری بگرێت و وتی: من بەرتیل وەرناگرم. ئەو خزمەتکارەی ڕاسپێردرابوو بەو کارە وتی: تۆ شێت بووییت؟ چۆن دیاریی باوک ڕەت دەکەیتەوە؟ پێشمەرگەکە بە تووڕەییەوە سەیریکرد و وتی: وتم بەرتیل وەرناگرم و لەگەڵ دیارییەکەت بگەڕێوە بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتوویت! خزمەتکارە تایبەتەکە گەڕایەوە؛ تا سەرکردە و دەوروبەرەکەی لەوەی ڕوویداوە ئاگادار بکاتەوە. ئەرکی سەرکردەی شۆڕش دیار بوو کە سەختە، بەڵام ئەو لەو جۆرە پیاوانە نەبوو کە لە بەردەم سەختییەکاندا دەست لە ئەرکەکانیان هەڵبگرن. هەر کە خزمەتکارەکە بارزانیی لەوەی ڕوویدابوو ئاگادار کردەوە، سەرۆک هەستا. لە کاتێکدا خەنجەر و تفەنگەکەی لەپشت بوو، بەرەو لای پێشمەرگەکە چوو. بە ڕوخسارێکی تاڵ و گرژەوە دانیشت بۆ ئەوەی بیترسێنێت (لێرەدا سەرۆکی پارتی چووە قۆناغی سێیەمەوە) کە هەڕەشەیە.

لێرەدا سەرۆکی حیزب پەنای بۆ بەڵگەیەکی تر برد، کە بە بڕوای ئەو دەبوو هەمووان پابەند بن پێوەی، وتی: «پێویستە بە ڕوونی پێت بڵێم، یەکلاکردنەوەی ئەم شتانە بەدەستی من و تۆ نیە، بەڵکو قورئانی پیرۆزە و بە فەرمایشتی خوایە. دەستیکرد بە خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئان بەسەر پێشمەرگەکەدا، ئەویش تووشی سەرسوڕمان و نائومێدی ببوو لە هەڵوێستی سەرکردەی شۆڕش، کە پێشتر وەک باوکێک و شۆڕشگێڕێک دەیبینی؛ کە خەبات بۆ کەرامەت و مافەکانی گەلی کورد دەکات، کەچی ئێستا لە بەردەم ڕووداوێکی سەیردایە و بڕوا بەوە ناکات کە دەیبینێت و دەیبیستێت! سەرکردەی شۆڕش؛ بەردەوام بوو لە دووبارەکردنەوەی ئایەتەکان و جەختی لەسەر هەندێک وشە دەکردەوە و هەندێکی تری نەرم دەکردن. پاشان دەستیکرد بە شیکردنەوەی ئایەتەکان وەک کەسێکی شارەزا لە زانستی تەفسیر و گەیشتە ئەم ئەنجامە: ئەوەی پێتدەڵێم؛ لە لای خۆمەوە نییە، بەڵکو ئیرادەی خوای گەورەیە و کارەکە بەپێی ویستی ئەو دەبێت، نەک ویستی تۆ. کورتەی قسەیش ئەوە بوو کە دەبێت هاوسەرەکەی تەڵاق بدات تا جاشەکە مارەی بکات. پێشمەرگەکە وتی:

«دەتوانیت ئێستا بمکوژیت، بەڵام هاوسەرەکەم تەڵاق نادەم و ئەوەتا تفەنگەکە؛ بمکوژە. چونکە ئەوەی تۆ داوای دەکەیت لە کوشتن خراپترە»! سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان وتی: با پێت بڵێم، تۆ چاکە و خراپەی خۆت نازانیت. ڕاستییەکەی ئەوەیە هاوسەرەکەت بەپێی شەریعەتی ئیسلام تەڵاقدراوە. تەنانەت پێویستی بە تەڵاقدانی تۆیش نییە. وامدەزانی تێدەگەیت و ڕێگەی چاکە و ئەوەی لەگەڵ حەق و دادپەروەری و شەریعەت دەگونجێت، هەڵدەبژێریت. بەڵام تۆ مرۆڤێکی نەزانی و نابێت گوێ لە نەزانەکان بگرین.

پێشمەرگەکە بەردەوام بوو لە قسەکردن، بێئەوەی گوێ بە قسەکانی سەرۆکی پارتی و سەرکردەی بزووتنەوەی کورد بدات، لە کاتێکدا لە ناخیدا لە تووڕەییدا دەکوڵا. بە ڕوونی پێیگوت: دەتوانیت ئێستا بمکوژیت، بەڵام هاوسەرەکەم تەڵاق نادەم و وام دەزانی تۆ وەک باوک وایت بۆ من و هاوسەرەکەم، ئایا ڕازی دەبیت ئەمە بە کچی خۆت بکرێت؟ پێشمەرگەکە جەوهەری سەرکردەی بۆ دەرکەوتبوو، پاڵنەری ڕاستەقینەی هەڵوێستەکەی دەزانی و دڵنیابوو لەوەی ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە کەرامەت و نیشتمانپەروەری و شەریعەتی ئیسلامەوە نییە، پرسیاری ئەوەی لێنەکرد کە ئایا دەتوانیت فەرموودە و ئایەت دەربارەی سزای ئەو کەسە باس بکەیت، کە ژنێکی شووکردوو هەڵدەگرێت؟ پێیشی نەوت ئەی چی دەڵێیت دەربارەی کەرامەتی من وەک پێشمەرگەیەک، کە ساڵانێکە بەرگری لە نیشتمان و کەرامەتم دەکەم دژی ئەم جاشانە؟ لە کاتێکدا ڕۆژانە لە بەرەکاندا ڕووبەڕووی ئەم دوژمنانە دەبینەوە کە لەپێش سوپای عێراقەوە دێن، کەچی تۆ داوای تەڵاقدانی هاوسەرەکەم دەکەیت بۆ ئەم جاشە؟! پرسیاری لێنەکرد: «لە ڕاستیدا تۆ لەگەڵ کێدایت؟»، بەڵام گومانی تێدا نییە کە متمانەی پێشمەرگەکە و ئەوانی تریش کە بە ڕووداوەکەیان زانی، بە سەرکردەی شۆڕش لەق بوو و لە ناخەوە بریندار کردن. هەمووان بە چرپە؛ هەواڵی ئەم ئابڕووچوونەیان دەگواستەوە، هیچکام لە کوڕەکانی سەرکردەی شۆڕش دەستوەردانیان نەکرد بۆ سەلماندنی شایستەیی شۆڕشگێڕی یان نیشتمانی لە دۆسیەیەکی ئاوا ڕووندا. ئەوان دەیانبینی، بەڵام وایان پیشان دەدا کە نابینن. دەیانبیست، بەڵام وایان نیشان دەدا کە نابیستن. دەیانزان، بەڵام وایان پیشان دەدا کە نازانن.

بەڵای گەندەڵی لە بنەڕەتدا بوونی هەبوو، لە هەلی خۆی دەگەڕا، تا بە خێراییەکی سەیر بەرەو ئەوانەی تا ئەو دەمە بێتاوان بوون، گەشە بکات و وەک شێرپەنجەیەکی خێرا بڵاوبێتەوە بەهەموو جەستەی شۆڕشدا، لە کاتێکدا کرێگرتەکانی ڕاگەیاندنی زارەکی لە ناو دەستوپێوەندەکاندا، دەنگیان بە پیاهەڵدان و گەورەکردنی سەرکردەی تاقانە و ڕزگارکەر بەرزدەکردەوە بەوەی کە ئەو، باوکی ڕۆحیی گەلی کوردە و ئەگەر ئەو نەبووایە، بوونمان نەدەبوو. هەموومان فیداکاری ئەو بین. سەرکردەی شۆڕش، هەر شانازیی دەکرد و هیچ پەشیمان نەبوو لەو کردەوەیە، ئاخر لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی کە تەواو خراپ بووبێت، ئەوانی تر ملکەچ کرابێتن و کەرامەتیان شکێندرابێت، دەبێت هەر ئەو پاڵەوانی بێ ڕکابەر بمێنێت، ئەگەر هەرچیەکیش بکات. سەبارەت بە پێشمەرگەکە، هیچ ڕێگەیەک نەمابوو لە بەردەمیدا جگە لە مانەوە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، وێرای سووکایەتیپێکردن و تانەدان لە شەرەفی و مردنی متمانەی بە سەرۆکی پارتی، چونکە کەشتیی شۆڕشی کورد زۆر لە کەناراوەکان دوورکەوتبووەوە و دابەزین لێی، بە واتای چوونە ناو هەمان ئەو سەنگەرە دەهات کە جاشەکە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بۆی هەڵاتبوو، بەدبەختە هیچ بژاردەیەکی تری نەبوو جگە لەوەی بە ناچاری لەگەڵ بزووتنەوەکەدا بمێنێتەوە. فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، دۆخی گەمارۆدانی گەلی کوردی بە خراپترین شێوە قۆستبووەوە بۆ لێدانی هەر کەسێک کە بە دڵی نەبووایە، ئەو دەیزانی هیچ ڕێگەیەک لە بەردەم کەسدا نییە، جگە لە پەنابردن بۆ بێدەنگی و قبووڵکردنی سووکایەتی، یان ئەوەی ڕیزەکانی شۆڕش چۆڵ بکەن کە یەکسان دەبوو بە جاشێتی لە دیدی ئەوانەوە، بەمشێوەیە دەبینین کە ستەمەکانی بەغدا هۆکارێک بوون بۆ ملکەچکردنی ئەوانی تر بۆ دەسەڵاتی مەلا موستەفا، یان هەڵبژاردنی بژاردەکەی تر کە ناوزەد دەکرا بە بەرەی خیانەت، سەرەڕای هەبوونی دەسەڵاتێکی دواکەوتووی ستەمکار، بەڵام زۆرینە مانەوەیان لە ناویاندا هەڵبژارد.

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان؛ پابەند نەبوو بە بەها و بنەما نیشتمانییەکانەوە، سۆزە کەسییەکانی بەشێوەیەکی نائاسایی و لەڕێگای هێزەوە دەسەپاند، مەکتەبێکی سیاسیی ئازا و پابەند بە بەها شۆڕشگێڕییەکان نەبوو، کە ڕێگری لە سەرۆکی حیزب بکات لەو جۆرە دەرهاویشتانەی دژی ڕووحی شۆڕشگێڕین، هۆشیاریی سیاسی لای گەلی کورد لاواز بوو، هاوکات بێباک بوون بەرامبەر لادانەکان، هەرچەندە مەترسیدار بوونایە.

بزووتنەوەی کورد، لە ڕاستیدا زۆر دوور بوو لەوەی ببێتە شۆڕشێکی سەردەمیانە و هۆکارەکانی سەرکەوتنی تێدا نەبوو لە هۆشیاریی سیاسی و پابەندیی ڕەوشتی لەلایەن نوخبەی سەرکردایەتییەوە، هەروەها ڕێکخستنی ناوخۆیی سەردەمیانەی نەبوو، تاوەکو ڕێگر بن لە زاڵبوونی خەسڵەتی ئاغاواتی، کە کۆنترۆڵی بەڕێوەبردنی بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز بکەن، کە داوای مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی دەکرد. ناواخن شتێک بوو؛ ڕووکەش شتێکی تر. پڕوپاگەندەی پارتایەتی، ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە پڕۆسەی سڕکردنی مێشکی کورد و چەواشەکردنی، ئامێری پڕوپاگەندەی پارتی بەردەوام نازناوی گەورەی دەبەخشییەوە و سەرکردەی بە گەورە نیشان دەدا و شەو و ڕۆژ، پیایدا هەڵدەدا بەبێ گوێدانە ئەنجامەکان، کە لە دور مەودادا ئەم ڕەوشتە بەشێوەیەکی بەهێزتر لە سایەی ڕژێمی سەددام حوسێندا خۆی دووبارە کردەوە و حیزبی بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست و تەواوی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی و سەرچاوە نەوتییەکانی خستنەگەڕ، بۆ جوانکردنی ستەمکاری و هەژموونی خۆیان و لە کۆتاییشدا بووە هۆی ئەوەی ملیۆنان مرۆڤ بەرەو سەرشۆڕی و وێرانی و مردن ملبنێن.

مەلا موستەفا لە ناخ و ڕاستیی سۆزەکانیدا، لە جاشەکانی خاڵوانی مەسعوود نزیکتر بوو وەک لە نزیکیی لە بارزانییەکان و بەهاکانیان، یان لە کوردە نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکان. بەردەوام لەم دوو گرووپەی دوایی، دووردەکەوتەوە و بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر لە جاشەکان نزیک دەبووەوە، بە جۆرێک دژایەتیی هەر کەسێکی دەکرد کە بەڵێنەکانی و بەهاکانی شۆڕش و کەسایەتییە کۆنەکەی وەبیر بهێنایەتەوە. ئەو، شارەزایی پەیدا کردبوو لە شاردنەوەی مەبەستە ڕاستەقینەکانی خۆی، لە گەل و خەڵك و پێچانەوەیان لەناو دروشمەکانی مافی نەتەوەیی و ئۆتۆنۆمی و بەهاکانی تەسەوف و خۆبەدوورگرتن لە پارە و دەسەڵاتی سەرۆکایەتی»

ڕوونکردنەوەی کاریگەری خزمایەتی
لەسەر کۆی جۆڵانەوەی کوردی و بارزان



لە گوتاری فەرمیدا (بزووتنەوەی نەتەوەیی و پێشکەوتنخواز و نوێگەر و ئازادیخواز) بوو، بەڵام لەڕووی کردەییەوە ئەو بەهایانە بە تەواوی پێشێل دەکران.

لەو بارودۆخەدا، هەردوو ناوەندی دەسەڵات و دارایی لە دەستی یەک پیاودا کۆکرانەوە و هەردووکیان بۆ بەرژەوەندیی بنەماڵەیی بەکارهێنران، هیچ ڕێگایەکیشیان نەهێشت بۆ ڕێگریکردن و ڕزگاربوون لە تووندوتیژی و گەندەڵی، کە نەبنە دوو شێوازی بەکارهێنان لە سەرەڕۆیی بڕیار و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، هاوەم جەختکردنەوە

لەسەر زیادەڕەوی لە گوتاری فەرمیدا بەناوی کەرامەت و شەرەف و دادپەروەری و ڕزگاری و دابڕانێک و دووڕوویەکی تەواو لە نێوان وشەکان و ڕاستیدا لە ژیانی کردەییدا. گوتاری فەرمی؛ تەنها دیکۆرێکی دەرەکییە و پارێزگاری لەو ڕووکەشە دەکات، بۆ داپۆشینی ڕاستیی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات، لەباتی پەرەدان بە جۆرە سیستمێکی ڕێکخستن، چاودێری، لێپرسینەوە و ناڕەزایەتی دەربڕین. دواتر وردە وردە هەژموونی نەبینراوی جاشەکان (مرتزقة) چالاک بوون و بەرەو لووتکەی هەرەمی سەرکردایەتی هەڵکشان. ستانداردی دروست بۆ بڕیاردان لەسەر شۆڕشی کورد و هەر شۆڕشێکی تر، بریتییە لەو دەستکەوتانەی لە بواری چەسپاندنی دادپەروەری، جێگیرکردنی ماف و پابەندبوون بەو بنەمایانەی کە شۆڕشەکەی لەپێناودا بەرپابووە و بەدەستی هێناوە، کاتێکیش هێز و دادپەروەری دەبنە دوو شتی جیاواز و هێز گەورە دەکرێت بەسەر دادپەروەریدا، سەرەنجامەکەی دەبێتە ستەم و دیکتاتۆری».

ئەحمەد (شێخی بارزان)

ڕەنگە وا باش بێت؛ لێرەدا کورتەیەک دەربارەی کەسایەتییەکانی بارزان و پاشخانەکانیان بخەینەڕوو، بۆ ئاسانکاری لە تێگەیشتن لە ڕووداوە مێژووییەکانی دواتر.

شێخی بارزان؛[٢٠٣] ئەو پیاوەی کە دەوترێت کەمترین قسەی لە میدیا و کتێبەکاندا لەسەرکراوە، وێڕای ئەوەی لە پشت زۆرێک لەو ڕووداوە مێژووییانەوە بوو کە بارزانیان گرتەوە. ئاراستەیەك هەیە؛ بۆ ئەوەی خاڵە نەرێنییەکان لەسەر شێخی بارزان تۆمار بکرێن و هەموو شتێکی ئەرێنییش، بەناوی مەلا موستەفاوە بێت و ئەوانی تر بە کەم بایەخ سەیر بکرێن، تەنانەت لەو قۆناغەی کە تێیدا کوردستان پاشەکشەی دەسەڵاتی بەعسی بەخۆوە بینی دوای ساڵی ١٩٩١ و چالاکبوونی زانکۆ کوردییەکان، لە کەشێکی سنووردارى ئازادیدا ویستیان لەسەر شێخی بارزان وەک بابەتێک بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانکۆی سەلاحەدین بنووسن، بەڵام هیچ وەڵامێکیان دەستنەکەوت، ئەمەیش ئەوەیە کە خوێندکارێکی زانکۆی سەلاحەدین بۆی گێڕاومەتەوە.



شێخ بارزان (ئەحمەد) ساڵی ١٩٣٢ لە ئاوارەیی، تورکیا

[٢٠٣] ،فەرید ئەسەسەرد لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (بنەماکانی بیروباوەڕی بارزان) توێژینەوەیەکی بەراوردکاری بۆ بیروباوەڕی بارزانییەکان لەگەڵ تەریقەتە سۆفیگەرییەکانی تر وەک ئیسماعیلی و قەرامیتە و ئەوانی تردا ئەنجامداوە. ئەمە یەکەم کتێبە لەم بوارەدا. لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی - سلێمانی. کتێبەکە لە ساڵی ٢٠٠٨ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

من ناڵێم دەتوانم ئەم کەلێنە گەورەیە؛ لەو مێژووە ئاڵۆزە لەم کتێبەدا پڕ بکەمەوە، بەتایبەت لایەنە ڕۆحییەکەی، بەڵام هەوڵ دەدەم بە کورتی باس لە ڕۆڵی شێخ ئەحمەد بکەم لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی بارزانیدا، کە لە قۆناغە دیاریکراوەکاندا بە ئاستێکی بەرزی تەبایی، یەکگرتوویی، پابەندبوون بە بەهاکانی دادپەروەری، دۆزینەوەی سیستمێکی یەکسانی و چەسپاندنی بیروباوەڕی بەرگری دژی داگیرکاریی بیانی ناسرابوو.

زۆر زەحمەتە ڕۆژ یان مانگ و تەنانەت ساڵی لەدایکبوونی دیاری بکرێت. ئەوەی لەو بارەیەوە دەوترێت تەنیا خەملاندنە، ئەمە بۆ هەموو براکانی تریشی لە بنەماڵەی بارزان هەر ڕاستە، زۆربەی گومانەکان بۆ ئەوە دەچن کە لە ساڵی ١٨٩٤ لەدایکبووبێت و کوڕی دووەمە لە دوای شێخ عەبدولسەلام - شێخی چوارەمی بارزان، باوکی ڕووبەڕووی دوژمنایەتییەکی توند بووەوە لەلایەن هاوپەیمانی زۆربەی ئەو ئاغایانەی دەوروبەری بارزان، بەڵام لە کۆتاییدا لە ئەنجامی زنجیرەیەک شەڕی سەرکەوتوو، کە شێخایەتیی بارزان ئەنجامیدان ئاغاکان تێکشکێنران. خوێنەر دەتوانێت وردەکارییەکانی سەردەمی شێخ محەمەد لە کتێبەکەمدا بە ناونیشانی بارزان و بزووتنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد ١٨٢٦ - ١٩١٤ بخوێنێتەوە، وا دیارە شێخ محەمەد لە کاری ڕێکخستندا بەتوانا بووبێت، چونکە بارزانییەکان لە سەردەمی ئەودا گەیشتنە ئاستێکی بەرزی تەبایی و یەکگرتوویی ڕۆحی و یەکسانی، ئەمەیش یارمەتیدەریان بوو بۆ ئەوەی لەبەرامبەر هێزە نەیارەکان کە لە ڕووی ژمارە و چەکەوە لەمان زیاتر بوون، خۆیان بگرن. ئەو پشتی بە کۆمەڵێك سەرکردە بەستبوو؛ کە خاوەن ئیمان و ئارامگری بوون لەسەر بەرگەگرتنی مەینەتییەکان، لە سەردەمی ئەودا ناوبانگی بارزان بڵاوبووەوە بەهۆی وەستانەوەی دژی ستەمی ئاغاکان، دوای کۆچی دوایی شێخ محمەدی باوکیان، شێخ عەبدولسەلام برا گەورەی شێخ ئەحمەد؛ بە یەکەم پەروەردەکاری دادەنرێت، بەڵام لەسێدارەدانی شیخ عەبدولسەلام لەلایەن تورکەکانەوە لە ساڵی ١٩١٤ وایکرد شێخ ئەحمەد پەیوەست بێت بەو شوێنکەوتووانەی تەریقەتەوە کە بە دڵسۆزی و پاکی ناسرابوون، لە هەموویان بەناوبانگتر مەلای مەلا مەحموود بوو. دواجار وەک لە کتێبی

پێشوومانداا ڕوونمان کردۆتەوە، مەلای مەلا مەحموود متمانە و ڕێزی شێخی چوارەمی بارزان (عەبدولسەلام)ی بەدەستهێنا، ئەویش بەهۆی ڕۆڵە ڕۆحییە دیارەکەی و ئازایەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران بۆ ماوەی دوو دەیە.

ژیانی شێخی پێنجەمی بارزان؛ بە سێ قۆناغی داگیرکاری و بەرگریی بارزان لە دژیان جیادەکرێتەوە، ئەوانیش بەدوای یەکدا: (تورکی عوسمانی) - (بەریتانی) - (عەرەبی). شێخ ئەحمەد بەهۆی کەمیی تەمەنی، ڕەنگە باوکی بەشێوەیەکی تەمومژاوی لە یاد بێت کە بەپێی گومانم لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٢دا کۆچی دواییکردووە، بەڵام سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی لەبیر بوو کە بووە شێخی چوارەمی بارزان، ئەو شایەتحاڵی هاوپەیمانیی ئاغاکان لەگەڵ سوپای عوسمانی بوو لە هەڵگیرسانی شەڕ دژی بارزان لە سێ بەرەوە. (ئاکرێ- دینارتە - پێرس)، (ئامێدی - بالندا - پاشان بارزان) و (ڕواندز- مێرگەسۆر- شێروانی مەزن)، بەمەیش هەموو ناوچەکانی بارزان داگیرکران و گەمارۆدران و هەموو ڕێگاکانی دەربازبوون لە هێزەکانیان گیران، خوێنەر وردەکارییەکانی سەردەمی شێخ عەبدولسەلام لە هەمان ئەو کتێبەدا دەدۆزێتەوە کە ئاماژەمان پێدا، کە پەیوەندیی بە بارزانەوە هەیە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تا هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی. ڕەنگە ئەوەی لێرەدا زیاتر سوودمان پێ بگەیەنێت بۆ ناسینی ڕۆڵی شێخ ئەحمەد لە ژیانی بارزانییەکاندا، باسکردنی کارەکانی بێت، چونکە کارەکان ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی مرۆڤن.

یەکەم شت کە سەرنج ڕادەکێشێت، خۆبەدوورگرتنی شیخ بوو لە خاوەندارێتیی (پارە و مووڵک). ئەوەی هەیبوو، لەوە تێنەدەپەڕی کە کەسانی تر لە بارزان هەیانبوو، بەوەیش قایل بوو، ئەو جەختی لە سەر پەرەپێدانی ڕووحی (ڕۆحی) دەکردەوە، تا ئەو ئاستەی تەواو ئاوێتەی ڕێنوێنیەکانی تەریقەت ببوو و لەبەر تیشکی ئەو ڕێنماییانە، هەڵسوکەوتی دەکرد. ئەو لە ڕووی تەندروستییەوە؛ بایەخی بە خەڵکەکەی دەدا. چەند جار لە بۆنەکاندا لێم بیستووە و هانی بارزانیەکانی دەوری خۆی دەدا، جگەرە نەکێشن و کەمترین بڕی شەکر بخۆن، هەروەها ڕێنمایی دەدان بۆ بەکارهێنانی دەرمانی سروشتی کە لە ڕووەکە کێوییەکانی چیاکانی بارزان دەڕوان بۆ چارەسەری ڕۆماتیزم، ئازاری گەدە و ڕزگاربوون

لە ئەنفلۆنزا و پاوەر بۆ پاراستنی تەندروستیی ددان و بەهێزکردنی پووک. زۆر سوور بوو لەسەر پاراستنی ئاژەڵ و باڵندە و ماسی و دارودرەخت لە چیاکانی بارزان.

دەکرێت قۆناغەکانی ژیانی شێخ ئەحمەد بۆ چەند قۆناغێك دابەش بکرێن:

ساڵانی منداڵی، خۆشاردنەوە، ئەو کەسانەی کاریگەرییان لەسەر پەرەپێدانی ڕووحیی ئەو هەبووە و دەستپێکردنی زنجیرەیەک لە هەڵمەتی داگیرکاریی جۆراوجۆر بۆ سەر بارزان ١٨٩٤ - ١٩٢١.

هەرسکردنی بنەماکانی تەریقەت و ڕێکخستنی کۆمەڵگە ١٩٢١ — ١٩٢٧.

گۆشەگیری ١٩٢٧ - ١٩٢٩.

بەرخۆدان دژی هێرشی ئینگلیز - عێراقی بۆ داگیرکردنی بارزان ١٩٣٠ - ١٩٣٢.

تاراوگەی تورکیا و عێراق ١٩٣٢ - ١٩٤٤.

بەرخۆدان دژی هێرشەکانی عێراق و ئێران ١٩٤٥ - ١٩٤٧.

دووبارە تاراوگە عێراق ١٩٤٧ - ١٩٥٨.

گەڕانەوە و بەرگری و بێلایەنی ١٩٥٨ - ١٩٦٧.

ڕێکخستنی کۆمەڵگەی یەکسانی ١٩٦٧- ١٩٦٩

بەبێ تێگەیشتن لە بیروباوەڕی نەقشبەندی، ئەستەمە لە کەسایەتیی شیخ ئەحمەد تێبگەین، چونکە ئەو پێش هەموو شتێک پیاوێکە پڕ لە عەقیدە و ئیمان، دەبینین چۆن هەوڵیداوە کۆمەڵگەیەکی تەندروست لە دەوروبەرێکی هەژاردا، پەروەردە بکات کە دوژمنان لە هەموو لایەکەوە دەوریان دابوو. هەمیشە خاکی بارزان لەژێر هەڕەشەی هێرشی هێزە حکومییەکاندا بوو، هەروەها دەبینین چۆن ئەو ڕێنماییانەی لە تەریقەتەوە هەڵیهێنجابوون، تەباییەکی لە ژیانی خەڵکیدا لەگەڵ ژینگەی سروشتی دروستکردبوو، لە کەشوهەوایەکی سەخت و جوگرافیایەکی شاخاویی ئەستەم و دەگمەنیی بەرهەمی ئابووری، کە تێیدا شێوازی بەرهەمهێنان تێکەڵەیەک بوو لە (کشتوکاڵ و ئاژەڵداری)، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان سەرەتایی بوون بۆ دابینکردنی بەرهەمەکانی وەک گەنم، جۆ، نیسک و برنج - لە ناوچە دەستنیشانکراوە بچووکەکاندا - هەروەها جۆرەکانی ڕەز و میوە کە تەنها لەو گوندانەدا هەبوون کە ئاویان لێ بوو، لەگەڵ بەخێوکردنی بزن و مەڕ و

مانگا و هەنگەوانی لە چەند گوندێکی کەم و سنووردارداا. پێش هەر شتێک، ئەو وای دەبینی کە ڕێکخستنی کۆمەڵگە دابەش دەبێت بۆ سێ پێکهاتە:

١. بچووکترین یەکە مرۆڤە، کە بنەمایە و هەموو شتێک لەوێوە دەستپێدەکات.

٢ . پاشان خێزان، کە تاك ئەندامێکە تێیدا.

٣. پاشان گوند، دوای ئەوە هۆز و بەمشێوەیە تا دەگاتە ئاستی نەتەوە.

تەواوی بایەخی ئەو؛ لەسەر تاک بوو. گەڕان بەدوای خودناسی و تێگەیشتن لێی لە ڕێگەی دانایانەوە، بەڵام پشتگوێخستنی خود و گەڕان بەدوای شتی ترەوە ڕێگەی گومڕاییە، ئامۆژگاریی موریدانی دەکرد کە میانڕەو و بێفیز و دڵسۆز بن لە بیرکردنەوە و گوتار و کردارداا، وا پێویستە مرۆڤ ڕووخۆش و خێرخواز بێت و سووکایەتی بەوانە نەکات کە لە خۆی بە نزمتریان دەزانێت، بەمەیش ڕێز و خۆشەویستی لە دەوروبەریدا دەچێنرێت. نابێت مرۆڤ تووڕەبێت، بەڵکو دەبێت لەناو گەردەلوولدا بە هێمنی بیر بکاتەوە، هەر کاتیك هەمووان تەبا بوون. مێرد لەگەڵ ژنەکەی و منداڵەکان لەگەڵ دایک و باوکیان، ئیدی بەختەوەری باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا دەکێشێت و خێر و دادپەروەری بڵاو دەبێتەوە، پێویستە شێخ و یاریدەدەرەکانی ببنە نموونەیەک کە لە گوتار و کردارداا چاویان لێبکرێت. بەپێی فەرموودەی شەریف (الناس علی دین ملوکهم - خەڵک لەسەر ئاینی پاشاکانیانن) و پێویستە ئەرکەکانیان بە شکۆ و بەزەییەوە ئەنجام بدەن و کەسانی چاک بخەنە سەر ئەرکی بەرپرسیارێتی و جەخت بخەنە سەر پەروەردەکردنی کەسە لادەرەکان تا ڕاست دەبنەوە. ئەگەر سەروەت و سامان هەبێت، نابێت کەس لێی بێبەش بێت چونکە کۆکردنەوەی سامان و ژیانی خۆشی و سەفا لای هەندێک کەس، دەبێتە هۆی نوقمبوون لە گەندەڵی و تێکدانی یەکڕیزیی گەل و دەرکەوتنی جیاوازیی کۆمەڵایەتی و مەیلی دوژمنایەتی و ئێرەییبردن، پێویستە جیاوازییە ئابوورییەکان نەمێنن و هەمووان: بەساڵاچووان، پیاوان، بێوەژنەکان، نابیناکان، نەخۆشەکان و هەتیوەکان بایەخیان پێبدرێ و کەرامەتیان بپارێزرێت. لەلای ئەوان، سەردانیی نەخۆش و دڵنەواییکردنیان کارێکی زۆر گرنگ بوو. خەڵکی ئەم ڕەوشتەیان ناونابوو حوکمی بارزان و هەموو خەڵک حەزیان دەکرد لەو شوێنەدا ژیان بەسەربەرن.

لە پڕۆسەی دەستنیشانکردنی کەسەکاندا، زۆر ورد بوو. ئەو، جێگرێکی هەڵنەدەبژارد مەگەر دوای دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجە بنەڕەتییەکان؛ سەبارەت بە ژیانی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لە چەسپاوی و جێگیریی ڕۆحیی کەسەکە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە نەک فێڵ و ڕواڵەتی. هەموو بایەخێکی دەدا بە پەروەردەی ئەخلاقی، هەر لەبەر ئەمەیش بوو (واتە لەبەر وردبینییەکەی) هیچ کام لە براکانی یان کوڕەکانی بۆ وەرگرتنی پلەی ڕێبەر (مورشید) دەستنیشان نەکرد، چونکە بەپێی پێوەرە ڕۆحییەکان شیاو نەبوون بۆ ئەو ئەرکە، ئەو لە ناو ڕۆڵە لێهاتووەکانی گەلدا هەڵیبژارد. لە کۆتایی شەستەکاندا، دەستی بە دواپین ڕابوونی ڕۆحی کرد و نێردراوەکانی بۆ گوندەکان نارد، هیچیان لە بنەماڵەی بارزانی نەبوون، هەموویان ڕۆڵەی گەل بوون بەبێ هیچ ئیمتیازێکی کۆمەڵایەتی، تەنها لەبەرئەوەی لێهاتوو بوون بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە بە دڵسۆزی.

یادەوەریی تیرۆرکردنی ڕێبەری تەریقەت (مەلای مەلا مەحموود) لە دڵی دەرنەدەچوو، بۆیە بۆ ماوەی ساڵانێک بە نهێنی و بە هێمنی دوای گەڕانەوەی لە ساڵی ١٩٥٨ لە مەنفای عێراق کەوتە چالاکی، ئەمەیش بەمەبەستی پاراستنی ژیانی نەوەی پێشەنگی موریدان و ڕێبەرە نوێیەکان بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت؛ لە دووبارەبوونەوەی ئەو تیرۆرەی کە لە ساڵی ١٩٢٧ لە بارزان ڕوویدا، ئەوەی بەرچاو دەکەوت ژمارەیەک کەس هەبوون کە لە جەندین زۆنی جیاوازدا؛ لە گوندە بارزانییەکاندا بڵاوبووبوونەوە، ئەوەندە تەبا و پشتیوانی یەکتر بوون، کە خەڵکی ئیرەییان بە شێوازی ژیانە کۆمەڵایەتییەکەیان دەبرد، کە تەبایی و پێکەوەگونجان باڵی بەسەردا کێشابوون.

پێویستە ئاماژە بە سیستمی کارکردن لەناو کۆمەڵگەی نموونەیی بکرێت، کە تاکەکانی لە ڕووی ڕۆحییەوە پێکەوە گرێدراون، دوو نموونە بۆ مەبەستی بەراوردکاری هەڵدەبژێرین: نموونەی (مەلا موستەفا؛ کە بارەگاکانی ڕەنگدانەوەی شێوازی حکومڕانی ئەو بوون وەک ئەوەی لە گوندی ڕێزان هەبوو) هەروەها (ژیان لە گوندێ شرئــ (shiri)، نموونەی شێخی بارزان) لەسەر گردێک کە دەڕوانێتە سەر ڕووباری ڕومەزن (Rumezin). ئەم دووانە بە دوو سیستمی تەواو جیاواز بەڕێوەدەبران. بۆ

نموونه (ئەوەی گوندی ڕێزان) کوڕەکانی مەلا موستەفای تێدا نیشتەجێبوون، کە سەرکردەی بزووتنەوەی کورد و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە وا بڕیار بوو بۆ مافەکانی گەلی کورد خەبات بکات و سوور بێت لەسەر دابینکردنی دادپەروەری بۆ کۆمەڵگەکەی، گرووپەکە لە نزیکەی ٦٠ خێزان پێکهاتبوو واتە نزیکەی ٤٣٠ کەس دەبوون، ڕێگەی ئۆتۆمبێلی پێدا تێپەڕ دەبوو، گرنگییەکی سیاسیی هەبوو بەهۆی بوونی کوڕەکانی مەلا موستەفا لەوێ، میوانەکان لە شوێنی جیاجیاوە دەهاتنە ئەوێ و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خودی مەلا موستەفادا هەبوو، ئەوەی بەسەر (ڕێزان)دا جێبەجێ دەبێت؛ بەسەر بارەگای مەلا موستەفایشدا جێبەجێ دەبێت. (ڕێزان)، نوێنەرایەتیی ئەو ئیدارەیە دەکات کە مەلا موستەفا لە کوردستان دروستیکردبوو. لە بەرامبەر گوندی (ڕێزان) و لە بەری ڕۆژئاوای ئەو ڕووبارەی کە هەردوو گوندەکە لە یەک جیا دەکاتەوە، گوندی (شرئــ) هەڵکەوتووە.

نموونەی دووەم؛ کە خۆی لە باڵادەستیی ڕێنوێنیەکانی تەریقەتی نەقشبەندیدا دەبینێتەوە، ئەو نموونەیەیە کە شێخی بارزان سیستمەکەی داڕشتووە، ژمارەی خێزانەکانی ناو گوندەکە نزیکەی حەفتا خێزان بوون، واتا بە نزیکەی ٤٩٠ کەس، لە نێوان ئەو خێزانانەدا ژمارەیەک بێوەژن و هەتیو هەبوون، گوندەکە دەکەوێتە باشووری خاڵی بەیەکگەیشتنی هەردوو ڕووباری ڕوکوچیك و ڕۆێشین (Rukucik) و (Rushin)، بە دووری نزیکەی ٢٥٠٠ مەتر و لەسەر بەرزاییەکی تەخت هەڵکەوتووە، کە دەشتێکی پان و نزم لە ڕووبارەکەی جیا دەکاتەوە. ئەم گونده نموونەییە لە ڕووی دیمۆگرافییەوە، تێکەڵەیەک بوو لەو کەسانەی سەر بە هەموو هۆزەکانی بارزان و گونده جیاوازەکان بوون، وەک بۆتەیەک وابوو کە خەڵکی تێدا دەهاتنە یەک و لە ڕووی فکرییەوە یەک دەگرن. لەوێدا (شێروانی، مزووری، دۆڵەمەری و بەڕۆژی)یت دەبینی، پەیوەندیی و پابەندبوون بۆ تەریقەت و تێگەیشتنی قوواڵ بۆ ڕێنوێنییەکانی شێخی بارزان، ئەوانەی هاندابوو کە وەک یەک خێزان پێکەوە بژین و گونده ڕەسەنەکانی خۆیان و هۆز و تەنانەت خزمەکانیشیان جێبهێڵن. چونکە خزمایەتیی ڕاستەقینە لای ئەوان، خزمایەتیی باوەڕ بوو. بێگومان باشیی یەکەم، بۆ ڕێنوێنیەکانی شێخی تەریقەت دەگەڕێتەوە، کە

هێزێکی بە بارزانییەکان بەخشی تا بتوانن دوای ئەو هەموو کەوتن و شکستە مێژوویییانەی کە لە ماوەی سەدەیەکدا بەسەریاندا هاتبوو، دووبارە هەستنەوە.

خەسڵەتی شێخی بارزان بۆ دوورکەوتنەوە لە ماددە و پارە، کێشەی زۆری بۆ دروستکرد تەنانەت لەگەڵ کۆڕەکانی خۆیشیدا، شێخ دوو جێگری ڕۆحی هەبوون (مەلای مەلا مەحموود و خورشید)، کە هەردووکیان کوژران. یەکەمیان لە بارزان لەسەر دەستی مەلا موستەفا لەگەڵ کەسێکی تر بەناوی محەمەد سدیق لە ساڵی ١٩٢٧، دووەمیان (خورشید لەسەر دەستی سەددام حوسێن لە ساڵی ١٩٨٣). شێخی بارزان بۆ کاروباری ڕۆحی پشتی بە کۆڕەکانی نەدەبەست، چونکە لە ڕووحی تەریقەت دوورببوون.

خشتەی خوارەوە، جیاوازییەکانی نێوان پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتیی دوو گرووپ (دوو نموونەی بەڕێوەبردن) ڕوون دەکاتەوە، کە هەردووکیان بانگەشەی یەک پابەندبیان دەکرد، بەڵام لە جێبەجێکردندا زۆر جیاواز بوون: (نموونەی شرئــ) و (نموونەی مەلا موستەفا):

نموونەی شێخی بارزان (کۆمەڵی شرئــ)	نموونەی مەلا موستەفا و کۆڕەکانی و بارەگاکانی لە هەر شوێنێک دەسەڵاتی هەبووایە
هەوڵی دا کۆڕەکانی نەکاتە جێگرەوەی خۆی و بارزانییەکانی وریا دەکردنەوە لە شوێنکەوتنی کوێرانەی هەر کەسێک لە بنەماڵەکەی، کە بە درۆ بانگەشەی نوێنەرایەتیی بەها ڕۆحییەکانی بارزان دەکات. هیچ ئیمتیازێکی ئابووریی نەبوو، کاتێک لە ساڵی ١٩٦٩ کۆچی دواییکرد، هیچ سامانێکی بەجێنەهێشت.	هەموو توانای خۆی بەکارهێنا؛ بۆ ئەوەی کۆڕەکەی بکاتە جێگرەوەی خۆی، تەنها لەبەر سۆزی باوکایەتی، بێ ئەوەی ڕاوێژ بە کەس بکات. خاوەنی ئیمتیازاتی ئابووریی گەورە و قۆرخکاری بوو، کاتێک لە ١٩٧٩ کۆچی دواییکرد، دەیان ملیۆن دۆلاری هەبوو.

نموونەی شێخی بارزان (کۆمەڵی شرئـــ)	نموونەی مەلا موستەفا و کوڕەکانی و بارەگاکانی لە هەر شوێنێک دەسەڵاتی هەبووایە
نەبوونی جیاوازیی چینایەتی و چەوسانەوەی ئابووری. کارکردنی بە کۆمەڵ بۆ لێدانی جۆگە و ئاودێری و دابەشکردنی زەوی بە یەکسانی.	چەوسانەوەی ئابووری و کاری بێگار (سوخرە)، هەبوونی چینایەتییەکی ڕوون (دەوڵەمەند و هەژار، خاوەن موڵک و گەدا).
تەبایی و گونجانی کۆمەڵایەتی، هیچ بواریک بۆ کینە و حەسوودی نەبوو.	لێدانی جوتیاران و زوڵم و ترساندنی خەڵک. حەوت پیاو و ژن لە ڕۆڵەکانی کوردستان لەسەر دەستی کوڕانی سەرۆکی حیزب کوژران و تاوانبارانیش بەئازادی دەسوڕانەوە.
وەک ئەرکێکی نیشتمانی، ڕەتیانکردەوە مووچە لە مەلا موستەفا وەربگرن.	پێشمەرگە، مووچە لە ڕێبەری بزووتنەوەکە وەردەگرێت و وەک بەخشیشی سەرۆک سەیر دەکرێت.
ڕێبەر لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی تەریقەت بڕیار دەدات و ڕاوێژ بە ئەنجومەنی دانایان دەکات. گرنگییەکی زۆر بە یەکێتی و گونجانی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی بەرز دەدات، ڕووحی فەزیلەت و ئەخلاقی بەرز دەچێنێت.	بڕیارەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی خێزانی دەدرێن. حکومڕانی لە ڕێگەی تێکدانی کۆمەڵگە و سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە. گرنگییەکی زۆر بە سیخوڕیکردن دەدرێت و کوڕی سەرۆک، بەرپرسی ئەو دەزگایەیە.

نموونەی شێخی بارزان (کۆمەڵی شرۆڤە)	نموونەی مەلا موستەفا و کوڕەکانی و بارەگاکانی لە هەر شوێنێک دەسەڵاتی هەبووایە
هاوسەرگیری لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی دوولایەنە و لە ناوخۆی کۆمەڵەکەدا بوو.	لەڕووی تیۆریەوە، هاوسەرگیری بەڕەزامەندییە، بەڵام لە واقیعدا حاڵەتی پێچەوانە ڕوویداوە.
دابینکردنی بژێویی بێوەژن و هەتیوەکان و چارەسەری پزیشکی بە شێوەی بەکۆمەڵ (دەستەبەری کۆمەڵایەتی).	پەیوەندییەکی تاکەکەسییە؛ بێوەژن و هەتیوەکان چاوەڕێی بەزەیی حاکمی ڕەها دەکەن.
پابەندبوون بە جلی ڕەسەنی کوردەواری و ڕەتکردنەوەی جلی دیکە.	قبوڵکردنی جلی مۆدێرن و پابەندنەبوون بە جلی تەقلیدی.
بازاڕ لە گوندەکەدا نییە و هەوڵدەدەن خۆیان پێدوایستیەکانیان بەرهەمبهێنن.	بازاڕی گوندەکە؛ بێ سەروبەرە و نرخەکان بە بەراورد بە هێزی کڕین گرانن.
لە شاڵاوی ئەنفالی قوشتەپە لە ١٩٨٣دا، کەسیان ڕزگاریان نەبوو (جگە لە دەگمەن) بەهۆی پەیوەندیی بەکۆمەڵ و پێ باشتربوونی ژیان یان مردنی پێکەوەیی؛ بۆیە وەک تاک خۆیان حەشار نەدا.	لە قوشتەپە ١٩٨٣ زۆر کەسیان ڕزگاریان بوو، چونکە پەیوەندیی نێوانیان وەک کۆمەڵی شرۆڤە بەهێز نەبوو و وەک تاک خۆیان حەشار دا.

نموونەی شێخی بارزان (کۆمەڵی شرئـــ)	نموونەی مەلا موستەفا و کوڕەکانی و بارەگاکانی لە هەر شوێنێک دەسەڵاتی هەبووایە
پابەندبوون بە بنەماکانی تەریقەتی نەقشبەندی و کارکردن بە دەستپاکی و دڵسۆزی.	پابەند نەبوون بە پەیڕەوی پارتی و بەها نیشتمانییەکان، بەڵکو بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندیی خێزانی.
ڕێزگرتن لە هەمووان بەبێ جیاوازی.	زاڵکردنی کەسانی چەورە (صعلوك) بەسەر کەسانی بەڕێزدا، بۆ سووکایەتیپێکردن و ملکەچکردنیان.

وەک ئاماژەمان پێدا، شێخی بارزان ئازاد بوو لە گرێی خاوەندارێتیی ماددی، بەوەی کە هەیبوو ڕازی بوو، بەڵام مەلا موستەفا زۆر نیگەران بوو لە بارودۆخی ماددیی خۆی و بە هەموو شێوەیەک و لەژێر دروشمی جیاوازدا هەوڵی دەدا پێی بگات، بەڵام مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی بە باشی دەشاردەوە، تا وەک کەسێکی دوور لە دونیا (زاهید) لە ناو کۆمەڵگەی بارزانیدا بمێنێتەوە.

ئەو بنەمایانەی شێخی بارزان پشتی پێدەبەستن، ڕوون و شەفاف بوون. دەیگوت دادپەروەری بنەمای هەموو شتێکە. ئەو کاری دەکرد بۆ پەروەردەکردنی گەل لەسەر دادپەروەری، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ (ساڵی ئازادبوونی لە زیندانی بەغدا) تا ساڵی کۆچی دوایی لە ١٩٦٩ ناوچەی بارزان ڕووداوی مێژوویی گرنگی بەخۆیەوە بینی، لە هاوینی ١٩٦١ دا ناوچەکە کەوتە بەر یەکەم هێرشی بەرفراوانی زەمینی و ئاسمانی لە سەردەمی کۆماریدا (هێرشی هاوبەشی ئاغا جاشەکان و سوپای عێراق). هەموو ماڵەکانی بارزان، سووتێنران. جاشە زێبارییەکان (کە خزم و کەسوکاری مەسعوود بارزانی بوون)، ویستیان گۆڕستانی بارزان هەڵبتەکێنن، بەڵام عەمید (حەسەن عەبوود)

کاتێک بەمەی زانی، خۆی چوو بۆ لایان و هەڕەشەی لێکردن و ڕێگای پێ نەدان، بارزانییەکان تا ئێستایش ڕێز و خۆشەویستییان بۆ ئەم سەربازە عێراقییە هەیە، کە وەک کەسێکی ناوازە لە ناو سوپای عێراقدا دەبینرێت. کەرەستەی خۆراک کەم بوو، چونکە ناوچەی بارزان سەرەڕای بێلایەنی لە نێوان ساڵانی ١٩٦٤ – ١٩٦٩، بەڵام هەمیشە لەلایەن هێزی ئاسمانییەوە بۆردومان دەکرا و ڕێگەی پێنەدەدرا خۆراک لە بازاڕەکانی حکومەتی عێراقەوە دابین بکات، جارێکیان لە کاتێکدا ئامادەکارییەکان بۆ شەڕی (هەندرێن لە ١٢ی ئایاری ١٩٦٦) بەرەو کۆتایی دەچوون، ژمارەیەک بازرگانی بارزانی لە ڕێکەوتی ١٩٦٦/٤/١٧ بەمەبەستی کڕینی کەلوپەل بەرەو هەولێر بەڕێکەوتن. لەوانە: (یوسف موستەفا جۆڵا، سەعید محەمەد سینەم، سلێمان مەلا شێخ، عومەر سلێمان، موستەفا مەلا زادە)، حوسێن شەرۆ و ئەحمەد هەرنی ئۆتۆمبێلیان گرت، بۆ ئەوەی بچنە هەولێر بۆ کڕینی شەکر، چا و سابوون و ئەو مامدانەی دیکە کە دانیشتووان پێویستییەکی زۆریان پێی هەبوو. کاتێک لە ڕێگەیاندا بۆ هەولێر گەیشتنە نێوان (کەلەکین) و (سپیلک)، فەوجی جاشە کوردەکان لەژێر فەرمانی ئاغاکانی زێباردا، بۆ ئەنجامدانی هێرشێک بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی چیای (هەندرێن) گواسترابوونەوە.

کاتێک ئەو جاشانە زانییان بازرگانە بارزانییەکان لە شوێنی تێپەڕبوونی ئەوانن و چەکدار نین و بەرەو هەولێر دەچن، لە ئۆتۆمبێلەکانیان دایانبەزاندن و بە سەدان جاشی زێباری دەوریان گرتن، هەر جاشێک دەیویست بەشداری لە لێدانیاندا بکات، لوولەی تفەنگەکانیان خستە سەر سنگیان و دەستیانکرد بە جنێودان و لێدانی توند بە قۆناغەتفەنگ، لەکاتێکدا بەتەمای کوشتنی هەموویان بوون و دەیانگوت: بەرەی جەنگ لێرەوە دەست پێ دەکات، هەر گرووپێک لە دە جاش پێکهاتبوو کە دەوری بارزانییەکیان دابوو بەمەبەستی کوشتن و لێدانیان، ئاغاکانیش پێدەکەنین و چێژیان لەو دیمەنە دەبینی. دوای ماوەیەک لە لێدانی دڕندانە و ڕقاوی، کۆمەڵێک لە هەرکییەکان لەژێر فەرمانی (فەتاح ئاغای هەرکی) توانییان بارزانییەکان لە چنگیان ڕزگار بکەن، ئەفسەرێکی سوپای عێراقیش دەستوەردانی کرد و وتی: لێدان بەسە، دوای ئەوەی

زۆربەیان بێهۆش ببوون و وەک مردوو لەسەر زەویدا کەوتبوون و هەرچی پارەیشیان پێ بوو لێیانسەندن، هەندێکیان تا کۆتایی ژیانیان بە ئیفلیجی و پەککەوتەیی مانەوە، من خۆم یەکێکیانم لە (بلێ) بینی کە هاوڕێم بوو، بەناوی یوسف چۆلە قسەی بۆ نەدەکرا و ئیفلیج بووبوو. دوای ئەو لێدانە، جاش و ئاغاکان بەرەو پێگەکانی ڕواندز بەڕێکەوتن بۆ داگیرکردنی چیای هەندرێن.

ئەم ڕووداوە شۆکێکی گەورەی لای هەموو کۆمەڵگەی بارزانی و شێخی بارزان دروست کرد، هاوکات مەلا موستەفا لەو سەردەمەدا سەرکردەی بێ ئەملاوئەولای بزووتنەوەی کورد بوو، بۆ هێورکردنەوەی ئەو تووڕەییە جەماوەرییەی کە لەو ڕووداوەوە دروست بووبوو، سوێندی گەورەی دەخوارد و دەیگوت کە وانەیەک بەو جاشانە دەدەم هەرگیز لەیادی نەکەن، تەنانەت ئەگەر خاڵوانی مەسعوودیش بن. زۆر کەس بڕوایان پێکرد و قسەکانی ئەویان بەرزنرخاند.

ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە، بووە هۆی دروستبوونی هەستێکی وا کە زیاتر پشت بەخۆیان ببەستن، لە گەیشتن بە قەبارە و ئاستی ئەو دوژمنایەتی و ڕقەی کە بەرامبەر بارزان لە هەناوی جاشە کوردەکان و حکومەتی عێراقدا ڕەگی داکوتاوە. ئەوانە بەهیچ ئەخلاقێکەوە پابەند نەبوون. ئاخر ئەو بازرگانانە چەکدار نەبوون، بەڵکو هاوڵاتی بوون؛ بژێویی خۆیان بە کارەکەیان دابین دەکرد. بینینی جەمەدانیی سوور و زانینی ئەوەی کە لە ناوچەی بارزانەوە هاتوون، بەس بوو بۆ گڕگرتنی دەمارگیریی کوێرانە و هاندانی جاشەکان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دڕندانە شاڵاویان بۆ بەرن. دواتر زۆرێک لە بازرگانە بارزانییەکان، ڕوویان لە شارۆچکەی گەڵاڵەی باکووری ڕەواندوز کرد، لەوێندەر کاڵا و شمەکی هاوردەکراوی ئێرانی دەستدەکەوت، لەوێ پێداویستییەکانیان دەکڕی و بە وڵاخ دەیانگواستەوە بۆ ناوچەکانی بارزان، چونکە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێرانی شادا، پەرەپێدابوو.

دانیشتووانی گوندی (شرئــ) هەستیان کرد کە کەمییەک لە کشتوکاڵی بەراو و میوە و سەوزەدا هەیە، چونکە ئەو زەوییانەی دەیانچاند دێمی بوون و بۆیان دەرکەوت کە دەکرێت جۆگەیەک بەدرێژایی نزیکەی ٢٥٠٠ مەتر لێ بدەن. ئەم جۆگەیە، ئاوی

ڕووبارەکە دەهێنێتە شوێنێکی بەرز، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئاودانی زەوییەکی بەرفراوان کە پێداویستیی هەموو دانیشتووانی گوندەکە لە برنج و سەوزە و میوە دابین بکات، ئەم زەوییانە پێشتر بەیار و بێ کەڵک بوون و دڕکوداڵ دایپۆشیبوون، لێرەدا شێوازی کاری ئەم کۆمەڵەیە دەبینین کە ڕێنماییەکانی شێخی بارزانیان پیت بە پیت جێبەجێ دەکرد. هەندێک لە دانیشتووانی (شرئـــ)، ڕووپێوییەکی گشتییان بۆ زەوییەکە کرد و بەرزیی ئاستی ڕووبارەکەیان پێوا کە بە تەنیشت ئەو شوێنەدا دەڕوات، قەناعەتیان هێنا کە بەپشتبەستن بە بازووی خۆیان و ئامرازە سەرەتاییەکان، دەستبەکاربن بۆ هەڵکەندنی جۆگەکە، دوای دیاریکردنی خاڵی دەستپێک و پێش دەستپێکردن، ڕەزامەندیی لەسەر بەرنامەیەکی کاری بەکۆمەڵی ورد درا. نزیکەی هەر پێنج مەترێک پێنج کەس هەڵیدەکەنن، پێوەر بۆ دیاریکردنی مەوداکە گوریسێکی خۆماڵیی دەستکردی ناوخۆیی بوو، ڕێگە نەدەدرا پێنج کەسی بەهێز لە یەک ئەرکی کاردا کۆببنەوە، بەڵکو دابەشکارییەکە وا کرا؛ دوو پیاوی بەهێز و سێ کەسی کەمهێز دانران، بەپێی بەردەستبوونی کەسەکان پێکەوە و ڕەچاوی دۆخی شوێنەکە. هەر پێنج مەتر، کاری یەک ڕۆژ بوو، هەرکاتێک هەڵکەندنی جۆگەکە تووشی ناڕەحەتی نائاسایی ببووایە، بەهۆی هەبوونی بەردی گەورە لە ناو ناخی زەویدا، هەرەوەزی و هاوکاریی بەکۆمەڵ دەستیپێدەکرد، کاتێک هەڵکەندنی جۆگەکە بە سەرکەوتوویی تەواو بوو و ئاوی پێدا ڕاکێشرا، دواتر پرۆسەی پاککردنەوەی زەوییە بەیارەکان و دابەشکردنی بۆ چەند پارچەیەک بەپێی خێزانەکان و ژمارەی کەسەکانی نێو هەر خێزانێک دەستیپێکرد. دەستیان کرد بە نووسینی ناوی هەموو خێزانەکان لەسەر کاغەزی بچووک و خستیانە ناو کیسەیەکەوە، لیژنەی دابەشکردن لە یەکەم کێڵگەوە تا کۆتا کێڵگە دەگەڕا و کیسەی تیروپشکی پێ بوو، لە کاتی ڕاکێشانی تیروپشکەکەدا کێڵگەکە دەدرا بەو کەسەی ناوی دەردەچوو. بەو شێوەیە زەوییەکان لە ڕێگەی تیروپشکەوە دابەشکران، تەنانەت ئەو خێزانانەی سەرپەرشتیاریان لەدەستدابوو، وەک ئەوانی دیکە بەشەزەویی خۆیان وەرگرت.

کۆمەڵەکە؛ ئەرکی کێڵان و چاندن و ئاودان و دروێنەکردنی ئەو کێڵگانەیان دەگرتە ئەستۆ، کە هی خێزانە بێ سەرپەرشتیارەکان بوون، هەمووان بە ئەنجامەکان دڵخۆش بوون و هیچ ڕەخنە و گلەییەک دروست نەبوو، ئەمە بووە یەکەم نموونەی سەرکەوتوو بۆ سوودومەرگرتن لە ئاوی ڕووبار بۆ ئاودێری لە زەوییەکانی بارزاندا، کە پێشتر ئەو ئاوە بەبێ سوود دەڕۆیشت، هەروەها ئەم کۆمەڵەیە توانییان ژیانی بەرهەمهێنان بۆ زەوییەک بگێڕنەوە، کە بۆ چەندین سەدە بە بەیاری مابوونەوە، شێخی بارزان بەم کار و دەسکەوتە زۆر دڵخۆش بوو. لەلایەکی دیکەوە، ئەمانە چاکسازیی کشتوکاڵییان بە شێوازی تایبەتیی خۆیان جێبەجێکرد، بەبێ پاڵپشتیی حکومەت یان پارتە دیموکرات و شۆڕشگێڕ و پێشڕەوەکان، کە تەنها دروشمی چاکسازیی کشتوکاڵییان لە عێراق و کوردستاندا بەرز دەکردەوە و جێبەجێیان نەدەکرد، بەڵکو تەنها دروشم بوون کە جوتیارانیان پێ هەڵدەخەڵەتاند و لە زۆر حاڵەتدا، ستەمی ئاغاکانیان لە سەر ڕەنجدەرانی لادێ بەهێزتر دەکرد.[٢٠٤]

شێخی بارزان دڵی خۆش بوو بەم دەستکەوتە

پێویستە باسی ڕێنماییەکانی شێخی بارزان سەبارەت بە ژینگە و پاراستنی ژینگە بکەین، ئەنجامی ئەو ڕێنماییانە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٦٩ لە ناوچەکانی بارزاندا بەرچاوبوون، ڕەوەبزن و کەڵەکێوی لە چیاکانی بارزاندا زیادیان کرد و ترسیان نەما، هەروەها کەو و جۆرەکانی تری باڵندە، بەکارهێنانی دینامیت کە دەبووە هۆی کوشتنی بڕێکی زۆری ماسیی بچووک قەدەغەکرا، بەو هۆیەوە ماسی لە ڕووبارەکاندا زۆر بوون، چەندین ڕێگە لە چیاکاندا کرانەوە، بۆ ئاسانکاریی هاتوچۆی خەڵک و ئاژەڵ، هەروەها هەنگداریی سروشتی زیادیان کرد. ئەمەیش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە شێخ دەیگوت: زەوی و دارودرەخت و زیندەوەرانی ناو چیا و ئاوەکان، مافی ژیان و چاودێریکردنیان هەیە، ئەم ڕێنماییانە لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد یان ئاغا جاشەکاندا بوون، ڕەچاو نەدەکران. ئاژەڵە کێوییەکان و باڵندەکان لەو دوو ناوچەیەدا،

[٢٠٤]،دکتور کاوس قەفتان، سەرچاوەی پێشوو،ل٥٩.

لە بینینی مرۆڤ تۆقیـبوون، لە ترسی ڕاوکردن و کوشتنیان خێرا خۆیان دەشاردەوە یان ڕایان دەکرد.

شێخی بارزان؛ بە وریاییەکی زۆرەوە چاودێریی ڕەوتی سیاسیی گۆڕەپانی کوردستان و عێراقی دەکرد، پێیوابوو سەقامگیریی ڕێژەیی لە بارزان بەستراوەتەوە بە هێزی بزووتنەوەی کورد و شکستی ئەو بزووتنەوەیە بە شکستی بارزان دادەنرێت، لەبەرئەوە تا بۆی بڕەخسایە کاری دەکرد بۆ بەهێزکردنی پێگەکانی بزووتنەوەی کورد، لە ڕێگەی ناردنی هێز لە بارزانەوە. کاتێک هەڕەشەیەکی جیدی لەلایەن سوپای عێراق و جاشە کوردەکانەوە دروست دەبوو، یان کاتێک کەلێن لە بەرەیەکی جەنگی بزووتنەوەی کورددا دروست دەبوو وەک بەرەکانی (ئاکرێ، شێخان، ئامێدی، ڕواندز)، تەنانەت جارێکیان هێزی بۆ یارمەتیدان تا (ڕانیە) نارد، ئەو هێزانەی بارزان لەژێر فەرمانی شەرڤانانی وەک (سالّح کانیەلنجی، محەمەد شوکری بارزانی، موستەفا مەحۆ، نعمان بارزانی، زیاب دۆری، فرامرز موکی) بوون، مەلا موستەفا خۆی داوای ناردنی ئەو هێزانەی دەکرد. شێخی بارزان، بە وردی مەلا موستەفای ناسیبوو، متمانەی بە قسەکانی نەبوو، لە کارەساتێك دەترسا کە بەسەر گەلەکەیدا بهێنێت، هەمان شت بۆ حکومەتی عێراقیش ڕاست بوو کە متمانەی بە بەرپرسەکانی نەبوو، لە نێوان هەموو ئەو حاکمانەی لە بەغدا دەسەلّاتیان گرتەدەست، ڕێزی تایبەتی تەنها بۆ (عەبدولکەریم قاسم) هەبوو. شێخی بارزان، چاودێریی خێر و نەهامەتیی بزووتنەوەی کوردی دەکرد و زۆر نیگەران بوو لەو جیابوونەوەیەی لە نێوان مەلا موستەفا و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕووی دا، ئەمەی وەک نیشانەیەکی نەگبەتی دەبینی، شێخ هەستی بە بەرزبوونەوەی ئاستی گەندەڵی و تاوان دەکرد؛ هەندێك لەو بارزانییانەی وەک پاسەوان و شەڕڤان لەگەڵ مەلا موستەفا بوون، هەواڵ و زانیارییان بۆ شێخی بارزان دەهێنا، دەرکەوت کە مەلا موستەفا لە پشت ئەو کارانەوە بووە، یان لە باشترین حاڵەتدا هیچ هەڵوێستێکی نیشان نەدەدا. بۆ نموونە چەند کچێک لەلایەن کوڕەکانی مەلا موستەفاوە کوژران و ئەو هیچ جووڵەیەکی نەکرد، ئەمە یەکەمجار بوو حاڵەتی دەستدرێژی و کوشتنی ژنان لە ناوچەی بارزان، لەلایەن کوڕانی سەرکردەی بزووتنەوەی کورد و سەرۆکی پارتی

دیموکراتی کوردستانەوە ڕووبدات، کە ئەمە تەنها لە کۆڕەکانی مەلا موستەفا دەوەشایەوە! ئەوەی تراژیدیاکەی زیاتر دەکرد، ئەوە بوو کە کوشتنەکان بە دەستی پێشمەرگە جێبەجێ دەکران، لە کاتێکدا ئەرکی ئەوان بەرگریکردن بوو لە کەرامەتی کورد و پاراستنی چینە لاوازەکانی کۆمەڵگا، لە ڕاستیدا دیاردەی کوشتنی ژنان کە دوای ساڵی ١٩٩١ تەشەنەی سەند، سەرەتاکانی لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا دروست ببوو.

شەوێکیان ..... هاتە ماڵی باوکم، زۆر دڵتەنگ بوو و دەیویست ئەو شتە بدرکێنێت کە بە توندی نیگەرانی کردبوو، باوکم تازە لە نوێژی خەوتنان ببووەوە، کاتێک ..... هاتە ژوورەوە و بەرامبەر باوکم دانیشت، نیشانەکانی شۆک و خەمباری بە ڕوخسارییەوە دیار بوون، باوکم هۆکاری هاتنەکەی لێ پرسی، ئەویش دەستی کرد بە گێڕانەوەی وردەکارییی چیرۆکەکە. لێرەدا بە کورتی دەیگێڕمەوە: فەرمانیان پێکردم (.....) بکوژم، بەڵام جێبەجێم نەکرد و یاخی بووم. چۆن دەکرێت بانگەشەی بەرگریکردن لە مافی گەلێکی ستەملێکراو بکەین و (.....) ڕامبسپێرێت بۆ کوشتنی (.....)؟ جێبەجێم نەکرد و لە ڕیزی پێشمەرگایەتییشدا نامێنمەوە. ئەو ئەرکەی پێم سپێردرا، ئەرکێکی قێزەونە و جارێکی تر چەک هەڵناگرمەوە، بەڵام پێشمەرگەی دیکە فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد، ئەو وتی: دەمبینی چۆن قوربانییەکەیان بەرەو کۆتایی دەبرد و ئەویش هانا و هاواری دەکرد و دەستی بە ژیانەوە دەگرت. هەموو شەوێک خەون بەو دیمەنە ترسناکەوە دەبینم کە چاوەکانم بیننیان. باوکم دەستخۆشیی لێکرد بۆ ئەو بڕیارەی کە نەبووەتە پاشکۆی فەرمانێکی زاڵمانە و هەمیشە ڕێزێکی تایبەتیی بۆ ئەو پیاوە هەبوو، منیش گەواهیی ئەوە بووم و گوێم لە قسەکانی دەگرت، شێخی بارزان ئاگادار کرایەوە لەوەی دەگوزەرێت، وەک خۆم هەموو هیواکانم بە بزووتنەوەی کورد هەرەسی هێنا، بەڵام تێگەیاندنی خەڵک ئەستەم بوو، هیچ ڕێگەیەک نەمابوو جگە لە چاوەڕوانی تاوەکو کەشتیی بزووتنەوەی کورد بە یەکەم تاشەبەردا بکەوێت و تێکبشکێت، لە کاتێکدا کاپتنەکان بە بەلەمێکی بچووک بەرەو کەناری ئارامی هەڵدێن و گەل لەناو کەشتییە تێکشکاوەکەدا بەجێدەهێڵن؛ کاتێکیش خەڵک لەو چەواشەکارییە بە ئاگا دێنەوە، ئیتر کات بەسەرچووە.

لێرەدا ئەو ڕووداوە دەگێڕمەوە کە خۆم گەواهیدەری بووم، ڕووداوەکە گوزارشت لەو شێوازی بەڕێوەبردنە دەکات، کە مەلا موستەفا لە کوردستان دایمەزراندبوو، دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ئازار و ئەو خۆشییەی بەهۆی سەرکەوتنەکەوە دروستبوو، دەرکەوت کە مەلا موستەفا دەیەوێت بارزان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی خۆیەوە، بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی میراتگری (تەوریس) لە داهاتوودا، لە گوندێکی بارزان لای دا و منیش لەوێ بووم، عادەتی وابوو درەنگانێکی شەو دەخەوت. کاتێک میوانەکان ڕۆیشتن و لە ژوورەکەدا بە تەنها مایەوە، ژنێک بە گریانەوە دەرگاکەی کردەوە و چووە ژوورەوە، مەلا موستەفا بە پەلە ئاماژەی بۆ کرد کە دەنگی نزم بکاتەوە و دانیشێت، ئەویش وایکرد. پاشان دەستیکرد بە گێڕانەوەی ئەوەی بەسەر کچەکەیدا هاتووە و وتی کە کچەکەی لە پیاوێک (لە نەوەی مەلا موستەفا) دووگیانە. منیش چاودێریی ڕووداوەکەم دەکرد تا بزانم هەڵوێستی مەلا موستەفا چی دەبێت و چۆن کێشەکە چارەسەر دەکات، سەرم سوڕما لەوەی باوکی ئەو کچەی دەستدرێژیی کرابووەسەر، وەک بەرپرسی سەربازی و ئیداری ناردی بۆ ناوچەیەکی دوور لە بارزان، خێزانەکەیش گوازرانەوە بۆ ئەوێ تا بابەتەکە دابخرێت. پێشتر ئەو ناوچەیەی ئەم خێزانەی بۆ گواستراینەوە، لەژێر فەرمانی سەرکردەیەکی لێهاتوودا بوو، کە ڕۆڵێکی دیاری لە تێکۆشاندا هەبوو. ئەو سەرکردەیە سەری سوڕما، چونکە هۆکاری ڕاستەقینەی لادانە لەناکاوەکەی نەدەزانی کە بە بڕیاری سەرۆکی حیزب و فەرماندەی گشتیی هێزە شۆڕشگێڕەکان دەرچووبوو، بەم سادەییە کێشەی نەوەکەی چارەسەر کرد، بە سزادانی فەرماندەیەکی پێشمەرگەی لێهاتوو کە هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەوە نەبوو. سەرکردەیەك لە ساڵی ١٩٤٧ لە زیندانەکانی عێراق زیندانی بوو، ساڵانێکی زۆر شەڕی کردبوو و چەندین جار بریندار ببوو، ئەو سەرکردەیە لادرا و پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوکرایەوە کە شیاوی بەرپرسیارێتی نییە لەو ناوچەیە! کاتێک چاوم بەو فەرماندە لادراوە کەوت و ڕاستی و ئامانجەکانی سەرۆکی حیزبم پێگوت؛ زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: ئیتر گرنگی بە وازهێنان لە وەزیفەکەم نادەم دوای ئەوەی هۆکاری ڕاستەقینەی لادانەکەمم زانی. پێموایە کەسانی دیکەیش لادەدرێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی لەم

شێوەیە! ئەم سووکایەتیکردنە بە کەرامەتی، خەڵک هۆکاری سەرەکی بوو لە داڕمانی ڕۆحی بەرگری؛ لە بەرامبەر هێزەکانی حکومەتی عێراق لە ساڵانی ١٩٧٤ - ١٩٧٥دا.

دواتر هەواڵی دروست دەهات سەبارەت بە گەندەڵیی ئیداری و زێدەڕۆیی لە خەرجی و خۆشگوزەرانی لە بارەگای مەلا موستەفا، پەیوەندییە نهێنییەکانی و هاوکاریی دارایی بۆ جاشەکان، مەلا موستەفا لە بەردەم پێشمەرگەکاندا هێرشی دەکردە سەر جاشەکان لە ترسی ئاشکرابوونی کارەکانی، لە کاتێکدا شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و جاشەکاندا بەردەوام بوو، بەڵام شێخی بارزان ئاگاداری ئەو بابەتانە بوو، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لەو قۆناغەدا پەیوەندی لەگەڵ جاش بە خیانەتی گەورە دادەنرا. پەیوەندییەکانی مەلا موستەفا لەگەڵ جاشەکان نهێنی بوو، بەڵام بۆ ژمارەیەک لە بارزانییەکان ئاشکرا بوو؛ ئەگەر کەسێکی دیکە ئەو کارەی بکردایە بە خیانەت تۆمەتبار دەکرا و زۆربەی کات دەکوژرا، مۆڵکردنی داهات و سامان لە ماڵی مەلا موستەفا و قۆرخکردنی بۆ مەرامی شەخسی و خەرجنەکردنی لە شوێنی ڕاستی خۆیدا، گومانی شێخی بارزانی زیاتر کرد لە بوونی گەندەڵی و ستەم، کە کۆمەڵگە بەرەو کارەساتێکی تەواوەتی دەبات و تەنها چاوەڕوانی پێویست بوو.

شێخ؛ دەیویست بارزان لەو گەندەڵییە بپارێزێت کە جەستەی بزووتنەوەی کوردی دەخوارد، هەروەها ئەرکێکی پیرۆزی لەسەر شان بوو کە باشی و ڕەوشت لە ناو کۆمەڵگەی بارزانیدا بە قووڵی بچێنێت و پێش مردنی جێگرێک بۆ خۆی دیاری بکات، خورشید بارزانی لێهاتوویی خۆی لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی نموونەیی لە (شرئـ) لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩ - ١٩٦٩ سەلماندبوو؛ ئەو کەسایەتییەکی ئاشتیخواز بوو، ڕقی لە توندوتیژی بوو، مرۆڤێکی میهرەبان و ڕووخۆش و سادە بوو، شێخ دەستی بە جووڵە کرد و وادیارە چەندین کۆبوونەوە یان ئاڵوگۆڕکردنی پەیام لە نێوان شێخی بارزان و جێگرەکەی شێخ خورشید، ئەنجام درا. ئێمە تووشی سەرسوڕمان بووین کاتێک لە ٢٧ی ئازاری ١٩٦٧دا فەرمانێک لە شێخی بارزانەوە دەرچوو، کە خەڵک بچنە مزگەوتی بارزان و لەوێ جێگرەکەی خورشید چاوەڕوانیانە تا گوێ لە قسەکانی بگرن. بەڵام فەرمانەکە

زۆری تێدا نەبوو بۆ ئەوەی نیفاقی دروست نەبێت؛ هەڵبژاردنی ئازاد بۆ خەڵک بەجێهێڵرا، بەڵام بۆ ئەندامێکی دڵسۆز فەرمانەکە وەک جێبەجێکردن وابوو.

من لە گوندی (ڕێزان) دەژیام و هەستم کرد هەوڵێکی ئامادەکاریی ڕووحی بە وردی و هەنگاو بە هەنگاو دەستی پێکردووە، لە ڕێگەی دروستکردنی (کەشێکی ڕووحیی گونجاو)ەوە، بۆ دروستکردنی ئەم کەشە پێویست بوو کۆنترۆڵی فیکر بکرێت و سەرنج بخرێتە سەر ڕەهەندێکی ڕووحیی دیاریکراو. فیکر دەتوانێت کەشێکی گونجاو دروست بکات و تێڕوانینمان بۆ شوێن بگۆڕێت. هەنگاونان بۆ شوێنە پیرۆزەکان، ئارامی و دڵنیاییەکی قووڵ دەبەخشێت، چونکە مرۆڤ بە گیانێکی ئەرێنی و ئاشتیخوازەوە دەچێت. دیداری ڕێبەرەکە و گوێگرتن لێی لە بارزان یان (شرئــ)، کەشێکی نوێی لە ئارامی و برایەتیی ڕاستەقینە دروستکرد و کۆتایی بە کێشە شەخسییەکان و لووتبەرزی هێنا، ئەمەیش هاوئاهەنگییەکی گەورەی لە کۆمەڵگەدا دروستکرد.

شێخی بارزان، بارودۆخەکەی هەڵسەنگاند و بینیی کە لووتبەرزی ڕێگرە لەوەی هەندێک کەس بانگەوازەکەی قبوڵ بکەن؛ ئەگەر فەرمانی بدایە بچنە (شرئــ) ڕەنگە هەندێک لە ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی، بە کەمکردنەوەی پێگەی خۆیانی ببینن یان بە ناچاری قبوڵی بکەن، ئەمەیش گونجاو نەبوو لەبەرئەوەی چوونەکە دەبێت لە ناخی دڵەوە بێت، بۆیە فەرمانی بە جێگرەکەی (خورشید) کرد، کە دەسپێشخەری بکات و بچێتە بارزان، پاشان داوای لە خەڵک کرد بچنە مزگەوتی دێرینی بارزان، لێرەدا دەبینین ڕێبەر باری دەروونیی کۆمەڵگەی لەبەرچاو گرتووە و بەم هەنگاوە بە سەرکەوتوویی بەربەستە دەروونییەکانی بڕی و ڕێگەی بۆ جووڵانەوەیەکی فراوانتر خۆشکرد. دوای ئەم دیدارە، خورشیدی جێگری گەڕایەوە بۆ (شرئــ) و خەڵک بە کۆمەڵ و بە تاک ڕوویان لەوێ کرد، بۆ گوێگرتن لە وانەکانی جێگری شێخی بارزان، لە ماوەیەکی کەمدا کۆمەڵگەی بارزانی بە تەواوی گۆڕا. جووڵانەوە ڕووحییەکە، حاڵەتێکی بێوێنەی لە یەکسانی و تەبایی و سادەیی دروستکرد، کە ئەمە گوزارشت لە توانای گەورەی تەریقەتی نەقشبەندی دەکات لە دروستکردنی یەکێتیی هزری و تەبایی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەمە بابەتی توێژینەوەکەمان نییە، چونکە دەچێتە ناو زانستی سۆفیگەریی نەقشبەندییەوە کە من

تێیدا شارەزا نیم. ڕەنگە لە داهاتوودا بە وردی باس لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی جووڵانەوەی سۆفیگەری بکەمەوە.

مەلا موستەفا بەم ڕاسانە ڕووحیە دڵخۆش نەبوو، چونکە هەمیشە ڕەوشتی تەریقەتی بە دژ لەگەڵ ئامانجە نهێنییەکانی خۆیدا دەبینی، ئەو پابەندی هیچ ئامانجێکی گشتی نەبوو، بەڵکو کاری دەکرد بۆ ئەوەی هەموو شتێک بەخۆیەوە گرێبدات، واتا دەیویست خەڵك وای ببینێت کە کەسایەتیی خودی مەلا موستەفا ئامانج و باوەڕی بارزان بەرجەستە دەکات، ئەمەیش بە تەواوی دژی بەهاکانی بارزان بوون. لێرەوەیە کە دەبینین هەڵوێستەکانی پێچەوانەی ئەو بانگەشانە بوون کە دەیکردن، مەلا موستەفا لە ساڵی ١٩٦٧دا دژایەتیی خۆی بۆ ڕاسانە ڕووحییەکە بە ئاشکرا دەرنەبڕی، بەڵام پەیوەندییەکانی لەگەڵ عوسمانی کوڕی شێخی بارزان چڕکردەوە بۆ ئەوەی بەکاریبهێنێت. ڕاپەڕینە ڕووحییەکە، ئەو سیفاتە ئەخلاقییانەی دیاریکردن کە دەبێت لە کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا هەبن. بۆیە ئەوانەی کاری پێچەوانەی سیستمی ڕەوشتی و نەریتی جوانی بارزانییان ئەنجامدابوو، لە کۆمەڵگە نوێیەکەدا گۆشەگیر و شەرمەزار بوون و ڕێزیان لای خەڵک کەم بووەوە، هەروەها گومان هەبوو لە هەوڵێکی تیرۆرکردنی (ساڵح کانیلانی) کە یەکێک بوو لە شوێنکەوتووانی دڵسۆزی تەریقەتەکە و دەوترا کە مەلا موستەفا لە پشت ئەو هەوڵە شکستخواردوە بووبێت. خورشید بارزانی و شوێنکەوتوانی تەریقەت کە پێشتر ئاماژەمان پێدان، بیرۆکەکانی خۆیان بە زمانێک پێشکەش دەکرد کە بۆ هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە؛ چ ژن و چ پیاو ئاسان تێدەگەیشتن، زۆری پێنەچوو خەڵکی لە پشت بانگخوازانی تەریقەتەوە یەکیانگرت و تێڕوانینی خەڵک بۆ ژیان و پەیوەندییە مرۆییە بەرامبەرەکان بە قووڵی گۆڕانی بەسەردا هات.

لەو سەروبەندەدا کە شەپۆلێکی ڕووحیی بەهێز ناوچەکانی بارزانی دەگرتەوە، چەند کەسێک لە هەردوو شارۆچکەی هەریر و باتاس ڕوویان کردە شێخی بارزان و لەگەڵ عوسمانی کوڕی شێخی بارزاندا، کۆبوونەوە و باسی ئەوەیان بۆ کرد کە بۆ بژێوی و کاسپی، دوو لە پیاوەکانیان نزیکەی مانگێک لەمەوبەر بەمەبەستی کڕینی ئاژەڵ هاتوونەتە ناوچەکە، تاوەکو ماڵیات بکڕن و بیبەنە دەشتی هەریر و دواتر بە بازرگانانی

شارە گەورەکانی بفرۆشنەوە. بەڵام ئەمجارەیان گەڕانەوەی پیاوەکانیان دواکەوتووە و هیچ هەواڵێکیان نییە؛ بۆیە داوای یارمەتییان کرد تا بزانن چییان لێبەسەرهاتووە. پاش بنکۆڵکاریەکی ورد لەو گوند و ڕێگایانەی پیاوەکان پێیدا تێپەڕیبوون و لەو شوانانەی کە مەڕیان بەو دوو کەڕیارە (کە بە کوردی پێیان دەوترێت چێوار یان جەڵەبچی) فرۆشتبوو پرسیاریان کرد، ئەنجامی بنکۆڵکاری دەریخست کە هەردوو پیاوەکە ڕانەکەیان بەرەو خواری گوندی ڕێزان بردووە، بەڵام هیچ شوێنەوارێکیان نییە کە گەیشتبێتنە گوندی شانەدەر؛ واتە شوێنەواری شوانەکان و مەڕەکانیان لە نێوان ئەو دوو گوندەدا ون بووە. شێخی بارزان زۆر دڵتەنگ بوو، چونکە ئەمە متمانە و ناوبانگی بارزانی لەکەدار دەکرد، من وەک سەدان کەسی تر گلەیی شێخی بارزانم بیست لەم کارە نەشیاوە، کە پێچەوانەی بەهاکانی بارزان بوو. هەروەها دەیفەرموو: خاکەکەمان بەوە ناسراوە کە تەنانەت بۆ ئاژەڵ و باڵندەی تەرە و کێوییش لە ناوچە دوور و نزیکەکان ئارامە، خاکمان پەناگەیەکە بۆ هەر کەسێک لە ستەم ڕابکات، بەڵام ئەم ڕووداوە ناوبانگی زڕاندین. دواتر بێ هیچ گومانێک تاوانەکە ئاشکرا بوو کە یەکێک لە کوڕەکانی ڕێبەری بزووتنەوەی کورد بووە، شەوێك لەگەڵ پاسەوانە چەکدارەکانیدا دوایانکەوتوون، دوو چێوارەکە دوای ڕێگایەکی دووری ڕۆژ خەریکی پشوودان بوون و بۆ ئەوەی بەیانی زوو لەگەڵ ڕانەکەدا بەرەو ئەو دۆڵە بڕۆن کە دەگاتە دەوروبەری خەلیفان، ئەو دوو پیاوە بێ چەک بوون و چەکداریشیان بەکرێ نەگرتبوو بۆ پاراستنیان، چونکە هیچ ترسێکیان نەبوو، لەکاتێکدا بە خاکی ئارامی بارزاندا تێدەپەڕین. مەڕدارەکان کاتێک ویستوویانە لە کەناری ڕووبارەکە لەناو مەڕەکان بخەون، هاتوونەتە سەریان. بەم هێرشە کتوپڕەی شەو، شپرزە بوون و پاڕاونەتەوە کە نەیانکوژن و ڕانەکە پێشکەش بە کوڕی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن (چونکە ناسیویانە)، بەڵام پاڕانەوە سوودی نەبوو، هێرشبەرەکان بۆ ئەوەی شوێنەواری تاوانەکە بشارنەوە و گۆڕگومیان بکەن، بڕیاری کوشتنیانداوون و دەستی هەردوو کەسەکەیان لە پشتەوە بەستووە و بە دەستڕێژی گوللـە کوشتوویانن و تەرمەکانیان فڕێداونەتە ناو ڕووبارەکە، ڕانەکەیشیان بردووە و بەسەر چەند شوانێکدا دابەشیان کردوون، تا شوێنبزریان بکەن. هیچ کام لەو بارزانیانەی کە کوڕی سەرۆکی

پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەرکی پاراستنی کاتیی مێگەلەکانی پێ سپاردبوون، لە ترسی تۆڵەی مەلا موستەفا نەیانوێرا دان بە ڕاستییەکەدا بنێن، بەڵام هەموو شتێک بۆ شێخی بارزان ئاشکرا بوو. شێخ؛ نەریتی نەبوو سزای سەرپێچیکاران بدات، بەڵکو تەنها ناڕەزایەتیی خۆی بۆ هەر کارێکی دژ بە بەها شەرعی و مرۆییەکان ڕادەگەیاند، لێرەوە داوای هاتنی تاوانبارەکە کە کوڕی مەلا موستەفا بوو بۆ لای خۆی ڕەتکردەوە، بەڵام مەلا موستەفا دوای ئەوەی بە تاوانەکەیشی زانی، چاوپۆشی لە ڕووداوەکە کرد، تەنانەت یەکێک لەو پاسەوانە تاوانبارانەی کە تاوانەکەی ئەنجامدابوو، کردیە پاسەوانی تایبەتیی خۆی و پلەی پێشمەرگەی پێ بەخشی، مەلا موستەفا بایەخی بە بابەتەکە نەدا و تەنانەت بە ڕواڵەتیش سەرکۆنەی تاوانەکەی نەکرد.

لێرەدا چەندین پرسیار دروستدەبن؛ لەوانە: ئایا بەڕاستی ئەو خەباتەی دەکرا، ئامانجی ڕزگارکردنی گەلی کورد بوو لە ستەم؟ ئایا شەڕکردن دژی حکومەتی عێراق و جاشە کوردەکان، بەس بوو بۆ داپۆشینی هەموو ئەو کارە نایاسایی و نامرۆییانەی لەناو بزووتنەوەی کورددا ئەنجام دەدران؟ ئایا بزووتنەوەی کورد، بەڕاستی بۆ هەژاران و قوربانیدەران بوو وەک ئەوەی سەرکردایەتی بانگەشەی بۆ دەکرد؟ ئایا لۆژیکییە سەرکردایەتیی کورد کار بۆ بەهاکانی دادپەروەری بکات، لە کاتێکدا خۆی ستەم دەکات و ماف زەوت دەکات؟ یان ئامانجەکە بازرگانیکردن بوو بە دۆزی کوردەوە؟

ڕوون بوو کە کەلێنێکی قووڵ لە نێوان دروشمەکانی پارتی و ئەو کارانەی کە سەرکردایەتیی کورد ئەنجامی دەدان، هەبوو. لێرەدا هەموو بارزانییەک ڕووبەڕووی قەیرانی ویژدان بووەوە، لێرەوە پرسیارێک بۆ شێخی بارزان دروست دەبێت کە ئایا پشتگیریی بزووتنەوەیەک بکات و قوربانیی بۆ بدات، کە لە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی لایداوە؟ ئایا ئەمە لەگەڵ باوەڕ و ڕەوشتی ئەودا دەگونجێت؟

شێخی بارزان نەیویست بزووتنەوەی کورد لاواز بکات، بەڵام لەبەر ئەمانەتەکەی لە ڕێنماییکردنی خەڵک بەرەو چاکە لە زۆر بۆنەدا؛ بە بارزانییەکانی دەگوت: هەر بارزانییەک دەتوانێت، با بچێتە ناو بزووتنەوەی کورد، بەڵام دەبێت ئاگادار بێت لەو ئاراستە مادییە گەورەیە و تینوێتی بۆ سەرۆکایەتی کە لە سەرکردایەتییەکەدا هەیە و


ئەوەی کە سەرکردایەتی هیچ پەیوەندییەکی بە لایەنی ڕووحی یان خزمەتکردنی ستەملێکراوانەوە نییە، دەیگوت دەبێت زۆر وریابن کە ئەو سەرپێچییە گەورانەی سەرکردایەتیی کورد دەیکات، بە هیچ شێوەیەک لە بنەماکانی بارزانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، سەرەڕای بانگەشەکانی مەلا موستەفا بۆ خزمەتکردنی بارزان.

چەندین بارزانی هەبوون کە سەر بەگرووپی (شرئـ) نەبوون و باوەڕیان بە دڵسۆزیی مەلا موستەفا بۆ شێخی بارزان هەبوو، بۆیە لە خزمەتیدا مانەوە، ئەوان پێیانوابوو پابەندبوونیان بە مەلا موستەفا بە واتای پابەندبوونیانە بە شێخی بارزان. لە ڕاستیدا مەلا موستەفا بەو بیانووانە ئەو کۆمەڵەیەی قەناعەت پێ دەهێنا، تا لەگەڵیدا بمێننەوە.

لێرەدا دەبێت نموونەی ئەو بەزمە وەربگرین، کەبەسەر (ڕەشۆ خاڵ هەمزە)دا هات؛ ئەو یەکێک بوو لە موریدە ناسراوەکان و ڕێزێکی زۆری لە ناو بارزانییەکاندا هەبوو، زۆرجار دیومە و تا ئێستایش ڕێزێکی زۆری لێدەگرم، لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧ - ١٩٥٨ ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پاراستنی پەیوەندیی ڕووحیی بارزانییەکان و دژی ستەمی ئاغاکان بوو، حکومەتی عێراق بە مەترسیی دەزانی و هەمیشە بەدوایەوە بوو، ئەویش لە ئەشکەوت و شاخەکاندا خۆی دەشاردەوە، دوو لە کوڕەکانی لە یەکێتیی سۆڤیەت پەنابەر بوون، کوڕە گەورەکەی میرزا ئاغا لە غەریبی ژنی هێنابوو و دوای کۆدەتای ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لەگەڵ خێزانەکەیدا گەڕایەوە، پاشان کاتێک مەلا موستەفا لە بەغدا لە ماڵی نووری سەعید نیشتەجێ بوو، ئەم بووە پاسەوانی تایبەتی تا ساڵی ١٩٦١ کە بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا، بەغدایان بەرەو بارزان جێهێشت. کاتێک خێڵە دوژمنەکان بە هاندانی حکومەتی عێراق هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی بارزان لە هاوینی ١٩٦١دا، میرزا ئاغا ڕەشۆ لە بەرەی نزار شەهید بوو، هاوڕێکانی نەیانتوانی تەرمەکەی بێننەوە و لەلایەن جاشەکانی سەر بە ئاغاکانی زێبارییەوە تەرمەکەی شێوێندرا، سێ منداڵی هەتیوی لەلای باپیریان (ڕەشۆ خاڵ هەمزە) مانەوە و مەلا موستەفا ناوە ناوە هاوکاریی دارایی دەکردن.

شێخی بارزان؛ ڕێزی لە (ڕەشۆ خاڵ هەمزە) دەگرت و دەیویست لە بنەماکانی تەریقەت بەئاگا بێت و پێیدەگوت کە مانەوە لەگەڵ مەلا موستەفا ئاساییە، بەڵام نەک بەناوی بەها و بنەماکانی بارزانەوە، بەڵام ڕەشۆ خاڵ هەمزە سەرەڕای ئاگادارکردنەوە و هەڵوێستی ڕوونی شێخی بارزان، ئەم جیاوازییەی نەکرد و چووە پاڵ مەلا موستەفا و خێزانی میرزا ئاغای کوڕیشی گواستەوە بۆ ئەو شوێنەی مەلا موستەفای لێ نیشتەجێ بوو، منداڵەکانی میرزا ئاغا گەورە بوون، پێش هەرەسهێنانی بزووتنەوەی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ یەکێک لە کوڕە نازدارەکانی مەلا موستەفا، دەستدرێژی کردە سەر (ساریا)، ئەمە یەکەمین ڕووداو بوو لە مێژووی بارزاندا کە کوڕی پاڵەوانی نەتەوەیی، دەستدرێژی بکاتە سەر شەرەفی شەهیدێک (کچی شەهید میرزا ئاغا)، هەوڵەکانی دایکی (کە بە ڕەچەڵەک سۆفیەتی بوو) بۆ قەناعەتپێکردنی خێزانی دەستدرێژیکارەکە؛ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک و پاراستنی ئابڕووی هەردوو خێزانەکە بێ سوود بوو. دایکی کچەکە هەڕەشەی لێکرا و دەرکرا و سووکایەتیی پێکرا. دواتر کچەکەیان ناچار کرد منداڵەکەی بکوژێت، پاشان (ساریا) بەدەستی براکەی کوژرا و لەو دامێنە دوورانەی لە شاری (شنۆ)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دیارن، نێژرا! براکەی بە پەلە گۆڕێکی بۆ هەڵکەندبوو، گۆڕەکە لەسەر ڕێگای بەرەو باشووری کوردستان (بەرەو گادەر) دوور نەبوو، ڕێبواران هەستیان بە تەرمێک کرد کە بە تەواوی بە خۆڵ دانەپۆشرابوو، کاتێک خۆڵەکەیان لا دا، تەرمی کچی (شەهید میرزا ئاغا)یان دۆزییەوە، چەند بارزانییەکی نزیک لە خێزانی میرزا ئاغا بە نهێنی و لە شەودا تەرمەکەیان گواستەوە بۆ گۆڕستانی شنۆ و گۆڕێکی نوێیان بۆ هەڵکەند و لەوێ بەخاکیانسپارد. کارەساتەکە لێرەدا کۆتایی نەهات و گۆڕەکەی بۆ جاری دووەم هەڵدرایەوە، چونکە ڕۆژی پێشتر کچێک لە شاری شنۆ ون ببوو و دایک و باوکی نەیاندەزانی بۆ کوێ چووە، کاتێک هەواڵی گۆڕێکی نوێ بڵاوبووەوە لە کاتێکدا کەس لە شارەکەدا نەمردبوو، گومانیان کرد ئەوە کچەکەی ئەوان بێت کوژرابێت، بەڵام دوای هەڵدانەوەی گۆڕەکە بۆیان دەرکەوت کچەکەی ئەوان نییە، بەمشێوەیە (ساریا) بۆ جاری سێیەم نێژرایەوە، بەڵام کوڕە نازدارەکەی مەلا موستەفا تا ئەمڕۆیش بە ئازادی دەسووڕێتەوە و ڕادەبوێرێت، وەک ئەوەی هیچ ڕووداوێک بەهۆی

تاوانی ئەوەوە نەقەومابێت. لەولایشەوە؛ دەربارەکان ئەو ڕۆڵەیان دەگێڕا کە بۆیان دیاریکرابوو، واتە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی مەلا موستەفا و گۆڕینی تاوان و ئابڕووچوونەکەیان بۆ فەزیڵەت و چاکە، دەیانگوت: ئەگەر مەلا موستەفا بیزانیبایە چی ڕوویداوە، کوڕەکەی پارچەپارچە دەکرد، بەڵام ئەو ئاگاداری ئەوە نیە کە گوزەراوە و زۆر ماندووە و دەبێت تەندروستیی لەبەرچاو بگیرێت. ئێمە بێ ئەو، هیچ نین و دروست نییە لە بەردەمیدا باسی ئەم بابەتە بکرێت، هەر بەڕاستییش مەلا موستەفا بە باشترین شێوە ڕۆڵی خۆنەبانکردن و پشتگوێخستنی تاوانەکەی گێڕا.



لەلای ڕاستەوە: سە عید عومر، میرحاج احمد، عبدالحکیم، شێخ خورشید، ولی هەسنی. سەرەتای هەشتاکان، بەغداد.

ناڕەزایەتییەکی تۆندی جەماوەری لە ناو بارزانییەکان لە تاراوگە لەناو شارەکانی (کەرەج، عەزیمییە، ئیرانشاە) لە ئێرانی سەردەمی شادا، دروست بوو. سەرکردایەتی؛ ڕووی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکراکرد، بەڵام خەڵک بە کۆت و زنجیری ساواکی ئێرانی بەسترابوونەوە و توانای جووڵەیەکیان نەبوو، مەلا موستەفا دوای هەرەسی ئازاری ١٩٧٦ هەموو پارەکانی بزووتنەوەی کوردی لای خۆی مۆڵ دابوو، لە کاتێکدا پەنابەران بێبەش بوون لە بژێویی ژیانیان. لێرەوە کۆنترۆڵی ئەوان بەسەر ملی خەڵکە هەژارەکەدا مابووەوە، سەرەڕای دەستدرێژیی ئاشکرایان. بارزانییەکان؛ تووشی بێ هیواییەکی

گەورە بوون، بەتایبەت ئەوانەی باوەڕیان بە مەلا موستەفا کردبوو و لە تاراوگەی سۆڤیەتدا هاوڕێیەتییان کردبوون؛ ئەوان تەواو بێئومێد بوون، بەڵام کاتی هەڵوێستومرگرتنی نوێ بەسەرچوبوو، بێ دەسەڵات بوون لەناو قەفەسێکی تووندوتۆڵدا.

کاتێک بزووتنەوەی نەقشبەندی لە ساڵی ١٩٦٧دا دەستی بە چالاکی و فراوانبوون کرد، میرحاج ئەحمەد ئاکرێیی بەتەواوی چووە پاڵ شێخی بارزان، ئەو یەکێک بوو لە ئەفسەرە خاوەن ئەزموونە دێرینەکانی ناو بزووتنەوەی کورد لە سەرەتای چلەکانەوە و مەلا موستەفای لە نزیکەوە دەناسی؛ لە دامەزراندنی کۆماری مەهاباد و پەنابردن بۆ یەکێتیی سۆڤیەت و گەڕانەوەی سەرکەوتووانە بۆ نیشتمان بەشدار بوو، دوای کۆدەتای ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لە هاوینەهەواری (سەرسوڵکە) بینیم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تری بارزانی، کە پەنابەری وڵاتی سۆڤیەت بوون، گۆچانێکی بەدەستەوە بوو، سەرەخۆ لە تووڵەڕێگا هەوراز و درێژەکاندا بەرەو سەرەوە دەڕۆیشت بۆ لای شێخی بارزان لە وارێ (هۆرێ).

شێخ ئۆمەر شانەدەری؛ یەکێکی تر بوو لە پەنابەرەکانی ڕووسیا، هەر کە گەڕایەوە نیشتمان، پەیوەندیی خۆی لەگەڵ مەلا موستەفا بڕی و چووە پاڵ شێخی بارزان، ئەو لە یەکێک لە شەڕەکاندا، کاتێک بەرگری لە خاکی بارزان دەکرد دژی جاشە کوردەکان، شەهید بوو. شەڕقانێکی ئازا بوو و ڕێزێکی زۆری لە ناو بارزانییەکاندا هەبوو.

سەعید مەلا عەبدوڵڵایش بە هەمان شێوە چووە پاڵ شێخی بارزان و هاوڕێیەتیی مەلا موستەفای جێهێشت، ئەویش هاوڕێی مەلا موستەفا بوو بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، کەسانی تریش هەبوون وەک (ساڵح کانیەلنجی)، کە بڕیاریان دا لە ڕێبەری شۆڕش دووربکەونەوە، چونکە پێیانوابوو ئەنجامی خەباتەکەیان لە بەرژەوەندیی چینی هەژار و کۆمەڵگەی کوردیدا نابێت.

لە بارزاندا خوونەریتێکی هاوردەکراو نەبوو، بەڵکو خاوەن کەلەپوورێکی ڕەسەن بوون، کە لە ڕاستیی ژیانی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەو ڕووداوە مێژوویییە

تایبەتانەی لە ناوچەکەدا ڕوویاندابوو، کولتوورەکەیان هەڵقوڵابوو. لەو سەردەمەدا لە کوردستان چەند ناوچەیەکی کولتووریی جیاواز هەبوون:[٢٠٥]

- بارزان.

- ئەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوون.

- ئەو ناوچانەی کە جاشە کوردەکانی سەر بە حکومەتی بەغدای تێدابوو، کە کارە سەربازییەکانیان لەلایەن ئەفسەرانی باڵای سوپای عێراق یان دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتەوە، بەڕێوەدەچوو.

ئەم جۆرە کولتووره جیاوازانە؛ هێڵی جیاکەرەوەی ڕوونیان هەبوو، لە هەندێک لە قۆناغەکاندا دژایەتیی یەکتریان دەکرد، بەڵام لە کۆتاییدا تێکەڵ بوون، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد لە ئەقڵییەتیدا بەهاکانی جاشایەتیی هەڵگرتبوو، هەمان پاڵنەری هەبوو سەبارەت بە دەستکەوت و ئارەزوویەکی بێسنوور بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە. شێخی بارزان؛ نوێنەرایەتیی کەلەپوور و بەهاکانی بارزانی دەکرد و سوور بوو لەسەر پاراستنیان لەو کولتووره هاوردەکراوە مادییەی، کە بە دروشمی نیشتمانپەروەری و خزمەتی ستەملێکراوان داپۆشرابوو. ئەو لە بزووتنەوەی کوردی بە سەرکردایەتیی مەلا موستەفادا، لادانێکی دەبینی کە تەنها لە دەوری بەرژەوەندییە کەسییەکان دەسووڕایەوە، ئەمەی بە تەواوی بۆ ئەو بارزانییانە ڕوونکردەوە کە خەمخۆری بەهاکانیان بوون و ئاگاداری کردنەوە لە دەرەنجامی باوەڕکردن بە خۆنیشاندانی دووفاقی مەلا موستەفا بە ڕێزگرتن و پابەندبوون بە بەها ڕووحییەکانی بارزانەوە. بزووتنەوەی سۆفیگەری؛ بە بێدەنگی موریدانی شیاوی خۆی ئامادەکردبوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە ڕێکخراوەییەکانی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی، هەموو ئەو نێردراوانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە، ببوونە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕێنماییانەی کە پەیوەستبوون بە ڕێکخستنی ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئەم کەسانە سەر بە هۆزە جیاوازەکان بوون و هیچ ئەندامێکی بنەماڵەی فەرمانڕەوای بارزانییان تێدا نەبوو. بینینی تەنها یەکێک لەم موریدانە، بەس بوو بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی پەیامە ڕووحییەکە و چیتر پێویست

[205]Hishyar Barzani،Mercenary Culture Prevalent in Kurdistan. b+c=C. www.kurdishmedia.com. Also: www.kcdme.com. 24/01/2007

نەبوو بڕۆیت بۆ بارزان. بە واتایەکی تر سیستمێکی ناوەندگەرای تووندوتیژ نەبوو؛ هەموو ئەم ناوەندانە دەسەڵاتیان پێدرابوو کە ڕێنماییەکانی نەقشی، ڕاستەوخۆ لە دەوروبەری خۆیاندا بڵاو بکەنەوە. ئەگەر کێشەیەکیش چارەسەر نەکرایە، ئەوا دەگەڕانەوە بۆ بارزان یان شرئـــ **ناوی موریدان:**

سەید عومەر ئەرگۆشی (نزاری)
سلێمان علی سەفتی (نیزار)
حسن بابەکرباب سێفی (وڵات ژێری)
شێخ عیسا شیماشی (هۆپەیی، گەردی)
جەمیل سالم کانیبۆتێ (شێروانی)
فەقێ ئەب سێلکی (مزووری)
مەلا علی پێندەرۆیی (مزووری)
وەلی ملابراهیم حسەنی (بەڕۆژی)
ملا محمەد بیبانی (بەڕۆژی)
میقداد زیاب بارزانی (بەڕۆژی)
حیدەر خەلانەیی (دۆڵەمەری)
خالید زراری (شێروانی).

ئەمانە لە شوێنی خۆیاندا؛ کەسانی بەڕێز بوون و بە ڕەوشتبەرزی و لێبوردەیی ناسرابوون و چاکەخواز بوون، بەپێی ئەو فەرموودەیە (ئەوەی بۆ خۆت پێتخۆشە، بۆ خەڵکیش پێتخۆشبێت، ئەوەی بۆ خۆت ڕقت لێیە، بۆ خەڵکیش ڕقت لێببێت). محەمەد خالید؛ بەشێوەیەکی گشتی ئارەزووی ئەوەی هەبوو پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دروست بکات و نەیدەویست بکەوێتە ململانێ لەگەڵیاندا. لە بەرامبەردا؛ عوسمان حەزی بە نزیکبوونەوە لە حکومەت نەبوو و زیاتر مەیلی بۆ پشتگیریکردنی بزووتنەوەی کورد هەبوو، شێخی بارزان تەنانەت لەناو خێزانەکەی خۆیشیدا کەسێکی غەریب بوو، ئەوەیش بەهۆی دووڕکەوتنەوەی بوو لە خاوەندارێتیی مووڵک و ماڵ، لە زۆر بۆنەدا لە بەردەم کەسە نزیکە ڕووحییەکانی خۆیدا دەیفەرموو: کوڕەکانم؛ لە خۆم و مەبەستەکانم تێناگەن! هەر بۆیە شێخی بارزان؛ زیاتر لایەنگری جەماوەری دەکرد بۆ جێبەجێکردنی

بەرنامە ڕووحییەکەی، ناکۆکیی نێوان شێخی بارزان و کۆڕەکانی ئاشکرابوو. لەلایەکی ترەوە؛ مەلا موستەفا زۆر بە باشی دەیزانی کە شێخی بارزان خاوەن چەند بنەمایەکی جێگیرە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت کاریگەریی لەسەر دابنێت، لەم ڕێگایەوە دەستیکرد بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆڕەکانی شێخی بارزان و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی، تەفرەی دەدان. لێرەدا پێویستە چەند وشەیەک لەسەر کۆڕەکانی شێخی بارزان بڵێین، بەتایبەت محەمەد خالید کە کۆڕەگەورەی بوو و عوسمان کە کۆڕی دووەمی بوو. لە کاتێکدا هەردوو کۆڕەکەی تری؛ جەمال و نەزیر هیچ ئەرکێکیان لە بەڕێوەبردنی ناوچەکەدا نەبوو، بچووکترین کۆڕیشی (سانیع) هێشتا منداڵ بوو.

محەمەد خالید لە ساڵی ١٩٤٧دا زیندانی کرابوو و نزیکەی ٨ ساڵی تێدا بەسەربرد، لە کاتێکدا عوسمان وەدەرنرابوو (نەفی)، دوای کۆدەتای تەممووزی ١٩٥٨، خێزانی بارزانی گەڕانەوە بۆ ناوچەکە و شێخی بارزان فەرمانی دا محەمەد خالید لە مێرگەسۆر نیشتەجێبێت، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بگرێتە ئەستۆ، لە کاتێکدا عوسمان لە بارزان مایەوە بۆ ڕاییکردنی کاروباری ناوخۆیی و دونیایی ناوچەکە. شێخ خورشیدیش بۆ کاروباری ڕۆحی دەستنیشانکرا. ئەم هاوکێشەیە تا ئەوکاتەی شێخی بارزان لە ژیاندا بوو، پارێزگاریی لە هاوسەنگی و یەکڕیزیی ناوچەکە دەکرد. مەلا موستەفا بە باشی شیکاریی بۆ ئەوە کردبوو کە چۆن دزە بکاتە ناو ماڵی شێخی بارزان، بۆ ئەوەی کەلێنێکی تێدا بکاتەوە و لەبەریەکیان هەڵوەشێنێت، ئەم هەنگاوەیشی لەسەر بنەمای بەردەوامبوونی دەسەڵاتەکەی بۆ دوای مردنی خۆی داڕشتبوو، موستەفا بارزانی سەرەتای جووڵەکانی بە کارتی ژنهێنانی کۆڕەکانی خۆی دەستپێکرد، سێ لە کۆڕەکانی هێشتا هاوسەرگیرییان نەکردبوو (ئیدریس و مەسعوود و سابیر). مەلا موستەفا بەپێی خواستی خۆی بۆ هەژموون و مسۆگەرکردنی دەسەڵاتی بنەماڵەکەی بەسەر کۆمەڵگەدا، هاوسەری بۆ کۆڕەکانی هەڵدەبژارد:

ئیدریس: کە بارزانییەکی تەواو هۆشیار بوو، باوکی بۆ ئەوەی هەژموونی لە سلێمانی دەست بکەوێت، کچی بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانیی بۆ خواست. ڕاستیش

بوترێت ئەو خانمە، خانمێکی تێگەیشتوو بوو بۆ دۆزی نیشتمانی و ئەو گەندەڵییەی پێ قبوڵ نەدەکرا کە لە ماڵی مەلا موستەفادا بڵاو ببووەوە.

مەسعوود: کە نەوەی مەحموود ئاغای زێباریە و هیچ لە کەلەپووری بارزانی تێدا نییە، باوکی لە ڕێگەی هاوسەرگیری لەگەڵ کچی محەمەد خالید (نەوەی شێخی بارزان) تێکەڵی بارزانییەکانی کردەوە، بەوەیش هەنگاونانی بۆ پلە بەرزەکان ئاسانترکرد، باپیرەی (مەحموود ئاغای زێباری) و خاڵی (زوبێر مەحموود ئاغا) گرەویان لەسەر ئەو دەکرد، بۆ پاراستنیان و چەسپاندنی هەژموونیان و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان لە داهاتوودا، لە ڕێگەی کاریگەری دانان لەسەر مەلا موستەفا بۆ ئەوەی بیکاتە جێگرەوەی خۆی.

سابیر: کاری بە سیاسەت نەبوو، کچێکی ناوچەی سۆرانیان بۆ خواست کە پێشتر نەیبینیبوو، مەلا موستەفا تەنها لەسەر بنەمای سۆزداری، پلانی بۆ میراتگرییەکەی دانابوو. هەر بۆیە ئیدریس و سابیری لە میراتگری دوورخستنەوە، هەردووکیان لە دەرەوەی بارزان ژنی بۆ خواستن، ئەو پلان و هەنگاوە ستەمکارییە زاڵەی کە هەیبوو، گەیشتە ئەو ئاستەی بەو شێوەیەی ئەو دەیەوێت هاوسەرگیری بەسەر کوڕەکانیدا بسەپێنێت، کە لە ڕاستیدا هاوپەیمانیی سیاسی بوون بەپێی پێداویستییەکانی لۆژیکی میراتگری، کە لە سەرەتاوە پلانی بۆ دارشتبوو، بەڵام مەبەستەکانی خۆی دەشاردەوە و باسی نەدەکردن، بێوچان بە نهێنی کاری بۆ دەکردن.

هەردوو براکەی تر (عوبەیدوڵڵا و لوقمان) خاوەنی جۆرێک لە سەربەخۆیی و ڕووحی یاخیبوون بوون؛ بەرامبەر بە گوێڕایەڵیی ڕەها بۆ دەسەڵاتی باوکیان، لە کاتێکدا (ئیدریس، مەسعوود و سابیر) بەتەواوی گوێڕایەڵ بوون، پێکدادان لە نێوان باوک و هەردوو کوڕەکەی (عوبەیدوڵڵا و لوقمان) بەهۆی لایەنگریی سۆزداریی ئاشکرای باوکیان بۆ مەسعوود و زەمینەسازی بۆ جێنشینیی مەسعوود، زیادی کرد. ڕەخنەی عوبەیدوڵڵا و لوقمان لەسەر باوکیان؛ لە سەر پەیوەندییە نهێنییەکانی بوو لەگەڵ جاشەکان و نیشان نەدانی هیچ ڕێزێک بۆ هەستی ئەو خەڵکەی کە ناڵاندبوویان بەدەست ستەمی ئەوانەوە، لە بەرامبەرییشدا باوک گلەیی لە هەردوو کوڕەکەی دەکرد؛ بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لە گوێڕایەڵیی ڕەها بۆی. ئەم ناکۆکیە خێزانییانە، دواتر

ڕەهەندی سیاسییان وەرگرت و بوونە هۆی پارچەپارچەبوونی خێزانەکە، ململانێی کەسیی نێوان باوک و کوڕەکانی، دیسان بە دروشمی نیشتمانی و مەبدەئیبوون دادەپۆشرا. ئیدریس زیرەک بوو، لە چاک و خراپدا گوێڕایەڵی باوکی بوو، ئەو بوو کە ئەرکە قورسەکانی گرتنە ئەستۆ، وەک دواییین دیدار لەگەڵ سەددام حوسێن بۆ دوورکەوتنەوە لە شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤، ئەو بوو گەشتیکرد بۆ واشنتۆن بۆ ئەوەی ریتشارد هۆڵمز (بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگریی ئەمەریکی) ببینێت، هەروەها بەرپرسی پەیوەندیەکانی پارتی بوو لەگەڵ ئێران. دروشمی ئیدریس کە هەمیشە بە گوێی منیدا دەدا، ئەمە بوو: (لە سایەی شێردا بمێنەرەوە تەنانەت ئەگەر بە تێکشکاوییش بێت)! مەبەستی لەمە؛ گوێڕایەڵیی ڕەهای باوکی بوو ئەگەر هەر چۆنێکیش مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ئیدریس؛ ستراتیژییەتیی نزیکبوونەوە لە باوکی، لەسەر زیرەکی و لێهاتوویی خۆی بونیاد دەنا، بەو بڕوایەی کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا ئەمە بەسە بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی باوکی و پێشکەوتنی بەسەر هەموو براکانی تریدا، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت کە باوکی هەڵوێستەکانی بەرامبەر کوڕەکانی لەسەر بنەمای زیرەکی و لێهاتوویی و شایستەیی بونیاد نانێت، بەڵکو لەسەر بنەمای سۆز دەبێت، ئەمەیش یەکێک بوو لە گەورەترین هەڵە و کۆسپەکانی، بەڵام نەیویست ئەم تێڕوانینە هەڵەیە ڕاست بکاتەوە، یان ڕەنگە تا خۆی لە ژیاندا مابوو ئیرادەی پێویستی نەبووبێت، باوکی هەموو پەتەکانی کۆتکردنی بۆ ئامادەکردبوو تەنانەت بۆ دوای مردنیشی، بەشێوەیەك ئیدریس نەتوانێت لەو کۆتانە ڕزگاری بێت، ئیدریس لە بیرکردنەوەیدا ڕوون بوو، باوکی زۆر بە باشیی دەناسی، وتەیەکی بەناوبانگی هەبوو کاتێک دەیدیت باوکی پارێزگاری لە مەسعوود دەکات و ئەرکە نەشیاوەکان دەسپێرێت بەم دەیگوت: من ئەو گسکەم کە هەموو [.....] ماڵی مەلا موستەفای پێ ڕادەماڵن. چەندین جار ئەمەم لێبیستوە.

ئیدریس؛ لای کەسە نزیکەکانی مەترسییەکانی خۆی دەردەبڕی، کە سۆز و عاتیفەی باوکی، هەمووان بەرەو کارەسات دەبات، ئەو زۆر بەئاگا بوو لەوەی لە ناخی باوکیدا چی دەگوزەرێت لە مەیل و بیرۆکە و پلانی نهێنی، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردەوە نییە و دژی بەهاکانی

بارزانن و هەموو شتێک بەناوی دروشمە جۆراوجۆرەکانەوە تێدەپەڕێت، بەڵام ئەو فێری گوێڕایەڵیی ڕەها ببوو. زیرەکییەکەی لە ناو چوارچێوەی گوێڕایەڵیدا بە زیندانی مایەوە و هەرگیز لێی دەرنەچوو. چونکە تا ڕادەیەکی زۆر بوێریی نەخێری بەرامبەر باوکی تێدا نەبوو، ئەرکە قورس و مەترسیدارەکان لە ئەستۆی ئیدریس بوون. ڕاستییەکەیشی بوترێت، زۆر سوور بوو لەسەر ڕازیکردنی باوکی و هەرچۆنێک باوکی مامەڵەی لەگەڵدا بکردایە، ئەو بێدەنگ بوو بەرامبەر ئەو سووکایەتییانەی لەلایەن مەسعوودی برای یان باوکییەوە پێی دەکرا. مەلا موستەفا؛ هەوڵی دەدا زیرەکیی ئیدریس بخاتە خزمەت مەسعوودەوە، چونکە متمانەی بە ئاستی زیرەکیی مەسعوود نەبوو، بێجگە لەوەی مەسعوود زۆر لایەنگری خاڵە جاشەکانی بوو، کە ئەمەیش لەو سەردەمەدا لە ناوەندە نیشتمانییەکانی کورددا قبوڵکراو نەبوو. ئیدریس؛ پێویست بوو نیشاندانی لایەنی دژایەتیکردنی جاشەکان، تا ئەوکاتەی هەلومەرج لەبار دەبێت گۆڕانکاری دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆسەی میراتگری بۆ خۆی، مەسعوود چاوەڕێی باوکی بوو کە ئەرکی جێگرتنەوەی بۆ ڕێکبخات، بەتایبەت لەناوبردنی ئەوانەی بە نەیاری پڕۆسەی میراتگری دادەنران چ لە ڕێگەی پاکتاوی جەستەیی یان ناوزڕاندن یان دەرکردنیان بێت بە بیانووی جۆراوجۆر، ئەم ئەرکانە لە توانای مەسعوودا نەبوون، بەڵکو ئەرکی باوک بوو لە بری کوڕەکەی و دەبوو پێش مردنی ئەنجامیان بدات.

مەحموود ئاغای زێباری و زوبێری کوڕی، ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لەسەر مەلا موستەفا، بەتایبەت دوای کۆچی دوایی شێخی بارزان لە ساڵی ١٩٦٩، تاکو پەلە بکات لە گرتنەبەری ڕێکاری توند بۆ مسۆگەرکردنی میراتگری بۆ مەسعوود، گرنگە لێرەدا ئاماژە بەو کارە سەیرانە بکرێت کە مەلا موستەفا ئەنجامیدان و گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە کەسایەتییدا دروست کرد، لە ڕاستیدا ئەم ڕەفتارانە هەر لە بنەڕەتدا لە ناخیدا هەبوون، بەڵام دەیشاردنەوە. دەرفەتی دەربڕینی ئەو کینە و گرێیانەی ناخی دوای کۆچی شێخی بارزان و ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازار ئاشکرا بوون، بەتەواوی لایەنگری و سۆزە تایبەتییەکانی بەدەرکەوتن، بۆ هەمووان دەرکەوت کە چەندە لە نیشتمانپەروەری و بارزانێتی بە دوورە، چۆن سووکایەتی بە پارتی و شۆڕش و تێکۆشەرە

دێرینەکان دەکات، کە یارمەتییان دابوو بگاتە لووتکەی دەسەڵات، بەڵام پڕوپاگەندەی پارتایەتی و دەربار بەردەوام بوون لە گەورەکردنی و دروستکردنی وێنەیەکی چەواشەکارانە لە خەیاڵدانی خەڵکە سادەکەدا بۆ کەسایەتیی سەرۆك، حاڵەتی شیزۆفرینیا لە پڕوپاگەندەی پارتایەتیدا زۆر بەهێز بوو؛ کارەکانی سەرکردە تەواو پێچەوانەی ئەو وێنەیە بوون کە پڕوپاگەندەی بۆ دەکرا.

کاتێک ململانێ دروست دەبوو لە نێوان سیاسەت و سۆز و حەزدا، مەلا موستەفا لایەنی سۆز و حەزەکانی دەگرت و سیاسەتی وێران دەکرد. لە ململانێی نێوان سۆز و ئەرکی نیشتمانیدا، تا مردن تای تەرازووی سۆزەکانی قورستر بوو. بە ڕوونی دەستبەرداری کەسایەتییە مێژوویییەکەی خۆی بوو لە بەرژەوەندیی کەسایەتییە سۆزدارییەکەی، بەشێوەیەك یەکەمیان لەژێر قورسایی دووەمیاندا هەرەسی هێنا. بۆ نموونە جارێکیان تۆڕێکی داوێنپیسی و لەشفرۆشی لە ناوچەی (گەڵاڵە) ئاشکرا بوو، دەرکەوت ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن، پیاوانی مەلا موستەفان کە بارزانی نەبوون و لە مەسعوودەوە نزیک بوون، کۆمەڵێک بارزانی چوونە لای مەلا موستەفا و لە سادەیی خۆیاندا؛ وایاندەزانی ئەو ئاگاداری بابەتەکە نییە و ئەوان بە ئاشکراکردنی ئەم فەزیحەیە کە دژی بەهاکانی تێکۆشانە، خزمەت بە ڕێبەرەکەیان دەکەن و ئەویش دەستخۆشییان لێ دەکات! کاتێک باسی ئەو گەندەڵییەیان بۆ کرد کە لە ناو دەربارەدا دەگوزەرێت - لە کاتێکدا پێشمەرگە لە سەنگەرەکاندا بەرگری لە شەرەف و کەرامەت دەکەن - مەلا موستەفا زۆر تووڕە بوو و بە گرژییەکی دیارەوە، بەرگریی لە پیاوەکانی خۆی کرد و پێیگوتن: من ئێوە دەناسم، هەرکەسێکم خۆش بوێت و لە خۆمی نزیک بکەمەوە ئێوە دژایەتیی دەکەن، دەبێت کۆتایی بەم ئاشووبە بهێنن، کە بارزانییەکان گەڕانەوە و بەڵێنیان بە خۆیان دا چیتر هیچ کارێکی نائەخلاقی و پێچەوانەی بەهاکانی بۆ باس نەکەن. ڕاستییەکە ئەوەیە کە پیاوەکانی دەربار خاوەنی پارێزبەندیی تەواو بوون و بە بەردەوامی سەردانی شارەکانی ئێران (خانێ و ورمێ)یان دەکرد و پەیوەندییان لەگەڵ کارمەندانی ساواکدا هەبوو، ساواکیش کاری لەسەر تێکدانی کۆمەڵگەی کوردی و گۆڕینی بنەما ئەخلاقییەکانی دەکرد، ڕێکەوتن لە نێوان پیاوانی دەربار و ئەندامانی

ساواک دروستبوو، بۆ هێنانی ئافرەتی لەشفرۆش لە ئێرانەوە بۆ کوردستان و دابەشکردنی قازانج و چێژەکان لە نێوان خۆیاندا.

ساڵی١٩٧٠ چالاکیەکانی مەلا موستەفا کەم ببون و پیریی پێوە دیاربوو، هەروەك هەوڵی تیرۆرکردنەکەی لە ١٩٧١/٩/٢٩وەك زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ ئەوانەی هەوڵیان دەدا مەسعوود بکەنە جێگرەوەی باوکی، فشاری بازنە داخراوەکەی دەوری مەلا موستەفا تا دەهات زیاتر دەبوو، ئەوان دەیانگوت ئەگەر مەلا موستەفا شتێکی لێهات و پێش مردنی ئەوانەی لەناو نەبرد کە دژایەتیی سەرۆکایەتیی مەسعوود دەکەن، ئەوە دەبێتە کارەساتێک بۆ بنەماڵەی مەحموود ئاغای زێباری بەتایبەتی ئەگەر میراتەکە بکەوێتە دەست کوڕێک کە لە نەوەی مەحموود ئاغای زێباری نەبێت، هەرچەندە پارە و داهاتی شۆڕشی کورد لە بەردەستی مەسعوود بوون، بەڵام ئەوە بەس نەبوو. مەسعوود لە ناو بارزانییەکاندا پێگەی جەماوەریی نەبوو، بەڵکو بەهۆی دەسەڵاتە داراییەکانییەوە کەسانی هەڵپەرست دەوریان دابوو. لەلایەکی تر ڕەنگە کوڕەکانی تری مەلا موستەفا لە هاوسەری یەکەم و دووەمی، پڕۆسەی سەپاندنی میراتگری ڕەتبکەنەوە، ئەوکاتە سەرکردایەتی و ئاراستەیەکی تر دروست دەبێت بەرژەوەندیی ئەو بەکرێگیراوانە لەبەرچاو ناگرێت کە گرەویان لەسەر مەسعوود دەکرد، هەر بۆیە دەکرێت ساڵانی حەفتاکان بە ساڵانی یەکلاکەرەوە و پڕ لە پیلانگێڕی و ئاشووبی ناوخۆیی دابنرێت بۆ یەکلاکردنەوەی پڕۆسەی میراتگری لە بەرژەوەندیی دەربارەکان، وەک چۆن دەمانبینین.

مەلا موستەفا، پشتیوانیی (محەمەد خالید بارزانی)ی کە ئاوەڵزاوای مەسعوود بوو بۆ پلانەکانی مسۆگەر کردبوو، هەر لەبەرئەوەیش بوو دەیویست وەک سەرۆکی هەموو بارزانییەکان بیسەپێنێت، بۆ ئەوەی پڕۆسەی جێگرتنەوە بۆ مەسعوود مسۆگەر بکات. کۆسپی بەردەمی موحەمەد خالید، عوسمانی برای بوو، چونکە عوسمان دژایەتیی پلانە شاراوەکانی دەرباری دەکرد، پڕۆسەی جێگرتنەوە ڕێڕەو و ڕووی جیاوازی بەخۆوە بینی، کە دەبێت ئاماژەیان پێ بکەین ئەگەر بەکورتییش بێت.

لە سەرەتاوە مەلا موستەفا دەیویست پارتەکە بگۆڕێت بۆ پارتێکی بنەماڵەیی پشتاوپشت، پارە و داهاتی بزووتنەوەی کوردی بە پارەی تایبەتی خۆی دەزانی و دەیویست

بۆ خێزانەکەی بە میرات جێیانبهێڵێت، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ئەم نەریتەی بەشێوەیەکی ڕوونتر تێدا دەرکەوت، لە ئەنجامی بێ متمانەیی و ئەو گرنگییە کەمەی لەلایەن مەکتەبی سیاسیی پارتی پێی دەدرا، هەردوو کوڕەکەی (ئیدریس و مەسعوود)ی هێنایە پێشەوە و دەسەڵاتێکی گرنگی پێدان کە زۆر زیاتر بوو لە دەسەڵاتەکانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان. وێڕای کەمیی تەمەن و کەمئەزموونییان لە بواری سیاسەتدا، بەڵام ئەرکی سەرپەرشتیکردنی دەزگای پاراستنی سپارد بە مەسعوود و بارەگایەکی تایبەتیان بۆ کرایەوە، کە ناونرا بارەگای بارزانی. بەمشێوەیە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قووچەکی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورددا بووە پلە سێ، کاتێکیش مەکتەب سیاسیی کۆنی گۆڕی و مەکتەبێکی نوێی دامەزراند، دەسەڵاتەکەی وەک خۆی مایەوە، بەڵکو بەهێزتریش بوو. ئیدی ئەو بڕوایەی لا دروست بوو کە دەتوانێت بێ ئەوەی سەرکردایەتییەکەی بڕووخێت هەر کاتێک بیەوێت مەکتەبی سیاسی بگۆڕێت، بۆ ئەو مەبەستە دوای ساڵی ١٩٦٤ دەستیکرد بە دیاریکردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەو شێوەیەی خۆی دەیویست، بەمەیش پڕۆسەی هەڵبژاردن و پاڵاوتنی ئاسایی کۆتاییهات، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی نوێ هەموو ئەو شتانەیان قبوڵ کرد کە مەکتەبی سیاسیی کۆن قبوڵی نەدەکردن. بەمەیش دەسەڵاتی سەرۆکی حیزب، بووە دەسەڵاتێکی ڕەها و بێ سنوور، کاتێکیش سەرقاڵی جێبەجێکردنی پلانی جێگرتنەوە بوو، چیتر هیچ بایەخێکی بۆ مەکتەب سیاسی نەهێشتەوە.

هیچ گومانێک نییە لەوەی کە پرسی میراتگری لە مێشکی مەلا موستەفادا، لە پێشینەی هەموو بایەخەکانی تری بووە و تا کاتی مردنی ساڵی ١٩٧٩ تەوەری سەرەکیی ژیانی بووە، ئەمەیش پێش مافەکانی گەلی کورد و چارەنووسی بزووتنەوەی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزان و چارەنووسی هاوسەنگەرەکانی دەکەوت. مەلا موستەفا، دوای بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠، گوێی بە بۆچوونی لە پێشینەی بارزانییەکان نەدەدا، چونکە پێویستیی بە توانای جەنگیی ئەوان، تا ڕادەیەکی زۆر کەمی کردبوو، خۆی بە خاوەنی هێزێکی زۆر گەورەتر دەزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی دەستەمۆکران و هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو ناوچەکانەوە چوونە ڕیزی پێشمەرگە و گەلیش بە دروشمە نیشتمانییە بریقەدارەکان خەڵەتێنرابوون. خۆیشی بەشێوەیەکی

کەسی، دەروازەی حاجی ئۆمەرانی کۆنترۆڵ کردبوو و لەوێوە پارە و چەکی وەردەگرت. فاکتەری قۆرخکردنی دەسەڵات بۆ ماوەیەکی درێژی بێ لێپرسینەوەی ڕاستەقینە، بووە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی دەسەڵاتی تاکەکەسی و لە ئەنجامدا ڕەوشتی لایەنگریی کوێرانە و مشەخۆری و هەڵپەرستی و مەحسوبیەت لەم جۆرە ڕژێمەدا دێتە ئاراوە، ئەمە سروشتی مرۆڤە بەدرێژایی مێژوو. دواجار وەك بینیمان مەلا موستەفا، بووە دیلی دەستی وەهمەکانی خۆی و تێنەگەیشتنی لە گۆڕانکاریە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. ئیدی کەسێکی وای بەدەورەوە نەمابوو کە هەندێک هۆشیاری و بوێری هەبێت و سەرنجی ڕابکێشێت بۆ شتێکی تر، یان ئاگاداری بکاتەوە لە نیازی دوژمنانی دەوروبەر.

ئیدریس هاوڕێی منداڵیم بوو، هەموو ساڵانی تاراوگەمان پێکەوە لە عێراق لە قوتابخانەکانی بەسرەوە بۆ مووسڵ و پاشان بەغداد بەسەربرد، ئەو قوتابییەکی زیرەک و لێهاتوو بوو، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا باوکی بۆ ئەرکە سەختەکان هەڵیبژاردبوو. دەبێت چەند دێڕێکی تریش سەبارەت بەو ڕێکارانە بنوسم، کە مەلا موستەفا گرتنیە بەر بۆ مسۆگەرکردنی پڕۆسەی جێگرتنەوەی خۆی لەسەر بنەمای سۆزداری بۆ دوای مردنی، ئەم پڕۆسەیە نە لە دوور و نە لە نزیک پەیوەندییان بە بەها نیشتمانییە کوردییەکان یان بەها مێژوویییەکانی بارزانەوە نەبوو، بە پێویستی دەزانم ئەم ڕاستیانەی خوارەوە بگێڕمەوە. ئیدریس بارزانی، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و ڕووخاندنی ڕژێمی شا، گەیشتە لەندەن. ئامانج لەم گەشتەی دەرچوون بوو لەو گۆشەگیرییەی پارتیی تێکەوتبوو، چونکە ناوبانگی پارتی بەهۆی نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ساواکی ئێرانی و مۆسادی ئیسرائیلی و گەندەڵی و دزینی پارە، تەواو لە پاشەکشەدا بوو. لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هیترۆ پێشوازیم لێکرد، ئەو پێیباشبوو لە هۆتێل بمێنێتەوە، ڕۆژی دوای گەیشتنی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەڕێز مەهدی حەکیم (ناوبراو لە فڕۆکەخانەی سوودان بە دەستی پیاوانی ڕژێمی سەددام حوسێن تیرۆرکرا) ئەنجام درا، لە کۆبوونەوەکەدا سەعد ساڵح جەبر و بەڕێز حەسەن نەقیب و بەڕێز فازڵ عەساف ئامادە بوون. ئیدریس زۆری لێکردم ئامادەی ئەم کۆبوونەوانە بم و خوێندنەکەم بۆ دوو ڕۆژ دوابخەم، کۆبوونەوەی یەکەم لە ماڵی سەعد ساڵح جەبر و کۆتا کۆبوونەوە لە ماڵی بەڕێز فازڵ عەساف بوو لە لەندەن، دیار بوو کە حکومەتی سوریا ئاگاداری ئەم کۆبوونەوەیە

بووە، چونکە لە نێو ئامادەبووواندا نوێنەرێکی سەر بە هەواڵگریی سوریا هەبوو کە بە ڕەچەڵەک عێراقی بوو، ئەویش دواتر لە کۆبێت بە دەستی پیاوانی ڕژێمی بەعس تیرۆرکرا.

ئێواران لە چێشتخانەیەکی یۆنانی، نزیك لەو هۆتێلەی ئیدریسی لێ دەمایەوە یەکترمان دەبینی، زۆربەی ئێواران بە تەنیا بووین، ئێوارەیەك نەبێت کە میری ئێزدییەکان (میر تەحسین بەگ) میوانداریی کردین، دەرفەتێکی باش بوو بۆ قسەکردن لەسەر ئەوەی بارودۆخەکە دوای مردنی باوکی بە چی دەگات، من تێڕوانینە نەرێنییەکانی خۆمم لێ نەدەشاردەوە سەبارەت بە زۆرێک لە هەڵوێستەکانی باوکی، کە کارەسات و نەهامەتییان بۆ گەلی کورد هێنابوو، ئەویش بێگومان ئاگاداری هەموو ئەوانە بوو، بەتایبەت کاتێک باوکی سۆزی خۆی تێکەڵی سیاسەت دەکرد و بە ڕاشکاوی و ڕوونی پێیگوتم کە یەکێک لە هۆکارەکانی هەرەسهێنانی بزووتنەوەی کورد، مەیلی زۆری باوکی بوو بۆ خزمە نزیکەکانی مەسعوود لە لای دایکیەوە، کاتێک ئیدریس هەستیکرد من دڵنیام لەوەی هەمان نەریت لای مەسعوودیش زاڵە، ئەو ویستی دڵنیام بکاتەوە و وتی: گرنگ ئەوەیە من ڕێگە نادەم جارێکی تر دەربار، دەسەڵاتە سەرەکییەکان بگرنە دەست و تەنها بە ڕووکەش دەبێت نەک بە کردەوە، دڵنیابە. لە ڕاستیدا زۆرێک لە دڵسۆزان پێیانوابوو ئیدریس بەهۆی ئەو زیرەکی و توانا سیاسییەی هەیبوو، شایستەی جێگرتنەوەی باوکیەتی. ئیدریس بە پێچەوانەی مەسعوودی برایەوە، ڕەگوڕیشەی سۆزداریی لەناو ژینگەی دەرەبەگایەتیی جاشدا نەبوو، بارزانییەکان بە تێکڕا ئیدریسیان لە مەسعوود پێ باشتر بوو. کاتێک لە ساڵی ١٩٨٠ گەڕامەوە ئێران، سەردانی ئیدریسم لە ماڵەکەی خۆیدا کرد، فەتاح ئاغا لەوێ بوو، فەتاح تازە بڕوانامەی ماجستێری لە زانکۆی تاران بەدەستهێنابوو (دواتر لە شەڕی حاجی ئۆمەران شەهید بوو). کاتێک من گەیشتم، فەتاح ئاغا قسەکانی نەبڕی، ڕەنگە ویستبێتی من ببمە شاهێد لەسەر ئەو قسانەی کە ڕووی لە ئیدریس کرد و وتی: من تۆ لە شوێنی مەلا موستەفا دەبینم، ئیدریس بە نەخێر وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو بێدەنگ بوو، بەڵام کێشەی ئەوە بوو کە بوێریی زۆری نەبوو، نەیدەتوانی لەو زنجیرانە دەربچێت کە باوکی کۆتیکردبوو پێیان. هەروەها ئەوەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ باوکی لەبارەی مەسعوودەوە بەگوێی ئیدریسیدا دەدا تاکو ملکەچ بێت بۆ مەسعوود.

جاری دووەم کاتێک لە لەندەنەوە گەیشتمە تاران و ئیدریس زانیی گەیشتووم، یەکێک لە پاسەوانەکانی نارد و داوای لێکردم بچمە ماڵەکەی، بۆ ئەوەی چاوم پێبکەوێت بۆ کارێکی زۆر گرنگ، کات ئێوارە بوو، چوومە ئەو ژوورەی تێیدا دانیشتبوو، بە تەنیا بوو، خەمبار و زۆر جدی دیار بوو، ئەمە بەشێک بوو لەو قسانەی لە نێوانماندا گوزەران:

نەمهێشت لە سەفەر پشوو بدەیت، بەڵام کێشەیەک هەیە کە پڕ ئازارترین کێشەیە دوای مردنی باوکم، دەمەوێت لەم تەنگانەیەدا پشتم بگریت.

پرسیم: چی ڕوویداوە؟ لە چ تەنگانەیەکدایت کە بە دووەم تەنگانە دوای مردنی باوکت دای دەنێیت؟ چاوەڕێی وەڵامم لێکرد.

بۆی باس کردم کە چیی لێ داواکراوە، یان بە دەربڕینێکی وردتر چیی بەسەردا سەپێنراوە؛ کێشەیەکی کەسی بوو کە نامەوێت باسی بکەم مەگەر تەنها بەو ڕادەیەی کاریگەریی هەبێت لەسەر پلانەکانی مەلا موستەفا و مەسعوودی کوڕی لە دیاریکردنی جێگرەوەدا، کاتێک قسەکانی تەواو کردن، یەکسەر تێگەیشتم لەو فشارە گەورانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە بۆ ئەوەی دەستبەرداری هەموو شتێک بێت، کە پەیوەندیی بە میراتگریی سیاسییەوە هەیە، لاوازیی پێوە دیار بوو.

من کە ئامانجەکانی پشتی ئەم پیلانگێڕییەم دەزانی لەسەر داهاتووی هەموو بزووتنەوەی کورد و کاریگەرییەکەی لەسەر مێژوو، بە ڕاشکاوی و ڕوونی پێمگوت: دەمەوێ لەگەڵت ڕاستگۆ بم تەنانەت ئەگەر بێئومێدیشت بکەم، من ناتوانم هاوکاریت بکەم لەم تەنگانەیەدا، پەندێکی کوردی ناسراوم بۆ هێنایەوە: دۆست ئەو کەسەیە دەتگرێنێت و دوژمن ئەو کەسەیە کە پێت پێدەکەنێت. وتم: لە ڕووی پرەنسیپەوە و وەک ڕێزێک بۆ ئەو هەموو ئازار و قوربانییە بێشومارەی مێژوو کە تاقمێک سوودیان لێ وەرگرتووە کە سەر بەو میراتە نین، ناتوانم هیچی تر بکەم جگە لەوەی هەموو هەوڵێک بدەم بۆ ئەوەی لەم ژێردەستەییە شەرمئاوەرە دوورت بخەمەوە، لەگەڵ باوەڕەکانی خۆم ناپاك نابم و لەم هەنگاوە مەترسیدارەدا هاوکاریت ناکەم، من لە بنەڕەتەوە دژی ئەم بیرۆکەیەم و بە پیلانگێڕیی دەزانم لە بەرژەوەندیی دەربار و جاشەکان، بەم کارەت لە ڕووی سیاسییەوە تێکدەشکێیت و ئەمەیش ئامانجی سەرەکیی ئەوانە. ئەویش وەڵامی

دایەوە و بە تەواوی لە مەبەستم گەیشت، گومانم نییە لە ناخیشیدا دەیزانی قسەکانم ڕاستن و وتی: باوکم ئەم وەسێتەی کردووە، من خۆم حەزم لێی نییە ئەم هەنگاوە بنێم، منیش پێمگوت: ئەی مادام حەزت لێی نییە، بۆچی ئەم کارە بە پێچەوانەی ویستی خۆت دەکەیت؟ پاڵنەری ڕاستەقینەت چییە؟

سەیری کردم و دوودڵ بوو لەوەی کە دەیەوێت بیڵێت. دڵنیام لە ساتێکی لاوازی مرۆییدا بوو و نەیدەویست هیچم لێ بشارێتەوە، کاتێک مرۆڤ لە بەردەم تەنگانەیەکدایە کە بە تەنیا توانای هەڵگرتنی نییە، دەیەوێت ناخی خۆی بۆ دۆستێکی جێی متمانە بکاتەوە تا ئازارەکانی کەم ببنەوە، سەیری ناوچاوانی کردم و بە ڕاستگۆیی و بێ پەردە بابەتەکەی گوت: هۆکارەکە پارەیە.

دیار بوو کە مەسعوود تەواوی پارەکانی کۆنترۆڵ کردبوو.

وەڵامەکەی من بۆ ئەو خێرا و ڕون بوو، هەستم بە دڵەڕاوکێیەکی زۆر و ئەو فشارە چڕە کرد کە خرابووە سەری، بۆ ئەوەی بچێتە خانەی گوێڕایەڵییەوە، مەترسیی بارودۆخەکەم هەست پێکرد و وتم: گەلێک بە تەواوی ملکەچی فەرمانی مەلا موستەفا بوو، سەیرکەن گەیاندنی بە کوێ؛ ئێمە ئەوەی بەدەست کارەساتە یەک لە دوای یەکەکانەوە چەشتوومانە، بەهۆی بڕیارەکانی باوکتانەوە بووە و ئێستایش بەدەست ئەنجامگەلە شەرم ئاوەڕەکانیەوە ئازار دەچێژین، کێ سوودمەندە لەمە؟ لەمەدا مشتومڕی لەگەڵ نەکردم، چونکە لە ناخیدا قایل بوو، بەڵام بابەتەکەی گۆڕی و وتی: بەڵام وا بیر ناکەیتەوە کە بەم هەنگاوە، کاتێک لێیان نزیک دەبمەوە کاریگەرییەکی گەورەم لەسەریان دەبێت و خراپەکانیان کەم دەکەمەوە؟ پێموابوو دەبێت تەواو ڕاشکاو بم لەگەڵیدا، ڕەنگە زیاتر لەوەی لێ چاوەڕێ دەکردم. پێمگوت: هەرگیز ناتوانیت هیچ بکەیت، بەڵکو دەبیتە بەشێک لەوان، دەبیتە ئامڕازێك لە دەستیاندا و شەڕانگێزیی ئەوان بەهێزتر دەکەیت، خۆت بە وەهم مەخەڵەتێنە، ئەگەر ئەم پێشنیازە قبوڵ بکەیت، ڕزگارت نابێت لەوەی ببیتە بەشێک لەو تاقمە جاشە و تکایە وا مەکە، لە ڕووی داراییەوە تووشی هیچ تەنگانەیەک نابیت، خێزانەکەت بگوازەرەوە بۆ هەر شوێنێکی تر و واز لەم تاقمە بهێنە، تەنها بیر لە خۆت و بنەماڵەکەت مەکەرەوە چونکە مێژوو هەیە، هەوڵ بدە بچیتە

لای مێژوو له جیاتی دەستکەوتی کەسی و ماددیی کاتی، ئەگەر وا بکەیت له ئەنجامدا توێژە فراوانەکانی گەل له دەورت کۆدەبنەوە و خەباتی کورد بەشێوەیەکی نیشتمانیتر و نەتەوەییتر و ڕاستگۆیانەتر لەوەی پێشتر هەبووە، سەرکردایەتی دەکەیت. له بەرامبەر ئەو تەماعانەدا لاواز مەبە کە بۆ شکاندنی تۆیە، زۆر تکام لێ کرد کە ئەم هەنگاوە ڕەت بکاتەوە و پیلانەکە پووچەڵ بکاتەوە، بەڵام ئەو ملکەچبوونی هەڵبژارد، چونکە بە حوکمی ساڵانێکی درێژ له گوێڕایەڵیی ڕەها بۆ دەسەڵاتی ستەمکارانەی باوکی ڕاهاتبوو؛ ئەوەیش هەستی کەرامەت و ڕۆحی بەرگریی له بەرامبەر مەسعوود پەکخستبوو. هەوڵەکانم بە (با) چوون، ئەو ڕازی بوو خۆی ڕادەستی پلانە شاراوەکە بکات، ئەمە دواییین دیداری نێوانمان بوو کە تێیدا ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی هەبێت، چونکە له ژێر فشارەکاندا هەرەسی هێنا و هەڵوێستەکانی بە تەواوی گۆڕان، بێگومان ئازارێکی زۆری چەشت کاتێك چوە بەرگی کارەکتەرێکی ترەوە کە هیچ پەیوەندیی بە کەسایەتییە ڕاستەقینەکەی خۆیەوە نەبوو، تەنها بۆ ڕازیکردنی مەسعوود ئەرکەکانی هێندە زۆربوون تا ماندوویان کرد، ئەوەیش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر تێکچوونی باری تەندروستی.

له ١٩٨٧/١/٣١ کاتێک له ئەوروپا بووم، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هەواڵی مردنی ئیدریسم بیست، بە ڕۆشتنی ئەو، سەرکردایەتیی کوڕ و نەوەکانی مەحموود ئاغای زێباری بە ڕوونی دەرکەوت کە بەپێی پلانە شاراوەکە، دەستیان بەسەر پارەدا گرتبوو و کۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیان کردبوو. بە مردنی ئیدریس، چیتر هیچ کام له کوڕانی مەلا موستەفا له ژنە بارزانییەکانی نەمانەوە، چونکە سەددام حوسێن (عوبەیدوڵڵا، لوقمان، سابیر)ی لەگەڵ چوار له کوڕەکانی لوقمان و سی و حەوت کەس له بنەماڵەی بارزانی و هەزاران بارزانی تری له پڕۆسەیەکی جینۆسایدی ڕێکخراودا لەناوبردن، ململانێی ناوخۆیی لەسەر پارە و سەرکردایەتی له ناو ماڵی مەلا موستەفادا، له بەرژەوەندیی کوڕ و نەوەکانی مەحموود ئاغای زێباری، هەر وەک چۆن ئەوان هیوایان بۆ دەخواست و هانی مەلا موستەفایان دەدا بۆ بەدیهێنانی، یەکلابووەوە.

پەیوەندی لەگەڵ عارفەکان
١٩٦٣ – ١٩٦٨

لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٣دا، کاتێك هەڵمەتی بەعسییەکان بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد، هاوەم دژبەری لە نێوان سەرانی حیزبی بەعسی فەرمانڕەوا ڕووی دا. بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوان ئاراستە جیاوازەکانی ناو حیزب، چەک لە چەندین شوێندا بەکارهێنرا. عەبدولسەلام عارف؛ بە پاڵپشتیی ئەفسەرە ناسرییەکان و هەندێک لە بەعسییەکان، توانیی دەسەڵات زەوت بکات بۆ خۆی، ئەمەیش سێهەم کۆدەتای ئەو بوو کە لە ١٩٦٣/١١/١٨دا ئەنجامی دا، بەڵام ئەمجارەیان دژی هاوپەیمانە بەعسیەکانی خۆی بوو. گەلی عێراق دواجار بە لە ناوچوونی مۆتەکەی هەرزەکارانی بەعس گەشبین بوون، کە لە زۆر ڕووەوە وەك باندێکی سەرەڕۆ و تینووی خوێن ڕەفتاریان دەکرد و یەکەم ئەزموونی حیزبی بەعس بوو لە سەردەمی کۆماریدا، کە بە ئاگر و ئاسن حوکم بکەن و پەیوەندی لەگەڵ تاران و ئەنقەرە و دیمەشق دروست بکەن و ئەم وڵاتانەیش هاوکارییان بکەن، بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی کوردی. بەعسییەکان، ساڵێک لە دەسەڵاتدا نەمانەوە کاتێک ناسیۆنالیستانی عەرەب (لایەنگرانی جەمال عەبدولناسر) لە نێو فەرماندەکانی سوپای عێراقدا لایان بردن و دەسەڵات گەڕایەوە بۆ سوپا و عەبدولسەلام عارف دووبارە بووەوە بە سەرۆکی وڵات.

قۆناغەکانی نێوان کۆدەتا سەربازییە خوێناوییەکان، کە بوونە ناسنامەی گۆڕانی دەسەڵات لە بەغدا لە ساڵانی ١٩٥٨ - ١٩٦٨ چوار گۆڕانکاریی لە ڕژێمەکانی عێراق و نۆ هەوڵی کۆدەتا تیایاندا، ڕووەدات، جگە لەو پیلانگێڕیانەی هەڵنەماڵراون. لە کوردستانیشدا، بە هەمان شێوە هێز و توندوتیژی بەکارهێنرا. هێرش و پەلاماری هێزەکانی موستەفا بارزانی بۆ سەر هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەر بە مەکتەبی سیاسی بوون، بووە هۆی تێکشکانیان و پەنابردنیان بۆ ئێران.

حکومەتە عێراقییەکان کە بە زۆری لە ڕێگەی کۆدەتای سەربازییەوە دەهاتن، سەرەتا نیازپاکیی خۆیان نیشان دەدا و بەڵێنی ئاگربەستیان بە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد دەدا و گفتوگۆیان دەکرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی کورد، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکی، یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوان خۆیان بوو لەناو سوپا و ئۆپۆزسیۆنی مەدەنی، بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیان. پاشان ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی بنکەکانی بزووتنەوەی کورد، هەر جارێکیش لە ژێر ئەو پاساوەی کە پێشمەرگە و گەلی کورد ماندوو بوون و پێویستیان بە کەمێک پشووە، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد پێشوازیی لە دەسپێشخەرییەکانی حکومەت دەکرد، بۆ ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و ئامادەکاری بۆ دانوستان دەستپێدەکرد، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەردانی بەغدایان دەکرد و بەڵگەنامەی داواکارییەکانی کوردیان بۆ حکومەتی ناوەندی ئامادە دەکرد.

عەبدولسەلام عارف؛ کە بە لایەنگری جەمال عەبدولناسر ناسرابوو، ئامۆژگاریی ئەوەی دەکرد کە کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکات، هەروەها هێزی لە میسرەوە نارد بۆ پاراستنی عەبدولسەلام لە تۆڵەی بەعسییەکان، ئەمەیش بووە هۆی نیگەرانیی شای ئێران و بیرۆکەی ئەوەی بەشێوەیەکی فراوان یارمەتیی بزووتنەوەی کورد بدات. سەرکردە (شەکیب ئاکرەیی) دەڵێت: چالاکیی نهێنی و ئاشکرای دەزگا هەواڵگرییەکانی ئێران لە هەردوو پارێزگای کەرکوک و سلێمانی و قەزای خانەقین، زۆر بەهێز بوو. لە پارێزگای هەولێردا دەزگای (ساواک) توانیی بریکار و متمانەپێکراوانی خۆی لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارەگای بارزانیدا بچێنێت. [٢٠٦]

ڕژێمەکەی عەبدولسەلام؛ هەستی کرد پێویستە پەیوەندیە دەرەکییەکانی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت پتەو بکات، ئەمەیش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە سیاسەتی چەوساندنەوەی دژبەرانەی شیوعییەکانی عێراق و سیاسەتی خاکی سووتاو لە کوردستان، لەژێر سایەی حوکمی بەعسدا جێگەی ڕەخنەی توندی یەکێتیی سۆڤیەت بوون، هەر

[٢٠٦] ، شكيب عقراوي، س.پ، ل:١٨٦-١٨٧.

باشبوونێکی پەیوەندییەکانیان لەگەڵیاندا، پەیوەست بوو بە باشکردنی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ حیزبی شیوعیی عێراق و بزووتنەوەی کورد، بە چەند هەنگاوێکی دەستتێوەردانی (ناسر)، پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و مۆسکۆ باش بوون. شایانی باسە حکومەتی بەعس، دوور لە هەر نەریت و ڕەوشتێک، ئەندامە کوردەکانی شاندی دانوستانکاریان لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە بەغدا دەستگیرکردن و لە زیندانداا ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی دڕندانەیان کردنەوە، لەنێویاندا سەرکردە (سالح یوسفی)، هەروەها فەرماندەی لیوای بیست عەمید ڕوکن (سدیق موستەفا) ڕەشەکوژییەکی قێزەونی بەڕامبەر خەڵکی سلێمانی ئەنجام دا و دەیان کەسی لە دانیشتووانی ئەو شارە، بە زیندوویی لە گۆڕستانێکدا لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣دا بە کۆمەڵ زیندەبەچاڵ کردن، هەروەها موقەدەم ڕوکن (تەها شەکرچی) فەرماندەی کەرتی سەربازی لە کۆیە، کۆمەڵێک لە هاوڵاتیانی شارەکەی لەسێدارە دان و تەرمەکانیانی بە ستوونی کارەباوە هەڵواسی، بەعسییەکان بە ئاشکرا داوای قڕکردنی کوردیان دەکرد. [٢٠٧]

کاتێک حیزبی بەعس لە ١٩٦٣/٦/١٠ بڕیاری دا هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر کوردستان دەستپێبکات، سەرۆک جەمال عەبدولناسر دژی وەستایەوە و سەرکۆنەی کرد، ئەمەیش بووە هۆی زیادبوونی گرژییەکانی نێوان قاهیرە و بەغدا، ئەفسەرە ناسیۆنالیستەکانی لایەنگری ناسر لەناو سوپای عێراقدا، چاوەڕێی هەلێکیان دەکرد بیقۆزنەوە بۆ لادانی بەعسییەکان، سوودیان لە دروستبوونی کێشە ناوخۆییەکانی ناو بەعس وەرگرت و توانییان لە ١٩٦٣/١١/١٨دا دەسەڵاتی بەعس کۆتایی پێبهێنن، دوای سەرکەوتنی کۆدەتاکە، حکومەتی نوێ بە سەرۆکایەتیی عەبدولسەلام عارف داوای لە ئەفسەرە ئێرانی و تورکییەکان کرد (ئەم ئەفسەرانە لە موسڵ و کەرکوک بوون بۆ پاڵپشتکردنی هەنگاوە سەربازییەکانی بەعس، لە پێناوی قڕکردنی بزووتنەوەی کورد، ئەم پاڵپشتیکردنە لە یەکەم هەڵمەتی بەعسییەکاندا بۆ سەر کوردستان لە هاوینی ١٩٦٣دا بوو) خاکی عێراق بەجێبهێڵن، هەروەها داوایان لە سوپای سوریایش کرد (سوپای سوری، لە هەڵمەتی بەعسی عێراقدا لە هاوینی هەمان ساڵدا دژی گەلی کورد

[٢٠٧] ، شكيب عقراوي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨-١٣٩.

بەشداریکردبوو لەشەڕ بۆ سەر بادینان) خاکی عێراق بەجێبهێڵن. دوای ئەم داواکاریە فەرمیە، لە هاوینی هەمان ساڵدا لیوایەکی سوپای سوری لە ١٩٦٣/١١/٢٨دا دوای ئەوەی زیانێکی گەورەی بەرکەوتبوو، کشایەوە بۆ ناو خاکی سوریا.[٢٠٨]

عەبدولسەلام عارف حەزی بە چارەسەری سەربازی بوو و داواکارییەکانی گەلی کوردی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان ڕەتدەکردەوە، بەڵام ڕەنگە درکی بەوە کردبێت کە ئەوەی بەسەر سوپای عێراقدا هات لە پاکتاوکردنەکان لە ساڵی ١٩٦٣ و ١٩٦٤دا و پەیوەندیکردنی زۆربەی ئەفسەرە کورد و کۆمۆنیستەکان بە بزووتنەوەی کوردەوە، سوپای عێراقی تا ڕادەیەکی زۆر لاواز کردبوو، ئەمەیش دەرفەتی ئەوەی پێ نەدەدا بەردەوام بێت لە شەڕ، بەتایبەتی ڕاستەوخۆ دوای سەرکەوتنی کۆدەتایەکەی دژی هاوڕێ بەعسییەکانی، هێشتا نەهاتبووەوە سەر خۆی. لە کاتی دەسەڵاتەکەیدا، هێشتا هێزی گاردی نەتەوەیی حەرەس قەومی بەعسی هەبوون کە دەبوو ڕووبەڕوویان ببێتەوە، هەروەها ناڕەزایەتییەکانی سۆڤیەت بۆ هەڵمەتەکانی بەعس دژی حیزبی شیوعیی عێراق و هەڵمەتی قڕکردن لە کوردستان، تەگەرەیەک بوو لە بەردەم پڕچەککردنی سوپای عێراق لەلایەن سۆڤیەتەوە، جگە لە هەموو ئەمانەیش سوپای عێراق بەدەست وەرەی ڕووخاویەوە دەینااڵند لە ئەنجامی شکستەکانی لە کوردستان، لەبەرئەوە عارف پەنای بۆ هێورکردنەوەی شەڕی کوردستان برد بۆ بەدەستهێنانی کات. عەبدولسەلام، هەوڵی دا نیازپاکیی خۆی نیشان بدات لە ڕێگەی شێخی بارزان و بابە عەلی کوڕی شێخ مەحموود، تاکو پاڵ بە مەلا موستەفاوە بنێن بۆ گەیشتن بە لێکتێگەیشتنێك، هەروەها عەبدولسەلام داوای لە پارێزگاری سلێمانی - عەبدولڕەزاق مەحموود - کرد لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦٣دا پەیوەندی بە بارزانییەوە بکات، هەردوولا کۆبوونەوە و ئاراستەیەک بەرەو چارەسەری ئاشتی و ڕاگرتنی شەڕ، دروست بوو[٢٠٩]. لە لوتکەی عەرەبی لە قاهیرە لە کانوونی دووەمی ١٩٦٤دا، جەمال عەبدولناسر و بن بێلا و سەرکردەکانی تری عەرەب، عەبدولسەلام عارفیان هان دا بۆ پەنابردن بۆ

[٢٠٨] ، شكيب عقراوي، س پ، ل١٣٨-١٤١.

[209] ،saad jawad, Ibid, p:156.

چارەسەری ئاشتیانە، دانوستانەکان کەوتنە ژێر کاریگەریی ناکۆکییەکانی نێوان مەلا موستەفا و مەکتەبی سیاسی، چونکە داواکارییەکان جدی نەبوون. مەلا موستەفا دەترسا لە زیادبوونی هەژموونی جەماوەریی مەکتەبی سیاسی و ویستی دەستەمۆیان بکات، بە تەنیا لەگەڵ حکومەت دانوستانی کرد، لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤دا لەگەڵ عەبدولسەلام گەیشتە ڕێکەوتنێک دوور لە سەرکردایەتیی سیاسیی پارتی و پەرەنسیپی بڕیاری بەکۆمەڵ. لە ڕاستیدا مەلا موستەفا بەپێی دەستووری پارتی، پێشێلی دەسەڵاتەکانی کردبوو، مەلا موستەفا پاساوی بۆ ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ عارف بەوە دەهێنایەوە کە فشارێکی ئەمریکیی لەسەر بووە و سێ داواکاریی لە واشنتنەوە لەم بارەیەوە پێگەیشتووە، [٢١٠]بەڵام من لە کاتی گەڕانم بەدوای ئەرشیفەکاندا، هیچم دەستنەکەوت کە ئەمە بسەلمێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمریکا تا ساڵی ١٩٧٢ هیچ دەستوەردانێکی لە کاروباری بزووتنەوەی کوردی نییە، حکومەتی عێراق لە نێوان مانگەکانی شوبات و نیساندا هاوکاریی دارایی پێشکەش بە مەلا موستەفا کرد، کە بڕەکەی لە چوار ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕی دەکرد،[٢١١] لەمەدا ئامانجی حکومەت قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان مەلا موستەفا و مەکتەبی سیاسی بوو، ئەمەیش پێویستی بە هەوڵێکی ئەوتۆ نەبوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەڵکو دیاریەکی بێ بەرامبەر بوو بۆ سەرکردایەتیی کورد، بەغدا بە پارە پاڵپشتیی مەلا موستەفای کرد، ئەمەیش پێگەی سەرکردەی لەسەر حیسابی مەکتەبی سیاسی بەهێزکرد و بووە هۆی لاوازکردنی مەکتەب سیاسی. ئامانجی عارف لەوەدا، پشتگیریکردنی مەلا موستەفا و گۆشەگیرکردنی مەکتەبی سیاسی (باڵی مەکتەب تەنفیزی) بوو. مەکتەبی سیاسی؛ دژی ڕێککەوتنامەکە وەستایەوە و بە ڕادەستبوونێکی تەواوی دەزانی، کە لەگەڵ ئەو هەموو قوربانییانەی گەلی کورد دابووی، نەدەگونجا. لەکاتێکدا مەلا موستەفا ڕێکەوتنەکەی بۆ لێدانی نفوزی گەشەسەندووی پارتی بەکاردەهێنا، کە بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانیانەوە لە کوردستاندا گەشەی کردبوو،

---

[٢١٠], ديفيد ادامسن و جرجيس فتح الله،الحرب الكوردية وإنشقاق ١٩٦٤.. دار الشمس للطباعة والنشر. ص: ٦٧

[٢١١] ،شكيب عقراوى، سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٠.

هەروەها بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی کەسی و خێڵەکیی خۆی. سەعد جەواد دەربارەی هەڵوێستی عارف دەڵێت: عارف؛ ستایشی مەلا موستەفای دەکرد و باڵی مەکتەبی سیاسی (باڵی جەلالی و ئیبراهیم ئەحمەد)ی بە 'هاندەرانی شەڕ، سیخوڕ و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم' تۆمەتبار دەکرد و دەیگوت: ئەوان پەیوەندییە عەرەبییەکان تێکدەدەن، عەبدولسەلام عارف لەوەیش دوورتر ڕۆیشت و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی دەکرد دژی هەر کۆمەڵەیەک، کە دژی هێڵی مەلا موستەفا بوەستێتەوە. [٢١٢]

بۆ ئەوەی لە سروشتی ئەو گفتوگۆیەی نێوان شاندی حکومەت و سەرکردایەتیی کورد تێبگەین، دەبێت باس لەو مشتومڕە بکەین کە لە نێوان هەردوولادا ڕووی دا، ئێمە لێرەدا لە بەردەم داڕمانێکی ترسناکی بەهای نەتەوەیی و ئەخلاقی شۆڕشگێڕیداین، کە دەگاتە ئاستی بێڕێزیکردن بە خەباتی گەلێک، کە ڕووبەڕووی شەڕێکی سەخت دەبێتەوە و بوونی لە هەڕەشەدایە، دانوستانەکان لە نێوان جدییەت و گاڵتەجاڕیدا بوون و نەدەتوانرا سیفەتی دانوستانیان لێ بنرێت، بەڵکو وەك گەمەی منداڵان دەچوو، لە نێوان زویربوون و ئاشتبوونەوەدا.

لە مانگی ئایاری ١٩٦٤دا، "دەستووری کاتیی دەوڵەتی عێراق لەلایەن (تاهیر یەحیا)ی سەرۆک وەزیرانەوە ڕاگەیەنرا، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی ڕوونی تێدا نەبوو بۆ مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی نەتەوەیی عێراقدا، ئەمەیش مەکتەبی سیاسیی بە توندی تووڕەکرد."[٢١٣]

لە کۆتایی مانگی ئایاری ١٩٦٤دا هەردوو لایەنی مەکتەبی سیاسی و مەلا موستەفا، وایان نیشان دا کە ناکۆکییەکانیان وەلاناوە و هەردوولایان ڕێکەوتوون لەسەر دیدارێک لە نێوانیاندا لە ناوچەی (ڕانیە).

جا لە مانگی ئایاری ١٩٦٤دا، سەرۆک وەزیران (تاهیر یەحیا) دەستووری کاتیی دەوڵەتی عێراقی ڕاگەیاند و تیایدا هیچ ئاماژەیەکی ڕوون بۆ مافەکانی گەلی کورد لە

---

[212] Saad jawad, Ibid, p:158.

[٢١٣] ، دیفید دایمس و جرجیس فتح الله، ، ل٥٠

چوارچێوەی یەکڕیزیی نیشتمانیی عێراقدا نەبوو؛ ئەوەش مەکتەبی سیاسی تا ڕادەیەک تووڕە کرد کە پێشینەی نەبوو[214].

هەردوو لا وا خۆیان پیشاندا کە ناکۆکیەکانیان وەلا ناوە و ڕێککەوتبوون لەسەر ئەوەی بە گەیشتنی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بۆ لای مەلا موستەفا، لە هەمان کاتدا شاندێکی حکومی لە بەغداوە بە سەرۆکایەتیی تاهیر یەحیا گەیشتن، کە قورئانێکیان وەک دیاری لە عەبدولسەلام عارفەوە بۆ مەلا موستەفا هێنابوو.[٢١٥]

"عەمید ڕوکن فەیسەڵ ئیبراهیم ئەنساری (فەرماندەی فیرقەی دوو)، عەقید هادی خەمماس (بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی)، سوبحی عەبدولحەمید (وەزیری ناوخۆ)، فوئاد عارف و عەبدولڕەحیم ئەلڕاوی (وەزیر) و عەبدولڕەزاق مەحموود (پارێزگاری سلێمانی) و کەسانی تریش بەیاوەری سەرەک وەزیران هاتبوون.

مەلا موستەفا، خۆی ئامادەی کۆبوونەوەی یەکەم بوو، تاهیر یەحیا ڕووی قسەی کردە مەلا موستەفا و گوتی: دەتوانیت پێمبڵێیت چیت دەوێت؟

مەلا موستەفا وەڵامی دایەوە: تەنها داوا لە شاندی فەرمی دەکەم؛ فەرمان بدەن بە فەرمانبەرانی پەیوەندیداری حکومەت، پاسپۆرت و ڤیزای چوونەدەرەوەم بۆ ئێران بدەنێ!

شاندەکە سەریان سوڕما و داوایان لێکرد هۆکاری ئەم داواکارییەیان بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەویش بە تاهیر یەحیای گوت:

تۆ هاتوویت قورئانت بۆ هێناوم، منیش داواکارییەکەم جێبەجێکردنی ئەو حوکمانەیە کە لەو قورئانەدایە. ئێوە لە لە ڕادیۆکەتاندا باسی نەتەوەی عەرەب دەکەن، بەڵام بوونی نەتەوەیەکی ترتان لەبیرکردووە، لێرەوە دەبینم حکومەتەکەتان هیچ جۆرە هاوکارییەکم پێشکەش ناکات، باشتر وایە وڵات بەجێبهێڵم و جارێکی تر نەگەڕێمەوە.

---

[٢١٥] ، دیفید دایمس و جرجیس فتح الله، ل٥٠.

ئەندامانی شاندەکە؛ دەستیان کرد بە تکاکردن لێی کە لە بڕیارەکەی پاشگەز بێتەوە و وایانزانی قسەکانی ڕاستن، بارزانییش وای نیشان دەدا کە سوورە لەسەر بڕیارەکەی. دواجار ڕازی بوو کە بمێنێتەوە، شاندەکە زۆر هەوڵیان دا کە بەشداریی گفتوگۆکانی پێ بکەن، وەڵامی ئەو: لێرە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک خێڵەکان هەن، لەگەڵ ئەوان قسە بکەن. لە کۆبونەوەکەدا جگە لە نوێنەرانی پارتی، سەرۆک خێڵە کوردەکان ئامادە بوون وەک: (شێخ حوسێنی بۆسکێن)، (عەباس ئاغا مەمەند)، (کاک حەمە زیاد ئاغای کۆیە)، (بابەکر ئاغای پشدەری) و (ئەنوەر بەگی بێتواتە) و دوو سێ ناوی تریش، کە ئێستا لە یادم نین. ئەو ڕۆژە ناکۆکییە کوردییەکان بۆ شاندی حکومەتی عێراق، بە تەواوی ئاشکرا بوون.

جەرجیس فەتحوڵڵا، بەردەوام دەبێت و دەڵێت: گرنگترین ئەو خاڵانەی لە گفتوگۆکاندا باسیان لێوەکرا و وەک خاڵی ناکۆکیی ڕاستەوخۆ دەرکەوتن، ئەو زمانە بوو کە دەستووری کاتیی نوێی پێ نووسرابووەوە، (ئیبراهیم و جەلال) سوور بوون لەسەر ئەوەی ناوی گەلی کورد بە ڕوونی بهێنرێت، ئیبراهیم (ئەحمەد) گوتی: 'چار نییە، دەبێت ناوی گەلی کورد لە دەستووری کاتیدا هەبێت، ئەگینا ئێمە تەنها وەک خێڵێکی زۆر دەبینرێین کە لە عێراقدا نیشتەجێین، کاتێک دانیان پێدا نا کە ئێمە گەلین، دەبێت مافی بڕیاردان لەسەر خاکی خۆمانمان پێ بدەن و ڕێگەمان بدەن بەڕێوەی ببەین'.



تاهیر یەحیا و مەلا مستەفا ١٩٦٤

دوای مشتومڕ، تاهیر یەحیا بەشێوەیەکی مەبدەئی ڕەزامەندیی نیشان دا لەسەر هەموارکردنی دەستوور، بە جۆرێک کە ئاماژەیەکی ڕوونی بۆ گەلی کورد و مافەکانی تێدابێت، بەڵام سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بڕیاری کۆتایی و پێناسەکردن و دیاریکردنی ئەو مافانە، یەکێک دەبێت لە ئەرکەکانی پەرلەمانی داهاتووی عێراق،"[٢١٦]

دواتر جەرجیس فەتحوڵڵا لەم بارەیەوە دەڵێت: سەرۆک وەزیران، ئەم لۆژیکەی کە هێنایە گۆڕێ، پرسیارێکی وروژاند کە وەڵامەکەی لە ناخیدا بوو. دەستووری کاتی لە پەرلەمان دانەنراوە چونکە پەرلەمان هەر نەبوو، وەک چۆن لە ئێستایشدا پەرلەمان هەر نییە. ئەی پێگەی سیاسی و یاسایی کورد لەو ماوەیەدا چۆن دەبێت کە وا بڕیارە پەرلەمانێک دابمەزرێت و مافەکانی لە ناو دەستوورەکەدا دیاری بکات؟

لە ڕاستیدا شاندی حکومەت زۆر بە توندی دژی مافە نەتەوەییەکانی کورد بوون، کاتێک جەلال تاڵەبانی قسەیکرد و ناوی کوردستانی هێنا، هادی خەمماس تەنها بە بیستنی ناوی کوردستان زۆر تووڕە بوو و بە نەفەسێکی دەمارگیرانە بە عەرەبییەکی بازاڕی گوتی: ئیستایش دەڵێی من جوداخواز نیم! جەلال تاڵەبانی هەوڵی دا هێمنی بکاتەوە و بۆی ڕوون بکاتەوە کە وشەکە بە واتای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نایەت بەڵام بێسوود بوو، ئەو کەشەی لە نێوان سەرۆکی پارتی و مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەیدا باڵادەست بوو، پڕ بوو لە گومان و ترسی پیلانگێڕی، تەنانەت ڕقی کەسایەتیی گەیشتبووە ئاستێک بەلایانەوە ئاسایی بێت لەسەر هەبوونی کەسانێك لەو شوێنەدا کە بە وشەی کوردستانیش شێتگیربن، هاوکات بیکەنە بەهانە لەسەری، ڕقوکینە لە پارسەنگی تەرازوودا بەهێزتر بوو لە پەرۆشی بۆ مافەکانی گەلێکی مەزڵووم، دواجار بڕیار درا کە شاندی حکومەت شەوێکی تر بمێنێتەوە و لایەنی کوردییش ئەو پشێنیارانەی هەیانە، بەشێوەیەک دایبڕێژن کە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە پەسەند بێت.

جەرجیس فەتحوڵڵا دەڵێت: سەرکردە بەشداربوەکانی پارتی باس لەوە دەکەن، کە شاندی فەرمی ئەو شەوە کۆبوونەتەوە و لە کاتی کۆبوونەوەکەیاندا لەگەڵ مەلا موستەفا، پێی ڕاگەیاندوون کە ئەو هیچ داواکاریەکی نیە، بەڵام ئەو شەوە بە سااڵح

[٢١٦] دیفید دایمس و جرجیس فتح الله،ل٥٢

یوسفیدا پەیامێکی نارد بۆ ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و پێیگوتن کە لە پێشنیارەکانیاندا نەرم نەبن و توند بن، وەک ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت: گوتی 'چی دەخوازن داوای بکەن'. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، هەستیان بەوە دەکرد کە مەلا موستەفا تەڵەیان بۆ دادەنێت، بۆیە نەرمییان نواند و ڕازی بوون بەوەی بەشێک لە مافە کارگێڕییەکان بۆ پارێزگا کوردییەکان جێبەجێ بکرێن، تا ئەوکاتەی پەرلەمانی داهاتوو دەگاتە چارەسەری کۆتایی، داواکارییەکان زۆر سادە و ساکار بوون، وەک ئەوەی پیاوانی کارگێڕی لە ناوچە کوردییەکاندا لە کورد بن و هەندێک مافی کارگێڕیی تریش، کاتێک ئیبراهیم ئەحمەد ئەم پێشنیارانەی خوێندنەوە، مەلا موستەفا دوای گوێگرتن بە ڕستەیەکی تەمومژاوی وەڵامی دایەوە: ئێوە چۆن لەگەڵ گەلدان: منیش ئاوام.

جەرجیس فەتحوڵڵا بەردەوام دەبێت: بۆ ڕۆژی دواتر کۆمەڵەی پێشنیارەکان بۆ سەرۆک وەزیران و ئەندامانی شاندەکە خوێندرانەوە، وتەبێژی شاندەکە بە تووڕەییەوە گوتی: ئێستا و دواجار بۆم دڵنیا بووەوە کە ئێوە (مەبەستی م. س پارتی بوو) دوژمنی ئاشتیین لە باکووری عێراق، ئیبراهیم ئەحمەد وەڵامی دایەوە: من گرنگی بەوە نادەم تۆ چۆن سەیرم دەکەیت، گرنگ ئەوەیە متمانەی گەلەکەمم هەبێت، سەرۆک وەزیران کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت و لە کاتی دەرچوونیدا لە ژوورەکە دەیگوت: هەرکەسێک بەم مەرجانە ڕازی بێت ناپاکە، لێرەدا ئیبراهیم و جەلال ئاگاداریان کردەوە کە مەکتەبی سیاسی ئامادەی شەڕە، سەرۆکی شاندەکەی حکومەت (تاهیر یەحیا) وتی: ئێوە لە دە کەس زیاتر نین، ئیبراهیم ئەحمەد وتی: (گەل لەگەڵمانە)، شاندی عێراق (تاهیر یەحیا) وتی: ئێوە تەنانەت سوود لە متمانە و پشتیوانیی بارزانیش وەرناگرن. با ئێستا لە خۆی بپرسین؟ مەلا موستەفا بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەجارانەوە گوتی: تەنها داوا لە باوکە خۆشەویستەکەمان عەبدولسەلام محەممەد عارف دەکەم لێبووردنێک بۆ ئێمەی تاوانبار دەربکات، تەنها ئەمەم دەوێت و هیچی تر! بەمشێوەیە شاندی حکومەت گەڕایەوە بۆ بەغدا، بەبێ ئەوەی بگەنە هیچ ئەنجامێک.[٢١٧]

[٢١٧] ، دیفید دایمس و جرجیس فتح الله، ل٥٤

لە ڕاستیدا، کێشە سەرەکییەکە لە نێوان سەرۆکی حیزب و مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەدا بوو، ئەوەیش نیشاندەری ئەو ئاستە نزمە بوو کە بەها نەتەوەیی و خەباتگێڕییەکان پێی گەیشتبوون.

لە هەموو بارودۆخێکدا، مانگی هەنگوینیی نێوان عەبدولسەلام عارف و مەلا موستەفا زۆری نەخایاند، ململانێی نێوان باڵەکانی دەسەڵات توند بوو، باڵێکی سەربازی کە دەیانویست بە زەبری چەک کۆتایی بە بزووتنەوەی کورد بهێنن و باڵێک کە زیاتر مەیلیان بۆ چارەسەری مەدەنی و ئاشتییانە هەبوو، دواجار باڵی سەربازی سەرکەوت. لە هەموارێکی وەزاریدا لە ٥ی ئادارِدا فەریقی فڕۆکەوان (عارف عبدالرزاق) بووە سەرەك وەزیران، ئەو پشتیوانیی لە دەستپێکردنەوەی شەڕ دژی کورد دەکرد، چونکە دیاربوو ناکۆکیەکانی ناو سەرکردایەتیی کورد زۆر قووڵ بوونەتەوە لە نێوان ڕێکخستنێکی هاوچەرخ و باڵێکی خێڵەکیدا، کە سوور بوو لەسەر ئەوەی ویستی خۆی بەهێزی چەك بسەپێنێت بەسەر ئەوانی تردا.

لە ٥ی ئازاری ١٩٦٥دا فەریق ڕوکن عارف عەبدولڕەزاق وەک سەرۆک وەزیران دیاریکرا، ئەو لە لایەنگرانی دەستپێکردنەوەی شەڕ بوو لە کوردستان. بەتایبەتی کە ئاشکرا بوو ناکۆکییەکی قووڵ لەناو سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورددا هەیە لە نێوان باڵێکی مۆدێرن (هاوچەرخ) کە مەیلی بۆ ڕێکخستن هەبوو، باڵێکی خێڵەکی کە سوور بوو لەسەر سەپاندنی ئیرادەی خۆی بە هێزی چەک. جەنگی سێیەم دەستی پێکرد و سوپا لە ٣ی نیسانی ١٩٦٥دا، هەڵمەتێکی بەرفراوانی دژی پێگەکانی کوردان دەستپێکرد، سۆفیەت پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی عەبدولسەلام عارف باش کردبوو و سوپای عێراقی بە چەک و تەقەمەنیی کاریگەر، پڕچەککردەوە. (جاشەکان) بە سەرکردایەتیی ئاغاکان، بەشێوەیەکی کاریگەر لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا لە تەنیشت سوپای عێراق بەشدار بوون و ژمارەیان گەیشتە ٣٠ هەزار چەکدار. جاشایەتی بووە پیشەیەکی پڕ قازانج و لەو ڕێگەیەوە ئاغاکان بە خێرایی دەوڵەمەند بوون و دەسەڵاتێکی فراوانیان پێبەخشرا، شەڕەکە نزیکەی ساڵێکی خایاند بێ ئەوەی هیچ لایەک سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەدەستبهێنێت، شەڕەکە بە شێوازە کۆنەکە بەڕێوە دەچوو، هێزەکانی

حکومەت شار و شارۆچکە گەورەکان و گوندەکانیان داگیر دەکردن، لە کاتێکدا پێشمەرگە بۆ چیا سەختەکان دەکشایەوە و بە شێوازی پارتیزانی (پەلامار و کشانەوە) هێرشیان دەکرد، لەم شەڕەدا حکومەت ڕێگریکرد لە دزەکردنی هەر زانیارییەک دەربارەی جەنگ بۆ دەرەوەی وڵات، هەندێک پێیانوایە دەستپێکردنەوەی شەڕ بووە هۆی یەکخستنی ڕیزەکان، چونکە باڵی مەکتەبی سیاسی دوای هێرشەکەی مەلا موستەفا بۆ سەر پێگەکانیان، پەنایان بۆ ئێران بردبوو. بەڵام جارێکی تر گەڕانەوە و بەشداریان لە شەڕەکاندا دژی هەڵمەتەکانی سوپای عێراق کرد.

لە ماوەی مانگەکانی ئایار و حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٥دا، شەڕ لە چیای سەفین کە دەڕوانێت بە سەر شاری شەقڵاوەدا بەردەوام بوو، لیوای چواری پیادەی سەر بە فیرقەی یەک، توانیی بەشێک لە چیای سەفین داگیر بکات، لە ناوچەی سلێمانییشدا لە ناوەڕاستی مانگی ئایاردا لیوایەکی پیادە هێرشی کردە سەر بارەگای هێزی (ڕزگاری)، سوپای عێراق توانیی پێگەکانی چیای پیرەمەگروون داگیر بکات، بەڵام هێزە کوردییەکان بە فەرماندەیی مولازم تارق ئەحمەد، توانییان دووبارە دەست بەسەر چیاکەدا بگرنەوە و سوپای عێراقیان ناچار کرد بەرەو (دوکان) بکشێتەوە. لە ناوچەی (قەرەداغ)یش شەڕ ڕووی دا و لە بەردەم خۆڕاگریی پێشمەرگە بە فەرماندەیی حەمید ڕاوچی، خۆیان بینیەوە. لە ٢٥ی حوزەیراندا فەوجێکی پیادە چیای (ئەزمەڕ)ی داگیرکرد و پاشان گەیشتە شارۆچکەی (چوارتا)، لە کۆتایی مانگدا، هێزێکی فیرقەی پێنج شارۆچکەی سنووری (پێنجوێن)ی داگیرکرد، هەروەها شەڕێکی توند لە بەرەی (ڕەواندوز) ڕووی دا و هێزەکانی حکومەت پێگەکانی خۆیان لە سەربازگەکانی ڕەواندوز، خەلیفان، دیانە و چیای کۆڕەک بە پاڵپشتیی هێزێکی گرنگی جاشە کوردەکان بەهێزتر کرد. [٢١٨]

لەکاتی شەڕدا، زۆر هەوڵ لەگەڵ ساواکی ئێرانی درا بۆ ئەوەی ڕێبدەن بە تێپەڕبوونی کۆمەکییەکان، ساواك لە مانگی ئایاری ١٩٦٥ ڕێگەی دا بە تێپەڕبوونی حەوت هاوەن بۆ کوردستان، تیمێکی کورد لەسەر بەکارهێنانی ئەو هاوەنانە ڕاهێنانیان پێکرا، ئەوەیش کاریگەریی هەبوو لەسەر باشترکردنی پێگەی سەربازیی پێشمەرگە لە

[٢١٨] ، شكيب عقراوي، سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٢.

بەرەی (باڵەک)، هەرچەند لە هاوینی ١٩٦٥دا هەندێك شوێنیان لەدەست دابوو، بەڵام جووڵانەوەی کورد توانیبووی ڕووحی بەرگریی خۆی بپارێزێت و بەغداد نەیتوانی سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەدەستبهێنێت.

لە ١٩٦٥/٩/١٤دا فەریق ڕوکن عارف عەبدولڕەزاق هەوڵێکی کۆدەتای سەربازیی دا بۆ ڕوخاندنی عەبدولسەلام عارف، لەو کاتەدا عەبدولسەلام لە وڵاتی مەغریب بوو بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی لووتکەی عەرەبی، هەوڵەکە لە ڕۆژی دواتردا شکستی هێنا و عارف عەبدولڕەزاق بە فڕۆکەکەی بەرەو قاهیرە هەڵات، پاشان مارشاڵ عەبدولسەلام عارف لە ١٩٦٥/٩/١٦دا حکومەتێکی نوێی بە سەرۆکایەتیی دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزاز پێکهێنا، ناوبراو لە باڵی مەدەنیی دەسەڵات بوو، هەروەها عەبدولعەزیز عوقەیلی وەک وەزیری بەرگری دیاریکرا، ئەویش یەکێک بوو لە لایەنگرانی لەناوبردنی بزووتنەوەی کورد لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە، عوقەیلی بزووتنەوەی کوردی بەوە وەسف دەکرد کە دەیەوێت ئیسرائیلێکی دووەم دروست بکات، لە کاتێکدا باڵی مەدەنی بە سەرۆکایەتیی بەزاز دەگەڕا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کورد، بەڵام باڵی سەربازی، لایەنگری بەکارهێنانی هێز بوو. قبوڵکردنی وەزارەتی بەرگری لەلایەن عوقەیلییەوە، مەرجدار بوو بە چڕکردنەوەی هەڵمەتە سەربازییەکان بۆ سەر کوردستان. [٢١٩]

بەپێی ئەو پلانانەی لیوا ڕوکن/ عبدولعەزیز عوقەیلیی تونداڕەوی نەتەوەپەرست داینابوون، سوپای عێراق لە زستانی ١٩٦٥-١٩٦٦دا هێرشی کردە سەر بنکەکانی بزووتنەوەی کورد، بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لەوەی هێزە کوردییەکان وەرزی زستان بۆ پشوودان بەکاربهێنن، لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦٥دا مەلا موستەفا گەیشتە ناوچەی پێنجوێن بۆ هێرشکردنە سەر سەربازگەکانی سوپای عێراق و هێزێکی گەورەی لەگەڵدا بوو، شەڕەکە چەند هەفتەیەکی خایاند. [٢٢٠]هێزەکانی بزووتنەوەی کورد لەلایەن تۆپخانەکانی سوپای ئێرانەوە پاڵپشتی دەکران، بەڵام لە داگیرکردنی سەربازگەکەدا سەرکەوتوو نەبوون. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٥ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٦دا،

---

[219] Saad jawad, Ibid, p:180.

[٢٢٠], شكيب عقراوي، س.پ ل١٩٩.

شەڕێکی میدیایی توند لە نێوان بەغدا و تاراندا ڕووی دا، هێزە کوردییەکان ناچار بوون لە چەند پێگەیەکی گرنگ بکشێنەوە.

ئەندازیار شەوکەت ئاکرەیی نوێنەری بزووتنەوەی کورد بوو لە قاهیرە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ناسراو محەممەد حەسەنێن هەیکەل دروست کردبوو، لە ڕێگەی ئەویشەوە چالاکییەکانی گەیشتنە لای جەمال عەبدولناسر، ئەمەیش بووە هۆی تووڕەیی جەمسەرەکانی ڕژێمی عارف لە بەغدا. بەمەبەستی ڕێگریکردن لەمە، شاندێکی باڵایان نارد بۆ ئەوەی عەبدولناسر قایل بکەن کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد بپچڕێنن، دواتر دەسەڵاتدارانی میسر لەسەر داوای عەبدولسەلام عارف، داوایان لە شەوکەت عەقراوی کرد خاکی میسر بەجێبهێڵێت. [٢٢١]

شەوکەت، کەسایەتییەکی نیشتمانیی دڵسۆز بوو و مەیلی بۆ چینی هەژاری گەلی کورد هەبوو، پەیوەست بوو بە بارزانەوە، زۆر بێزار بوو لە جاش و خۆفرۆشەکان بەگشتی و بەتایبەتی خاڵەکانی مەسعوود بارزانی، واتا ئاغاکانی زێباری کە جۆرەها زوڵم و چەوساندنەوەیان بە دانیشتووانی ئاکرێ چەشتبوو. جارێکیان لای چەند هاوڕێیەکی، چیرۆکی کوڕێکی خۆی بەناوی (پێرس)ی گێڕایەوە کە هێشتا منداڵ بوو. گوتی: بە کوڕەکەمم گوت ئایا دەزانی مەسعوودی کوڕی مەلا موستەفا نەوەی مەحموود ئاغای زێباریيە؟ پێرس لەم هەواڵە سەری سوڕما و گوتی: نەخێر باوەڕت پێناکەم و تۆ گاڵتە دەکەیت، کاتێک بۆم دووپات کردەوە کە ڕاست دەکەم، دەستیکرد بە دووبارەکردنەوەی: چۆن دەبێ ئەمە ڕاست بێت؟ ئەمە ئەستەمە.! شەوکەت ئەم چیرۆکەی دەگێڕایەوە و مەسعوودیش ئامادە بوو و گوێی لێ بوو، تەنها گێڕانەوەی چیرۆکێکی لەو شێوەیە بەس بوو بۆ ئەوەی مەلا موستەفا هەموو پاڵپشتییەکی لێ بکێشرێتەوە، بەڵام بە پاساوی تر کە پەیوەندییان بە ڕاستیی پاشخانی ڕووداوەکەوە نەبوو، سەرەڕای لایەنی خۆڕسکانە و مەبەستە باشەکەی شەوکەت، بەڵام مەلا موستەفا بەم هەڵوێستەی شەوکەت پەست بوو چاوی پێیدا هەڵنەدەهات، هەرچەندە بەهرە و تواناکانی شەوکەت لە خەباتدا کرداری

[٢٢١] ، شكيب عقراوي، س.پ،ل:١٩٧

و بەرچاو بوون، دواجار شەوکەت لەلایەن بەکرێگیراوەکانی سەددام حوسێنەوە لە کاتێکدا لە نەخۆشخانە بوو، لە بەغدا تیرۆر کرا. کاتێک شەوکەت ئاکرەیی خاکی میسری جێهێشت و ویستی لە ڕێگەی تارانەوە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەهۆی بوونی لە قاهیرە و هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی جیهانی عەرەبی بۆ پرسی کورد، دەسەڵاتدارانی ئێران مامەڵەیەکی نەشیاویان لەگەڵدا کرد، لەو کاتەدا شای ئێران لەگەڵ ڕژێمی عەبدولناسر ناکۆک بوو. [٢٢٢]

ئەو هەڵمەتە زستانەیەی کە عەبدولعەزیز عوقەیلی بانگەشەی بۆ دەکرد، وەک ئامادەکارییەک بوو بۆ هەڵمەتی دواتری دژی بارەگای مەلا موستەفا، بڕیار بوو لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٦ دەست بە هەڵمەتەکەی دوایی بکات، بەڵام پێش ئەوەی سوپای عێراق ئەم پلانە جێبەجێ بکات، عەبدولسەلام عارف لە کاتی ڕۆیشتنی بۆ بەسرا، هەلیکۆپتەرەکەی کەوتە خوارەوە و گیانی لەدەست دا. لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەوە، فەرماندەکانی سوپا لە بەغدا کۆبوونەوە و لە ١٩٦٦/٤/١٦دا بڕیار درا عەبدولڕەحمان عارف وەک سەرۆککۆمار لە شوێنی برا کۆچکردووەکەی دەستنیشان بکرێت، سەرۆکی نوێ لە سەرەتای دەستبەکاربوونیدا نەیویست شەڕ لە کوردستان بەردەوام بێت، وەک سەرکردە شەکیب ئاکرەیی دەڵێت: ئەو، نەیدەتوانی ڕای خۆی بسەپێنێت بەسەر فەرماندە توندڕەوەکانی سوپای عێراقدا، کە بڕیاریان دابوو بەردەوام بن لە شەڕ بەمەبەستی تێکشکاندنی شۆڕشی کورد. [٢٢٣]

کاتی ئەوە هاتبوو عێراق یەکێک لە گرنگترین ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی خۆی (هەڵمەتی بەهار) ئەنجام بدات، کە یەکێک بوو لە پلانەکانی عوقەیلی، ئەم هەڵمەتە ناونرابوو (توکلنا علی الله)، پلانەکە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ڕێگای هاملتۆن بوو کە لە ڕەواندوزەوە دەستپێدەکات تاکو سنووری عێراق - ئێران و بەدرێژایی سی میل، بارەگا و پێگەکانی بزووتنەوەی کوردی لێ بوو بەتایبەتی بارەگای مەلا موستەفا. فەرماندەکانی

[٢٢٢] ، شكيب عقراوي، ل١٩٧

[٢٢٣] ، شكيب عقراوي، ل٢٠٣.

سوپای عێراق، پێیانوابوو ئەم هەڵمەتە مانگێکی تەواو دەخایەنێت، بەتایبەتی کە ئامادەکارییە سەرەتاییەکان لە زستانی ڕابوردوودا تەواو کرابوون. [٢٢٤]

ئەم جەنگە سەبارەت بە کورد، یەکێک بوو لە گرنگترین ئەو جەنگانەی کە بزووتنەوەی کورد لە تەواوی مێژووی خۆیدا ئەنجامی دابێت، ئەگەر هەندێک لە جەنگەکانی تر سیفەتی بەرگریی قارەمانانەی خێڵەکییان هەبووبێت، کە تێیدا سەرۆک خێڵەکان و چەکدارەکانیان بەرەنگاری هێرشەکانی سوپای عێراق دەبوونەوە و سەرکەوتنیان بەدەستدەهێنا، ئەوا ئەم جەنگە خەسڵەتی پلانی سەربازیی هاوچەرخ و ڕووبەڕووبوونەوەی سوپایەکی نوێ و مۆدێرنی هەبوو بە هەموو ئامێرە نوێیەکانیەوە، ئێمە لێرەدا لە بەردەم بەرگرییەکداین کە لە ڕووی پلان و جێبەجێکردنەوە بۆ جەنگی ڕزگاریی نەتەوەییمان، دەبوو لە ئاست و شێوە و توانای بزووتنەوەیەکی هاوچەرخدا بین، هاوشێوەی بزووتنەوە سەرکەوتووەکانی تری جیهان. بەپێی ئەو ستانداردەی ئەفسەرە ئیسرائیلییەکان باسی دەکەن، ئەوان لە پشت داڕشتنی ئەم پلانە سەرکەوتووانەوە بوون.

(شەکیب ئاکرەیی) کە یەکێکە لە کەسایەتییە گرنگەکانی دەزگای پاراستن (ئاسایش) دەڵێت: لەو کاتەدا لە ناوچەی ڕەواندوز، فیرقەیەکی سوپای عێراق لەگەڵ چەند هەزار جاشێکی کورد کۆبووبوونەوە، جاشە زێبارییەکان (سەر بە خێڵی زێبار) سەرکردایەتیی هێرشەکەیان دەکرد بۆ سەر چیای هەندرێن[٢٢٥]، ئامانجی هێرشە سەربازییەکە گەیشتن بوو بۆ حاجی ئۆمەران و دابەشکردنی کوردستانی ڕزگارکراو بۆ دوو زۆن، بۆ ئەوەی دواتر کۆنترۆڵکردنیان ئاسان بێت، ئەمەیش دەبووە هۆی بڕینی هاوکارییە لۆجیستییەکانی ئێران بۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد.

لیوای چواری پیادەی سەر بە فیرقەی دوو، بە یارمەتیی جاشە کوردەکانی خێڵی زێباری توانییان چیای (هەندرێن) لە ٢ی ئایاری ١٩٦٦دا داگیر بکەن، ئەمەیش وەک سەرکەوتنێکی سەربازیی گرنگ بۆ سوپای عێراق هەژمار کرا. هێزەکانی حیزبی شیوعیی

---

[224] ،saad jawad,p:197.

[٢٢٥] شكيب عقراوي، ل٢٠٢.

عێراق له کوردستان، له ڕووی ڕێکخستنەوە له هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوتر بوون و بەرپرسیارێتیی بەرگریکردن لەم چیا ستراتیژییە، لە ئەستۆی ئەوان بوو. فاخیر محەمەد ئاغای مێرگەسۆری، سەرکردایەتیی ئەم هێزەی دەکرد. ئەو، یەکێک بوو لە خزمە نزیکەکانی مەلا موستەفا، فاخیر لەو کاتەدا بە قارەمانێتی و چاونەترسی ناوی دەرکردبوو و ئەستیرەی لە جەنگە سەختەکانی ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٥ و ١٩٦٦دا درەوشابووەوە. [٢٢٦]

لەو سەردەمەدا ناوی مولازم نوعمان عەلوان لە نێوان فەرماندە سەربازییەکانی حیزبی شیوعیی عێراقدا درەوشایەوە، ئەو پێشتر ئەفسەر بوو لە سوپای عێراق و کەسێکی بوێر و چاونەترس و شارەزا بوو لە کاروباری تۆپخانەدا.[٢٢٧]

تۆپخانەکان لەژێر سەرپەرشتی مولازم نوعمان عەلواندا دەستیانکرد بە بۆردومانکردنی بارەگای لیوای چواری سوپای عێراق لە چیای (هەندرێن) بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک، بۆردومانەکە چڕ و ورد و کاریگەر بوو، سەربازانی لیوای چواری سوپای عێراق لە ناو خێوەتی کاتی، نیشتەجێ بوون و خەریکی دروستکردنی سەنگەر و قایمکاری بوون و هەوڵیان دەدا پێگەکانیان قایم بکەن دوای ئەوەی چیاکەیان داگیرکردبوو، جاشە زێبارییەکان لە ٢ی ئایاری ١٩٦٦دا دوای داگیرکردنی چیاکە، پاشەکشەیان کردبوو. هێرشی شۆڕشگێڕانی کورد بۆ سەر چیاکە لە ١٢ی ئایاری ١٩٦٦ دەستپێکرد، لیوای چواری سوپای عێراق شڵەژا و ترس و شڵەژاوی ڕوویتێکرد، دوای ئەوەی چەندین کاتژمێر لەلایەن تۆپخانە کوردییەکانەوە بۆردومان کرا، فاخیری کوڕی محەمەد ئاغای مێرگەسۆری سەرکردایەتیی هێرشی سەر چیاکەی دەکرد کە ژمارەیان لە ١٠٠ چەکدار تێپەڕی نەدەکرد. ئەوانیش زۆربەیان ئەندام و لایەنگری حیزبی شیوعیی عێراق بوون. [٢٢٨]

" پێش جەنگەکە، ژمارەی سەربازانی لیوای چوار لە دوو هەزار چەکدار کەمتر بوو. لە شەڕەکەدا ژمارەی کوژراو و بریندارى لیواکە نزیکەی هەزار کەس دەبوون، فەرماندەی فیرقەی دووی سوپا، بڕیاری دا پاشماوەی لیواکە بەمەبەستی ڕێکخستنەوە

---

[٢٢٦] ، شكيب عقراوي، ل٢٠٣.

[٢٢٧] ، ه.س ل٢٠٣.

[٢٢٨] ،هـ.س ، ل٢٠٣-٢٠٤.

و ئامادەکردنەوەیان بەرەو کەرکوک بکشێنێتەوە،"[٢٢٩] لەم جەنگەدا لیوای چواری فیرقەی دووی سوپای عێراق تێکشکێندرا، دوای ئەوە وەک نەریتی هەمیشەیی حکومەتەکانی عێراق پەنایان بردە بەر هێزی ئاسمانی بۆ بۆردومانکردنی هەڕەمەکی، وێرانکاریەکی گەورەیان بەسەر گوندەکانی کوردستاندا هێنا و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی بێتاوان لە پیر و ژن و منداڵیان کوشتن، مێژووی هێزی ئاسمانیی عێراق لە بۆردومانکردنی گوند و شارەکانی کوردستان کە لە هەموو هۆکارێکی بەرگری بێبەشن، کردەوەی ئەوپەڕی ترسنۆکی و ناجوامێری و دڕندایەتی و بێ ئابڕوانە کە تەنها لە مێژوی بێ ڕەوشتیی ئەوان دەوەشێتەوە، میدیاکانی عێراقیش خەریکی پیاهەڵدانی ئەو فڕۆکەوانانە بوون و بە (هەڵۆکانی عێراق) ناوزەدیان دەکردن.


ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی ڕێنێ مۆریس ((Rene Mauries) چاوپێکەوتنی لەگەڵ فاخیر مێرگەسۆری کردووە، دوای گەڕانەوەی بۆ فەڕەنسا کتێبەکەی بە ناونیشانی کوردستان یان نەمان بڵاوکردەوە، دواتر پارێزەر جەرجیس فەتحوڵڵا وەریگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، ئەو دەربارەی فاخیر مێرگەسۆری دەڵێت:

" فاخیر، کە ڕوخسارێکی جوان و باڵایەکی بەرز و شان و ملێکی بەهێزی هەبوو، لەو سەردەمەدا ڕیشێکی هێشتبووەوە کە تەواو لە ڕیشی (فیدێل کاسترۆ) دەچوو، سوێندی خواردبوو نەیتاشێت تا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، ئەو لەپێناوی سەرکەوتن نیو دەرزەن تۆپی هاوەنی بۆ پاڵپشتیی هێزە بچووکەکەی ئامادە کردبوو، بۆ ئەوەی تەواوی چیای (هەندرێن) نەکەوێتە دەستی دوژمن، چونکە ئەوە کارەساتێکی گەورە دەبوو کە دواتر دەبووە سەرەتای کۆتایی، چونکە ئەم لووتکەیە لە هەموو لوتکەکانی دەوروبەری بەرزتر و دەڕوانێت بەسەر لوتکەکانی (زۆزک)دا و تەوەری سەرەکیی بەرگری و کلیلی بەرخۆدانە. [230]"

---

[٢٢٩] ، شكيب عقراوي، ل٢٠٥

[230] ،رينيه مورييس ، كوردستان أو الموتم مطبعة كوردولوجيا، رق،٣، ١٩٨٦، ترجمة جرجيس فتح الله ، ص١١٣



فاخر ميرگه سوري

نامانەوێت بچینە ناو وردەکارییەکانی جەنگی سەرکەوتووانەی (هەندرێن)، چونکە کەسانی تر بە وردی باسیان کردووە بەتایبەتی عیسمەت شەریف وانلی، پارێزەر شەکیب ئاکرەیی و ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی ڕێنێ مۆریس لە کاتی جەنگەکەدا لەوێ ئامادە بوون، مەلا موستەفا خۆشحاڵیی خۆی دەربڕیوە و جەختی لەسەر گرنگیی جەنگی هەندرێن کردووەتەوە و گوتوویەتی: ئەمە جوانترین و ناوازەترین سەرکەوتنە لە ٣٥ ساڵی خەباتدا. [٢٣١]

خشتەی زیانەکانی هێزە حکومییەکان:

بریندار	کوژراو	یەکەی سەربازی
٨٣	١٥١	لیوای یەک
٣٧	٣٢٧	لیوای چوار
١٤٨	١٦٤	لیوای پێنج (یەکەم)
١٣٩	٢٧٩	لیوای پێنج (دووەم)
٧٩	١٣٥	لیوای چواردە

[٢٣١] ، رینیە موریس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

- زیانی جاشە کوردەکان گەیشتە ٦٠٠ کەس لە نێوان کوژراو و بریندارداا.
- لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورددا ٣٨ شەهید و ٨٥ بریندار هەبوو.
- لە کاتی جەنگ و بۆردومانە ئاسمانییەکاندا نزیکەی ٤٠٠ ئەسپ و هێستر لەناوچوون[٢٣٢].
- دەسکەوتەکانی هێزی پیشمەرگە بریتی بوون لە (٦ تۆپی ٧٥ ملیم)، (٤ تۆپی مۆرتەری قورسی ئەمریکی ٤ ئینج)، (٨ تۆپی مۆرتەری ئینگلیزی ٣ ئینج)، (چوار تۆپی مۆرتەری ٨١ ملم)، (٥ دەستڕێژ {ڕەشاش}ی قورسی ڤیکەرز)، (٤٤ دەستڕێژی بڕێن)، (زیاتر لە هەزار تفەنگی ماوەرز)، (زیاتر لە ٣٠٠ دەستڕێژی ستێرلینگ)، (بڕێکی زۆر لە چەکی سووکی جۆراوجۆر)، (٤٦ ئامێری بێ تەل، ڕادیۆی پەیوەندی ئاسمانی – زەوی)، (١٠٠ چادری سەربازی و ٦٠٠٠ پەتۆ). هتد. [٢٣٣]

دوای شکستی لەم شەڕەدا حکومەتی عیراق کەوتە بڵاوکردنەوەی درۆ لەناوگەلی عیراقدا . لە ڕاگەیەندراوێکیدا کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی فەرمی بڵاویان کردەوە، هاتبوو: "داوا لە ئێوە دەکەین دەستبەجێ چەک دابنێن و خۆتان بە دەست سوپا بەهێزەکەمان بدەن. کۆتایی ئێوە نزیکە و هیچ هیواتان نەماوەهیچ هێزێک نییە بتوانێت بەرامبەر بە سوپا مەزنەکەمان و پێشڕەوی پیرۆزی ڕاوەستێت، لەمەودواش هەموو بەرگرییەک بێسوودە .ئێوە گرگن ویاخیبووە بەشمەینەتەکان، هیچ ڕێگەیەکی ترتان لە پێش نەماوە جگە لە پەشیمانبەونەوە پێش ئەوەی هێزەکانمان ئێوە و هەموو ئەوانەی بوێری ئەوە دەکەن ڕووبەڕووی کاروانی پاڵەوانانەی ببنەوەو لەناوتان بەرن[٢٣٤]

هەروەها ڕادیۆ بەغدا هەواڵی کوژرانی ئیدریس بارزانی لەم شەڕە سەرکەوتووەدا بڵاو کردەوە! ئیدریس لەو کاتەدا لەگەڵ ڕێنێ موریس، ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی دانیشتبوو و گوێیان لە هەواڵەکانی ڕادیۆی بەغدا دەگرت، ڕۆژنامەنووسەکە دوای تێپەڕبوونی ساتێک لە سەرسووڕمان دەڵێت: «پیرۆزباییم لێ کرد کە بە زیندوویی لە جیهانی مردووان گەڕاوەتەوە!» و ڕۆژنامەنووسە فەڕەنسییەکە سەرسووڕمانی خۆی

---

[232] Ismet cherif Vanly, Ibid, p:266.

[٢٣٣]،رینیە موریس، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

[234] ،ismet cheriff wanly, Ibid, p:267.

دەربڕی لە بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵناو و ڕێبازە ڕووت و بێپەردەیەی حکوومەتی عێراق بۆ چەواشەکردنی رای گشتی!

شەڕی هەندرێن جێگەی سەرسووڕمان و ڕێزە، وەک دکتۆر سەعد جەواد دەڵێت: "ئەم شەڕە کە تیایدا چەند سەد سەربازێکی هێزە حکوومەتییەکان کوژران، خاڵی وەرچەرخان بوو لە پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ حکوومەت و هەروەها لە ململانێی نێوان باڵی سەربازی و مەدەنی لە بەغدا.» ئێستاش کە پێگەی زیاتر لە هەمیشە بەهێز بووبەوە، بەزاز پەلەی کرد لە دەربڕینی ئارەزووی خۆی بۆ ئاشتی؛ چونکە هەر کە هەواڵی تێکشکانی بیست، بە تەواوی پشتگوێی سوپای خست و لە ڕێگەی وەفدێکی تری جەماوەرییەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ مەلا مستەفا دەستپێکردەوە.[235]"

، حکومەتی عێراق گەیشتە ئەو بڕوایەی کە لە ئێستادا، ئەستەمە بزووتنەوەی کورد لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە لەناو ببرێت، لای خۆیشیانەوە هێزە کوردییەکان چەند ڕۆژێک دوای شەڕە بەناوبانگەکەی هەندرێن واتا لە ١٧ی ئایاری ١٩٦٦دا هەوڵی هێرشیان دا بۆ وەرگرتنەوەی ئەو شوێنانەی چیای (زۆزک)، کە هێزەکانی لیوای سێی فیرقەی دووی عێراق دەستیان بەسەردا گرتبوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. لێرەدا مەلا موستەفایش مەیلی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی بەغدا نیشان دا. [٢٣٦]بەمشێوەیە هەردوولا هەوڵیان دا کۆتایی بە شەڕێک بهێنن کە زیاتر لە پازدە مانگی خایاندبوو و ببووە هۆی وێرانکارییەکی زۆر لە کوردستان. لەئەنجامدا هەردوولا توانییان بگەنە چارەسەرێکی کاتی، بە جۆرێک حکومەتی عێراق لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا دانپێدانانی خۆی بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد ڕاگەیاند.

عیسمەت شەریف وانلی دەڵێت: وەک بینیمان شۆڕشی کورد نەیتوانی لەسەر ئاستی سیاسی، بەرهەمی سەرکەوتنە سەربازییەکانی بچنێتەوە، چوارچێوەی پێویستی بۆ دانوستانە فەرمییەکان دانەنا، لەبری ئەوەی داوای دانوستان بکەن لەژێر چاودێریی لایەنی دەرەکی و لە وڵاتێکی بێلایەن یان بە گەرەنتیی هێزە زلهێزەکان یان وڵاتانی

[235] ,saad jawad, Ibid, p:197.

[٢٣٦] شكيب عقراوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩.

عەرەبی، کەچی ڕازی بوون بە دانوستانی ناڕوون. سەرەتا لەگەڵ نێردراوە نادەوڵەتییەکانی بەغدا و دواتر لەگەڵ سەربازییە دەسەڵاتدارەکان، یان هەندێکجار تەنانەت لەگەڵ نوێنەرەکانیشیان، ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکان زۆر بە دەگمەن جێبەجێ دەکران، جگە لەوەیش ئەم ڕێکەوتنانە هەرگیز جێبەجێ نەدەکران، بەغدا ئەم ڕێکەوتنانەی زۆر بە باشی وەک بەرنامەی حکومەت دادەڕشت، کە لە ڕاستیدا تەنها ڕێکەوتنی ڕاگرتنی شەڕ بوو نەک ڕێکەوتنی ئاشتی. هەمووان بەرژەوەندیی خۆیان تێدا دەبینی، بەغدا کاتی بەدەست دەهێنا بۆ بێداربوونەوە لە شۆکی شکست و خۆسازدان بۆ هەڵمەتێکی نوێ، بۆ شۆڕشی کوردییش مەبەست ئەوە بوو دانیشتووان کەمێک بحەسێنەوە دوای ئەو هەموو بێبەشبوون و کارەساتانە و یەکلاییکردنەوەی قەیرانە ناوخۆییەکان، ڕاگرتنی شەڕ لەم چوارچێوەیەدا مایەوە، لە پایزی ١٩٦٦دا یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، بۆی ڕوون کردینەوە کە مەلا موستەفا لەبری ئەوەی سوود لە سەرکەوتنی سەربازیی شەڕی هەندرێن وەربگرێت، کەچی ڕازی بوو بە ڕاگرتنی تەقە بۆ ئەوەی بیەرژێتە سەر ئەو پەیوەندییەی تاقمەکەی تاڵەبانی لەگەڵ حکومەتی عێراق پێکیانهێنابوو و بتوانێت بنبڕی بکات،[٢٣٧] سەرکردە شەکیب ئاکرەییش هاوڕایە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا. [٢٣٨]

بەزاز؛ لە سەرەتای وەرگرتنی پۆستەکەیەوە، گرنگییەکی زۆری دەدا بەوەی کە ناوی نابوو هەڕەشەی ئێران بۆ سەر سنوور و ئاوەکانی عێراق، ناوبراو سەردانی میسر و تورکیا و عەرەبستانی سعوودیەی کردبوو، بەمەبەستی هاندانی ئەو وڵاتانە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە، بەپێی ئەوەی دکتۆر سەعد جەواد نووسیویەتی (سەردانەکەی بۆ قاهیرە، بۆ ئەوە بوو سەرۆکی میسر قایل بکات کە شەوکەت ئاکرەیی لە میسر دەربکات و پشتگیریی عەبدولناسر بۆ حکومەتی عێراق بەدەستبهێنێت، بۆ پاراستنی یەکپارچەیی

---

[237] ،Ismet Sherif wanly, Ibid, p:268.

[٢٣٨] ، بارزانی بڕیاریدا شەڕ لەدژی حکومەتی عیراق ڕابگرێت بۆ ئەوەی فریای ڕەوشەکە بکەوێت و خۆی تەرخان بکات بۆ جەنگاندن لەدژی سەرکردایەتی کۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان(گروپی جەلال تاڵەبانی) شکیب عقراوي(ل٢١٣).

خاکی عێراق، ناوبراو سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی پشتگیریی تورکیا و ڕەنگە سەردانەکەی بۆ ڕیازیش بەمەبەستی نێوەندگیریی مەلیک فەیسەڵ بووبێت بۆ قایلکردنی شای ئێران، تاوەکو پشتگیری بۆ هێزەکانی مەلا موستەفا ڕابگرێت).[٢٣٩]

یەکێک لە ئەنجامەکانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران ئەوە بوو، کە دەسەڵاتی مەلا موستەفا و کەسایەتیی مەدەنیی بەزازی بەهێز کرد، ئەمەیش وایکرد باڵی سەربازی؛ دوو جار هەست بە سووکایەتی بکات. جارێک لە شکانیان لە شەڕی هەندرێن و جارێکیش لەسەر دەستی باڵی مەدەنی لە بەغدا. باڵی سەربازی، ئەوەی لە شەڕی هەندرێن ڕووی دا بە لەکەیەک بۆ سەر شەرەفی سەربازیی خۆیانیان دەزانی، بەزازیش پەی بەم ڕاستییە نەبردبوو، متمانەی بە بەرنامەکەی زیادیکرد و بە ئاشکرا ڕەخنەی لە ئەفسەرەکان دەگرت، بێ ئەوەی پەی بەوە بەرێت کە لە وەرگرتنی پۆستەکەیدا قەرزداری کەسێکی سەربازیە، ئەویش عەبدولسەلام عارف بوو، کە وەک باسمان کرد لە ڕووداوی هێلیکۆپتەردا مرد. بێجگە لەوەیش بەزاز لەلایەن هیچ حیزبێکەوە پشتگیری نەدەکرا تەنها پیاوانی وەزارەتەکەی نەبێت.

لە ڕۆژی دووەمی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی حوزەیراندا، دووەم هەوڵی کۆدەتا لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی عەبدولڕەحمان عارف درا، کە عارف عەبدولڕەزاق سەرکردایەتیی دەکرد، ناوبراو سوودی لە ناڕەزایەتییەکانی ناو سوپا وەرگرت بەرامبەر سیاسەتەکانی بەزاز، کە ئامانجی بەهێزکردنی پێگەی کەسیی خۆی بوو، بەڵام هەوڵەکە لە هەمان ڕۆژدا شکستی هێنا، بێگومان مەبەست لە ئەنجامدانی کۆدەتا پێشگرتن لە بەیاننامەی حوزەیران بووە. بە شکستی کۆدەتاکە، بەزاز پێیوابوو ئەمە کۆتا هەوڵی سوپایە بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات، لێرەوە ڕەخنەکانی دژی ئەفسەرەکان توندتر کرد و ئەو بڕوایەی لا دروست بوو کە ڕای گشتیی گەل لە کۆدەتا سەربازییەکان ماندوو بووە و ئەمەیش نیشانەی سەرکەوتنی سیاسەتەکانی ئەوە. دکتۆر سەعد جەواد دەڵێت: بەزاز لە هەڵسەنگاندنی ڕای گشتی و کەمیی کاریگەریی خۆی لەسەر ئەنجامی پڕۆسە سەربازییەکان، شکستی هێنا. چونکە ئەگەر عارف عەبدولڕەزاق

[239] Saad jawad, p:216.

لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو بووایە، شۆڕشی عەبدولڕەحمان عارفی دەگرتەوە و ڕای گشتی پشتگیری بکردایە یان نا بە شکستی ئەویش تەواو دەبوو. لەناوبردنی خێرای هێزەکانی عارف عەبدولڕەزاق لەلایەن هێزە دڵسۆزەکانەوە، وەرە و متمانەی بۆ ئەفسەرەکان و سەرۆک عارفیش گەڕاندەوە، هەنگاوی سەربازیی داهاتوو، بریتی بوو لە بەکارهێنانی پاشخانە سەربازییەکەی سەرۆک بۆ تۆڵەکردنەوە لە بەزاز. [٢٤٠]

لە مانگی تەممووزی ساڵی ١٩٦٦دا بەزاز لە سەردانێکی فەرمیدا بوو بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، لەو ماوەیەدا باڵی سەربازی فشارەکانیان بۆ سەر سەرۆک عارف زیاد کرد و داوای دەستلەکارکێشانەوەی بەزازیان کرد، دواجار بەزاز ناچار بوو دوای گەڕانەوەی لە مۆسکۆ، دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی پێشکەش بکات و کەسێکی عەسکەری بەناوی (ناجی تاڵیب) شوێنی گرتەوە. ناوبراو، بایەخێکی ڕاستەقینەی بە بەیاننامەی حوزەیران نەدا،[٢٤١] بەهەرحاڵ بەیاننامەکەی بەزاز جێبەجێ نەکرا و باڵی سەربازی دژی وەستایەوە، چونکە ئەوان بەدوای تۆڵە سەندنەوەی شکستەکەیان لە شاخی هەندرێندا دەگەڕان. لە ڕاستیدا سەرۆک عبدلرەحمان عارف، لە نێوان باڵی سەربازی و مەدەنیدا دوو دڵ بوو، نە توانیی سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بگرێتە بەر، نە توانیشی حکومەتێکی دیموکراسی پێکبهێنێت، کە پشتگیریی جەماوەری بەدەستبهێنێت و ڕێگا بە چالاکیی حیزبەکان و ئازادییە گشتییەکان بدات، بەمەیش بێهیزی باڵی کێشا بەسەر دەسەڵاتدا. حیزبی بەعس، سوودی لە ناڕەزایەتی و پشێوییەکانی وڵات ومرگرت و لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٩٦٨دا ڕژێمەکەی عارفیان ڕووخاند. لێرە بە دواوە، ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حوسێن دەرکەوتن و سوودیان لەو هەڵە زۆرانەی پێشتریان ومرگرت کە لە ساڵی ١٩٦٣دا ئەنجامیان دابوون. بەعسییەکان بۆ زاڵبوون و سەرکوتی بزووتنەوەی گەلی کورد بە هەمان شێوەی ئەوانە پێش خۆیان بڕاردەی سەربازییان هەڵبژارد، بەڵام خۆڕاگریی گەلی کورد ناچاری کردن کە قەناعەتی خۆیان بگۆڕن، لە ڕواڵەتدا پەنایان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کاتی برد، تا کات بەدەستبهێنن بۆ لەناوبردنی بەرگریی کورد لە ڕەوشێکی لەباریاندا. [٢٤٢]

---

[240] ,Saad jawad, p: 204

[241] Saad jawad, p:205.

[242] , Telegram from the Embassy in Iraq to the Departement of the State. August,19.1966

پاشکو: ١

گوتاری عیسمەت شەریف
لەکۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی جیهانی لە بەغداد ١٩٦٠

"سڵاو لەوانەی ماددەی سێیەمی دەستووری کاتیی عێراقیان دانا، ئەو ماددەیەی کە باس لە هاوبەشیی دوو نەتەوە گەورەکە لە کۆمارەکەدا، عەرەب و کورد دەکات، لە سایەی مافە یەکسانەکان و ڕێزگرتنی دوولایەنەدا (برایان! لەوانەیە لەنێوتاندا کەسانێک هەبن، کە بە باشی ئاگاداری پرسی ناسیۆنالیستی کورد و بارودۆخی قوتابیان لە کوردستان نەبن. شاندی ئێمە بەشێک لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکەی بەسەر شاندە ئامادەبووەکاندا دابەش کردووە، بەڵام داوا دەکەم ڕێگەم پێ بدەن هەندێک زانیاریی سەرەتاییتان دەربارەی ئەم پرسە پێ بدەم. گەلی کورد لە ئێستادا، ژمارەیان زیاتر لە ١٢ ملیۆن کەسە و لە وڵاتەکەی خۆیاندا دەژین کە کوردستانە. کوردستان ناوێکە کە لە کورد و ستان پێکهاتووە و ئەم دەربڕینەی دوایی لە زمانە هیندۆئێرانییەکاندا بە واتای وڵات یان خاک دێت. کوردستان، نیشتمانێکە دابەشکراوە لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا: تورکیا، عێراق و ئێران، بەشێکیشی لکێنراوە بە باکووری سووریاوە. کوردستان وڵاتێکی فراوان و شاخاوییە، بەشەکانی بەیەکەوە بەستراونەتەوە و یەکەیەکی جوگرافی و نەژادیی ڕوون و دیاریکراو پێکدەهێنێت، وڵاتێکە دەوڵەمەندە بە هەموو جۆرە سامانێکی سروشتی، لەوانەیش نەوت و تووتن. بەڵام کوردستان وڵاتێکی دابەشکراوە و بەهۆی سنوورە سیاسییەکانەوە پارچە کراوە و کوردەکان دابەشبوون بەسەر:

* نزیکەی شەش ملیۆن لە پارێزگا ڕۆژهەڵاتییەکانی تورکیا، کە کوردستانی تورکیا پێکدەهێنن.

* نزیکەی چوار ملیۆن لە کوردستانی ئێران کە بەشی ڕۆژئاوای ئێران پێک دەهێنێت.

* نزیکەی دوو ملیۆن لە کوردستانی عێراق کە لە ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەم دەوڵەتە پێکهاتووە.

* نزیکەی ٤٠٠ هەزار لە باکووری سووریا کە لە ناوچە پەیوەستەکان بە کوردستانی تورکیا دەژین.

کوردانی تورکیا نزیکەی ٢٥%ی کۆی دانیشتوانی ئەو دەوڵەتە پێکدەهێنن، هەروەها لە ئێراندا بەهەمانشێوەیە، کورد لە عێراقدا نزیکەی ٢٨% بۆ ٣٠%ی کۆی دانیشتوان پێکدەهێنن و لە سووریایش نزیکەی ١٠%ی کۆی دانیشتوان.

نزیکەی ١٥٠ هەزار کورد لە یەکێتیی سۆڤیەت هەن، کە لە گرووپە بچووکەکاندا لە پەراوێزی کوردستان لە کۆمارەکانی ئەرمینیا، گورجستان و ئازەربایجانی سۆڤیەتیدا دەژین.

لە ڕووی جوگرافییەوە، کوردستان ناوچەیەکە ڕووبەرەکەی زیاتر لە ٤٥٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێت، لە سنوورەکانی قەفقازی سۆڤیەتەوە لە باکوورەوە تا خاڵێک کە نزیکە لە کەنداوی فارس لە باشوورەوە و لە مەلەتی و سیواس لە ڕۆژئاواوە تا دەریاچەی ورمێ لە ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە. لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا، دابەش کرابوو بۆ نزیکەی ٤٠ میرنشینی کوردیی سەربەخۆ، بەڵام ئەم میرنشینانە یەک لە دوای یەک کەوتنە دەستی سوڵتانەکانی عوسمانی و شاکانی ئێران، لە سەرەتای شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ەوە.

زمانی کوردی لە خێزانی زمانە هیندوئەوروووپییەکانە و پەیوەندییەکی مسۆگەری هەیە لەگەڵ فارسی و سانسکریتی کۆن لەلایەکەوە و لەگەڵ زۆربەی زمانە ئەوروپییە نوێیەکان لەلایەکی ترەوە، بەڵام زمانێکی سەربەخۆیە و گەشەسەندنی تایبەت و ئەدەبیاتی تایبەتی خۆی هەیە.

دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، پەیماننامەی سیڤەر کە لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیای عوسمانیدا لە ساڵی ١٩٢٣دا بەسترا، لە ماددەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ی بەشی سێیەم کە ناوی لێنرابوو کوردستان، دانی بە مافی کوردستاندا نا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ. ئەم پەیماننامەیە هەرگیز جێبەجێنەکرا و کوردستان لە جیاتی ئەوەی بە دابەشکراوی بمێنێتەوە، بەسەر دوو بەشدا کە پیشتر لە نێوان ئیمپراتۆریەتی

عوسمانی و ئێراندا، کەچی بوو بە چوار بەش دوای ڕێککەوتننامەی ئاشتی و کێشانی سنووری دەوڵەتە نوێیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک عێراق و سووریا.

ئەوە چارەنووسێکە کە گەلی کورد بە دەستی شا و سوڵتانەکانەوە تووشی بوو، چارەنووسێکی سەخت کە ئێستا لە لایەن پاشقەڕۆیی ڕۆژهەڵاتییەوە سەپێنراوە بە یارمەتیی ئیمپریالیزمی جیهانی.

گەلی کورد نەتەوەیەک پێک دەهێنێت بە واتای زانستی وشەکە، ئێمە نەتەوەیەکین کە لە کۆمەڵەیەکی گەورە و جێگیر لە مرۆڤەکان پێکهاتووین، لە ڕووی مێژوویییەوە پێکهاتووین و لەسەر یەکێتیی هۆکارەکانی خاک، زمان، پەیوەندییە ئابووریییەکان و ژیانی دەروونی کە لە کولتووری ناسیۆنالیستی ئێمەدا بەرجەستە بووە، دامەزراوین.

ئێمە کەمینەیەکی ڕەگەزپەرست نین، لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان بەسەدا دابەش کراوە، پێکهاتەمان لە کوردستاندا لەسەر بنەمای بارودۆخی ئابووری، مێژوویی و کولتووری، پێکەوەی بەستووین، بەڵام نەتەوەیەکین لە ڕووی سیاسییەوە دابەشکراوین و لە ڕووی ناسیۆنالیستەوە چەوسێندراوینەتەوە جگە لە عێراق.

لە نێوان دوو جەنگی جیهانیدا، حکومەتی تورکیا کە عیسمەت ئینۆنۆ سەرۆکایەتیی دەکرد، هەوڵی دا بەرنامەیەکی تۆکمە جێبەجێبکات کە ئامانجی تورکاندنی گەلەکەمان بە زۆر و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی و گواستنەوەی بە کۆمەڵ بوو، بۆ دوورخستنەوەی گەلی کورد لە کوردستان بۆ ئەنادۆڵی تورکی، وەک چۆن تورکیای سوڵتانەکان هەوڵیاندابوو لەگەڵ ئەرمەن، عەرەب، بولگار و یۆنانییەکاندا بیکەن. بەڵام گەلەکەمان بە شێوازە تایبەتییەکانی خۆی خۆی، بەرگریی لە خۆی کرد لە دژی هەوڵەکانی ئەم دەرەبەگایەتی و بۆرژوازییە سەربازییەی تورکیا، کە لەگەڵ فاشیزمدا تێکەڵ بووە، لەسەر بیردۆزی ڕەگەزپەرستییەکی کەموێنە دەژین، کە گەلی تورک لە سەرووی مرۆڤایەتییەوە دادەنێت و تەنانەت بوونی نەتەوەی کوردیش لە کۆماری تورکیادا، ڕەتدەکەنەوە.

گەلی کورد لە تورکیا، سێ شۆڕشی گەورەی ئەنجامداوە لە ساڵی ١٩٢٥ و لە ساڵی ١٩٢٧ تا ١٩٣١ و ساڵی ١٩٣٧، ئەگەرچی سەرکەوتوو نەبوو لە ڕزگارکردنی خۆی، بەڵام بەسەر هەوڵەکانی تورکاندنیدا زاڵ بوو. قەوارەی خۆی وەک گەلێکی تایبەت پاراستووە و تا

ئێستایش پارێزراوە، بەڵام وەک گەلێکی چەوساوە ماوەتەوە کە بارودۆخی ماددی تێکچووە و لە وڵاتەکەی خۆیدا لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و کولتووری بێبەشکراوە، ڕێگەی پێنادرێت هیچ بڵاوکراوە یان ڕۆژنامەیەکی کوردی هەبێت یان قوتابخانە بە زمانی نەتەوەیی خۆی. لەم ماوەیەدا بۆرژوازییە سەربازییەکەی تورکیا هەوڵی دەدا جیهان قایل بکات، بەوەی ئەو شۆڕشە ڕزگاریخوازانەی کورد تەنها شۆڕشی پاشڤەڕۆ بوون کە ئامانجیان گەڕاندنەوەی سوڵتان بوو بۆ تورکیا. بەڵام هەموو خەڵک ئێستا دەزانن کە ئەوانە تەنها دەرکەوتنی سروشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوون، گەلی کورد لە تورکیا هێشتا لەلایەن دەستەی فەرمانڕەوای تورکەوە دەچەوسێندرێتەوە و ئەم چینە، تورکیای خستووەتە ناو هاوپەیمانییە سەربازییەکان لەگەڵ ئیمپریالیزمی جیهانی و حکومەتە پاشڤەڕۆ و ڕزیوەکانی ڕۆژهەڵات وەک حکومەتی شاهەنشای ئێران و حکومەتی پاشایەتیی عێراقی بەخاکسپێردراو. چینی فەرمانڕەوای تورکیا، داوای لە داگیرکەری بیانی کردووە، بنکەی سەربازی لە کوردستانی تورکیا دابمەزرێنێت و چەکی ئەتۆمی، کۆگا بکات و بنکەی هەڵدانی مووشەک دابمەزرێنێت، بە مەبەستی هەڕەشەکردن لە ئاشتیی جیهانی و ئاشتیی گەلانی دراوسێ، ئەویش لەو شوێنانەدا کە گەلی کورد تێیدا جەنگی دژی تورکیای فاشیست کردووە، بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییە زەوتکراوەکانی.

"بەو بۆنەیەوە، سوپاسی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی دەکەین، کە لە پەکین لە ساڵی ١٩٥٨دا بەسترا، بۆ وەرگرتنی بڕیارێکی دروست، کە تێیدا داوای لە حکومەتی تورکیا کرد، دان بنێت بە مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی پێنج ملیۆن کوردی تورکیا، وانەوتنەوە بە زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا دابمەزرێنێت. بەڵام بەداخەوە هەموو خەڵک لەوکاتەدا لە ڕاستیی دۆخەکە تێنەگەیشتن و بەمشێوەیە ئەم دۆخە نائاسایی و خەمناکەمان لە تورکیای کەمالیدا بینی، کە فاشیستەکان حوکمیان دەکرد و هەموو دەوڵەتانی جیهان خۆیان لێ نزیک دەکردەوە و داوای دۆستایەتییان لێ دەکرد، لە کاتێکدا گەلی کورد کە لە مەترسیی لەناوچوون‌دا بوو، تەنها بە ئامرازە سادەکانی خۆیشی بەرگریی لە خۆی دەکرد، لە هێزە دیموکراتییەکانی جیهان داڕابوو بۆ وەڵامدانەوەی هێرشەکانی تۆران و فاشیست. شایانی ئەوەیە کە ئەم کارەساتە دووبارە نەبێتەوە."

ڕژێمی گەندەڵی عەدنان مەندەریس پێش ڕووخانی، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩دا، سەدان هاووڵاتیی دیموکراتی کورد و تورکی خستنە زیندانەوە، کۆمەڵەی ئێمە لەوکاتەدا ناڕەزایەتیی پێشکەش بە لیژنەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد."

"دوای کودەتا سەربازییەکەی ٢٧ی ئایاری ئەم دواییە، سیستمی سەربازیی نوێ بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ گوورسیل، دەستیکرد بە ئازادکردنی زیندانییە سیاسییە تورکەکان، لەوانەیش قوتابیان، بەڵام ئەم سیستەمە بەداخەوە کە بانگەشەی ڕێزگرتنی لە ڕاگەیاندنی گشتگیری مافەکانی مرۆڤی دەکرد، زیندانی و قوتابیە سیاسییە کوردەکانی ئازاد نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە ژمارەی دەستگیرکراوانی کورد، لە نێویشیاندا بەشێکی زۆر لە قوتابیان لە مانگەکانی ڕابوردوودا، بەشێوەیەکی زۆر جێگەی نیگەرانی بەرز بووەتەوە. کۆمەڵەی ئێمە لیستی ٧٠ ناوی ئەم زیندانییە سیاسییانەی لایە، کە لیستێکی کەمە و تەنها ناوی ژمارەیەکی کەمیان لەخۆگرتووە کە لە زیندانی سەربازیی ئەستەنبوڵ و زیندانەکانی دیکەدان، لەوێ لە ژێر ئەشکەنجەدان، بێ دادگاییکردنیان."

"جەنەڕاڵ گوورسیل لە سێ بۆنەی جیاوازدا، بەشێوەیەکی فەرمی و لە بەردەم پەیامنێرە بیانییەکاندا، ڕایگەیاندووە کە لە تورکیادا نە کێشەی کورد هەیە و نە کوردیش هەیە، (بگەڕێوە سەر ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی). ئەگەر ڕۆژنامەی تورکی بەناوی (حوڕییەت)ی ژمارە ١٤ی تەممووزی ١٩٦٠ بخوێنێنەوە، ئەوا وتارێک دەبینن بە ناونیشانێکی ئاشکراوە کە ناوی (کورد بوونی نییە، تەنها تورک هەیە) و ئەم وتارە، باس لە وانەیەک دەکات کە مامۆستای مێژوو بەڕێز ف. کرسۆغلّو لە زانکۆی ئەنقەرە و لە بەردەم جەنەڕاڵ فەخری ئۆزوولکدا پێشکەشی کردووە، کە دەسەڵاتی شاراوەیە لە سیستمی سەربازیی ئێستای تورکیادا. ئەم مامۆستایە قسەی کردووە و بانگەشەی نا-زانستیی کردووە، کە کوردەکان لە بنەڕەتدا تورکن و تەنها زمانەکەیان گۆڕیوە و نەتەوەی کورد بوونی نییە و تەنها یەکێتیی سۆڤیەت باس لە بوونی نەتەوەی کورد دەکات. ئەگەر ڕۆژنامەی (جمهووریيەت)ی ژمارە ١٤ی تەممووزی ١٩٦٠ بخوێنێنەوە، ئەوا وتارێکی تر دەبینن لە ژێر ناونیشانی (کورد و تورک)، وتارەکە باس لە موحازەرەیەک دەکات کە مامۆستا نەجاتی ئاکدەری مامۆستای مێژوو لە زانکۆی ئەنقەرە، هەروەها بەڕێوەبەری

پەیمانگای عاریفییە کۆی، پێشکەشی کردووە. ئەم موحازەرەیە لە زانکۆی ئەستەنبوڵ لە لیژنەی یەکێتیی ناسیۆنالیستی تورکیادا پێشکەشکراوە. ئەم دوو موحازەرەچییە، باسی بیردۆزێکی هاوشێوەیان کردووە و بە هەمان واتای پێشوو. ئایا پێویستە بڵێین کە ئەم بیردۆزە کە لە هەمان ناسیۆنالیزمی هێرشبردن و تۆندڕەو سەرچاوەی گرتووە، هیچ ڕەنگێکی زانستی نییە و بەپێچەوانەوە مێژوو و زانست دەشێوێنێت و دەستەمۆکردنە بەرامبەر بنەماکانی دادپەروەری و ئازادییە دیموکراتییەکان لە سەردەمی ئێستاماندا. ئەوان بە تەواوی، حەقیقەتە مێژوویی و جوگرافی و نەژادییە ناسراوەکانی پەیوەست بە گەلی کوردمان پشتگوێ دەخەن، ڕێگا خۆش دەکەن بۆ هەوڵدانێکی نوێ بۆ تورکاندنی ملیۆنەها هاوڵاتیی گەلەکەمان لە تورکیادا. بەڵام ئەمە ڕووندادات، چونکە گەلان هەرگیز نامرن و لە سەردەمی خەبات لەپێناو ڕزگاریی نیشتمانی و لەپێناو ئاشتیی جیهانیدا لە دژی فاشیزم و لە دژی ناسیۆنالیزمە کوێر و هێرشبەرەکان، کە ناوەندە پاشڤەڕۆکان بانگەشەی بۆ دەکەن و لە دژی داگیرکاری و ئیمپریالیزم، نایمرن."

"پاندیت نەهرۆ لە کتێبەکەیدا (سەرنجێک لە مێژووی جیهان) وتوویەتی: کە بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و شۆڕشگێڕیی کورد، هەرگیز ناکۆژێتەوە و چەندە ڕاستیی فەرموو."

"لە ڕۆژنامەی (تریبیون دی جنێف)ی ژمارە ١٤ی ئەیلولی ١٩٦٠دا، پەیامنێری ڕۆژنامەکە لە ئەستەنبوڵ، خاتوو ڕین جۆفری، وتارێکی لەسەر بارودۆخی تورکیا نووسیوە و ئاماژەی بەوە کردووە، کە کۆمەڵێک زمانەوانی تورک لەم دواییانەدا بانگەشەی ئەوەیان کردووە، کە زمانی کوردی هیچ نییە جگە لە لقێک لە زمانی تورکی. پەیامنێرەکە زیاد دەکات: ئەمە بیرۆکەیەکە، کە لەشی زمانەوانانی ئاگاداری جیهان دەلەرزێنێت، بەهۆی دووری لە ڕاستییەوە. ئەگەر ئەم ڕۆژانە لە شارەکانی ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ سواری پاس بوون [٧٤]، تابلۆکان دەبینن کە داوا لە دانیشتوان دەکەن تەنها بە زمانی تورکی قسە بکەن. لەو چەند قوتابخانە ئامادەییانەی کە لە کوردستانی تورکیا بوونیان هەیە، وێڕای ئەوەی خوێندن بە زمانی تورکییە، مامۆستایانی تورک بە ئاشکرا لە قوتابییەکانیان دەپرسن ئایا ئەوان تورکن؟ ئەو قوتابییانەی کە بە بوێرییەوە وەڵام دەدەنەوە کە ئەوان کوردن، دەستبەجێ لە قوتابخانە دەردەکرێن...

"هاوڕێیان.. ئەوانەی کە لە وڵاتانی سەربەخۆ یان نا-سەربەخۆ هاتوون، تکایە پێمان بڵێن ئایا ئەمە جیاوازە لە فاشیزم؟"

"لە کۆتاییدا، دەسەڵاتدارانی تورکیا بڕیاریانداوە کە ئەو قوتابیانەی لە پارێزگا ڕۆژهەڵاتییەکانەوە، واتە لە کوردستانی تورکیاوە دێن، پێویستە پێش ئەوەی لە زانکۆکان قبوڵ بکرێن، تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو لە ماددەیەکی نوێدا بکەن کە ناوی لێنراوە (سەلماندنی ئەوەی کە کوردەکان تورکن)."

"نازانم ئایا شاندێکی تورکی لەم هۆڵەدا هەیە، کە لە تورکیاوە هاتبێت؟ ئێمە زۆر حەزمان بەوەیە، چونکە شاندی ئێمە لەم حاڵەتەدا خۆشحاڵ دەبێت کە داوا لەم شاندە لەگەڵ شاندەکانی دیکەدا بکات، کە دەیانەوێت سەردانی کوردستانی عێراق بکەن، بۆ ئەوەی هەمووان هەڵی ئەوەیان هەبێت کە بزانن گەلی کورد چۆن بە ئازادی لە وڵاتی کوردستانی عێراقدا دەژی و چەندە زمانی کوردی لە تورکی جیاوازە. زمانی ئێمە لە تورکی جیاوازە، بە ئەندازەی جیاوازیی فەڕەنسی لە تورکی، کە ئێستا قسەی پێ دەکەم، بەڵام گەلەکەمان دۆستی گەلی تورکە.

"پێویستە بزانرێت کە گەلی کورد یەکەم کەسە، کە گرنگیی بە ڕزگاربوونی تورکیا لە چنگی داگیرکاری دەدات و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی تێیدا، کە وەڵامی ویست و بەرژەوەندییەکانی گەلی ئەم دەوڵەتە بە هەردوو نەتەوە گەورەکەی، تورک و کورد، بداتەوە. بەڵام ئەم سیستمە دەبێت بەڕاستی دیموکراتی بێت."

"ئێمە لە کۆنگرەی ڕابوردوومان لە بەرلیندا، ئاماژەمان پێدا و بەردەوام دووبارەی دەکەینەوە کە: بەبێ دیموکراسی، پرسی کورد چارەسەر ناکرێت، بەڵام دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی نایەت پێش ئەوەی پرسی نەتەوەیی کورد بەشێوەیەکی بنەڕەتی و دروست چارەسەر نەکرێت. ڕژێمێک کە دان بە بوونی نەتەوەیەکدا نەنێت کە لە شەش ملیۆن کورد پێکهاتبێت، ناتوانێت سیستمێکی دیموکراتی بێت."

"گەلی کورد، هیچ دژایەتییەکی بەرامبەر گەلی تورک نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەرژەوەندیی ئەم دوو نەتەوە گەورەیە ئەوەیە کە یەکبگرن بۆ ڕزگارکردنی تورکیا لە چنگی داگیرکاری و بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی، کە دان بە هەموو مافە

نەتەوەییەکانی کورددا بنێت، هێزە دیموکراتییەکانی ئەم دوو نەتەوەیە لەسەر ئەمە ڕێککەوتوون. ئەرکی دیموکراتەکانی جیهان لەوانەیش قوتابیان ئەوەیە، کە بە ئامرازە ڕێگەپێدراوەکانیان یارمەتیی دروستبوونی ئەم گۆڕانکارییە بدەن و یارمەتیی گەلی تورکیا بدەن، بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکاری و ئەو چینی فەرمانڕەوایە کە بانگەشەی دیموکراسی دەکات و دیموکراتییش نییە، ئەرکی ئەم دیموکراتانە ئەوەیە کە یارمەتیی گەلی کورد لە تورکیا بدەن، لەوانەیش قوتابیان، لە خەباتیاندا بۆ بەدەستهێنانی مافە شەرعییەکانیان. ئەمە ئامانجێکی گرنگە. بەڵام یارمەتیدانی حوکمی جەنەڕاڵ گوورسیل و کارکردن لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بۆ بەهێزکردنی سیستمێکی سەربازی، کە بە ئاشکرا شەس ملیۆن کورد دەچەوسێنێتەوە و هێشتا ملکەچی داگیرکاری جیهانییە، ئەوا ئامانجێکی تڕە و بە تەواوی جیاوازە لە یەکەم."

"لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی و بەهۆی بزووتنەوەی قوتابیانی جیهانی و چالاکیی ڕێکخراوە قوتابییە ناسیۆنالیستەکانەوە، ئێمە داوا لە دیموکراتەکانی هەموو جیهان دەکەین، کە لە هەڵوێست و سیاسەتەکانیاندا بەرامبەر بە تورکیای ئێستا و تورکیای جیاکراو، هەژمار بۆ بوونی شەش ملیۆن کورد بکەن و پێویستە یارمەتییان بدرێت، بۆ بەدەستهێنانی مافە ناسیۆنالیست و کولتوورییە شەرعییەکانیان لەپێناو بەرژەوەندیی دیموکراسی و بەرژەوەندیی هەموو دانیشتوانی کۆمارەکە. ئاشتیی جیهانی و دیموکراسی، پێویستییەکن کە گرنگی بە هەموو جیهان دەدەن و دەبێت بەدیبێن بۆ سوودی هەموو نەتەوە و گەلان، گەورە و بچووک، بۆ هەموو گەلانی سەربەخۆ و نا-سەربەخۆ، لەوانەیش گەلی کوردی چەوساوەی ئێمە.

"گەلی ئێمە، ئامادە نییە تەنانەت قوربانی بە بوونی ناسیۆنالیستی خۆی بدات، بۆ ئەوەی نەتەوەکانی دیکە لەسەر حسابی ئەوان، دیموکراسی بەدی بهێنن کە هەرگیز دیموکراسی نابێت و ئاشتییەک کە تەنها زۆردارانە دەبێت. گەلەکەمان، نایەوێت بمرێت بۆ ئەوەی کەسانی دیکە لەسەر داروپەردووەکەی بژین. گەلەکەمان، دەیەوێت بژی و چێژ لە بەرەکەتەکانی دیموکراسی و ئاشتی وەربگرێت، وەک هەموو نەتەوە و گەلانی گەورە و بچووک. گەلەکەمان دژی هەر دیموکراسییەک دەجەنگێت، کە هیچ لە

دیموکراسی نەچێت، دژی هەر ئاشتییەکی هەرێمی یاخی دەبێت، وەک ئەو ئاشتییەی کە پەیماننامەی نادادپەروەرانەی لۆزان دروستی کرد، کە تەنانەت بوونیشی پشتگوێ دەخات. گەلەکەمان، دەیەوێت لە ئاشتی و برایەتیدا بژی لەگەڵ هەموو گەلان، بەتایبەتی گەلانی دراوسێ، لە سایەی یەکسانی و ڕێزگرتنی تەواو بۆ مافە ناسیۆنالیست و کولتوورییە شەرعییەکانی.

"برایانی ئازیز، تکایە وا مەزانن ئێمە تووندڕەوین. بەڵام بوونی گەلەکەمان لە تورکیا لە مەترسیدایە، ئەی چیمان لە دەست دێت، جگە لەوەی ئێوە لەم بارودۆخانە ئاگادار بکەینەوە و خەبات بکەین بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی و داوا لە دیموکراتەکان بکەین، کە هاوپشتیی خۆیانمان لەگەڵ دەربڕن.

"ئێمە بە باشی ڕۆڵی ئەرێنی بزووتنەوەی قوتابیانی تورکیا، لە ڕووخاندنی حکومەتی زۆردارانەی عەدنان مەندەریس دەزانین، بەڵام بەوپەڕی دۆستایەتییەوە و لەپێناو بەرژەوەندیی دیموکراسی و ئاشتیدا، داوا لە قوتابیانی تورک دەکەین کە دیموکراتیی ڕاستەقینە بن، کار بکەن بۆ ئازادی و بەختەوەریی تورکیا، بۆ خۆشگوزەرانی هەموو دانیشتوانەکەی، بۆ برایەتی و یەکسانی لە مافە ناسیۆنالیست و کولتوورییەکاندا، لە نێوان دوو گەلی تورک و کورددا، کە لە کۆماری تورکیادا دەژین. هەروەها لەگەڵ کەمینە ناسیۆنالیستەکانی وەک ئازەری، یۆنانی، عەرەب و چەرکەسەکان و ئەوانی تر.

"داوا لە قوتابیانی تورک دەکەین، کار بکەن بۆ ئەوەی خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستانی تورکیا هەبێت، بۆ ئازادکردنی زیندانییە سیاسییە کوردەکان، لەوانەیش قوتابیان، وەک چۆن بۆ تورکەکان ڕووی دا." "لە ئێرانی شایەتی، کە چینێکی ڕزیو حوکمی دەکات، بارودۆخەکە زۆر باشتر نییە لەوەی لە تورکیا هەیە، سەبارەت بە کورد، فارس، بەلوچ، تورکمان و کەمینە ناسیۆنالیستە جیاوازەکان، کە هەموویان برایانی ئێمەن.

"لە ساڵی ١٩٤٦دا، حکومەتی ئێران بە یارمەتیی ئیمپریالیزمی جیهانی، کۆتایی بە کۆماری دیموکراتیی کوردی لە مەهاباد هێنا، هەروەک چۆن کۆتایی بە کۆماری دیموکراتیی ئازەربایجانی هێنا. چوار ملیۆن کورد کە لە کوردستانی ئێراندا دەژین - بە واتای ناسیۆنالیست نەک بە واتای ئیداریی تەسک - لە ئێستادا لە هەموو مافە

ناسیۆنالیست و کولتوورییەکان بێبەشن و زمانیان لە وڵاتەکەیاندا، بە فەرمی دانانرێت و قوتابخانە و بڵاوکراوەی کوردییان نییە. سەدان دیموکراتی کورد لە زیندانداان و چوار لەوان: عەزیز یوسفی، غەنی بلووریان، ڕەحمەتی شەریعەتی و قوتابی ئیسماعیل قاسملوو سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، لەوانەیە لە هەر ساتێکدا لەسێدارەبدرێن. سوپاسی هەموو ئەو ڕێکخراوە قوتابییانە دەکەین، کە ناڕەزایەتییان بەرامبەر بەم سزایە دەربڕی، لەوانەیش یەکێتیی قوتابیانی جیهانی و یەکێتیی قوتابیانی گشتیی چین و یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆماری عێراقدا. سەدان کەسی تر لە فارس و ئازەری و ئەندامانی دیکەی کەمینە دۆستەکان لە زیندانداان، بۆیە ئێمە لەم کۆنگرەیەدا پاڵپشتیی خۆمان لەگەڵ هەموویان دەردەبڕین. "بەداخەوە بارودۆخی دیموکراتەکان، بەگشتی و کوردەکان بە تایبەتی، لە کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو خراپە. داوا لە ئێوە ئەی برایان، دەکەین کە هاوپشتیی خۆتان لەگەڵ برا عەرەب و کوردەکان و ئەو کەسانەی بە نادادپەروەری لە کۆماری عەرەبیی یەکگرتوودا زیندانیکراون دەربڕن، وەک هاووڵاتی لوبنانی فەرەجەڵڵا حەلوو و ڕۆشنبیران و قوتابییە کوردەکان کە لە ئێستادا لە زیندانی سەربازی مەززە نزیک دیمەشق، بەبێ هیچ دادگاییکردنێک گیراون، لەوانەیش دکتۆر نوورەدین زازا ئەندامی فەخری لە کۆمەڵەی ئێمە و یەکێک لە دامەزرێنەرانی، ئەدیب عوسمان سەبری و شاعیر قەدری جان و قوتابی مەجید حاجۆ. داوا لە ئێوە دەکەین کە سۆزی دۆستانەی خۆتان بەرامبەر بە ٤٠٠ هەزار کوردی دانیشتووی سووریا دەربڕن، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بتوانن بە زمانی کوردی بخوێنن و ئازادییان هەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی و ڕۆژنامە بە زمانی ناسیۆنالیستی خۆیان و بۆ ئەوەی لە هەموو چەوساندنەوەیەکی ناسیۆنالیست ڕزگاریان بێت."

پاشان وانلی باس لە کوردانی یەکێتیی سۆڤیەت دەکات:

"..... ژمارەی کوردانی سۆڤیەت لە ١٥٠ هەزار کەس تێپەڕ ناکات، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا. بەڵام بە ئازادی دەژین و مافەکانیان پارێزراوە. ناوچەی لاچێن [لاچێن و ئاماژە بە لکۆز کرابوو] لە نزیک یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیای سۆڤیەتی، ناوچەیەکی ناسیۆنالیستی کوردە و کوردەکان بەپێی دەستووری سۆڤیەت، خۆیان حوکمی خۆیان

دەکەن. کوردانی سۆڤیەت، قوتابخانە و بڵاوکراوەی کوردییان هەیە و لە بارودۆخێکی ماددیی باشدا دەژین. داوا لە هاوکارانمان دەکەین کە نوێنەرایەتیی لیژنەی قوتابیانی سۆڤیەت لەم کۆنگرەیەدا دەکەن، سوپاسی کۆمەڵە و قوتابیانی کورد بە دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت بگەیەنن. بۆ هەموو ئەمانە و بۆ هاندانی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت بۆ پەرەپێدانی لێکۆڵینەوە کوردییەکان لە پەیمانگاکانی ڕۆژهەڵاتناسیی تایبەتمەند لە لینینگراد، مۆسکۆ، یەریڤان و باکۆ، سوپاسی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت دەکەین، بۆ پێشکەشکردنی میوانداری بە پاڵەوانی ناسیۆنالیستی گەلی کورد بەڕێز موستەفا بارزانی و هاوڕێ ئازاکانی لە ماوەی چەندین ساڵدا، کە هێزەکانی ئیمپریالیزم و پاشڤەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی کۆکراوە لێیان دەکرد. ناوی زانایانی سۆڤیەت لە ڕووس و کورد و غەیری ئەوان کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە کوردییەکان دەدەن، وەک ئەردەبیلی، تڵجێڤسکی، بەکاییڤ و قەناتی کوردۆ، ناوگەلێکی ناسراو و خۆشەویستن لە سەرانسەری کوردستاندا. ئێمە ئومێدی خۆمان دەردەبڕین کە دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت، وەڵامی داواکارییەکەمان بدەنەوە بۆ چاپکردنی (لانی کەم) بەشێک لە بڵاوکراوە کوردییەکان لە یەکێتیی سۆڤیەتدا بە پیتی لاتینی، بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵکی کوردەوە لە کوردستاندا تێبگەن، هەروەها حەز دەکەین ڕادیۆی مۆسکۆ بەرنامەیەکی تایبەت بە پەخشی کوردی بکاتەوە."

"لە دوای شۆڕشی شکۆداری ١٤ی تەممووزی عێراق، بە سەرکردایەتیی سەرۆک عەبدولکەریم قاسم، کۆمەڵەی ئێمە وەک هەمووان دەزانن، هیچ هەوڵێکی نەدرکا لە بەرگریکردن لە کۆماری عێراق بە هەموو ئامرازە قوتابییەکانی لە دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و پاشکۆکانی. گەلی کورد بەگشتی، گەلی کورد کە نیشتمانەکەی بە زۆرداری دابەش کراوە، نەک تەنها کوردانی عێراق، بەرگری لە کۆمارەکە دەکرد، ئەم هەڵوێستە دوو هۆکاری سەرەکی هەبوون: لەلایەک ماددەی سێیەمی دەستووری کاتیی عێراق، کە دان بە هاوبەشیی دوو نەتەوە گەورەکە لە کۆمارەکەدا بە مافە یەکسانەکانیانەوە دەنێت، لەلایەکی ترەوە دیموکراسییەتێک کە ژیانی سیاسی لەم وڵاتەدا بەوشێوەیە بوو. دیموکراسی و مافە ناسیۆنالیستەکانی گەلی کورد، دوو لایەنن کە زۆر بەیەکەوە پەیوەستن، لێرەیشدا دووبارەی دەکەینەوە ئەوەی لە شوێنەکانی دیکەدا باسمان کرد:

پرسی کورد بەبێ دیموکراسی چارەسەر نابێت، دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی نایەت، بەبێ چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ پرسی کورد."

"یەکێک لە ئەنجامە گرنگەکانی شۆڕشی عێراق، دەبێت ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری و بەهێزکردنی دۆستایەتیی عەرەب - کورد لە سایەی دیموکراسی و یەکسانیی مافەکاندا نیشان بدەین. سەبارەت بە کورد، پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەریی کوردی و ئەدەبی کوردی و گەڕانەوەی قارەمانە بارزانییەکانمان و مۆڵەتی فەرمی بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکەمجار لە مێژووی گەلەکەماندا، پتەوکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کورد. جارێکی تر سوپاسی حکومەتی سەرۆک عەبدولکەریم قاسم دەکەین، بۆ وەڵامدانەوەی دیموکراتییانەی بۆ ویستی گەلەکەمان."

"ئەگەر حەزمان لێ بێت باسی ئەو شتانە بکەین کە گەلی کورد لە عێراق پێی دڵخۆشە، با ڕێگەم پێ بدەن کە بە خێرایی باسی هەندێک پرسیار و بارودۆخیش بکەم، کە گەلی کوردمان لێی نارەحەتە، لەگەڵ زانینی ئەوەی کە ئەوانە میراتی سەردەمی ڕووخاون. یەکەم: ماددەی سێیەمی دەستووری عێراق، کە باسمان کرد و تا ڕادەیەکی زۆر بە ماددەیەکی تێۆری ماوەتەوە، خوێندنی سەرەتایی بە زمانی کوردی بەڕێوە ناچێت، مەگەر لە هەندێک ناوچەی کوردستانی عێراق، خوێندنی ناوەندی تەنها بە عەرەبی بەڕێوەدەچێت لە سەرانسەری کوردستانی عێراقدا، بەڵام خوێندنی باڵا بەهیچ شێوەیەک لە کوردستان بوونی نییە. بۆیە پێویستە ئەم بارودۆخە بەزووترین کات چاک بکرێتەوە، بە تایبەتی بە دانانی بناغەکانی زانکۆی کوردستانی عێراق لە ئێستاوە. زمانی کوردییش، زمانی فەرمی نییە لە فەرمانگە حکومییەکان و دادگاکانی کوردستان، شایستەیە کە فەرمی بێت."

"کوردستانی عێراق کە دوو هێندە و نیو گەورەترە لە سویسرا، زۆر دەوڵەمەندترە لێی بە سامانی سروشتی، هێشتا دابەشکراوە بۆ پارێزگاکان بەبێ هیچ پەیوەندییەکی ئەندامی لە نێوانیاندا، جگە لە هەستی دانیشتوانە کوردەکەیان بە سەر بە نەتەوەیەکی یەکگرتوو... ئەمە تەنها پاشماوەی بێزراوی داگیرکاری و ئینتیدابی بەریتانی و سەردەمی پاشایەتیی ڕووخاون و شایستەیە کە لابرێن. شایستەیە کە کوردستانی عێراق لەڕووی

ئیداریییەوە یەک بخرێت و حوکمڕانی خۆجێیی پێ بدرێت لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، بە پێی ویستی گەلی کورد کە سەدان جار دەربڕیوە و لەسەر بنەمای بەڵێنە فەرمییە دووبارەکراوەکان کە بەتایبەتی لەکاتی چوونەناوەوەی عێراق بۆ کۆمەڵەی گەلاندا درا و بەداخەوە تەنها لەسەر کاغەز مایەوە."

"سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە، ئێمە حەز دەکەین حکومەتی عێراق پشتگیریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە دەرەوەی عێراق بکات، وەک چۆن بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەبی دەیکات. بۆ نموونە، یەکێک لە پێداویستییەکانی هاوبەشی ئەوەیە، کە حکومەتی عێراق پرسی کورد لە تورکیا بخاتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، وەک چۆن بۆ پرسی گەلی عەرەبی خەباتگێڕ لە جەزائیر و عومان و شوێنەکانی تر، کردوویەتی."

"هەروەها ئەو پرسە گرنگەیش هەیە کە لە ماددەی دووەمی دەستووری کاتییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەڵێت عێراق - بەگشتی - بەشێکی دانەبڕاوە لە نەتەوەی عەرەب. بیروڕای ئێمە، وەک لە کۆنگرەی پێنجەمی کۆمەڵەکەمان لە بەرلین باسمان کرد، ئەوەیە کە تەنها عێراقی عەرەبی یان گەلی عەرەب لە عێراق، بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، بەڵام کوردستانی عێراق و گەلی کورد لە عێراقدا، بەشێکی دانەبڕاون لە نەتەوەی کورد. ئێمە دڵنیاین کە حکومەتی عێراق بەو داناییەی هەیەتی، کار دەکات بۆ لابردنی ئەم هۆکارانەی کە گەلی کورد لە عێراق لێی نارەحەتە و کە میراتی سەردەمی ڕووخاون."

"کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا، بەردەوام دەبێت لە بەرگریکردن لە دیموکراسی و لە کۆماری عێراق و لە دۆستایەتیی مێژوویی نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کورد لە عێراق و دەرەوەیدا."

"گەلی کوردمان لەوانەیش قوتابیان، دۆستی گەلی عەرەب لە عێراق و سووریا، دۆستی گەلی تورک لە تورکیا، دۆستی گەلی فارس لە ئێرانە. یەکێک لە پێداویستییەکانی دۆستایەتی، دڵسۆزی و یەکسانییە لە ماف و ئەرکە ناسیۆنالیستەکاندا."

"کارکردن بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانی کورد، لە هەمان کاتدا کارکردنە بۆ ئاشتی و دیموکراسی و بۆ وێرانکردنی هەموو ئەو شتانەی، کە پاشقەڕۆیی ڕۆژهەڵاتی دروستی

کردووە و هەموو ئەو شتانەی کە ئیمپریالیزمی جیهانیی ئێستا پشتگیریی لێ دەکات، لە زۆرداری و ڕزیوی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا."

"گەلی کورد، مافی هەمیشەیی هەیە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، بە دەستی خۆی و ئەم مافە پەیڕەو دەکات کاتێک ئەمە مومکین بێت. گەنجان و قوتابیانی کورد، شانبەشانی گەلەکەیان بەرەوپێش دەڕۆن لە خزمەتی ئەم ئامانجانەی کە باسمان کردن."

"کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا، ڕێکخراوێکی قوتابییە کە پشتگیری و خۆشەویستیی گەلەکەمانی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەدەستهێناوە. کۆمەڵەی ئێمە، ڕێکخراوێکی قوتابییە لە دەرەوەی وڵات و قوتابیانی کورد لە ئەوروپا لەخۆدەگرێت، چ ئەوانەی لە کوردستانی تورکیا، ئێران، عێراق یان سووریا بن، هەست و ئاواتەکانی هەموو قوتابیانی کوردستان دەردەبڕێت و دەنگی گەلەکەمان دەگەیەنێتە جیهانی دەرەوە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی بارودۆخی سیاسیی نیشتمانەکەمان (کوردستان)، تا ئێستا ڕێگەی نەداوە ڕێکخراوێکی قوتابیانی کوردیی گشتگیر، لە ناوەوەی وڵاتدا دابمەزرێت. کۆمەڵەی ئێمە ١٢ لقی هەیە لە وڵاتانی ئەوروپیی سۆسیالیستی و ڕۆژئاوایی."

"ئێمە، بۆ کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی هاتووین و هەموو ویستمان ئەوەیە، دۆستایەتیی نوێ دروست بکەین و پێکەوە کاربکەین بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆنگرە گەورە قوتابییە. چیا و دۆڵە پێکەنیناوییە سەوزەکانی کوردستان، زۆر لەمەوە دوور نین. لە شارەکانی کەرکوک، سلێمانی و هەولێرەوە تا سنووری سۆڤیەت، لە مەلەتی و دیاربەکر و وان و مەهاباد و کرماشان، گەلەکەمان کە دابونەریتی شۆڕشگێڕیی قووڵی هەیە، چاوی لە ئێوەیە. دەزانێت کە قوتابیانی جیهان لە بەغدا لە (دارالسلام) کۆبوونەتەوە، بۆ بەشداریکردن لە بنیاتنانی جیهانێک کە جوانتر و دادپەروەرتر بێت، جیهانێک کە لە فاشیزم و کینە ڕزگاری بێت.

"بۆ ئەم هۆکارە، کۆمەڵەی ئێمە داوای چوونە ناو یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی پێشکەش کردووە، حەز دەکەین کۆنگرە بەشێوەیەکی دیموکراتی لێی بکۆڵێتەوە. ئەرکی ئێمە، قوتابیانی کورد، زۆر قورسە. دوژمنانی گەلەکەمان کە دوژمنانی ئاشتین، بەزەییان نییە، لە خەباتماندا پێویستیمان بە ئێوە دەبێت، قوتابیانی گەلانی دیکە، وەک چۆن هەر ڕێکخراوێک پێویستی بە پشتگیریی ڕێکخراوە دۆستەکانی دیکە هەیە."

"پێش ئەوەی ئەم وتارە کۆتایی پێ بهێنین، هاوڕێیان، حەز دەکەین جارێکی تر ئاماژە بە خاڵەکانی خوارەوە بکەین:

یەکەم: ئێمە نەتەوەیەک پێکدەهێنین، بە واتای تەواوی زانستی ئەم وشەیە.

دووەم: نەتەوەکەمان چەوساوەیە و وڵاتی کوردستان دابەشکراوە، دواکەوتوویی ڕۆژهەڵاتیش، هەڕەشە لە سەلامەتیی گەلەکەمان و سەلامەتیی گەلانی دراوسێ دەکات، بەهۆی بنکە سەربازی و ئەتۆمییە بیانییەکانەوە کە لە کوردستاندا بە پێچەوانەی ویستی دانیشتوانەکەی، دامەزراون.

سێیەم: کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا، ڕێکخراوێکە کە هەموو مەرجە پێویستەکانی بۆ ئەندامێتی تێدایە، بە پێی خاڵی چوارەمی ماددەی پێنجەمی دەستووری یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی، چونکە لە کوردستاندا ڕێکخراوێکی گشتیی قوتابیانی کورد بوونی نییە و ڕێکخراوەکەی ئێمە، لە دەرەوەی وڵات گەورەترین هێزی جێبەجێکردنی هەیە، سەبارەت بە ئاوات و پێداویستییەکانی خودی قوتابیانی کوردستان. یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی، یەکێتیی قوتابیانی جەزائیری موسڵمان و قوتابیانی پۆرتۆریکۆ و ڕێکخراوە قوتابییەکانی وڵاتانی دیکەی نا-سەربەخۆی دابەشکراویان قبوڵ کردووە. لەلایەکی ترەوە، یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی، ئەندامێتیی زیاتر لە یەک ڕێکخراو قبوڵ دەکات بۆ یەک وڵات، وەک چۆن بۆ دۆستە قوتابییەکانمان لە مەکسیک کە دوو ڕێکخراوی ئەندامیان هەیە. لە کۆتاییدا یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی، ڕێکخراوەکان قبوڵ دەکات کە نوێنەرایەتیی چەندین وڵات دەکەن، وەک ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی ئەفریقای ڕۆژئاوا و ئەفریقای باکوور.

چوارەم: دەبێت لەبەرچاو بگیرێت کە ڕێکخراوەکەی ئێمە، تاکەڕێکخراوی قوتابییە، کە ناوی کوردی هەڵگرتبێت و گەلەکەمان کە زیاتر لە ١٣ ملیۆن کەسن، مافی ئەوەیان هەیە ڕێکخراوێکی نوێنەریان لە (ی.ق.ج)ـدا هەبێت.

پێنجەم: ئێمە حەز دەکەین بچینە ناو (ی.ق.ج)ـەوە، بەو باوەڕەی کە ئەمە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەکەمان و لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی قوتابیاندایە، ئەگەر

وەرنەگیرێین، بەردەوام دەبین لە کارکردن بۆ پێشەوە، وەک چۆن لە ساڵانی ڕابوردوودا کردوومانە لە خزمەتی بزووتنەوەی قوتابیان و لەپێناو ڕزگاریی نیشتمانیی گەلەکەماندا.

"گەلەکەمان ئامادەیە بچێتە ناو هەموو جەنگەکانی ئازادییەوە، وەک چۆن چەندین سەدەیە دەیانکات، وەک چۆن لە ئاگری داغ و بارزان و مەهابادا کردی و وەک چۆن ئێستا گەلی ئازای جەزائیر دەیکات، ئێمەیش بەشێکین لە گەلەکەمان. قبوڵنەکردنی ئێمە لە (ی.ق.ج)، بە واتای دەستبەردارببوون لە بنەما دیموکراتییەکانە بۆ هەندێک بەرژەوەندیی سیاسی و هەلپەرستی و ملکەچبوون بۆ فشاری هەندێک ناوەندی شۆڤێنی دەبێت.

"بژی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی و با ئومێدمان هەبێت کە کۆنگرەی شەشەم، لە سایەی دۆستایەتیدا و لەپێناو بەرژەوەندیی قوتابیانی هەموو وڵاتاندا، کۆتایی پێبهێنێت، لەوانەیش قوتابیانی کورد، بۆ یەکخستنی بزووتنەوەی قوتابیانی جیهانی و بۆ دیموکراسی و خوێندن، لە خزمەتی ڕزگاریی نیشتمانی هەموو گەلانی ژێردەست و نیمچەژێردەستدا، لەوانەیش گەلی کوردی ئێمە، لە خزمەتی ئاشتیدا و بۆ چەکداماڵینی ئەتۆمی و تێکشکانی ئیمپریالیزم و داگیرکاری.

"پێش ئەوەی کۆتایی بەم وتارە بهێنم، شاندی کوردی زۆر دڵخۆشە کە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی گشتیی قوتابیانی جیهانی ئاگادار بکاتەوە، کە گەلی کوردستانی عێراق زۆر حەز دەکات هەموتان، ئەی شاندە قوتابییەکان، لە نێو خۆیدا ببینێت. هەروەها کۆمەڵەکە خۆشحاڵە کە هاوکاری لەگەڵ یەکێتیی گشتیی قوتابیان لە کۆمارەکەدا بکات. سوپاس."

ئەم گوتارە لە لە ١٩٦٠/١٠/٢٣ لە ڕۆژنامەی خەبات، لە ژمارە ٣٤٤ ڕۆژی سێشەممە ٢٥ی هەمان مانگ بڵاوکراوەتەوە.

پاشکۆ: ٢

(ئێریك ڕۆلۆ) لە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەڕەنسي ١٩٦٣

لە کاتی ڕۆیشتنمان بە ڕێگادا، نێردراوەکەی جەنەڕاڵ بارزانی ئەو گوندانەی نیشاندام کە لە لایەن هێزە عێراقییەکانەوە بۆردومانکرابوون و سووتێنرابوون، لە کۆی ١٠,٠٠٠ گوندی کوردستان ١,٥٠٠ گوندیان وێرانکرابوون ، ٢,٠٠٠ کەس گیانیان لەدەستدابوو، پێیگوتم: جەنەڕاڵ قاسم، باشترین دۆستی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە، لە جێی ئەوەی بەشداری بکا لە ستەمی دڕندانە و سیاسەتی پاکتاوکردن کە پەیڕەودەکرا، ئەو بەشدار بوو لە گۆڕینی ڕاپەڕینێکی سنووردار، بۆ شۆڕشێکی جەماوەریی گەورە.

لە هەموو قۆناغەکانی گەشتەکەمان بەرەو بارەگای شۆڕشگێڕان، شایەتیی دڵفراوانیی ناوازەی جوتیارە هەژارەکان بووم، چونکە سەرەڕای هەژارییە زۆرەکەیان، جێگەی خەوتن و پەناگەیان بۆ دابین دەکردم؛ ئەوان پارچەنانی وشکیان لەناو چا، تەڕ دەکرد بۆ ئەوەی بیخۆن، بەڵام بۆ من ژەمەگۆشتی مریشکی برژاو و گۆشتی بەرخیان لەگەڵ برنج و هێلکە و ماست ئامادە دەکرد. لە هەر کوێیەک لایان دەدام، خانەخوێیەکەم دەیگوت: «ئەم گەشتە پڕ مەترسیە، کەچی تۆ هاتوویتە لای ئێمە، ئەمەیش بەڵگەی دۆستایەتیتە بۆ ئێمە»

بەشێوەیەکی گشتی، شۆڕشگێڕانی کوردستانی عێراق پەنایان بۆ گشتگیرکردنی شۆڕشێکی جوتیاری نەبرد، لە ڕاستیدا جەنەڕاڵ بارزانی بزووتنەوەکەی بە خەسڵەتێکی «ناسیۆنالیست» هێشتەوە و هەموو ململانێیەکی چینایەتی، کە ببێتە هۆی لاوازکردنی بەرگری دژ بە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا ڕەتکردەوە. ڕۆژنامەنووسە فەڕەنسییەکە، لە بارەگاکەیدا چاوی بە عەلی عەسکەری دەکەوێت و دەڵێت: چالاکییەکی زۆر و بێوچان لە فەرمانگەی (کاکە عەلی عەسکەری) فەرماندەی سەربازی ناوچەی ماوەتدا هەیە،

چەند مانگێک لەمەوبەر ئەم فەرمانگەیە، ناوەندێکی فەرماندەی پۆلیسی عیراقی بوو لەم ناوچەیەدا، ئێستا پێگەیەکی گرنگە لەو زەوییانەی پێشمەرگە کۆنترۆڵی کردوون.

لە گۆشەیەکی تەنیشت، مێزێک و لەژێر تیشکی فانوسێکدا، ژمارەیەک ئەفسەری ناسیۆنالیست ڕاوێژیان دەکرد، سەیری هەندێک بەڵگەنامەیان دەکرد و تێبینیی نەخشەیەکی سەربازیی گەورەیان دەکرد کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. لەم ساتەدا پێشمەرگەیەك هاتە ژوورەوە بۆ ئەوەی هەندێک نامەی کۆدکراوی بدەنە دەست، کە کۆدەکانیان شیکرابوونەوە، ئەو نامانە لە کاتی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و سەرکردایەتیی باڵای سەربازیی عێراق لە باکووری وڵات، چاودێریکرابوون و گیرابوون. یەکێک لەو ئەفسەرانە، بە زەردەخەنەوە گوتی: «لە ماوەی ١٨ مانگی ڕابوردوودا، لە شیکردنەوەی کۆدەکانی حکومەتدا تووشی هیچ کێشەیەک نەبووین، هیچ شتێک لەبەردەم پسپۆڕەکانماندا ئەستەم نییە»

پسپۆڕەکان، بە گشتی کارمەندانی بێتەل بوون، کە پێشتر لای حکومەتی بەغدا کاریان کردبوو و پەیوەندییان بە ڕاپەڕینەکەوە کردبوو. ئەوان هاوڕێیان لە حکومەتی ناوەندیدا هەبوو، بەمەیش ژەنەڕاڵ بارزانی، ڕۆژانە ئاگاداری جووڵەی هێزە عێراقییەکان و نەخشەی هێرشەکان و کێشە لۆجستییەکانیان بوو.

شۆڕشگێڕان لە لایەن خۆیانەوە، زۆر سوور بوون لەسەر نهێنیپارێزیی تەواو و بەدەگمەن ئامێری تەلەگرافیان بەکاردەهێنا. ئەوان سیستمێکی پۆستەیی کۆن بەکاردەهێنن؛ نامەکان لەسەر کاغەز دەنووسرێن و چەند جارێک دەچەمێنرێنەوە، تا قەبارەکەی دەبێتە قەبارەی پارچەشەکرێکی بچووک، نامەبەرەکان بە پێ یان بە سواری ئەسپ، دەیگوازنەوە.

چەندین جار لە ڕۆژێکدا، ئەم «نامەبەرە» نامۆیە کە بە قوڕ داپۆشراوە، دەگاتە نووسینگەی عەلی عەسکەری. دوای ئەوەی عەلی عەسکەری ناوەڕۆکی نامەکان دەخوێنێتەوە، بانگی یاریدەدەرەکانی دەکات و ڕێنمایی کورتیان پێ دەدات. تەمەنی عەلی عەسکەری تەنها ٢٧ ساڵە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (پارتی)یە، لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە چووەتە ناو پارتی. دەیگوت کە دەیویست لە کارێکی ئارامدا پسپۆڕ بێت، کاتێک پارتی

داوایلێکرد واز لە خوێندن بهێنێت و خۆی بۆ خەباتی نهێنی تەرخان بکات – ئەو تێکۆشەر و نیشانەشکێنێکی ناودار بوو، کە بە ئازایەتیی لە شەڕدا ناسرابوو - فەرمانەکانی بەبێ گفتوگۆ لە لایەن پیاوەکانییەوە جێبەجێ دەکران، ئەوان زۆر پێی سەرسام بوون.

لەگەڵ ئەوەیشدا عەلی عەسکەری تەنها «کاپتن» نییە، چونکە پێنج کەسی تری لە دەوروبەرە، کە پێکەوە لیژنەی ناوچەی ماوەت پێکدەهێنن، لەم شوێنەدا تێیدا بنەمای سەرەکیی کارکردن «سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ»ـە و ئەم بنەمایە بە وردی جێبەجێ دەکرێت. یەکێکیان ناوی کەمال غەریبە، فەرمانبەرێکی شارستانیی پێشوو بوو لە ناحیەی پێنجوێن؛ لە مانگی ئایاری ڕابوردوودا توانی ١٨٠ سەرباز لەو سەربازگەیەی لە شارەکەدا جێگیر بوون، کە هەموویان بە ڕەچەڵەک کورد بوون، قایل بکات کە شوێنی بکەون و هەموو پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن. کەمال غەریب ئەو بودجەیەی کە لای بوو و بڕەکەی ١٢,٠٠٠ دینار بوو (نزیکەی ١٧ ملیۆن فرانکی کۆن) لەگەڵ خۆی هێنا و ڕادەستی بارزانیی کرد.

بەڵام ملازم ئەحمەد، بەرپرسی کاروباری لۆجستییە لە لیژنەی ناوچە، تەمەنی لە ٢٢ ساڵ تێپەڕ ناکات. ئەو لە یەکەکەی خۆی لە بەسرا هەڵاتبوو و دوای چەند هەفتەیەک لە کۆچکردن، پەیوەندیی بە شۆڕشگێڕانەوە کرد. ئیبراهیم بەرپرسی کارگێڕی، فەرمانبەری پێشووی بانکی سلێمانی بووە و دوای ئەوەی چەند ساڵێک وەک ژمێریار کاری کردووە، ئێستا پیشەی شاعیریی دۆزیوەتەوە؛ ئەو جەستەیەکی بچووکی خڕی هەیە، جەمەدانەیەکی بەستووە، شەونخونیی هاوڕێکانی لە شەوە درێژەکاندا دەقۆزێتەوە بۆ خوێندنەوەی پارچەشیعر و پەخشانی خۆی.. بەڵام «ئەفسەری سیاسی»ی حیزبییەکی «جدی»یە. بەرپرسی دابینکردن (تەموین)، یەکێکە لە کرێکارانی پێشووی کۆمپانیای نەوتی عێراق و ئەمەی دواییان بە تایبەت، چێژ لە شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی ئیبراهیم وەردەگرێت.

ئەم پیاوانەی کە لە پاشخانە جیاوازەکانەوە هاتوون، لە ڕاستیدا حکومەتێکی هەرێمیی پێشوەختە پێکدەهێنن. ئەرکەکانیان تەنها لە لایەنی سەربازیدا نییە، بەڵکو نوێنەرایەتیی بەدیلی حکومەتی بەغدا دەکەن؛ ئەوان کاروباری ٥٠,٠٠٠ هاوڵاتی بەڕێوە دەبەن، بۆیان پشتڕاست کردمەوە کە لیژنەی هاوشێوە هەن، کە ژمارەیان دەگاتە ١٥ لیژنەی ناوخۆیی هاوشێوەی لیژنەی ماوەت، ئەمانە پێکەوە کاروباری یەک ملیۆن هاوڵاتی بەڕێوە دەبەن."

دەسکەوتی ناوازە

بەڕاستی ئەو دەستکەوتانەی شۆڕشگێڕان لە ماوەی ١٨ مانگدا بەدەستیان هێنا، جێی سەرسوڕمانە. قاسم، لە ئەیلوولی ١٩٦١دا بۆ ترساندنی خەڵک و ڕێگریکردن لە فراوانبوونی بازنەی بەرگری کە لە بەهاری هەمان ساڵدا دەستی پێکردبوو، بۆردومانێکی چڕی کوردستانی کرد. چەند گرووپێکی جوتیاری شەڕی پارتیزانییان دەکرد، بەڵام بەدەست کەمیی تەقەمەنی و چەک و سەرکردەوە دەیاننالاند، ئاماژەکان وا بوون کە بە خێرایی لەناو دەبرێن. سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان (ئیبراهیم ئەحمەد) دەیوت: لەو کاتەدا بڕوای بە سوودی بەرگرییەکی جدی لە بەرامبەر هێزی سوپای عێراقدا نەبووە. بە پێچەوانەی جەزائیرەوە، کوردستان بە دەوڵەتی نەیار دەورەدراوە کە چاوەڕێی هیچ پشتگیرییەکیان بۆ شۆڕشگێڕان لێ ناکرێت.. ئیبراهیم ئەحمەد گوتی: "بە جۆرێک لە جۆرەکان جوتیاران شەڕێکیان بەسەردا سەپاندین، کە پێشوەختە پێمانوابوو دۆڕاوە". هەروەها گوتی: «کاتێک کڵپەی کانوونی یەکەمی ١٩٦١ هات، ڕێک لەو کاتەدا پارتی بە فەرمی بڕیاری دا بەرپرسیارێتیی ئۆپەراسیۆنەکان بگرێتە ئەستۆ»، جەنەڕاڵ بارزانییش لەلایەن خۆیەوە باسی لەوە کرد کە لەو کاتەدا ٦٦٠ چەکداری لەگەڵدا بووە. بەڵام لە بەرامبەر ئەم هێزە بچووکەدا، قاسم خاوەنی چەندین یەکەی پیادە و تانک و تۆپخانەی قورس و فڕۆکەی میگی سۆفیەتی بوو. تەنها بە گەیشتنی زانیاری لەسەر بوونی شۆڕشگێڕان تێیاندا، گوندەکان هێرشیان دەکرایە سەر و "بۆردومان دەکران و دەسڕانەوە" لە کاتی بۆردومانە چڕەکاندا، ڕادیۆی بەغدا لەو کاتەدا «سەرکەوتنی گەورە» و نزیکبوونەوەی کۆتایی شۆڕشی ڕادەگەیاند. بەڵام بە پێچەوانەی ئەم پێشبینییانە، شۆڕش وەک ئاگر لە کای کۆن بڵاوبووەوە؛ جوتیاران لە گوندەکانەوە، ڕۆشنبیران لە شارەکانەوە و سەربازە کوردەکانی ناو سوپای عێراق (کە ژمارەیان گەیشتە ٣٠٠٠ سەرباز) پەیوەندییان بەو شۆڕشەوە کرد، کە جەنەڕاڵ بارزانی ڕابەرایەتیی دەکرد. لە شارەکاندا هەواداران و لایەنگران، پارەیان کۆدەکردەوە و فەرمانبەرە کوردەکان پارەی حکومەتیان بۆ شۆڕش دەبرد و ئۆپەراسیۆنی کتوپڕیان بۆ دەستبەسەرداگرتنی پارە و ناردنی بۆ شۆڕشگێڕان ڕێکدەخست.

سوپای قاسم له بەهاری ١٩٦٢دا تووشی شکستی گەورە هات، شۆڕشگێڕان کە لە گرووپە جیاوازەکاندا ڕێکخرابوون: ١٠ چەکدار بە (دەستە)، ٥٠ چەکدار بە (پەل)، ١٥٠ چەکدار بە (سەرپەل) و ٣٥٠ چەکدار بە (لق) ناودەبران؛ ئەم هێزانە توانییان شکست بە هێزە گەورەکان بهێنن و چەک و کەرەستەکانیان، لە مەیدانی جەنگدا بەجێدەهێشت.

بەرگرییەکی نموونەیی

سەرکردە سەربازییەکانی عێراق، سکاڵایان لەوە دەکرد کە بەغدا هێزی پێویستی بۆ دابین نەکردوون، بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی بەرگریی کورد، قاسم هێز و کەرەستەی سەربازیی پێشکەوتووتری نارد، بەڵام ئەم هەوڵانە شکستیان هێنا، لە ساتەوەختی کودەتا سەربازییەکەی ٨ی شوباتدا، نزیکەی سێیەکی سوپای عێراق واتا ٣٠,٠٠٠ سەرباز، لە باکووری وڵات بوون بەبێ ئەوەی بتوانن ڕاپەڕینی کورد کپ بکەنەوە.. لە ماوەی پێکدادانەکاندا، نزیکەی ٢٠٠٠ سەربازی عێراقی و (جاش) کوژران، لە کاتێکدا زیانەکانی هێزی بەرگریی کورد نزیکەی ١٧٢ کوژراو بوو.. بە ئاوڕدانەوە لە ڕووداوەکان دەردەکەوێت، کە شکستی سوپای جەنەڕاڵ قاسم سەیر نییە، چونکە سوپاکەی بۆ شەڕێکی کلاسیکیی مەشقی پێکرابوو، نەک بۆ شەڕی پارتیزانی لە جۆری شۆڕشگێڕی کە لە چیا سەختەکاندا دەکرێت، لە کاتێکدا کوردەکان لەسەر خاکی خۆیان دەجەنگان و بە خێرایی دەجووڵان و توانییان سوپای عێراق تێکبشکێنن، چونکە سوپایەک بوو بە ژمارەی زۆر دەجووڵا و ئەمەیش کارایییەکەی، سست و لاواز دەکرد.

هەرچی هێزی پێشمەرگەیە لە ڕووی جۆرییەوە، لە هێزەکانی ڕژێم تۆکمەتربوون. بۆ وەرگرتن لە ڕیزەکانی "پێشمەرگە" -سوپای شۆڕشگێڕیی کوردستان، پێش وەرگرتنی فەرمی، دەبوو پاڵێوراو ناو و ناوبانگێکی پاکی هەبێت و دوو کەس لە پارتی دیموکراتی کوردستان، وەک شایەت جەخت لە خەسڵەتە باشەکانی و ڕابوردووە سیاسییەکەی بکەنەوە، دەبوو دڵنیایی لە دڵسۆزیی بۆ دۆزە نیشتمانییەکەی، پابەندیی تەواو بە دیسپلین، توانای جەستەیی و ئازایەتییەکەی وەرگیرابایە.

کۆیە لە شەودا

تەنانەت لە ڕووی دەروونییەوە هاوسەنگییەکە یەکسان نەبوو، پیاوەکانی بارزانی بۆ بەهاکان دەجەنگان، بۆ کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی کە تێیدا دەستکەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەدەستبهێنن، کە بەغدا ڕەتی دەکردنەوە، لە کاتێکدا سوپای عێراق شەڕێکی دەکرد کە زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی عێراق وەک شەڕێکی "ستەمکاری" ئیدانەیان دەکرد، لە ڕاستیدا ئۆپۆزسیۆن شکستەکانی قاسمی لە کوردستان بەکاردەهێنا بۆ خێراکردنی ڕووخانی ڕژێمەکەی، شۆڕشگێڕان هەستیان دەکرد هێزی پێویستیان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو شارە گەورەکانی کوردستان بەتایبەت کەرکووک، سلێمانی و هەولێر، هەروەها پاڵپشتیی دانیشتوانی ئەو شارانە کۆنترۆڵکردنی ئاسان دەکرد، بەڵام ئەم هەنگاوە گرنگەیان نەنا بۆ ئەوەی ئەو شارانە تووشی بۆردومان نەبن، کە هیچ ئامرازێکی بەرگرییان نەبوو. جگە لەوەی ناوەندی ئەم شارانە خۆراک و پارە و تەقەمەنییان بۆ شۆڕشگێڕان دابین دەکرد.

جەلال تاڵەبانی، کە یەکێک بوو لە سەرکردە سەرەکییەکانی شۆڕشگێڕان، لەم بارەیەوە پێی گوتم: «ڕێگا لە بەردەممانداا بۆ زۆربەی شارە گەورەکان کراوەیە». بۆ سەلماندنی قسەکانی، منی برد بۆ شارەکەی خۆی (کۆیە) کە سەربازگەیەکی سوپای عێراقی لێ بوو، چوونەژوورەوەی ئەو کتوپڕ و سەرکەوتووانە بوو، لە ماوەی چەند خولەکێکدا نیوەی دانیشتوانی شارەکە کە ١٥,٠٠٠ کەس بوون، ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ پێشوازیکردنی. ژنان و منداڵان و پیران و هەموو گەنجان، دەوری ئۆتۆمبێلە جێبەکەی ئێمەیان دا، تا گەیشتینە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان، زنجیرەیەکی بەردەوام و سەرنجڕاکێش لە کەسایەتییە ناوخۆییەکان دەهاتن بۆ بەخێرهاتن و ماچکردنی سەرکردەکەیان، هیچ سەربازێکی عێراقیمان نەبینی. بۆ سەرسوڕمانم، سەرۆکی شارەوانی لە بنگوێمدا چرپاندی: «بە شەو، ڕێگری لە هێزە نیزامییەکان دەکەین لە سەربازگەکەیان بێنە دەرەوە..ئەمەیش لە بەرژەوەندیی خۆیانە..

ڕۆژنامەی لۆمۆند ١٩٦٣/٤/١٣
پاتریرکی شۆڕشگێڕ

ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی ئیریک ڕۆلۆ سەبارەت بە دیدارەکەی لەگەڵ مەلا موستەفا نووسیویەتی: «لە دووریی ٢٠ کیلۆمەتر لە سەرسیان، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک، بۆ یەکەمجار چاوم بە جەنەڕاڵ بارزانی کەوت.. کەس گومانی نەبوو کە لەو دەوروبەرەدا بێت، بەڵام کە لە سەرسیان نزیک بووینەوە، هەستمانکرد دەچینە ناو جیهانی داخراوی ڕابەری ناسیۆنالیست.. سەدان پیاوی چەکدار، لەسەر لێواری ڕوبارێکی خرۆشاو بوون، کە دەبوو دواتر لێی بپەڕینەوە بۆ ئەوەی بگەینە "پیرۆزترین شوێن".. هەندێکیان سەرقاڵی بەتاڵکردنی بارێکی قورس بوون لە ئۆتۆمبێلە جێبەکان، کە یەک لە دوای یەک وەستابوون.. هەندێکی تریان لە گرووپەکاندا بە دەنگێکی نزم قسەیان دەکرد و بە چاوێکی پڕ لە گومان، یان حەزی ناسینەوە سەیری ئەو بێگانەیەیان دەکرد، کە تازە گەیشتبوون. یەکێکیان لێم نزیکبووەوە و خۆی وەک فەرمانبەرێکی دەزگای ئەمنیی کورد ناساند و ناو و ناونیشانمی لە دەفتەرێکی گیرفانیدا تۆمارکرد، پێش ئەوەی بەخێرهاتنم بکات.

لەگەڵ نووری شاوەیس، ئەندازیاری تەلارسازیی پێشوو لە بەغدا و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێکەوە بە کەڵەك لە ڕووبارەکە پەڕینەوە و بە تەنیشت گردەکەدا سەرکەوتین تا گەیشتینە گەڕەکی سەرسیان.

لە شوێنێکی نزیکمانەوە، پڕۆسەیەکی سەیر بەڕێوەدەچوو.. نزیکەی سەد پیاو کە چەکی ئۆتۆماتیکیان لەسەر شان بوو، پێنج پێنج بە هێمنی و هەنگاوی ڕێک دەڕۆیشتن، لە پێشەوەیان بە دە هەنگاو پیاوێک - بە تەنها – دەڕۆیشت، کە بە بەراورد بەو گۆچانەی پشتی پێ دەبەست، بچووک دەردەکەوت، بە ڕێکی و بە بێباکی دەڕۆیشت، بە تەنیشتماندا تێپەڕی بێئەوەی ئاوڕمان بۆ بداتەوە. هاوەڵەکەم لە بنگوێمدا چرپاندی: "ئەوە مەلا موستەفایە" و دوای دوودڵییەک زیادی کرد: "پێمواید باشترە لە کاتی پیاسە ڕۆژانەکەیدا،

بێزاری نەکەین". یەکەم دیدارم لەگەڵ ئەو سەرکردە کوردە، لەکاتی نانی ئێوارەی ئەو شەوەدا بوو.

هەر کە کەسێک دەچێتە ژوورەکەی مەلا موستەفا، ئەو لەسەر ئەو فەرشەی لەسەر زەوی ڕاخراوە، هەڵدەستێت بۆ پێشوازیکردن لە میوانەکە بە شێوازە تەقلیدییەکەی خۆی. ئەو کورتەباڵا و قەڵەوە، بەڵام سەرەڕای تەمەنی کە شەست ساڵ بوو، هەستی هێزت پێ دەبەخشێت. دەموچاوە شاخاوییە زبرەکەی بە دوو بریتی قووڵ وەک خەندەق نەخشێنراوە، لێوانلێوە لە تەندروستی. برۆ چڕەکانی، نیگا تەمومژاوییەکانی بەهێزتر دەکەن. سمێڵێکی ڕەشی کورت، لێوی سەرەوەی داپۆشیوە (هەموو ئەو پێشمەرگانەی بینیمن، هەمان جۆرە سمێڵیان هەبوو) و ڕیشی تاشیوە.

جەنەڕاڵ بارزانی، دەستە زبرەکەی کە پەنجەکانی کورت و پڕ بوون، بۆمی درێژ کرد و داوای لێکردم لە تەنیشتی بە چوارمشقی دانیشم، لە کاتێکدا خزمەتگوزارەکان چایان تێدەکرد. بۆ ماوەیەکی درێژ و بە هێمنی سەیری دەکردم، منیش هەلم قۆستەوە بۆ ئەوەی چاوێک بە ژوورەکەدا بگێڕم....."

دوای ئەوەی بە وردی وەسفی ئەوە دەکات، کە لە ژوورەکەدا بینیویەتی و ئەو کەشە گشتییەی دەوری مەلا موستەفای دابوو، لە پاسەوانی توند و خوێندنەوەی تەلەگرافەکان و پێچانی جگەرە بە شێوازی کوردی، ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسی باس لە هەندێک شت دەربارەی ڕابوردووی مەلا موستەفا دەکات، کە پێدەچێت لە کەسانی ترەوە بیستبێتی و زانیاریی نادروستیان پێدابێت، پاشان دەڵێت:

"ئەو شتەی لە یەکەم نیگادا سەبارەت بە 'مەلا موستەفا' جێی سەرنجە، ڕەفتارە بەرزەفڕەکەیەتی لە بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی لێی نزیک دەبنەوە. ئەو، 'سەرۆکی نەتەوە'یە بە مانای خێڵەکیی وشەکە، کە دەسەڵاتەکەی لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و قابیلی گفتوگۆ نییە. ئەو زۆر کەم تێکەڵی پیاوەکانی دەبێت و دەگمەنیشە قسەیان بۆ بکات. زۆربەی کاتەکانی، لەناو ژوورەکەیدا بەسەردەبات و لەوێ بە پەلە چاوی بە ژمارەیەکی سنووردار لە یاریدەدەرە جیاوازەکانی دەکەوێت. لەبەر هۆکاری ئەمنی، هەر دوو یان سێ ڕۆژ جارێک بارەگاکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر

دەگوازێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی، پێش سپێدە بە سواری ئەسپ و بە یاوەریی پاسەوانە تایبەتەکانی بەڕێدەکەوێت. کەتیبەیەک لە شەڕقانەکانی لەگەڵ نزیکەی پەنجا ئۆتۆمبێلی جیپ و لاندڕۆڤەر بە ڕێگەیەکی جیاوازدا دەڕۆن، بۆ ئەوەی لە شوێنێکی تر پێی بگەنەوە. جووڵەکانی بە بەرزترین ئاستی نهێنی دەپارێزرێن، لە کاتی تێپەڕبوونی بە گوندێکدا، هیچ کەسێک نییە چاوەڕێی بکات بۆ سڵاوکردن یان چەپڵەلێدان بۆی.

«بێگومان یەکێک لە قورسترین کارەکان ئەوەیە، وای لێبکەیت باسی ژیانە چڕەکەی بکات، چونکە هێشتا هەندێک کەلێنی تەماوی لەژیانیدا هەن. پێویستی بەوە کرد چەندینجار بگەڕێمەوە، تا لە یەکێک لە ئێوارەکاندا یادی سەردەمی لاوی و جەنگەکانی و دانوستانە زۆرەکانی و ڕاکردنی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت و دوژمنایەتیی لەگەڵ جەنەڕاڵ قاسم، دوای گەڕانەوەی لە پایزی ١٩٥٨ بۆ عێراق بکاتەوە. جەنەڕاڵ بارزانی، سەبارەت بە مانەوەی لە یەکێتیی سۆڤیەت، زۆر کەم دەدوێت. ئەوانەی لێیەوە نزیکن، جەخت دەکەنەوە کە ئەو تووشی نائومێدییەکی گەورە بووە لە ستالین، چونکە ڕەتیکردبووەوە بەهیچ شێوەیەك کۆمەکیی ئەوان بکات بۆ خەبات. کاتێک لەمبارەیەوە پرسیاری لێکرا، ڕابەری ناسیۆنالیست زەردەخەنەیەکی ناڕوونی کرد و گوتی: ڕووسەکان بەڵێنی هیچ شتێکیان پێنەداین و ئێمەیش داوای هیچمان لێ نەکردن....»

مەلا موستەفا، بە ئەمەکە بۆ نۆرمە خێڵەکییە شاخاوییەکانی خۆی وەك شەرەف و دەستکراوەیی، گوتی: «دووبارە جەخت دەکەمەوە، کە هەرگیز ئەو هەڵوێستە مرۆییەی یەکێتیی سۆڤیەت لەبیر ناکەم کە مافی پەنابەریی سیاسیی پێبەخشین...»

"بارزانی جەختی کردەوە، کە کوردەکان پەرۆشی دۆستایەتی هەموو دەوڵەتانن و هەڵوێستی بێلایەنییان هەڵبژاردووە، نە ئارەزوو و نە توانای ئەوەمان نییە بچینە ناو گۆڕەپانی ململانێی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە...

دواتر ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی یەکێتیی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد و گوتی: 'ئەوان، تەنانەت پەنجەیەکیان بۆ فریاکەوتنی گەلی کورد، یان بەرگریکردن لێی بەرامبەر سیاسەتی پاکتاوکردنی جەنەڕاڵ قاسم نەجووڵاند؛ کاتێک

گورگ پەلاماری بەرخ دەدات و کەس ڕزگاری ناکات، ئەمە بە کردەیی واتای بەشداریکردنە لە کوشتنی بەرخەکە'.

پاشان بەردەوام بوو لە قسەکانی: 'ڕووسەکان، سوپای عێراقیان بە چەکی کوشندە پڕچەک کرد و لە مانگەکانی دواییدا، پڕچەککردنی ڕژێمەکەی قاسمیان زیاد کرد. ئەمریکییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەک سۆفیەتەکان، نیشانیان دا کە گرنگی بە پرەنسیپە مەزنەکانی وەک ئازادی و مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان نادەن'.

ئەو بابەتەی کە دەبێت بە وریایی و حیکمەتێکی زۆرەوە لای بارزانی قسەی لەسەر بکرێت، بابەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە جەنەڕاڵ بارزانی لە ساڵی ١٩٤٦دا دایمەزراند. بەڵام ئەو ئەمڕۆ تەنانەت بوونی پارتییش ئینکار دەکات.. لە ڕاستیدا ئەو گەشتیارە بیانییەی بە کوردستاندا تێپەڕ دەبێت، تووشی سەرسوڕمان دەبێت کاتێک بە خێرایی دەردەکەوێت کە قەیرانێکی جدی لە پەیوەندیی نێوان حیزب و سەرۆکەکەیدا هەیە، تا ئەو ڕادەیەی هەر کاتێک ناوی (P.D.K) لەبەردەم بارزانیدا بهێنرێت، تووڕە دەبێت.

نۆرمە نەریتییەکان لە بارزانیدا، ڕەگیان داکوتاوە و جەنەڕاڵ بارزانی، دژی 'سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ'ی مۆدێرن و ڕادیکاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە. لە ڕاستیدا؛ ئەو هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ حیزب پچڕاندووە؛ بە شێوازێک کە ڕق و بێزارییەکی منداڵانەی پێوە دیار بوو، گوتی: 'من نەبووم و نابم بە سەرۆکی ئەم حیزبە ناوهێنراوە، کە بووە هۆی زیانگەیاندن بە پرسی شۆڕش، زیاتر لەوەی خزمەتی بکات'... لە کۆتایی ململانێکەدا، گوتی: 'دەگەڕێمەوە بۆ گوندەکەم بۆ شوانیی مەڕ، من تەنها خزمەتکاری گەلی کوردم و بەدوای دەسەڵات یان ناوبانگدا ناگەڕێم..'

کاتێک هەوڵم دا دیدگای ئەو بزانم لەسەر پرسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، مەلا موستەفا کە تەنها ڕۆشنبیرییەکی سەرەتایی هەبوو، بە تانە و تەشەرێکی پڕ لە تاڵییەوە وەڵامی دایەوە: 'دەگوترێت من ڕۆشنبیریم بەشی ئەوە ناکات لەم پرسە ئاڵۆزانە تێبگەم؛ بۆیە بڕۆ لە زانا سیاسییەکانی ئەشکەوت بپرسە کە دەیانناسیت....' ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییەکە، پێش دیدارەکەی لەگەڵ مەلا موستەفا، چاوی بە ئیبراهیم ئەحمەد کەوتبوو لە ئەشکەوتێکدا، کە کردبوویە بارەگای خۆی.

سیاسییەکانی ئەشکەوت

«ئەگەر جەنەڕاڵ موستەفا بارزانی سەری ڕاپەڕینەکە بێت، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆحیەتی. لە کۆی شەڕڤانان ٧٥٪یان ئەندامی پارتین و ئەوانی تریش لایەنگری پارتین. هەموو پۆستە سەرکردایەتییەکانی سوپای شۆڕشگێڕ، لە دەستی 'پسپۆڕانی' ئەندامی پارتیدایە، تۆڕ و شانەکانی وەک تۆڕێکی توندوتۆڵ وڵاتیان تەنیوە.

'پارتی'، وەک ئەوەی ئەندامەکانی بەشێوەیەکی سۆزداریيەوە دەریدەبڕن، چەق و ناوەندی سەرەکیی ڕاپەڕینەکەیە؛ ئەو جەماوەر بە مانای وشە کۆدەکاتەوە، بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکانی جەنگ، ڕۆژنامەی (خەبات) لە 'ناوچە ئازادکراوەکان' و لە باشووری عێراق بە نهێنی چاپ و پەخش دەکات، دابینکردنی پێداویستی بۆ ئەو دانیشتووانە مسۆگەر دەکات، کە لەژێر گەمارۆی ئابووریی حکومەتی بەغدادان، هەروەها دەزگایەکی هەواڵگری هەیە و ڕێکخراوێکی نهێنی لە شارەکاندا بەڕێوەدەبات، کە ئەرکی لەناوبردنی 'ناپاکان' و کارە تێکدەرەکانی لەسەرشانە.

گرووپێک لە پێنج کەس پێکهاتوون، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسین، سەرپەرشتیی هەموو چالاکییەکان دەکەن. چواریان ئەرکی جۆراوجۆری سەربازی و کارگێڕییان هەیە، لە کاتێکدا پێنجەمیان سەرنجی لەسەر کاروباری حیزبییە، کە مەبەستمان بەڕێز 'ئیبراهیم ئەحمەد'ە، سکرتێری گشتیی پارتی.

'ڕۆشنبیرێکی باریکەڵە' بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد بە کتێب دەورەدراوە، تەمەنی ٥٥ ساڵە، زۆر بە فەساحەت و دەنگێکی ڕێک و ڕوون قسە دەکات، کە بێبەش نییە لە سۆز، ئەمەیش لە چاوە زیرەک و ئارامەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، وەک بڵێیت بە بەهرەیەکی باڵاوە وانەیەکی بێ کۆتایی، لەناو چادرێکی فەرماندەیەک لە سەربازگەیەکی ڕۆمانیی کۆندا دەڵێتەوە".

ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییەکە لە وتارەکەیدا، باس لە دەستکەوتەکانی سکرتێری گشتیی پارتی دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە نووسینەکانی لەسەر پەیوەندیی کورد و عەرەب، بوونەتە هۆی دادگاییکردنی، گۆڤاری (گەلاوێژ)ی تا ساڵی ١٩٤٩ چاپکردووە، کە لەو ساڵەدا بە تۆمەتی پەیوەندی بە کۆمۆنیستەکانەوە زیندانی کراوە - هەرچەندە

کۆمۆنیستەکان بە 'ڕاستڕەو'یان دادەنا. سەرەڕای سێ ساڵ سزادانی لە زیندان، ئەوە ڕێگر نەبوو لە چالاکیی نهێنی لەناو پارتی و لە ساڵی ١٩٥٢دا بوو بە سکرتێری پارتی. سەبارەت بە هەڵوێستی ئیبراهیم ئەحمەد لە کودەتای قاسمی ١٩٥٨ دەڵێت:

«بۆ ئێمە ڕوون بوو - ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت - کە کودەتاچییەکان دواناکەون، لە دەرکردنی عێراق لە پەیمانی بەغدا؛ بۆ ئێمە تێکشکاندنی ئەم پەیمانە کە دژایەتیی کوردی دەکرد، کارێکی جەوهەری بوو. کە ئەو کاتە بەغدا و ئەنقەرە و تارانی کۆکردبووەوە».

لە بەرامبەر پشتگیریی لەلایەن ناسیۆنالیستانی کوردەوە، قاسم داواکارییەکانی پارتیی جێبەجێ کردن؛ سەدان زیندانیی کە لە سەردەمی نووری سەعید دەستگیرکرابوون، ئازادیکردن و ڕێگەی دا بە گەڕانەوەی مەلا موستەفا و پەنابەرانی تر لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق، قبوڵی کرد ماددەیەک بخاتە ناو دەستوورەوە کە دان بە یەکسانیی مافەکانی هەردوو گەلی کورد و عەرەبدا بنێت؛ ئەم ماددەیە بە نهێنی لە لایەن هەموو لایەنەکانەوە، لە کۆمۆنیستەکانەوە تا ناسیۆنالیستە کۆنزەرقاتیقەکانەوە، دارێژرابوو.

مانگی هەنگوینی لە نێوان پارتی و جەنەڕاڵ قاسم زۆری نەخایاند، چونکە دیکتاتۆرەکەی پێشوو بە ڕوونی دانی بە بوونی نەتەوەی کورددا نەنا. دوای بەکارهێنانی کۆمۆنیستەکان و کوردەکان بۆ لەناوبردنی ڕاپەڕینەکەی شەواف لە مووسڵ، قاسم هێرشیکردە سەر چەپی تونڕەو و ڕێکاری دژی ئەندامانی پارتی گرتەبەر و جەنەڕاڵ بارزانیی خستە ژێر چاودێرییەوە و ململانێی چەکداریی لە نێوان خێڵە کوردەکاندا نایەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی ئیبراهیم ئەحمەدی دەرکرد و تۆمەتێکی دایە پاڵ، کە ئەو دوور بوو لێوەی، لە کۆتاییدا چالاکییەکانی پارتیی قەدەغە کردن.

دوای چەند هەفتەیەک لە دوودڵی، لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦١دا، بڕیاری فەرمی درا بۆ گرتنە ئەستۆی سەرکردایەتیکردنی ئەو پێشمەرگە جوتیارانەی کە بەرگرییان لە باکووری عێراق، دژی ستەمی جەنەڕاڵ قاسم پێکهێنابوو. ئیبراهیم ئەحمەد گوتی: 'ئەم بڕیارە، وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بوو بۆ پارتی، چونکە توانیی لە ماوەی ١٨ مانگ تێکۆشانی سەربازیدا، پێش حیزبی کۆمۆنیست بکەوێت لە هەموو ناوچەکانی کوردستان،جگە لە چەند شارێکی گەورەی کوردی، کە چەپی تونڕەو کۆمەڵێک لایەنگری لەناو ڕۆشنبیران و کرێکاراندا مابووەوە'.

سمسم بیکەوە

بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد، شانازی دەکات بە ئەنجامی دەستکەوتەکانی لە ماوەی پانزە ساڵ هەوڵی بەردەوام، بۆ لەناوبردنی هەژموونی حیزبی کۆمۆنیست لەناو کورددا. ئەو گوتی: 'لە شەش ساڵی یەکەمی دامەزراندنیدا، پارتی وەک "نەمامگەیەک" سەیر دەکرا بۆ پێگەیاندنی کادرەکانی حیزبی کۆمۆنیست، زۆربەی هاوڕێکانمان کە بەهۆی نەبوونی ئایدیۆلۆژیایەکی یەکگرتوو نائومێد دەبوون، جێیاندەهێشتین و دەچوونە ناو حیزبی کۆمۆنیست. ئیبراهیم ئەحمەد زیادی کرد، کە ئەو ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردنی وەک سکرتێری حیزب، ڕێگەی لەم خوێنبەربوونە گرت: 'نەخشەکەم بەو ئەندازەیە سادە بوو، کە کریستۆف کۆڵۆمبس بۆ چەقاندنی هێلکەیەک بەکاریهێنا. ڕامگەیاند کە حیزبەکەمان پەیڕەوی مارکسیزم - لینینیزم دەکات. ئەم وشانە کاریگەرییەکی سیحرییان هەبوو وەک "بکەرەوە سمسم"ی عەلی بابا؛ دەرگای جیهانی گەنجانی کوردی بۆ واڵا کردین، کە لەو کاتەدا شەیدای کۆمۆنیزم بوون. کۆنەپەرستەکان تۆمەتباریان کردین بەوەی پیاوی کرێملینین، بەڵام کۆمۆنیستەکان هەڵنەخەڵەتان و بە "پیاوی ئاژاوەگێڕ" ناویان بردین و لە ئەیلوولی ١٩٥٩دا داوایان لێکردین ئاماژە بە مارکسیزم - لینینیزم لە پرۆگرامەکەماندا لابدەین، چونکە پێیانوابوو ئەم دروشمە تەنها بۆ چینی کرێکارە. لە ساڵی ١٩٥٢ەوە هیچ ئەندامێکمان نەچووەتە ناو حیزبی کۆمۆنیستی عێراق، بەڵکو بە پێچەوانەوە، حیزبی کۆمۆنیست لایەنگرانی خۆیان لەدەست دا و پەیوەندییان بە حیزبی ئێمەوە کرد'.

ئیبراهیم ئەحمەد، جەختیکردەوە کە: 'هەرگیز مەبەستمان نەبووە دژی کۆمۆنیزم کار بکەین'، بەڵکو تەنها جیاوازیی سیاسی و تاکتیک لە حیزبی کۆمۆنیست، جیایان دەکاتەوە. لە ڕاستیدا، حیزبی کۆمۆنیست لەمێژ بوو پشتگیریی داوا ناسیۆنالیستەکانی کوردی دەکرد. لە مانگی شوباتی ١٩٤٥ەوە ڕۆژنامەی (ئازادی) -زمانحاڵی حیزبی کۆمۆنیست- پشتگیریی خۆی بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەی کورد ڕاگەیاندبوو.

لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد لە نێوان عێراق و ئێران و تورکیادا دابەش بووە، تێڕوانینی حیزبی کۆمۆنیست وابوو کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد، دوو ڕەهەندی

هەیە: یەکێکیان نوێنەرایەتیی پرۆلیتاریا و حیزبە کۆمۆنیستەکەی دەکات، ئەوی تریان نوێنەرایەتیی بۆرژوازیی نیشتمانیی کورد دەکات، کە لە پارتیدا بەرجەستە دەبێت. لە بڵاوکراوە جیاوازەکاندا، حیزبی کۆمۆنیست ڕەخنەی لە پارتی دەگرت، بەهۆی تێڕوانینە ناسیۆنالیستە تەسکەکەی و شێوازە تائیفییە هەڵەکانی و هەندێکجاریش بە 'ئاڕاستەی شۆڤێنی' ناوی دەبرد.

ناکۆکی لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا، سەبارەت بە ڕاپەڕینی ئێستای کوردستان دەرکەوت، ئایا شۆڕش ڕاستە یان نا، چونکە چەپی تونديڕەو دژی بوو. حیزبی کۆمۆنیست، پشتگیریی داواکاریی کورد دەکات بۆ ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، بەڵام دژی بەکارهێنانی چەک بوو لە لایەن پارتییەوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. لە تەک خەباتی بزووتنەوەی دیموکراسیی عێراق، دژی دەسەڵاتی تاکڕەوی جەنەڕاڵ قاسم، حیزبی کۆمۆنیست وەک بەدیلێک بۆ ڕاپەڕینی چەکداری، پێشنیاری پێکهێنانی 'کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی ئاشتیخوازانەی فراوان، لەسەر بنەمای خەباتی هاوبەشی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب'ی دەکرد.

لە ڕاستیدا، ناکۆکیی نێوان هەردوولا چوارچێوەی تاکتیکی تێدەپەڕێنێت؛ بەلای ناسیۆنالیستە کوردەکانەوە، ڕژێمی بەغدا بە هیچ شێوەیەک قبوڵکراو نییە و دەبێت بە هەموو شێوەیەک بڕوخێنرێت. بەڵام کۆمۆنیستەکان بە پێچەوانەوە، سەرەڕای ناڕازیبوون لە دیکتاتۆریەتیی جەنەڕاڵ قاسم، پێیانوابوو ئەو 'سیاسەتێکی دژەئیمپریالیزم پەیڕەو دەکات'.

بەهۆی نەبوونی توانای دابینکردنی بەدیلێکی حوکمڕانی، ترسیان لە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە لایەن دوژمنە سەرسەختەکانیان واتە 'بەعسییەکان'، کۆمۆنیستەکان دەترسان ڕاپەڕینی کورد ببێتە هۆی ڕووخانی ڕژێم، پێش دۆزینەوەی بەدیلێکی گونجاو وەک 'پێکهێنانی بەرەی جەماوەری'.

لە هەموو بارودۆخێکدا، پارتی هەر هاوپەیمانییەکی دووقۆڵی لەگەڵ چەپی تونديڕەو ڕەت دەکاتەوە؛ ئیبراهیم ئەحمەد گوتی: 'ئەگەر بەغدا ئەو ئۆتۆنۆمییەی داوامان کردووە

پێمان بدات، ڕێگە بە حیزبی کۆمۆنیست نادەین کوردستان وەک بنکەیەک بۆ تێکدان دژی ڕژێمی نوێی عێراق بەکاربهێنێت'.

- بەڵام پرۆگرامەکەتان بەیاننامەیەکی تێدایە، کە جەخت دەکاتەوە ئێوە لەگەڵ ئازادیی کارکردنن بۆ هەموو ڕێکخراوەکان، لەوانەیش حیزبی کۆمۆنیست؟

سکرتێری گشتیی پارتی، بە زمردەخەنەیەکی تانەئامێزەوە لێی پرسیم: 'ئایا یەک حیزبی سیاسییت ناسیوە، کە لە ڕێگەی شەڕی چەکدارییەوە گەیشتبێتە دەسەڵات و ڕێگەی بە چالاکیی حیزبێکی ڕکابەری خۆی دابێت؟' ئەو زیاتر وتی: 'لە ڕاستیدا، ئێمە لایەنگری دروستکردنی دیموکراسییەکی ئاڕاستەکراوین، کە بێگومان جەماوەرییوونی لەوەی لە وڵاتە کۆمۆنیستەکاندا پەیڕەو دەکرێت، کەمتر نابێت....'

ئیبراهیم ئەحمەد وتی: "دوای بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی، یەکێک لە ئەرکە لەپێشینەکانی پارتی، چارەسەرکردنی کێشەی زەوییە. بۆ دوورکەوتنەوە لە هەموو ململانێیەکی چینایەتی لە کاتی ڕاپەڕیندا، سەرەڕای ڕقی پارتی لە دەرەبەگایەتی و ئارەزووی بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکی کشتوکاڵیی ڕادیکاڵ، بەڵام بڕیاریداوە دۆخەکە وەک خۆی بهێڵێتەوە، تا ئەو کاتەی ڕاپرسی لەسەر ئەم بابەتە دەکرێت" زیاتر وتی: 'هیچ شتێک ناشارمەوە، ئێمە لە جۆشوخرۆشی جوتیاران دەترسین. بێگومان ئێمە بەڵێنێکی ڕوون و ئاشکرامان پێ نەداون، بەڵام وشەی ئۆتۆنۆمی لای ئەوان وایە، کە وێنای بەهەشتێک لەسەر زەوی بکەن، ئێمە لە دۆخێکدا نین بتوانین ئەوەی ئەوان چاوەڕێی دەکەن جێبەجێ بکەین، تەنانەت دوای چەندین ساڵیش'.

داهاتووی پەیوەندی لەگەڵ جەنەڕاڵ بارزانی، نیگەرانییەکی سەرەکیی ژمارەیەک لە سەرکردەکانی پارتییە، چونکە گومانیان لە مەیل و ئارەزووی ئەو هەیە، بۆ 'ئاغاکان و خاوەن زەوییە دەرەبەگە گەورەکان' و ڕەخنەی لێ دەگرن کە خۆی بە 'تەنها نوێنەری گەلی کورد' دادەنێت.

ئەوانەی دەرفەتی گفتوگۆیان لەگەڵ هەردووکیان (جەنەڕاڵ بارزانی و بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد) بۆ ڕەخساوە، هەستیان بە لێکدابڕانێکی قووڵ کردووە، کە لە نێوان ئەم دوو پیاوەدا هەیە؛ پاشخانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەخلاقی، وایکردووە

هەریەکێکیان ببێتە نەیاری ئەوی تر. هەردووکیان بێگومان تا ڕاپەڕین بەردەوام بێت، خۆیان لە پەنابردن بۆ هێز بەدوور دەگرن، بەڵام ترس هەیە کە گەڕانەوەی ئاشتی بۆ کوردستان، ببێتە سەرەتای ململانێیەکی سیاسیی تر لە ناوجەرگەی بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکەدا، کە دەرەنجامەکانی نازانرێت. جەنەڕاڵ بارزانی ڕێزێکی بێ پایانی لە وڵاتدا هەیە و هەمان شت بۆ پارتییش ڕاستە، چونکە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جەماوەر هەیە، هەر جیابوونەوەیەک لە نێوان حیزب و سەرۆکەکەیدا، ئاماژەیە بۆ هاتنی قۆناغێکی ناسەقامگیری مەترسیدار."

لەسەر بانگهێشتی حکومەتی نوێی عێراق، ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی ئێریک ڕۆلۆ، پەیامنێری ڕۆژنامەی (لومۆند) گەیشتە بەغدای پایتەخت. دەسەڵاتداران هۆکاری گەشتکردنیان بۆ کوردستان بۆ ڕەخساند، تا بە چاوی خۆی ببینێت کە کاروباری وڵات گەڕاوەتەوە سەر ڕێڕەوی ئاسایی خۆی! بەڵام ئەو ڕاستییەی ڕۆژنامەنووسەکە دەیبینێت، پێچەوانەی ئاواتە فەرمییەکانە. پەیامنێری تایبەتی ڕۆژنامەی (لومۆند)ی فەرەنسی لە ٧ی تەممووزی ١٩٦٤دا نووسیویەتی:

پشووداننێکی کورت لە کوردستانی عێراق

متمانە لە بەردەم تاقیکردنەوەدا

ڕانیە؛ تەممۆز؛ مەڵبەندی مەلا موستەفا بارزانی. نیشانەکانی ماندوێتی، بە ڕوخساریەوە دیارە و هێڵێکی شین دەوری چاوەکانی داوە. ئەو، تووڕەییەکی شاردراوەی تێدایە: «عێراق بۆ یەکجاری جێدەهێڵم، ئیتر بەرگەی ناگرم»؛ ئەمەی بە دەنگێکی گڕ و ئاوازێکی ئارام، بەڵام بە پێداگرییەوە دووبارە کردەوە. وەک هەمیشە، هەموو وشەیەکی کە دەریدەبڕی، بە ڕوونی دانی پێدا دەنا. سەرۆک عەشیرەتەکان، ئاغاکان (خاوەن زەوییەکان) و پێشمەرگەکان (ئەندامەکان)، لە دەوری دانیشتوون و وەک ڕێزێک بۆ سەرکردەکەیان، بە بێدەنگییەکی قووڵ و بە سەری نزمەوە ، گوێ لە قسەکانی دەگرن.

حکومەتی عێراق چانسی نەبوو، چونکە بانگهێشتی پەیامنێری تایبەتی (لومۆند)یان کردبوو بۆ کوردستان، تا ببێتە شایەتحاڵی ئەوەی هەموو شتێک گەڕاوەتەوە سەر باری ئاسایی، ئۆتۆمبێل و فڕۆکەیەکی دوو بزوێنەری جۆری Dove و هێلیکۆپتەرێک خرابوونە خزمەتی گەشتەکەی، بۆ ناوچەیەک کە هێشتا «سەرەتاییە» و بێبەشە لە هۆکارە گونجاوەکانی پەیوەندی. وەزیری دەرەوەی عێراق بەڕێز سوبحی عەبدولحەمید پێی ڕاگەیاندبوو: مەلا موستەفا هەمان ئەو قسەیەت بۆ دەکات کە ئێمە گوتمان، ئەویش ئەوەیە کە کێشەی کورد چارەسەر کراوە. پارێزگاری سلێمانی جەنەڕاڵ مەحموود عەبدولڕەزاق - کە دانوستانی ڕێککەوتنی ئاگربەستی کردبوو - کۆمەڵێک بەڵگەنامەی زۆری خستە بەردەمی، کە لە ڕاستیدا دەیسەلمێنن جەنەڕاڵ بارزانی بە تەواوی چۆتە پاڵ حکومەتی ناوەندی. کەچی وا لە یەکەم پەیوەندیی و دیداری لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکەدا، (مەلا) هێرشێکی توند دەکاتە سەر دەسەڵات و دەڵێت نیازی خراپیان هەیە و جەخت دەکاتەوە: «ڕێککەوتنی ئاگربەست، نەبووەتە هۆی هیچ چارەسەرێک».

ڕاستە بەختیش دەوری هەبوو لە تەقینەوەی ئەم بارە دەروونییە خراپەدا، چونکە چەند خولەکێک پێش نیشتنەوەی هێلیکۆپتەرەکەمان لە ڕانیە، ژنێک لە گوندێکی نزیکەوە هاتبوو، خۆی فڕێدابووە سەر پێیەکانی بارزانی و بە شیوەنەوە پارچە قوماشێکی خوێناویی ڕادەوەشاند؛ تاقە کوڕەکەی، تەنها پێش کەمێک لە لایەن 'جاش'ێکی هەرکییەوە خنکێنرابوو. هیچ شتێکی تر پێویست نەبوو بۆ ئەوەی تووڕەیی سەرکردە بوروژێنێت، کە ڕەخنەی لە

حکومەت دەگرت، بەوەی پابەندیەکانی پێشێل کردووە، بە پێچەوانەی ئەوەی بە زارەکی ڕێککەوتووین، وەک ئەوەی بۆی باس کردین. بەغدا یەکە زیادەکان (جاش)ی هەڵنەوەشاندووەتەوە و هێزەکانی لە شوێنەکانی شەڕ نەکشاندووەتەوە، هەزاران کورد لە گرتووخانەکاندان و ئەو فەرمانبەرانەی چووبوونە پاڵ شۆڕش و لایەنگرانی بزووتنەوەکە نەگەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان.

سەرەڕای هەندێک جووڵەی بەخشندەیی سادە، کە بەرهەمی ئەخلاقی خێڵەکیەکەیەتی، جەنەڕاڵ بارزانی لە قووڵاییدا متمانەی نییە؛ چونکە لە ماوەی نیو سەدەی ڕابووردوودا جگە لە شکست و نائومێدی، هیچی تری نەبینیوە. هەموو هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی تایبەت بۆ گەلەکەی، بە شکست کۆتاییانهاتووە، جا چ لە ڕێگەی هێزەوە بێت یان فێڵی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، چ لە سەردەمی پاشایەتی یان کۆماریدا. جەنەڕاڵ قاسم، بەوپەڕی لووتبەرزییەوە هەموو بەڵێنەکانی شکاند، کاتێک جەنگی دژی ئەوانە بەرپاکرد کە داوای ڕێزگرتن لە دەستووریان دەکرد، کە بنەمای «هاوبەشی» ڕاستەقینە بوو لە نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کورد لە عێراقدا. بەعسییەکانیش دوای دیکتاتۆر (قاسم) هاتن، لە ٩ی ئازاری ١٩٦٣دا بەشێوەیەکی ڕەسمی دانیان نا بە «مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای نامەرکەزییەت»، بەڵام ئەوە تەنها سێ مانگ پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان بوو دژی "باندەکانی بارزانی"

هەر کە دەچینە ناو کوردستانەوە، شوێنەوارە دیارەکانی وێرانکاری، دڵمان دەگوشێت. هەموو ئەو گوندانەی لە تەنیشت ڕێگای سەرەکین بۆ سلێمانی، لەلایەن فڕۆکەکانەوە بۆردومانکراون و بە بۆمبی ناپاڵم سووتێنراون و بوونەتە خۆڵەمێش. بەڵام سەرەڕای وێرانکارییەکە، ژیان خێرا دەگەڕێتەوە و دووبارە خانوەکان لەسەر سووتماکی ئەو زەوییەی ئاگر سووتاندوویەتی، بونیاتدەنرێنەوە، لێرە و لەوێ "کەپر" دەبینیت، کە ڕزگاربووەکان دروستیان کردووە، کەپری زبر کە بە قەدی دار ڕاگیراون و سەقفەکانیان بە چڵوپۆڵ داپۆشراون.

حکومەتی بەعسی پێشوو، ویستی لە جەنەڕاڵ قاسم «کارامەتر» بێت لە جێبەجێکردنی «چارەسەری کۆتایی» بۆ کێشەی کورد. بۆیە نزیکەی ٣٠٠٠ گوندی کوردی لە ماوەی پێنج مانگدا وێران کرد، دانیشتووانی سەدان گوندی کوردی بۆ ئەو ناوچانە ڕاگواست، کە زۆرینەیان عەرەبن.

لە شارە کوردەکاندا، دڵڕەقییەکی زۆر توندتریان پەیڕەو کرد. لە شەوی ٩ لەسەر ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣، چەند کاتژمێرێک دوای دەستپێکردنی هێرشی حکومەتی بەغدا، سەد و حەفتا و شەش پیاو و ژن و منداڵ لە دانیشتووانی سلێمانی - کە شارێکی گرنگ بوو لە مەیدانی بەرگریی نەتەوەیی کورددا - بە فیشەکێک کە لە گەردنیان دابوون، هەمویان کوژران. پێش کوشتنەکەیشیان، ناچاریان کردبوون گۆڕێکی بەکۆمەڵ هەڵکەنن کە دواتر تێیاندا نێژران. ڕۆژی دواتر سەد کەسی تر لە دانیشتووانی هەمان شار، لە لایەن میلیشیاکانی بەعسەوە تیرۆرکران. لە هەمان ڕۆژدا، لە شارەکانی کەرکوک و هەولێر و شوێنەکانی تر، چەندین گەڕەك بە تەواوی بە بیانووی «خۆشاردنەوەی ئاژاوەگێڕان» سڕانەوە لە بوون، هەزاران خانوو بە بەکارهێنانی بلدۆزەری گەورە ڕووخێنران.

لە شاری کۆیە، کە زێدی جەلال تاڵەبانیی یەکێک لە دیارترین سەرکردەکانی شۆڕشی کورد، سەربازەکان و هێزە ناڕەسمییەکان (جاش) تێیدا تەڕاتێنیان کردبوو. ماڵی باوکیان سووتاندبوو و ڕووخاندبوویان، کە خانووێکی گوندنشینی نایاب بوو لەسەر شێوازی کۆن. ساڵی ڕابوردوو لە بۆنەیەکدا چاوم پێیکەوتبوو، پیاوێکی پیر بوو کە هەرگیز دەستی لە سیاسەت وەرنەدابوو. پیاوێکی خوێندەوار و موسڵمانێکی پابەند بوو، زۆر بە درێژی باسی لە پێویستیی برایەتیی نێوان مرۆڤەکانی بۆ دەکردم؛ ئەو هەموو شتێکی لەدەستدابوو و ئێستا لەگەڵ خزمەکانیدا، لە گوندێکی نزیک ڕانیە ئاوارەیە.

گەلی عێراق، ئاگاداری ئەم هەمو کۆمەڵکوژیە نەبوون، پێدەچێت ئەگەر بیانزانیبایە ئەو دڕندەییە هەیە، ڕەتیان بکردایەتەوە. ئێمە لە زۆرێک لە عەرەبەکانمان پرسی کە سەر بە لایەن و حیزبی جیاواز بوون لە وڵاتدا، هەموویان دژی ئەو شەڕە بوون و بە ناپێویستیان دەزانی، هەمووان جەنگی باکووریان ئیدانە دەکرد. بەڵام ئاڕاستەی شۆڤێنیی توندڕەو بە ڕوونی سیفەتێکی نالەباری ژمارەیەک لە سەرکردە فەرمییەکان بوو.

هەر کە حکومەتی نوێ لە مانگی کانوونی یەکەمی ڕابوردوودا دەسەڵاتی گرتە دەست، ئامانجی کۆتاییهێنان بە جەنگەکەی کردە کاری لە پێشینەی خۆی، ئەو جەنگەی هیچ کەسێک پشتگیریی لێنەدەکرد. چونکە جەنگەکە گەیشتبووە بنبەست، تێچووی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان زۆر بەرزببووەوە - کە زیاتر لە پەنجا هەزار سەربازی لە باکووردا بێ جووڵە هێشتبووەوە - ببوە هۆی سستبوونی خزمەتگوزاریی گشتی، ئابووریی

وڵاتی ئیفلیج کردبوو. هەروەها ئاستی بژێویی دانیشتووان بەردەوام لە دابەزیندا بوو، ئەمەیش بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئاڕەزووی گەڕانەوەی ئاشتیدا ڕەنگی دابووەوە.

پێدەچێت شۆڕشگێڕانی کوردیش ماندووبن، لانی کەم ئەمە ڕای جەنەڕاڵ بارزانییە. لە میانی پاساوهێنانەوەی بۆ ڕێککەوتنی ئاگربەست کە دانوستانی لەسەر کردبوو، پێی ڕاگەیاندین: ئێمە ڕووبەڕووی فڕۆکە جەنگییەکان و تانک و زرێپۆشەکانی سوپای عێراق دەبینەوە، نابێت ئەوەیش لەبیر بکرێت کە ئێمە - بە پێچەوانەی بەرەی ڕزگاریخوازیی جەزائیر بۆ نموونە - خەریکی ململانێیەکین، کە لە دەرەوە پشتگیری ناکرێین. نەک تەنها سوپای حکومەتی بەغدا، بەڵکو هێزەکانی تورکیا و ئێرانیش دژمانن. ئەمریکییەکان و ئینگلیزەکان؛ پێیانوایە بە پشتگیریکردنی دەسەڵاتدارانی عێراق، بەرگری لە بەرژەوەندییە نەوتی و ستراتیژییەکانیان دەکەن. جەنەڕاڵ دیگۆل-یش گوێی لە هاوار و داواکارییەکانمان نەگرت. ڕووسەکانیش بە تەنیا جێیانهێشتین، تا ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆمان ببینەوە، ئەو دۆستایەتییەی کە بەگشتی لە ڕۆژنامەگەریی جیهانیدا بۆمان دەردەبڕدرێت، هیچ سوودێکی نییە.

بەپێی وتەی بارزانی، دۆخی خۆراک لەو ناوچانەی پێشمەرگەی لێیە، زۆر قورس بووە. جەختی کردەوە و گوتی: «بەعسییەکان، دەغڵودانەکانیان بە ناپاڵم سووتاندین».

هەروەها گوتی: «دەبێت جگە لەوە، خۆراک بۆ هەزاران پەنابەر دابین بکەین، کە لە ئۆپەراسیۆنەکانی چەوسانەوە هەڵاتوون. بێگومان بڕیارماندابوو تا کۆتایی خەبات بکەین، بەڵام کاتێک مارشاڵ عارف پابەندبوونی خۆی بە داننان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد دەربڕی، کاتێک سەرۆک عەبدولناسر هاوسۆزیی تەواوی خۆی بۆمان دەربڕی، بڕیارمان دا نیەتەکانی نەیارەکانمان جارێکی تر بخەینە بەردەم تاقیکردنەوەوە».

پێدەچێت بڕیارەکەی جەنەڕاڵ بارزانی - کە تەنها لەسەر بەرپرسیارێتیی خۆی دابووی - دەستبەجێ قەیرانێکی جدی لە ناو جەرگەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا، دروستکردبێت. چونکە سەرکردایەتیی پارتی - کە خاوەن هەژموونێکی جەماوەریی بەهێزە - لە سەرەتادا ڕەتیکردەوە بڕوا بەم «خۆبەدەستەوەدانە» بکات و دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە، تێیدا ڕایانگەیاند کە ئاگربەست ناکرێت ئەنجام بدرێت، مەگەر بەرهەمی ڕێککەوتنێکی سیاسی بێت، کە گەرەنتیی بەهێزی تێدابێت. لە بەیاننامەکەدا هاتبوو، دوای ئەو هەموو

قوربانییەی لە کاتی خەباتدا دراوە، گەلی کورد بە هیچ شێوەیەک ئامادە نییە چەک دابنێت، تەنها لەسەر بنەمای بەڵێنی زارەکی. سەرکردەکانی پارتی، ئیدانەی ڕەوتی شکستخواردووی «خۆبەدەستەوەدەرە ڕاستڕەوەکان»یان کرد، کە گومانیان لە گەشەکردنی بزووتنەوە جەماوەرییەکە هەبوو، ڕێککەوتنیان لەگەڵ «کۆنەپەرستی» پێ باشتر بوو.

جەنەڕاڵ بارزانی، عەقڵیەتی باوکسالارانەی هەیە (Patriarcale) و لەسەر گوێڕایەڵیی ڕەها ڕاهاتووە، بەپێی وتەی سەرکردەکانی پارتی، بارزانی بە یارمەتیی ئەو ئەفسەرانەی لایەنگری بوون، جۆرە «کودەتا»یەکی ئەنجام دا، دەستی بەسەر ناوەندەکانی سەرکردایەتیی سەربازیدا گرت، کە دەیانویست بەردەوام بن لە خەباتی چەکداری، گەیشتە ئەوەی بیست کەس لە حیزبییەکان دەستگیر بکات، کە دووانیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بوون، ئامانجیشی کەمکردنەوەی هەژموونی حیزب بوو لەسەر جەماوەر. دواتر ڕەنگە لە قەناعەتێکی شەخسییەوە بێت «لیژنەکانی جوتیاران»ی هەڵوەشاندەوە، کە لە گوندەکان هەڵبژێردرابوون و ڕێکارەکانی چاکسازیی کشتوکاڵی لە ژمارەیەک ناوچەی «ئازادکراو» پووچەڵ کردنەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، پێی باش بوو نەکەوێتە ململانێی چەکداری لەگەڵ سەرۆکەکەیدا. یەکێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی گوتی: «دەمانزانی داهاتوو دەیسەلمێنێت کە ئێمە لەسەر هەقین، بۆیە بۆچی بەرپرسیارێتیی گەورەی جەنگی ناوخۆ بگرینە ئەستۆ؟»

لە ڕۆژی گەیشتنمان بۆ شاری ڕانیە لە سەرەتای مانگی حوزەیراندا، جەنەڕاڵ بارزانی زۆر نائومێد دەردەکەوت، لەو بەرهەمەی کە لە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ حکومەت چنیبوویەوە. ئەو هەستی بەوە کردبوو کە حکومەت هەوڵ دەدات کێشە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت، لە هەمان کاتدا چاوەڕێی سەردانی سەرۆکی ئەنجومەنی عورفی جەمال تاهیر یەحیا دەکات، بۆ ئەوەی لە دوای ئاگربەستەوە دەست بە دانوستان بکەن لەگەڵیدا. سەرکردە کوردەکە گوتی: هەڵوێستی بەرپرسانی حکومەت وەک «تاقیکردنەوەیەکی» یەکلاکەرەوە دەبێت، کە یان جەنگ یان ئاشتی لە وڵاتدا دیاری دەکات.

گوتاری دووەم:

پشوویەکی کورت لە کوردستان

پەیامنێری تایبەت ئریك ڕۆڵۆ، لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسی لە ٨ تەموزتی ١٩٦٤ نووسیوێتی:

ئاشتیەکی لەق

ڕانیە؛ تەممووز؛ بیست ئۆتۆمبێلی لاندڕۆڤەر، یەک لە دوای یەک بەسەر ڕێگایەکی چەوڕێژدا دەڕۆن و تۆز و خۆڵێکی زۆر بە دوای خۆیاندا، بەرز دەکەنەوە. پێشمەرگە لە ناو ئۆتۆمبێلەکاندا گرمۆڵە بوون و بە ئەستەم دەستیان بە تفەنگ و چەکە ئۆتۆماتیکییەکانیانەوە گرتووە، ئەوەیش بەهۆی ئەوەی ئۆتۆمبێلەکان هەڵبەز و دابەزی زۆر دەکەن. هیچ گرنگییەک بەو سروشتە جوانە نادەن، کە لە بەردەمیاندا ڕاکشاوە؛ لە دەشت و مێرگی پانوپۆڕ و باخچەی پڕ لە گوڵە کێوییە ڕەنگاوڕەنگەکان، کە لە پشتەوەیان لێژیی توندیی چیاکان و لووتکە بەفراوییەکانیان دەردەکەون.

کاروانەکە لە ڕانیەوە؛ کە بارەگای گشتیی شۆڕشگێڕانی کوردە، بەرەو "خەلەکان" (لەسەر ڕێگای سلێمانی) بەڕێوەیە، کە بڕیارە لەوێ یەکەمین پەیوەندییەکان لەگەڵ شاندێکی گرنگی عێراقی بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ تاهیر یەحیا ئەنجام بدرێت. مەلا موستەفا بارزانی، وەک هەمیشە بێدەنگ و نیگەران دیارە. دوێنێ لێدوانەکانی ڕێبەری کورد، نائومێدییان پێوە دیار بوو؛ سەبارەت بە گەیشتن بە ڕێککەوتن. بەڵام ئەمڕۆ پێمان دەڵێت: "جەنەڕاڵ تاهیر یەحیا پیاوێکی ئاوەزمەندە، بەڵام ئایا درک بە پێویستیی زۆری کوردستان دەکات بۆ گەیشتن بە چارەسەر؟"

بارزانی، ویستی شاندە کوردەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان نوێنەرایەتیی بکرێت. عەزیز عەقراوی یاریدەدەری مەیدانی (کۆلۆنێل) لەگەڵیدایە، ئەو ئەفسەرێکی کۆنی سوپای عێراقە و ئێستا پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە، هەروەها ژمارەیەک ڕاوێژکاری

سیاسی، سەرۆک هۆز و پیاو ماقوولان، ئاغاکان و سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەو ویستی ئەوان ئامادە بن هەرچەندە پەیوەندییەکانی لەگەڵیان تێکدابوو، هەموویان لەناو شاندەکەن.

شێخ لەتیف، کوڕی شێخ مەحمودی نەمری بەناوبانگ، کە لە ساڵانی بیستەکاندا سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی دەکرد، لە ناو پاسەوان و لایەنگرانیدایە. ئازارێکی توندی ددان لە سیمایدا دەردەکەوێت، چونکە ئەم پیاوە پیرە چەند مانگێکە سەردانی پزیشکی ددانی نەکردووە، پێیوایە بوونی لەناو ڕاپەڕیندا، ئەرکێکی پێویستە و ناتوانێت جێیبهێڵێت. لە تەنیشتی، بەڕێز ساڵح یوسفی، نوێنەری نەتەوەییەکانی کورد لە بەغدا، پیاوێکی باڵابەرز و لاواز و ڕەنگپەڕیو وەک تەرم، نیگاکانی خەمێکی قووڵ نیشان دەدەن. حوزەیرانی ڕابوردوو کاتێک سەرۆکایەتیی شاندی کوردی دەکرد بۆ وتووێژ لەگەڵ حکومەتی بەعس، دەستگیرکرا و جۆرەها ئەشکەنجە دراوە، کە تا ئێستایش شوێنەوارەکانی دیارن. هەندێک لە شایەتحاڵەکان دەڵێن، جەلادەکان خۆیان نەیانتوانیوە بەرگەی بینینی ئازارەکانی بگرن و گریاون، کاتێک بینیویانە ئەو بە ئازایەتییەوە بەرگەی ئەو هەموو ئەشکەنجەیەی گرتووە.

گفتوگۆ لە ناو سەوزاییدا

پارتی دیموکراتی کوردستان؛ لەلایەن سێ ئەندامی مەکتەبی سیاسییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت: ئیبراهیم ئەحمەدی یاساناس، عەلی عەبدوڵای ئەندازیار و جەلال تاڵەبانیی پارێزەر. جەنەڕاڵ بارزانی، تەنها قسە بۆ ئەمەی دواییان دەکات و بە تۆنێکی زبر، بە ئەنقەست خۆی لە ئامادەبوونی دوو کەسەکەی تر دەدزێتەوە.

ڕیزەکانی کورد لە بەرامبەر نەیارەکەیان، یەکخرا. هەر کە تاقمی ماتۆڕسکیلەکان گەیشتن کە پێش ئۆتۆمبێلی سەرۆکایەتی کەوتبوون، سەرکردە کوردەکان لە کەناری ڕێگاکە ڕیز بوون بۆ پێشوازیکردن لە جەنەڕاڵ تاهیر یەحیا و یاریدەدەرەکانی. دوای تێپەڕبوونی کاتژمێرێک لە گفتوگۆی ئاسایی لەسەر پیاڵە چای، جەنەڕاڵ بارزانی بە ئاشکرا پاڵپشتیی خۆی بۆ سەرکردەکانی پارتی ڕاگەیاند و بە دەست ئاماژەی بۆ کردن و

به هاوتا عەرەبەکانی وت: "ئێستا بەڕێزان، کاتی دەستپێکردنی گفتوگۆیە لەگەڵ نوێنەرانی گەل" پاشان شوێنەکەی جێهێشت و هەردوولای وتووێژکار لەسەر سەوزایی مێرگەکە دانیشتن.

بە گشتی گفتوگۆکە بە کەشێکی خۆش دەستیپێکرد، بەڵام زۆری نەخایاند و گۆڕا بۆ مشتومڕێکی گەرم و دەنگەکان بەرزبوونەوە. ئەوانەی لە نزیکەوە بوون - بەتایبەت نێردراوی تایبەتی (لومۆند) - تێبینییان کرد کە گفتوگۆکە بووە بە "قسەی کەڕولاڵ". نوێنەرانی حکومەت، هەموویان سەربازی بوون جگە لە دکتۆر ئیقبال فەلووجی، بەڕێوەبەری ڕۆژنامەوانی لە وەزارەتی دەرەوە. گەورەترین نیگەرانیی ئەوان، بێ گومان سڕینەوەی شوێنەوارەکانی شەڕ بوو، وایان دەزانی کێشە سیاسییە سەرەکییەکە بە یەکجاری چارەسەر بووە.

چرپەی جیابوونەوە

ئەندامانی شاندی کورد، هەوڵدەدەن گفتوگۆکە بەرەو ڕاستییە سەرەکییەکە ببەن و پێناسەیەکی ورد بۆ چەمکی "خۆبەڕێوەبەری" (ئۆتۆنۆمی) بەدەستبهێنن، کە مافی کۆنترۆڵکردنی گەشەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە "کوردستان"یان پێ بدات. هەر کە وشەکە وترا، جەنەڕاڵ تاهیر یەحیا تووڕە بوو: "باکووری عێراق ناتوانرێت ناوی کوردستانی لێ بنرێت، بەبێ ئەوەی ڕێگا بۆ جیابوونەوە خۆشبکرێت" بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد ئاماژەی بەوە کرد کە هەمان ناو بە ڕەسمی لە ئێران بەکاردێت و نەبووەتە هۆی پارچەپارچەکردنی پاشایەتیی پەهلەوی، وتیشی جەنگەکە جەنگی ناوەکان نییە، بەڵکو ناکۆکییەکی بنەڕەتییە لەسەر پاشەڕۆژی کورد لە عێراق، کە پەرۆشی سیستمێکی دیموکراتین کە ڕێگایان پێ بدات ئەنجومەنێکی تەشریعی هەڵبژێردراو و دەسەڵاتێکی جێبەجێکردنی جیاواز لەوەی بەغدایان هەبێت.

دکتۆر فەلووجی؛ لەسەر هەمان بابەت وتی: "بە ڕوونی کورد دەیەوێت بارودۆخێک بەدەستبهێنێت کە هەموو ئیمتیازەکانی سەربەخۆیی، بۆ دابین بکات بێ ئەوەی خۆیان بە شتێکەوە پابەند بکەن، کە لە بەرژەوەندییاندا نییە". سەرۆک وەزیران نەرمتر بوو،

دواخستنی کێشەکەی ڕاگەیاند تا کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمان کە وا بڕیارە لە ماوەی ٣ ساڵدا ئەنجام بدرێت - ئەمەیش گومانی لای شاندی کورد دروست کرد - ئاڵوگۆڕی بیروڕا تا ئاوابوونی خۆر بەردەوام بوو، بێ ئەوەی بگەنە لێکتێگەیشتن لەسەر پرەنسیپی "خۆبەڕێوەبەری"، هەروەها ڕێکنەکەوتن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنە حزبییەکان، کە حکومەت داوای دەکرد. جەلال تاڵەبانی وتی: "تەنانەت ئەگەر بشمانەوێت خۆمان هەڵوەشێنینەوە، خۆ پێشمەرگە و لایەنگران ڕازی نابن پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبوەشێتەوە". جەنەڕاڵ هادی خەماس، لێپرسراوی هۆبەی سەرکردایەتیی دووەم، داوای ڕادەستکردنەوەی ئەو ئەفسەرە شیوعی و پێشکەوتنخوازانەی کرد، کە لە کاتی چەوساندنەوەی بەعسییەکاندا پەنایان بۆ شۆڕشگێڕان هێنابوو. سەرکردە کوردەکان، ئەم داوایەیشیان ڕەتکردەوە و ئاماژەیان بە پابەندبوونی خۆیان بە "دابونەریتی میوانداری" کرد و لە بەرامبەردا، پێشنیاری لێبوردنی گشتی لە عێراق و ئازادکردنی هەموو زیندانییە سیاسییەکانیان کرد. پاشان نۆرەی وتووێژکارە عەرەبەکان هات و ئەم داوایەیان ڕەتکردەوە و وتیان کارێکی لەو شێوەیە هانی "کردەوە تێکدەرانەکان"ی شیوعی و بەعسییەکان دەدات.

ڕێککەوتننامە سەرەتاییەکان (نیمچەڕێکەوتن):

وتووێژەکان، بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە کۆتاییان نەهات، جەنەڕاڵ تاهیر یەحیا سوپاسگوزاریی خۆی و یاریدەدەرەکانی بۆ جەنەڕاڵ بارزانی دەربڕی، لەبەر میوانداریی باشەکەی، ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە ڕانیە دوای تێپەڕبوونی بەشێکی گرنگی شەو، بەردەوام بوو. بەیانیی ڕۆژی دواتر، هەردوو شاندەکە لەیەک جیا بوونەوە دوای ڕێککەوتن لەسەر چەند خاڵێکی تا ڕادەیەک لاوەکی: هەڵوەشاندنەوەی میلیشیا کوردییەکانی سەر بە حکومەت (جاش) و پەلەکردن لەوەدا، کشانەوەی سوپای عێراق لە هەندێک شوێنی هەستیار، گەشەپێدانی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانە ناوەندییەکان. سەرکردەکانی پارتی دیموکرات، گەیشتنە قەناعەتێکی نیمچەیی سەبارەت بە دەستووری کاتی، ئەمەیش بێ ئەوەی ئاماژە بە داواکاریی "ئۆتۆنۆمی" بکات،

دانپێدانان بە هەبوونی "گەلی کورد" و گەرەنتیکردنی "گەشەسەندنی لەگەڵ گەلی عەرەب شانبەشانی یەک" لە عێراقدا مسۆگەر دەکات.

بێگومان ئەم دەستەواژەی کۆتاییە، ئامانجی هێورکردنەوەی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیانەیە، کە یەکێتیی عەرەبی دروستی دەکات و خواستە نەتەوەییەکانی کورد، ڕەچاو ناکات. ئایا کێشەکە چارەسەر بوو؟ پەیامنێر، کە گفتوگۆی لەگەڵ زۆرێک لە بەرپرسانی عەرەب و کورد کردووە، ناچارە بە "نەخێر" وەڵام بداتەوە. لە ڕاستیدا تێنەگەیشتنێکی قووڵ لە نێوان هەردوولادا هەیە. لایەنی عێراقی، دژایەتیی داواکارییەکانی کورد دەکەن، چ بە قەناعەتێکی ڕاستەقینە بێت یان دەستکرد، کە گوایە "ئۆتۆنۆمی"ی کوردی بە ناچاری دەبێتە هۆی جیابوونەوەی باکووری عێراق.

بۆ نەتەوەپەرستێکی عەرەب، ئاسان نییە - جا قەناعەتە دیموکراتییەکانی هەرچییەک بن - کە ئەو بیرۆکەیە قبوڵ بکات، کە دەوڵەتەکەی دەوڵەتێکی دەستکردە و لە ئایندەیەکی نزیکدا مەحکومە بە پارچەپارچەبوون. ژمارەیەک لە فەرمانبەران پێیانوایە بەرژەوەندیی نیشتمانی وا دەخوازێت بارودۆخی ئێستا بپارێزرێت، لەگەڵ چاکسازیکردن تێیدا ئەگەر پێویست بوو بۆ بەدەستهێنانی هاوپەیمانیی جەنەڕاڵ بارزانی و هاوڕێکانی. هەندێکی تریشیان کە تەواو شۆڤێنییین، دەزانن کە کورد نە ویست و نە توانای جیابوونەوەی لە دەوڵەتی عێراقی نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش ئەو دروشمە بۆ ترساندن بەرز دەکەنەوە و داوای "بەکارهێنانی هێز" دەکەن. ئەمانە کورد دەکەن بە دوو بەشەوە و هەوڵی دروستکردنی دووبەرەکی دەدەن لە نێوانیاندا؛ بەڵای ئەوانەوە "باشەکان" هەن، کە توخمە خێڵەکییەکانن و هیوای لێکتێگەیشتنیان لەگەڵیان هەیە - و "خراپەکان" هەن کە بە "هاندەر" لە ناو پارتی دیموکراتدا ناویان دەبەن و دەیانەوێت ئەوان لەناوبەرن.

شەڕ چارەسەر نیە

لە هەموو بارودۆخێکدا، هیچ لایەکیان درکیان بە قەبارەی ئەو شۆڕشە نەدەکرد، کە لە کوردستان هەڵگیرساوە. پارتی دیموکرات لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە، ڕێکخراوترە و بەهێزترین پارتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. سەرکەوتوو بووە لە دروستکردنی کادرێکی جدی و لە کۆکردنەوەی جەماوەری جوتیاران، کە چاوەڕێی شتی تر دەکەن، جگە لە چاکسازیی بچووک لە دامەزراوەکاندا. دانیشتووان لە ساڵانی ڕابوردوودا ئازاری زۆریان چەشتووە لە شەڕێکی بێبەزەییانە و دەستبەرداری داواکارییەکانیان نابن، کە بە چارەنووسسازی دەزانن. ئەو ئەنجامە لاوازانەی کە لە وتووێژەکانی ڕانیە بەدەستهاتن، ڕەنگە ببێتە هۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ. لە ڕاستیدا هیچ لایەنێك نایەوێت دووبارە شەڕ بکەنەوە. حکومەت، بەدەست چەندین گرفتی ناوخۆیی سیاسی و ئابووریییەوە دەناڵێنێت و دەیەوێت بارودۆخەکە جێگیر بێت. بەڵام جەنەڕاڵ بارزانی و لایەنگرانی، چ لەسەر هەق بن یان نا، پێیانوایە فاکتەری کات لە بەرژەوەندیی ئەوانداید.

ڕاستی ئەوەیە کە ئەگەری زۆر ئەوەیە، کێشەکە بە شەڕ چارەسەر نەبێت. نەتەوەییەکانی کورد؛ ناتوانن بە هێزی چەک، ئیرادەی خۆیان بەسەر بەغدادا بسەپێنن، بە هەمان شێوە حکومەتی عێراقیش ناتوانێت شۆڕشگێڕان لە چیاکانیان ڕیشەکێش بکات. تەنها لێکتێگەیشتن لە نێوان نوێنەرە ڕاستەقینەکانی هەردوو گەل دەتوانێت ڕێککەوتنێکی چەسپاو بەدەستبهێنێت، کە مافە شەرعییەکانی کورد لە چوارچێوەی قەوارەی عێراقدا مسۆگەر بکات. جگە لەوەیش، پێویستە دیموکراسییەکی ڕاستەقینە لە وڵاتدا بچەسپێت. لە ئێستاوە تا ئەو کاتە، ئەم "ئاشتییە چەکدارییە"ی ئێستا لە ڕاستیدا بە تۆندی لەرزۆکە.